
پرفرۆشترین کتێب
لە لیستی ئەمازۆن و
نیویورک تایمز

چاپی دووەم



ROBERT T. KIYOSAKI


# RICH KID SMART KID

ڕۆبێرت کیۆساکی

# منداڵی دەوڵەمەند منداڵی زیرەک

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
سەنگەر عەبدولکەریم مستەفا

SAYA


کتێبخانەی (PDF)

# منداڵی دەوڵەمەند
# منداڵی زیرەک

گوڕە دەسپێکێکی دارایی بە منداڵەکەت ببەخشە

ڕۆبێرت کیۆساکی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:
سەنگەر عەبدولکەریم مستەفا

## پێڕست

پێشەکی

**بۆچی بانکەوان داوای کارتی دەرچوونت لێ ناکات؟ ................... ٥**

ئەم کتێبە چۆن ڕێکخراوە

**ئەم کتێبە لە سێ بەشدا نووسراوە. .............................. ١٤**

بەشی یەکەم

**پارە بیرۆکەیەکە.................................................... ٢١**

بەندی یەکەم

**هەموو منداڵان بە دەوڵەمەندی و زیرەکی لە دایکدەبن............ ٢٢**

بەندی دووەم

**ئایا منداڵەکەت بلیمەتە؟ ............................................. ٣٢**

بەندی سێیەم

**هێز بدە بە منداڵەکانت.. . بەرلەوەی پارەیان پێبدەیت .............. ٦٨**

بەندی چوار

**ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، دەبێت ................................ ٩٧**

**ئەرکی ماڵەوەت ئەنجامبدەیت. ........................................ ٩٧**

بەندی پێنجەم

**منداڵەکەت پێویستی بە چەند هاوکێشەی بردنەوە هەیە؟.......... ١٢١**

بەندی حەوتەم

**ئایا منداڵەکەت دەتوانێت پێش سی ساڵی خانەنشین بێت؟.......... ١٥٩**

بەشی دووەم

**پارە دەوڵەمەندت ناکات............................................ ١٩١**

بەندی نۆ

منداڵی دەوڵەمەند
منداڵن بە یاریکردن فێردەبن ........................ ٢١٤

بەندی دەیەم
بۆچی کۆکەرەوەکان لە دۆڕاوەکانن ........................ ٢٣٦

بەندی یانزە
جیاوازی نێوان قەرزی باش و قەرزی خراپ ........................ ٢٥٧

بەندی دوانزە
فێربوون بە پارەی ڕاستەقینە ........................ ٢٧٢

بەندی چواردەهەم
خەرجی ڕۆژانە بۆچییە؟ ........................ ٣٠٦

بەشی سێهەم
بلیمەتی منداڵەکەت بدۆزەرەوە ........................ ٣٢٥

بەندی پانزەهەم
چۆن بلیمەتی سروشتی منداڵەکەت دەدۆزیتەوە؟ ........................ ٣٢٨

بەندی شانزەهەم
سەرکەوتن ئازادی بوون بە خۆیە ........................ ٣٦٨

دەرئەنجام
گرنگترین کاری لە دونیادا ........................ ٣٨٠

پاشکۆی دووەم
گەشتی دارایی ........................ ٣٩٤

ئەمانە کۆمەڵێک ژمێرکاری ڕاپۆرتی داهاتن بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن:
داهات ........................ ٤٠٣
کلیلی وەڵامەکان ........................ ٤٠٧

## پێشەکی
## بۆچی بانکەوان داوای کارتی دەرچوونت لێ ناکات؟

ئەمڕۆ پەروەردە و فێرکردن زۆر گرنگترە لە هەرکاتێکی تر لە مێژوودا. لەگەڵ بە جێهێشتنی سەردەمی پیشەسازی و هەنگاونان بەرەو سەردەمی زانیاری خێرا ڕەوت، نرخی پەروەردەی هەرکەس بە بەردەوامی بەرز دەبێتەوە. ئەمڕۆ پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەو فێربوونەی کە تۆ یان منداڵەکەت لە قوتابخانە وەریدەگرن، گونجاوە تا بە هۆیەوە ڕووبەڕووی ئەو ململانێیانەی ئەم سەردەمە نوێیە دڵرفێنەی دەچینە ناوی ببینەوە؟

لە سەردەمی پیشەسازیدا، دەکرا بچیتە قوتابخانە و تەواوی بکەیت و دەست بکەیت بە کار. بە شێوەیەکی گشتی پێویستیت بە هیچ خوێندێکی زیادە نەبوو هەتا سەرکەوتوو بیت، زۆر بە سادەیی لەبەرئەوەی شتەکان هێندە بە خێرایی نەدەگۆڕان. بە دەربڕینێکی تر، ئەو شتانەی فێردەبوویت لە قوتابخانە بەس بوون بۆ تەواوی تەمەنت.

ئەمڕۆ ملیۆنان لە خەڵکانی دوای جەنگە جیهانییەکان ئامادەی خانەنشین بوونن. هەرچەندە، زۆربەیان درکیان بەو ڕاستییە کردووە کە بە شێوەیەکی گونجاو فێر نەکراون بۆ ئەو دونیا نوێیەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، گەلێك خەڵکانی خاوەن بڕوانامە و خوێندەواری بەرز ڕووبەڕووی هەمان ئەو گرفتە ئابوریانە دەبنەوە کە خەڵکانی بێ بڕوانامە و کەمتر خوێندەوار ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەردەوام خۆیان لە بارێکدا دەبیننەوە کە پێویستیان بەدەستهێنانی خوێندن و

ئەنجامدانی ڕاهێنانی زیاترە هەتا لەگەڵ خواستی کارەکانی ئەم سەردەمەیان یەکبگرێتەوە.

## کەی پێوانەی سەرکەوتنی خوێندنەکەت دەکەیت؟

کەی پێوانەی سەرکەووتنی خوێندنەکەت دەکەیت؟ ئایا هەمان ئەو کارتی دەرچوونەیە کە لە کۆتایی خوێندن وەریدەگریت، با بڵێین لە تەمەنی بیست و پێنجساڵیدا؟ یان کاریگەری خوێندنەکەیە پێوراو بەو کاتەی کە خانەنشین دەبیت، با بڵێین لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا؟

بەپێی لێکۆلینەوەیەکی حکومەت، لە هەر سەد کەسێك کە دەگەنە تەمەنی شەست و پێنج ساڵی، یەکێکیان دەوڵەمەندە، چواریان ئاسوودەن، پێنجیان هێشتا کار دەکەن، پەنجا و شەشیان پێویستیان بە پاڵپشتی حکومەت و خێزانە، ئەوانی تر دەمرن.

ئەم کتێبە دەربارەی ئەو تاکە کەسە نییە کە دەوڵەمەندە. بەڵکو من خەمی ئەو پەنجا و شەش کەسەمە کە هێشتا پێویستیان بە کەسانی ترە تا پاڵپشتیان بن و هاوکاریان بکەن. نامەوێت تۆ یان منداڵەکەت لەو ئامارە زەبەلاحەدا خۆیان ببینەوە. زۆر جار خەڵکی پێمدەڵێن،" زۆر پێویستم بە پارە نابێت کاتێك خانەنشین دەبم چونکە کاتێك خانەنشین دەبم، خەرجیەکانی ژیانم کەم دەبنەوە." لە کاتێکدا ئەوە ڕاستە کە ڕەنگە خەرجییەکانی ژیان کەم ببنەوە کاتێك خانەنشین دەبێت، بەلام شتێك هەیە کە زۆر جار بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە، ئەویش چاودێری تەندروستییە. چاودێری تەندروستی بە مانای وشەیی دەبێتە مەسەلەی ژیان و مردن بۆ ملیۆنان لە خەڵکانی بە تەمەنتر. ڕاست و ڕەوان ئامازەی پێبدەم، ئەگەر پارەت هەبێ، ڕەنگە بژیت. ئەگەر پارەت

نەبێ ڕەنگە بمریت. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا خوێندن و فێرکردنی ئەو هاونیشتیمانییە بە تەمەنانە ئامادەیان دەکات بۆ ئەم کێشمەکێشە داراییەی کۆتایی ژیانیان؟ پرسیاری دواتر ئەوەیە: بارودۆخی نالەباری ئەم هاونیشتمانییە بەتەمەنانە چی پەیوەندییەکی هەیە بە پەروەردەی منداڵەکەتەوە؟

وەڵامی پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە دواجار دەبێت منداڵەکەت پارەی چاودێری تەندروستی ئەو ملیۆنان خەڵکە بە تەمەنە بدات ئەگەر خۆیان نەتوانن پارەی خۆیان بدەن. وەڵامی پرسیاری دووەم پرسیارێکی ترە: ئایا خوێندن و پەروەردەی منداڵەکانتان بە ڕادەی پێویست ئامادەیان دەکات بۆ ئەوەی لە ڕووی داراییەوە هێندە جێگیر بن کە پێویستیان بە پاڵپشتی دارایی و پزیشکی حکومەت نەبێت لە کۆتایی ڕۆژەکانی کارکردنیاندا؟

## یاساکان گۆڕاون

لە سەردەمی پیشەسازیدا، یاساکان ئەوە بوون کە بڕۆیتە بەر خوێندن، نمرەی بەرز بهێنیت و کارێکی باش و جێگیری بە قازانج بدۆزیتەوە و هەموو ژیانت تیایدا بمێنیتەوە. دوای بیست ساڵ خانەنشین دەبوویت و کۆمپانیاکە یان حکومەت چاودێری دەکردیت بۆ تەواوی ئەو ژیانەی ماوتە. لە سەردەمی زانیاریدا، یاساکان گۆڕاون. ئێستا یاساکان ئەوەن کە بچیتە بەر خوێندن، نمرەی باش بە دەست بهێنیت، کارێك بدۆزیتەوە، دواتر بۆ ئەو کارە شارەزاییەکانت نوێکەیتەوە. کۆمپانیایەکی نوێ بدۆزیتەوە لەگەڵ کارێکی نوێ دووبارە شارەزاییەکانت نوێکەیتەوە. هیوا بخوازیت و نزا بکەیت کە بڕی پێویست پارەت وەلا نابێت هەتا دوای

تەمەنی شەست و پێنج ساڵی بەشت بکات. چونکە دوای شەست و پێنج ساڵی زۆر بە باشی پێی دەژیت.

لە سەردەمی پیشەسازیدا، تیۆری ناسێنەری سەردەمەکە هاوکێشەکەی ئانیشتاین بوو،( ووزە = بارستایی \ خێرای ڕووناکی[2] ). لە سەردەمی زانیاریدا، تیۆری ناسێنەری سەردەمەکە یاسای مووره. کە ئەو ئایدۆلۆژیایەی بەرهەمهێناوە کە ڕێژەی زانیاری لە هەر هەژدە مانگێکدا دوو هێندە دەبێت. بە دەربڕینێکی تر، بۆ ئەوەی پێ بە پێی گۆڕانکاری پێ بکەیت، پێویستە هەر هەژدە مانگێک هەموو شتێك دووبارە فێربیتەوە. لە سەردەمی پیشەسازیدا، گۆڕان زۆر خاوترە، دەچوویتە قوتابخانە بۆ فێربوونی ئەو شتە بە بایەخانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەمانەوە. لە سەردەمی زانیاریدا، ئەوەی دەیزانی زۆر بە خێرایی ماوەی بەسەر دەچێت. ئەوەی فێربوویت گرنگە، بەڵام هێندە گرنگ نییە بەراورد بەوەی کە چەند خێرا فێردەبیت و دەگۆڕێیت و خۆت دەگونجێنیت لەگەڵ زانیاریە نوێیەکە. دایك و باوکم هەردووکیان لە سەردەمی گرانییە گەورەکە گەورە بوون. بۆ ئەوان، ئاسایشی کار هەموو شتێك بوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هەمیشە کەمێك ترس لە دەنگیاندا بوو کاتێك دەیانگوت،" پێویستە بچیتە قوتابخانە هەتا بتوانیت کارێکی باش و جێگیر بدۆزیتەوە." ململانێکە بۆ ئەوە بوو کە لە کاروان بە جێ نەمێنیت نەك ئەوەی لە کارەکەتدا دابمێنیت و بێ بەرهەم بیت.

ئەمانە هەندێ گۆڕانکاری ورد بەڵام گرنگن لە نێوان هەردوو سەردەمەکە:

_ لە سەردەمی پیشەسازیدا، خاوەنکار بەرپرس بوو لە پلانی خانەنشین بوونت.

_ لە سەردەمی زانیاریدا، تۆ وەك کارمەند بەرپرسی لە لە پلانی خانەنشین بوونی خۆت. ئەگەر بێ پارە بوویت لە دوای شەست و پێنج ساڵی، ئەوە کێشەی خۆتە نەك کێشەی کۆمپانیا.

_ لە سەردەمی پیشەسازیدا، هەتا بەتەمەنتر بوویتایە بەنرختر دەبوویت.

_ لە سەردەمی زانیاریدا، هەتا بەتەمەنتر بیت گرنگیت کەمتر دەبێتەوە.

_ لە سەردەمی پیشەسازیدا، خەڵکی بۆ هەموو تەمەنیان کارمەند دەبوون.

_ لە سەردەمی زانیاریدا، لە ئەمڕۆدا زۆربەی خەڵکی بریکاری ئازادن.

_ لە سەردەمی پیشەسازیدا، منداڵە زیرەکەکان دەبوونە دکتۆر یان پارێزەر. پارەی چاکیان چنگ دەکەوت.

_ لە سەردەمی زانیاریدا، ئەو کەسانەی پارەی زۆریان چنگ دەکەوێت، وەرزشەوان، ئەکتەر و میوزیکژەنەکانن. زۆربەی دکتۆرەکان و خەڵکە پیشەگەرەکانی تر زۆر لەوە کەمتریان دەست دەکەوێت، کە لە سەردەمی پیشەسازیدا دەستیان دەکەوت.

_ لە سەردەمی پیشەسازیدا، دەتوانی پشت ببەستیت بە حکومەت تا خۆت و خێزانەکەت ڕزگار بکات، ئەگەر هاتوو تووشی کێشەی دارایی بوونەوە.

_ لە سەردەمی زانیاریدا، بەردەوام دەبێتستین کە سیاسەتمەدارەکان بەڵێنی تۆکمە کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامە حوکمیەکانی تری ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران دەدەن. من و تۆ هێندە ژیرین هەتا ئەوە بزانین کە کاتێك سیاسەتمەداران بەڵێنی پاراستنی شتێك دەدەن، ئەوا بە ئەگەری زۆرەوە ئەو شتەی باسی دەکەن لە مێژە لە دەست دەرچووە.

کاتێك گۆڕانکاری ڕوودەدات، بە شێوەیەکی ئاسایی بەرهەڵستی دەبێت. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، چەندان نموونەی خەڵکی هەن کە ئەو دەرفەتانەیان قۆزتۆتەوە کە لە ماوەی گۆڕانکارییەکاندا ڕەخساوە.

١- بیل گەیتس بوو بە دەوڵەمەنترین پیاوی دونیا، چونکە پیرە پیاوەکانی (ئای بی ئێم) شکستیان هێنا لە بینینی بازاڕ و گۆڕانی یاساکان. بە هۆی شکستی ئەو بەڕێوەبەرە بەتەمەنترانەوە لە بینینی گۆڕانکارییەکان، بە مانای وشەیی وەبەرهێنەرانی ( ئای بی ئێم ) بلیۆنان دۆلاریان لە کیسچوو.

٢- ئەمڕۆ کۆمپانیاگەلی سەردەمی زانیاریمان هەیە کە لە لایەن کەسانی بیست ساڵانەوە دامەزراون، دامەزراوەکانی سەردەمی پیشەسازی دەکڕن کە لە لایەن کەسانی چل و پێنج ساڵانەوە بەڕێوەدەبرێن.

٣- ئەمڕۆ خەڵکانی بیست ساڵانمان هەیە کە دەبنە ملیاردلێر چونکە بەڕێوەبەرە چل و پێنج ساڵەکان شکستیان هێنا لە بینینی ئەو دەرفەتانەی کە کەسانی تەمەن بیست ساڵ بینیان.

٤- ئەمڕۆ ملیاردلێری خۆ-دروسکراوی تەمەن بیست ساڵانمان هەیە کە هەرگیز هیچ کارێکیان نەبووە، لە هەمان کاتدا، خەڵکانی چل و پێنج ساڵانمان هەیە کە دووبارە لە سەرەتاوە تێهەڵدەچنەوە، خۆیان شارەزا دەکەن بۆ کارێکی نوێ.

٥- لە بری ئەوەی بە هیوای ئەوە بن کە کارێکی باش لە کۆپانیایەکی گەورە بدۆزنەوە، بەردەوام خوێندکاران دەست دەکەن بە دامەزراندنی بازرگانی خۆیان لە ژوورەکانی خەوتنیاندا. تەنانەت زانکۆی هارڤارد ئۆفیسێکی تایبەتی هەیە بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران لە گەشەپێدانی

پرۆژە بازرگانییە بچوکەکانیان---- وەك هەوڵێك بۆ یارمەتیدانیان لە بنیاتنانی بازرگانییەکەیاندا، بەڵام زیاتر بە مەبەستی هاندانیان بۆ مانەوە لە خوێندن.

٦- لە هەمان کاتدا، نیوەی کارمەندانی گەورەترین دامەزراوەکانی ئەمریکا هێندە کەم بەدەست دەهێنن کە بۆ نرخی سەر پاکەتی خواردەمەنی دەشێت. چی بەسەر ئەم کارمەندانەدا دێت کاتێك دەگەنە تەمەنێك کە توانای کاریان نامێنێت؟ ئایا خوێندنەکەیان گونجاو بوو؟

٧- خوێندن لەماڵەوە چیتر شێوازێکی جێگرەوەی بەسوود نییە. ئەمڕۆ ژمارەی ئەو منداڵانەی لە ماڵەوە دەخوێنن بە شێوەکی بەرچاو زیادی کردووە.

٨- دایك و باوکان بەردەوام وێڵن بە دوای سیستەمە پەروەردەییەکانی تردا، وەك سیستەمی کاسۆلیکی، والدۆرف[1]،مۆنتیسۆری[2]. تەنها بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە سیستەمی پەروەردەیی ماوە-بەسەرچووی حکومی دەربێنن کە خۆراکی پێویستییەکانی منداڵەکەیان نادات. دایك و باوکان زیاتر و زیاتر درك بەوە دەکەن کە پەروەردەی سەرەتایی منداڵەکەیان هێندەی زانکۆ گرنگە لە گەشەپێدانی منداڵەکەیاندا.

٩- بە سادەیی، سەردەمی زانیاری گۆڕانکاری ئابووری دەهێنێت کە بە شێوەیەکی بەرچاو دەبێتە هۆی زیادبوونی بۆشایی لە نێوان هەبوو نەبوودا. بۆ هەندێك خەڵك، ئەم گۆڕانکاریانە دەبێتە بەخشش. بۆ هەندێکی تر، دەبێتە نەفرەت. هێشتا بۆ هەندێکی تر، ئەم گۆڕانکاریانە

---

[1] Waldorf

[2] Montessori

بە هیچ شێوەیەك جیاوازی دروست ناكات. وەك باوكە دەوڵەمەندەكەم دەیگوت، " خەڵكانێك هەن كە وا دەكەن شتەكان ڕوو بدات، هەندێكیش سەیری شتەكان دەكەن كە ڕوو دەدات، هەندێك خەڵكیش دەڵێن ' چی ڕوویداوە؟'"

## پەروەردە تەنانەت زۆر لە جاران گرنگتر بووە

پەروەردە تەنانەت زۆر لە جاران گرنگتر بووە چونكە شتەكان زۆر خێراتر لەوەی كە بینیومانە دەگۆڕێن. بۆ یەكەمجار لە مێژوودا، ئەوانەی لە قوتابخانە باش بوون ڕەنگە تووشی هەمان ئەو ململانێی ئابووریە ببنەوە كە ئەوانەی باش نەبوون تووشی دەبن. هەموومان دەبێت لەوە ڕابمێنین كاتێ كە بانكەوان داوای ڕاپۆرتە داراییەكانمان لێدەكات لە بری كارتەكانی دەرچوونمان. بانكەوان دەیەوێت شتێكت پێبڵێت. ئەم كتێبە دەربارەی ئەوەیە كە منداڵەكەت پێویستە چی فێربێت هەتا لە ڕووی دارایی و كەسێتیەوە لە دونیای ڕاستەقینەدا سەركەوتوو بێت.

_ ئایا ئەو پەروەردەیەی ئەمڕۆ منداڵەكەت وەریدەگرێت بە شێوەیەكی گونجاو ئامادەی دەكات بۆ ئەو داهاتوویەی بەرەو ڕووی دەچێت؟

_ ئایا سیستەمی قوتابخانە خۆراكی پێویستیە تایبەتیەكانی منداڵەكەت دەدات؟

_ دایك و باوكان چی بكەن ئەگەر منداڵەكانیان حەزیان لە خوێندن نەبوو یان ئەگەر لە خوێندن باش نەبوون؟

_ ئایا نمرەی باش دڵنیایی سەركەوتنێكی دارایی و كەسی ماوە درێژ دەدات؟

_ ئایا منداڵەکەت تەنانەت هەر پێویست دەکات بچێت بۆ قوتابخانە سوونەتیە ئاساییەکان بۆ ئەوەی ئەو شتانە فێر بێت کە پێویستی پێیەتی؟

**ئەم کتێبە بۆ کێیە؟**

ئەم کتێبە بۆ ئەو دایك و باوکانە نووسراوە کە درك بەوە دەکەن دونیا گۆڕاوە وگومانی ئەوەیان هەیە کە سیستەمی ئێستای پەروەردەمان بە شێوەیەکی دروست و گونجاو خۆراکی پێویستیە تایبەتیەکانی منداڵەکانیان نادات. ئەم کتێبە بۆ ئەو دایك و باوکانە نووسراوە کە دەیانەوێت ڕۆڵێکی چالاکتر ببینن لە پەروەردەی منداڵەکەیاندا، لە بری ئەوەی بەرپرسیاریەتیەکە بۆ سیستەمی قوتابخانە بەجێبهێڵن.

نووسراوە هەتا هاوکاری دایك و باوکان بکات بۆ ئامادەکردنی منداڵەکانیان بۆ دونیای ڕاستەقینە، دونیای دوای کۆتایهاتنی خوێندن. بە تایبەتی نووسراوە بۆ ئەو دایك و باوکانەی کە:

_ دەیانەوێت گورە دەسپێکێکی دارایی بە منداڵەکانیان ببەخشن لە ژیانیاندا بە بێ ئەوەی هیچ پارەیەکی تێبچێت.

_ کە دەیانەوێت دڵنیا ببنەوە کە بلیمەتی سروشتی منداڵەکەیان و شێوازی فێربوونی پارێزراوە و منداڵەکایان قوتابخانە بە جێدەهێڵێت و دڵخۆشە کە دەبێتەوە فێرخوازێکی هەمیشەیی.

_ ڕەنگە منداڵێکیان هەبێت کە حەزی بە قوتابخانە نەبێت یان منداڵێك کە گرفتی فێربوونی لە قوتابخانە هەبێت.

## ئەم کتێبە چۆن ڕێکخراوە

**ئەم کتێبە لە سێ بەشدا نووسراوە.**

بەشی یەکەم خوێندنەوەیەکی گشتیە بۆ پەروەردە هەم ئەکادیمی و هەم دارایی. ئەوانەی کە کتێبەکانی تری منیان خوێندۆتەوە پێشتر دەزانن کە من دوو کەسایەتی باوك هەبووە لە ژیانمدا. ئەو پیاوەی کە پێی دەڵێم باوکە دەوڵەمەندەکەم باوکی مایکی باشترین هاوڕێمە. ئەو پیاوەشی کە پێی دەڵێم باوکە هەژارەکەم باوکە ڕاستەقینەکەمە. ئەو سوودەی من هەمبووە ئەوەیە کە هەردوو باوکەکانم بلیمەت بوون هەریەکەو بە شێوازی خۆیان. باوکە هەژارەکەم پەروەردەکار و بلیمەتێکی ئەکادیمی بوو. لە دوای تەمەنی نۆ ساڵیم، لە خوێندن گرفتگەلی جدیم بۆ دروست بوو. حەزم لەوە نەبوو کە فێری دەبووم و ئەو شێوازەی پێی فێردەکرام. هیچ پەیوەندیەکم نەدەبێتنی لە نێوان ئەوەی بە زۆر فێردەکرام وە چۆن بتوانم ئەوە لە دونیای ڕاستەقینەدا جێبەجێ بکەم.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە دەربارەی ئەوەیە کە چۆن باوکە هەژار بەڵام زیرەکەکەم بەردەوام بوو لە ڕێنمایی کردنم بە ناو ئەم بەشە زۆر قورسەی ژیانمدا، ئەگەر باوکە هەژارەکەم نەبووایە، وازم لە خوێندن دەهێنا یان دەردەکرام و هەرگیز بەردەوام نەدەبووم تا بە بڕوانامەی زانکۆوە دەربچم.

هەروەها بەشی یەکەمی ئەم کتێبە دەربارەی ئەو پرۆسە پەروەردەییەیە کە باوکە دەوڵەمەندەکەم منی پێدا تێپەڕاند. دەڵێم کە باوکە دەوڵەمەندەکەم بلیمەتێکی دارایی و مامۆستایەکی مەزن بوو. لە بەشی

یەکدا، ئەوە ڕوون دەکەمەوە کە چۆن باوکە دەوڵەمەندەکەم زهنە لاوەکەمی ئامادە کرد تا وەك کەسێکی دەوڵەمەند بیربکەمەوە لە کاتێکتدا تەمەنم تەنها نۆ ساڵان بوو. بە هۆی ڕێنمایی باوکە دەوڵەمەندەکەمەوە. بە تەواوەتی دڵنیا بووم کە سامانێکی بێشوومار بەدەست دەهێنم، جا ئەگەر لە خوێندن باش بم یان نا یان کارێکی مووچە زۆر دەستخەم یان نا. لە تەمەنی دوانزە ساڵیمدا، دەمزانی کە دەوڵەمەندبوون زۆر کەم پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە قوتابخانە فێری دەبووم. زانینی ئەوەی کە دەوڵەمەند دەبم، بە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی لە قوتابخانە چۆن دەبم، هەندێك گرفتی دەگمەنی لە شێوازی بیرکردنەوەم لە قوتابخانە بۆ دروست کردم. هەردوو باوکەکەم کاریان دەکرد تا بیرکردنەوەم بخەنە ژێر کۆنترۆڵەوە و ڕێنمایان کردم بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆم.

بەشی دوو دەربارەی هەندێ کردەی سادەی ئەکادیمی و داراییە کە دایك و باوکان دەتوانن ئەنجامی بدەن بۆ ئامادەکردنی منداڵەکەیان بۆ دونیای ڕاستەقینە. سەرەتای بەشی دووەمم بەو چیرۆکە دەستپێکردووە کە چۆن خەریکبوو لە خوێندنی ئامادەیی شکست بهێنم بە هۆی گۆڕانی شێوازی بیرکرنەوەم لە هەمبەر قوتابخانە. لە بەشی دوودا، هەندێك تێگەیشتنی زیاترتان دەبێت، دەربارەی ئەوەی کە چۆن باوکە زیرەك و باوکە دەوڵەمەدەکەم لە خوێندندا هێشتمیانەوە وە چۆن باوکە دەڵەمەندەکەم شکستە ئەکادیمیەکانی بەکارهێنا تا ئامادەم بکات بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ببم.

لە بەشی دوودا، باوکە دەوڵەمەندەکەم ئەوەم بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی بانکەوان هەرگیز داوای کارتی دەرچوونی لێنەکردووە. باوکە دەوڵەمەندەکەم بەردەوام دەبێت و دەڵێ" بانکەوان هەرگیز داوای لێنەکردووم ئاخۆ نمرەی بەرزم هێناوە یان نا. هەموو ئەوەی دەیویست ببینی ڕاپۆرتە داراییەکانم بوو. کێشەکە ئەوەیە، زۆربەی خەڵکی خوێندن تەواو دەکەن و ناشزانن ڕاپۆرتی دارایی چییە" باوکە دەوڵەمەندەکەم گوتیشی" تێگەشتن لەوەی کە ڕاپۆرتە داراییەکان چۆن کاردەکەن بنچینەیە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت ئاسایشێکی دارایی لە ژیانیاندا بنیاتبنێن." لە دنیایی ئەمڕۆشماندا کە ئاسایشی کار کەمتر و کەمتر دەبێتەوە، گرنگە کە منداڵەکەت ئەو شارەزایانەی هەبێت کە ئاسایشی دارایی لە ژیانیدا بۆ دەستەبەر دەکەن.

کە چاوێك بە بارودۆخی سیستەمی پەروەردەی ئێستادا دەخشێنیت، ئاشکرایە کە سیستەمەکە جەخت دەکاتە سەر دوو ڕووبەری سەرەکی پەروەردە و خوێندن:

١-خوێندنی ئەکادیمی ---- توانای خوێندنەوە، نووسی و ژمێریاری.
٢-خوێندنی پیشەگەرانە--- خوێندن بۆ بوون بە دکتۆر، پارێزەر، بەلوعەچی، میکانیکی، یان هەر کارێك کە دەتەوێت بیکەیت بۆ بەدەسهێنانی پارە کاتێك کە خوێندنت تەواو کرد.

ئەمریکا و زۆربەی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان کارێکی باشیان کردووە لە دەستەبەرکردنی ئەم دوو جۆرە خوێندنە بنچینەیە بۆ هاونیشتیمانانیان. گرنتەکە ئەوەیە کە یاساکان گۆڕاون. لە سەردەمی زانیاریدا، پێویستمان

بە زانیاری نوێی زیاتر هەیە، نەک زیاتر لە هەمان جۆری زانیاری. لە ئێستادا هەموو خوێندکارێك پێویستی بە هەندێك لەو پەروەردە بنەڕەتیە هەیە کە باوکە دەوڵەمەندەکەم فێری کردم:

٣- خوێندنی دارایی--- ئەو خوێندنەی پێویستە بۆ گۆڕینی ئەو پارەیەی لە پیشەکەت بەدەستیدەهێنیت بۆ ئاسایشی دارایی و سامانێکی هەمیشەی،، ئەو خوێندنەی کە یارمەتیت دەدات لەوەی دڵنیا بیتەوە کە منداڵەکەت خۆی نەبینێتەوە لە شکستی دارایدا دواتر لە ژیانیدا یان لە ڕووی دارایەوە لاواز و لانەواز نەبێت دوای تەمەنێك لە پێگەیاندنی خێزان و کاری سەخت.

هۆکاری ئەوەی کە بانکەوان داوای کارتی دەرچوونت لێ ناکات ئەوەیە کە دەیەوێت بزانێت تا چەند زیرەکیت دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکەیت. دەیەوێت پێوانەی زیرەکی داراییت ببینێت، نەك زیرەکی ئەکادیمیت. ڕاپۆرتی دارایت پێوانەیەکی زۆر باشترە بۆ پێوانی زیرەکی دارایت لە چاو کارتی دەرچوونت.

بەشی دوو هەندێك نموونەی سادە و بەرجەستەی تێدایە لەو شتانەی کە دایك و باوکان دەتوانن گوڕە دەسپێکێك ببەخشن بە منداڵەکەیان بۆ نێو دونیای ڕاستەقینە و پارە.

بەشی سێ دەربارەی هەندێك لەو داهێنانە نوێیانەی تەکنەلۆژیای پەروەردەیە کە توانای دایك و باوکان فراون دەکات بۆ دۆزینەوەی توانی سروشتی فێربوونی منداڵەکەیان و بلیمەتی سروشتیان. بەشی سێ دەربارەی پێدانی گوڕە دەسپێکێکی ئەکادیمیە بە منداڵەکەت.

ساڵانێك لەمەوبەر یەكێك لە مامۆستاكانی ئانیشتاین بە لاقرتێوە گوتی"هەرگیز نابێ بە هیچ" زۆربەی مامۆستاكان پێیان وابوو كە بێمێشكە بە هۆی شكستی لە فێربووندا لە ڕێگەی لەبەركردنی ڕۆبۆتیەوە.
ساڵێك دواتر، كاتێك ئانیشتاین پێیگوترا كە داهێنەرێكی ناودار ڕایگەیاندووە كە زانیاریە بنچینەیەكان لە ڕادەبەدەر گرنگن، ئانیشتاین هاوڕای نەبوو. گوتی،" كەس پێویست ناكات بچێتە زانكۆ بۆ ئەوەی ڕاستیەكان فێربێت. دەتوانی لە كتێبەكانەوە فێربێت، بەهای زانكۆكانی هونەرە ئازادەكان ئەوەیە كە مەشق بە زهن دەكات بۆ بیركردنەوە."
هەروەها گوتی،" وێناكردن زۆر گرنگترە لە زانین."
كاتێك لە لایەن گروپێك پەیامنێرەوە پرسیاری لێدەكریت، یەكێكیان دەپرسێت،" خێرایی دەنگ چەندە؟" ئانیشتاین وەڵام دەداتەوە،" نازانم. ئەو زانیاریانە لە زهنمدا هەڵناگرم كە بە ئامادەكراوی لە كتێبەكاندا بەردەستن."

نزیكەی زۆربەی ئەو دایك و باوكانەی كە بینیوومن دڵنیابوون كە منداڵەكەیان بلیمەت و زیرەكە. هەرچەندە، كاتێك ئەو منداڵە دەچێتە قوتابخانە، زۆربەی جار بلیمەتی سروشتی منداڵەكە وەلادەنرێ و ڕۆڵێكی لاوەكی دەبینێت بۆ تاكە بلیمەتییەك و تاكە شێوازێكی فێربوون كە لە لایەن سیستەمی پەروەردەییەوە جەختی لەسەر دەكرێتەوە. باوكە زیرەكەكەم و زۆرێك لە پەروەردەكارەكانی تر دركیان بەوە كرد كە سیستەمی قوتابخانە خۆراكپێدەری ئەو هەموو جۆرە جیاوەزە بلیمەتییە نییە كە منداڵان پێوەی لە دایكدەبن.

بەدبەختیە کە سیستەمی ئێستای پەروەردەییمان لە بیرۆکەی کۆن و گفتوگۆی دژیەکدا گیری خواردووە. سیاسەت و شریتی سووری دەوری پیشەی پەروەردە ڕێگری لە چەندین میتۆدی داهێنەرانە و نوێ دەکات کە بلیمەتی منداڵ گەشە پێدەدات تا نەبێتە بەشێك لە سیستەم.
باوکە زیرەکەکەم سەرۆکی سیستەمی پەروەردەیی هاوایی[1] بوو. هەوڵی تەواویدا بۆ گۆڕینی سیستەم، بەڵام لە بری ئەوە لە لایەن سیستەمەوە شکستی پێهێنرا. دواتر پێیگووتم،" سێ جۆر مامۆستا و بەڕێوەبەر هەن لە سیستەمدا. گروپێك هەیە کە زۆر بە هۆشیاری کار بۆ گۆڕینی سیستەم دەکات. گروپێکی تر بە هۆشیارییەوە دژی هەر جۆرە گۆڕانێك دەوەستێتەوە، گروپی سێهەمیش گرنگی بەوە نادەن کە سیستەم دەگۆڕێ یان نا. هەموو ئەوەی ئەم گروپە دەیانەوێت سەلامەتی کارەکانیان و مووچەکانیانە. هەر لەبەر ئەوەشە کە سیستەمەکە سالآنێکە هەر وەك خۆی ماوەتەوە."

**دەرئەنجام**

ئەوە باوکە زیرەکەکەم بوو کە زۆرجار دەیگوت،" گرنگترین مامۆستای منداڵ دایك و باوکێتی، زۆربەی دایك و باوك بە منداڵەکانیان دەڵێن ' بچۆ بۆ قوتابخانە و بە باشی بخوێنە. خوێندنێکی باش گرنگە. ' گرفتەکە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو دایك و باوکانەی کە ئەم قسانە دەکەن خۆیان لە خوێندن و پەروەردەی خۆیان بەردەوام نابن." هەروەها باوکە زیرەکەکەم گووتی،" دایك و باوکان گرنگترین مامۆستای منداڵەکەیانن،

---

[1] Hawaii

بەڵام خوێندکاران بە بینین زیاتر فێردەبن وەك بە بیستن. منداڵان هەستیارن لە بینینی جیاوازی لە نێوان قسە و کرداردا." منداڵان حەزیان لە گرتنی دایك و باوکیانە لە کاتی گوتنی شتێك و کردنی شتێکی تردا. باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت،" کردارەکانت بەرزتر دەدوێن لە چاو وشەکانت." هەروەها دەیگوت،" ئەگەر دەتەوێت ببیتە باوانێکی باش، دەبێت قسەکانت بکەیت بە کردار."

ئەگەر خاوەنی منداڵن، سوپاستان دەکەم گرنگی بە کتێبێك دەربارەی پەروەردە ، وە گرنگی بە پەروەردەی منداڵەکانتان بدەن.

بەشی یەکەم

## پارە بیرۆکەیەکە

کاتێك کە کوڕێکی بچووك بووم، زۆرجار باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت،" پارە بیرۆکەیەکە." بەردەوام بوو دەیگوت،" پارە دەکرێ ببێت بە هەر شتێك کە تۆ دەتەوێت. ئەگەر بڵێیت ' هەرگیز دەوڵەمەند نابم،' ئەوسا ئەنجامەکان ئەوە دەبن کە دەوڵەمەند نەبیت. ئەگەر بڵێیت، ناتوانم دەستی بخەم' ئەوسا ئەنجامەکان ئەوە دەبن کە نەتوانی."

باوکە زیرەکەکەم هەر هەمان شتی دەگوت دەربارەی پەروەردە.

ئایا دەشێت کە هەموو منداڵێك بە توانای دەوڵەمەند بوون و زیرەکبوونەوە لە دایك ببێت؟ هەندێك خەڵك پێیانوایە کە دەشێت، وە هەندێکی تریشیان پێیانوایە ناشێت. یەکەم بەشی ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ داکۆکیکردن لەو ئەگەرە بۆ منداڵەکەت.

بەندی یەکەم

## هەموو منداڵان بە دەوڵەمەندی و زیرەکی لە دایکدەبن

هەردوو باوکەکەم مامۆستای مەزن بوون، هەردووکیان مرۆڤی زیرەك بوون. بەلاّم لە هەمان بابەتدا زیرەك نەبوون، وە هەمان شتیان نەدەگوتەوە. هەرچەندە هێندە جیاوازیش بوون، هەردووکیان بڕوایان بەهەمان شت هەبوو دەربارەی منداڵان. هەردووکیان بڕوایان وابوو کە هەموو منداڵان بەدەوڵەمەندی و بە زیرەکی لە دایکدەبن. هەردووکیان بڕوایان وابوو کە منداڵ فێر دەبێت هەژار بێت و فێر دەبێت کە باوەڕ بەوە بکات کە لە منداڵانی تر زیرەکی کەمترە. هەردوو باوکەکە مامۆستای مەزن بوون چونکە بڕوایان بە هێنانە دەرەوەی ئەو بلیمەتییە بوو کە هەر منداڵێك پێوەی لە دایکدەبێت. بە دەربڕینێکی تر، بڕوایان بە تێئاخنینی زانیاری نەبوو، بڕوایان بە دەرکێشانی بلیمەتی منداڵ هەبوو. وشەی ( education) لە وشەی لاتینی (educatio) وەرگیراوە، کە بە مانای ' ڕاکێشانە دەرەوە' دێت. بە داخەوە بۆ زۆربەمان، یادەوەریمان لەگەڵ خوێندن پڕە لە ماوەی درێژی پڕ ئازاری تێئاخنینی زانیاری بۆ ناو سەرمان، لەبەرکردنیان بۆ تاقیکردنەوە، ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، دواتریش لە بیرکردنی هەموو ئەوەی تازە فێریبووین.

هەردوو باوکەکانم مامۆستای مەزن بوون و چونکە بە دەگمەن هەولّی تێئاخنینی بیرۆکەکانیان بۆ ناو سەرم داوە. زۆربەی جار کەمێك دەدوان، لە بری ئەوە چاوەڕێی منیان دەکرد پرسیار بکەم کاتێك دەمویست شتێك بزانم. یان ئەوان پرسیاریان لێدەکردم. وێڵی ئەوە بوون بزانن کە چی

دەزانم، لە بری ئەوەی بە سانایی ئەوەم پێبڵێن کە دەیزانن. هەردوو باوکەکانم مامۆستای مەزن بوون، منیش وەك دوو گەورەترین بەخششی ژیانم لێیان دەڕوانم.

با دایکەکانیش لە بیر نەکەین، دایکیشم مامۆستایەك و پێشەنگێکی مەزن بوو بۆم. مامۆستام بوو بۆ خۆشویستنی بێ مەرج، بەسۆزی و بەهای گرنگیدان بە کەسانی تر. بە داخەوە، دایکم لە تەمەنێکی گەنجی چل و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. زۆربەی ژیانی نەخۆش بوو. لە جەنگدا بوو لەگەڵ دڵیدا کە بە هۆی ڕۆماتیزمەوە لە منداڵیدا لاواز ببوو. توانای ئەو بوو بۆ سۆز و خۆشەویستی بۆ کەسانی تر سەرباری ئازارە کەسییەکەی خۆی کە وانەیەکی گرنگی فێرکردم. زۆر جار، کە ئازارم پێدەگەیشت و دەمویست بەوانی تری بڕێژم، زۆر بە سادەیی بیرم لە دایکم دەکردەوە و بیرم دەکەوتەوە کە بەسۆزتر بم، لە بری ئەوەی تووڕەتر بم. بۆ من، ئەمە وانەیەکی گرنگ بوو کە دەبوو ڕۆژانە بیرم بکەوتایەتەوە.

جارێکیان بیستم کە کوڕان هاوسەرگیری لەگەڵ کچانێك دەکەن کە ڕێك لە دایکیان بچێت، منیش دەڵێم ئەوە بۆ من ڕاست دەرچوو. هاوسەرەکەشم، کیم، کەسێکی لە ڕادەبەدەر بەسۆز و پڕ خۆشەویستیە. بە داخم کە کیم و دایکم هەرگیز یەکتریان نەبینی. پێموابێ دەبوونە باشترین هاوڕێ، وەك کیم لەگەڵ دایکی خۆیدا. دەمویست هاوسەرم هەبێت کە هاوبەشی بازرگانیەکەشم بێت، چونکە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی هاوسەری دایك و باوکم ئەو ڕۆژانە بوون کە پێکەوە لە کۆمەڵەی ئاشتی کاریان دەکرد. لە بیرمە کاتێك سەرۆك کێنەدی دروستبوونی کۆمەڵەی ئاشتی ڕاگەیاند.

دایك و باوكم هەردووكیان بە بیرۆكەكە خرۆشا بوون و نەیاندەتوانی چاوەڕێ بن تا دەبنە بەشێك لە ڕێكخراوەكە. كاتێك باوكم ئەركێكی پێسپێردرا وەك بەڕێوەبەری ڕاهێنان لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا. وەریگرت و داوای لە دایكم كرد ببێتە پەرستیاری ستافەكە. پێموایە ئەو دوو ساڵە خۆشترین ساڵانی هاوسەرگیریەكەیان بووبێت.

دایكی (مایك)ی باشترین هاوڕێم زۆر بە باشی ناناسم، كاتێك بۆ نانی ئێوارە دەمامەوە دەمبینی، كە هەندێك جار ڕوویدەدا، بەڵام ناتوانم بڵێم بە ڕاستی دەیناسم. كاتێكی زۆری لەگەڵ منداڵەكانی تریدا بەسەر دەبرد، لە كاتێكدا من و مایك زۆربەی كاتەكانمان لەگەڵ باوكی لەسەر كار بەسەر دەبرد. هێشتا ئەو كاتانەی لە ماڵی ئەوان بووم. دایكی مایكیش زۆر بە سۆز و هۆشدار بوو دەربارەی ئەوەی كە چی دەكەین. دەتوانم بڵێم هاودەمێكی مەزنی باوكی مایك بوو. ئەوان ئەویندار، بەسۆز بوون و گرنگیان دەدا بەوەی كە هەریەكەیان چی بەسەر دەهات. هەرچەندە كەسێكی زۆر ڕازئامێز بوو، بەڵام هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بوو كە من و مایك چی فێردەبین لە قوتابخانە و بازرگانیدا.

كەواتە هەرچەندە زۆر بە باشی نەمدەناسی، لەوەوە فێری گرنگی گوێگرتن بۆ ئەوانی تر بووم، ڕێگەدان بەوانی تر تا قسە بكەن، هەروەها ڕێزگرتن لە بیرۆكەی ئەوانی تر هەرچەندە دژی بیرۆكەكانی خۆشت بن. ئەو گفتوگۆكارێكی مەزن بوو بە شێوازێكی زۆر هێور.

**واڵەكانی دایك و باوكم**

ژمارەی خێزانە تاك- باوانیەكان لە ئێستادا نیگەرانم دەكات. بوونی دایك و باوكم وەك مامۆستا گرنگ بوو بۆ پێگەیشتنم. بۆ وێنە، من لە زۆربەی

منداڵانی تر قورستر و زلتر بووم، دایکیشم هەمیشە دەترسا لەوەی کە سوود لە قەبارەم وەرگرم تا ببمە چەوسێنەر. بۆیە بە ڕاستی جەختی کردەوە لەسەر گەشەپێدانی ئەوەی ئەمڕۆ خەڵك پێیدەڵێن ' لایەنی مێینە'م. وەك گوتم ئەو کەسێکی زۆر بەسۆز و ئەویندار بوو، دەیویست منیش بەسۆز و ئەویندار بم. وە وابووم. ڕۆژێك بە کارتی پۆلی یەکمەوە گەڕامەوە بۆ ماڵ، مامۆستا لەسەری نووسیبوو،" ڕۆبێرت پێویستە فێر بێت کە زیاتر متمانەی بە خۆی بێت، ئەو فێردیناندی گای بێرخستمەوە (لە چیرۆکێکەوە دەربارەی گایەك کە لە نێو بازنەی گایەکە دادەنیشێت و بۆنی ئەو گوڵانە دەکات کە جەماوەر بۆی هەڵدەدەن لە بری ئەوەی لەگەڵ گابازەکە شەڕ بکات--- بە ڕێکەوت یەکێك لە دڵخواترین چیرۆکەکانی کاتی خەوی دایکم بوو بۆ من. ) هەموو کوڕەکانی تر سەردەخەنە سەری و لێی دەدەن، هەرچەندە ڕۆبێرت لە هەموویان زۆر گەورەترە.

" کاتێك دایکم کارتەکەی خوێندەوە، خرۆشا. کاتێك باوکم هاتەوە ماڵ و هەمان کارتی دەرچوونی خوێندەوە، گۆڕا بۆ گایەکی تووڕە، ئەوەیان نا کە بۆنی گوڵەکانی دەکرد. پرسی،" مەبەست چییە کە کوڕەکانی تر لێت دەدەن؟ بۆچی ڕێگە دەدەیت لێت بدەن؟ ئایا گۆڕاویت بۆ ترسنۆکێك؟" تێبینی ئەو سەرنجەی کرد لەسەر هەڵسوکەوتم لە بری نمرەکانم. کاتێك بۆم ڕوونکردەوە کە من تەنها بەگوێرەی ڕاسپاردەکانی دایکم جوڵاومەتەوە، باوکم ڕووی کردە دایکم و گوتی،" منداڵگەلی بچکۆلە چەوسێنەرن. فێربوونی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ چەوسێنەران گرنگە بۆ هەموو منداڵێك تا فێری بن. ئەگەر لە سەرەتای ژیانیاندا فێری

چۆنێتی مامەڵەکردن نەبن لەگەڵ چەوسانەوە، ڕێگە دەدەن کاتێک گەورەش بوون بچەوسێندرێنەوە، فێربوونی بە بەزەیی بوون ڕێگایەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەوساندنەوەدا، بەلاَم هەروەها بەرپەرچ دانەوەش، ئەگەر بەسۆز بوون سوودی نەبوو." ڕووی کردەوە من و پرسی،" ئەی تۆ هەست چۆنە کە کوڕەکانی تر سەر دەکەنە سەرت؟" دامە پڕمەی گریان و گوتم" هەستێکی زۆر ناخۆشە، هەست بە بێدەسەلاَتی و ترس دەکەم. نامەوێت بڕۆم بۆ قوتابخانە. دەمەوێت وەلاَمیان بدەمەوە. بەلاَم دەشمەوێت ببمە کوڕێکی باش و ئەوە بکەم کە تۆ و دایکم دەتانەوێت بیکەم. ڕقم لەوەیە پێمبگوترێ' قەڵەو' و' گەمژە' و پاڵم پێوەبنرێت. ئەوەی کە زۆر پەستم دەکات هیچ نەکردن و قبوڵکردنێتی. ڕێک هەست دەکەم لاواز و ترسنۆکم. تەنانەت کچەکانیش پێمپێدەکەنن چونکە تەنها لەوێ دەوەستم و دەگریم."

باوکم بەرەو دایکم وەرسوڕا و بۆ ساتێک چاوی تێبڕی، بۆ ئەوەی بزانێ کە دڵخۆش نییە بەو شتانەی فێری دەبم. لێمی پرسی،" کەواتە دەتەوێت چی بکەیت؟"

گووتم،" دەمەوێت لێیان بدەمەوە. دەزانم دەتوانم لێیان بدەم. ئەوان تەنها کەسانێکی بچووکی بێنرخن کە سەر دەکەنە سەر خەڵك. سەر دەخەنە سەر من چونکە من زلترینم لە پۆلەکەدا. هەموو دەڵێن نابێ لێیان بدەم چونکە من گەورەترم، بەلاَم من ڕقم لەوەیە لەوێ بوەستم و قبوڵی بکەم. خۆزگە دەمتوانی شتێك بکەم. دەزانن کە هیچ ناکەم، بۆیە لە بەردەم هەموو ئەوانی تردا سەر دەخەنە سەرم. حەز دەکەم بیانگرم و چاویان دەربەڕێنم."

باوکم بەهێوری گووتی،" دەی، لێیان مەدەرەوە، بەڵام بە شێوازی خۆت ڕێگە بدە بزانن کە چیتر ناتوانن سەر بخەنە سەرت. وانەیەکی زۆر گرنگ فێردەبیت دەربارەی متمانە بەخۆبوون و بە دەستهێنانی مافەکانت. تەنها لێیان مەدە. مێشکت بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك هەتا پێیان بڵێیت کە چیتر سەر ناخرێتە سەرت."

گریانەکەم وەستا. حاڵم زۆر باشتر ببوو کە فرمێسکەکانم سڕی و هەستم کرد هەندێ ئازایەتی و باوەڕبەخۆبوون هاتە جەستەمەوە. ئێستا ئامادەم بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە.

ڕۆژی دواتر دایکم و باوکم بانگکران بۆ قوتابخانە. مامۆستا و بەڕێوەبەر زۆر بێزار بوون، کە دایکم و باوکم هاتنە ژوورەوە، من لە سوچەکەدا لەسەر کورسییەك دانیشتبووم، لە قوڕ هەڵکێشرابووم. باوکم هەر کە دانیشت پرسی،" چی ڕوویداوە؟" مامۆستاکە گوتی" دەی، ناتوانم بڵێم کە کوڕەکان دەگەیشتنە ئەم ئاستە، بەڵام دوای ئەوەی ئەو تێبینییەم لەسەر کارتەکەی ڕۆبێرت نووسی، دەمزانی کە شتێك دەگۆڕێت."

باوکم بە نیگەرانیەوە پرسی،" ئایا لێی داون؟"

بەڕێوەبەر گوتی." نا، لێی نەداون، خۆم هەموویم بینی. کوڕەکان دەستیان کرد بە گاڵتەپێکردن پێی. بەڵام ئەمجارەیان ڕۆبێرت دوای لێکردن بوەستن لە بری ئەوەی هیچ نەکات و قبوڵی بکات، بەڵام ئەوان هێشتا هەر بەردەوام بوون. ئەو بە پشوو درێژییەوە سێ جاری تر دوای لێکردن کە بوەستن. بەڵام ئەوان زیاتر سەریان خستە سەری. لەبەرئەوە ڕۆبێرت گەڕایەوە بۆ ناو پۆلەکە، ژەمی نیوەڕۆی کوڕەکانی هێنا و کردیە ناو ئەو گۆمە قوڕاوە گەورەیەوە. کاتی بە پەلە بە لای پەرژینەکە

دەڕۆیشتم بۆ لایان، کوڕەکان هێرشیان کردە سەر ڕۆبێرت. دەستیان کرد بە لێدانی، بەڵام ئەو لێی نەدەدانەوە. " باوکم گوتی" ئەی چی کرد؟" " بەرلەوەی بگەمە ئەوێ تا لێکیان بکەمەوە، ڕۆبێرت دوانیانی ڕاکێشا و پاڵینان بۆ ناو هەمان گۆمە قوڕاو. هەر لەبەرئەوەشە ئاوا لە قوڕ هەڵکێشراوە. کوڕەکانی ترم ناردەوە بۆماڵەوە هەتا جلەکانیان بگۆڕن چونکە شەلاڵ ببون." لە سوچەکەی خۆمەوە گوتم،" بەلاّم من لێمنەدانەوە" باوکم چاوی تێبڕیم، پەنجەی خستە سەر لێوەکانی بە نیشانەی ئەوەی کە بێدەنگبم، دواتر ڕووی کردەوە مامۆستاکە و بەڕێوەبەرەکە و گوتی،" ئێمە لە ماڵەوە چارەسەری ئەم بابەتە دەکەین."مامۆستاکە و بەڕێوەبەر سەریان لەقاند کاتێک مامۆستاکە گوتی،" خۆشحاڵم کە شایەتحاڵی تەواوی ڕووداوەکەم کە لەم دوو مانگەدا پەرەی سەندووە، ئەگەر ئاگاداری ئەو مێژووە نەبوومایە کە ئەم کارەی بە گۆمە قوڕاوەکە گەیاند، ئەوا بە تەنها ڕۆبێرتم تاوانبار دەکرد. بەلاّم دڵنیاتان دەکەمەوە کە دایك و باوکیان و دوو کوڕەکەی تریش بانگ دەکەم و ڕاوێژیان لەگەڵ دەکەم. فڕێدانی ژەمی نیوەڕۆی کوڕەکان بۆ ناو گۆمی قوڕ پەسەند ناکەم، بەلاّم هیوادارم ئیتر کۆتایی بەو چەوساندەوە و گاڵتەکردنە بهێنێت لە نێوان کوڕەکاندا."

ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەیەك لە نێوان من و دوو کوڕەکەی تردا ڕێکخرا، گفتوگۆی جیاوازیەکانمان کرد و تۆقەمان کرد. ئەو ڕۆژە لە کاتی پشووکاندا، منداڵەکانی تر هاتن بۆ لام و تۆقەیان لەگەڵ کردم و دەستیان بە پشتمدا دەدا. پێیانڵێدەکردم کە بەرەنگاری ئەو دوو چەوسێنەرەوە بوومەتەوە کە سەریان دەخستە سەر ئەوانیش. سوپاسی

پیرۆزباییەکەیانم کرد بەڵام پێشمگوتن." پێویستە فێربن خۆتان شەڕی خۆتان بکەن. ئەگەر وانەکەن، لە ژیانتاندا ترسنۆك دەردەچن، ڕێگە بە چەوسێنەرانی جیهان دەدەن ئازارتان بدەن." باوکم شانازی بەوە دەکرد کە گوێی لێمبێ وانەکەی ئەو دووبارە دەکەمەوە. لە دوای ئەو ڕۆژەوە، پۆلی یەکەم زۆر خۆشتر بوو. هەندێك باوەڕبەخۆبوونی بەهادارم بەدەستهێنا، ڕێزی پۆلەکەمم بەدەستهێنا. شۆخترین کچی پۆلەکەش بوو بە هاوڕێم. بەڵام ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو ئەوە بوو کە سەرنجام دوو چەوسێنەرەوەکەش بوون بە هاوڕێم. فێربووم کە ئاشتی بەرپا بکەم بە بەهێزبوون، لە بری ئەوەی ڕێگە بە ترس و تۆقین بدەم بەردەوام بن لەبەرئەوەی لاواز بووم.

هەفتەی دواتر، چەندین وانەی بەنرخی ژیان لە دایك و باوکمەوە فێربووم. ڕووداوی گۆمە قوڕاوەکە بابەتێکی گەرمی گفتوگۆ بوو لە کاتی نانی ئێواراندا. فێربووم کە لە ژیاندا، وەڵامی ڕاست و وەڵامی هەڵە بوونی نییە. فێربووم کە ئێمە دەبێت لە ژیاندا هەڵبژاردمان هەبێت، هەر بژاردەیەکیش دەرەنجامی هەیە. ئەگەر حەزمان لە بژاردە و دەرئەنجامەکەی نەبێت، کەواتە دەبێت بۆ بژاردەیەکی نوێ لەگەڵ دەرئەنجامێکی نوێ بگەڕێین. لەم ڕووداوی گۆمە قوڕاوەوە، گرنگی بەسۆز بوون و ئەویندار بوون لە دایکمەوە و بەهێزبوون و ئامادەبوون بۆ وەڵامدانەوە لە باوکمەوە فێربووم. فێربووم کە ڕێژەیەکی زۆر لە یەکێکیان یان ئەوی تریان یان هەبوونی یەکێکیان و ئەویتریان نا، دەکرێ ببێتە هۆی خۆ سنووردار کردن. هەروەك چۆن ئاوێکی زۆر ڕووەکێکی زۆر تینوو دەخنکێنێت، ئیمەی مرۆڤیش دەکرێ زۆر دوور بڕۆین لە

هەڵسوکەوتماندا لە ئاڕاستەیەکەوە بۆ ئەوی دیکە. وەك باوکم گوتی کاتێك ئەو شەوە لە نووسینگەکەی بەڕێوەبەر دەگەڕاینەوە، " زۆر خەڵك لە دونیای ڕەش و سپی یان ڕاست و هەڵەدا دەژین. زۆرێك خەڵك ئامۆژگاریت دەکەن، ' هەرگیز لێیان مەدەوە،' هێشتا هەندێکی تر دەڵێن ' لێیان بدەوە' بەڵام کلیلی سەرکەوتن لە ژیاندا ئەمەیە: ئەگەر پێویست بکات لێیان بدەیتەوە، دەبێت بزانیت ڕێك چەند بە توندی لێیان دەدەیتەوە. زانینی تا چەند توند لێدانەوە پێویستی بە زیرەکییەکی لەوە زیاترە کە بە سادەیی بڵێیت،' لێیان بدەرەوە،' یان ' لێیان مەدەرەوە. ' زۆر جار باوکم دەیگوت، " زیرەکی ڕاستەقینە زانینی ئەوەیە کە چی گونجاوە، لە بری ئەوەی کە چی ڕاستە یان هەڵەیە. " وەك منداڵێکی تەمەن شەش ساڵان، لە دایکمەوە فێربووم کە پێویستە بەسۆز و نەرم و نیان بم، بەڵام فێریشبووم کە دەتوانم زۆر بەسۆز بم یان زۆر نەرم و نیان بم. لە باوکمەوە فێربووم بەهێز بم، بەڵام فێریشبووم کە دەبێت زیرەکانە و گونجاو هێزەکەم بەکاربهێنم.

زۆرجار گوتومە کە هەر دراوێکی کانزایی دوو ڕووی هەیە. هەرگیز دراوێکی یەك ڕووم نەبینیوە. بەڵام زۆر جار ئەو ڕاستیەمان بیر دەچێتەوە. زۆرجار پێمانوایە ئەو ڕووەی لێمان دیارە تاکە ڕووە و ڕووە ڕاستەکەیە. کاتێك ئەوە دەکەین، ڕەنگە زیرەك بین، ڕەنگە ڕاستییەکانمان بزانین، بەڵام ڕەنگە زیرەکیشمان سنووردار بکەین.

جارێکیان یەکێك لە مامۆستاکانم گوتی، " خودا قاچی چەپ و ڕاستی پێداوین. خودا قاچی هەڵە و ڕاستی پێنەداوین. مرۆڤ پێشدەکەوێت بە هەڵەکردن بە قاچی ڕاستی سەرەتا و دواتر بە هەڵەکردن بە قاچی چەپی.

ئەو کەسانەی پێیانوایە کە پێویستە هەمیشە ڕاست بن، وەك ئەو کەسانە وان کە تەنها قاچی ڕاستیان هەیە. پێیانوایە لە پێشڕەویدان، بەڵام بەردەوام خۆیان لە بازنەیەکدا دەبیننەوە."

وەك کۆمەڵگا، پێویستە زۆر زیرەکتر بین لەگەڵ بەهێزی و لاوازییەکانماندا، پێویستە فێربین کە زیرەکانەتر لایەنی مێینە و لایانەی نێرینەمان بەکار بخەین. بیرمە کاتێك لە ساڵانی شەست لەگەڵ کوڕێکی دی نێوانمان تێکدەچوو. جار جار دەچووینە پشت هۆڵی جومناستیکەکە و شەڕە بۆکسمان دەکرد. دوایی ئەوەی یەك دوو بۆکسمان دەوەشاند، دەستمان دەکرد بە زۆرانبازی و ماندوو دەبووین، دواتر شەڕەکە کۆتایی دەهات. خراپترین شتێك کە ڕووی دەدا دڕانی جار جارەی کراس یان لوتێکی خوێناوی بوو. زۆر جار دوایی کۆتایی شەڕەکە دەبووینە برادەر. ڕەنگە لە سەردەمی زانیاریدا بین و منداڵان زۆر" چاوکراوەتر" تر بن لە باوانیان، بەڵام هەمووومان دەتوانین فێربین زیرەکتر بین لەگەڵ زانیاریەکانمان و هەستەکانماندا. وەك گوتم، پێویستە فێر بین لە دایك و باوکماننەوە، چونکە بە هۆی ئەو هەموو زانیاریەوە، پێویستە زۆد زیرەکتر بین.

ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ ئەو دایك و باوکانەی کە دەیانەوێت منداڵانێك پێبگەیەنن کە زیرەکتر، دەوڵەمەنتر و لە ڕووی داراییەوە زیرەکتر بن.

## بەندی دووەم
# ئایا منداڵەکەت بلیمەتە؟

" چی تازە هەیە" لە هاوڕێیەکم پرسی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ نەمبینیبوو. یەکسەر جزدانەکەی دەرهێنا و وێنەیەکی کچە یانزە مانگییەکەی پیشاندام. بە شانازیەوە بزەیەکی کرد و گوتی، " زۆر زیرەکە، ناتوانم بڕوا بەوە بکەم کە چەند زوو فێر دەبێت. " بۆ ماوەی بیست خولەکی دواتر، ئەم باوکە شانازە بە ورد و درشتی هەموو ئەو شتانەی باسکرد کە کچە زیرەکەکەی فێری بووە. دواجار درکی بەوە کرد کە بەردەوام قسەی کردووە و بە پۆزشەوە گوتی. " داوای لێبووردن دەکەم. من زۆر شانازی بە کچەکەمەوە دەکەم. تەنها سەرسامم بەوەی کە چەندە زیرەکە و چەند زوو فێردەبێت. دڵنیام کە بلیمەتە. "

ئایا ئەم شانازییە سنوردارە تەنها بۆ ڕێژەیەکی کەم لە دایك و باوکانە؟ پێموانییە، بە لایەنی کەمەوە بەپێی ئەزموونی من وانییە. ئەگەر شتێك هەبێ لە کاتی توێژینەوەکانمدا لە دایك و باوکاندا تێبینیم کردبێت، ئەوەیە کە هەموویان سەرسامن بەوەی کە منداڵەکانیان چەند بە زووی فێردەبن. هەموو تازە دایك و باوکێك کە بینیومن دڵنیابوون لەوەی کە منداڵەکەیان زیرەکترین منداڵی دونیایە. تەنانەت لەوانەیە بلیمەترینیش بێت. منیش هاوڕام لەگەڵیاندا. پێموایە هەموو منداڵان بە بلیمەتی لە دایکدەبن. بەڵام بۆ زۆرێك لەو منداڵانە. شتێك بەسەر ئەو بلیمەتییەیان دێت لە ماوەی گەورەبوونیاندا. بۆ هەندێك منداڵ ئەو بلیمەتییە وا

دەردەکەوێت کە دیار نەمێنیت، کپ دەکرێت، یان بە ئاڕاستەگەلی تردا دەبرێت.

هەرچەندە من و کیمی هاوسەرم منداڵمان نییە، منداڵی تازە لەدایکبوو هەمیشە سەرمایەی سەرسامیم بووە. حەز دەکەم سەیری چاوەکانیان بکەم. کاتێك سەیری چاوەکانیان دەکەم، کونجکۆڵترین و زانخوازترین بوونەوەر دەبینم کە سەیرم دەکاتەوە. ڕوونە کە منداڵان بە شێوازی بازدانی کوانتەمی[1] فێردەبن، مەبەستم لە کوانتەم فێربوونە زۆر بە خێرایی. دەبێت مەکۆی زانیاریان هەر چرکەیەك دوو هێندە ببێت، هەموو شتێك کە بتوانن بە چاوەکانیان هەڵی مژن نوێیە، سەرمایەی سەرسامیانە. بە دەسکارینەکراوی و ڕێکنەخراوی و تەنانەت بە بێ پێشداوەریش بۆ بانکی زانیارییەکانیان زیاد دەبێت، ئەم ئەزموونە تازەیە هەڵدەمژن کە پێیدەگوترێت ژیان.

ڕۆژێکی تر چووم بۆ ماڵی هاوڕێیەکی ترم، لەگەڵ کچە سێ ساڵانەکەی لە نێو حەوزی مەلەکردندا بوو. هەر کە دەستم ڕاوەشاند و ڕۆیشتم بەرەوە حەوزەکە، هاواری کرد،" سەیری کچە بچووکەکەم بکە، دەبێتە ئەستێرەی مەلەوانی ئۆڵەمپی." لەو کچە بچووکەم ڕوانیی کە ئازایانە بە ناو ئاوەکەدا مەلە دەکا، خەریکبوو نقووم دەبوو، بەڵام هێشتا هەر مەلەی دەکرد و لە باوکە شانازەکەی نزیك دەبۆوە، هەناسەم وەستا بە بینینی ئەم کچە بچووکە، کە چووپی سەرئاوکەوتنی پێوە نەبوو، بەحاڵ سەری بەدەرەوە بوو بۆ هەناسەدان، پەلەقاژەیەتی تا بگاتە لای باوکی کە لە لایە قووڵەکەی حەوزەکە چاوەڕێیەتی. لە کۆتایدا ئاهێکم هەڵکێشا

[1] quantum

لە خۆشیان هەر کە باوکی قۆڵەکانی لە دەوری ئالاند و گوتی،" ئەوە مەلەوانە بچکۆلە ئازاکەی خۆمە. تۆ ڕۆژێك دەبێت بە ئەستێرەی مەلەوانی ئۆلۆمپی. منیش پێموایە کە دەبێت.

ئەوەی بۆ من سەرمایەی سەرسوڕمان بوو، ئەوە بوو کە تەنها هەفتەیەك لەوەبەر، هەمان ئەو کچە بچووکە ڕۆحی لە ئاو چووبوو. تەنها هەفتەیەك لەمەوبەر، هێندە لە ئاو دەترسا کە یەکسەر دەگریا کاتێك باوکی هەڵی دەگرت بەرەوە حەوزەکە. ئێستا پێیدەڵێت ئەستێرەی داهاتووی ئۆلۆمپی. ئەوە، بۆ من جۆرە فێربوونێکی کوانتەمییە کە تەنها لە توانای بلیمەتێکدایە.. . وە هەموو منداڵێك کە لە دایکدەبێت توانای فێربوونی هەیە لەو ئاستەدا.

**باوکم باوەڕی وابوو کە هەموو منداڵان بە بلیمەتی لە دایکدەبن:**

وەك لە کتێبی پێشترم ( باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژار )دا باسم کردووە، باوکی ڕاستەقینەم سەرپەرشتیاری پەروەردەی ویلایەتی هاوای بوو لە کۆتایەکانی سالآنی شەست و سەرەتاکانی سالآنی حەفتا. لە کۆتایدا دەستی لە کارکێشایەوە هەتا وەك کۆماریەك خۆی بپاڵێوێت بۆ پۆستی بریکاری سەرۆکایەتی ویلایەتەکە، کە بڕیارێکی زیرەکانە نەبوو. خاڵیبوونەوەی لە ویژدان و ڕەوشتی هەڵبژارد، زۆر بێتاقەت بوو بەو ئاستە نزمەی گەندەڵی کە لە حکومەتدا بینیەوە، وە ویستی کە سیستەمی پەروەردەیی بگۆڕێت. پێیوابوو کە دەتوانێ شتێك بکات بۆ چاکسازیکردن لە سیستەمدا ئەگەر خۆی بپاڵێوێت. بە زانینی ئەوەی کە ئەگەری هەیە نەیباتەوە، هەرچۆنێك بێ خۆی پالاوت و هەڵمەتی بانگەشەکەی بەکارهێنا بۆ تیشك خستنە سەر ئەو هەلانەی کە پێیوابوو

دەبێت ڕاستبکرێنەوە. بەلاّم وەك هەمومان دەزانین، خەڵکی هەمیشە دەنگ بە دڵسۆزترین و ڕاسگۆترین پاڵێوراو نادەن.

هێشتا پێموایە باوکم بلیمەتێکی ئەکادیمییە. ئەو خوێنەرێکی بە پەرۆش، نوسەرێکی مەزن، وتاربیژێکی بلیمەت و مامۆستایەکی مەزن بوو. هەمیشە خوێندکاری یەکەم بووە بە درێژایی خوێندنی و وەك چاودێری پۆل خزمەتی کردووە. زۆر لە پێش قوتابیانی پۆلەکەی خوێندنی لە زانکۆی هاوایی تەواوکردووە و بووە بە یەکێك لە لاوترین بەڕێوەبەرانی قوتابخانە لە مێژووی هاوای دا، بانگهێشتی نووسینگەی دەرچووانی زانکۆی ستانفۆرد[1]، شیکاگۆ[2]، نۆرسوێسترن[3] کراوە بۆ کارکردن. لە کۆتایی ساڵانی هەشتا، لە لایەن هاوکارانیەوە وەك یەکێك لە دوو باشترین پەروەردەکاری مێژووی ١٥٠ ساڵەی پەروەردەی گشتی هاوای دەستنیشانکراوە و دکتۆرایەکی فەخری پێبەخشراوە. هەرچەندە کە من پێیدەڵێم باوکە هەژارەکەم، چونکە هەمیشە لە ڕوی داراییەوە ڕوخاو بوو بە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی چەند زۆری پارە دەستدەکەوت، زۆر شانازیم پێیەوە دەکرد. زۆرجار دەیگوت،" من پارەم لا گرنگ نییە." هەروەها دەشیگوت،" من هەرگیز دەوڵەمەند نابم." وە ئەو ووشانەش بوونە پێشبینیەکی خۆ-بەدیهێنەر.

دوای خوێندنەوەی، باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژار، زۆر کەس پێیانگتوم،" خۆزگە بیست ساڵ لەوبەر ئەم کتێبەم بخوێندایەوە." دواتر هەندێکیان دەپرسن،" بۆچی زووتر نەتدەنووسی؟" وەلاّمەکەم ئەمەیە،"

---

[1] Stanford
[2] Chicago
[3] Northwestern

چونکە چاوەڕێبووم باوکم کۆچی دوایی بکات بەرلەوەی دەست بکەم بە نووسین." لەبەر ڕێزی ئەو پێنج ساڵ چاوەڕێم کرد، دەزانم کە کتێبەکە ئازاری دەدا ئەگەر ژیابا و بیخوێندبایەتەوە. بەڵام پێموایە بە ڕۆحێکی وەرزشییەوە، پاڵپشتی ئەو وانانەی دەکرد کە هەموومان دەتوانین لە ژیانیەوە فێربین.

لەم کتێبەدا، منداڵی دەوڵەمەند منداڵی زیرەك، زۆرێك لە بیرۆکەکان دەربارەی چۆنیتی فێربوونی منداڵان و بۆچی هەموو منداڵان بە زیرەکی لە دایك دەبن، لە باوکمەوە وەرگیراون. ئەم چیرۆکەی خوارەوە دەربارەی هاوپۆلێکمە کە ناونیشانی بلیمەتی پێدرابوو لە سەرەتای تەمەنیدا. هەروەها دەربارەی ئەوەیە کە چۆن هەریەکەمان بلیمەتین بە شێواز و ڕێگای جیاواز.

### ئایا منداڵەکەت ئاستێکی زیرەکی[1] داراییی بەرزی هەیە؟

کاتێك دەڵێیت کەسێك ئاستێکی زیرەکی بەرزی هەیە، ئەوە مانای چییە؟ ئاستی زیرەکی پێوانەی چی دەکات؟ ئایا بوونی ئاستێکی بەرزی زیرەکی گرەنتی ئەوە دەدات کە سەرکەوتوو دەبێت؟ ئایا هەبوونی ئاستێکی بەرزی زیرەکی مانای ئەوەیە کە دەوڵەمەند دەبێت؟

کاتێك لە پۆلی چوار بووم، مامۆستاکەم بە پۆلەکەی ڕاگەیاند، "قوتابییەکان، سەربەرزین کە بلیمەتێك لە ناوماندایە. منداڵێکی نەد بەهرەداره، وە ئاستێکی زیرەکی بەرزی هەیە." دواتر بەردەوام بوو و ئاشکرای کرد، ئاندریو، یەکێك لە باشترین هاوڕێکانم، یەکێکە لەوان.

---

[1] IQ

پێماندەگوت،" ئاندی مێروو" چونکە بچکۆلە بوو و چاویلکەی ئەستووری لە چاو دەکرد کە وایلێدەکرد لە قالۆنچە بچێت. ئێستا دەبوو پێیبڵێین" ئاندی مێروو زیرەك."

لەوە تێنەدەگەیشتم ئاستی زیرەکی مانای چییە؟ دەستم بەرزکردەوە و لە مامۆستام پرسی،" ئاستی زیرەکی چییە؟"

مامۆستا هەندێك بڵمەبڵمی کرد و وەڵامی دایەوە،" ئاستی زیرەکی واتە زیرەکی چەندجارەیی." دواتر یەکێك لەو نیگایانەی تێگرتم کە بە بێدەنگی دەڵێت،" ئێستا تێگەیشتی ئاستی زیرەکی چییە؟"

کێشەکە ئەوە بوو، کە من هێشتا هیچ بیرۆکەیەکم نەبو کە ئاستی زیرەکی چییە. بۆیە دووبارە دەستم بەرزکردەوە. مامۆستاکە هەوڵی تەواویدا فەرامۆشم بکات، بەڵام دواجار ئاوڕی دایەوە و بە تۆنێکی درێژکراوە گوتی،" بەڵێ، ئەمجارە پرسیارەکەت چییە؟"

"ئێ، تۆ گوت کە ئاستی زیرەکی کورتکراوەی زیرەکی چەندجارەییە[1]، بەڵام ئەی ئەوە چییە؟"

دووبارە بێ ئارامانە وردە بڵمەبڵمێکی کرد،" پێمگوتی کە ئەگەر پێناسەی شتێکتان نەزانی، دەبێت بۆی بگەڕێن، ئێستا فەرهەنگەکەت دەربێنە و بۆی بگەڕێ." بە بزەیەکەوە گوتم،" باشە" دەمزانی کە خۆشی پێناسەکەی نازانێ. ئەگەر بیزانیایە، بە شانازیەوە بە تەواوی پۆلەکەی دەگوت. دەمانزانی کاتێك کە شتێك نازانێ، هەرگیز ددانی پێدانانێت لە بری ئەوە پیماندەڵێت بۆی بگەڕێین.

---

[1] Intelligence Quotient(IQ)

پاش ئەوەی دواجار" زیرەکی چەندجارەی"م لە فەرهەنگەکەدا دۆزیـەوە. پێناسەکەم بە دەنگی بەرز خوێندەوە. ڕاستەوخۆ لـە لـە فەرهەنگەکەوە. خوێندمـەوە." نـاو (١٩١٦): ژمارەیەکـە بـەکاردێت بـۆ گوزارشـتکردن لـە ئاسـتی زیرەکـی ڕاسـتەقینەی کەسـێك بـە لەبەرچـاوگرتنی دابەشـکردنی تەمەنی هۆشەکی کە لە تاقیکردنەوەیـەکی سـتاندارد دەردەچـێت بەسـەر تەمــەنی ئاسـایی کەســەکەدا و جــارانی ١٠٠" کاتێــك تــەواوبووم لــە خوێندنەوەی پێناسەکە، سەرم هەڵبڕی و گوتم،" هێشـتا تێناگـەم ئاسـتی زیرەکی چییە."

ئۆقرەلێبڕاو، مامۆستاکە دەنگی بەرز کردەوە و گوتی،" تێناگەیت چونکە ناتــەوێت تێبگــەیت. ئەگــەر تێناگــەیت، کــەوابێ پێویســتە خــۆت لێــی بکۆڵیتەوە."

منیش هاوارم کردەوە،" بـەڵام تـۆ ئـەو کەسـە بوویـت کـە گوتـت گرنگە. ئەگەر پێتوایە گرنگە، بە لایەنی کەمەوە دەتوانی پێمانبڵێیـت کـە چییە و بۆچی گرنگە."

لــەو کاتــەدا، ئانــدی مێــروو هەڵســا و گــوتی،" مــن بــۆ پۆلەکــەی ڕووندەکەمـەوە." لـە مێـزە تەختەتەکـەی هاتـە دەرەوە و ڕۆیشـت بـەرەو تەختە ڕەشەکە لـە پێشـەوەی ژوورەکـە. دواتـر ئەمـەی لەسـەر تەختەکە نووسی:

$$\frac{\text{تەمەنی هۆشەکی (١٨)}}{\text{تەمەنی جەستەیی (١٠)}} \times ١٠٠ = ١٨٠ \text{ ئاستی زیرەکی}$$

" لەبەرئەوەیە خەڵکی دەڵێن کە من بلیمەتم چونکە تەمەنم دە ساڵە، بەڵام ئاستی کەسێکی هەژدە ساڵم هەبووە لە تاقیکردنەوەکەدا."

تەواوی پۆلەکە بۆ ساتێك بە بێدەنگی دانیشتن بۆ هەرسکردنی ئەو زانیارییەی کە هەر ئێستا ئاندی لەسەر تەختە ڕەشەکە نووسی.

من گوتم" بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر تواناکانت بۆ فێربوون زیاد نەکەیت کاتێك گەورەتر دەبیت، ئەوا ڕێژەی زیرەکییەکەت دەشێ دا بەزێت."

ئاندی گوتی" منیش هەر ئاوا لێکیدەدەمەوە، ڕەنگە ئەمڕۆ بلیمەت بم، بەڵام ئەگەر زانیارییەکانم زیاد نەکەم، ڕێژەیی زیرەکییەکەم دێتە خوارەوە بە تێپەڕینی هەر ساڵێك. بە لایەنی کەمەوە، ئەمە ئەوەیە کە هاوکێشەکە نیشانی دەدات."

بە پێکەنینەوە گوتم،" کەواتە دەشێ ئەمڕۆ بلیمەت بیت، بەڵام سبەی ببیتە گەمژە."

ئاندی گوتی،" زۆر پێکەنیناویە، بەڵام ڕێك و دروستە. هێشتا دەزانم کە پێویست ناکات نیگەرانی ئەوە بم کە تۆ لێم ببەیتەوە."

هاوارم کرد،" لە دوای قوتابخانە قوربانت دەبم، لە گۆڕەپانی بەیسبۆڵ دەتبینمەوە کە کێ ئاستێکی زیرەکی بەرزی هەیە." لە گەڵیدا پێکەنیم و هەموو قوتابیەکانی تری پۆلەکەش. ئاندی مێروو یەکێك بوو لە باشترین هاوڕێکانم. هەموومان دەمانزانی زیرەکە، دەشمانزانی هەرگیز نابێتە یاریزانێکی گەورە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند تەنانەت نەیدەتوانی لە تۆپ بدات یان بیگرێت. هێشتا بەشێکی تیمەکەمان بوو. دواجار، هاوڕێیەتی هەر بۆ ئەوەیە.

**ئاستی زیرەکی داراییت چەندە؟**

کەواتە چۆن ئاستی زیرەکی دارایی خەڵکی دەپێویت؟ ئایا بەپێی زۆری مووچەکانیان، داهاتەکەیان، جۆری ئەو ئۆتۆمبێلەی لێیدەخوڕن، یان قەبارەی خانووەکانیان دەیپێویت؟ چەند ساڵێك دواتر، زۆر دوایی گفتوگۆی بلیمەتبوونی ئاندی مێروو، لە باوکە دەوڵەمەدەکەم پرسی کە پێیوایە کە ئاستی زیرەکی دارایی چییە. بە خێرایی وەڵامی دایەوە،" زیرەکی دارایی دەربارەی ئەوە نییە کە چەند پارە پەیدا دەکەیت. بەڵکو دەربارەی ئەوەیە کە چەند پارە پاشەکەوت دەکەیت و چەند بە باشی ئەو پارەیە کارت بۆ دەکات."

بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کات، چاکسازی لە پێناسەیەکەی بۆ زیرەکی داراییدا کرد. جارێکیان گوتی،" دەزانی کە زیرەکیە داراییەکەت زیاد دەکات ئەگەر لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنتدا، پارەکەت ئازادی، بەختەوەری، تەندروستی و بژاردەی زیاترت لە ژیاندا بۆ فەراهەم بکات." بەردەوام بوو لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە زۆرێك لە خەڵکی لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیاندا پارەی زیاتر پەیدا دەکەن، بەڵام پارەکەیان تەنها ئازادیەکانیان سنوردارتر دەکات---- ئازادی سنووردار لە شێوەی هەبوونی پسووڵەی زیاتر تا پارەکەی بدەن. بوونی پسووڵەی زیاتر مانای ئەوەیە کە ئەو کەسە دەبێت زۆر سەختر کار بکات هەتا بتوانێ پارەکەیان بدات. بۆ باوکە دەوڵەمەندەکەم ئەمە لە ڕووی داراییەوە زیرەکانە نەبوو. هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە خەڵکانێکی زۆری بینیوە کە پارەی زۆریان دەستکەوتووە، بەڵام پارەکانیان خۆشبەختتری نەکردوون. بۆ ئەو، ئەوە زیرەکییەکی داراییانە نەبوو. پرسی" بۆچی

بۆ پارە کاربکەیت و دڵخۆشیش نەبیت؟ ئەگەر پێویستە بۆ پارە کار بکەیت، شێوازێك بدۆزەرەوە کە کار بکەیت و دڵخۆش بیت. ئەوە زیرەکی داراییە. کاتێك دەهاتە سەر باسی تەندروستی، دەیگوت،" زۆرێك لە خەڵکی زۆر بە قورسی بۆ پارە کاردەکەن و بە لەسەرخۆی لەو پرۆسەیەدا خۆیان دەکوژن. لەبەرچی کارکردن بە سەختی و بە قوربانیکردنی تەندروستی جەستەیی و هۆشەکی خۆت و بنەماڵەکەت؟ ئەوە زیرەکی دارایی نییە." کاتێ باسی تەندروستی دەکرا، هەروەها دەیگوت،" شتێك بوونی نییە بە ناوی نۆبەی کتوپڕی دڵ، نۆبەی دڵ و نەخۆشیەکانی تری وەك شێرپەنجە کاتیان دەوێت تا پەرەدەسێنن. هۆکارەکەیان نەبوونی ڕاهێنان، سیستەمی خراپی خواردن، هەروەها نەبوونی چێژ و خۆشیە لە ژیانی ئەو کەسەدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ. لەو سیانە، نەبوونی چێژ گەورەترین هۆکاری نۆبەی دڵ و نەخۆشییە.

" بەردەوامبوو گوتی،" خەڵکانێکی زۆر بیر لەوە دەکەنەوە کە بە سەختی کار بکەن لە بری ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن چێژ و خۆشی لە بەخششی مەزنی ژیان وەرگرن."

کە دەهاتە سەر باسی بژاردە، دەیگوت،" دەزانم کە بەشی پلەیەکی نێو فڕۆکە لە هەمان کاتی بەشی ئابووری[1] فڕۆکەکەدا دەگاتە جێ. ئەمە بابەتەکە نییە. بابەتەکە ئەمەیە: ئایا بژاردەی فڕین لە بەشی پلە یەکت هەیە یان بەشی ئابووری؟ زۆربەی ئەوانەی بەشی ئابووری هیچ بژاردەیەکی تریان نییە." باوکە دەوڵەمەندەکەم بەردەوام بوو لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە زیرەکی دارایی بژاردە دەداتە کەسەکە بە

---

[1] فڕۆکە، خەمەندەمەر، کەشتی بەشی جیاوازیان هەیە کە بەگوێرەی دەوڵەمەندی و پلە و پایەیی کەسەکە جیاکراوەتەوە.

گوتنی،" پارە هێزە چونکە پارەی زیاتر بژاردەی زیاترت پێدەدات." بەڵام وانەکەی دەربارەی بەختەوەری بوو کە زیاتر و زیاتر جەختی لێدەکردەوە لەگەڵ هەڵکشانی تەمنەیدا. هەر کە لە کۆتایی ژیانی نزیک بۆوە و لەوە زیاتر پارەی هەبوو کە پێیوابوو ڕێیتیدەچێت، دووبارە و سێبارە دەستی پێکردەوە،" پارە بەختەوەرت ناکات. هەرگیز وا بیرنەکەیتەوە کە بەختەوەر دەبێت کاتێک دەوڵەمەند دەبێت. ئەگەر بەختەوەر نەبیت لە کاتی پرۆسەی دەوڵەمەندبووندا، ئەوە ئەگەرەکان وا دەبێت کە بەختەوەر نابیت کاتێک دەوڵەمەند بویت. کەواتە ئەگەر دەوڵەمەند بوویت یان هەژار، دڵنیابەرەوە کە بەختەوەریت.

ئەوانەی کە کتێبەکانی تری منتان خوێندۆتەوە درك بەوە دەکەن کە باوکە دەوڵەمەندەکەم ئاستی زیرەکی دارایی بە پێوانە سوونەتە داراییەکان نەدەپێوا. بە دەربڕینێکی تر، لە ڕاستیدا هەرگیز گرنگی بەوە نەدەدا کە چەندەی پارە هەیە، یان داهاتی چەندە. یان قەبارەی دامەزراوەکەی چەندێکە. ئەگەر ئەوە دیاری بکەم کە زیرەکی دارایی چی بۆ فەراهەم کردووە. ئەوە ئازادی دەبێت.

شەیدای ئازادی بوو بۆ کردنی کار یان نەکردنی وە ئازادی هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە کاریان لەگەڵ دەکات. شەیدای بە ئازادی کڕینی هەرشتێك بوو کە دەیویست بەبێ ئەوەی نیگەرانی نرخەکەی بێت. شەیدای لەشساغی، بەختەوەری و ئەو بژاردانە بوو کە دەیتوانی بیانکات چونکە ئازادە. حەزی لەو ئازادی و توانا داراییە بوو کە هەیبوو بۆ کاری خێرخوازی و یارمەتیدانی ئەو دۆزانەی کە بڕوای پێبوو. وە لە بری سکاڵا کردن لە سیاسەتمەداران و هەستکردن بە بێدەسەڵاتی بۆ گۆڕینی

سیستەم. سیاسیەکان دەهاتن و داوای ئامۆژگاری ئەویان دەکرد. ( بە هیوای پارمەتیدانیان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا). حەزی بە بوونی دەسەلآت بوو بەسەریاندا. دەیگوت،" بانگم دەکەن، من بانگیان ناکەم. هەموو سیاسەتمەدارێك دەنگی کابرای هەژاری دەوێت، بەلآم گوێ بۆ کابرای هەژار ناگرن. ئەوان ناتوانن ئەوە دەستەبەر بکەن، ئەوەش بەڕاستی تراژیدیە."

هێشتا ئەوەی کە زۆرترین پارێزگاری لێدەکرد ئەو کاتە بەتالە بوو کە پارە بۆی دابیندەکرد. حەزی لەوە بوو کاتی هەبێت هەتا لە گەورەبوونی منداڵەکانی بروانێت و کار لەسەر ئەو پرۆژانە بکات کە حەزی لێیان بوو. جا ئەگەر پارەیان بۆ پەیداکردایە یان نا. بۆیە باوکە دەوڵەمەندەکەم زیرەکیە دارایەکەی زیاتر بە پێوەری کات دەپێوا لەبری پارە. کۆتا ساڵەکانی تەمەنی خۆشترین ساڵەکانی بوون چونکە زۆربەی کاتەکەی بە بەخشینی پارەکەی بەسەربرد لەبری ئەوەی لە هەولی پاراستن و دەستپێوەگرتنیدا بێت. وا دەردەکەوت زیاتر چێژ لەوە دەبێتنێت کە وەك خێرخوازێك ببەخشێت وەك لەوەی وەك سەرمایەدارێك پێکیەوەنابوو. بە دەوڵەمەندی و بەختەوەری و بەخشندەیی ژیا. لە هەمووی گرنتر، ژیانێکی بێسنوور ئازادی هەبوو، هەر بەو شێوەیەش زیرەکییە داراییەکەی خۆی دەپێوا.

## زیرەکی چییە؟

ئەوە باوکە ڕاستەقینەکەم بوو، سەرۆکی پەروەردە و مامۆستای بەهرەدار، کە دواجار بووە مامۆستای تایبەتی" ئاندی مێروو." ئاندی هێندە زیرەك بوو کە دەبووایە لە کۆتا پۆلی ئامادەیی بێت لە بری

ئەوەی لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بیت. دایک و باوکی ڕازیکران هەتا چەند پۆلێک بپەڕێنیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیانویست لەگەڵ گرووپی هاوتەمەنانی خۆی بمێنێتەوە. لەبەرئەوەی باوکیشم بلیمەتێکی ئەکادیمی بوو، کەسێک کە چوار ساڵی زانکۆی بە دوو ساڵ بڕیبوو، لەوە تێدەگەیشت کە ئاندی بە چیدا تێدەپەڕێت و ڕێزی ویستی دایک و باوکی دەگرت. لە زۆر لایەنەوە هاوڕایان بوو. درکی بەوە دەکرد کە تەمەنی ئەکادیمی هێندەی گەشەسەندنی جەستەی و هەست و سۆز گرنگ نییە. هاوڕا بوو کە دەبێت ئاندی لە ڕووی سۆزداری و جەستەیەوە پێبگات لە بری ئەوەی بچێتە ئامادەیی یان زانکۆ لەگەڵ خوێندکارگەلێک کە دوو هێندەی خۆی بوون لە تەمەندا. بۆیە دوای خوێندنی سەرەتایی لەگەڵ منداڵانی ئاسایدا، ئاندی دەچووە لای باوکم، سەرپەشتیاری پەروەردە، پاشنیوەڕوانی بە خوێندن لەگەڵ ئەودا بەسەردەبرد. لە لایەکی ترەوە، منیش دەچووم بۆ نووسینگەکەی باوکە دەوڵەمەندەکەم و دەستم کرد بە خوێندنەکەم لە زیرەکی دارایدا.

بەلامەوە سەرنجڕاکێشە کاتێ لەوە ڕادەمێنمەوە کە دوو باوکی جیاواز کاتێ خۆیان بەخشی بە وانەوتنەوە بە منداڵی خەڵکی تر. شتێکی جوانە کە دەبێتنی لە ئەمڕۆشدا دایک و باوکانێک ماون کە کاتی خۆیان دەبەخشن بۆ فێرکردنی وەرزش، هونەر، میوزیک، سەما، دەسڕەنگینی، شارەزایی بازرگانی و گەلێک شتی ت بە منداڵانی تر، دواجار، هەموو دایک و باوکان بە جۆرێک مامۆستان، وەک کەسانی پێگەیشتوو، ئێمە زیاتر لە ڕێی کرادرەکانمانەوە مامۆستاین وەک لە وشەکانمان. کاتێک مامۆستاکەمان بە پۆلەکەی ڕاگەیاند کە ئاندی بلیمەتە و ڕێژەیەکی

زیرەکی بەرزی هەیە، لە جەوهەردا مەبەستی ئەوەش بوو کە ئەوانی ترمان وانین. گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و لە باوکم پرسی کە پێناسەی ئەو بۆ زیرەکی چییە. وەڵامەکەی سادە بوو. هەموو ئەوەی کە گوتی ئەمە بوو،" زیرەکی توانایەکە بۆ دروسکردنی جیاکاریگەلی باشتر."

بۆ ساتێك لە جێی خۆم وەستام، لەوە تێنەگەیشتم کە گوتی. چاوەڕێبوون زیاتر ڕوونی بکاتەوە، دەمزانی کە مامۆستایەکی ڕاستەقینەیە، لەوێ بە گوزارشتێکی گێلانەوە لەسەر ڕووخسارم جێمناهێڵێت. دواجار درکی بەوە کرد کە لە ڕوونکردنەوەکەی تێنەگەیشتووم، بۆیە بە زمانی منداڵێکی دە ساڵان دەستی بە قسە کرد،.

لێمی پرسی،" دەزانی وشەی وەرزش واتای چییە؟

من گوتم،" بێگومان دەزانم، من هیوایەتم وەرزشە.

وەڵامی دایەوە،" چاکە، ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان تۆپی پێ و گۆڵف و خلیسکێنە؟

بە شادیەوە گوتم،" بێگومان هەیە، جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان ئەو یاریانەدا.

باوکم بە شێوازە مامۆستایەکەی بەردەوام بوو،" چاکە، ئەو جیاوازیانە پێیدەگوترێت جیاکاری.

پرسیم،" مەبەست ئەوەیە ئەو جیاکاریانە هەمان جیاوازیەکانن." باوکم سەری لەقاند. پرسیم،" کەواتە هەتا زیاتر بتوانم جیاوازی نێوان شتەکان بزانم، زیرەکتر دەبم وایە؟"

باوکم وەڵامی دامەوە،" دروستە، تۆ زیرەکیەکی زیاتری وەرزشیت هەیە لە چاو ئاندیدا، بەڵام ئاندی ڕێژەیەکی زیاتر زیرەکی ئەکادیمی هەیە لە

چاو تۆدا. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئاندی بە خوێندنەوە باشتر فێردەبێت، تۆش لە ڕێگەی ئەنجامدانەوە باشتر فێردەبێت. کەواتە بۆ ئاندی ئاسانترە لە پۆلدا فێربێت، تۆش بۆت ئاسانترە لە گۆڕەپانێکی وەرزشیدا فێربیت. ئاندی زانست و مێژوو خێراتر فێردەبێت، تۆش بەیسبۆڵ و تۆپی پێ خێراتر فێردەبێت."

بۆ ساتێك بە بێدەنگی لەوێ وەستام. باوکم، وەك مامۆستایەکی باش ڕێگەیدام لەوێ بوەستم هەتا جیاکاریەکان جێگیربوون. لە کۆتایدا لە دالغەکەم بە ئاگا هاتمەوە و گوتم،" کەواتە من بە یاریکردن فێردەبم، ئاندیش بە خوێندنەوە.

دووبارە باوکم سەری لەقاند. ماوەیەك وەستا و دواتر گوتی،" سیستەمی قوتابخانەمان گرنگیەکی زۆر بە زیرەکی ئەکادیمی دەدات. بۆیە کاتێك دەڵێن کەسێك ڕێژەیەکی زیرەکی بەرزی هەیە، مەبەستیان لە ڕێژەیەکی زیرەکی ئەکادیمیە. تاقیکردنەوەکانی ئێستای ئاستی زیرەکی بە شێوەیەکی سەرەکی پێوانەی توانی زیرەکی قسەکردنی کەسەکە دەدات، یان توانی خوێندەوە و نووسینی. کەواتە بە شێوەیەکی تەکنیکی، کەسێك بە ڕێژەیەکی بەرزی زیرەکیەوە کەسێکە کە خێراتر بە خوێندەوە فێردەبێت. هەموو زیرەکی کەسەکە ناپێوێت. کەواتە ئاستی زیرەکی پێوانەی ئاستی زیرەکی هونەری، زیرەکی جەستەیی، یان تەنانەت زیرەکی بیرکاریانەش ناکات، کە هەموویان زیرەکی ڕەوا و گرنگن."

گوتم." کەواتە کاتێك کە مامۆستاکەم گوتی ئاندی بلیمەتە، مەبەستی ئەوە بوو کە ئەو لە من باشترە لە فێربوون بەهۆی خوێندنەوەوە، وە منیش لەو باشترم لە فێربوون بە هۆی ئەنجامدانەوە."

باوکم گوتی،" بەڵێ. دووبارە وەستام. بۆ ساتێك بیرم کردەوە. وردە وردە خەریکبوو تێدەگەیشتم کە ئەم زانیاریە نوێیەم چەند بە دڵبوو.
لە کۆتاییدا گوتم،" کەواتە پێویستە شێوازگەلێك بدۆزمەوە بۆ فێربوونی شتەکان کە لەگەڵ شێوازی فێربوونمدا بگونجێ."
باوکم سەری لەقاند،" بەڵام هێشتا پێویستە بە خوێندەوە فێربیت، بەڵام وادیارە تۆ بە ئەنجامدان خێراتر فێردەبێت وەك لە خوێندەوە. لە زۆر شتدا، ئاندی گرفتی لەوەدا هەیە کە دەتوانێ بخوێنێتەوە بەڵام ناتوانێ ئەنجامی بدات. لە هەندێکی تردا، دونیای ڕاستەقینە زۆر قورسترە بۆی هەتا خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت بەراورد بە تۆ. هەتا ئەو دەمەی لە دونیای زانست و ئەکادیمیدا بمێنێتەوە زۆر باش دەبێت. هەرلەبەرئەوە کە زۆر بۆی قورسە لە گۆڕەپانی بەیسبۆڵدا یان قسەکردن لەگەڵ منداڵەکانی تردا. هەر لەبەرئەوەیە کە پێموایە زۆر جوامێرانەیە کە تۆ و هاوڕێکانت ڕێگەی دەدەن بەشداری تیمە وەرزشیەکەتان بکات. ئێوە شتگەلێکی فێردەکەن کە کتێبەکانی قوتابخانە هەرگیز ناتوانن فێری بکەن. بابەت و شارەزایگەلێك کە زۆر گرنگن بۆ دونیای ڕاستەقینە." من گوتم،" ئاندی هاوڕێیەکی مەزنە، بەڵام دەبێت بخوێنێتەوە لەبری بەیسبۆڵ، منیش دەبێت یاری بەیسبۆڵ بکەم لە بری خوێندنەوە. کەواتە مانای وایە ئەو لە پۆلدا زیرەکترە چونکە لەوێ باشتر فێردەبێت. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە لە من زیرەکترە. ئاستە بەرزە زیرەکیەکەی مانای ئەوەیە کە ئەو بلیمەتە لە فێربوون بە خوێندنەوە. کەواتە پێویستە ڕێگەیەك بدۆزمەوە تا جیاکاریەکان خێراتر دیاریبکەم تا خێراتر فێربم، بە شێوازێك کە باشترین سوودی بۆ هەبێت."

**چەندجارە کردن بە دابەشکردن**
باوکە پەروەردەکارەکەم زەردەخەنەیەکی کرد. گوتی،" ئەوە شێوازەکەیە، دۆزینەوەی ڕێگایەکە بۆ دروسکردنی جیاکاریەکان بە خێرایی،دواتر بە خێرایی فێردەبێت. هەمیشە بیرت بێت کە سروشت بە دابەشبوون چەندجارە دەبێت، هەروەك چۆن خانە بە دابەشبوون زۆر دەبێت، هەمان شتیش بۆ زیرەکی ڕاستە. ئەو ساتەی بابەتێك دەکەینە دوو بەش، ئەوا زیرەکیەکەمان زیاد کردووە. ئەگەر ئەو دوو بەشەش بکەین بە دوو بەشی تر، چوار دانەمان دەسدەکەوێت، زیرەکیەکەشمان چەندجارە بووە---- چەندجارەبوون بە دابەشبوون. ئەوە پێیدەگوترێ فێربوونی کوانتەمی، نەك فێربوونێکی زنجیرەیی.
سەرم لەقاند، لەوە تێگەیشتم کە دەکرێ فێربوون چەند خێراتر بیت، هەر کە ئەوەم زانی کە کام شێواز باشترینە بۆ فێربوونم. گوتم،" کاتێك سەرەتا دەستم بە یاری بەیسبۆڵ کرد، زۆرم لێ نەدەزانی. بەڵام هەر زوو جیاوازی نێوان چوونە دەرەوە، ڕاکردنی بازنەیی و ڕاکردنم دۆزیەوە. ئەوە مەبەستی تۆیە لەوەی کە زیرەکیەکەم بە دابەشکردن یان دۆزینەوەی جیاکاریەکان زیاد دەکات؟" باوکم وەڵامیدامەوە." ئەمە ڕاستە. وە هەتا زیاتر یاریەکان ئەنجام بدەیت، زیاتر جیاکاری نوێ و باشتر دەدۆزیتەوە. ئایا هەست ناکەی کە بەرەوپێش دەچیت کاتێك زیاتر فێردەبێت؟" گوتم،" بێگومان. کاتێك سەرەتا دەستم کرد بە بەیسبۆڵ، تەنانەت نەمدەتوانی لە تۆپەکەش بدەم. بەڵام ئێستا دەتوانم بە نەرمی و هێواشی لە تۆپ بدەم، لێدانی ناوەوە ئەنجام بدەم، لێدانی خولاوە بۆ ناو

هەوا یان لە کاتی ڕاکردن بەرەوە خاڵیماڵەوە بچمە لێوارەکان[1]. دەزانی من هەر ئەمساڵ سێ جار لێدانی خاڵی ماڵەوەم لێداوە؟" ئەمەم بە شانازی و بزەیەکەوە گوت.

باوکم گوتی،" بەڵێ، دەزانم. وە زۆر شانازیشت پێوەدەکەم. ئایا درکت بەوە کردووە کە خەڵکانێکی زۆر هەن کە جیاوازی نێوان لێدان بە نەرمی و ڕاکردن بۆ خاڵی ماڵەوە نازانن؟ هیچ بیرۆکەیەکیان نییە کە تۆ باسی چی دەکەیت، بە دڵنیاییشەوە توانای ئەنجامدانی ئەوەیان نییە کە تۆ دەتوانی. بە زەردەخەنەیەکەوە گوتم،" کەواتە ئاستی زیرەکی بەیسبۆڵم زۆر بەرزە. باوکم گوتی،" زۆر بەرزە، هەروەك چۆن ڕێژەیی زیرەکی ئەکادیمی ئاندی زۆر بەرزە---- بەڵام ناتوانێ لە تۆپی بەیسبۆڵ بدات. گوتم،" تۆ پێمدەڵێیت کە ئاندی ڕەنگە جیاوازی نێوان لێدان بە نەرمی و راکردن بۆ خاڵی ماڵەوە بزانێت، بەڵام ناتوانێ هیچیان ئەنجامبدات ئەگەر ژیانیشی لەسەر ئەوە بەند بێت. باوکە پەروەردەکارەکەم گوتی، هەر ئەوەیە گرفتی پێشداوەریکردنی کەسێك تەنها بە هۆی زیرەکی ئەکادیمیانەوە، زۆربەی ئەو کەسانەی ڕێژەیەکی بەرزی زیرەکی ئەکادیمیان هەیە لە دونیای ڕاستەقینەدا باش هەڵناکەن. پرسیم، لەبەرچی وایە؟"

" ئەوە پرسیارێکی چاکە کە لە ڕاستیدا هیچ وەڵامێکم نییە بۆی. پێموایە هۆکارەکەی ئەوەیە کە پەروەردەکاران بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت دەکەنە سەر توانای هۆشەکی نەك گۆڕینی ئەو مەعریفە هۆشەکیە بۆ

[1] ئەمانە زاراوە و چەمکی تایبەت بە یاری بەیسبۆڵن، لەبەرئەوەی ئەم یاریە لای ئێمە ناکرێت، بە کوردیکردنیان ئەوەندە ورد نییە و گەلێك زەحمەتە.

مەعریفەیەکی جەستەیی. هەروەها پێموایە کە ئێمەی پەروەردەکار سزای خوێندکار دەدەین لەبەر هەڵەکردن، وە ئەگەر تۆ لە هەڵەکردن بترسی، ئەوسا ناتەوێت هیچ شتێك ئەنجامبدەیت.

ئێمە لە ناوەندەکانی خوێندندا زۆر جەخت دەکەینە سەر پێویستی ڕاست بوون و ترسی هەڵە بوون. ئەوە ترسە لە هەڵەکردن و دواتر گەمژە دەرکەوتنە کە ڕێگری لە خەڵکی دەکات کرداریان هەبێت، دواجار، هەمووشمان بە کردار فێردەبێتن. هەموومان دەزانین لە ئەنجامی هەڵەکردنەوە فێردەبێتن، کەچی لە سیستەمی خوێندماندا سزای ئەو کەسانە دەدەین کە هەڵەی زۆر دەکەن. دونیای خوێندن پڕن لەو کەسانەی کە دەتوانن هەموو شتێکت لەسەر بەیسبۆل پێبڵێن کە دەتەوێت، بەڵام خۆیان ناتوانن یاری بەیسبۆل بکەن." پرسیم." کەواتە کاتێك مامۆستاکەمان گوتی ئاندی بلیمەتە، ئەوە مانای ئەوەیە کە لە من باشترە؟" باوکم گوتی." نەخێر، بەڵام لە قوتابخانە، ئەو لە تۆ ئاسانتر فێردەبێت چونکە توانای خوێندنەوەی لە ئاستی بلیمەتیدایە. هەرچەندە، لە گۆڕەپانی وەرزشیدا، تۆ لەو خێراتر فێردەبێت.

ئەوە هەموو مەسەلەکەیە." وەڵامدایەوە." کەواتە بوونی ئاستێکی زیرەکی بەرز ڕەنگە مانای ئەوە بێت کە ئەو بە خوێندنەوە خێراتر فێردەبێت، بەڵام مانای ئەوە نییە کە من ناتوانم فێری ئەو شتانە بم کە ئەو فێریان دەبێت و دەیانزانێت." وێڵی دوای دەربڕینێکی ڕوونتر بووم، بە دەربڕینێکی تر، دەتوانم فێری شتێك بم ئەگەر بمەوێت فێریبم. ئەوە ڕاستە؟" باوکم گوتی،" ڕاستە، پەروەردە شێوازی بیرکردنەوەیە، وە ئەگەر لەو جۆرە بیرکردنەوە ئەرێنیەت هەبێت دەربارەی فێربوون، زۆر

باش فێردەبێت. بەڵام ئەگەر بیرکردنەوەی دژواریکت هەبێت، یان شێوازێکی بەرگریکارانە بەرامبەر فێربوون، ئەوسا هەرگیز هیچ فێرنابیت." گۆڤاری بەیسبۆڵەکەم لە گیرفانی دواوەم دەرهێنا، دڕاو و شێواو بوو." حەزم لە خوێندنەوەی ئەم گۆڤارەیە. دەتوانم ژمارەی خاڵەکانت پێبڵێم، لەگەڵ تێکڕایی لێدانەکان و مووچەی هەموو یاریزانەکان. بەڵام کاتێ کە لە پۆلدا ئەم گۆڤارە دەخوێنمەوە، مامۆستاکەم لێمدەستێنیت."

باوکم گوتی،" دەبێت وابکات، بەڵام دەبێت هانت بدات لە دوای قوتابخانە بیخوێنیتەوە." سەرم لەقاند. لە کۆتایدا تێگەیشتم بۆچی ئاندی ئاستێکی بەرزتری زیرەکی هەیە. بەڵام لە هەمووی گرنگتر، فێربووم کە چۆن بە باشی فێردەبم. ئەو ڕۆژە فێربووم کە من سەرەتا بە ئەنجامدان فێردەبم ئینجا دواتر دەربارەی بخوێنمەوە. بۆ وێنە، بەیسبۆڵ، هەتا زیاتر یاریم بکردایە، زیاتر دەمویست دەربارەی بخوێنمەوە. بەڵام ئەگەر یاریەکەم نەکردایە، هیچ حەزێکم نەدەبوو بۆخوێندنەوە دەربارەی. ئەوە ئەو شێوازی فێربوونە بوو کە بۆ من باشترین بوو. ئەو شێوازە بوو کە بۆ تەواوی ژیانم پێی فێردەبووم. ئەگەر سەرەتا شتێکم تاقیبکردایەتەوە و بەلامەوە سەرنجراکێش بووایە، شاگەشکە دەبووم بۆ خوێندەوە دەربارەی. بەڵام ئەگەر نەمتوانیایە سەرەتا لە ڕووی جەستەیەوە ئاشنای بم، یان تەنها بمتوانیایە دەربارەی بخوێنمەوە، زۆر بە دەگمەن سەرنجی ڕادەکێشام بەو هۆیەوە دەربارەی نەمدەخوێندەوە. تەنها دەساڵ تەمەنم بوو، ئەوەی ئەو ڕۆژە فێربووم بەس بوو بۆم. مەودای ئاگاییم هیلاک ببوو. دەسکێش و داری بەیسبۆڵەکەم هەلگرت، چوومە دەرەوە

بۆئەنجامدانی جیاکاری باشتر لە یاری بەیسبۆڵدا. ئاستێکی زیرەکی بەیسبۆڵم هەبوو تا باشتری بکەم. مەشقکردنیش باشترین شێواز بوو بۆ ئەنجامدانی ئەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەمزانی کە ئەگەر لە مەشقکردن بەردەوام نەبم، ئاندی مێروو ڕەنگە شوێنم بگرێتەوە لە تیپەکەدا.

ئەو ڕوونکردنەوەیەی باوکە پەروەردەکارەکەم هۆکاری سەرەکی بوو کە خوێندنی ئامادەییم تەواوکرد و بەرگەی ئەکادیمیای سەربازی زۆر سەخت و مەنهەجێکی قورس و ماندووکەر بگرم. بە هۆی ئەو ڕوونکردنەوەیەوە دەمزانی کە هەرچەندە ئاستێکی بەرزی زیرەکی ئەکادیمیم نەبوو، مانای ئەوە نییە کە زیرەك نیم. تەنها مانای ئەوەیە کە دەبوایە شێوازێکی فێربوون بدۆزمەوە کە بۆ من باشترین بێت. بە بێ ئەم زانیاریە بەنرخە، ڕەنگە زۆر پێش دەرچوونم وازم لە ئامادەیی بهێنایە. وەك خۆم پێموایە کە خوێندنگا زۆر خاو، بێزارکەر و ناخۆش بوو. حەزم لە زۆربەی ئەو بابەتانە نەبوو کە پێویست بوو لە سەرمان بیانخوێنین، بەڵام ڕێگایەکم دۆزیەوە تا فێری ئەو بابەتانە ببم و لە تاقیکردنەوەکان دەربچم. ئەوەی کە وایکرد بەردەوام بم ئەو زانیاریە بوو کە هەرکاتێك بە بڕوانامەی زانکۆوە خوێندنم تەواوکرد، ئەوسا خوێندنی ڕاستەقینە دەستپێدەکات.

**چەند جۆری جیاواز لە بلیمەتی هەن؟**


لە سەرەتاکانی ساڵانی هەشتا، پیاوێك بە ناوی هاوارد گاردنەر[1] کتێبێکی نووسی بە ناونیشانی چوارچێوەکانی مۆش[2]. لە کتێبەکەیدا، پێناسەی

---

[1] Howard Gardner

[2] *Frames of Mind.*

حـەوت جـۆری جیـاواز بلیمـەتی یـان زیرەکـی کـردووە. کـە ئەمانـەی خوارەوەن:




## ١- زمانەوانی-زارەکی

ئەمـە ئـەو بلیمەتیەیـە کـە سیستـەمی ئێستـای پـەروەردەیمان ئاستی زیرەکـی کەسـێکی پێـدەپێویت. توانـای کەسـەکەیە بـۆ نووسـین و خوێندنەوەی وشەکان. زیرەکیەکی گرنگە چونکە یەکێکە لـە بنچینەیترین ئـەو ڕێگایانـەی مـرۆڤ بـە هۆیـەوە زانیـاری کۆدەکاتـەوە و هاوبەشـی پێدەکات. ڕۆژنامەنووسان، نووسەران، پـارێزەران و مامۆستایان زۆریـەی جار ئەم بلیمەتیەیان پێبەخشراوە.

**٢- بیرکاری- ژیربێژی**

ئەمە بلیمەتیەکە کە مامەڵە لەگەڵ زانیاریەکدا دەکات کە لە شێوەی ژمارەدا پێوراوە. ئاشکرایە، بیرکاریزانێنێك ئەم زیرەکیەی پێبەخشراوە. ئەندازیارێکی بە فەرمی مەشقپێکراو پێویستە لە هەردوو بلیمەتی زمانەوانی–زارەکی و بیکاری– ژیربێژیدا لێهاتوو بێت.

**٣- جەستەی- جەستەئاگا**

ئەمە ئەو بلیمەتیەیە کە زۆربەی وەرزشەوانان و سەماکەران پێیانبەخشراوە. خەڵکانێکی زۆریش هەن کە لە خوێندن باش نین و لە ڕووی جەستەیەوە بەهرەدارن. هەندێ جار کەسانێك هەن کە بە کردار فێردەبن، ئەوانەی کە هەندێ جار پێیاندەگوترێت چالاك لە فێربووندا. زۆربەی کات کەسانی هەڵگری ئەم بلیمەتیە بەرەوە میکانیك و بازرگانی خانووبەرە پەلکێش دەبن. ئەگەری هەیە شەیدای دارتاشی و کورسی خواردن دروسکردن بن. بە دەربڕینێکی تر، ئەمانە بلیمەتن لە بینین، دەستلێدان، ئەنجامدانی شتگەلدا. کەسێك کە دیزاینی ئۆتۆمبێلی پێشبڕکێ دەکات دەبێت هەڵگری ئەو چوار بلیمەتیەی سەرەتا بێت.

**٤– فەزایی**

ئەمە ئەو بلیمەتیەیە کە زۆرێك لە کەسانی داهێنەر، وەك وێنەکێشەکان و دیزاینەران هەیانە. تەلارسازێك دەبێت لە هەر سێ بلیمەتیەکەی سەرەتادا باش بێت چونکە پیشەکە پێویستی بە، وشە، ژمارە و دیزاینی داهێنەرانە دەبێت.

**٥- میوزیکی**

ئەم بلیمەتییە لەو کەسانەدا دەبینرێت کە دەست دەدەنە ئامێرە میوزیکیەکان و زۆر بە خێرایی شارەزای دەبن. دەتوانن گوێ لە میوزیک بگرن و یەکسەر بە شێوەیەکی جادوویی نۆتەکان بزانن. خەڵکانی هەلگری ئەم جۆرە زیرەکییە کاتێک زۆر دڵخۆش دەبن کە نمایشێکی میوزیکیانە دەکەن، وەک لە ئۆرکێسترا و سەمفۆنیادا یان لە گروپیکی رۆکدا.

**٦- دەرەکی**

ئەمە ئەو بلیمەتییەیە کە لەو خەڵکانەدا هەیە کە دەتوانن بە ئاسانی قسە لەگەڵ ئەوانی تردا بکەن. هەلگرانی ئەم بلیمەتیە زۆرجار پەیوەندیکاری کاریزمایی، گورانیبێژی مەزن، وتاربێژ، سیاسی، ئەکتەر، فرۆشیار و قسەکەرن.

**٧- ناوەکی**

ئەمە ئەو بلیمەتییەیە پێیدەگوترێت زیرەکی هەستەکی. ئەوەیە کە بە خۆمانی دەڵێین، بۆ وێنە، کاتێك دەترسین یان تووڕەین. زۆربەی جار، خەڵکی لە شتێکدا سەرکەتوو نابن، نەکە بە هۆی نەبوونی زانیاری هۆشەکییەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە شکست دەترسن. بۆ وێنە، خەڵکانێکی زۆری زیرەك دەناسم کە نمرەی بەرزیان هێناوە بەڵام هێندەی لە توانایاندایە و دەبوو وابن سەرکەوتوو نین، بە سادەیی چونکە لەو ترسەدا دەژین کە هەڵە بکەن یان شکستبهێنن. زۆربەی کات خەڵکی

پارەیان دەست ناکەوێت چونکە ترسی لەدەستدانی پارەیان زۆر زیاترە لەو چێژەی لە پەیداکردنیدا وەریدەگرن.

کتێبێك هەیە لە لایەن دانیال گۆلمانەوە[1] نووسراوە بە ناونیشانی زیرەکی هەستەکی[2]. پێشنیاری دەکەم بۆ خەڵکی کە بیخوێننەوە ئەگەر ئامادەی گۆڕانکاری گەورەن لە ژیانیاندا، گۆلمان گوتەیەکی فەیلەسوفی هیومانیستی سەدەی شانزە ئراسمۆسی ڕۆتێردامی[3] هێناوە، کە دەڵێت بیرکردنەوەی هەستەکی دەکرێ بیست و چوار هێندەی بیرکردنەوەی هۆشەکی بەهێزتر بێت. بە دەربڕینێکی تر، ڕێژەکە وەك ئەمە دەبێت:

١ :٢٤

---

مێشکی هەستەکی: مێشکی هۆشەکی

تەواو دڵنیام کە زۆربەمان ئەزموونی توانای مێشکی هەستەکیمان کردووە بەسەر مێشکی هۆشەکی دا، بە تایبەتی کاتێك زۆر ترساوین لە بری ئەوەی لۆژیکی بین، یان کاتێك شتێك دەڵێین و دەزانین کە دەبوایە هەرگیز نەمانگوتبایە.

هاوڕای گۆلمانم لەوەدا کە زیرەکی ناوەکی گرنگترین جۆری زیرەکییە. ئەوە دەڵێم چونکە بلیمەتی ناوەکی کۆنترۆڵی ئێمەیە بەسەر ئەوەدا کە بە خۆمانی دەڵێین. ئەوە خۆمم کە قسە بۆ خۆم دەکەم، تۆش خۆتی کە قسە بۆ خۆت دەکەیت.

---

[1] Daniel Goleman

[2] *Emotional Intelligence*

[3] Erasmus of Rotterdam

لەو کاتەوەی کە ئەم جیاکارییە لە نێوان ئەم جۆرە جیاوازانەی بلیمەتیدا کراوە، زیاتر لە سێ بلیمەتی تر دیاریکراون، کەوابێ زیرەکیمان دەربارەی بابەتی بلیمەتی بەردەوام زیاد دەکات چونکە جیاکارگەلی باشتر ئەنجام دەدەین.

## ئەو کەسانەی لە خوێندن شکست دەهێنن

ئەو کەسانەی کە لە خوێندن باش نین، تەنانەت ئەگەر زۆر بە سەختیش هەوڵبدەن، زۆرجار بلیمەتییەکی بەهێزی زمانەوانی- زارەکییان نییە. ئەمانە بە بێدەنگی دانیشتن، گوێگرتن لە وانەکان یان بە خوێندنەوە فێرنابن. فێردەبن، یان بەهرەدارن لە ڕووبەرێکی تردا.

باوکە ڕاستەقینەکەم بە دڵنیاییەوە لە ڕووی زمانەوانی-زارەکییەوە بەهرەداربوو، هەرلەبەرئەوە بوو بە باشی دەیخوێندەوە و دەینووسی و ئاستێکی بەرزی زیرەکی هەبوو. هەروەها پەیوەندیکارێکی مەزنیش بوو. کە ئەوەش مانای ئەوە بوو کە بلیمەتییە دەرەکیەکەشی بەهێز بوو.

لە لایەکی ترەوە، باوکە دەوڵەمەندەکەم، لە بلیمەتییەکدا بەهرەدار بوو کە دووەمە لە لیستەکەدا، بلیمەتی بیرکارییانە. لە خوار مامناوەدەوە بوو لە زیرەکی زمانەوانی-زارەکیدا، کە پێموایە هەر لەبەر ئەوەبوو کە هەرگیز نەگەڕایەوە بۆ خوێندن. لە نووسین و خوێندنەوەدا لاواز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا قسەکەرێکی زۆر باش بوو و توانا دەرەکیەکەی زۆر نایاب بوو. سەدان کارمەندی هەبوو کە حەزیان لە کارکردن بوو بۆی. هەروەها لە سەرکێشی کردنیش نەدەترسا، کە مانای ئەوەیە توانا ناوەکییەکەی زۆر بەهێز بوو. بە دەربڕینێکی تر، توانای پێدانی ئاگایەکی بەهێزی هەبوو بە وردەکاری ژمارەیی و تێکهەڵکێش بە توانای سەرکێشی لە

وەبەرهێناندا، هەروەها توانای بنیاتنانی کۆمپانیاگەلێکی هەبوو کە خەڵک حەزیان دەکرد کە کاری بۆ بکەن.
باوکە ڕاستەقینەکەم لە زۆربەی بلیمەتیەکاندا بەهێز بوو، بەڵام ترسی لە لەدەستدانی پارە خاڵی لاوازی ئەو بوو. کاتێ کە هەوڵیدا بازرگانی خۆی دامەزرێنی و پارەی لێبڕا، تۆقی و گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی. شتێك کە هەموو بەڵێندەرێکی مەزن پێویستە هەیبێت، بەتایبەت کاتێك بێ پارە دەست دەکات بە بنیاتنانی بازرگانییەکەی، بلیمەتی ناوەکییە. ئەو کەسەی کە شکست دێنێت و دووبارە هەڵدەستێتەوە پێیدەگوترێت بلیمەتی ناوەکی، یان زیرەکی هەستەکی. خەڵکی زۆر جار بەو بلیمەتییە دەڵێن" کۆڵنەدەر" یان" ئامانجدار." کاتێك خەڵکی شتگەلێ ئەنجام دەدەن و لە ئەنجامدانی دەتۆقن. هاوار لە بلیمەتییە ناوەکییەکەیان دەکەن. خەڵکی پێی دەڵێن"بوێری." کاتێك کە کەسێك هەڵەیەك دەکات و بلیمەتی ناوەکی هەیە بۆ دانپیانان و داوای لێبوردن کردن، ئەو بلیمەتییە پێیدەگوترێت" بێفیزی."

## بۆچی هەندێک کەس سەرکەوتووترن لە ئەوانی تر

کاتێك ژیانی تایگەر وودسم دەخوێندەوە، ئاسان بوو تێگەیشتن لەوەی بۆچی هێندە ئەستێرەیەکی مەزنە. بۆ ئەوەی ببێتە خوێندکارێکی نایاب، لە زانکۆی ستانفۆرد وەربگیرێت، بۆ ئەوەی بە ئەگەرێکی زۆرەوە ببێتە باشترین یاریزانی گۆلف تا ئێستا ژیابێت، وە ببێتە ئەو ئەستێرە کاریگەرەی میدیا، دەبووایە لە هەر حەوت بلیمەتییەکەدا بلیمەت بێت. وەك هەر یاریزانێکی گۆلف پێتدەڵێت، یاری گۆلف پێویستی بە ڕێژەیەکی زۆر بلیمەتی جەستەیی هەیە. بەڵام لە هەمووی گرنگتر، بلیمەتییەکی

ناوەکی زۆری دەوێت. هەر لەبەرئەوەیە ئەو هەموو خەڵکە دەڵێن گۆڵف یارییەکە لە ناخی خۆتدا ئەنجامی دەدەیت. کاتێك لەسەر ساشە سەیری تایگەر دەکەیت. دەزانی بۆچی ئەو هەموو دۆلارە زۆرەی پێدەدەن بۆ بانگەشەکردنی بازرگانی بۆ کاڵاکانیان. پارەی زۆری پێدەدرێت چونکە پەیوەندیکارێکی مەزنە، کە مانای ئەوەیە بلیمەتی دەرەکی زۆر بەهێزە.

لە کۆتایەکانی ساڵانی سی، پەیمانگای کارنیج لێکۆڵینەوەیەکی کرد لەسەر خەڵکانی سەرکەوتوو ئەوەی دەرخست کە زانیاری تەکنیکی لە١٥٪ کەمتری هۆکارەکانی سەرکەووتنیان پێکدەهێنیت. بە دەربڕینێکی تر، هەندێك لە دکتۆرەکان سەرکەوتووترن لەوانی تر، نەك بە هۆی ئەوەی کە لە کوێ خوێندوویانە یان چەند زیرەکن. هەموومان کەسانێك دەناسین کە لە خوێندن زۆر باش و زیرەك بوون، بەڵام لە دنیای ڕاستەقینەدا باش نەبوون. کاتێك لە حەوت جۆرە جیاوازەکەی بلیمەتی دەڕوانی، هەندێك لە هۆکارەکانی تری سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی کەسێك دەکرێت دەستنیشانبکرێت. بە دەربڕینێکی تر، دەتوانی جیاکاری زیاتر بکەیت، کە ئەوەش بناغەی زیرەکییە.

لێکۆڵینەوەکەی پەیمانگای کارنیج ئەوەی دەرخستووە کە لە ٨٥٪ ی سەرکەوتنی کەسێك لە ژیاندا پەیوەستە بە" لێهاتوویی لە بەگەڕخستنی مرۆیدا" توانای پەوەیوەندی کردن و هەڵکردن لەگەڵ خەڵکیدا زۆر گرنگتر بووە لە شارەزایی تەکنیکی.

بۆ پاڵپشتی ئەو ئەنجامەی کە لێکۆڵینەوەکەی کارنیج دەریخست، لێکۆڵینەوەیەکی تر هەیە کە لە لایەن فەرمانگەی ئاماری کرێگرتە، ڕاهێنان و کارگێڕی ئەمریکاوە ئەنجامدراوە. سێ هەزار خاوەنکار

پرسیاریان لێکراوە،" ئەو دوو شارەزاییە بنەڕەتییە چین کە لە خەڵکیدا بۆی دەگەڕێیت کاتێك دایان دەمەزرێنی؟"

**باشترین شەش شارەزایی لوتکە ئەمانە بوون:**

١- شێوازی بیرکرنەوە.

٢- تواناییەکی باشی پەیوەندی و گفتوگۆ.

٣- ئەزموونی پێشووی کار.

٤- بیروڕای خاوەنکاری پێشوو لەسەر کارمەندەکە.

٥- کارمەندەکە چەندێك مەشقی کردووە.

٦- کارمەندەکە چەندێکی خوێندوە و چی تەواوکردوە.

جارێکی تر شێوازی بیرکردنەوە و لێهاتووی گفتوگۆ بەرزتر دانرا لە شارەزایی تەکنیکی بۆ بڕیاردان لەسەر دامەزراندنێکی سەرکەوتوو.

بلیمەتییەکەت بدۆزەرەوە و بلیمەت بەباوکم، بەرپرسی پەروەردە، دەیزانی کە لە خوێندن باش نیم. دەیزانی دانیشتن لە ژوورێکدا، گوێگرتن لە وانەکان، خوێندنەوەی کتێبەکان و خوێندنی بابەتگەلێك بە بێ هەبوونی هیچ بارستایەکی جەستەیی بۆیان باشترین شێوازی فێربوونم نییە. لە ڕاستیدا، هەندێك جار دەیگوت،" گومان دەکەم هیچ یەکێك لە منداڵەکانم لە خوێندندا باش بن." دەیزانی هەموو منداڵان بە هەمان شێواز فێرنابن. خوشکێکم وێنەکێشێکی مەزنە. ناوازەیە لە ڕەنگ و دیزاینکردندا. ئێستا وەك وێنەکێشێك لە ڕیکلامی بازرگانیدا کاردەکات. خوشکەکەی ترم ڕاهیبەیە و زۆر گونجاوە لەگەڵ ژینگەدا. حەز دەکات لەگەڵ هەموو بوونەوەر و دروستکراوەکانی خودادا لە هاوسەنگی و هارمۆنیدا بێت. براکەم فێرخوازێکی زۆر جەستەییە. حەزی لە ئەنجامدان

و فێربوونە بە دەستەکانی. دەڕنەفیزێکی بدەرێ و حەز دەکا شتەکان چاکبکاتەوە. هەروەها پەیوەندیکارێکی مەزنیشە، هەر لەبەرئەوەشە حەز دەکات قسە بۆ خەڵکی بکات و یارمەتیان بدات تا یارمەتی ئەوانی تر بدەن. پێموایە هەر لەبەرئەوەیە حەز دەکا لە بانکی خوێن کار بکات. حەز دەکا خەڵکی دردۆنگ ئارام بکاتەوە و داوای بەخشینی خوێنیان لێ بکات بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر. منیش لێهاتووی ناوەکیم هەیە. کە ڕێگەم پێدەدا بەسەر ترسی کەسیدا سەرکەوم و هەنگاو هەڵێنم. لەبەرئەوەیە حەزدەکەم بەڵێندەر و وەبەرەێن بم. یان چێژم لە بوونم وەک سەربازی دەریایی و فڕۆکەوانی هێلیکۆپتەری جەنگی لە ڤێتنام دەبینی. فێربوم کە ترسەکەم قبوڵبکەم و بیگۆڕم بۆ شادمانی.

باوکم هێندە زیرەك بوو کە منداڵەکانی هانبدات بلیمەتی خۆیان و شێوازی فێربوونی خۆیان بدۆزنەوە.

دەیزانی هەریەکە لە منداڵەکانی جیاوازن، بلیمەتی جیاوازیان هەیە، بە شێوازی جیاوازیش فێردەبن، هەرچەندە هەموومان لە یەك دایك و باوك بووین. کاتێك بۆی دەرکەوت کە من بە ڕاستی مەیلم بۆ پارە و سەرمایەداری هەیە، بابەتگەلێك کە ئەو هیچ مەیلێکی لێیان نەبوو. هانیدام کە ئەو مامۆستایانە بدۆزمەوە کە دەتوانن ئەو بابەتانەم پێبلێنەوە. هەر لەبەرئەوە بوو، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، دەستمکرد بە فێربوون لە باوکە دەوڵەمەندەکەمەوە. هەرچەندە باوکە ڕاستەقینەکەم ڕێزی باوکە دەوڵەمەندەکەمی دەگرت، بەڵام لەسەر زۆر بابەت ناکۆك بوون. باوکم، چونکە پەروەردەکارێك مەزن بوو، دەیزانی کە ئەگەر منداڵێك حەزی لە بابەتێك بێت، ئەو منداڵە هەلی زیاترە بۆ دۆزینەوەی

بلیمەتییە سروشتی و ڕەسەنەکەی. ڕێگەیدام ئەو بابەتانە بخوێنم کە حەزم لێیان بوو، لەگەڵ ئەوەی کە بە شێوەیەکی دیاریکراو حەزی لەو بابەتانە نەبوو. وە کاتێك لە قوتابخانە نمرەی باشم نەهێنا، تووڕە و غەمبار نەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە سەرۆکی سیستەمی پەروەردەش بوو. ئەوەی دەزانی کە لەگەڵ ئەوەی قوتابخانە گرنگە، بەڵام ئەو شوێنە نییە کە بلیمەتیەکەمی تێدا دەدۆزمەوە. دەیزانی کە ئەگەر منداڵان ئەو بابەتانە بخوێنن کە حەزیان لێیە، بلیمەتیەکەیان دەدۆزنەوە و سەرکەوتوو دەبن. دەیزانی منداڵەکانی زیرەکن. پێیگوتین کە زیرەکین، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ جار نمرەی کەممان دەهێنا لە قوتابخانە. بوونی وەك مامۆستایەکی مەزن، دەیزانی کە پێناسەی ڕاستەقینەی پەروەردە بۆ دەرکێشانی بلیمەتییەکەتە، نەك تەنها بۆ تێئاخنینی زانیاری.

## پاراستنی بلیمەتی منداڵەکەت

باوکم سوور بوو لەسەر پاراستنی بلیمەتی هەموو منداڵان. دەیزانی کە سیستەمی خوێندن بە شێوەیەکی بنچینەی یەك جۆر بلیمەتی دەناسێتەوە، زمانەوانی-زارەکی. هەروەها دەیزانی کە بلیمەتی تاکەکەسی منداڵ دەشێ لە قوتابخانە تێکبشکێندرێ، بە تایبەتی ئەگەر منداڵەکە لەو بلیمەتییەدا لاواز بێت کە پێوانەی ئاستی زیرەکی دەیناسێتەوە. زۆر خەمی منی بوو چونکە من منداڵێکی زۆر چالاك بووم و ڕقم لە بابەتە خاو و بێزارکەرەکان بوو. دەیزانی کە مەودایەکی کورتی ئاگاداریم هەیە و گرفتم هەیە لە قوتابخانە. لەبەرئەو هۆیانە، هانیدام کە وەرزش بکەم و لەگەڵ باوکە دەوڵەمەندەکەم وانە بخوێنم. دەیویست بە چالاکی بمێنمەوە و ئەو بابەتانە بخوێنم کە حەزم لێیان بوو، بۆ ئەوەی

باوەڕ بەخۆبوونم، کە ڕاستەوخۆ بەسترابوو بە بلیمەتیەوە، بە پارێزراوی بمێنێتەوە. هەمان شتی بۆ خوشك و براکانیشم کرد.

ئەمڕۆ لە ژێر ناونیشانی نەخۆشی کورتی ئاگایی[1] هەژمار دەکرێم، وە ڕەنگە دەرمانم پێبدرێت هەتا لەسەر کورسیەکەی خۆم بمهێڵنەوە و نەڵێم لێبکەن ئەو بابەتانە بخوێنم کە هیچ ئارەزوویەکم لێیان نییە. کاتێك خەڵکی لێمدەپرسن نەخۆشی کورتی ئاگایی چییە یان دەپرسن ئەگەر ئەو نەخۆشییەیان هەبێ، پێیان دەڵێم کە زۆربەمان هەمانە. ئەگەر نەمان بێت، تەنها یەك کەناڵی تەلەفزیۆن دەبوو هەموومان دادەنیشتین بە دیاریەوە و گێلانە سەیرمان دەکرد. ئەمڕۆ نەخۆشی کورتی ئاگایی دەکرێ بە " گۆڕەڕی کەناڵ" بناسرێ. کاتێك کە بێزار دەبین، زۆر بە سادەیی پەنجە بە دوگمەکەدا دەنێین و لە شتێکی سەرنجراکێش دەگەڕێین. بە داخەوە، منداڵەکانمان ئەو خۆشی و ڕابواردنەیان نییە لە قوتابخانە.

## کیسەڵ و کەروێشك[2]

باوکم حەزی لە چیرۆکی کلاسیکی کیسەڵ و کەروێشك بوو. ڕاهاتبوو کە منداڵەکانی بڵێت،" هەندێك منداڵ هەن لە قوتابخانە لە ئێوە زیرەکترن لە هەندێك شتدا. بەڵام هەمیشە چیرۆکی کیسەڵ و کەروێشکەکەتان بیربێت." بەردەوام دەبوو و دەیگوت،"هەندێك منداڵ لە ئێوە خێراتر

---

[1] attention deficit disorder

[2] چیرۆکێکی کلاسیکیە کە لە لایەن ئیسۆپی یۆنانییەوە نووسراوە، کەروێشکێکی لەخۆبایی لەگەڵ کیسەڵێکی کۆڵنەدەر پێشبڕکێ دەکات، لە نیوەی ڕێ دەخەوێت بە خەیاڵی ئەوەی کە کیسەڵ خاوە و زۆری پێدەچێت، بەڵام کە بە ئاگادێتەوە، دەبینێت کە کیسەڵ خەریکە هێڵی کۆتایی دەبڕێت. بە پەلە ڕادەکا تا بیگاتێ، بەڵام بێ سوودە و کیسەڵ دەیباتەوە.

فێردەبن بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە لە پێش ئێوەوەن. ئەگەر بە خێرایی خۆت بخوێنی و بەردەوام بیت لە فێربوون، ئەو کەسانە تێدەپەڕێنن کە بە خێرایی فێردەبن بەڵام دواتر لە فێربوون دەوەستن." هەروەها دەیگوت،" تەنها لەبەئەوەی منداڵێك لە قوتابخانە نمرەی بەرز دەهێنێت، مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لە ژیانیشیدا باش دەبێت. لە بیرتان بێت، خوێندنی ڕاستەقینەی ئێوە ئەو ساتە دەستپێدەکات کە خوێندن تەواو دەکەن. ئەوە شێوازی باوکم بوو بۆ هاندانی منداڵەکانی هەتا ببنە فێرخوازێکی هەمیشەیی، وەك چۆن خۆی وابوو.

### دەکرێ ئاستی زیرەکیەکەت دابەزێت

ڕوونەلام کە ژیان ئەزموونێکی هەمیشەیی فێربوونە. هەروەك چۆن کیسەڵەکە لێبڕاکشا و خەوی لێکەوت[1]، خەڵکانێکی زۆریش لە دوای خوێندن ڕادەکشێن و خەو دەیانباتەوە. لە دونیای خێرا گۆڕاوی ئەمڕۆدا، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە زۆر گران دەکەوێت.

دووبارە تاقیکردنەوەی پێناسەی ئاستی زیرەکی:

| | | |
|---|---|---|
| تەمەنی هۆشەکی | ئاستی زیرەکی | |
| تەمەنی جەستەیی | ——————— | ١٠ × |

[1] وادیارە نوسەر لێرەدا بەهەڵەداچووە، لەبری کەروێشکەکە گوتویەتی کیسەڵەکە؛ بەپێی چیرۆکەکە کەروێشکەکە ڕادەکشێت و دەخەوێت

بە پێی پێناسەکە، ئاستی زیرەکیەکەت بە شێوەیەکی تەکنیکی لەگەڵ هەر ساڵێکی هەڵکشانی تەمەندا دادەبەزێت. لەبەرئەوەیە کە چیرۆکی کیسەڵ و کەروێشکەکەی باوکم ڕاستە. کاتێکە دەچیت بۆ کۆبوونەوەی دوای چەندین ساڵی خوێندکارانی ئامادەیی[1]، هەندێ جار دەتوانی ئەو کەروێشکە ببینیت کە لە قەراغی ڕێگاکە خەوی لێکەوتووە. زۆربەی کات ئەو خوێندکارانەن کە چاوەڕێدەکرێت" ئەگەری سەرکەوتنی زۆرە." بەڵام سەرکەتوو نابن. لە بیری دەکەین کە خوێندنی ژیان بۆ زۆر دوای تەواوبوونی خوێندنگاش درێژدەبێتەوە.

## بلیمەتی منداڵەکەت بدۆزەرەوە

ئایا منداڵەکەت بلیمەتە؟ پێموایە، هیوادارم لای ئێوەش وابێت. لە ڕاستیدا، ئەگەری هەیە منداڵەکەت چەند بلیمەتیەکەی هەبێت. گرفتەکە ئەوەیە، سیستەمی پەروەردەیی ئێستامان تەنها یەك جۆر بلیمەتی دەناسێتەوە. ئەگەر بلیمەتی منداڵەکەت ئەو بلیمەتیە نییە کە سیستەم دەیناسێتەوە، ڕەنگە منداڵەکەت هەست بە گەمژەبوون بکات لە قوتابخانە لە بری زیرەکی. لە هەمووی خراپتر، ڕەنگە زیرەکی منداڵەکەت پشتگوێ بخرێت و زیانی پێبگات لە لایەن سیستەمەوە. دەزانم هەندێك منداڵ وا دروستبوون هەست بە زیرەکیەکی کەمتر بکەن چونکە بەراورد دەکرێن بە منداڵانی تر. لە بری ئەوەی منداڵەکە بە بلیمەتیە دەگمەنەکەی خۆیدا بناسرێتەوە، هەموو منداڵان لە یەك ستانداردی ئاستی زیرەکتدا دادەنرێن. منداڵان خوێندن تەواو دەکەن بەو هەستەوە

---

[1] خوێندکاران دوای چەندین ساڵ لە تەواوکردنی خوێندن لە شوێنێک کۆدەبنەوە، شێوازێکە کە لە ئەمریکا زۆر باوە.

که زیرەك نین، ئەو منداڵانەی کە خوێندن جێدەهێڵن بڕوایان وایە ک
هێندەی ئەو منداڵانەش زیرەك نین کە بە کەمئەندامی قوتابخانە تەواو
دەکەن. زۆر پێویست و گرنگە کە دایك و باوکان لە سەرەتایی تەمەنی
منداڵەکەیاندا بلیمەتی سروشتی منداڵەکەیان بناسنەوە، هانی ئەو
بلیمەتیانە بدەن هەتا بەهێز بن، وە ئەو بلیمەتیە لە سیستەمی
پەروەردەیی تاك-بلیمەتی بپارێزن. وەك باوکم به منداڵەکانی دەگوت،"
سیستەمی پەروەردەیمان بۆ فێربوونی هەندێك لە منداڵان داڕێژراوە،
بەڵام بە داخەوە، وا دانەڕێژراوە کە هەموو منداڵان فێربکات."
کاتێك خەڵکی لێمدەپرسن کە ئایا پێموایە هەموو منداڵان زیرەکن،
وەڵامدەدەمەوە،" هەتا ئێستا ساوایەکم نەبینیوە کونجکۆڵ و پەرۆش
نەبێت بۆ فێربوون. هەرگیز ساوایەکم نەبینیوە کە پێیبگوترێت چۆن
فێری قسەکردن و ڕۆیشتن بێت. هەرگیز ساوایەکم نەبینیوە کە کاتێك
دەکەوێت لە کاتێکدا فێری ڕۆیشتن دەبێت، نەیەوێت جارێکی تر
هەڵسێتەوە، وە کاتێك بە دەما کەوتووە بڵێ. ' ئەم جارەش شکستم
هێنا. پێموایە هەرگیز فێری ڕێکردن نابم. ' تەنها ساواگەلێکم بینیوە کە
وەستاون و کەوتوون، وەستاون و کەتوون، وەستاون و کەوتوون، وە
دواجار وەستاون و دەستیان کردووە بە ڕێکردن و دواتریش ڕاکردن.
ساواکان بوونی تازە لەدایکبوون کە بە شێوەیەکی سروشتی شادمانن بە
فێربوون. لە لایەکی ترەوە، ژمارەیەك منداڵم بینیوە کە بێزارن لە
قوتابخانە، یان بە تووڕەیی خوێندن تەواو دەکەن. یان بە شتی
شکستخواردوویەوە جێیانهێشتووە، یان سوێندیان خواردووە کە هەرگیز
نەگەڕێنەوە بۆ قوتابجانە جارێکی تر." ئاشکرایە کە ئەم منداڵانە، شتێك

بەسەر حەزە سروشتیەکان بۆ فێربوون هاتووە لە نێوان لە دایکبوونیان و کۆتایی خوێندن. باوکم دەیگوت." گرنگترین کاری دایك و باوك زیندوو هێشتنەوەی بلیمەتی و حەزی فێربوونی منداڵەکانیانە، بە تایبەتی ئەگەر منداڵەکانیان حەزیان لە قوتابخانە نەبێت." ئەگەر باوکم ئەوەی بۆ من نەکردایە، زۆر پێش دەرچوون خوێندم جێدەهێشت. زۆربەی ئەم کتێبە دەربارەی ئەوەیە کە چۆن باوکە زیرەکەکەم حەزی فێربوونمی بە زیندووی هێشتەوە. لە خوێندندا مامەوە، هەرچەندە ڕقیشم لێی بوو. حەزی فێربوونمی بە زیندووی هێشتەوە بە هاندانم بۆ پەرەپێدانی بلیمەتیەکەم، لەگەڵ ئەوەی کە من بلیمەتێکی ئەکادیمی نەبووم لە خوێندنگادا.

بەندی سێیەم

## هێز بدە بە منداڵەکانت.. . بەرلەوەی پارەیان پێبدەیت

ڕۆژێك ڕیچی هاوپۆلم بانگهێشتی کردم بۆ بەسەربردنی کۆتـایی هەفتـە ل خانووەکەی کەنار دەریایان. خرۆشابووم. ڕیچی یـەکێك بـوو لـە نایابترین منداڵەکانی قوتابخانـە، هـەموو کەسێکیش دەیویسـت ببێـت بـە هـاورێی. منـیش لـە کۆتایـدا بانگەێشـتکراوم بـۆ خـانووە کـەنار دەریایەکـەی، کە دەکەوتە ناو مولێکی تایبەتەوە بە دووری ۳۰ میل لە ماڵی خۆمـان. دایکم یارمەتیدام شتەکانم بکەمە جانتاکەمەوە و سوپاسی دایـك و بـاوکی ڕیچی کرد کاتێك هـاتن هـەڵمگرن. کـاتێکی خـۆش و نایـابم بەسـەر بـرد. ڕیچی بەلەمی تایبەت بە خۆی و گەلێك یاری تـری نایـابی هـەبوو، لـە بەیانیـەوە هـەتا ئێـوارە یاریمـان کـرد. ئـەو کاتـەی دایـك و بـاوکی لـە مـاڵی خۆمـان دایانبەزاندم، هـەتاو پێسـتی سـوتاندبووم، شـەکەت و خرۆشـاو بـووم. بۆ چەند هەفتەیەکی کـەمی دواتـر لـە ماڵـەوە و لـە قوتابخانـە باسـی ئـەوەم دەکرد کە کۆتـایی هەفتـەم لـە خـانووی کـەنار دەریاکـە بەسـەر بـردووە. باسـی کـاتی خـۆش، یاریـەکان، بەلـەم، خـواردنی خـۆش و خـانووە جوانەکەی کەنار دەریام دەکرد. بۆ چوارشەممە، ماڵەوەمان ماندوو بوون لە بیستنی مانەوەم لـە خانووەکـە. لـە شـەوی پێنجشـەممەدا، لـە دایك و باوکم پرسی ئەگەر بتوانین خانوویەك لـە نزیـك خـانووە کـەنار دەریاکەی ڕیچی و ئەوان بکرین. بە ئەوە، باوکم تەقیەوە، ئیتر زۆری بیستبوو.

"ئەوە بۆ چوار ڕۆژە، هـەموو خێزانەکـە گـوێ لـە تـۆ دەگـرێ دەربارەی پشـووی هەفتەکـەت لـە ماڵـە کەناردەریایەکـەی ڕیچـی. مانـدوو بـووین

ئەوەندەم گوێ لێبوو. ئێستاش دەتەوێ خانوویەکی کەنار دەریا بکڕین. ئەوە کۆتا سنوورێتی. پێتوایە من لە چی دروسکراوم؟ پارە؟ هۆکاری ئەوەی کە ناتوانین خانوویەکی نایابی کەناری بکڕین ئەوەیە کە پارەی پێوستم نییە. بە حاڵەحاڵ دەتوانم پارەی پسووڵەکان بدەم و خواردن بخەمە سەر ئەم مێزە. پشتی خۆم دەشکێنم ڕۆژانە بە کارکردن. دێمەوە ماڵ بۆ ئەو پسووڵانەی کە ناتوانم پارەکەیان بدەم، ئێستاش تۆ دەتەوێت خانوویەکی کەناری و بەلەمت بۆ بکڕم. دەی، ناتوانم ئەوە بکەم. من وەك دایك و باوکی ڕیچی دەوڵەمەند نیم. خواردن دەکەمە ورگتەوە و جلت بۆ دەکڕم، ئەوەش بە ئاستەم دەتوانم ئەوە بکەم. ئەگەر دەتەوێت وەك ڕیچی بژیت، بۆچی ناچیت لەگەڵ ئەوان بژیت؟"

ئەو شەوە درەنگ دایکم هاتە ژوورەکەم و بە هێواشی دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست. دەستەیەك نامە لە دەستیدا بوو، لە لێواری جێخەوەکەم دانیشت و گوتی،" باوکت لە ڕووی دارایەوە لە ژێر بارێکی زۆر دژواردایە."

لەو ژوورە تاریکەدا ڕاکشابووم، جەستەم لە تاو ئازاری هەست و سۆزمدا دەتلایەوە، لە دایکم ڕوانی. وەك منداڵێکی نۆ ساڵ، غەمگین، تووڕە، تاساو و بێهیوا ببوم. مەبەستم نەبوو باوکم بێتاقەت بکەم. دەمزانی لە دۆخێکی سەختی ئابووریدا این. تەنها دەمویست لەگەڵ خێزانەکەدا خۆشیەکی بچووك و وێنەیەکی ژیانێکی باش بەشبکەم، ژیانێك کە پارە دەتوانێ بیکڕێت، ژیانێك کە ڕەنگە بتوانین هیوای بۆ بخوازین.

دایکم دەستیکرد بە پیشاندانی پسووڵەکان، زۆربەیان ژمارەکانیان بە سوور نووسرابوو." لە ڕادەبەدەر پارەمان لە بانك ڕاکێشاوە، وە هێشتا

ئەم هەموو پسوولەیەشمان ماوە تا پارەکەی بدەین. هەندێك لەم پسوولانە دوو مانگی بەسەر کاتی خۆیدا تێپەڕیووە."

گوتم،" دەزانم، دایە، دەزانم. نەمدەویست ئەو بێتاقات بکەم. تەنها ویستم هەندێك خۆشی و شادی بهێنمە خێزانەکەمانەوە. تەنها ویستم لەگەڵ خێزانەکمدا ئەوە بەشکەم کە ژیان بە پارەوە دەکرێ چۆن بێت."

دایکم دەستی بە تەوێڵمدا هێناو قژمی هەڵدایەوە." دەزانم مەبەست باشبوو. دەزانم بەم دوایانە شتەکان زۆر خۆش نەبوو لە خێزانەکەدا. بەڵام ئێستا لە کێشەی دارایدایین. ئێمە خەڵکێکی دەوڵەمەند نین و لەوانەیە هەرگیزیش نەبین." پرسیم،" بۆچی؟" خەریکبوو دەپارامەوە بۆ جۆرێك ڕوونکردنەوە." ئێمە پسوولەی زۆرمان لەسەرە، وە باوکیشت هێندە پارەی دەستناکەوێت. لە سەروو هەموو ئەوەشەوە، دایکی، داپیرەت، تازە پرسیویەتی ئەگەر بتوانین پارەیان بۆ بنێرین و یارمەتیان بدەین. باوکت هەر ئەمڕۆ ئەو نامەیەی بەدەست گەیشت، نیگەرانە چونکە ئەوانیش کاتێکی قورس بەڕێدەکەن. ئێمە ناتوانین ئەو شتانە بەدەستبهێنین کە دایك و باوکی ڕیچی دەتوانن بەدەستیبهێنن."

پرسیم،" بەڵام بۆچی؟" دایکم گوتی،" نازانم بۆچی، تەنها ئەوە دەزانم کە ناتوانین ئەوە بەدەستبهێنین کە ئەوان دەتوانن بەدەستیبهێنن. ئێمە وەك ئەوان دەوڵەمەند نین. ئێستا چاوەکانت داخە و بخەوە. سبەی قوتابخانەت هەیە، وە پێویستە خوێندنێکی باشت هەبێ ئەگەر بتەوێت لە ژیاندا سەرکەوتوو بیت، ئەگەر بڕوانامەی باش بهێنیت، ڕەنگە دواتر بتوانی وەك دایك و باوکی ڕیچی دەوڵەمەند بیت."

نەڕاندم." بەڵام خۆ باوکم بڕوانامەی باشی هەیە، تۆش بڕوانامەی باشت هەیە، ئەی بۆچی دەوڵەمەند نین؟ هەموو ئەوەی هەمانە پسووڵەگەلێکی بێشومارە. لەوە تێناگەم،" بە هێواشی گوتم." تێناگەم."

" گرنگی پێمەدە، کوڕم. نیگەرانی پارە مەبە. من و باوکت کێشەی پارە چارەسەر دەکەین. بەیانی قوتابخانەت هەیە، بۆیە پێویستە باش بخەویت."

لە کۆتایی ساڵانی پەنجا، باوکم دەبوو لە پرۆگرامی دەرچووانی زانکۆی هاوایی بێتە دەرەوە، چونکە پسووڵەیەکی زۆری هەبوو تا پارەکەیان بدات. پلانی دانابوو کە لە خوێندن بمێنێتەوە و دکتۆرا لە پەروەردەدا بهێنیت. بەڵام بە ژنێك و چوار منداڵەوە، پسووڵەکان کەڵەکەبوون. دواتر دایکم نەخۆش کەوت، من نەخۆش کەوتم، دوو خوشکەکەم نەخۆش کەوتن. براکەشم لە دیوار بەربۆوە و پێویستی بە چاودێری نەخۆشخانە هەبوو. تاکە کەس کە لە نەخۆشخانە نەبوو و پێویستی بە چاودێری پزیشکی نەبێت باوکم بوو. پرۆگرامی دەرچوونەکەی بەجێهێشت، خێزانەکەی بۆ دوورگەیەکی تر گواستەوە، دەستی کرد بە کارکردن وەك یاریدەدەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دوورگەی هاوایی. دواجار ئەو پۆستەی وەرگرت و دواتر گەڕایەوە بۆ هۆنۆلولو تا ببێتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی تەواوی ویلایەتی هاوایی.

ئەوە هۆکاری ئەوە بوو کە وەك خێزانێك پسووڵەی زۆرمان هەبوو تا پارەی بدەین. ساڵانێکی پێچوو هەتا توانیمان پارەی پسووڵە پزیشکیەکان بدەین، بەڵام هەر زوو دوای پێدانی پارەی دەستەیەك

دووبارە پسووڵە، دووبارە دەبووایە پارە قەرز بکەین بۆ شتێك کە خێزانەکەمانی دەخستە ژێر قەرزەوە.

دەمزانی کە ئەو کاتەی کە نۆ ساڵان بووم و هاوپۆلی وەك ڕیچیم بینی، جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان خێزانەکەی ئێمە و خێزانی زۆربەی هاوپۆلەکانم. لە باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژاردا، ڕوونمکردۆتەوە چۆن، بەهۆی هەندێك هێڵی سنووردارەوە، ڕۆیشتم بۆ قوتابخانەی سەرەتایی منداڵە دەوڵەمەندەکان لە بری ڕۆیشتن بۆ قوتابخانەی سەرەتایی منداڵە هەژار و مامناوەندەکان. لە تەمەنی ناسکی نۆ ساڵیدا، بوونی هاوڕێی دەوڵەمەند لە کاتێکدا لە خێزانێکدا بیت کە تووکی سەریان قەرزە، بووە خاڵی وەرچەرخان لە ئاراستەی ژیانمدا.

## ئایا پەیداکردنی پارە پێویستی بە پارە نییە؟

یەکێك لەو پرسیارانەی کە زۆر ئاراستەم دەکرێت ئەمەیە،" ئایا پەیداکردنی پارە پێویستی بە پارە نییە؟" وەڵامەکەم ئەمە بوو،" نەخێر، نایەوێت." دواتر درێژەمپێدا،" پارە لە بیرۆکەکانتەوە دێت زۆر بە سادەیی چونکە پارە تەنها بیرۆکەیەکە." پرسیارێکی تر کە لێمدەکرێت ئەمەیە،" چۆن وەبەرهێنان بکەم ئەگەر هیچ پارەیەکم نەبێت وەبەرهێنانی پێبکەم؟ چۆن دەتوانم وەبەرهێنان بکەم لە کاتێکدا کە ناتوانم پارەی پسووڵەکانیشم بدەم؟" وەڵامدایەوە،" یەکەم شت کە پێشنیاری دەکەم ئەوەیە بوەستە لە گوتنی،" ناتوانم بە دەستی بخەم." ئەوە دەزانم، بۆ زۆربەی خەڵکی وەڵامەکانم قایلکەر نین. چونکە زۆر جار خەڵکی وێڵی دوای وەڵامێکی ڕاستەوخۆن لەسەر چۆنێتی بەدەستهێنانی چەند دۆلارێك بە خێرایی هەتا بتوانن وەبەرهێنان بکەن د

لە ژیاندا پێشبکەون. دەمەوێت خەڵکی ئەوە بزانن کە هێز و توانای ئەوەیان هەیە کە ئەو پارەیان هەبێ کە دەیانەوێت، ئەگەر ویستی ئەوەیان هەبێت. ئەو توانایەش لە پارەدا نادۆزرێتەوە، ئەو توانایە لە دەرەوەی خۆیاندا نییە. تواناکە لە بیرۆکەکانی خۆیاندایە. هیچ پەیوەندیەکی بە پارەوە نییە. مەسەلەکە پەیوەندی بە تواناوە هەیە. توانای بیرۆکەکانیان. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە پارەی تێناچێت. هەموو ئەوەی دەیەوێت ویستی گۆڕینی هەندێك بیرۆکەیە. ئەگەر تۆ چەند بیرۆکەیەك بگۆڕیت، دەتوانی دەسەڵات بەسەر پارەدا بشکێت، لە بری ئەوەی ڕێگە بدەیت پارە کۆنترۆڵت بکات.

باوکە دەوڵەمەندەکەم زۆربەی جار دەیگوت،" خەڵکانی هەژار بۆیە هەژارن چونکە زۆر بە سادەیی بیرۆکەگەلی هەژارانەیان هەیە." هەروەها دەیگوت،" زۆربەی زۆری کەسانی هەژار بیرۆکەکانیان دەربارەی پارە و ژیان لە باوانیانەوە فێردەبن. لەبەرئەوەی ئێمە لە قوتابخانە هیچ دەربارەی پارە فێرنابین، بیرۆکەکانی پارە ئەوە دوای ئەوە لە باوانەوە بۆ منداڵەکانیان دەگوازرێتەوە."

## دەوڵەمەند کار بۆ پارە ناکات

لە باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژاردا، وانەی ژمارە یەکی باوکە دەوڵەمەندەکەم ئەمە بوو:" دەوڵەمەند کار بۆ پارە ناکات." باوکە دەوڵەمەندەکەم فێریکردم وا لە پارە بکەم کارم بۆ بکات. لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، تێنەدەگەیشتم بۆچی خێزانی ڕیچی لە خێزانی ئێمە دەوڵەمەندتر بوون، بەڵام ساڵانێك دواتر تێگەیشتم بۆچی. خێزانەکەی ڕیچی دەیانزانی کە چۆن وا لە پارە بکەن کاریان بۆ بکات، هەروەها ئەو زانیاریەشیان بە

منداڵەکانیان دەگوت. ڕیچی تا ئێستاش پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندە و بەردەوام دەوڵەمەنتریش دەبێت. ئەمڕۆ هەر کاتێک یەکتر دەبینین، هێشتا باشترین هاوڕێین. ڕەنگە پێنج ساڵ بکەوێتە نێوان یەکتربینینەکانەوە، بەڵام هێشتا هەر جارێک یەکتر دەبینین، وەك ئەوە وایە هەر دوێنێ یەکترمان بینیبێ. ئێستا تێدەگەم بۆچی خێزانەکەی ئەوان لەوەی ئێمە دەوڵەمەنتر بوو، وە دەبینم کە ئەویش ئەو زانیاریەی بە منداڵەکانیشی گەیاندووە، بەڵام ئەوەی ڕیچی گەیاندویەتی زۆر لەوە زیاترە لە" چۆن وا لە پارە بکەیت کارت بۆ بکات." دەبینم کە توانای چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی پارەشی گەیاندووە، وە ئەو توانایەیە بەسەر پارەدا کە خەڵکی دەوڵەمەند دەکات---- نەك پارە بە تەنها. ئەوە توانای کۆنترۆڵکردنی پارەیە کە دەمەوێت ئەم کتێبە بیگەیەنێت بە ئێوە تا ئێوەش بیگەیەنن بە منداڵەکانتان.

لە باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژاردا، چیرۆکی ئەوەی کە باوکە دەوڵەمەندەکەم ئەو دە سەنتەی لێدەستاندم بۆ هەر کاژێرێك کاردانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە لە لایەن خوێنەرانمەوە. بە دەربڕینێکی تر، بە خێرایی کاری پێدەکردم. هاوڕێیەکی پزیشکم دوای خوێندنەوەی کتێبەکە گوتی،" کاتێك ئەوەم خوێندەوە کە باوکە دەوڵەمەندەکەت بە خێرایی کەلوپەلی لە قتونراوی پێ ڕیز کردووی لە کۆگاکەیدا، خوێنم کوڵا. تێگەیشتم کە پەیامەکەت چییە. بەڵام هاوڕات نەبووم. ئەوە دڵڕەقانە بوو. پێویستە کرێ بدەیت بە خەڵك. ناکرێ پێشبینی ئەوە بکەی کە خەڵك بە خێرایی کارت بۆ بکات. بە تایبەتی لە کاتێکدا کە پارەکە دەچێتە گیرفانی کەسێکی ترەوە."

**خەڵکانی دەوڵەمەند پێویستیان بە پارە نییە**

کاتێك باوکە دەوڵەمەندەکەم دە سەنت بۆ هەر کاژێرەکەمی لێدەستاندم، بۆ ئەوە بوو کە توانای خۆم بەسەر پارەدا بدۆزمەوە. دەیویست ئەوە بزانم کە دەتوانم بە بێ پارەش پارە بەدەست بهێنم. دەیویست هێز پەیدا بکەم بۆ دروسکردنی پارە لە بری ئەوەی فێریم کار بۆ پارە بکەم. باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت،" ئەگەر پێویست بە پارە نەبێت، پارەیەکی زۆرت دەست دەکەوێت، ئەو خەڵکانەی پێویستیان بە پارەیە لە ڕاستیدا هەرگیز دەوڵەمەند نابن. ئەو پێویست بوونەیە کە توانات لێدادەماڵێت. پێوستە بە قورسی کار بکەیت و فێربیت کە هەرگیز پێویست بە پارە نەبێت."

هەرچەندە خەرجی ڕۆژانەی دەدا بە منداڵەکانی تری، خەرجی ڕۆژانەی نەدەدا بە مایکی کوڕی. وە پارەشی پێنەدەدایین بەرامبەر ئەوەی کارمان بۆ دەکرد. دەیگوت،" بە هۆی پێدانی خەرجی ڕۆژانە بە منداڵ، ئەو منداڵە فێر دەکەیت کە کار بۆ پارە بکات لە بری ئەوەی پارە دروستبکات."

ئێستا نالێم دەبێت منداڵەکانت بە خۆڕایی کار بکەن. وە ناشڵێم کە خەرجی ڕۆژانە مەدە بە منداڵەکەت. هێندە گەمژە نابم کە پێتان بڵێم کە چی بە منداڵەکانی خۆتان بڵێن، لەبەر ئەوەی هەموو منداڵێك و هەموو بارودۆخێك جیاوازە. ئەوەی دەیلێم ئەوەیە کە پارە لە بیرۆکەکانەوە دێت، وە ئەگەر بە ڕاستی دەتەوێت گوڕە دەسپێکێکی دارایی بدەی بە منداڵەکەت لە ژیانیدا، ئەوسا من نقد وید و ئاگادار دەبم لە چاودێریکردنی بیرۆکەکانتان و بیرۆکەکانی منداڵەکەتان."

ووتەیەك هەیە دەڵێت،" گەشتێکی هەزار میلی بە تاکە هەنگاوێك دەستپێدەکات." ووتەیەکی زۆر وردتر دەبێتە،" گەشتێکی هەزار میلی بە بیرۆکەی ئەنجامدانی گەشتەکە دەستپێدەکات." کاتێك مەسەلەکە دێتە سەر پارە، خەڵکانێکی زۆر سەرەتای گەشتی ژیانیان بە بیرۆکەگەلی لاواز یان بیرۆکەگەلێك کە دواتر لە ژیانیاندا سنووریان بۆ دادەنێت دەست پێدەکەن.

## کەی دەربارەی پارە منداڵەکەت فێردەکەیت؟

زۆجار پرسیارم لێدەکرێت،" لە چەند ساڵیدا دەبێت دەست بکەم بە فێرکردنی منداڵەکەم دەربارەی پارە؟"

وەلآمەکەم ئەمەیە،" کاتێك پارە سەرنجی منداڵەکەتی ڕاکێشا." دواتر دەڵێم،" برادەرێکم هەیە کە کوڕێکی پێنج ساڵانی هەیە. ئەگەر من پێنج دۆلاریەك و بیست دۆلاریەکی بۆ بەرز بکەمەوە و لە مداڵەکە بپرسم،' کامیانت دەوێت؟' منداڵەکە کامیان هەڵدەبژێرێت؟"زۆربەی جار ئەو کەسەی پرسیارەکەی لێدەکردم بە بێ دودڵی دەیگوت بیست دۆلاریەکە." وەلآمیدایەوە،" کتومت. تەنانەت منداڵێکی پێنج ساڵانیش جیاوازی نێوان پێنج دۆلاریەك و بیست دۆلاریەك دەزانێت."

باوکە دەوڵەمەندەکەم دە سەنتەکەی لێدەستاندم چونکە داواملێکرد فێرمبکات چۆن دەوڵەمەند دەبم. تەنها لەبەرئەوە نەبوو کە شتێکم دەربارەی پارە فێربکات. دەوامکرد فێری دەوڵەمەندبوونم بکات. نەمدەویست تەنها دەربارەی پارە شت فێربم--- لێرەدا جیاوازیەك هەیە. ئەگەر منداڵەکە پێویست نەکا فێری چۆنێتی دەوڵەمەندبوون بێت، ئەوسا ئاشکرایە کە دەبێت وانەکان جیاواز بێت. یەکێك لەو هۆکارانەی

باوکە دەوڵەمەندەکەم خەرجی ڕۆژانەی دەدا بە منداڵەکانی تری ئەوە بوو کە منداڵـەکانی تـر ئـارەزووی دەوڵەمەنـد بوونیـان نـەبوو، بۆیـە وانـەی جیاوزی دەربارەی پارە پێدەگوتنەوە. هەرچەندە وانەکان جیـاواز بـوون، هێشتا هەر فێـری ئـەوەی دەکـردن کـە چۆن دەسـەڵاتیان هـەبێ بەسـەر پارەدا لە بری ئەوەی کە ژیانێك لـە پێوسـیتبوونی پـارەدا بەسـەر ببـەن. وەك باوکە دەوڵەمەندەکـەم گـوتی، هـەتا زیـاتر پێویسـت بـە پـارە بێـت، کەمتر دەسەڵات بەسەریدا دەشکێت."

## تەمەنی نێوان نۆ بۆ پانزە

چەند دەروونسایێکی پەروەردەیی جیاواز پێیانگتووم کە ساڵانی نێـوان نـۆ بۆ پانزە زۆر گرنگە لـە گەشـەکردنی منداڵـدا. ئەمـە زانسـتێکی دروسـت و کتومت نییە. وە پسپۆڕی جیاواز شتی جیاواز دەڵێن. مـن پسـپۆڕ نـیم لـە گەشەسـەندنی منداڵـدا، بۆیـە ئـەوەی دەیڵـێم وەك ڕێنسـەرمایەکی گشـتی وەریگـرن نـەك وەك وشـەگەلی ئـەزموونێکی پیشـەگەرانە. پسـپۆڕێك کـە قسەم لەگەڵداکرد گوتی بـە نزیکـەیی لـە تەمـەنی نـۆ سـاڵیدا، منـداڵان لـە شوناسـی دایـك و باوکیـان جیادەبنـەوە و بـە دوای شوناسـی خۆیانـدا دەگەڕێن. دەزانم ئەوە ڕاست بووە بۆ من، چونکە لە تەمـەنی نـۆ سـاڵیدا، دەسـتم کـرد بـە کـارکردن لەگـەڵ باوکـە دەوڵەمەندەکـەم. دەمویسـت لـە دونیای دایك و باوکم دابڕێم، بۆیە پێویستم بە شوناسێکی نوێ بوو. پسۆڕێکی تر دەیگوت کە لە نێوان ئەو دوو تەمەنەدا، منـداڵان گەشـە بـەو شـتە دەدەن کـە پێیـدەگوترێت"هاوکێشـەی بردنـەوە." ئـەم پسـپۆڕە پێناسـەی هاوکێشـەی بردنـەوەی کـرد وەك بیرۆکـەی منـداڵ دەربـارەی ئەوەی کە چۆن بە باشترین شێوە بمێنێتەوە و بیباتەوە. هەر لـە تەمـەنی

نۆ ساڵیەوە دەمزانی کە قوتابخانە بەشێك نییە لە هاوکێشەی بردنەوەم، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئاندی هاوڕێم ناونیشانی بلیمەتی پێدرا و بە من نەدرا. پێموابوو کە هەلێکی باشترم هەبوو تا ببمە ئەستێرەیەکی وەرزشی یان دەوڵەمەندبم لە بری ئەکادیمیەکی وەك ئاندی و باوکم. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر منداڵ پێیوابوو کە لە خوێندن سەرکەتووە، هاوکێشەی بردنەوەکەی ڕەنگە مانەوە لە قوتابخانە و بە شانازیەوە دەرچوون بێت. ئەگەر منداڵەکە لە خوێندن سەرکەتوو نەبێت یان حەزی لە قوتابخانە نەبێت، ڕەنگە منداڵەکە بە دوای هاوکێشەیەکی جیاوازدا بگەرێت.

هەروەها پسپۆڕەکە چەند خاڵێکی تری گرنگی هەبوو لەسەر هاوکێشەکانی بردنەوە. ئەم پسپۆڕە گوتی ناکۆکی لە نێوان منداڵ و باوانی کاتێك دروست دەبێت کە هاوکێشەی بردنەوەی منداڵەکە هەمان هاوکێشەی باوانیان نەبێت. هەروەها ئەم پسپۆرە گوتی کە کێشەکانی خێزان کاتێك دەستپێدەکەن کە دایك و باوك دەستدەکەن بە سەپاندنی هاوکێشەی برنەوەی خۆیان بەسەر منداڵەکەدا بە بێ ئەوەی سەرەتا ڕەچاوی هاوکێشەی منداڵەکە بکەن. دایك و باوك پێویستە بە وردی گوێ بۆ هاوکێشەی بردنەوەی منداڵەکەیان بگرن.

پێش ئەوەی بەردەوام بین لە بیرۆکەی پێدانی توانا بە منداڵەکان بەسەر پارەدا، شتێکی گرنگ هەیە بۆ کەسانی پێگەیشتوو. ئەو پسپۆڕە هەروەها گوتیشی زۆر لە پێگەیشتوان دواتر تووشی کێشە دەبنەوە کاتێك درك بەوە دەکەن کە ئەو هاوکێشەی بردنەوەیەی لە منداڵیدا دیاریانکردووە چیتر هاوکێشەی بردنەوە نییە بۆیان، ئەوسا زۆربەی

پێگەیشتووان بە دوای کار یان گۆڕینی کاردا دەگەڕێن. تەنانەت هەندێکیان هەوڵی ئەوە دەدەن کە وا لە هاوکێشەکە بکەن کاربکات دوای ئەوەی بۆشیان دەرکەوێت کە چیتر کارپێناکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان تووشی خەمۆکی دەبن، وا بیردەکەنەوە کە لە ژیاندا شکستیان هێناوە، لە بری ئەوەی بیر بکەنەوە کە ئەمە هاوکێشەی بردنەوەیان بووە کە تازە لە بردنەوە وەستاوە. بە دەربڕینێکی تر، خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی دڵخۆشن ئەگەر لەگەڵ هاوکێشەکانی بردنەوەیاندا دڵخۆشبن. وە ژیانیان لا ناخۆش دەبێت ئەگەر ماندوو بن لە دەست هاوکێشەکانی بردنەوەیان، یان ئەگەر هاوکێشەکە چیتر نەباتەوە، یان ئەگەر درك بەوە بکەن کە هاوکێشەکانیان بەو شوێنەیان ناگەیەنێت کە دەیانویست پێیبگەن.

## هاوکێشەی بردنەوەی ئەل بوندی

دراما تەلەفیزیۆنیە کۆنە کۆمیدیەکە، پیاوی منداڵدار، نمونەیەکە بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە بارێکدا دەژین کە هاوکێشەکانی بردنەوەیان چیتر کار ناکات. جاران ڕقم لە بەرنامەکە بوو و ڕەتمدەکردەوە تەماشای بکەم. بەڵام دواتر درکم بەوە کرد کە ڕەنگە لەبەرئەوە رقم لە پرۆگرامەکە بێت چونکە لە نزیکەوە ژیانی نێو ماڵی ئێمەی پیشان دەدا. بۆ ئەوانەی کە ئاشنای پرۆگرامەکە نین، ئەل بوندی، ئەستێرەی بەرنامەکە، ئەستێرەیەکی پێیشووی تۆپی پێی ئامادەیی بوو. هۆکاری بەناوبانگبوونی تۆمارکردنی چوار تەچداون[1] بوو بۆ ئامادەیی پۆڵك.

[1] تۆمارکردنی شەش خاڵ بە خۆ تەختکردن لەسەر زەوی لە یاری تۆپی پێی ئەمریکیدا.

هاوسەرەکەی لە خوێندن بردیەوە بە هۆی بەکارهێنانی سێکس وەک شێکی گەورە لە هاوکێشەی بردنەوەکەی. لەبەرئەوەی کە ئەستێرەی تۆپی پێ بوو، لەگەڵیدا خەوت و دووگیان بوو. هاوسەرگیریان کردوو منداڵیان بوو--- بەو هۆیەوە ناوەکەی، پیاوی منداڵدار[١]، دانراوە. بیست ساڵ دواتر، فرۆشیارێکی پێڵاوە لە یادگاری چوار تەچداونەکەیدا دەژی. هێشتا دەربارەی ئەو شتانە بیر دەکاتەوە و قسە دەکات و ماماڵە دەکات، کە کاتێک ئەستێرەی تۆپی پێ بوو. ژنەکەی لە ماڵەوە دادەنیشێت و سەیری تی ڤی دەکات و وەک کچە لاوە سێکسیەکەی ساڵانی ئامادەیی جل دەپۆشێت. منداڵەکانیان شوێن پێی دایک و باوکیان هەلگرتووە، کۆمیدیام لە دراماکەدا دەبینی، چونکە ئەل بوندیەکەی ناخی خۆمم دەناسیەوە. من لە شکۆی ژیانی ڕابردووم لە گۆڕەپانی تۆپی پێ و سوپای دەریایدا دەژیام. توانیم پێبکەنم بە دراماکە و ژیانی خۆم، دەتوانم چەندین کەس ببینم کە ئەل و پێگ بوندی بوون لە ژیانی ڕاستەقینەدا. ئەو دراما تەلەفیزیۆنیە نموونەکەیە بۆ ئەو هاوکێشانەی بردنەوە کە لە بردنەوە وەستاون.

## هاوکێشەی بردنەوەی هێزدار

کاتێک دێتە سەر مەسەلەی پارە، زۆربەی خەڵکی هاوکێشەیەکی بردنەوە پەرەپێدەدەن کە هیچ هێزێکی نییە. بە دەربڕینێکی تر، زۆربەی جار خەڵکی هاوکێشەیەکی دۆڕاو پەرەپێدەن چونکە هیچ هێزێکیان نییە،

[١] Married with Children

ەرچەندێك سەیر دەردەكەوێت، هاوكێشەیەك دادەنێن كە پارەیان لە دەست دەدات چونكە ئەوە تاكە هاوكێشەیە كە دەیزانن.

بۆ وێنە، بەم دوایانە كەسێكم بینی كە لە كارێكدا گیری خواردبوو كە ڕقی لە كارەكەی بوو. پێشانگایەكی ئۆتۆمۆبێلی بۆ باوكی بەڕێوەدەبرد. داهاتێكی باشی دەستدەكەوت، بەڵام دڵخۆش نەبوو. ڕقی لەوە بوو فەرمانبەری باوكی بێت، وە ڕقی لەوەش بوو كە وە كوڕی سەرۆك بناسرێ. بەڵام هێشتا لەوێدا مابۆوە. كاتێك لێمپرسی بۆ لەوێ ماوەتەوە، تاكە وەڵامی ئەمە بوو،" دەی، پێموانەبوو بتوانم بۆ خۆم ئەم پێشانگای فۆردە بنیات بنێم. بۆیە بیرمكردەوە كە دەستی لێ بەرنەدەم هەتا پیرە پیاو خانەنشین دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پارەیەكی نەدم دەستدەكەوێت." هاوكێشەی بردنەوەكەی پارە بوو، بەڵام ئەوەی دۆڕاندبوو كە دەكرێ چەند بەهێز بێت ئەگەر لەو ئاسایشە بێتەدەر.

نمونەیەكی تری هاوكێشەی برنەوەی دۆڕاو مانەوەی هاوسەری هاوڕێیەكمە لە كارێك كە حەزی پێدەكات، بەڵام لە ڕووی داراییەوە بەرەو پێش ناچێت. لە بری گۆڕینی هاوكێشەكەی بە فێربوونی چەند شارەزاییەكی نوێ، لە كۆتایی هەفتەكاندا جار جار كارێكی بچووكی دەستی دەكرد و دواتر سكاڵای ئەوەی دەكرد كە كاتی تەواوی نییە لەگەڵ منداڵەكانی. ئاشكرایە كە هاوكێشەكەی ئەمەیە،" بە سەختی كاركردن لەوەدا كە حەزم لێیە و بەرگەگرتنی."

## دۆزینەوەی هێز بۆ دروسكردنی هاوكێشەیەكی بردنەوە

یەكێك لە گرنگترین ئەو شتانەی كە دایك و باوك دەتوانن ئەنجامی بدەن، یارمەتیدانی منداڵكانیانە بۆ دروسكردنی هاوكێشەگەلێكی بردنەوە كە

ئەوە بن کە چۆن بیباتەوە. وە زۆریش گرنگە کە دایك و باوك ئاگاداری ئەوە دەکەن بە بێ ئەوەی دەست وەردەنە ڕەوتی گەشەکردنی منداڵەکەوە.

بەم دوایانە قەشەی کڵێسایەکی گەورە پەیوەندی پێوەکردم و داوایکرد کە لە کڵێساکەیدا قسە بکەم. تۆماری ئامەدەبوونم لە کڵێسا لە باشترین حاڵەتدا جار و بارە. خێزانەکەمان دەڕۆیشتن بۆ کڵێسایەکی میتۆدیست[1]، بەڵام لە تەمەنی دە ساڵیمدا، دەستم کرد بە گەڕان بەدوای کڵێسای تردا، ئەوەم کرد چونکە دەستووری ئەمریکام دەخوێندەوە و بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت و ئازادی هەڵبژاردنی ئایین سەرنجی ڕاکێشام. بۆیە لە قوتابخانە لە هاوپۆلەکانم دەپرسی کە سەر بە کام کڵێسان، وە منیش خۆم بانگهێشت دەکرد لەگەڵیاندا. ئەوە دایکمی زۆر دڵخۆش نەدەکرد، بەڵام بیرم خستەوە کە دەستوور مافی هەڵبژارنی ئاینی پێداوم. بۆ چەند ساڵێکی کەم، چێژم لە ڕۆیشتن بۆ ئەو کڵێسایانە دەبینی کە هاوپۆلەکانم دەچوون. ڕۆیشتم بۆ کڵێساگەلی زۆر ڕازاوە، سادە، کڵێسا لە ماڵی خەڵکیدا، تەنانەت کڵێسایەك کە تەنها چوار پایە بوو لەگەڵ ساپیەتیەکی تەنەکە و بێ دیوار. ئەزموونێکی ناوازە بوو دانیشتن لە پەرستگایەکدا و خوسان بە هۆی بارانی بە باوە. بە دڵنیایەوە ئەو ڕۆژە هەستم بە ڕۆحیەتەکە کرد.

هەروەها بڕیارمدا کە سەردانی پەرستگای گەلێك گروپی ئاینی جیاواز لوسەری، بابتیست، بودایی، جولەکە، کاسۆلیك، پینتیکۆستی، موسڵمان و هیندۆسی بکەم. بۆ زیاتریش دەڕۆیشتم، بەڵام ئەو شارۆچکەیەی تێیدا

---

[1] Methodist

دەژیام بچووک بوو زوو پەرستگاکان تەواو بوون. چێژم لەو ئەزموونە دەبرد، بەڵام هەر کە گەیشتمە پانزە ساڵی، ئارەزووی ڕۆیشتنم بۆ پەرستگاکان پوکایەوە و ڕۆیشتنم کەمتر و کەمتر دەبۆوە.

بۆیە کاتێك قەشە تۆم داوای لێکردم لە کڵێساکەیدا وەك میوانێك قسە بکەم، هەم شانازیم دەکرد و هەم شەرمەزار بووم بە هۆی تۆماری ئامەدەبوونمەوە لە کڵێسا. کاتێك پێمگوت کە خەڵکانێکی زۆر گونجاوتر هەن تا لە کڵێساکەیدا قسە بکەن، گوتی،" خۆ نامەوێت پەیامێکی ئاینی بگەیەنیت، بەڵکو دەمەوێت وانەکانت لەسەر پارە بەش بکەیت." کاتێك ئەوەی گوت، پاڵم بە کورسیەکەمەوەدا و قاقام لێدا. باوەڕم بەوە نەدەکرد کە گوێم لێدەبێت، گوتم،" دەتەوێت بێمە کڵێساکەت و باسی پارە بکەم؟"

بە بزەیەکی پرسیار ئامێزەوە وەڵامی دامەوە،" بەڵێ، چی شتێکی نامۆ لە داواکاریەکەمدا هەیە؟

دووبارە پێکەنیمەوە، دەبووایە دووبارە بپرسمەوە،" مەبەست ئەوەیە کە دەتەوێ من بێم بۆ کڵێساکەت، بچمە سەر ئەو مینبەرەی کە تۆ لێی دەوەستیت و باسی پارە بۆ کۆمەڵەکەت بکەم؟" دووبارە قەشەکە گوتی،" بەڵێ، چی شتێکی نامۆ لە داواکاریەکەمدا هەیە؟" بە بزەیەکەوە دانیشتم، لەو قەشە بەناوبانگەی خودام دەڕوانیەوە، قەشەیەك بە دوانزە هەزار ئەندامەوە لە کۆمەڵەکەیدا، تەنها بۆ ئەوەی دڵنیاببمەوە لەوەی کە دڵنیا بێت لەوەی کە دوای چیم لێدەکات." چونکە لە کڵێسادا فێربووم کە خۆشویستنی پارە دزێوە، هەروەها فێربووم کە خەڵکانی هەژار هەلی زیاتریان هەیە بۆ چوونە بەهەشت لە چاو خەڵکانی

دەوڵەمەندا. وانەیەک هەبوو دەربارەی حوشترێک و پیاوێکی دەوڵەمەند و کونی دەرزی. هەرگیز بە ڕاستی لەو وانەیە نەگەیشتم. بەلام حەزم لە پەیامەکەی نەبوو چونکە بە دڵنیاییەوە پلانی ئەوەم هەبوو کە ببمە کەسێکی دەوڵەمەند. هەر لەبەرئەوە بوو کە بەلامەوە سەیر بوو کە دەتەوێت بێم بۆ کڵێساکەت و پێیان بڵێم کە چۆن دەوڵەمەند ببن."

ئەمجارە قەشە تۆم پاڵی دایەوە و بزەی کرد. گوتی،" دەی، نازانم تۆ چوویت بۆ کامە کڵێسا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە ئەوە نییە کە من لە کڵێساکەمدا فێری خەڵکی دەکەم."پرسیم،" بەڵام ئایا هەندێک گرۆی ئاینی ئەو بیرۆکەیە ناڵێنەوە کە پارە درزێوە؟ ئایا خەڵکانێک نین کە باوەڕیان وایە کەسانی هەژار هەلی چوونە بەهەشتیان زیاترە لە کەسانی دەوڵەمەند؟

قەشەکە وەڵامی دایەوە،" بەڵێ، ئەوە ڕاستە. کڵێساگەلی جیاواز شتگەلی جیاواز دەڵێنەوە. بەلام من نامەوێت ئەوە لە کڵێساکەمدا بگوترێتەوە. ئەو خودایەی من دەیناسم هەژار و دەوڵەمەندەکانی بە یەکسانی خۆشدەوێت."

لەگەڵ بەردەوامی قسەکانیدا، بە ئەزموونی خۆمدا لە کڵێسا و ئەو هەستی خۆ بە گوناەبار زانینەی کە زۆربەی جار هەستم پێدەکرد چوومەوە، چونکە بە ڕاستی دەمویست دەوڵەمەند بم. ڕەنگە من پەیامی کڵێسام بە هەڵە لێکدابێتەوە، ڕەنگە هەستی خۆ بە گوناەبار زانینم بە هۆی خۆشەویستیمەوە بۆ پارە بوبیتە هۆی بە هەڵە وەرگرتنی پەیامەکە. بە دەربڕینێکی تر، هەستم بە گوناەباری دەکرد بۆیە پەیامی گوناەم وەرگرت. کاتێک ئەمەم بە قەشەکە گوت، شتێکی گ...

دووبارە لە جێی خۆم دانیشاندمەوە. گوتی،" هەندێککات ئۆنسەیەك[1] ئاگایی تۆنێك لە خوێندن و فێربوون دەگۆڕێت."

ئەو ووتە پڕ دانایییە لەگەڵمدا سەرمایەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر بیرم لەوە کردەوە کە گوتی. قوڵی بیرکردنەوە و ووردی کە لەو ووتەیدا دەبینرێ زۆر کاریگەرە. سێ مانگ دواتر، قسەم بۆ کۆمەڵەکەی کرد. شەرەفی قسەکردن لەسەر مینبەر ئەزموونێك بوو کە یارمەتیدام ئۆنسە ئاگاییە کەسیەکەم بگۆڕم.

### ئۆنسەیەک لەگەڵ تۆنێک

باوکە دەوڵەمەندەکەم زۆربەی جار دەیگوت،" هەرگیز ناتوانی کەسێکی هەژار فێر بکەیت دەوڵەمەند ببێت، تەنها دەتوانی کەسێکی دەوڵەمەند فێر بکەیت دەوڵەمەندتر بیت."

باوکە هەژارەکەم زۆربەی جار دەیگوت،" من هەرگیز دەوڵەمەند نابم، من حەزم لە پارە نییە." یان" ناتوانم بەدەستی بهێنم" ڕەنگە هەبوونی ئەو هەموو پسووڵە پزیشکیە یان لە ڕووی داراییەوە تلانەوەی تەوای ژیانی بێت کە بووبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو شتانە بڵێت، بەڵام من پێموانییە. پێموایە کە ئۆنسە ئاگاییەکەی هۆکاری هێنانی ئەو گرفتە داراییانە بووە. ئەوە دایك و باوکن کە زۆرترین کاریگەریان لەسەر ئاگایی منداڵ لە هەمبەر ژیان هەیە. وەك پێشتر باسمکرد، من و کیم منداڵمان نییە، بۆیە بوێری ئەوەم نییە کە بە دایك و باوکان بڵێم چۆن ببنە دایك و باوکێکی باشتر. دەربارەی ئەوە دەنووسم کەچۆن باریدەی ئاگایی منداڵ بدرێ

[1] یەکەیەکی کێشانەیە بە نزیکەی یەکسانە بە ٢٨ گم

لەسەر پارە شێوە بگرێ. گرنگترین شتێك كە دایك و باوك دەتوانن بیكەن كاتێك دێتە سەر مەسەلەی پارە ئەوەیە كە كاریگەری لەسەر ئاگایی منداڵ دەربارەی پارە دابنێن. دەمەوێت دایك و باوكان ئەو ئاگاییە بدەن بە منداڵەكانیان كە منداڵەكە دەسەڵاتی هەیە بەسەر پارەدا، نەك ئەو ئاگاییە كە منداڵەكە كۆیلەی پارەیە. وەك باوكە دەوڵەمەندەكەم دەیگوت،" هەتا زیاتر پێویست بە پارە بێت، كەمتر دەسەڵات بەسەریدا دەشكێت."

## پێویست ناكات بە هەژاری لەدایكبیت هەتا ببیتە هەژار

زۆربەی خەڵكانی هەژار هەژارن چونكە لە ماڵەوە فێر دەكرێن كە هەژار بن. خەڵكی دەكرێت ئاگاییەكی هەژار لەسەر خۆیان گەشە پێبدەن، لەگەڵ ئەوەی كە لە خێزانێكی دەوڵەمەند یان مامناوەندیشەوە هاتبن. بە درێژایی ڕێگای ژیانیان شتێكیان بەسەر دێت و ئەو ئاگاییە وەردەگرن كە هەمیشە هەژار دەبن. باوەڕم وایە هەر ئەوە بەسەر باوكم هاتووە. وە هەروەك پێشتر باسمكرد، زۆربەی جار تۆنێك خوێندنی دەوێت بۆ ئەوەی ئەو ئاگاییە بگۆردرێت. لە بارودۆخی باوكمدا، سەختر كاری دەكرد و پارەی زیاتری پەیدا دەكرد، بەڵام ڕەنگە تەنانەت تۆنێك پارە، هەر وەك تۆنێك خوێندن، نەتوانێت ئەو ئۆنسە ئاگاییە بگۆڕێت.

كاتێك كە سەرمایەپووچ بووم و كۆمپانیای یەكەمم لە دەستدا، قورسترین شتێك كە دەبوو بیكەم پاراستنی ئاگاییم لە هەمەبەر خۆم بوو. ئەگەر وانەكانی باوكە دەوڵەمەندەكەم نەبووایە لەسەر خوود-ئاگایی، نەمدەزانی ئایا دەبوژێمەوە و لەو ئەزموونەوە بەهێزتر ببم یان نا. ئەمڕۆ هاوڕێگەلێكم هەن كە مایەپووچ بوون، وە هەرچەندە

داراییـــەوە بەخۆکەوتوونەتـــەوە، خـــوود- ئاگاییـــەکی لاوازیـــان لـــەو ئەزموونەوە بۆ بەجێماوە. هەر لەبەر ئەوەیە وانەکانم بۆ دایك و باوکان بە گرنگی ئاگاداربوون و پاراستنی خوو- ئاگایی منداڵ دەست پێدەکەم.

بەشی زۆری ئەم کتێبە دەربارەی فێرکردنـی منداڵەکەتـە کە چۆن ببێتـە خـاوەنی خـوود- ئاگاییـەکی بـەهێز بـۆ ئـەوەی لـە بـەرزی و نزمیـەکانی ژیانیاندا یارمەتیان بـدات--- لـە ڕووی دارایـی، ئـەکادیمی، پیشـەگەری، پەیوەندیەکانیان و هەموو ئەو ململانێیانەی کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ببنـەوە. ئەم کتێبە هاوکاریت دەکات کـە چـۆن منداڵەکـەت فێـر بکـەیت کـە چۆن ببوژێتەوە و خوود- ئاگاییەکی داراییانەی بەهێزتر بنیـات بنێـت بـە هـۆی بەرزی و نزمیەکانی ژیانیەوە.

چۆنیەتی پاراستنی خوود- ئاگاییم یەکێك بوو لـە گـرنگترین ئـەو وانانـەی کە هەردوو باوکەکەم فێریان کردم. باوکێکم فێری ئەوەی کـردم کـە چـۆن لـە ڕووی ئەکادیمیەیـەوە بـەهێزتر بم کاتێـك نوشسـت دەهێـنم، باوکەکـەی تریشم فێری کردم کە چۆن لە ڕووی داراییەوە بەهێزتر بم.

خـەڵکانێکی زۆر خـوود-ئاگایـەکی لاواز وەردەگـرن بـە درێـژایی ڕەوتـی ژیانیان. دەتوانم لە دەنگیاندا گوێم لێی بێت کاتێـك شـتگەلی وەك ئەمانـە دەڵێن:

- قەرزم زۆر لەسەرە، ناتوانم واز لە کار بهێنم.
- ناتوانم سەرکێشی وازهێنان بکەم.
- ئەگەر بمتوانیایە تەنها چەند دۆلارێکی تر بەدەست بهێنم...
- ژیان بە بێ منداڵ گەلێك ئاسانتر دەبوو.
- هەرگیز دەوڵەمەند نابم.

ناتوانم سەرکێشی لە دەستدانی پارە بکەم.
_ حەز دەکەم بازرگانی خۆم دامەزرێنم، بەڵام پێویستم بە مووچەیەکی جێگیرە.
_ چۆن دەتوانم سەرکێشی وەبەرهێنان بکەم لە کاتێکدا ناتوانم پارەی پسووڵەکانم بدەم.
_ قەرزێکی خانوویەرە پادەکێشم هەتا پارەی کریدت کارتەکانمی پێبدەم.
_ ناکرێ هەموو خەڵکی دەوڵەمەند بن.
_ گرنگی بە پارە نادەم. پارە بە لای منەوە هێندە گرنگ نییە.
_ ئەگەر خودا بیوستایە دەوڵەمەند ببم، ئەوا پارەی پێدەدام.

هەروەك باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت،" هەتا زیاتر پێویستت بە پارە بێت، کەمتر دەسەلآت دەبێت." خەڵکانێکی زۆر هەن کە لە خوێندن باش بوون و لە شوێنگەلی مووچە بەرز دامەزراون. بەڵام چونکە فێر نەکراون کە چۆن پارە کاریان بۆ بکات، زۆر بە قورسی کار بۆ پارە دەکەن و دەکەونە ژێر قەرزی ماوە درێژەوە. هەتا زیاتر پارەیان بوێت و ماوەیەکی زیاتر بیانەوێت، خوود- ئاگاییەکەیان نادڵنیاتر دەبێت.

هاورێم هەن کە خوێندکاری پیشەگەرن، هەندێکیان هەموو تەمانەنیان لە خوێندندا بوون و هێشتا کارێکیان نییە. هاورێیەکم هەیە کە دوو ماستەر و دکتۆرایەکی هەیە. تۆنێك لە خوێندنی نییە، بەڵکو دە تۆن لە خوێندنی هەیە، کەچی هێشتا لە ڕووی دارایی و پیشەگەریەوە دەتلێتەوە دەدات. گومان دەکەم کە یەکێك لەو ئۆنسە ئاگاییانەیە کە هێشتا لەسەر ڕێیەتی

## پارە دەوڵەمەندت ناکات

زۆر خەڵك پارە کۆدەکەنەوە بە هیوای دەوڵەمەند بوون، لە کاتێکدا ئەوانی تر بڕوانامە و نمرەی باش کۆدەکەنەوە، بە هیوای زیرەك بوون. جەنگی کەسی خۆم بۆ زاڵبوون بوو بەسەر ئاگایی دارایی لاوازمدا و ئەو ئاگاییەی کە من وەك منداڵانی تر زیرەك نەبووم--- ئاگاییگەلێك کە لە ڕاستیدا نەمبوو هەتا خۆم بە منداڵانی تر بەراورد نەکرد. بە دەربڕینێکی تر، نەمدەزانی کەلاوازم هەتا ئەو منداڵانەم نەبینی کە لە خێزانی پارەدارەوە هاتبوون، نەشمدەزانی کە هێندە زیرەك نیم هەتا خۆم بەراورد نەکرد بەو منداڵانەی کە نمرەی باشتریان دەهێنا.

هەر لەبەرئەوەیە ناونیشانی ئەم کتێبە منداڵی زیرەك منداڵی دەوڵەمەندە. ئەوە بڕوای ڕاستگۆیانەی منە کە هەموو منداڵان بە توانای دەوڵەمەند بوون و زیرەك بوونەوە لە دایکبوون، هەتا ئەو کاتەی ئەو ئاگاییەیان هانبدرێت و بپارێزرێت لە ئەو تۆنە فێربوون و پەروەردەیەی لە قوتابخانە، کڵێسا، بازرگانی، میدیا و دونیا خۆیەوە فێری دەبن. ژیان هێندەی پێویست سەختە، بەڵام دەکرێ سەختر بێت ئەگەر خوود- ئاگاییەکەت ئەوە بێت زیرەك نیت و هەرگیزیش دەوڵەمەند نابیت. گرنگترین ڕۆڵی دایك و باوك کە دەتوانن بیگێڕن ئەوەیە کە ئاگایی منداڵەکانیان لە قاڵب بدەن، خۆراکیان بدەن و لە خۆیانی بپارێزن.

فێرکردنی کەسانی پێگەیشتوو بۆ لە بیرکردنی ئەوەی فێریبوون

وەك مامۆستای کەسانی پێگەیشتوو، بەلامەوە ئاسانترە خەڵکانی دەوڵەمەند فێر بکەم کە چۆن دەوڵەمەنتر ببن و کەسانی زیرەك فێر بکەم

مندالی دەوڵەمەند ..........................

چۆن زیرەکتر بن. زۆر قورسە کەسێك فێری دەوڵەمەند بوون بکەیت و هەموو ئەوەی گوێت لێبێت لێیەوە ئەمانە بێت:

_ " بەڵام ئەی ئەگەر پارەم لە دەست چوو."

_ " بەڵام دەبێت کارێکی باش و پارێزراوت هەبێت."

_ " مەبست چیە لە بە خۆڕایی کارکردن؟ دەبێت پارە بدەیت بە خەڵك!"

_ " خۆت مەخەرە ژێر باری قەرزەوە."

_ " پیاوێك/ ژنێکی باشی ئیشکەر بە و پارە کۆکەرەوە."

_ " بە سەلامەتی ئەنجامی بدە و سەرکێشی مەکە."

_ " ئەگەر دەوڵەمەند بم، دەبمە کەسێکی لە خۆبایی و شەڕەنگێز."

_ " دەوڵەمەندان چاوچنۆکن."

_ " ئێمە لەسەر مێزی نانی ئێوارە باسی پارە ناکەین."

_ " گرنگی بە پارە نادەم."

_ " ناتوانم بە دەستی بهێنم."

_ " زۆری تێدەچێت و گرانە."

دەربڕین و پرسیارگەلی لەم جۆرە لە چەقی ئاگایی کەسیەوە دێن. ئەوەم کاتێك بۆ دەرکەوت کە نرخی کۆرسەکانم بۆ سەدان و هەزارن دۆلار بەرز کردەوە، زۆرێك لەم سەرنجانە دیارنەمان و دەمتوانی بە کامی دڵی خۆم بەردەوام بم.

هەرگیز مەڵێ" ناتوانم بە دەستی بهێنم"

باوکە دەوڵەمەندەکەم دەروونناسێکی مەشقپێکراو نەبوو، بەڵام مێشتا هێندە زیرەك بوو کە بزانێت کە پارە تەنها بیرۆکەیەکە. گوتنی " ناتوانم

بە دەستی بهێنم"ی لە من و کوڕەکەی قەدەغە کردبوو، هەتا یارمەتیمان بدات ئاگایی خۆمان لە مەڕ خۆمان بگۆڕین. لەبەرئەوە بوو کە دەیوست لە بری ئەوە بڵێین" چۆن بتوانم بە دەستی بهێنم؟" درکم بەوە کرد بە بەردەوام گوتنی" ناتوانم بەدەستی بهێنم" برەو بەو ئەو ئاگاییە دەدەم کە کەسێکی هەژارم. بە گوتنی،" چۆن بتوانم بە دەستی بهێنم؟" برەو بەو ئاگاییە دەدەم کە کەسێکی دەوڵەمەندم. پێشنیاری ئەوە دەکەم لە نزیك منداڵەکەت نەڵێیت" ناتوانم بە دەستی بهێنم" وە کاتێك منداڵەکەت داوای پارەت لێ دەکات، ڕەنگە بتەوێت بڵێیت،" لیستی دە شتی جیاوازم بۆ بنووسە کە دەتوانی ئەنجامی بدەیت لە ڕووی ڕەوشتی و یاسایەوە، هەتا بتوانیت ئەو شتە بەدەست بهێنیت کە دەتەوێت بە بێ ئەوەی داوای پارە لە من بکەیت." ئەگەر لەم دوو دەربڕینە بکۆڵیتەوە، دەبینی کە پرسیاری" چۆن دەتوانم بەدەستی بهێنم؟" هۆشت دەکاتەوە بۆ تاقیکردنەوەی ئەگەرەکانی کۆکردنەوەی سامان. لە لایەکی ترەوە، دەربڕینی،" ناتوانم بە دەستی بهێنم." هۆشت دادەخات لە هەر ئەگەرێکی گەیشتن بە ئەوەی ئارەزووی دەکەیت.

وەك لەسەرەتای کتێبەکەدا ئامارەمپێدا، وشەی پەروەردە لە وشەیەکی لاتینی وەرگیراوە بە مانای" دەرکێشانە دەرەوە." بە ئاگاداربوون لە وشەکانمان و دواتر گۆڕینیان، دەتوانین دەست بکەین بە گۆڕینی خوود- ئاگاییمان. بۆیە زۆر بە سادەیی بە بیرهێنانەوەی خۆم بە پرسینی،" چۆن دەتوانم بەدەستی بهێنم." دەمتوانی کەسە دەوڵەمەندەکەی ناو ناخم دەربخەم. بە گوزارشتی،" ناتوانم بە دەستی بهێنم." دنەی ئەو کەسە هەژارە دەدەم کە خۆی پێشتر لە ناوەوەمدایە.

## ژیان بە ئاگاییەکان دەستپێدەکات

ڕۆژێکیان لە لایەن پەیامنێرێکەوە چاوپێکەوتنم لەگەڵدا دەکرا، پرسی،" پێمبڵێ چۆن بویت بە ملیۆنەر."
پێمگوت،" بازرگانی خۆمم دامەزراند و زەوی و زارم کڕی."
دواتر پەیامنێرەکە وەڵامی دامەوە،" دەی، هەموو کەسێك ناتوانێت ئەوە بکات. دەزانم کە من ناتوانم ئەوە بکەم. پێمبڵێ دەتوانم چی بکەم تا ببمە ملیۆنەر."
وەڵامدایەوە،" دەی، دەتوانی لە کارەکەت بمێنیتەوە و موڵکیش بکڕیت."پەیامنێرەکە وەڵامیدامەوە،" بەڵام بازاڕی موڵك زۆر گرانە. ناتوانم بەدەستی بهێنم. وە ناشمەوێ کاری موڵکایەتی بکەم. پێمبڵێ دەتوانم چیتر بکەم."
دواتر گوتم،" دەی، ئێستا بازاڕی کڕین و فرۆشتنی بۆرسە زۆر گەرمە. بۆچی وەبەرهێنان لە هەندێك سەرمایەدا ناکەیت؟"
پەیامنێرەکە گوتی،" بازاڕی بۆرسە جێی دڵنیایی نییە، ڕەنگە لە هەر ڕۆژێکدا برمێت. ژن و منداڵم هەیە و پارەی پسووڵەم هەیە بیدەم، بۆیە ناتوانم سەرکێشی لە دەستدانی پارە بکەم وەك تۆ دەتوانی."
لە کۆتایدا درکم بەوە کرد کە من شتێك دەکەم کە باوکە دەوڵەمەندەکەم فێری کردووم کە نەیکەم، وەڵامی کەسێك دەدەمەوە کە سەرەتا پێویستە ئاگایی بگۆڕێت، بۆیە وازم لە وەڵامدانەوە هێنا و دەستم کرد بە پرسیار کردن.
پرسیم،" پێمبڵێ چۆن دەتوانی ببیتە ملیۆنەر."
وەڵامیدایەوە،" ئێ، دەتوانم کتێبێك بنووسم و چەند ملیۆن دانەیەکی لێبفرۆشم وەك تۆ."

بە دەنگی بەرز گوتم،" چاکە، تۆ نووسەرێکی باشیت، پێشموایە ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر باشە."

" بەڵام ئەی ئەگەر بریکارێکم نەدۆزیەوە کتێبەکەم لە خۆ بگرێت؟ ئەی ئەگەر بریکارەکە فێڵی لێکردم؟ دەزانی، جارێکیان کتێبێکم نووسی، بەڵام کەس نەیدەویست کتێبەکە بخوێنێتەوە." چووبووە سەر بابەت و باسێکی تر، بەڵام خوود- ئاگاییەکەی هەر هەمان شت بوو.

گرنگترین شتێك کە دایك و باوك دەتوانن لە سەرەتادا بیکەن، گەشەپێدان و پاراستنی خوود-ئاگایی منداڵەکەیانە. هەمووومان ئاگایی دیاریکراومان هەیە لەسەر خەڵکانی دی، جا ڕاست بێت یان هەڵە. ڕەنگە وا بیربکەیتەوە کەسەکە ژیرە یان گەمژەیە یان زیرەك یان دەوڵەمەندە. لە بیرمە کچێك هەبوو لە ئامادەیی کە پێموابوو پۆزاوی و لوتبەرزە، بۆیە هەرچەندە زۆریش سەرنجی ڕادەکێشام، بەڵام ئاگاییەکەم لەهەمبەر ئەو بووە هۆکاری ئەوەی داوای چوونە دەرەوەی لێنەکەم. دواتر ڕۆژێکیان بە ڕاستی قسەم لەگەڵدا کرد و بۆم دەرکەوت کە بەسۆز، گەرم و گوڕ و خۆش-تێکەڵە. دوای گۆڕینی ئاگاییەکەم لەسەری، دواتر داوای چوونە دەرەوەم لێکرد. وەڵامەکەی ئەمە بوو،" ئۆە، خۆزگە زووتر داوای ئەوەت بکردایە، ماوەیەکە لەگەڵ جێریدا ژوان دەبەستین، وە خەریکە جێگیر دەبین پێکەوە." وانەی ڕەوشتی چیرۆکەکە ئەوەیە، هەر وەك چۆن ئێمە ئاگاییمان لە هەمبەر خەڵکی هەیە، بە هەمان شێوە ئاگاییشمان لە هەمبەر خۆشمان هەیە. هەروەك چۆن دەکرێ ئاگایی لەسەر کەسانی تر بگۆڕێت، ئاواش دەکرێ لەسەر خۆمان بیگۆڕین.

**دەوڵەمەند و زیرەک تەنها ئاگایین**

باسی لێکۆڵینەوەیەکی باوکە ڕاستەقینەکەم، مامۆستای قوتابخانە، باسی لێکۆڵینەوەیەکی بەناوبانگی بۆ کردم کە لەلایەن سیستەمی خوێندنی شیکاگۆوە چەند ساڵێك پێشتر ئەنجامدراوە. لێکۆڵەرە پەروەردەیەکان داوایان لە گرۆپەك مامۆستا کردووە یارمەتیان بدەن. بە مامۆستاکان گوتراوە کە هەڵبژێردراون لەبەر لێهاتوویان لە وانە گوتنەوەدا. هەروەها پێیانگوتراوە کە تەنها منداڵە بەهرەدارەکان لە پۆلەکانیاندا دەبن. مامۆستاکان پێیانگوتراوە کە نە خوێندکارەکان و نە دایك و باوکیان ئاگاداری ئەزموونە زانستیەکە نیین چونکە دەیانەوێت بزانن منداڵانی بەهرەدار چۆن دەبن ئەگەر نەزانن بەهرەدارن.

وەك پێشبینی دەکرا، مامۆستاکان ڕاپۆرتیاندا کە منداڵەکان بە شێوەیەکی ناوازە گەلێك باش بوون. مامۆستاکان ڕاپۆرتی ئەوەشیاندا کە وانەگوتنەوە بە منداڵەکان زۆر شادیەێن بووە، وە خۆزگەی ئەوە دەخوازن کە هەموو کات لەگەڵ منداڵانی ئاوا بەهرەداردا کار بکەن.

ئەجێندایەکی شاراوە هەبوو لە پشت پرۆژەکەوە. ئەوەی مامۆستاکان نەیاندەزانی ئەوە بوو کە هەڵگری لێهاتووی ناوەزە و تایبەت نەبوون لە وانەگوتنەوەدا، بەڵکو بە هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون. هەروەها منداڵەکەنیش لەبەر بەهرەداریان هەڵنەبژێردرابوون، ئەوانیش بە هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون. بەلاَم چونکە چاوەڕوانیەکان بەرز بوون، جێبەجێکردنەکەشیان بەرز بوو. چونکە منداڵەکان و مامۆستاکان بە زیرەك و ناوازە لەقەڵەمدرابوون، بە ناوازەیش کارەکەیان جێبەجێ کرد.

ئەمە واتای چییە؟ ئەمە واتای ئەوەیە کە ئاگایی منداڵەکانت دەکرێ کاریگەریەکی مەزنی هەبێت لەسەر دەرەنجامی ژیانیان. بە دەربڕینێکی

تـر، ئەگـەر بتـوانی بلیمـەتی منداڵەکـەت ببـینی، یارمـەتی منداڵەکـەت دەدەیت هەتا زیرەکتر بێت. ئەگـەر منداڵەکـەت وەك دەوڵەمەنـد ببینیـت، یارمەتی منداڵەکەت دەدەیت کە دەوڵەمەنتر بێـت. وە ئەگـەر منداڵـەکانت فێر بکەیت کە هەمان ئەو ئاگاییانەیان هەبێت، هـەلێکی باشـتریان دەبێـت کـە لـە تـەواوی خەڵکیشـدا هـەمان ئـەو ئاگاییانـە ببین و بـەو گوێرەیـە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

لای مـن، ئەمـە ئـەو شـوێنەیە کـە خوێنـدنی منداڵەکـەت لێـوەی دەسـت پێدەکات. هەر لەبەرئەوەشـە کـە دەڵـێم،" هێـز بـە منداڵەکـەت ببەخشـە، بەرلەوەی پارەی پێبدەیت." یارمەتیان بدەن کە خوود- ئاگایەکی بـەهێز گەشە پێبدەن، بـەو جۆرە یارمـەتیان دەدەن کـە ببنـە منـداڵی زیـرەك و منداڵی دەوڵەمەند. ئەگەر ئەوەیان بۆ نەکرێت، تەواوی خوێنـدن و پـارەی دونیـا یارمـەتیان نـادات. ئەگـەر ئـەوەیان بـۆ بکرێـت، زیـرەکتر بـوون و دەوڵەمەند بوون زۆر ئاسانتر دەبێت.

### دیاریەکانی هەردوو باوکەکەم

ڕەنگـە باشـترین ئـەو دیاریانـەی کـە پێمـدراون لـە لایـەن هـەردوو باوکەکەمەوە بووبێت لـە کاتێکدا لـە ناخۆشـترین بـاردا بـووم. کاتیـك لـە ئامادەیی دەرکرام، باوکـە مامۆسـتاکەم هەمیشـە بـیری دەخستمەوە کـە چەند زیرەك بووم.

کاتێك کـە هـەموو داراییەکـەم لەدەسـتدا، باوکـە دەوڵەمەندەکـەم بـیری دەخستمەوە کە دەوڵەمەندە ڕاستەقینەکان لە کارێکی بازرگـانی زیاتریـان لە دەستداوە. هەروەها گوتیشـی کـە ئـەوە خـەڵکانی هـەژارن کـە پـارەی

کەم لە دەست دەدەن و دەژین لە ناو ترسی لە دەستدانی ئەو بڕە کەمەی هەیانە.
بۆیە باوکێکم هانی دەدەم شکستە ئەکادیمیەکەم قبوڵبکەم و بیگۆڕم بۆ هێز. وە باوکە دەوڵەمەندەکەم هانی دەدام بۆ قبوڵکردنی نوشستە داراییەکانم و گۆڕینیان بۆ دەسکەوتی دارایی. ڕەنگە بابەتی جیاوازیان فێرکردبم، بەڵام لە زۆر ڕێگەوە هەردوو باوکەکەم هەمان شتیان دەگوت.
کاتێك منداڵان خراپترین لە خۆیاندا دەبینن ئەوە ئەرکی دایك و باوکە کە باشترین ببینن. ڕەنگە تێبینی ئەوەتان کردبێت کە ئەمە تەنها کاریگەری لەسەر منداڵانی بچووك نییە، بەڵکو کاریگەری لەسەر منداڵانی گەورەتریش هەیە.
کاتێك کە شتەکان خراپترینن لە ژیانی منداڵەکەتدا، تۆ وەك باوانی دەرفەتێکی مەزنتان بۆ هاتۆتە پیش--- هەلی ئەوەی بوون بە باشترین مامۆستا و هاوڕێ کە منداڵەکەت دەکرێ لە هەموو تەمانیدا هەیبووبێت.

بەندی چوار

## ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، دەبێت ئەرکی ماڵەوەت ئەنجامبدەیت.

باوك و دایكی من و مایكیش بەردەوام بیریان دەخستینەوە كە ئەركی ماڵەوەمان ئەنجام بدەین. دووبارە، جیاوازیەكە ئەوە بوو پێشنیاری هەمان جۆری ئەركی ماڵەوەیان نەدەكرد.

دایكم دەیپرسی،" ئەركی ماڵەوەت ئەنجامداوە؟"

وەڵاممدەدایەوە،" هەر كە ئەم یاریە تەواو بووم ئەنجامیدەدەم."

بە تووڕەیەوە ناڕەزایی دەردەبڕی،" بە پێی پێویست یاریت كردووە! واز لە یاریكردن بێنە و دەست بكە بە خوێندنی كتێبەكانت. ئەگەر نمرەی باش نەهێنیت، ناتوانی بچیتە زانكۆ، دوایش كارێكی باشت دەست ناكەوێت." باشە، باشە. یاریەكە لا دەبەم، بەڵام دوای ئەوەی هۆتێلێكی ترم كڕی." گوێ لە دایكت بگرە و هەر ئێستا ئەو یاریە لابە. دەزانم حەزت لە یاریە، بەڵام ئێستا كاتی كۆشش و خوێندنە."

ئەوە دەنگی باوكم بوو و دڵخۆشیش دەرنەدەكەوت. دەمزانی ئەوە باشترە داوای كاتی زیاتر نەكەم، یەكسەر وازم لێهێنا و دەستم كرد بە كۆكرنەوەی یاریەكە. ئەوە ئازاری دەدام كە ماڵە سەوزە بچووكەكان، هۆتێلە سوورەكان و كەلوپەلەكانی ترم كە چەندین كاژێرم پێچوو هەتا كۆمكردنەوە و كڕیمن، ڕابماڵم و تێكیان بدەمەوە. نزیك بووم لەوەی لایەكی بۆردەكە بە تەواوەتی كۆنترۆڵ بكەم. بەڵام دەمزانی دایك و باوكم ڕاست دەكەن. چونكە بۆ ڕۆژی دواتر تاقیكردنەوەم هەبوو كەچی هێشتا

دەستم بە کۆشش نەکردبوو. ماوەیەك لە ژیانمدا هەیە کە زۆر سەرسامی یاری مۆنۆپۆلی بووم. بە شێوەیەکی بەردەوام یاریم پێدەکرد لە هەشت ساڵیمەوە هەتا بوومە چواردە، کە ئەو کاتە بوو دەستم کرد بە یاری تۆپی پێ لە ئامادەیی. گومان دەکەم کە بەردەوام دەبووم لە کردنی یاری مۆنۆپۆلی، ئەگەر بمتوانیایە منداڵی تری هاوتەمەنم بدۆزمەوە کە ئەو یاریە بکات. بەڵام لەگەڵ چوونە ئامادەیی، کردنی ئەوە شتێکی باش نییە. هەرچەندە زۆر کەمتر یاریەکەم دەکرد، بەڵام هەرگیزم خۆشەویستیم بۆی کەمی نەکرد، وە کاتێك تەواو گەورە بووم، دەستم کرد بە ئەنجامدانی یاریەکە لە ژیانی ڕاستەقینەدا. بلۆکەکانی بیانکردن لە باوکە دەوڵەمەندەکەمەوە:

لە دوای خوود– ئاگایەکی بەهێز و تەندروست، یەکێك لە گرنگترین بلۆکی بیانکردنی سامان ئەرکی ماڵەوەیە. لە کتێبەکانی پێشترمدا ڕوونمکردۆتەوە کە چۆن دەربارەی پارە فێربووم لەکاتێکدا کارم بۆ باوکە دەوڵەمەندەکەم دەکرد لە نۆ ساڵیمەوە بۆ ساڵەکانی زانکۆم. بەرامبەری کارەکەم، چەندین کاژێر وانەی بە من و کوڕەکەی دەگوتەوە لەسەر هەموو وردەکاریەکانی بازرگانی، هەروەها ئەو لێهاتوویانەی کە پێویست بوو بۆ بوون بە وەبەرهێن. چەندین شەممە لە بری ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانم بسوڕێمەوە یان یاری بکەم، خۆم دەبینیەوە لە نووسینگەکەی باوکە دەوڵەمەندەکەم دانیشتووم، لە پیاوێکەوە فێردەبم کە ڕۆژێك دەبێتە یەکێك لە دەوڵەمەنترین کەسەکانی هاوایی.

لە یەکێك لەو وانانەی شەممەاندا، باوکە دەوڵەمەندەکەم لە من و مایکی پرسی، " دەزانن بۆچی من هەمیشە دەوڵەمەنتر دەبم لەو کەسانەی کە

کارم بۆ دەکەن؟" من و مایك بۆ ماوەیەك گێلانە دانیشتین، لە نێو زەینماندا بۆ بۆ وەڵامێکی گونجاو دەگەڕاین، لە سەرتادا پرسیارێکی ساویلکانە دیاربوو، بەڵام باوکە دەوڵەمەندەکەمان دەناسی، دەمانزانی شتێکی گرنگ لە پرسیارەکەیدایە تا فێری ببین، لە کۆتاییدا سەرکێشی ئەو وەڵامەم کرد کە پێموابوو وەڵامێکی ئاشکرایە. گوتم،" چونکە تۆ لەوان زیاتر پارە پەیدا دەکەیت." مایك گوتی،" بەڵێ." بە نیشانەی هاوڕایی سەری لەقاند." دواجار تۆ خاوەنی کۆمپانیاکەی، وە تۆ بڕیار دەدەیت کە چەند بە تۆ ببڕێت و چەند بە ئەوان ببڕێت." باوکە دەوڵەمەندەکەم پاڵی دایەوە و بە زەردەخەنەوە،" دەی، ئەوە ڕاستە کە من بڕیار دەکەم کە هەموویان چەندێکیان پێ ببڕێت، بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە، من کەمترم لە زۆرێك لەو فەرمانبەرانە پێدەبڕێت کە کارم بۆ دەکەن." من و مایك بە نیگایەکی گوماناویەوە سەیری باوکیمان کرد. مایك پرسی،" ئەگەر تۆ خاوەنی ئەم بازرگانیە بیت، چۆن دەکرێ خەڵکی تر لە تۆ زیاتر وەرگرێت؟" باوکە دەوڵەمەندەکەم وەڵامی دایەوە،" دەی، ئەوە چەندین هۆکاری هەیە.

دەتانەوێت کە پێتان بڵێم؟" مایك گوتی،" بە دڵنیایەوە."" ئێ، کاتێك دەست دەکەیت بە کارێکی بازرگانی، پارەی نەختی زۆر کەمە، وە بە شێوەیەکی گشتی خاوەنکار کۆتا کەسە کە وەریدەگرێت." مایك پرسی،" مەبەست ئەوەیە کە هەمیشە فەرمانبەرەکان یەکەمجار پارە وەردەگرن؟"

باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند." ئەوە دروستە، وە تەنها ئەوە نییە کە سەرەتا پارە وەردەگرن، زۆر جار لەوە زیاتر وەردەگرن کە من

وەریدەگرم." پرسیم،" بەڵام بۆچی وایە؟ بۆچی خاوەنی بازرگانیەکەی ئەگەر لە کۆتایدا پارە وەربگریت و کۆتا کەس بێت؟"
" چونکە ئەوە ئەو شتەیە کە زۆربەی جار خاوەنکار پێویستە لە سەرەتادا بیکات ئەگەر پلانی بازرگانیەکی سەرکەوتووی هەبێت."
وەلامدایەوە،" ئەوە هیچ مانایەکی نییە، دەی کەواتە پێمبڵێ بۆچی ئەوەت کرد." باوکی دەوڵەمەند گوتی،" چونکە فەرمانبەر کار بۆ پارە دەکات، منیش کار بۆ پێکەوانانی سەرمایە دەکەم." مایك پرسی،" کەواتە ئەگەر ئەم بازرگانیە بنیات بنێیت، ئەو پارەیەی وەریدەگری زیاد دەبێت؟"" لەوانەیە و لەوانەش نییە. ئەمە دەڵێم چونکە دەمەوێت جیاوازی نێوان پارە و سەرمایە بکەن." باوکە دەوڵەمەندەکەم بەردەوام بوو." ڕەنگە دواتر زیاترم بەر نەکەوێت، وە بە قورسیش کار ناکەم بۆ مووچەکەم. هۆکاری بە سەختی کار کردنم بۆ بنیاتنانی سەرمایەیەکە کە نرخەکەی بەرز ببێتەوە. ڕەنگە ڕۆژێك ئەم کارەم بە ملیۆنان دۆلار بفرۆشم، یان ڕەنگە ڕۆژێك سەرۆکێك بە کرێ بگرم هەتا بۆم بەڕێوەبەرێت، منیش دەست دەکەم بە بنیانتانی کارێکی تر."
گوتم" کەواتە بە لای تۆوە، دەمەزراندنی بازرگانی پێکەوەنانی سەرمایەیە، وە سەرمایەکە زۆر گرنگترە لە پارە بۆ تۆ." هەوڵی تەواوم دەدا بۆ ئەوەی لە جیاوازی نێوان پارە و سەرمایە بگەم.
باوکە دەوڵەمەندەکەم گوتی،" ئەوە ڕاستە، وە هۆکاری دووەم کە پارەی کەم وەردەگرم ئەوەیە کە سەرچاوەگەلی تری داهاتم هەیە."
پرسیم،" مەبەست ئەوەیە پارەت لە سەرمایەی تردا هەیە."
ئەمجارەش باوکە دەوڵەمەندەکەم سەری لەقاند،" هەر بە هۆی ئەم

هۆکارەشەوە بوو کە هەر لە سەرەتاوە ئەم پرسیارەم لێکردن. بۆیە لێمپرسین بۆچی من هەمیشە لە فەرمانبەرەکانم دەوڵەمەتر دەبم. بە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کێ مووچەکەی زیاترە. هەوڵی تەواوی خۆمدا بۆ ئەوەی وانەیەکی گرنگتان فێر بکەم." مایك پرسی،" ئەی وانەکە چییە؟"" وانەکە ئەمەیە، تۆ لەسەر کار دەوڵەمەند نابیت، تۆ لەماڵەوە دەوڵەمەند دەبێت." باوکی دەوڵەمەند بە بەهێزی گوتی، بۆ ئەوەی دڵنیابێت کەقسەکانی بە سادەیی و وەرناگرین.

گوتم،" تێناگەم، مەبەست چییە، لە ماڵەوە دەوڵەمەند دەبیت؟" باوکە دەوڵەمەندەکەم وەڵامی دامەوە،" ئێ، لەسەر کارە کە پارەکە بەدەست دهەێنیت. لە ماڵیشەوە بریار لەسەر ئەوە دەدەیت کە چی لە پارەکە بکەیت. وە ئەوەی دوای بە دەستهێنانی بە پارەکە ئەنجامی دەدەیت دەوڵەمەند یان هەژارت دە مایك گوتی،" وەك ئەرکی ماڵەوە." باوکی دەوڵەمەند گوتی،" کتومت، ئەوە ڕێك ئەو ناوەیە کە لێمناوە، من ناوم لە دەوڵەمەندبوونم ناوە ئەرکی ماڵەوە." بەرگریکارانە گوتم،" بەڵام باوکم کارێکی زۆر دەهێنێتە ماڵەوە، کەچی دەوڵەمەندیش نین." باوکو دەوڵەمەندەکەم گوتی،" دەی، باوکت کارەکانی هێناوەتە ماڵەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەرکی ماڵەوەی ئەنجام نەداوە." منیش بۆم زیاد کرد،"یان کاری باخچە."

باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند." بەڵێ، جیاوازی هەیە لە نێوان ئەرکی باخچە، ئەو ئەرکی قوتابخانەیەی کە دەیبەیتە ماڵەوە، ئەو کارانەی باوکت لە نووسینگەکەیەوە دەیەێنێتەوە بۆ ماڵەوە وە ئەو جۆرە ئەرکی ماڵەوەیەی من باسی دەکەم." ئەوسا باوکە دەوڵەمەندەکەم شتێکی

پێکوتم کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە:" جیاوازی بنچینەی نێوان دەوڵەمەند، هەژار و چینی ناوەند ئەوەیە کە لە کاتی بەتاڵ و زیادەدا دەیکەن. بە تۆنێکی پرسیارئامێزەوە گوتم،" کاتی زیادە؟ مەبەست چییە لە کاتی زیادەیان؟" باوکی دەوڵەمەند بۆ ساتێك بە ڕووی من و کوڕەکەیدا زەردەخەنەی کرد. پرسی،" پێتانوایە کەی ئەم کاری ڕێستۆرانتە دەستی پێکرد.؟ پێتانوایە ئەم کارە لە هەواوە پەیدابووە؟"مایك گوتی،" تۆ و دایکم لەسەر مێزی چێشتخانەی ماڵەوە دەستان پێکردووە. لەوێوە ئەم بازرگانییە دەستی پێکرد. باوکی دەوڵەمەند گوتی،" ئەوە ڕاستە، ئەو فرۆشگا بچووکەت لە بیرە کە ساڵانێك لەمەوبەر لێیەوە دەستمانپێکرد؟مایك سەری لەقاند. گەتی،" بەڵێ، لە بیرمە. ئەو ڕۆژانە زۆر سەخت بوون بۆ خێزانەکەمان، پارەمان زۆر کەم بوو.

باوکی دەوڵەمەند پرسی،" ئەی ئێستا چەند فرۆشگامان هەیە؟مایك وەڵامیدایەوە،" خاوەنی پێنج دانەین." باوکی دەوڵەمەند پرسی،" ئەی چەند ڕێستۆرانت؟ مایك گوتی،" حەوت دانەمان هەیە." کاتێك لەوێ دانیشتبووم و گوێملێگرتن، لە چەند جیاکاریەکی نوێ تێگەیشتم. کەواتە هۆکاری ئەوەی کە لەم ڕێستۆرانتە پارە کەم بەدەست دهەێنیت ئەوەیە کە لە چەندین کاری ترەوە داهات دەست دەکەوێت؟" باوکی دەوڵەمەند بە بزیەکەوە گوتی،" ئەوە نیوەی وەڵامەکەیە، بەشەکەی تری وەڵامەکە لە ناو بۆردی یاری مۆنۆپۆلیدایە. تێگەیشتن لە یاری مۆنۆپۆلی باشترین جۆری ئەرکی ماڵەوەیە کە دەتوانن ئەنجامی بدەن." بە بزەیەکەوە پرسیم،" مۆنۆپۆلی؟" هێشتا دەنگی دایکم لە

گوێمدا دەرزنگایەوە کە دەتگوت یاری مۆنۆپۆلیەکەت لابە و دەست بکە بە ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوەت." مەبسەت چیە، مۆنۆپۆلی ئەرکی ماڵەوەیە؟" باوکە دەوڵەمەندەکەم لە کاتێکدا کە خەریکی کردنەوەی ئاشناترین یاری دونیا بوو گوتی،" با پیشانتان بدەم." دواتر پرسی،
چی ڕوو دەدات کاتێك بە دەوری ' برۆ' دا دەسووڕێیتەوە؟"
وەڵامدایەوە،" دوو سەد دۆلار کۆدەکەیتەوە. کەواتە هەر جارێك کە بە لای ' برۆ' دا تێدەپەڕیت وەك ئەوە وایە مووچە وەربگریت. ئەوە ڕاستە؟" مایك گوتی،" بەڵێ، پێموابێ. باوکی دەوڵەمەند پرسی،" وە بۆ بردنەوەی یاریەکە پێویستە چی بکەیت؟"گوتم،" دەبێت موڵك بکڕیت." باوکی دەوڵەمەند گوتی،" ئەوە ڕاستە، کڕینی موڵك ئەرکی ماڵەوەتە. ئەوەیە کە دەوڵەمەندت دەکات. نەك مووچەکەت من و مایك بۆ ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی دانیشتین. لە کۆتایدا سەرکێشی پرسیارێکم کرد لە باوکی دەوڵەمەند." کەواتە تۆ دەڵێیت کە مووچەیەکی زۆر دەوڵەمەندت ناکات؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" ئەوە ڕاستە، مووچە دەوڵەمەندت ناکات. ئەوەی کە چی لە مووچەکە دەکەیت کەسەکە دەوڵەمەند، هەژار یان مامناوەند دەکات." گوتم،" تێناگەم، باوکم هەمیشە دەڵێت ئەگەر مووچەکەی بەرز ببێتەوە، دەوڵەمەند دەبین." باوکی دەوڵەمەند گوتی،" زۆربەی خەڵکی ئاوا بیر دەکەنەوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە خەڵکی هەتا زیاتر پارە پەیدا بکەن، زیاتر دەکەونە ژێر قەرزەوە. بۆیە دەبێت زۆر سەختر کار بکەن."پرسیم،" بۆچی ئاوایە؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" لەبەر ئەوە شتانەیە کە لە ماڵەوە دەیکەن. ئەوەی کە لە کاتی بەتاڵ و زیادەدا دەیکەن، زۆربەی خەڵکی پلانێکی لاواز یان

هاوکێشەیەکی لاوازیان هەیە بۆ ئەو پارەیەی کە بەدەستی دەهێنن. مایك پرسی،" کەواتە کەسێك لە کوێ بتوانێت هاوکێشەیەکی باش بۆ سامان بدۆزێتەوە؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" ئێ، یەکێك لە باشترین هاوکێشەکان لێرەیە لە بۆردی مۆنۆپۆلیدا" ئاماژەی بۆ بۆردی یاریەکە کرد. پرسیم،" چی هاوکێشەیەك؟" باوکی دەوڵەمەند پرسی،" چۆن یاریەکە دەبەیتەوە؟" مایك وەلامیدایەوە،" موڵك دەکڕیت، دواتریش خانوویان لەسەر دروست دەکەیت." باوکی دەوڵەمەند پرسی،" چەند خانوو؟" من گوتم،" چوار. چوار خانووی سەوز." باوکی دەوڵەمەند گوتی،" چاکە، ئەی دوای ئەوەی ئەو چوار خانووە سەوزەت دروست کرد، دواتر چی دەکەیت؟" گوتم،" ئەو چوار خانووە سەوزە دەفرۆشیت و هۆتێلێکی سوور دەکڕیت.

" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" ئەوە یەکێکە لە هاوکێشەکان بۆ سامانێکی مەزن، ڕێك لەوێ لە بۆردی یاری مۆنۆپۆلیدا، یەکێك لە باشترین هاوکێشەکانی سامانت هەیە لە دونیادا. ئەو هاوکێشەیەیە کە خەڵکی شوێنی دەکەون و تا ئەودیو سنووری خەونەکانیان دەوڵەمەندیان دەکات. بە کەمێك بێباوەڕیەوە گوتم،" تۆ گاڵتەمان پێدەکەی، ناکرێ هێندە سادە و ئاسان بێت.

" باوکی دەڵەمەند سەلماندی،" ئاوا سادە و ئاسانە، ساڵانێکە ئەو پارەیەی لە کارەکەم وەریدەگرم دەچم زەوی پێدەکڕم. دواتر لەسەر داهاتی زەویەکەم دەژیم و بەردەوام دەبم لە دامەزراندنی کاری بازرگانی. هەتا پارەی زیاتر لە بازرگانیەکەمدا قازانج بکەم، پارەی زیاتر لە زەوی و زاردا وەبەردەهێنم، ئەوە هاوکێشەی سامانێکی مەزنە بۆ نەتەوەیەك لە

خەڵکی." مایك پرسی،" کە ئەوەندە ئاسانە، بۆچی خەڵکانی زیاتر ئەوە ناکەن؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" چونکە ئەرکی ماڵەوەیان ئەنجام نادەن." پرسیم،" ئەوە تاکە هاوکێشەیە بۆ سامانداری؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" نەخێر، بەڵام ئەوە پلانێکی گونجاوە کە کاری کردووە بۆ چەندین کەسی دەوڵەمەند بە درێژایی سەدەکان، کاری بۆ پاشا و شاژنەکانی وەختی خۆی کردووە، وە لە ئەمرۆشدا هێشتا کارایە. جیاوازیەکە ئەوەیە کە ئەمرۆ پێویست ناکات لە چینی خانەدان بیت بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی زەوی خۆت." مایك پرسی،" کەواتە تۆ یاری مۆنۆپۆلی لە دونیای ڕاستەقینەدا دەکەیت؟" باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند." ساڵانێك لەمەوبەر، کاتێك منداڵ بووم و یاری مۆنۆپۆلیم دەکرد، بڕیارمدا کە پلانم بۆ سامانێکی مەزن دامەزراندنی بازرگانی بێت و دواتر بازرگانیەکەم موڵکم بۆ بکڕێت.

ئەوەش هەموو ئەوەیە کە دەمکرد. تەنانەت کاتێك پارەیەیەکی زۆر کەمیشمان هەبوو، هێشتا کە دەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە بە دوای موڵکدا دەگەڕام."پرسیم،" ئایا پێویستە کە موڵك و زەوی و زار بێت بێت؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" نا، بەڵام کاتێك گەورەتر دەبیت و لە هێزی گروپ-کۆمپانیاکان و یاسای باج تێدەگەیت، ئەوسا تێدەگەیت کە بۆچی وەبەرهێنان لە زەوی و زاردا باشترین وەبەرهێنانە." مایك پرسی" دەتوانی لە چی تردا وەبەرهێنان بکەیت؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" خەڵکانێکی زۆر حەزیان لە بۆرسە و پارە بە قەرزدانە." پرسیم،" ئایا پارەت لە بۆرسە و قەرزدا هەیە؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" بێگومان، بەڵام زیاتر لە زەوی و زاردایە پارەم هەیە." پرسیم،" بۆچی؟ دەی،

چونکە بانکەوانەکەم قەرزم پێدەدات بۆ کڕینی زەوی و زار، بەڵام ڕوخساری گرژ و مۆن دەبێت کاتێک قەرزم پێدەدات بۆ کڕینی بۆرسە. کەواتە بە هۆی زەوی و زارەوە دەتوانم پارەکەم زیاتر بکەم. یاسای باجیش لە سوودی زەوی و زاردایە. بەڵام ئێمە لە مەبەستەکە دوورکەوتینەوە." پرسیم،" مەبەستەکە چییە؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" مەبەستەکە ئەوەیە، لە ماڵەوە دەوڵەمەند دەبیت، نەک لەسەر کار. بەڕاستی دەمەوێت لەوە تێبگەن، بەلامەوە گرنگ نییە ئەگەر ئێوە زەوی و زار، بۆرسە، تەندەر بکڕن یان بازرگانی دامەزرێنن. ئەوەم بەلاوە گرنگە کە بزانن زۆربەی خەڵکی لەسەر کار دەوڵەمەند نابن. لە ماڵەوە دەوڵەمەند دەبیت بە ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوەت." گوتم،" وانەکە فێربووم، کەواتە دوای ئەوەی کە کارت لێرە لە ڕێستۆرانتەکە تەواو دەبێت، دواتر بۆ کوێ دەچیت؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" خۆشحاڵم کە پرسیت، دەی وەرن، با بچینە ئۆتۆمۆبێلەکەمەوە و پیاسەیەک بکەین. پیشانتان دەدەم کە دەچم بۆ کوێ دوای تەواوبوونی کار."

چەند خولەکێك دواتر، گەیشتینە پارچە زەویەکی گەورە کە ڕیز لە دوای ڕیز خانووی لەسەر بوو." ئەمە بیست فەدان[1] زەوی سەرەکیە." باوکی دەوڵەمەند وای گوت، کاتێک بە دەستی ئاماژەی بۆ زەویەکە کرد. گاڵتەجارانە گوتم" موڵکی سەرەکی؟ ڕەنگە تەنها دوانزە ساڵ بووبێم، بەڵام هەر بە بینین دەمزانی کە گەڕەکێکی کرێ-کەمە" ئەم شوێنە زۆر خراپ دیارە." باوکی دەوڵەمەند گوتی،" دەی، ڕێگەمبدەن شتێکتان بۆ ڕوونبکەمەوە، بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم خانووانە ئەو خانووە سەوزانەی

---

[1] بەکەیەکی بنوانەی خانوویەرەە کە دەکاتە ١٨٤٨ یاردی چوارگۆشە.

سەر بۆردی مۆنۆپۆلیەکەن. دەتوانن ئەوە ببینن."
من و مایك بە هێواشی سەرمان لەقاند، هەوڵی تەواوماندا بۆ بەکارهێنانی خەیاڵمان. هەرچەندە، خانووەکان هەمان ئەو خانوو سەوزە رێك و پاکانەی سەر بۆردی مۆنۆپۆلی نەبوون. رێك پێکەوە پرسیمان." ئەی کوا هۆتێلە سوورە گەورەکە؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی." بەرێوەیە، بەرێوەیە. بەڵام هۆتێلی سوور نابێت. لە چەندساڵی داهاتوودا، شارۆچکە بچووکەکەمان بەم ئاڕاستەیەدا گەورە دەبێت. شارەکە پلانی بنیاتنانی فرۆکەخانەی لە لاکەی تری ئەم موڵکە ڕاگەیاندووە."
پرسیم،" کەواتە ئەم خانووانە و زەویەکە لە نێوان فرۆکەخانە و شارۆچکەکەدا دەبێت؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" رێك زانیت، دواتر کە کاتی خۆی هات، هەموو ئەم خانووی کرێیانە دەڕوخێنم و دەیکەم بە پارکێکی پیشەسازی کەرەستەگەلی بچووك. دواتریش یەکێك لە گرنگترین پارچە زەویەکانی شارۆچکەکە کۆنترۆڵ دەکەم."
مایك پرسی،" ئەی دواتر چی دەکەیت؟"
باوکی دەوڵەمەند گوتی،" شوێن هەمان هاوکێشە دەکەوم، خانووگەلی سەوزی تر دەکڕم، کە کاتی خۆی هات دەیانگۆڕم بۆ هۆتێلی سوور یان پارکی پیشەسازی بچووك یان شووقە یان هەر شتێکی تر کە لەو کاتەدا شارەکە پێویستیەتی. من کەسێکی زۆر زیرەك نیم، بەڵام دەزانم کە چۆن شوێن پلانێکی سەرکەوتوو بکەوم. بە سەختی کاردەکەم و ئەرکی ماڵەوەم ئەنجامدەدەم.
کاتێك من و مایك دوانزە ساڵان بووین، باوکی دەوڵەمەند دەستی کرد بە جووڵە بۆ بوون بە یەکێك لە دەوڵەمەنترین کەسەکانی هاوایی. نەك تەنها

هەر پارچە زەویە پیشەسازیەکەی کڕی، بەڵکو پارچە زەویەکی کەنار دەریایشی کڕی، بە بەکارهێنانی هەمان هاوکێشە. لە تەمەنی سی و چوار ساڵیدا، لە بازرگانیکی نادیارەوە بوو بە بازرگانێکی دەوڵەمەند و بە دەسەلات. ئەرکی ماڵەوەی ئەنجامدەدا.

لە باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژاردا، وانەی ژمارە یەکی باوکی دەوڵەمەند ئەوە بوو کە دەوڵەمەند کار بۆ پارە ناکات. لە بری ئەوە، هۆشی چڕ دەکاتەوە لەسەر ئەوەی پارە کاری بۆ بکات. وەك کوڕێکی لاو، هەمیشە کاریگەری ئەو بەراوردکاریەی نێوان وانەکانی بۆردی یاری مۆنۆلۆپی و ژیانی ڕاستەقینەی باوکە دەوڵەمەندەکەم و چەندین کەسایەتی سامانداری ترم بیر دەمێنێت. لە ڕاستیدا سامانەکەیان بەدەستهێنابوو بەوەی کە باوکە دەوڵەمەندەکەم پێیدەگوت" ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوەیان." بۆ من، ئەو بیرۆکەیەی کە سامان لە ماڵەوە بە دەست دێت نەك لە سەر کار، وانەیەکی کاریگەر و گرنگ بوو لە باوکە دەوڵەمەندەکەمەوە. باوکە ڕاستەقینەکەم کارێکی زۆری دەهێنایەوە ماڵەوە، بەلام زۆر کەم ئەرکی ماڵەوەی ئەنجامدەدا.

هەر کە لە ڤێتنام گەڕامەوە ساڵی ١٩٧٣یەکسەر بەشداری کۆرسێکی وەبەرهێنانی زەوی و زارم کرد کرد، کە لە تی ڤی بانگەشەی بۆ دەکرا. کۆرسەکە ٣٨٥ دۆلاری تێچوو. بەلام من و هاوسەرەکەمی کرد بە ملیۆنەر. داهاتی ئەو زەویەی کڕیمان بە بەکارهێنانی ئەو هاوکێشەیەی لە کۆرسەکەدا دەگوترایەوە ئازادی بۆ فەراهەم کردین.

من و هاوسەرەکەم پێویست نەبوو چیت کار بکەین بە هۆی ئەو داهاتە نادیارەی لە وەبەرهێنانی خانووبەرەکەوە دەهات. کەواتە ئەو کۆرسە

٣٨٥ دۆلاریە شتێکی پێدامەوە کە زۆر لە پارە گرنگتر بوو. ئەو زانیاریەی لە کۆرسەکەوە وەرمانگرت شتێکی بۆ من و هاوسەرەکەم فەراهەم کرد کە زۆر لە ئاسایشی کار گرنگتر بوو. ئاسایشی دارایی و ئازادی دارایی بۆ دەستەبەر کردین. بە سەختی کارمان کرد، هەروەها ئەرکی ماڵەوەشمان ئەنجامدا.

هەروەك باوکە دەوڵەمەندەکەم لە کاتێکدا یاری مۆنۆلۆپی لەگەڵ من و مایکدا دەکرد گوتی،" لە سەر کار دەوڵەمەند نابیت، لە ماڵەوە دەوڵەمەند دەبێت."

## یاریەکان لە بلیمەتیەک زیاتریان پێویستە

سیسیەمی خوێندن بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت دەخاتە سەر بلیمەتی زمانەوانی-زارەکی. پێشتر باسی ئەو ململانێیانەم کرد کە ڕەنگە منداڵان دووچاری ببن ئەگەر بلیمەتیەکەیان بلیمەتی زمانەوانی-زارەکی نەبێت، ئەو بلیمەتیەی کە شێوازی ئاسایی پێوانەکردنی ئاستی زیرەکیە.

لە قوتابخانە، من لە خوێندنەوە، نووسین، گوێگرتن و تاقیکرنەوەدا باش نەبووم. هەر دانیشتن لە پۆلدا بە ئازار بوو، بەهۆی فرە چالاکبوونم تەنانەت لە ئەمڕۆشدا، باشتر فێردەبووم بە دەرخستنی ئەو بلیمەتیانەی کە لە بلیمەتی جەستەیی، دەرەکی، ناوەکی، گەردوونی و بیرکاریدا هەن. بە دەربرینێکی تر، باشتر فێردەبووم بە بەکارهێنانی چەند بلیمەتیەك. باشتر فێردەبووم بە ئەنجامدان، قسەکردن، کاری گروپی و پێکەوەیی، پێشبڕکێ و چێژ وەرگرتن. لە کاتێکدا کە دەشمتوانی بخوێنمەوە و بنووسم، بەڵام بە ئازارترین شێواز بوون بۆ وەرگرتن و بەخشینی زانیاری. لەبەرئەوە بوو قوتابخانە بە ئازار بوو وە حەزم لە یاری کردن بوو کاتێك

منداڵ بووم هەروەها هۆکاری ئەوەیە کە هێشتاش حەزم لە یاری کردنە وەك پێگەشتوویەك. لە بلیمەتیەك زیاتر پێویستە بۆ فێربوون و بردنەوەی یاریەك. زۆربەی جار یاریەکان مامۆستایەکی باشترن لەو مامۆستایانەیە کە لە پێشەوەی پۆل دەوەستن و وانە دەڵێنەوە.

ڕقم لە دانیشتن بوو لە ناوەوەی داخراوی پۆلدا، هەتا ئەم ڕۆژەش ڕەتی دەکەمەوە لە نووسینگەیەکدا دانیشم. زۆر جار دەبیستم خەڵکی دەڵێن،" ڕۆژێك هەر دێت کە نووسینگەیەکی ڕوکنم دەبێت کە هەردوو لای پەنجەرە دەبێت." هەرگیز نامەوێت لە نووسینگەیەکدا دابنیشم. خاوەنی بینای نوسینگەکانم، بەڵام خۆم نووسینگەم نییە. ئەگەر پێویست بکات کۆبوونەوەیەك بکەم، ئەوە هۆڵی کۆنفرانسی کۆمپانیا بەکاردەهێنم یان دەچمە ڕێستۆرانتێك. بە منداڵی ڕقم لەوە بوو لە شوێنی داخراودا بم، ئێستاش بە هەمان شێوە ڕقم لێیە. باشترین شێواز بۆ ئەوەی لە شوێنێکی داخراودا بە دانیشتووی بمەێڵنەوە یاری کردنە. ئەمڕۆ دەچمە سەر کار و بەردەوامم لە یاریکردن--- بەڵام ئەم جارە ئەنجامدانی یاری مۆنۆپۆلیە بە پارەی ڕاستەقینە. ئەو یاریە دەکەم چونکە بەو شێوەیەیە کە باش فێردەبم.

کاتێك باوکە ڕاستەقینەکەم حەزمی بۆ یاری و وەرزش بینی، درکی بەوە کرد کە من بە ئەنجامدان باشتر فێردەبم وەك لە گوێگرتن. دەیزانی لە کۆلێژیکی ئەکادیمی ڕاستەقینەدا باش نابم. بە درککردن بەوەی کە فێرخوازێکی چالاکم، هانیدام بەشێك هەڵبژێرم کە بە شێوەیەکی کرداری وانە بە خوێندکارەکان بڵێنەوە لە بری گوێگرتن. هەر لەبەر ئەوە بوو داواکاریم پێشکەش کرد و کاندیدی ئەنجومەن بووم بۆ ئەکادیمیای

سوپای دەریـایی ئـەمریکا و ئـەکادیمیای بازرگـانی دەریـای ئـەمریکا. داواکاریم پێشکەشی بەشانێك کرد کە بـە کەشـتی بمنێرنـە دەریـاوە و لـە تەواوی دونیادا وانە بخوێنم. فێربووم ببم بە ئەفسـەری کەشـتی بـە بـوونم لەسەر کەشتی. دوای دەرچوون، ڕۆیشتم بۆ سوپای دەریایی بۆ فێربوونی فڕۆکەوانی و ئەویندارى بووم. حەزم لە فێربوون بوو لەسەر ڕووی کەشـتی و نـاوەوەی فڕۆکـەدا. توانـای بەرگـەگرتنی کـاری داواکـراوی پۆلـە داخراوەکـانم هـەبوو چـونکە دەبـووە هـۆی فێربـوونی ڕاسـتەقینەی کەشتیوانی و فڕۆکـەوانی. لـە پۆلـدا خوێنـدم چـونکە دەمویسـت فێـربم. کاتێك دمویست فێربم، سەختر دەمخوێند، بێـزار نـەبووم، هەسـتم دەکـرد زیرەکترم. نمرەی بەرزتر مانـای ئـەوە بـوو کـە دەتـوانم شتگەلی خۆشـی زیاتری وەك کەشتیوانی و فڕین بۆ تـاهیتی، ژاپـۆن، ئالاسـکا، ئوسـتراڵیا، نیوزلەنـدا، ئـەورووپا، ئـەمریکای باشـوور، ئـەفریقا و بێگومـان ڤێتنـامیش ئەنجام بدەم.

ئەگـەر باوکـە ڕاسـتەقینەکەم شـێوازە جیاوازەکـانی فێربـوونی بـۆ ڕوون نەکردسەرمایەتەوە، لەوانە بوو لە خوێندن بێمە دەر. لەوانەبوو کۆلێـژێکی پـۆل ئاسـام هەڵبژاردایـە و بێـزار ببووسـەرمایە، زۆر بەشـداریم بکردایـە و وازم لە ڕۆیشتن بۆ پۆلەکە بهێنایـە. ڕقـم لەوەیـە لـە شـوێنی داخـراودا بم. ڕقـم لەوەیـە بێـزاربم و وانـەم پێبگوترێتـەوە. وە ڕقـم لـەو بابەتانەیـە کـە ناتوانم بیانبینم، دەستیان لێبدەم و هەستیان پێبکـەم. بـاوکم بلیمـەتێکی زمانـەوانی-زارەکـی بـوو، بـەڵام هێنـدە زیـرەك بـوو تـا لـەوە تێبگـا کـە منداڵەکانی وا نین. هۆکاری ئەوەی بـە دەگمـەن لۆمـەی دەکـردین لەسـەر ئەوەی لە خوێندن خـراپین، هەرچـەندە کـە سـەرۆکی پـەروەردەش بـوو،

ئەوە بوو کە چوار منداڵەکەی بە شێوازی جیاواز فێردەبن. لە بری تانە و تەشەر لێدان لەوەی کە نمرەی بەرزمان نەهێناوە، هانی‌دەداین ئەو شێوازە بدۆزینەوە کە بە شێوەیەکی سروشتی باشترین شێوازی فێربوونمانە. هەروەها باوکە ڕاستەقینەکەم لەوە تێگەیشتبوو کە پێویستیم بە هاندرێك، خەڵاتێك هەیە لە کۆتایی خوێندنەکەمدا. دەیزانی کە من بەشی خۆم یاخی و شەڕانیم هەتا بە سادەیی شوێن فەرمانەکەی" بڕۆ بۆ قوتابخانە" بکەوم. پێویستم بە هۆکارێك بوو. بەشی ئەوە زیرەك بوو کە بزانێت گوتنی" بڕۆ بۆ قوتابخانە، نمرەی بەرز بهێنە هەتا بتوانی کارێکی باشت دەستکەوێت و لە نووسینگەدا دابنیشیت." هانم نادات بۆ ئەوەی حەزم لە قوتابخانە بێت. دەیزانی کە پێویستە ئەوە بخوێنم کە دەمویست بیخوێنم، فێربوون بەو شێوازەی کە باشترین شێوازی فێربوونە بۆم، وە ئەوەی لە کۆتایی خوێندنەکەمدا دیاریەکی نایابم پێبدات. یارمەتیدام ئەم شتانە لەسەر خۆم بزانم. هەرچەندە باوکم حەزی لە بیرۆکەی یاریکردنی مۆنۆپۆلی بۆ چەندین کاژێر نەبوو لەگەڵ باوکە دەوڵەمەندەکەمدا، بەڵام مامۆستایەکی هێندە زیرەك بوو کە بزانێت من بۆ ئەو پاداشتانە یاری دەکەم کە دەتوانم لە یاریەکەدا بەدەستیان بخەم. دەیزانی دەتوانم داهاتووم ببینم. هەر لەبەرئەوە بوو کە دەیگوت،" بڕۆ بۆ خوێندن و دونیا ببینە. دەتوانی لەسەر هەموو دونیا یاری مۆنۆپۆلی بکەیت. ناتوانم بۆ هەموو بەشێکی دونیات بنێرم، بەڵام ئەگەر بچیتە بەشێك کە ڕێگەت بدات تەواوی دونیا بگەڕێت و بخوێنیت، ئەوسا چێژ لە خوێندنەکەت دەبینیت."

باوکم نەیدەزانی کە ئەم بیرۆکەیە بە مێشکمەوە دەلکێت، بەڵام وابوو. بۆ ئەو، گەشتکردن بە دونیادا و ئەنجامدانی یاری مۆنۆپۆلی هیچ مانایەکی نەبوو. بەڵام کە بینی گەشامەوە بەو بیرۆکەیەی بە دونیادا بگەڕێم و بخوێنم، دەستی کرد بە هاندانم. شتێکی دۆزیەوە کە سەرنجی ڕاکێشام. تەنانەت وردە وردە حەزی لە بیرۆکەی یاریکردنی مۆنۆپۆلیش کرد، هەرچەندە نەیدەتوانی لە بیرۆکەی وەبەرهێنانی خانووبەرە لە تەواوی دونیادا تێبگات. لە دونیای ڕاستەقینەی ئەودا نەبوو، بەڵام دەیتوانی ئەوە ببینێت کە دەبێتە بەشێك لە دونیای من. لەبەرئەوەی خۆم پێشتر بۆردی مۆنۆپۆلیم هەبوو، دەستیکرد بە هێنانەوەی کتێب لەسەر دەریاوانی و گەشتکردن بە جیهاندا.

بۆیە لە کۆتاییدا، تەنانەت باوکە مامۆستاکەشم لاری نەبوو لەوەی یاری مۆنۆپۆلی بکەم. دەیتوانی ئەوە ببینێت کە تەنها بەلامەوە خۆش نییە، بەڵکو بەلامەوە سەرنجراکێشیشە. تواني یاریەکە و ئەو بابەتانەی کە دەمویست بیانخوێنم لێك مارە بکات. ئەو پاداشتەی دۆزیەوە کە بە قورسی بۆیم دەخوێند--- ئەو پاداشتەش گەڕان بوو بە دونیادا و ئەنجامدانی یاری مۆنۆپۆلی بوو لە ژیانی ڕاستەقینەدا. وای هەستدەکرد کە ئەوە کەتوارەیەکی [1] منداڵانە و پێنەگەیشتووە. بەڵام ئەوە کەتوارەیەك بوو کە دەمتوانی پێی خۆشحاڵبم. باوکم بە جۆرێك دەیزانی کە کاتێك یاری مۆنۆپۆلی دەکەم، دەتوانم داهاتووم لە کۆتایی یاریەکەدا ببینم. ئەو نەیدەتوانی بیبینێت، بەڵام دەیزانی کە من دەتوانم بیبینم--

---

[1] واقیع

- وە ئەوەی کە دەمتوانی بیبینم یان خەریکبوو دەمبینی بەکارهێنا وەک پاداشتێك هەتا لە خوێندندا بمهێڵێتەوە و بە سەختی بخوێنم.

ئەمڕۆ گەشتی دونیا دەکەم و یاری مۆنۆپۆلی بە پارەی ڕاستەقینە دەکەم. هەرچەندە لێهاتوویم لە نووسین و خوێندنەوەدا بەهێز نییە، دەخوێنمەوە و دەنووسم چونکە باوکە مامۆستاکەم هێندە زیرەك بوو کە بابەتگەلێك بدۆزێتەوە کە بەلامەوە سەرنجراکێش بێت، لە جیاتی ئەوەی زۆرم لێبکات ئەو بابەتانە بخوێنم کە حەزم لێیان نییە.

## هاوکێشەی بردنەوە

یەکێك لە گرنگترین ئەو شتانەی لە مۆنۆپۆلیەوە فێربووم هاوکێشەی بردنەوەم بوو. دەمزانی ئەوەی کە پێویست بوو بیکەم کڕینی چوار خانووی سەوز بوو و گۆڕینیان بوو بە هۆتێلێکی سوور. بە دیاریکراوی نەمدەزانی کە چۆن ئەوە بکەم، بەڵام دەمزانی کە دەتوانم ئەنجامی بدەم--- بە لایەنی کەمەوە ئەوە ئاگایی من بوو لەو کاتەدا. بە دەربڕینێکی تر، لە نێوان تەمەنی نۆ بۆ پانزە ساڵیدا، زانیم کە بلیمەتێکی ئەکادیمی نیم وەك ئاندی مێرووی برادەرم. کاتێك کە هاوکێشەکەم لە یاری مۆنۆپۆلیدا دۆزیەوە دواتریش هەر بەڕاستی دەمتوانی خانووە سەوزەکانی باوکە دەوڵەمەندەکەم ببینم و دەستیان لێبدەم و هەستیان پێبکەم، هاوکێشەی بردنەوەی خۆمم دۆزیەوە. دەمزانی کە هاوکێشەی باوکە هەژارەکەم دەربارەی بە قورسی خوێندن و بە قورسی کارکردن بۆ ئاسایشی کار و تەواوی ڕۆژەکە دانیشتن لە نووسینگەیەکدا بۆ من نابێت. بۆیە ئەوە هەواڵێکی خۆش بوو. بەڵام هەر وەك گوتم، هەر دراوێکی کانزایی دوو ڕووی هەیە. هەواڵە ناخۆشەکە

ئەوەیە ئەو کاتەی کە بوومە پانزە ساڵ، هەڕەشەی،" ئەگەر بە باشی نەخوێنیت، نمرەی بەرز نەهێنیت، کارێکی باش بە دەست نەهێنیت. ئەوا سەرکەوتوو نابیت." کاریگەریەکی زۆر کەمی هەبوو لەسەر هاندام بۆ خوێندنی ئەو بابەتانەی کە حەزم لێیان نەبوو.

کاتێك لە نمرەی منداڵانی دەرنەچووی ئەمڕۆ دەڕوانم، باوەڕم وایە هەمان نەبوونی هاندەر کە کاری لە من کرد لەسەر ئەوانیش کاریگەری هەیە. منداڵان گەمژە نین. لە ڕاستیدا، منداڵان زۆر واقعی ترن لە زۆر کەسانی پێگەیشتوو. یەکێك لەو هۆکارانەی کە وای لە سیستەمی خوێندن کردووە کە بە کاتێکی قورسدا تێپەڕێت لە فێرکردنی منداڵاندا ئەوەیە کە کەس هۆکارێکی خۆشیان پێنادات بۆ ئەوەی بە قورسی بخوێنن و لە قوتابخانە بمێنەوە. پێموایە زۆرێك لە منداڵان زۆرتر حەزیان لە خوێندن دەبوو ئەگەر لە پۆلی یەکەمدا دەستیان بە یاری مۆنۆپۆلی بکردایە دواتر پرسیاریان لێبکرایە کامیان حەز دەکەن بەشداری کۆرسی" کێ دەیەوێت ببێتە ملیۆنەر کاتێك خوێندن تەواو دەکات؟" بکەن. ئەگەر منداڵێك بە ڕاستی بیەوێت ببێتە ملیۆنەر. دەتوانی هەمان ئەو کۆرسەی پێبڵێیتەوە کە من بە منداڵی خوێندوومە. لەوانەیە منداڵەکە بە ڕاستی بیخوێنێت، چونکە پاداشتەکەی کۆتایی شادیهێنەرە و شایەنی بۆ خوێندنە.

کەواتە هەواڵە خۆشەکە ئەوە بوو بە یاریکردنی مۆنۆپۆلی، هاوکێشەی بردنەوەمم دۆزیەوە. دەمتوانی داهاتووم لە کۆتایی یاریەکەدا ببینم. هەر کە زانیم دەتوانم بیکەم، ویستم ببم بە ملیۆنەر. ئەوە شادیهێنەر بوو بۆ من، وە ئامادەیی خوێندن بووم بۆ ئەوەی بەدەستیبهێنم. بەڵام زۆر زیاتر لە دەوڵەمەندبوون، دەمتوانی لە کۆتایی یاریەکەدا داهاتووم ببینم

که له ڕووی دارایەوه پارێزراو و ئازادم. ئەو خوود- ئاگاییەم نەبوو کە پێویستم بە کارێکی پارێزراو یان کۆمپانیا یان حکومەت هەیە تا ئاگایی لێمبێت. لە تەمەنی پانزە ساڵیدا، دەمزانی کە دەوڵەمەند دەبم. هەر بە تەنها بیرم لێنەدەکردەوە، بەڵکو دەمزانی. کاتێك ئەوەم زانی، خوود- ئاگاییم فڕی بە هەوادا. ئەوەم دەزانی، تەنانەت ئەگەر نمرەی بەرزیشم نەبێت، نەچمە قوتابخانەیەکی باش و کارێکی باشیشم نەبێت، هێشتا من هەر دەوڵەمەند دەبم.

هەواڵە خراپەکە ئەوە بوو بەردەوام نا ئارامتر دەبووم. ئەگەر بەهۆی باوکە مامۆستاکەم و باوکە دەوڵەمەندەکەمەوە نەبووایە کە هانیان دەدام لە خوێندن بمێنمەوە و بڕوانامەی زانکۆ بەدەستبهێنم، ڕەنگە زوو خوێندنم بەجێبهێشتایە. زۆر سوپاسگوزاری دانایی باوکە مامۆستاکەم، باوکە دەوڵەمەندەکەم و هەندێك مامۆستای ئامادەییم کە ڕێنیشاندەرم بوون دەکەم، لە بری ئەوەی بەسەرما هەڵشاخێن، لەو دۆخە زۆر قورسەی ژیانمدا. بە یارمەتی ئەوان، ڕێگەیەکم دۆزیەوە بۆ مانەوە لە خوێندن و بوون بە خوێندکارێکی باش. یارمەتیاندام کە ئەو شێوازە بدۆزمەوە کە باشترین بوو بۆ فێربوونم، لە بری ئەوەی زۆرم لێبکەن بەو شێوازە بخوێنم کە سیستەمی خوێندن دەیویست پێی فێربم.

باوکە مامۆستاکەم دەیتوانی ئەوە ببینیت کە من بە ئەنجامدان باشتر فێر دەبم وەك لە نووسین و خوێندنەوە. گرێی لە خەونەکانم بۆ گەشتکردن بە دونیادا بەردا و ئەو خەونانەی لەگەڵ یاری مۆنۆپۆلی پەیوەست کرد. بە زانینی ئەوە، شێوازگەلێکی دۆزیەوە بۆ هاندانم تا لە قوتابخانە بمێنمەوە و یارمەتیدام بەشێك بدۆزمەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ شێوازی فێربوونم.

خەمی نمرەکانم یان خەمی ئەوەی بچمە بەشێکی ئاست بەرز و گرنگی نەبوو. خەمی مانەوەمی بوو لە خوێندن، بە دەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆ، وە لە هەمووی گرنگتر، بەردەوام بوون لە فێربوون. بە دەربڕینێکی تر، باوکە ڕاستەقینەکەم ئەرکی ماڵەوەی ئەنجامدا.

باوکە دەوڵەمەندەکەم شتگەلی جیاوای فێرکردم لە یاری مۆنۆپۆلیەوە. یەکێك لە هاوکێشەکانی بردنەوەی دەوڵەمەندانی فێرکردم. ئەو ئاگاییەمی گۆڕی بەوەی فێری کردم کە دەتوانم یاری ژیان بەرمەوە تەنانەت ئەگەر لە خوێندنیش باش نەبم و کارێکی مووچە زۆریشم نەبێت. هاوکێشەی بردنەوەکەی خۆی پیشاندام، ئەو هاوکێشەیەی کە بۆ ژیانم هەڵمگرتەوە و بەکارمهێنا. بە دەربڕینێکی تر، باوکە دەوڵەمەندەکەشم ئەرکی ماڵەوەی ئەنجامدا. وەك زۆر جار دەیگوت، " لەسەر کار دەوڵەمەند نابیت، بەڵکو بە ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوەت دەوڵەمەند دەبیت."

## فێرکردنی منداڵانی زیرەک و دەوڵەمەند

لە لایەن یەکێك لە کۆمپانیا پێشەنگەکانی بازارگەری ئینتەرنێتی داواملێکرا وانە دەربارەی وەبەرهێنان بەوانە بڵێمەوە کە پێیان دەگوتن" نەوەی داهاتوو." پێمگوترا کە نەوەی داهاتوو ئەو منداڵانەن کە دایك و باوکیان لە بازرگانی بازارگەری ئینتەرنێتدا سەرکەوتوو بوون. کاتێك پرسیم بۆچی ئەم منداڵانە پێویستیان بەوەیە دەربارەی وەبەرهێنان فێربن، وەڵامەکەیان ئەمە بوو،" چونکە زۆربەی ئەو لاوانە بازرگانیەکی ملیۆن دۆلاری، لە هەندێ باردا ملیار-دۆلاریان بە میرات بۆ دەمێنێتەوە. شارەزاییە بازرگانیەکانمان فێرکردوون ئێستاش پێویستە شارەزایی

وەبەرهێنانیان فێر بکەین." بەو وەڵامە، زانیم بۆچی داوایان لێکردووم کە قسەیان بۆ بکەم.

دوو ڕۆژم لە هەوارێکی خلیسکێنەی سەر بەفر بە قسەکردن بۆ حەفتا و پێنج گەنج، کە تەمەنیان لە نێوان پانزە بۆ سی و پێنج ساڵیدا بوو دەربارەی گرنگی وەبەرهێنان بەسەر برد. زۆر خۆش بوو چونکە هیچ پرسیارێکی وەك" پارە لە کوێ بهێنم بۆ وەبەرهێنان؟" نەبوو. وەك باوکە دەوڵەمەندەکەم گوتی،" تەنها دوو جۆر گرفتی پارە هەیە. گرفتێکیان نەبوونی پارەی پێویستە، گرفتەکەی تر بوونی پارەیەکی لە ڕادەبەدەرە." وە ئەم خەڵکە لاوانە گرفتی دووەمیان هەبوو.

لە ڕۆژی دووەمی کۆرسەکەدا، بە دەست خۆم نەبوو تێبینی ئەوە نەکەم کە ئەم لاوانە چەند جیاوازن. لە هیچ لەو لاوانە نەدەچوون کە پێشتر بینیبوومن. تەنانەت هەرزەکارەکانیشیان دەیانتوانی گفتوگۆ دەربارەی پارە، بازرگانی، وەبەرهێنان بکەن کە ەی نێوان دوو کەسی پێگەیشتوو بوو، نەك هەرزەکارێك و پێگەیشتوویەك. هێندە پیر بووم کە بە باوکیان بشێم. کەچی زۆر جار وام هەست دەکرد کە قسە لەگەڵ هاوکارەکانم دەکەم لەسەر مێزی ژووری کار. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەم لاوانە لە ناو بازرگانیدا گەورە بوون، وە زۆربەیان جوولەی نەختی و دامەزراوەیەکی وەبەرهێنانی وا بەڕێوە دەبەن کە زۆر لەوەی من گەورەترە. ئەزموونێکی خاکیانە بوو بۆ من، بەلام لەگەڵ ئەوەی کە ئەم لاوانە ئەوەندە دەوڵەمەندیش بوون، ئەو پۆز، خۆ بەشت زانین و لە خۆباییبوونەیان تێدا نەبوو کە زۆرینەی جار لە خەڵکانی لاودا بوونی هەیە. درکم بەوە کرد کە زۆربەی ئەم لاوانە لە ماڵەوە لەگەڵ دایك و باوکیان و بازرگانی دایك و

باوکیان گەورە بوون. نەک تەنها ئاسوودەبوون لەگەڵ پێگەیشتوواندا، بەڵکو ئاسوودەش بوون بە قسەکردن لەگەڵ پێگەیشتوواندا دەربارەی پارە و بازرگانی. پێشتر هەندێك لەم لاوانەم بینی بوو، هەندێکیان تەنها چواردە ساڵان بوون، کاتێك چوونەتە سەر سەکۆ و قسەیان بۆ چوار هەزار کەس کردووە و ئیلەامیان بە تەواوی هۆڵەکە بەخشییوە. من تەمەنم سی و حەوت ساڵ بوو کە چوومە سەر سەکۆ ووتارم پێشکەش کرد، وە ووتارێکی زۆر بێزارکەریش بوو.

کاتێك بە شاخەکەدا دەهاتمە خوارەوە بۆ فرۆکەخانەکە، بۆم دەرکەوت کە من و مایکی باشترین هاوڕێم، هەمان ئەزموونمان بینوە. هەروەها درکم بەوە کرد کە مایك زۆرقورستر لە زانکۆ هەولێدەدا چونکە پاداشتەکەی لە دوای خوێندن لە بەشی بازرگانی وەرگرتنی بازرگانیەکەی چەندان ملیۆن دۆلاری بوو. درکم بەوەش کرد کە منیش سوودمەند بووم لە باوکێك کە لە ماڵەوە کاریان دەکرد و کاتیان هەبوو کە من و کوڕەکەی فێری لێهاتوویەك بکات کە بتوانرێ بگوێزرێتەوە بۆ ژیانی ڕاستەقینە. کاتێك قسە بۆ خەڵکی دەکەم بە ڕەچاوکردنی بازرگانی ناوماڵی[1] --- هەر شتێك لە بازارگەڕی ئینتەرنێتەوە بۆ ماف یاسایی دەسپێکردنی شتێکی تایبەت بە خۆیان--- باسی ئەو لاوانە دەکەم کە لە شاخەکە بینیمن. بازرگانیەکی ناوماڵی دەکرێت زۆر زیاتر لە سەرچاوەی تری داهات و کەمکردنەوەی باج سوودی هەبێت. هەندێك لەو سوودانە ناپێورێت و نرخی دیاریناکرێت. بۆ هەندێك خەڵك کە منداڵیان هەیە، بازرگانیەکی ناوماڵی شێوازی ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوەیانە و

---

[1] واتە لە ناو ماڵدا بازرگانیەکە ئەنجامبدرێت.

فێرکردنــی منداڵەکانیانــە بــۆ کردنــی هــەمان شــت. وەك باوکــە دەوڵەمەندەکــەم گــوتی،" لەســەر کــار دەوڵەمەنــد نابیــت، لــە ماڵــەوە دەوڵەمەند دەبیت." ڕەنگە ئەوە ئەو دەوڵەمەندیەش بگرێتەوە کە زۆر لە پێش پارەوەیە.

بە درێژایی مێژوو، هەندێك لە دەوڵەمەنترین کەسـەکان دەوڵەمەنـد بـوون بە دەستپێکردن لە ماڵەکانی خۆیانەوە. هێنری فۆرد[1] لـە گەراجەکەیـەوە دەسـتیپێکرد. کۆمپانیـای هیولێـت- پاکـارد[2] لـە گەراجێکـدا دروسـتبوو. مایکـڵ دێـل[3] لـە ژووری نووسـتنیەوە دەسـتیپێکرد. کۆلۆنێـڵ سـاندەرز[4] دەوڵەمەنـد نـەبوو هـەتا ئـەو کاتـەی شـەقامێك بەسـەر ڕێسـتۆرانتەکەیدا دروسـنەکرا و ناچـار کـرا واز لـە ڕێسـتۆرانتەکەی بێنێـت. کەواتـە ئامۆژگاریەکەی باوکە دەوڵەمەندەکەم کە لەسەر کار دەوڵەمەند نابیت بۆ چەندین کەسی دەوڵەمەند کاری کردبوو. وەك تێبینیـەکی لاوەکی، یاریـە بۆردەکەی ئێمـە جووڵـەی نـەختی ۱۰۱[5]. لەسـەر مێـزی نانخواردنەکـەمان دروسکراوە. باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژار لە کابینەکـەی سـەر چیاماندا نووسراوە. هێشتا نووسینگەم نییە، چونکە تـا ئـەمڕۆش ڕقـم لەوەیـە لـە شوێنی داخراودا گیر بخۆم. بە هەمان هاوکێشە کاردەکەم کە بە هاوکاری هـەردوو باوکەکـەم فێربـووم--- گەشـتکردن بـە دونیـادا و یـاریکردنی مۆنۆپـۆلی بـە پـارەی ڕاسـتەقینە. بـە دەربڕینێکـی تـر، هێشـتا ئـەرکی ماڵەوەم ئەنجام دەدەم.

---

[1] دامەزرێنەری کۆمپانیای فۆرد بۆ پیشەسازی دروسکردنی ئۆتۆمۆبێل.
[2] Hewlett-Packard
[3] دامەزرێنەری کۆمپانیای دێل بۆ تەکنەلۆژیا.
[4] دامەزرێنەی زنجیرە ڕێستۆرانتێکی خواردنی خێرا ( مریشکی برژاوی کنتاکی).
[5] *CASHFLOW*

بەندی پێنجەم

## منداڵەکەت پێویستی بە چەند هاوکێشەی بردنەوە هەیە؟

بـە گەڕانـەوە بـۆ ژیـانی باوکـە دەوڵەمەندەکـەم و باوکـە هەژارەکـەم، گەیشتوومەتە ئەو ڕاستیەی کە یەکێکیان زۆر لـەوی تریـان سـەرکەوتووتر بووە زۆر بە سادەیی چونکە هاوکێشەگەلی بردنەوەی زیاتری هەبووە.

بەم دوایانە هاوڕێیـەکم پەیوەنـدی کـرد و داوای هەنـدێك ئامۆژگـاری کـرد. ئەدریان بۆ چەندین ساڵ کاری بـۆ کۆمپانیایـەکی زەبـەلاح دەکـرد کـە لـە ساڵانی نەوەتەکاندا بچووکبۆوە. ئـەدریانی بـوێر و خوازیـاری دامەزرنـدنی بازرگـانی خـۆی، مـاف نووسـینگەیەکی گەشـتیاری کڕیـەوە بـەو پارەیـەی کۆی کردبۆوە و ئەو پارەرەیەی کە کۆمپانیا کۆنەکەی لە کاتی ڕۆیشتنیدا پێیدابوو. هەر کە کـۆنترۆڵی کارەکـەی گرتـە دەسـت. هێڵـە ئاسمانیـەکان ئەو برە پارەیان بڕی کە دەیاندا لـە بـری ئـەو بلیتانـەی کـە بریکارەکـانی گەشتوگوزار دەیانفرۆشـت. لـەپڕ، لـە بـری ئـەوەی ٨٠٠ دۆلار بۆ بلیتێك وەربگرێت، هێڵە ئاسمانیەکان بڕێکی کەمی ١٠٠ دۆلاریان پێدەدا تەنانـەت دابـەزی بـۆ ٥٠ دۆلاریـش. ئێسـتا ناچـاری ئـەوە بـووە کـە نووسـینگەی گەشتیاریەکەی دابخات، بەڵام ئەمجارە پارەی دانراوی نییە و لە کۆمپانیا کۆنەکەشـیەوە پـارەی پێناگـات. مـاف نووسـینگەکەی بـەرزکردەوە بـۆ فرۆشتن، بەڵام نرخی گەلێك دابەزیبوو بە هۆی کەمکردنەوەی پارەی سـەر بلیتەکان لە لایەن هێڵە ئاسمانیەکانەوە.

باوەڕم وایە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئەدریان دواتر لە ژیانیدا پێوەی دەناڵێنیت ئەوەیە کە بڕی پێویست هاوکێشەگەلی بردنەوەی نییە کە ئەدریان ئامادە بکات بۆ تەواوی ژیانی. ئەدریان تاکەکە کەس نییە کە دەیناسم بە هۆی کورت مەودایی هاوکێشەی بردنەوەوە دەناڵێنیت. خەڵکانێکی زۆر هەن کە لە خوێندن باش بوون، بەڵام بە هاوکێشەی بردنەوەی پێویستەوە لە خوێندنیان تەواو نەکردووە هەتا لە ژیاندا بە باشی بیەێنن. بەندی داهاتوو بۆ دایك و باوکان نووسراوە تا منداڵەکانیان بە هاوکێشەگەلی بردنەوەی پێویست ئامادە بکەن بۆ ئەوەی گەمەی ژیان ببەنەوە.

منداڵەکەت بە لایەنی کەمەوە پێویستی بە سێ هاوکێشەی بردنەوە هەیە سێ هاوکێشەی برنەوەی بنچینەیی هەن کە منداڵ پێویستە فێری ببێت بۆ سەرکەوتنی دارایی و پیشەگەرانە دواتر لە ژیانیدا:

١- هاوکێشەی بردنەوەی فێربوون

٢- هاوکێشەی بردنەوەی پیشەگەرانە

٣- هاوکێشەی بردنەوەی داراییانە

## دۆزینەوەی هاوکێشەی بردنەوەی فێربوونی منداڵەکەت.

ئەدریانی هاوڕێم لە خوێندن زۆر باش بوو چونکە خێرا فێردەبوو و حەزی لە خوێندن بوو. ئەدریان نووسین و خوێندنەوە و بیرکاری لا ئاسان بوو. ئەدریان زانکۆی تەواو کرد و بەکالۆریۆسی لە هونەر وەرگرت. چونکە ئەدریان لە خوێندن باش بوو، حەزی لە خوێندن بوو ئەوەش ئەزموونێکی ئەرێنی بوو. لەبەرئەوەی ئەزموونی خوێندنی ئەرێنی بوو، پێشنیارم بۆ

کرد کە نووسینگەی گەشتیاریەکەی دابخات و بگەڕێتەوە بۆ خوێندن بۆ فێربوونی هاوکێشەیەکی بردنەوەی پیشەگەرانەی نوێ، ئێستا لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا گەڕاوەتەوە بۆ خوێندن و بڕی پێویست پارەی کۆکردۆتەوە هەتا داواکاری بۆ بەشی یاسا پێشکەش بکات. ئەدریان نموییەکە بۆ ئەو قسەیەی باوکم لەسەر هاوکێشەگەلی بردنەوەی فێربوونی جیاواز بۆ کەسانی جیاواز. لە کاتێکدا هاوکێشەی بردنەوەی فێربوونی ئەدریان بۆ ئەو سوودی هەبووە، ڕەنگە بۆ من سوودی نەبووایە. حەزم لە خوێندن نەبوو، گومانیشم هەیە کە هەرگیز بگەڕێمەوە بۆ هۆڵەکانی پەروەدەی فەرمی وەك خوێندکارێك.

## گەشەپێدانی هاوکێشەیەکی بردنەوەی فێربوون

ساڵانی نێوان لەدایکبوون بۆ دەوری پانزە ساڵی زۆر گرنگن. ئەمە ئەو کاتەیە کە منداڵان گەشە بە هاوکێشەی بردنەوەیان دەدەن بۆ فێربوون. ئەگەر منداڵ لە قوتابخانە دڵخۆش بێت، بە ئاسانی فێربێت و نمرەی بەرز بهێنێت، منداڵەکە پێویستە هاوکێشەیەکی بردنەوەی کارا بۆ فێربوون گەشە پێبدات. بەڵام کاتێك منداڵ لە قوتابخانە گرفتی هەبوو لە فێربوونی سێ بنچینەکەدا[1]، لەبەرئەوەی لە بلیمەتی زمانەوانی–زارەکیدا باشن نین یان هۆکارێکی تر، ساڵەکانیان لە قوتابخانە دەکرێت بەئازار بێت. ئەگەر منداڵان لە ماوەی ساڵانی سەرەتادا لە خوێندن گرفتیان هەبێت یان هەست بکەن هێندەی منداڵەکانی تر زیرەك نین، ڕەنگە باوەر بەخۆبوونێکی لاواز و گۆشەنیگایەکی خراپ لەسەر قوتابخانە بە گشتی

[1] خوێندنەوە، نووسین، زمیرکاری.

گەشە پێبدەن. ڕەنگە منداڵان فێربن کە هەست بە گەمژەیی بکەن و هەست بکەن کە ناتوانن لە ناو سیستەمی پەروەردەدا بمێنەوە. زاراوە و نازناوی ئەوەی پێی دەگوترێ کەم توانایی وەردەگرن، وەك نەخۆشی کورتی ئاگایی یان" گەلحۆ" لە بری دژواتاکەی" بەهرەدار" یان" زیرەك" یان" بلیمەت." وەك پێگەیشتوویەك، ڕقم لەوەیە پێمبگوترێت گەمژە یان واملێبکریت هەست بە کەمی بکەم. پێتوایە منداڵێکی دوانزە ساڵ یان منداڵتر چۆن دەتوانێ بەرگەی ئەو نازناوانە بگرێت؟ زیانەکانی چی دەبێت لە ڕووی هۆشەکی و هەستەکی و جەستەییەوە؟

سیستەمی پلەبەندی ئەکادیمی هۆکارێکی ترە کە وا لە منداڵان دەکات کەمتر هەست بە ئاسایش بکەن لە ڕووی ئەکادیمیەوە. لە سیتەمی تۆمارکردنی چەماوەی- زەنگیدا، ئەگەر دە منداڵ هەبێت، دوانیان لە لوتکەی چەماوەکەدان، دوانیش لە بنکەکەیدان، شەشەکەی تر لە ناوەندا دەبن. لە تاقیکردنەوە گشتیەکانی توانای سروشتی فێربووندا، هەمیشە لە دوو کەسی یەکەمدا دادەنرام کە تواناییان هەیە، بەڵام لە نمرەدا لە نزیکی بنکەکە بووم. بە هۆی ئەم میتۆدی چەماوەی- زەنگیەوە بۆ پلەبەندی خوێندکاران، باوکە مامۆستاکەم زۆر جار دەیگوت،" لە ڕاستیدا سیستەمی خوێندن هێندەی سیستەمی سڕینەوەیە هێندە سیستەمی پەروەردە نییە." ئەرکی وەك باوکێك ئەوە بوو کە لە ڕووی هۆشەکی و هەستەکیەوە بە پارێزراوی بمهێڵێتەوە و ڕێگەنەدا لە سیستەمەکەدا بسڕدرێمەوە.

**نۆ ساڵی گۆڕان**

پەروەردەکاری پێشەنگ و زۆر جار شایەنی مشت و مڕ ڕۆدۆڵف ستینەر، کە فەلسەفە پەروەردەیەکانی لە خوێندنگای والدۆرف دەگوترێتەوە. ستینەر زۆرجار دەنووسێت و قسە دەکات دەربارەی ئەوەی پێیدەڵێت" نۆ ساڵی گۆڕان." دۆزینەوەکەی ئەوەیە کە منداڵان لە دەور وبەری نۆ ساڵیدا، دەست بە جیابوونەوە دەکەن لە شوناسی باوانیان و هەوڵی دۆزینەوەی شوناسی خۆیان دەدەن.

ستینەر ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە لەم ماوەیەدا زۆربەی جار منداڵ زۆر تەنهایە، کاتی گۆشەگیریەکی درکپێکراوە. منداڵ دەست دەکات بە دۆزینەوەی" من"ی خۆی نەک" ئێمە" وەك خێزان. لەم ماوەیەدا، منداڵ پێویستە فێری چەند لێهاتوویەکی کردەیی مانەوە ببێت. لەبەر ئەم هۆکارە، منداڵان لەم تەمەنەدا لە سیستەمی والدرۆفدا فێری چاندنی درەخت، دروسکردنی پەناگە، نانەوایی و کارە هاوشێوەکانی دەکرێن. ئەم شارەزاییانە بۆ ئەوە فێر نابن تا لە داهاتوودا ببێتە پیشەیان. بەڵکو وەك خۆدڵنیاکردنەوەیەکی کەسی فێری ئەم شارەزاییانە دەبن بۆ ئەوەی بزانن کە خۆیان بە تەنها توانای مانەوەیان هەیە.

منداڵان پێویستە بزانن کە دەتوانن بمێننەوە لەم کاتەدا کە لە هەوڵی دۆزینەوەی شوناسی خۆیاندان. ئەگەر هەستێکی ئاسایشی کەسی لەم ماوەیەدا پەرە پێ نەدەن، کاریگەریەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو کار لە ئاڕاستەی پاشەڕۆژی منداڵان و بژاردەکانیان لە ژیاندا دەکات. ئاشکرایە، کە چۆنێتی وەڵام و کاردانەوەی هەر منداڵێك بۆ ئەم قەیرانی شوناسە جیاوازە. هەر لەبەرئەوەشە کە تێڕامانی ئاگامەندانە و هەستیاری دایك و باوك زۆر گرنگن. مامۆستایەك کە ۳۰ قوتابی هەیە ئەگەری ئەوەی نییە

کە بتوانێ ئاگاداری بژاردە و پێویستیەکانی هەموو قوتابیەکان بێت لەم قۆناغەی ژیانیاندا.

باوکە زیرەکەکەم ئاگاداری کارەکەی ڕۆدۆڵف ستینەر نەبوو، بەڵام ئاگاداری ئەم قۆناغەی گەشەی ژیانی منداڵ بوو. کاتێك تێبینی ئەوەی کرد کە لە قوتابخانە باش نیم، هەروەها چۆن هاوڕێبوون لە گەڵ ئاندی مێروودا کاری تێکردم کاتێ ئاندی بە بلیمەت دانراو من دانەنرام. دەستی کرد بە ئاگاداربوونم و نزیکتر ڕێگەپیشاندانم. لەبەرئەوە بوو کە هانی دام وەرزش زیاتر بکەم. دەیزانی کە ئاندی بە خوێندنەوە فێردەبێت و منیش بە ئەنجامدان. دەیویست بزانم کە منیش دەتوانم لە ڕووی ئەکادیمیەوە بمێنمەوە بە شێوازی خۆم. دەیویست ڕێگایەك بدۆزمەوە بۆ بەدەستهێنانی باوەڕ بەخۆبوونم لە قوتابخانە، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی وەرزشیشەوە بێت لە بری ئەکادیمی.

هەروەها لەم قۆناغەی ژیانمدا خێزانەکەشمان گرفتی پارەی هەبوو. گومان دەکەم باوکە زیرەکەکەم درکی بەوە کردبێت کە بێتوانایی بۆ بەدەستهێنانی پارەی پێویست چەند کاری تێکردم. دەیزانی کە زۆر جار دەهاتمەوە ماڵەوە و دایکم دەبینی بەسەر ئەو هەموو پسووڵەکاندا دەگریا کە دەبوو پارەکەی بدەین. پێموابێ دەیزانی کە ڕەنگە من هەوڵی دۆزینەوەی شوناسێکی جیاواز لەو بدەم، وە کردیشم. لە تەمەنی نۆ ساڵیدا دەستم بە خوێندن کرد لە لای باوکە دەوڵەمەندەکەم. کە بیری لێدەکەمەوە، بە دوای وەڵامەکانی خۆمدا گەڕاوم کە چۆن بتوانم یارمەتی خێزانەکەمان بدەم لەم کاتی تەنگژە ئابووریەدا. بە دڵنیایەوە بە دوای شوناسێکدا دەگەڕام کە تەواو جیاواز بوو لە ەی دایك و باوکم.

## هاوکێشەی ئەدریان و هاوکێشەی من

لەبەرئەوەی ئەزموونی خوێندنی ئەدریان ئەرێنی بوو، شتێکی ئاسایی بوو کە بگەڕێتەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن بۆ فێربوونی پیشەیەکی نوێ. هاوکێشەی فێربوونی من جیاواز بوو. ئەو هاوکێشەیە بوو کە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا فێربووم، کە هاوکێشەی گەڕان لە دوای ئامۆژگارێکی بە ئەزموون و فێربوون بە ئەنجامدان بوو. ئەمڕۆش هێشتا بە دوای ئامۆژگاردا دەگەڕێم تا لەبەر دەستیاندا فێربم.

بە دوای ئەوانەدا دەگەڕێم کە پێشتر ئەوەیان کردووە کە دەمەوێت، یان گوێ لە تۆمارکراوەکانیان دەگرم کە چیان کردووە، هەروەها دەشخوێنمەوە، بەڵام وەک کۆتا پەناگە. لە بری گەڕانەوە بۆ بەشی بازرگانی هەتا دەربارەی بازرگانی فێربېم، بازرگانی خۆم پێکەوەنا، چونکە من بە ئەنجامدان فێر دەبم نەک دانیشتن لە پۆلدا. ئامۆژگارێکم دۆزیەوە، بە کردەیی دەستمپێکرد، هەڵەم ئەنجامدان، دواتریش بە دوای کتێب و تۆمارکراوەکاندا گەڕام بۆ ئەوەی پێمبڵێن کە لە چیدا هەڵەم کردووە و دەکرێ چی فێربم لە هەڵەکانمەوە. بۆ وێنە، کاتێک هەڵمەتی بانگەشەی بازارگەریی یەکێك لە بازرگانیەکانم شکستی هێنا، دەستم کرد بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕ وپڕ و بە دواداگەڕان بۆ دۆزینەوەی وەڵامگەلی نوێ. ئەمڕۆ بازارگەرێکی زۆر باشترم، بەڵام وانەدەبووم ئەگەر تەنها لە پۆلدا دانیشتسەرمایە، کتێبم بخوێندایەتەوە، گوێم بۆ مامۆستاگەلێك بگرتایە کە لەوانەیە و لەوانەش نییە خاوەنی کۆمپانیای خۆیان بن. هەر منداڵێك هاوکێشەیەکی جیاواز و دەگمەنی هەیە بۆ فێربوون. ئەرکی دایك و باوکە تێبینی منداڵەکەی بکات و پاڵپشتی منداڵەکەی بکات لە

هەڵبژاردنی ئەو هاوکێشەیەی باشترینە بۆ فێربوونی. ئەگەر منداڵەکە لە خوێندن باش نەبێت، لە نزیکەوە کاری لەسەر بکات بە بێ ئەوەی منداڵەکە بخنکێنێت! وە یارمەتی بدات بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی کە باشترینن بۆ فێربوونی.

ئەگەر منداڵەکانت لە خوێندن باش بوون و حەزیان لێ بوو، وابکە سەرکەوتوو بن و چێژی لێ وەرگرن. ئەگەر حەزیان لە خوێندن نەبوو، وا بکەکە کە بزانن هێشتا هەر بلیمەتن، وە هانیان بدە کە شێوازی فێربوونی خۆیان بدۆزنەوە لە سیستەمێکدا کە تەنها یەك جۆری بلیمەتی دەناسێتەوە. ئەگەر فێری ئەنجامدانی ئەوە بن، شارەزایی پەروەردەیی نایابی مانەوە بەدەست دەهێنن بۆدونیای ڕاستەقینە. ئەو دونیایەی کە چەند بلیمەتیەکی پێویستە تا بمێنیتەوە. ئەمە ئەوە بوو کە باوکم هانیدام ئەنجامی بدەم. هانیدام شێوازی فێربوونی تایبەت بە خۆم بدۆزمەوە، سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە ڕقم لەوە بوو کە فێری دەبووم، ڕاهێنانێکی مەزن بوو بۆ ژیانی ڕاستەقینە.

## چۆن ببیتە خوێندکارێکی پیشەگەر

تێبینیم کردووە کە زۆر جار خەڵکی لە قوتابخانە باش دەبن لە ترسی ئەوەی نەتوانن بمێننەوە. منداڵان فێردەبن بەدەستهێنانی نمرەی بەرز باشترین هۆکاری مانەوەیە. بۆیە ئەو شارەزایی مانەوەیە بەدەست دەهێنن کە ناسراوە بە" بەدەستهێنانی نمرەی بەرز." لە کاتێکدا ئەمە بۆ کاتی گەنجیان باشە، کێشەکان کاتێك سەر هەڵدەدەن کە بە تەمەنتر دەبن وە ڕەنگە ناچار بن پشت بە شارەزایی تری مانەوە ببەستن کە پێویستە بۆ ژیانی ڕاستەقینە.

گومـان دەکـەم ئـەو منداڵانــەی کـە فێـری مانــەوە بــوون بــە هــۆی باشـبوونیانەوە لـە خوێنـدن زۆر بـە ئاسـانی دەتـوانن ببنـە خوێنـدکاری پیشەگەر، وە هەندێکیان ڕەنگە هەرگیز سیستەمەکە بەجێنهـەێڵن. ڕەنگـە هەنـدێکیان دکتـۆرا بێـنن و بـە هۆیـەوە گـرەنتی مانـەوە بکـەن. باوکـە زیرەکـەم درکـی بـەوە کـرد لەسـەر ئـەم ڕێگـای پیشـەیە تـا ئـەو کاتـەی خێزانەکـەی نـەخۆش کـەوتن و ناچـاری کـرد بێتــە دەر بـۆ دونیــای ڕاستەقینە. گوتی،" ئاسـانە لـە نێـو دیوارەکـانی پـەروەردەدا بمێنیتـەوە ئەگەر بتەوێت دیوارەکانی پەروەردە پەنات بدات لە دونیای ڕاستەقینە.

**لەناوبردنی وردە وەردەی خوود- ئاگایی**

ئەوەم باسـکرد کـە قـەرز و نـەبوونی هەسـتی ئاسایشـی دارایـی دەتـوانێ خوود- ئاگایی دارایی کەسـەکە لەناوبـەرێت. بـە دەربڕینێکـی تـر، ئەگـەر نسکۆیەکی گەورەی داراییت هەبێت، یان هەست بکەیت گەمارۆ دراویت بە پێویست بۆ کار و ئاسایشـی مووچـە، دەکـرێ باوەڕبـەخۆبوونی داراییـت تەواو لەرزۆك ببێت. دەکرێ هەمان شت بـە سـەر منداڵانـدا بێـت لـە ڕووی ئەکادیمییەوە ئەگەر هەموو ئەو شتەی پێیـان دەگوترێـت ئـەوە بێـت کـە وەك منداڵانی تر زیرەك نین.

ئەگـەر پاڵپشـتی بـاوکم نەبووایـە، زوو قوتابخانــەم جێدەهێشـت زۆر بەسـادەیی لەبـەر ئـەوەی کـەس حـەز ناکـات هەسـت بکـات گەمژەیـە. دەمزانی کە گەمژە نیم. دەمزانی کە بێزارم و حەزم لەو بابەتانـە نییـە کـە دەگوترێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، نمرە کەمـەکانم لـە قوتابخانـە وردە وردە دەسـتی کـرد بـە لـەناوبردنی خـوود- ئاگـایی ئـەکادیمیم. ئـەوە باوکـە زیرەکەکەم بوو کە پاراستمی لـەو مـاوە پڕ تەقەلایـەی ژیانمـدا. تەنانـەت

کاتێك کە نمرەی کەمیشم دەهێنا، تەنانەت دەشکەوتم" بەردەوام بوو لە دڵنیاکردنەوەم لەوەی کە من بە شێوازی خۆم زیرەکم و دەبێت شێوازگەلی فێربوونی خۆم بدۆزمەوە تا لە قوتابخانەدا بمێنمەوە و دەریچم. ئەگەر ئەوین و دانایی ئەکادیمی ئەو نەبووایە، بە دڵنیاییەوە وازم لە قوتابخانە دەهێنا، بە تووڕەیی و دڵشکاوی و هەستی خۆ بەکەم زانینەوە بەرامبەر بەوانەی کە لە قوتابخانە باش بوون. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر باوکە زیرەکەکەم نەبووایە، قوتابخانەم جێدەهێشت و هاوکێشەیەکی دۆڕاو فێر دەبووم.

ئەگەر منداڵەکانت باش بن یان خراپ لە قوتابخانە، چاودێریان بکە و هانیان بدە بۆ دۆزینەوەی هاوکێشەی فێربوونی خۆیان، چونکە هەر کە خوێندنیان تەواو کرد و چوونە دونیای ڕاستەقینەوە، ئەوسا بە ڕاستی خوێندنیان دەست پێدەکات.

## بۆچی قوتابخانەی تایبەت، قوتابخانەی سەربەخۆ[1] و لە ماڵەوە خوێندن لە زیادبووندایە

ساڵانێك وادەزانرا خوێندن لە ماڵەوە سوودی بۆ گروپێکی دایك و باوکانی پەرگیر (رادیکاڵ) هەیە، ئەمڕۆ ڕۆژ بە ڕۆژ دایك و باوکان زیاتر منداڵەکانیان لە قوتابخانە دەهێننە دەر و لە ماڵەوە فێریان دەکەن. بە پێی ڕاپۆرتێك زانراوە کە ساڵانە خوێندن لە ماڵەوە بۆ لە سەدا پانزە بەرزدەبێتەوە. جاران زۆربەی خەڵکی دەیانگوت کە منداڵان ناتوانن لە ماڵەوە پەروەردەیەکی باش وەرگرن. کەچی خوێندکارانی ماڵەوە

[1] قوتابخانەیەکە کە لە لایەن دایک و باوکانەوە یان مامۆستایانەوە و ڕێکخراوێکەوە دامەزراوە و جیاوازە لە قوتابخانەی حکومی و خۆیان پاڵپشتی دارایی دەکەن.

خەڵاتەکانی حونجەکردنی نیشتیمانی و فیستیڤاڵی جوگرافی دەبەنەوە و زۆر جاریش لە زانکۆگەلی ئاست بەرزی وەك هارڤارد، پرینستۆن و ئەکادیمیا سەربازیەکان وەردەگیرێن.

قوتابخانە سەربەخۆکانیش بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەبن، وە ئەو قوتابخانانەی کە سیستەمی مۆنتیسۆری و والدۆرف بەکار دەهێنن داخوازیەکی زۆریان لەسەرە. بە دەربڕینێکی تر، دایك و باوکان بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە حکومەت وەردەگرنەوە.

## نیگەرانیەکانی باوکە زیرەکەکەم

ساڵانێك لەمەوبەر، باوکە مامۆستاکەم هەوڵیدا سیستەم بگۆڕێت. ئاگاداری ئەوە بوو کە هەر منداڵە و بلیمەتیەکی جیاوازی هەیە. هەروەها ئاگاداری ئەوەش بوو کە سیستەمەکە سیتەمێکی یەك-جۆر- بۆ- هەمووی- دەبێت[1] بوو. کە ئەوەش بۆ لە ٣٠٪ منداڵەکان باشبوو بۆ ئەوانی تریش ترسناك. زۆر جار دەیگوت،" سیستەمەکە زۆر لە دەیناسۆر خراپترە، بەلایەنی کەمەوە دەیناسۆڕەکان دوایان براوە، بەڵام سیستەمی خوێندن قەت نامرێ. لەبەرئەوەیە لە دەیناسۆر خراپترە. سیستەمی خوێندن زیاتر لە تیمساح دەچێت، خشۆکێك کە توانی ڕزگاری بێت تەنانەت دوای ئەوەی دەیناسۆرەکانیش لەناوچوون." بەردەوام بوو،" هۆکاری ئەوەی سیستەمی خوێندن ناگۆڕێت ئەوەیە کە سیستەمێك نییە بۆ گۆڕان دروسکرابێت. سیستەمێکە کە بۆ مانەوە دروسکراوە."

---

[1] مەبەست لە زیرەکی زمانەوانی-ژارەکییە، کە سیستەم بە ناکە بلیمەتی خوازراوی دادەنێت کە بۆ هەموو شتێک دەگونجێت.

زۆربەمان دەزانین کە مامۆستاکان هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن بۆ پەروەردەکردنی منداڵان. گرفتەکە ئەوەیە، مامۆستاکان لە سیستەمێکدا کاردەکەن کە دروستنەکراوە بۆ گۆڕانکاری. سیستەمێکە بۆ مانەوە دروسکراوە. سیستەمێکە کە دەرمان بە منداڵان دەدات هەتا خاو ببنەوە لە بری ئەوەی خۆی بگۆڕێت و خێرا ببێت. دواتر، دوای ئەوەی دەرمان بە منداڵە چالاکەکان دەدات، بەردەوام دەبن و بە هەمان منداڵ دەڵێن کە" دەرمان مەخۆ." بە لای منەوە، ئەمە سیستەمێکی دژوارە. تاکە بازرگانیە کە بیزانم شکست دەهێنێت لە پێدانی ئەو شتانەی کە کڕیارەکانی دەیانەوێت و دواتر لۆمەی ئەوان دەکات بۆ شکستەکانی. لە بری گوتنی" ئێمە وەك سیستەم بێزارکەرین،" یان" ئێمە وەك سیستەم گرفتی فێرکردنمان هەیە." دەڵێن،" منداڵەکەت گرفتی فێربوونی هەیە." وەك گوتم، تاکە بازرگانیە کە بیزانم کڕیارەکانی لۆمە بکات لەسەر شکستەکانی خۆی.

ساڵانێك لەمەوبەر، باوکە ڕاستەقینەکەم درکی بەوە کرد کە سیستەمی خوێندن کەلێنی گەورەت تێدایە، زۆر بێتاقەت بوو کە بۆی دەرکەوت کە ئەو سیستەمی خوێندنەی لە زۆربەی دەوڵەتە ئینگلیزی زمانەکان کاری پێدەکرێت لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەوبەری پروسیا[1]. زۆر بە قوڵی بەوە بریندار بوو کە بۆی دەرکەوت بەشێکە لە سیستەمێك کە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان دروست نەکراوە، بەڵکو بۆ دروسکردنی سەرباز و فەرمانبەری باش دانراوە. ڕۆژێکیان پێیگوتم،" هۆکاری ئەوەی کە وشەگەلی وەك (kindergarten) مان لە سیستەمی خوێندنماندا هەیە

[1] شانشینی ئەڵمانیایی کۆن

ئەوەیە کە سیستەمەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ پروسیای چەند سەد ساڵێك لەمەوبەر(kinder)وشەیەکی پروسیە بە مانای ' منداڵان' دێت. وە ( garten) واتە ' باخچە. ' بە دەربڕینێکی تر، باخچەیەکی منداڵانی دەوڵەت بۆ فێربوون، یان ' ئیمانداری. ' سیستەمێك بوو کە بۆ ئەوە دروسکرابوو بەرپرسیارێتی پەروەردە لە دایك و باوکان وەرگرێتەوە و منداڵانێك پەروەردە بکات کە بە باشترین شێوە خزمەتی ویست و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت بکەن."

## وشەی سەرەتایی لە کوێوە هاتووە

هەروەها باوکە زیرەکەکەم گوتی،" هۆکاری ئەوەی ساڵانی سەرەتای خوێندن پێی دەگوترێ ' سەرەتایی' ئەوەیە کە ئێمە وەك پەروەردەکاران بابەتە دڵخوازەکان لە فێربوون دەردهەێنین و لە بنچینەکانەوە دەست پێدەکەین. کاتێك کە بابەتە دڵخوازەکان لە پرۆسەی فێربوون دەردهەێنیت، پەروەردە دەبێتە شتێکی بێزارکەر." بەردەوام بوو لە ڕوونکردنەوە،" بۆ وێنە، ئەگەر منداڵێك حەزی لە خانوو بێت، بابەتی خانوو دەسڕدرێتەوە و دەبێتە بابەتە بنچینەیەکانی وەك بیرکاری، زانست، نووسین و هونەر. کەواتە ئەو قوتابیانەی کە لە خوێندندا باش دەبن ئەوانەن کە حەزیان لە بیرکاریە وەك بابەت، یان نووسین وەك بابەت، یان زانست وەك بابەت. بەڵام ئەو قوتابییەی کە حەزی لە بابەتە گەورەترەکەیە، لەم دۆخەدا بابەتی خانوو، زۆربەی جار بێزار دەبێت. بابەتی دڵخوازی ئەو لابراوە، وە هەموو ئەو بنچینانەی کە بابەتەکە پێك دەهێنن مارنەتەوە بۆ خوێندن. لە ئەمەوە دەستەواژەی قوتابخانەی

سەرەتایی یان پەروەردەی سەرەتایی هاتووە، لەبەرئەوەشە زۆربەی قوتابیان لە قوتابخانە بێزارن. چونکە بابەتی دڵخواز لابراوە."
پێموایە چەند هۆکارێك هەیە بۆ ئەوەی کە خوێندن لە ماڵەوە و ژمارەی قوتابخانە تایبەتیەکان لە زیادبووندان. دەسەلاتی پەروەردە کردن لە دەوڵەت وەردەگرنەوە و دەیگەڕێنەوە بۆ دایك و باوك و منداڵەکە.

## لە سامۆراییەوە بۆ دکتۆر بۆ مامۆستا

لە بنەچەی بنەماڵەی باوکم چینی جەنگاوەر بوو، یان چینی سامۆڕای، لە سەردەمی سیستەمی دەرەبەگایەتی ژاپۆندا. بەلام هەر زوو دوای ئەوەی بازرگانی لەگەڵ خۆرئاوا کرایەوە لە لایەن کۆمۆدۆ پێریەوە، سیستەمی دەرەبەگایەتی بەرەو دارمان چوو. بنەماڵەکەی باوکم وازیان لە شێوازی سامۆڕایی هێنا و لە بری ئەوە دەبوونە پزیشك. باپیرم دەبووایە ببێت بە پزیشك، بەلام لە بری ئەوە بۆ هاوایی هەلات. واتە زنجیرەی خێزانەکەی پچڕاند، هەرچەندە باپیرم پزیشك نەبوو، وا چاوەڕوان دەکرا باوکم بچێتە بەشی پزیشکی، بەلام ئەویش زنجیرەکەی پچڕاند.
کاتێك لە باوکم پرسی بۆ نەبووە پزیشك، گوتی،" کاتێك لە ئامادەیی بووم، لە خۆم پرسی بۆچی زۆربەی هاوپۆلەکانم لەپڕ دیار نامێنن. ڕۆژێك هاوڕێکەم لێرەیە و ڕۆژی دواتر دیار نامینێت. کونجکۆڵ بووم و دەستمکرد بە پرسیارکردن لە بەڕێوەبەرانی خوێندنگا. زوو بۆم دەرکەوت کە کێلگەکانی شەکر و ئەناناس داواکاریەکیان کردبوو کە سیستەمی خوێندن ڕێژەی لە سەدا بیستی منداڵانی کۆچبەرە ئاسیایەکان بخات. ئەوە شێوازی کێلگەکان بوو کە دڵنیابنەوە کە ڕێژەیەکی جێگیر لە دەستی کاری نەخوێندەواریان هەبێت. کە ئەوەم بۆ دەرکەوت خوێنم

کولاّ، ئەوسا بوو کە بڕیارمدا بچمە بواری پەروەردەوە لە بری پزیشکی. دەمویست دڵنیا ببمەوە کە سیستەمەکە هەلی خوێندنێکی باش بۆ هەموو منداڵێك فەراهەم بکات. ئامادە بووم شەڕ لەگەڵ بازرگانی گەورە و حکومەتدا بکەم بۆ ئەوەی دڵنیا ببمەوە هەموو منداڵێك باشترین پەروەردەی دەبێت."

باوکم هەموو تەمەنی شەڕی بۆ گۆڕینی سیستەم کرد و لە کۆتایدا شکستی هێنا لە هەوڵەکانیدا بۆ گۆڕینی. لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا، بە یەکێك لە دوو باشترین پەروەردەکاری مێژووی ۱٥۰ ساڵەی پەروەردەی گشتی هاوایی ناسێنرا. هەرچەندە لە لایەن خەڵکانی ناو سیستەمەوە بوێرییەکەی سەلمێنرا، بەڵام زۆربەی بەشەکانی سیستەم وەك خۆی سەرمایەوە. وەك گوتم، سیستەمێکە کە بۆ مانەوە دەروسکراوە نەك گۆڕان. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی گوتنی ئەوەی کە سیستەم کارێکی باشی نەکردووە بۆ زۆرێك لە خەڵکی. کارێکی نایابی بۆ ٪۳۰ خەڵك کردووە کە لە خوێندن و لە ناو سیستەمەکەدا باشبوون. گرفتەکە ئەوەیە، سیستەمی ئێستا سەدان ساڵ لەمەوبەر لە سەردەمی لادێنشینیدا دروسکراوە--- سەردەمی بەر لە ئۆتۆمۆبێل، فڕۆکە، ڕادیۆ، تی ڤی، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت. سیستەمێکە کە شکستی هێناوە لە ڕێکردن لەگەڵ گۆڕانکاریە تەکنەلۆژی و کۆمەلایەتیەکان. سیستەمێکە کە هێندەی دەیناسۆر بەهێزە و وەك تیمساحیش جیڕ و ڕەقە. لەبەر ئەوە بوو کە باوکم تێدەکۆشا لە ڕێنمایکردنی پەروەردەییمان لە ماڵەوە. زۆر جار بە منداڵەکانی دەگوت، " نمرەی بەرز هێندەی دۆزینەوەی بلیمەتییەکەتان گرنگ نییە." بە دەربڕینێکی تر، هەر منداڵێك بە

شێوازێکی جیاواز فێر دەبێت. کەوتۆتە سەر دایک و باوک هەوڵبدا و تێبینی ئەو شێوازانە بکات کە هەر منداڵێك باشتر پێی فێردەبێت--- دواتریش پاڵپشتی کردنی ئەو منداڵە لە گەشەپێدانی هاوکێشەی بردنەوەی فێربوونی خۆیدا.

هەر کاتێك منداڵە ساواکان دەبینم، بلیمەتی بچووك دەبینم کە حەزی لە فێربوونە. چەند ساڵێکی کەم دواتر، هەمان ئەو بلیمەتە بچووکانە دەبێتنم کە بێزارن لە خوێندن، لەوە ڕاماون کە بۆچی زۆریان لێدەکرێت شتگەلێك بخوێنن کە ڕەنگە بەلایەنەوە ناپەیوەندیدار بێت. زۆرێك لە قوتابیان دەڵێن کە هەست دەکەن سووکایەتیان پێکراوە چونکە نمرەیان پێدەدرێت لەسەر بابەتگەلێك کە هیچ حەزێکیان لێی نییە و دواتریش نازناوی زیرەك یان تەمبەڵیان بەسەردا دەبڕدرێت. کوڕێکی لاو پێمیگوت،" مەسەلە ئەوە نییە کە زیرەك نیم. تەنها ئەوەیە حەزم لێی نییە. سەرەتا پێمبڵێ بۆ دەبێت حەزم لەم بابەتە بێت و چۆن دەتوانم بەکاری بهێنم، دواتر لەوانەیە بیخوێنم."

گرفتەکە زۆر لە هێنانی نمرەی نزم زیاترە، باوکە زیرەکەکەم بێگومان ئەوەی دەزانی کە دەکرێ نمرە کار بکە سەر داهاتووی قوتابی بە ئەرێنی و نەرێنی، بەڵام بە هەمان شێوەش لە نیگەرانی کاریگەری نمرە بوو لەسەر خوود- ئاگایی و باوەڕبەخۆبوونی قوتابی. زۆر جار دەیگوت،" زۆرێك لە منداڵان دەچنە بەر خوێندن و دڵخۆشن بە فێربوون بەڵام هەر نەو وازدەهێنن. تەنها فێری ئەوە دەبێت کە ڕقی لە خوێندن بێت."

ئامۆژگاریەکەی ئەمە بوو،" ئەگەر دایك و باوك یەکێك لەو منداڵانەیان هەبێت کە فێری ڕقلێبوونەوە لە خوێندن بووە، گرنگترین ئەرکی دایك و

باوک لەم قۆناغەی ژیانی منداڵدا ئەوە نییە کە دڵنیابینەوە کە منداڵەکەیان نمرەی بەرز بهێنیت. گرنگترین ئەرکی دایک و باوک ئەوەیە کە دڵنیا ببنەوە منداڵەکە حەزی خواپێدراوی خۆی بۆ فێربوون دەپارێزت. بلیمەتی سروشتی منداڵەکەت بدۆزەرەوە، ئەوە بدۆزەرەوە لە لە فێربووندا حەزی لێیەتی، وە بە دڵخۆشی دەربارەی خوێندن بیهێڵەرەوە. تەنانەت ئەگەر لە ناو قوتابخانەش نەبێت."

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە منداڵ دەبێت زۆر لەوە زیاتر فێر بێت کە ئێمە تا ئێستا فێری بوون. ئەگەر وا نەکەن، دەکەونە دواوە لە دوو هاوکێشەی بردنەوەی دواتردا، کە لە بەندی دواتردا باس دەکرێت. لەبەرئەوەیە بە بۆچوونی من، گەشەپێدانی هاوکێشەی بردنەوەی فێربوونی منداڵەکەتان لە ماڵەوە زۆر زۆر گرنگترە لەو نمرانەی کە لە قوتابخانە وەریدەگرن. هەر وەك هەردوو باوکە زیرەکەکەم و باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیانگوت،" خوێندنی ڕاستەقینەت کاتێك دەست پێدەکات کە خوێندن تەواو دەکەیت و دەچیتە دونیای ڕاستەقینەوە."

## بەندی شەشەم
## ئایا منداڵەکەت لە سی ساڵیدا لە کار دەکەوێت؟

کاتێك کە کوڕێکی بچووك بووم، ئەو بیرۆکەیەی کە دایك و باوکم وادایانابوو کە من خوێندن تەواو دەکەم، کارێك بەدەستدەهێنم، دەبمە فەرمانبەرێکی دڵسۆز، وردە وردە بە پەیژەی فەرمانگەکەدا هەڵدەزنم و لەوێ دەمێنمەوە هەتا خانەنشین دەبم. دوای ئەوەی خانەنشین بووم، کاژێری زێڕینم پێدەگات و لە هەندێ کۆمەڵەی خانەنشینانیدا یاری گۆڵف دەکەم و عەرەبانەی گۆڵفەکەم بەرەوە خۆرئاوابوون پاڵدەنێم.

### هەتا بەتەمەنتر بیت، نرخت کەمتر دەبێتەوە

بیرۆکەی یەك کار بۆ هەموو ژیان هی سەردەمی پیشەسازییە. لە ١٩٨٩ەوە کە دیواری بەرلین ڕووخا و تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی[١] دەستی بەکار کرد، دونیا و یاساکانی دامەزراندن گۆڕاون. یەکێك لەو یاسایانەی کە گۆڕاوە ئەمەیە:" هەتا بەتەمەنتر بیت، نرخت بەرزتر دەبێتەوە" ( بۆ بازرگانی). ئەمە ڕەنگە لە سەردەمی پیشەسازیدا ڕاست بێت، بەڵام ئەمڕۆ یاساکان ڕێك پێچەوانەن، بۆ زۆرێك لە خەڵکی سەردەمی زانیاری؛ هەتا بەتەمەنتر بیت، نرخت کەمتر دەبێتەوە. لەبەرئەوەیە کە پێویستە هاوکێشەی بردنەوەی فێربوونی منداڵ دەبێت شوێنی خۆی بگرێت هەتا شان بە شانی ئەو گۆڕانکاریانە ڕێبکات کە ڕوودەدەن.

---

[١] ئینتەرنێت

هاوکێشەی بردنەوەی فێربوونی منداڵ پێویستە هاوکێشـەیەکی فێربـوونی باش-مەشـقپێکراو بێـت بـۆ ئـەوەی هاوتـەریب لەگـەڵ گۆڕانکاریـەکانی هاوکێشەی بردنـەوەی پیشـەگەرانەی منداڵەکە ڕێبکات. بە دەربڕینێکی تـر، ئەگـەرەکان ئـەوەن کـە لەوانەیـە منداڵەکـەت لـە سـی ساڵیدا لـەکار بکەوێت پێویست بکات فێری هاوکێشەیەکی پیشەگەرانەی نـوێ ببێـت بـۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریـە پیشـەیانە بێتـەوە کـە بـازاڕ داوای دەکـات. گەر بە شـێوازێکی تـر بیڵـێین، ئەگـەر منداڵەکـەت بیرۆکـە کۆنەکـەی یـەك پیشەی بۆ هەموو ژیـانی هـەبێت و ئامـادە نـەبێت بـۆ ئـەوەی بـە خێرایـی فێربێت و بگۆڕێت، ئەگەرەکان وا دەبـن کـە منداڵەکـەت زۆر دوادەکـەوێت لەگەڵ تێپەڕینی هەر ساڵێکدا.

## نمرەی بەرز هەژمار ناکرێت

داهاتوو بۆ ئەو منداڵە نییە کە بە نمرەی بەرزەوە خوێندن تـەواو دەکـات. بۆ منداڵێکە کە باشترین هاوکێشەی برنەوەی فێربوونی هـەبێت و هـەڵگری نوێترین بیرۆکەی تەکنیکی بێت. زۆر گـرنگتر لـەوەی کـە منـداڵ فێـر بێـت نمرەی بـەرز لـە تاقیکردنەوەکانـدا بهێنیـت، منـداڵ پێویسـتە کـە فێربێـت چۆن فێردەبێـت، فێربێـت چـۆن بگۆڕێـت، فێربێـت کـە چـۆن زووتـر لـە هاوپۆلەکانی خۆی بگونجێنێ. بۆچی؟

چونکە زۆربەی ئەو شارەزاییانەی کە خاوەنکار و بازرگـانی لـە داهـاتوودا پارەی زۆری پێدەدەن ئەمڕۆ لە ناوەندەکانی خوێندنـدا ناگوترێنـەوە. تـۆ تەنها سەیری کەشی بازرگانی ئـەمڕۆ بکـە، ئـەو کەسانەی زۆر خواستیان لەسەرە ئەوانەن کـە شـارەزایی تـۆڕی ئینتـەرنێتن، بابـەتێك کـە تەنانـەت چەند ساڵێك پیش ئێستاش نەدەگوترایەوە. ئـەو کەسانەی کـە کـەمترین

خواستیان لەسەرە کەسانی جیلەکەی منن، کە مووچەی زۆریان دەوێت و لە دونیای سەردەمی زانیاریش دابڕاون.

**تەقینەوە و دارمان**

بۆ تێگەیشتن لە تەقینەوە و دارمانەکان، باشترە سەیرێکی تەقینەوە و دارمانەکانی پێشتری مێژوو بکەین.

_ لە ١٩٩٠دا ٤٨٥ ئۆتۆمبێلساز هەبووە. تا ساڵی ١٩٠٨ تەنها نیوەیان ماونەتەوە. ئەمڕۆ تەنها ٣ لەو ٤٨٥ دانەیە بە شێوەیەکی تەکنیکی ماونەتەوە.

_ لە ١٩٨٣ دابە نزیکەی ٤٠ کارگەی کۆمپیوتەرسازی لە ئەمریکا هەبوو، ئەمڕۆ تەنها ٤ دانە هەن.

_ لە ١٩٨٣ دا بۆرگز، کۆلیکۆ، کۆمۆدۆ، زێنس لە ڕیزی کۆمپانیا پێشەنگەکانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر بوون. ئەمڕۆ لاوانێکی زۆر لە پیشەسازی کۆمپیوتەردا کاردەکەن کە هەرگیز ناوی ئەو کۆمپانیایانەیان نەبیستووە.

تەکنەلۆژیا کیشوەرەکان دەبڕێت، زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی کە گەشتم بۆیان کردووە ناوچەیەکیان هەبووە کە پێی دەگوترێت "دۆڵی سلیکۆن[1]." ڕکابەری منداڵەکەت لە کاردا تەنانەت ڕەنگە هەر لەم وڵاتەشدا نەبێت — بە دڵنیایشەوە داوای هەمان بڕە مووچەش ناکەن.

لە چی تەمەنێکدا زۆر پیریت؟

[1] Silicon Valley

کاتێك لە ئوسترالیا بووم، لە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی ئوسترالیای خۆرئاوادا ووتارێکم خوێندەوە، کە ئەوەی پوخت کردبۆوە کە من چەندین ساڵە هەوڵدەدەم بیڵێم دەربارەی زانینی ئەوەی لە چی تەمەنێکدا زۆر پیر بوویت. ئەوەی سەلمێنراوە کە ئەوەی تەمەنت چەندە پەیوەستە بە پیشەکەتەوە.

سەردێڕەکە دەیگوت:" ئایا تێتپەڕاندووە؟" وە گوتارەکەش وێنەی گرافیك دیزاینەرێکی لاو یاریزانێکی جومناستیك و پارێزەرێك و مۆدێلێکی پیشان دەدا. لە ژێر وێنەی هەر یەکێك لەم کەسانەدا لاکێشەیەکی ڕەشی لێدوان هەبوو:

_ یاریزانی جومنساتیك بەکاردێت لە تەمەنی چواردە ساڵیدا

_ مۆدێل بەکاردێت لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی

_ گرافیك دیزاینەر بەکاردێت لە تەمەنی سی ساڵیدا

_ پارێزەر بەکاردێت لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا

به دەربڕینێکی تر، کاتێك کە دەگەیتە ئەم تەمەنانە لەم پیشانەدا، واتە تۆ زۆر پیر بوویت. ووتارەکە بە چیرۆکی مۆدێلك دەستی پێکرد کە هەفتانە ٢ هەزار دۆلاری پەیدا دەکرد. لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بێکار سەرمایەوە. وەك ووتارەکە زیاتر ڕوونی کردەووە:

زۆر پیشە وایەری مینرۆزکراویان هەیە کە دەتوانێ پیشەکە لە تەمەنی ٢٠ بۆ ٢٥ یان ٣٠ بۆ ٣٥ ساڵیدا لە سەر ڕێ لابدات. لە هەر شوێنێك دابنرێت، بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە پێش تەمەنی خانەنشینی. دەکرێ جەستەیی بن: مۆدێلەکان جوانیەکەیان نامێنێت" وەرزشەوانەکان

جەستەیان ئەوە ئەنجامنادا کە پێشتر دەیان کرد. دەکرێ هۆشەکی بن: بیرکاریزانێك کە زۆر زیاتر هەڵە دەکات" دیزاینەر و ئەوانەی کاری ڕیکلام دەکەن بیرۆکەکانیان چیتر پارە ناکەن. دەکرێ پەیوەندیدار بێت بە توانای گشتیەوە: ئەو بانکەوانە وەبەرهێنەر و پارێزەرانەی، کە دەگەنە تەمەنی چل ساڵی شەکەتن، لە هاوسەرەکانیان جیابوونەتەوە، پوکاونەتەوە ( یان هەرسێکیان). مانای ئەوە نییە کە هەرگیز کار لە پیشەسازیەکەدا ناکەیتەوە دووبارە، بەلام هەوڵی گەیشتن بە لوتکە بەسەرچووە. دەبێتە دۆڕاوێك و تەواو.

ووتارەکە بەردوام بوو:

ئەو ڕۆژانەی کە دەست بە کارەکەت دەکەیت لە ٢٠ ساڵیدا و ساڵانێك بە سەختی کار دەکەیت، پەیتا پەیتا بە سەر پلەکانی هەڕەمەکدا هەڵدەزنێیت هەتا لە کۆتایدا دەگەیتە شوێنێك نزیك لە لوتکەی هەڕەمەکە لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا، گەلێك دوور و درێژن. ڕاستی ئەمڕۆ ئەوەیە ئەگەر لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا نەگەیت بەوە، ئەوسا هەرگیز پێیناگەیت. وە لە هەندێك پیشەسازیدا، لە تەمەنی ٢٠ یان ٢٥ ساڵیدا دەزانی ئایا پێویستە بیر لە سەرەتایەکی نوێ بکەیتەوە لە بێشەلانەکەدا بە بازرگانی پەرژین بڕینەوە یاخود نا، شارۆچکەکانی ولات پڕن لە گرافیك دیزاینەری پیر کە کەمێك کاری بۆیە کردن دەکەن یان کەمێك قورکاری یان تەنانەت هەندێکیان نانەواییان کردۆتەوە.

بەڕێوەبەری یەکەی کارسازی زانکۆی میلبۆڕن، د. ڕاچینگەر. دەڵێت ئەم خواستە مۆدێرنە بۆ هەڵبژاردنی کار و بەسەرچوونی لە ٤٠ ساڵیدا مانای ئەوەیە کە خەلکی پێویستە هەمیشە کار بکەن بەرەو کاری داهاتوویان و

هەندێك كات تەرخان بكەن بۆ فێربوونی شارەزایی نوێ بۆ كارە نوێكەیان. دەڵێت هەندێك پیشە، لە ناویاندا گرافیك دیزاین، وەك پیشەگەلی گەنجانە و داهێنەرانە دەبینرێن كە بە پێی پێوستی كەسانی سەروو ٤٠ ساڵی لە خۆی دوور دەخاتەوە.

ئەی چی بەسەر ئەو كرێكارە بە تەمەنترانە دێت؟ ووتارەكە ئەمەی هەبوو بۆی:

بەلام لەم هاوشان- لەگەڵ- پیشەسازی- ڕكێكردنە بێزاركەرانەدا، سەربازی پیادە دەبێت وەك میلیسا بێت: لاو، خۆزگەدار و ئامادە بۆ ١٢ كاژێر كاركردنی ڕۆژانە.

باشترینی كرێكارە بەتەمەنەكان دەبێت بەرزكرێنەوە بۆ پلەكانی سەرەوەی كارگێڕی، ئەوانەی تر دەبێت وەدەرنرێن. وە سەربازە پیادە كەمئەندامەكان بە شێوەیەكی سەرسوڕەێن ئاسانن. سێپتێمبەری پێشوو، دامەزراوەی كێبڕكێی نیشتیمانی بانگەوازیان كرد هەتا چاكەرەوەیەكی پرۆگرامساز لایان ئیش بكات. بە شێوەیەكی سروشتی، هەموو داواكاریەكان بە جوانی تەواو بوون بە نووسینی هەر توانا و شارەزایەكی نوێ و خێرای كۆمپیوتەری خۆیان لەسەر داواكاریەكانیان.

وە بێگومان هەموویان دەیانتوانی كارەكە بكەن، كەواتە چۆن چاوپێكەوتنەكان دەستی پێكرد بۆ جیاكردنەوەی برنج لە چەڵتووك؟ زۆر ئاسانە، چاوێرەكەمان ڕایگەیاند،" تەنها سەیری بەرواری لەدایكبوونی داواكارەكانمان كرد ودابەشمناكردن بۆ سەروو ٣٥ ساڵ و خوار ٢٥ ساڵ، وە ئەوانەی سەروو ٣٥ ساڵ بوون فڕێماندانە كۆمەڵەی پەتكراوەكانەوە. داواكاریەكەیان یاسایی بوو، بەلام ئایا یاسایەكی

سادەی داروینیان تێدا بوو؟" مانەوە بۆ گونجاوترینەکان، شکستی بەتەمەنترینەکان.

## وایەری تەقینەوەی باوکە زیرەکەکەم

بۆ ئەوانەی کە کتێبەکانی پێشترمیان خوێندۆتەوە، ڕەنگە پێشتر بزانن کە من چەند هەستیارم بە بیرۆکەی وایەری تەقینەوەی کار. باوکە زیرەکەکەم، بەرپرسی پەروەردە، لە تەمەنی پەنجاساڵیدا خۆی لە وایەری تەقینەوەکەیدا. لێرە ئەو پیاوە هەیە کە بە بڕوانامەیەکی باشی هەبوو، دڵسۆز، بە سەختی کارکەر و خۆ تەرخانکەر بوو بۆ باشکردنی سیستەمی پەروەردەی ویلایەتی هاوایی. بەڵام لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، لە سەرمادا بەجێما بە بێ کار و بە بێ هیچ شارەزایەکی مانەوە بۆ ژیانکردن لە دەرەوەی دیوارەکانی پەروەردە. هەرچەندە خوێندکارێکی باش بوو لە خوێندندا بە هاوکێشەیەکی فێربوونی مەزنەوە، بەڵام هاوکێشەی بردنەوەی فێربوونەکەی نەیتوانی پەروەردەی بکاتەوە هەتا لە دونیای ڕاستەقینەدا بمێنێتەوە دوای ئەوەی هاوکێشەی بردنەوەی پیشەگەرانەی شکستی هێنا.

## بە قورسی کارکردن لە کارێکی بێ دەرچەدا

ساڵانێکە بە پۆلەکانم دەڵێم، " زۆربەی خەڵکی شوێن ئامۆژگاری دایک و باوکیان دەکەون ' بڕۆ بۆ قوتابخانە، نمرەی بەرز بهێنە و کارێکی باش و سەلامەت بدۆزەرەوە. ' ئەوە بیرۆکەیەکی کۆنە. ئەوە بیرۆکەیەکی سەردەمی پیشەسازیە. وە گرفتەکەش ئەوەیە، زۆربەی ئەو کەسانەی شوێن ئەو ئامۆژگاریە دەکەون خۆیان لە کۆتایەکی داخراودا دەبیننەوە.

ڕەنگە نمرەی بەرزیان هێنابێت، کارێکی باش و سەلامەتیان دۆزیبێتـەوە و پارەیەکی زۆریان دەستکەوێت. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە، کارەکە پەیژەی نییە."

خەڵکانێك هەن کە هێشتا کار دەکەن و داهاتێکی باشیان هەیە، بەڵام جەستە و هۆشیان ماندووە وزۆر بەشیان پوکاونەتـەوە... وە هیـچ پەیژەیەکیش نییـە هـەتا پێیدا بێنـە دەرەوە و سـەرکەونە لوتکـە، لـە شوێنێکی ڕێگاکەیان قاچیان بەر وایەری تەقینەوەکە دەکەوێت و پێی نازانن. لە کاتێکدا کە ڕەنگە هێشتا خاوەنی کاری خۆیان بن و یان هێشتا بازارگانی خۆیان هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا، لـە شـوێنێکی ڕێگاکـە پەیژەی سەرکەوتن دیارنەماوە.

چـەندین هـاوڕێم هەیـە کـە لـە خوێنـدن زۆر بـاش بـوون، خوێنـدنیان تەواکردووە. تا ٤٠ سـاڵی ڕێژەیـەکی بـاش سـەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بـەڵام دواتـر جـادووی پیشـەگەرانە وەسـتاوە و بـەرەو خواربوونـەوە دەسـتپێکردوە. لـەم دۆخانـەدا، پێموایـە هاوکێشـەی بردنـەوەی پیشەگەرانە لە کار وەستاوە چونکە هاوکێشەی بردنەوەی فێربوونیش وەستاوە. بە دەربڕینێکـی تـر، هاوڕێکانم هـەمان هاوکێشەی بردنـەوەی فێربوون بـەکار دەهێـنن، وە ئـەو هاوکێشـەیەش لـە ڕووی پیشـەییەوە جادووەکەی لە دەستداوە.

## دەوڵەمەند بوون لە چل ساڵیدا و کەوتن لە چل و حەوت ساڵیدا

هاوڕێیەکم هەبوو لە ئامادەیی کە زۆر باش بوو لـە خوێنـدن، ڕۆیشـت بـۆ خوێندنگای ئاست بەرزی ئای لیگ لە کەناری خۆرهـەڵات دواتـر گەڕایـەوە بۆ هاوایی، یەکسـەر پەیوەنـدی بـە یانـە میوزیکیەکـەی باوکیـەوە کـرد،

کچێکی مارەکرد کە باوکی ئەندامی هەمان یانە بوو، مندالیان بوو، منداڵەکانیشی ڕۆیشتن بۆ هەمان قوتابخانەی تایبەت کە خۆی ڕۆیشتبوو. دوای چەند ساڵێك کارکردن، پەیداکردنی کەمێك ئەزموونی کار و یاریکردنی گۆڵف لەگەڵ هەندێ کەسی گونجاودا، لە هەندێ کڕین و فرۆشتنی گەورەی خانووبەرە تێوەگلا، ڕوخسارە بە زەدەخەنەکەی لەسەر بەرگی گۆڤارە بازرگانیە ناوخۆییەکان بوو و ستایشدەکرا وەك یەکێك لە سەرکردە بازرگانیەکانی نەوەی داهاتوو. بەر لە چل ساڵی، ژیانێکی بۆ خۆی پێکەوە نابوو. لە کۆتایی سالأنی هەشتادا، بازاڕی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە لە هاوای تێکچوو کاتێك ژاپۆنیەکان پارەی وەبەرهێنانەکانیان لە ویلایەتەکە دەرکێشایەوە، ئەویش سامانەکەی لەدەستدا. ژنەکەی لێی جیابۆوە چونکە پەیوەیندی لەگەڵ ژنێکی تردا هەبوو، ئێستا دەبووایە پاڵپشتی دوو خێزان بکات. لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا سەرمایەپووچ بوو بە ژمارە پسووڵەیەکی ژمارە زەبەلاحەوە تا پارەکەیان بدات.

چەند مانگێك لەمەوبەر بینیم، تازە بۆتە پەنجا ساڵ و زۆربەی ژیانەکانی قەرەبوو کردۆتەوە و تەنانەت کچە هاوڕێیەکی نوێشی هەیە. بەڵام هەرچەندێك بڵێت شتەکان باشن و کاری باش دەڕوا، دەتوانم ببینم کە گەرم و گوڕی نەماوە، شتێك لە ناوەوە گۆڕاوە، وە ئەویش زۆر لە جاران سەختر کاری دەکرد بۆ ئەوەی پێگەی سالأنی زووی بگەڕێنێتەوە. زۆرتر کالتەجار و نیگەران دیاربوو.

ئێوارەیەکیان لە کاتی نانخواردندا، هاوڕێ کچەکەی باسی بازرگانیەکی ئینتەرنێتی بۆ دەکردین کە تازە دەستی پێکردووە. زۆر دڵخۆش دیار

بوو، لەو دەچوو کە بازرگانیەکە باش بڕوا و لە هەموو دونیاوە داواکاریان بۆ بێت. لەپڕ هاوڕێکەم قیژاندی، وادیاربوو زۆری خواردبۆوە، وە پەستانەکەی ناوەوەی لە ڕوکەشە ئارامەکەیەوە سەر دەردەکات، ئاشکرا دیاربوو کە بێزارە لەم سەرکەوتنە نوێیەی هاوڕێ کچەکەی. یان نەبوونی سەرکەوتنی خۆی، گوتی،" چۆن دەتوانی بە باشی ئەنجامی بدەیت، خۆ تۆ نەچوویتە کۆلێژی گونجاو، وە بڕوانامەی ماستەریشت نییە، لەگەڵ ئەوەشدا، وەك من کەسە گونجاوەکان ناناسی."

کە من و کیم دەڕۆیشتینەوە بۆ ماڵەوە، لە سەر ئەم توورەبوونە لەپڕە سەرنجی خۆیدا." وادیاربوو کە هەوڵدەدا هاوکێشە کۆنەکەی سەرکەوتنی وا لێبکا کە کار بکات، واش دیار نەبوو کە کار بکات."

سەرم لەقاند و بیرم کەوتەوە کە ڕۆژنامە ئوستڕالیایەکە چی دەگوت دەربارەی پێ لێنان لە وایەری تەقینەوە. بیرم لەو گەنجە دەکردەوە کە دەیگوت فایلی داواکاریەکانی بەسەر سەروو سی و پێنج ساڵ و خوار سی و پێنج ساڵدا دابەشکردووە. بیرم لە ئەدریان کردەوە، ئەو هاوڕێیەم کە مافی یاسایی نووسینگەیەکی گەشتیاری کڕیەوە، وە ئێستاش لە بەشی یاسایە، چاوەڕێدەکرێت لە تەمەنی پەنجا و حەوت ساڵیدا تەواوی بکات.

هەروەها بیرم لە باوکە زیرەکەکەم دەکردەوە، پیاوێك کە لە دڵەوە باوەڕی بە هێزی خوێندێکی باش هەبوو، هەرچەندە بڕوانامە بەرزەکەی لە کۆتاییدا ڕزگاری نەکرد. دواجار لە بیرکردنەوە تایبەتیەکەم هاتمە دەر و بە کیمم گوت،" لە بیرۆکەی ئابوری نوێ و بیرۆکەی ئابوری کۆن دەچێت." کیم پرسی،" دەتوانی بڵێیت کچەکە بیرۆکەی ئابوریانەی نوێی هەیە و هاوڕێکەی تۆش بیرۆکەی ئابووریانەی کۆن؟"

سەرم لەقاند." تەنانەت دەتوانین وشەی ئابووریشی لێبکەینەوە. تەنها بڵێین کچە بیرۆکەی نوێ هەیە و ئەویش بیرۆکەی کۆن، وە ئەو هێشتا بەو بیرۆکانە کار دەکات کە لە ئامادەیدا پەرەیپێداوە. تەنها چەند ساڵێکیان لە نێوانە، بەڵام ئایدیاکانی کچە نوێن ---- هەرچەندە ڕەسەن نین، بەڵام بۆ ئەو نوێ و تازەکەرەوە و دڵخۆشکەرانەن. هەر بۆیە تازە دیارە. بەڵام بیرۆکەکانی ئەو نە نوێن و نە ڕەسەن. وە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ لای خۆی هێشتوونیەوە لەو کاتەوەی کە منداڵ بووین. کەواتە خەڵکی لە کار ناکەون، بەڵکو بیرۆکانیان دەکرێ لە کار بکەون.

وەڵامدایەوە،" ئەرێ، بێگومان وا دەردەکەوێت، بیرۆکەکانیان، بەڵام بە دیاریکراوی هاوکێشەکانی بردنەوەیان لە کار کەتووە، لە خەو هەڵدەستێ و دەڕوا بۆ کار، بەڵام لەبری ئەوەی منداڵە نوێیە پڕ سەرسوڕمانە بێت، ئەو منداڵەی پڕە لە بیرۆکەگەلی نوێ، ئێستا پیاوێکی پیرە بە بیرۆکەگەلی کۆنەوە، لەگەڵ ئەوەی تەنها پەنجا ساڵیشە. گرفتەکە ئەوەیە ئامادە نییە کە هاوکێشەکەی بگۆڕێت، ئەمڕۆ بە سێ ڤیەکەی دەستیەوە هەموو شارۆچکەکە دەگەڕێت، کێبڕکێی کار لەگەڵ ئەو لاوانەدا دەکات کە لە تەمەنی منداڵەکانیدان. کیم گوتی،" کەواتە ئامۆژگاری ' بڕۆ بۆ قوتابخانە و نمرەی بەرز بهێنە و کارێکی باش بدۆزەرەوە' ئامۆژگاریەکی باش بووە کاتێ کە منداڵ بووە، بەڵام وەك کەسێکی پێگەیشتوو ئامۆژگاریەکی خراپە بۆی. بە هێواشی بۆم زیاد کرد،" وە گرفتەکەش ئەوەیە، ئەو بە هاوکێشەی بردنەوەکەی گەمارۆدراوە و پێی نازانێ. درك بەوە ناکات کە ئامۆژگاریە باشەکەی ڕابردوو لە ئێستادا خراپە، لەبەرئەوە داهاتووی وێرانەیە."

کیم پرسی،" گەمارۆدراوە و پێی نازانیێ؟ ئەوە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بەسەر باوکمدا هات، ئامۆژگاری" برۆ بۆ قوتابخانە و کارێکی باش بەدەست بهێنە' ئامۆگاریەکی باش بوو بۆی وەك منداڵێك، هاوکێشەیەکی نایاب بوو. نمرەی بەرزی هێنا، کارێکی نایابی بە دەستهێنا، هەتا لوتکەش بەرزبۆوە. بەلآم دواتر هاوکێشەکە لە کار کەوت و هاتنە خوارەوەی دەستی پێکرد.

" کیم گوتی،" وە بەردەوامیش بوو لە کارکردن بە هەمان هاوکێشە. نەك تەنها بەردەوامبوو لە بەکارهێنانی، بەڵکو هەتا کەمتر کاری بۆ دەکرد زیاتر نا دڵنیا دەبوو، وە زیاتر بە خەڵکی دەگوت شوێن ئامۆژگاریەکەی بکەون، واتە هاوکێشەکەی، لەگەڵ ئەوەی کە کاری بۆ خۆی نەدەکرد.

کیم بە هێواشی گوتی، زیاتر بۆ خۆی بوو،" هەتا کەمتر کاری بۆ بکردایە، زیاتر بە خەڵکی دەگوت کە شوێن ئامۆژگاریەکەی بکەون؟ گوتم،" پێموابێ لە دوو شوێندا گیری خواردبوو، لەوەدا گیری خواردبوو کە کاری نەدەکرد، وە توورە و ماندوو ببوو، بەلآم هێشتا هەر بەردەوام بوو، وە لە رابردوودا گیری خواردبوو، کاتێکی ژیانی کە هاوکێشەکە کاری دەکرد بۆی، دەیوست خۆی دڵنیا بکاتەوە کە ئەمڕۆش شتە ڕاستەکە دەکات."

کیم گوتی،" کەواتە بە هەموو کەسێکی دەگوت ئەوە بکەن کە ئەو کردوویەتی؟ لەگەڵ ئەوەشدا کە لە کار کەوتبوو؟. پێموایە ئەوەی دەگوت چونکە ئەوە هەموو ئەوە بوو کە دەیزانی دەربارەی ئەوەی کە کاری بۆ ئەو کردووە. هێشتا ئەوەی بۆ دەرنەکەوتبوو کە چی کار ناکات.

کیم گوتی،" ئەو ساتەی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، بە هەموو خەڵکی دەڵێت کە چی کردووە، ڕەنگە ببێتە مژدەدەری شێوازە نوێیەکەی

ئەنجامدانی شتەکان. کاتێك کە بۆی دەرکەوت، بە هاوار هاوارەوە بەم لاو لادا دەگەڕێت، ' شێوازەکەم دۆزیەوە ! شێوازەکەم دۆزیەوە !' بەڵام هەتا ئەو ساتە، دەربارەی ڕۆژانی زوو ووتار دەدات هەتا هاوکێشەیەکی نوێی بردنەوە بۆ ژیانی دەدۆزێتەوە. وەڵاممدایەوە،" ئەگەر بۆی دەرکەوێت، کاتێك کە خوێندن تەواو دەکەیت، هیچ کەسێك نەخشە ڕێگای سەرکەوتنت پێنادات. کاتێك شوێن پێکە دیار نامینێت، زۆربەمان خۆمان دەبینینەوە بە ناو جەنگەڵدا ڕێدەکەین، بە هیوای دووبارە دۆزینەوەی شوێن پێ. هەندێك دووبارە دەیدۆزنەوە، وە هەندێکیان نایدۆزنەوە. کاتێکیش کە شوێن پێیەکی نوێ نادۆزیتەوە، زۆرەبەی جار دادەنیشیت و بیر لە شوێن پێ کۆنەکان دەکەیتەوە، ئەوە ژیانی ڕاستەقینەیە.

**پاڵەوانەکانی ئامادەیی**

پێشتر باسی ئەل بوندیم کرد، کارەکتەری زنجیرە تەلەفیزیۆنی پیاوی منداڵدار. ئەل بوندی نەخشاندنی ژیانی تراجیك کۆمیدی[1] کەسێکە کە لە ئامادەیی پاڵەوان بووە بەڵام هاوکێشەکەی نەگۆڕیوە. لە دراماکەدا، ئەل لە دوکانی پێڵاوکەیدا وەستاوە و بیر لەو ساتە خۆشە دەکاتەوە کە چوار خاڵی بە لەسەر زەوی خۆ تەختکردنی تۆمارکرد لە یاریەکی ئامادەیدا. ڕەنگە ڕۆژێك هەموومان وەك ئەل بوندیمان لێبێت، لە ناو کورسیە بزۆکەکەماندا دابنیشین، بیر لەو ساتانەی ژیانمان بکەینەوە کە وەك جادوو بوون. بەڵام کێشەکان کاتێك سەر هەڵدەدەن کە ئامادە نیت ئاوا لە ڕابردوت بدەیتەوە و هێشتا بتەوێت شتێکی زیاتر لە ژیانتدا نەوەك

[1] پیشاندانی بابەتێکی جدی و ترازیدی بە شێوەیەکی پێکەنیناوی و گاڵتە ئامێز.

بکـەیت. کێشـەکان سـەرهەڵدەدەن کاتێـک لـە ئێسـتادا دەژیـت و مەوڵـدەدەیت خۆشـیەکانی جـاران بگریتـەوە. ئـەو کەسـانەی نـاتوانن بوەسـتن کاتێـک پێویسـتە بوەسـتن زۆر جـار وەك ئـەو بـۆ-خـەڵات-شـەڕکەرانەن کـە دەچـنەوە مەیدانـەوە و لـە لایـەن نـەیاری لاوەوە لێیـان دەدرێت. بە هاوکێشەیەکی بردنەوەی کۆن شەڕ دەکەن، تەنها بۆ ئـەوەی شەڕکەرە بەتەمەنکە یادگاری ڕۆژانی زوو بە زیندوو ڕابگرێت.

ڕەنگە کەسانێکی زۆر لە خوێندن باش بن یان لە کارەکانی پێشوویاندا، بـەڵام شـتێك وەسـتاوە لـە کـارکردن بۆیـان. دووبـارە کۆبوونـەوەکانی ئامادەیی باشترین شوێنن بۆ بینینی ئەستێرەی تۆپی پێ کە لـەوە زیاتر پێشنەکەوتووە، یان ئەستێرەیەکی ئەکادیمی کە هـەرگیز لـە جاران زیات بەرەو پێش نەچووە. دوایی ١٠، ٢٠ یان ٣٠ ساڵ دەیانبینیتەوە و دەزانـی کە جادووەکە نەماوە. بۆ ئەوان، ئەگەر دڵیـان خـۆش نییـە، ڕەنگـە کـاتی ئەوە بێت کە هاوکێشەی بردنـەوە کۆنـە پیشـەگەرانەکەیان بگـۆڕن و درك بـەوە بکـەن کـە ڕەنگـە پێویسـت بکـات هاوکێشـەی برنـەوەی فێربوونـە کۆنەکەشیان بگۆڕن. ئەمڕۆ گرنگە ڕێگە بـە منداڵـەکانت بدەیت بـزانن کـە ئەو گۆڕانکاریە بەشێکە لە داهاتوویان. لە ڕاستیدا، ڕەنگە گرنگ بێـت کـە ڕێگە بە منداڵـەکانتان بـدەن بـزانن کـە توانایـان بـۆ گـۆڕان و بـە خێرایـی فێربوون ئەگەری هەیە زۆر گـرنگتر بێـت لـەوەی کـە لـە خوێندنـدا فێـری دەبن.

**ئامۆژگاری بۆ دایک وباوک**

چەند ساڵێك لەمەوبەر بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیم بـینی کـە دایکـان کچەکانیان بۆ سەرکار دەبرد بۆئەوەی پیشانی کچەکانیان بدەن کە چی دەکـەن. بێـژەری کەناڵەکـە زۆر بـە جۆشـەوە بیرۆکـەی بـاس دەکـرد،

دایکان فێری کچەکانیان دەکەن کە ببنە فەرمانبەری باش لە داهاتوودا." دەیگوت،" ئەمە بیرۆکەیەکی زۆر نوێ و نایابە--- هەموو ئەوەی توانیم بۆ خۆمی بڵێم ئەمە بو،" کە بیرۆکەیەکی کۆنە."

کاتێک لەگەڵ تازە پێگەیشتووەکانی ئەمڕۆدا دەوێم، زۆر جار لێیان دەپرسم لەسەر هاوکێشەی بردنەوەی کێ دەڕۆن. ئایا هاوکێشەی خۆیانە یان هاوکێشەی دایك و باوکیان؟

کاتێک کە منداڵ بووم لە ساڵانی شەست، زۆربەی دایك و باوکان بە تۆنێکی پڕ ترسەوە لە دەنگیاندا بە منداڵەکانیان دەگوت،" بڕوانامەیەکی باش بەدەستبهێنە بۆ ئەوەی کارێکی باشت دەستکەوێت." هۆکاری ئەو تۆقینە ئەوەیە کە زۆربەی دایك و باوکەکان لە سەردەمی گرانیە مەزنەکەدا گەورە ببوون، سەردەمێك کە هیچ کارێك نەبوو. بۆ خەڵکانێکی زۆری سەردەمی دایك و باوکم--- بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە لە نێوان ۱۹۹۰ بۆ ۱۹۳۵ لەدایکبوون--- ترسە هەستەکیەکانیان، ترسی دانەمەزراندن و ترسی نەبوونی پارەی پێویست، زۆر کاری لە بیرکردنەوە و کردار و گوفتاریان کردووە.

کاتێک گوێم لە کەسێك دەبێت دەڵێت،" بەلاَم خۆ دەبێت کارێکت هەبێت." دەڵێم،" لەسەرخۆبە. ئارام بەرەوە. پشوویەك وەرگرە، گرانیەکە بەسەر چووە. ئێستا ئینتەرنێت لە کاردایە، بوەستە لە پێدانی ئامۆژگاری لەسەر بنەمای مێژووی دێرین. ساتێك بوەستە و بیر بکەرەوە." هەندێك ئارام دەبنەوە، بەلاَم زۆربەیان ئارام نابنەوە. زۆربەی ئەو خەڵکانەی بینیومن لە رادەبەدەر تۆقیون لە نەبوونی کار، لە نەبوونی

پارە، وە زۆربەی خەڵکی ناتوانن ژیرانە بیر بکەنەوە بە هۆی ئەو ترسە کۆنانەوە کە لە دایك و باوکەوە بۆ منداڵەکانیان گواستراوەتەوە.

یەکێك لە گرنترین ئەو شتانەی کە دایك و باوك دەتوانن بیکەن ئەوەیە کە بوەستن و بیربکەنەوە و لە داهاتوو بڕوانن، لە بری ئەوەی ئامۆژگاریەك بگەیەنن کە لەسەر بنەمای ڕووداوەکانی ڕابردوو. وەك گوتم، گرانیەکە بەسەرچوو.

زۆرێك لە منداڵان واز لە خوێندن دەهێنن یان خوێندن زۆر بە جدی ناگرن چونکە هەڕەشەی نەتوانینی بەدەستهێنانی کارێکی باش و سەلامەت وەك هۆکارێك بۆچوونە خوێندن چیتر کار ناکات. منداڵانی قوتابخانە دەتوانن ببین کە چیتر پارەی زۆر بە ئەستێرە ئەکادیمیەکان نادرێت. منداڵان دەزانن کە ئەو کەسانەی کە زۆرترین پارەیان دەستدەکەوێت ئەوانەن کە ئەستێرەی وەرزش، میوزیك و سینەمان. دەبینن کە دایك و باوکیان دەڕۆن بۆ سەر کار، بە سەختی کار دەکەن، نایەنەوە ماڵەوە، دایەن بە کرێ دەگرن، منداڵەکەش دەڵێت،" ئەمە ئەوەیە کە لە پێناویدا دەچمە قوتابخانە، تا لە کۆتایدا ئەمە بکەم؟ ئەمە ئەوەیە کە دەمەوێ لە ژیانمدا؟ ئایا دەمەوێت ئاوا بەسەر منداڵەکانم بهێنم؟

دەبووایە بوەستم لە کردنی ئەو شتەی کە تێیدا باش بووم

کاتێك لە ساڵی ١٩٩٤ دا و لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا خانەنشین بووم، پرسیاری،" چی بکەم لەوە ماوەیەی ژیانمدا کە ماوە؟" بە قورسی کەوتە سەر زەنم. لە بری ئەوەی بۆ ساڵێك پشوو بدەم، بڕیارمدا ئەوە بکەم کە خەڵکی پێتان دەگوت" نوێکردنەوە"ی خۆم. ئەوە مانای ئەوەبوو کە دەبێت هاوکێشەی بنەدوەی فێربوونم و هاوکێشەی

بردنەوەی پیشەگەرانەم بگۆڕم. ئەگەر نەمگۆڕیایە، وەك ئەو شەرکەرە بەتەمەن دەبووم کە دوای ساڵێك دێتەوە مەیدان. بە نوێکردنەوەی خۆم دەبوو واز لەو شتە بهێنم کە باشم تێیدا و ئاسوودەم لە ئەنجامدانی. ئەمەش مانای ئەوە بوو کە واز لە وانە بازرگانیەکانم و سیمینارەکانی وەبەرهێنان بهێنم.

بۆ ئەوەی خۆم نوێبکەمەوە، دەبوایە دەست بکەم بە فێربوونی شتێك کە پێویست بوو فێری ببم لە پێناو گۆڕینی ئەو شێوازەی کە شتەکانم پێ ئەنجامدەدا. بۆ کردنی ئەوە، یاریەکی سەر بۆردم دروسکرد بۆ ئەوەی ئەو شتانە بڵێتەوە کە لە وانەکانمدا دەمگوتەوە. وە دەبووایە فێری نووسین بن، ئەو بابەتەی کە لە قوتابخانە دووجار تێیدا شکشتم هێنا، ئەمڕۆ زیاتر وەك نووسەر ناسراوم وەك لە هەر پیشەیەکی تر کە لە ڕابردوودا هەمبووە، ئەگەر بەهۆی هەبوونی هاوکێشەی برنەوەی فێربوون، دارایی و پیشەگەرانە نەبووایە، ئەو چێژو خۆشی بەرەو پێشچوونەم نەدەبوو لە ژیانمدا. ئەگەر بەردەوام نەبوومایە، لە ٤٧ ساڵیدا لە کار دەکەوتم و هەموو تەمەنم لە بیرکردنەوە لە ڕۆژە خۆشەکان و سەرکەوتنەکانی ڕابردووم بەسەر دەبرد.

## ئاسایشی کار چی بۆ خێزان فەراهەم دەکات؟

ئەمڕۆ دایك و باوکان پێویستە زۆر زیرەکتر بن چونکە منداڵەکانیان زیرەکترن، دایك و باوکان پێویستە سەروو خوێندن و سەروو ئاسایشی کار ببینن چونکە منداڵان دەتوان هێندە دوور ببینن. دەتوانن ببینن کە ئاسایشی کار چی کردووە بە ژیانی خێزانەکەیان. دەتوانن ببینن کە دایە و باوکیان ڕەنگە کاریان هەبێت بەڵام ژیانیان نییە. ئەوە ئەو داهاتوو،

نییە کە زۆربەی منداڵان دەیانەوێت. وە ئەگەر دەتەوێت باوانێکی باش بیت و پەیوەندیەکی باشت هەبێت لەگەڵ منداڵەکەت، دایک و باوک دەبێت لە تۆپی کریستاڵی [1] بڕوانێت--- بەڵام نەک تۆپی کریستاڵی خۆیان. و باوکانی ئەمڕۆ دەبێت بەردەوام سەیری تۆپی کریستاڵی منداڵەکانیان بکەن. دایک و باوک دەبێت بەشداری ڕوانینی منداڵەکەیان بن بۆ داهاتوو لە بری ئەوەی زۆر لە منداڵەکەیان بکەن ڕوانینی ئەوان ببینن بۆ داهاتوو. ڕوانینێک کە لەسەر بنەمای ڕابردوو دامەزراوە.

زۆربەی دەمەقاڵێ و ناکۆکیەکانی منداڵان لەگەڵ دایک و باوکیاندا بەریەک کەوتنە لە نێوان هاوکێشەی بردنەوەی دایک و باوکەکە و هاوکێشەی بردنەوەی منداڵەکە--- بۆ وێنە، باوکێک دەڵێت،" پێویستە بڕۆیت بۆ قوتابخانە." وە منداڵەکەش دەڵێت،" من واز لە خوێندن دەهێنم."ئەوە نموونەیەکی بەریەککەوتنی هاوکێشەکانی بردنەوەیە. بۆ هەبوونی پەیوەندیەکی سەرکەوتوو، دایک و باوک دەبێت هەوڵی تەواوی خۆیان بدەن بۆ بینینی ئەوەی کە منداڵەکەیان دەیبینێت. چونکە ئاشکرایە کە منداڵەکە شتێک دەبینێت، وە ڕەنگە بڕوانامەی باش بەشێک نەبێت لەو بینینە. من ناڵێم دەبێت دایک و باوک خۆیان گۆشەگیر بکەن و ڕێگە بدەن منداڵەکەیان چی بوێت بیکات. هەموو ئەوەی دەیڵێم ئەوەیە کە دایک و باوک پێویستە سەرووتر لە بەریەککەوتنی هاوکێشەکانی بردنەوە ببینن و هەوڵی تەواوی خۆیان بدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕوانینەی لە سەری منداڵەکەیاندایە. دەزانم کە ڕەنگە ئاسان نەبێت، بەڵام پێموابێ زۆر باشترە لە شەڕکردن.

---

[1] مەبەست لەو تۆپە شوشەییەیە کە فاڵچیەکان لێی دەڕوانن بۆ خوێندنەوە و پێشبینیکردنی داهاتوو و چارەنووسی کەسێک.

کاتێک کە دایک و باوک ئەوەیان بینی کە منداڵەکە دەیبینێ و منداڵەکە دەیەوێت بچێتە کوێ، ڕەنگە هەڵێکی پەیوەندیگرتن هەبێت یان هیوای ڕێنمایکردن بخوازرێت. ئەمە زۆر گرنگە، چونکە ئەو ساتەی دایک و باوک بە منداڵەکەی دەڵێت،" نامەوێت ئەوە بکەیت." منداڵەکە دەیکات یان پێشتر کردوویەتی. هاوبەشیکردنی ڕوانینێک و کەمکردنەوەی بەریەککەوتنی هاوکێشەکانی بردنەوە زۆر پێویستە بۆ ڕێنمایکردنێکی ماوە درێژ.

هەر کە پەیوەندیگرتن شوێنی خۆی گرت، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دایک و باوکان هاوبەشی بەو بیرۆکەیە بکەن کە لە ژیانیاندا چەندین پیشەیان هەبووە، لە بری ئەوەی یەک پیشەیان هەبووبێت بۆ هەموو ژیانیان. وە ئەگەر منداڵەکە بیرۆکەکە وەرگرێت، ڕەنگە دوای ئەوە ڕێزێکی زیاتری هەبێت بۆ خوێندن. ئەگەر منداڵ ڕێزێکی زیاتر بە دەست بهێنیت بۆ خوێندن و فێرکردنی هەمیشەیی، ڕەنگە کەمێک ئاسانتر بێت تا پێیبگوترێت کە بۆچی گەشەپێدانی هاوکێشەیەکی بردنەوەی فێربوون و مانەوە لە خوێندندا هێندە گرنگە. پێموایە کە ئەمە گرنگە چونکە هیچ دایک و باوکێک نییە کە بیەوێت منداڵەکەی لە کارێکی کۆتایی داخراودا گیر بخوات و نرخیان کەمتر بێتەوە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیاندا.

## بەراوردی بیرۆکەکان

| سەردەمی پیشەسازی | سەردەمی زانیاری |
|---|---|
| ئاسایشی کار، نووسینگەدار | بریکاری سەربەست، کۆمپانیای دیجیتاڵی |
| پایەبەرزی و پلەبەندی | مووچە وەرگرتن بە پێی دەرەنجام |
| یەک کار | گەلێك کار |
| کارکردن تا ٦٥ ساڵی | زوو خانەنشین بوون |
| کارکردن لە ماوەی کاتی دیاریکراودا | کارکردن کەی پێت خۆش بوو |
| ناوەندەکانی خوێندن | سیمینارەکان |
| بروانامە و پشتگیری | بەهرەی ڕووت |
| زانیاری کۆن | بیرۆکەگەلی نوێ |
| پلانی خانەنشینکردنی کۆمپانیا | وەبەرهێنانی خوود- بەڕێوەبەری |
| پلانی خانەنشینکردنی حکومەت | پێویستی پێی نییە |
| پلانی پزیشکی حکومەت | پێویستی پێی نییە |
| کارکردن لە کۆمپانیا | کارکردن لە ماڵەوە |

بە پوختی، تۆ و منداڵەکەت بژاردەی زیاترتان هەیە لەوانەی کە دایک و باوکت هەیانبووە. ئەو بژاردانەی سەردەمی پیشەسازی کە لەسەرەوە لیستە کراون نە باشترن و نە خراپترن لە بژاردەکانی سەردەمی زانیاری. مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەمڕۆ بژاردەی زیاتر هەیە، وە منداڵانیش ئەوە دەزانن. ململانێکە بۆ سیستەمی خوێندن و دایک و باوکانە کە منداڵەکانیان ئامادە بکەن بۆ فێربوونی شارەزاییە پێویستەکانی فێربوون

بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین بژاردەیان هەبێت. پێموانیە هیچ دایك و باوكێك بیەوێت منداڵەكەی لە دوكانی پێڵاوفرۆشیدا گیر بخوات چونكە منداڵەكە شوێن ئەو ئامۆژگاریەی دایك و باوكی كەوتووە كە دەڵێن،" برۆ بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی بتوانی كار بەدەستبهێنیت." ئەمڕۆ پێویستە منداڵان زۆر لەوە رۆشنبیرتر و خوێنەوارتر بن.

تێبینیەكی كۆتایی

وانە بە پێگەیشتووان دەڵێمەوە، كاتێك پێیان دەڵێم كە ئامۆژگاری" برۆ بۆ قوتابخانە و كارێك بە دەستبهێنە" گەمارۆیان دەدا، گەلێك دەست بەرز دەبنەوە و داوای ڕوونكردنەوەی زیاتر دەكەن.

لە یەكێك لە پۆلەكانمدا ئەم گفتوگۆیە ڕوویدا، بەشداربوویەك پرسی،" بەڵام چۆن هەبوونی كارێكی باش گەمارۆت دەدات؟" گوتم،" پرسیارێكی جوانە. ئەوە كارەكە نییە كە گەمارۆت دەدات، بەڵكو ئەو دروشمەیە كە بە گوزارشتی" برۆ بۆ قوتابخانە و كارێك بە دەستبهێنە" وە پەیوەستكراوە گەمارۆت دەدا."بەشداربووەكە پرسی،" دروشم؟ چی دروشمێك؟"" ئەو دروشمەی كە دەڵێت ' بە سەلامەتی ئەنجامی بدە و هەڵە مەكە."

بەندی حەوتەم

## ئایا منداڵەکەت دەتوانێت پێش سی ساڵی خانەنشین بێت؟

ڕۆژێک لـە باوکـە دەوڵەمەندەکـەمم پرسـی بۆچـی هێنـدە دەوڵەمەنـدە، وەڵامەکـەی ئەمـە بـوو،" چـونکە زوو خانەنشـین بـووم. ئەگـەر پێویسـت نەکات بچیت بۆ سـەر کـار، کـاتێکی زۆرت دەبێـت بـۆ ئـەوەی دەوڵەمەنـد بیت."

### بە ناو ئاوێنەدا

لە بەندەکانی سەرەتای تایبەت بە ئەرکی ماڵەوە، باوکـە دەوڵەمەندەکـەم گـوتی،" لـە سـەر کـار دەوڵەمەنـد نابیـت، بـەڵکو لـە ماڵـەوە دەوڵەمەنـد دەبێت. هەر لەبەرئەوەیە کە پێویستە ئەرکی ماڵـەوەت ئـەنجام بـدەیت." باوکە دەوڵەمەندەکەم ئەرکی ماڵەوەی خۆی بە ئەنجامدا بەوەی کە فێـری هاوکێشەیەکی مەزنی بردنەوەی کردم بە هۆی یـاری مۆنۆپۆلیـەوە. کـاتی خۆی بەخشی بە یاریکردنی مۆنۆپۆلی لەگەڵ من و مایکی کوڕیـدا، هـەوڵی تـەواوی خۆیـدا زهنمـان ببـات بـۆ دونیایـەک کـە خـەڵکانێکی زۆر کـەم دەیبیـنن. لـە شـوێنێك لـە نێـوان تەمـەنی نـۆ و پـانزە سـاڵیدا، لـە ڕووی زهنیەوە پەڕیمەوە لە دونیای باوکە هەژارەکەمەوە بۆ نێو دونیای باوکـە دەوڵەمەندەکـەم. ئـەوە هـەمان دونیـا بـوو کـە هـەموو کەسێك دەیتـوانی ببینێت. تەنها ئەوە بوو کە ئاگاییەکـە جیـاواز بـوو. دەمتـوانی شتگەلێك ببینم کە پێشتر هەرگیز نەمبینیبوون.

لە سەرکێشیەکانی ئالیسی لویس کاڕۆڵدا، ئالیس بە ناو ئاوێنەیەکدا دەڕواتە دونیایەکی جیاوازەوە. باوکە دەوڵەمەندەکەم بردمی بە ناو ئاوێنەکەی خۆیدا لە ڕێگەی یاری مۆنۆپۆلیەوە و ڕێگەی دام لە ڕێی چاو و گۆشە نیگای ئەوەوە شتەکان ببینم. لە بری ئەوەی پێمبڵێ،" بڕۆ بۆ قوتابخانە و نمرەی بەرز بهێنە و کارێکی باش و سەلامەت بدۆزەرەوە." بەردەوام هانیدەدام کە بیرم بگۆڕم و جیاواز بیر بکەمەوە. بەردەوام دەیگوت،" چوار خانووی سەوز بکڕە، بیان فرۆشە، دواتریش هۆتێلێکی سوور بکڕە. ئەوە ئەو هاوکێشەیەیە کە دەتکاتە پیاوێکی دەوڵەمەند کاتێ گەورە بوویت." نەمدەزانی دەیویست چی ببینم بەڵام دەمزانی دەیەوێت شتێك ببینم کە درکی کردبوو لەو ساتەدا نایبینم.



وەك منداڵێك، تێنەدەگەیشتم کە هەوڵدەدات چی بکات. تەنها ئەوەم دەزانی کە پێیوایە کڕینی چوار خانووی سەوز، فرۆشتنیان و دواتر کڕینی هۆتێلێکی سوور بیرۆکەیەکی زۆر گرنگە. هەرچەندە بەردەوام یاریکردنی بەو یاریە لەگەڵ باوکە دەوڵەمەندەکەم و ماماڵەکردن لەگەڵیدا وەك شتێکی گرنگ نەك یاریەکی منداڵانەی ساکار، وردە وردە بیرکردنەوەم گۆڕا، وردە وردە شتەکانم بە جیاوازی دەبینی. دواتر پاڵنێك

لـە کاتێکـدا کـە سـەردانی بەڕێوەبـەری بانکەکـەیمان کـرد، زهـنم گوێزانەوەکـەی ئەنجامـدا. بـۆ سـاتێك، دەمتـوانی زهنـی باوکـە دەوڵەمەندەکـەم ببیـنم و ئـەو دونیایـە ببیـنم کـە باوکـە دەوڵەمەندەکـەم بینیبووی. بە ناو ئاوێنەکەدا دەڕۆیشتم.

## گۆڕانێک لە خوود- ئاگاییدا

گۆڕانە هۆشەکیەکە هات کاتێك لە کۆبوونەوەیەکدا دانیشتبووم کە باوکی دەوڵەمەنـد لەگـەڵ بەڕێوەبـەری بانکەکـەی و بریکـاری خانووبەرەکەیـدا هەبیوو. باسی هەندێك وردەکاریان کرد، چەند بەڵگەنامەیەکیان واژۆ کـرد، باوکی دەوڵەمەند چێکێکی پارەی دا بـە بەڕێوەبـەری بانکەکـە، دواتـریش هەندێك کلیلی لە بریکـاری خانووبەرەکـەی وەرگـرت. تێگەیشـتم کـە هـەر ئێسـتا خانوویـەکی سـەوزی تـری کـڕی. سـواری ئۆیۆمۆبێلەکـە بـووین، بەڕێوەبەری بانك، بریکارەکە، باوکی دەوڵەمەنـد، مـن و مایـك بـەرەو ئـەو موڵکـە ڕۆیشـتین بـۆ ئـەوەی خـانووە نوێیـە سـەوزەکەی بپشـکنین. لـە کاتێکدا کە بەڕێوەبووین، درکم بەوە کـرد کـە مـن لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی لـە یاری مۆنۆپۆلیـدا ئـەنجامی دەدەم لـە دونیـای ڕاستەقینەدا دەیبینم. لـە ئۆتۆمۆبێلەکـە دابـەزین، سـەیری بـاوکی دەوڵەمەنـدم دەکـرد بەسـەر پلیکانەنەکاندا سەرکەوت، کلیلەکەی خستە دەرگاکـەوە، کلیلەکـەی بـادا، دەرگاکەی پاڵ پێوەنا، چووە ناوەوە و گوتی،" هی منە."

وەك گـوتم، بـە بیـنین، دەسـت لێـدان، هەسـتکردن و ئەنجامـدان بـاش فێردەبم. باش نیم بـە دانیشـتن، گـوێگرتن، خوێندنـەوە و تاقیکردنـەوە لەسەر کاغەز. کاتێك لە پەیوەندی بەرجەستەی نێـوان یاریەکـە و خـانووە بچوکە سەوزەکە و ئەو خانوەی هەر ئێنستا کڕی تێگەیشتم، بـیرم گـۆڕا و

دونیابینیم گۆڕا چونکە ئاگاییم لەسەر خۆم دەگۆڕا. چیتر ئەو منداڵ
هەژارە نەبووم کە لە خێزانێکەوە هاتبوو گرفتی دارایییان هەبوو. دەبووە
منداڵێکی دەوڵەمەند. ئاگایم لەسەر خۆم دەگۆڕا. چیتر مبوام
نەدەخواست کە دەوڵەمەند بم. لە ڕۆحمدا، دڵنیابووم لەوەی کە
دەوڵەمەندم. دەوڵەمەند بووم لەبەرئەوەی وردە وردە دەمتوانی لە ڕێی
چاوی باوکە دەوڵەمەندەکەمەوە دونیا ببینم.

کاتێك بینیم کە چێکێکی نووسی و چەند کاغەزێکی واژۆ کرد و کلیلەکانی
وەرگرت. لە پەیوەندی یاریەکە، کارەکان و خانووە بچووکە سەوزەکە
گەیشتم. بە خۆمم گوت،" دەتوانم ئەمە بکەم. ئەمە هێندە قورس نییە.
پێویست ناکا زیرەك بم بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بم. تەنانەت پێویستم بە
نمرەی بەرزیش نییە." وام هەست دەکرد بە ناو ئاوێنەکەدا دەڕۆم و
دەچمە دونیایەکی دیکەوە. بەڵام ڕۆیشتنە ناو ئەم دونیایەوە هەندێك
گرفتیشی بۆ چێکردم لەگەڵ ئەو دونیایەی کە بەجێمدەهێشت.
هاوکێشەی بردنەوەمم دۆزیەوە. ئەوە هاوکێشەیەك بوو کە دوای
هاوکێشەگەلی فێربوون، پیشەگەرانە و داراییانەی دەکرد. ئەو هاوکێشەیە
بوو کە بۆ تەواوی ژیانم بەکارمهێنا. لەو ساتەدا دەمزانی کە دەوڵەمەند
دەبم. هیچ گومانێکم نەبوو. لە یاری مۆنۆپۆلی تێگەیشتم. حەزم لە یارەکە
مۆنۆلۆپی بوو. دەمبینی کە باوکە دەوڵەمەندەکەم بە پارەی ڕاستەقینە
یاریەکەی دەکرد. وە ئەگەر ئەو بتوانێت بیکات، دەمزانی کە منیش
دەتوانم بیکەم.

## هاتن و ڕۆیشتن لە نێوان دوو دونیادا

لە ڕوی زهنیەوە من بە ناو ئاوێنەکەدا دەهاتم و دەڕۆیشتم. گرفتەکە ئەوە بوو، ئەو دونیایەی دەچومە ناوی، دونیای باوکە دەوڵەمەندەکەم، ژیرانە دیار بوو، ئەو دونیایەی بەجێمدەهێشت لە دونیاییەکی شێتانە دەچوو. ئەو دونیایەی لە ڕۆژانی قوتابخانە بۆی دەگەڕامەوە وەك دونیای کلاوچی شێت، کارتە پێگرتووەکان و پشیلەی چێشایر[1] وابوو. دوشەممان، مامۆستا داوای لێدەکردین کە ئەرکی ماڵەوەمان بەێنن. دواتر ئەرکی زیاتری پێدەداین و داوای دەکرد شتانێك بخوێنن کە نەمدەتوانی بیبینم و دەستی لێبدەم و هەستی پێبکەم.

داوام لێدەکرا بابەتێك بخوێنم کە دەمزانی هیچ سوودێکی نابێت. گرفتی ئالۆزی بیرکاریم شیکار دەکرد و دەمزانی کە لەوانەیە هەرگیز پێویستم بە بەکارهێنانی هاوکێشەیەکی هێندە ئالۆزی بیر کاری نەبێت لە دونیای ڕاستەقینەدا. بینیم کە باوکە دەوڵەمەندەکەم چەند بیرکاری بەکارهێنا بۆ کڕینی خانووە سەوزەکە، هیچ هاوکێشەیەکی جەبری بەکارنەهێنا بۆ کڕینی. هەموو ئەوەی کردی کۆکردنەوە و لێدەرکردنی سادە بوو. دەمزانی کڕینی ئەو چوار خانووە سەوزە هێندە قورس نییە. هەر کە ئەو چوار خانووە سەوزەم فرۆشت، کڕینی هۆتێلە سوورەکە ئاسان دیارە، تەنانەت لۆژیکیشە---بەڵام تەنها کاتێك واتای دەبێت ئەگەر بتەوێت دەوڵەمەند بیت و کاتێکی زۆری بەتاڵت هەبێت. هۆتێلێکی گەورە بە بێ هیچ ماندووبونێك پارەیەکی زۆر دەکات. شڵەژابووم، چونکە هەر جارێك بە ناو ئاوێنەکەدا دەڕۆیشتم، بە دڵنیایەوە لایەکیان ژیرانەتر بوو لە لاکەی

---

[1] ئەمانە کاراکتەرن لە ڕۆمانی سەرکێشیەکانی ئالیس لە مەملەکەتی سەیر و سەمەرەدا.

تر. هەرگیز تێنەگەیشتم بۆچی ئەو بابەتانەمان دەخوێند کە دەمانزانی هەرگیز بەکاریان ناهێنین، یان بە لایەنی کەمەوە پێمان نەدەگوترا کە چۆن بەکاریان بهێنین. دواتریش دەبێت تاقیکردنەوە لەو بابەتانەدا بکەم حەزم لێیان نەبوو. وە نازناوی زیرەك یان تەمبەڵم بەسەردا بڕدرێت لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە تاقیکردنەوەکاندا چۆن بووم. لە ڕاستیدا وەك مەملەکەتەکەی ئالیس وابوو بۆم. بۆچی ئەم بابەتانە دەخوێنم؟ ڕۆژێکیان بڕیارمدا ئەو پرسیارە بکەم کە چەند ساڵێکە تووشی سەرسوڕمانی کردووم. دواجار غیرەتم دایە بەر خۆم و لە مامۆستاکەم پرسی،" بۆچی من بابەتگەلێك دەخوێنم و تاقیکردنەوەی تێدا دەکەم کە هیچ حەزێکم لێیان نییە و هەرگیزیش بەکاریان ناهێنم؟" وەڵامەکەی ئەمە بوو،" چونکە ئەگەر نمرەی باش نەهێنیت، کارێکی باشت دەست ناکەوێت."

ئەوە هەمان وەڵام بوو کە لە باوکە زیرەکەکەمەوە بیستم، وەك زرنگانەوەیەك وابوو. کێشەکە ئەوە بوو وەڵامەکە هیچ مانایەکی نەبوو. خوێندنی ئەو بابەتانەی کە حەزم لێیان نییە و هیچ سوودێکیان بۆم نییە پەیوەندی چییە بە دەستکەوتنی ئیشەوە؟ ئێستا کە هاوکێشەی بردنەوەم لە ژیانمدا دۆزیوەتەوە، بیرۆکەی ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە و خوێندنی ئەو بابەتانەی کە بەکارم نایات بۆ دۆزینەوەی کار، کارێکە هەر نیازم نەبوو بەدەستیبهێنم، تەنانەت زۆر بێماناتری کردبوو. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك بیرم لێکردەوە، وەڵامدایەوە،" بەڵام چی ئەگەر کارم نەوێت؟"

لەگەڵ گوتنی ئەوەدا، زۆر بە ڕوونی پێمگوترا،" دانیشە و خەریکی ئەرکەکەت بە."

## خوێندن گرنگە

پێشنیاری ئەوە ناکەم منداڵەکەت لە خوێندن دەربهێنیت و یاریەکی مۆنۆپۆلی بۆ بکڕیت. پەروەردەیەکی گونجاو گرنگە. قوتابخانە شارەزایی فێربوون و ئەکادیمی دەڵێتەوە، دواتریش شارەزایی پیشەگەرانە دەڵێتەوە. هەرچەندە بەتەواوەتی هاوڕانیم لەسەر ئەو شێوازەی کە سیستەم وانەی پێدەڵێتەوە یان ئەوەی دەیڵێتەوە، ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە و چوونە کۆلێژ یان بەشی بازرگانی هێشتا بنەمای زۆربەی سەرکەوتنەکانی ژیانی ئەمڕۆیە.

کێشەکە ئەوەیە خوێندن شارەزاییە بنچینەیە داراییەکان ناڵێتەوە. لەبەرئەوەی ئەو شارەزاییانە فێر ناکات، زۆربەی منداڵان خوێندن تەواو دەکەن بە بێ هاوکێشەیەکی بردنەوەی داراییانە. لە ڕاستیدا، زۆربەیان بە هاوکێشەی دۆڕاوی داراییەوە تەواوی دەکەن. ئەمڕۆ لاوانێکی زۆر خوێندنگا جێدەهێڵن لە ژێر قەرزی کارتی بانکدا یان قەرزی کۆنی خوێندنیان لەسەر ماوە. زۆرێک هەرگیز لە ژێر باری قەرز دەرناچن. هەندێکیش خوێندن تەواو دەکەن و ئۆتۆمۆبێل و خانوو و بەلەم وئەوانە دەکڕن. هەندێک دەمرن و قەرزەکانیان بۆ منداڵەکانیان جێدەهێڵن. بە دەربڕینێکی تر، ڕەنگە بە بڕوانامەیەکی باشەوە خوێندن تەواو بکەن، بەڵام هەروەها خوێندن تەواو دەکەن بە بێ فێربوونی هاوکێشەیەکی زۆر گرنگ--- هاوکێشەی بردنەوەی دارایی بۆ ژیانیان.

## هەردوو باوکەکەم نیگەران بوون

باوکە مامۆستاکەم درکی بەوە دەکرد کە شتێك وونە لە پەروەردەدا، بەڵام لە ڕاستیدا هەرگیز ئەو شتەی دیاری نەکرد کە وونە باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیزانی کە چی وونە. دەیزانی کە قوتابخانە هیچی وا دەربارەی پارە ناڵێتەوە، دەیزانی نەبوونی هاوکێشەیەکی بردنەوەی دارایی وا لە خەڵکی دەکات لە بە سەختی کارکردن بەردەوام بن، بە ئاسایشی کارەوە پەیوەست بن و هەرگیز لە ڕووی داراییەوە بەرەو پێش نەچن. کاتێك کە چیرۆکی مەزراکانی شەکری باوکم پێگوت کە سیستەمی خوێندنیان بەکارهێناوە بۆ دەستەبەرکردنی ڕێژەیەکی دەستی کاری جێگیر، هەموو ئەوەی گوتی بە دەنگێکی هێور ئەمە بوو،" زۆری وا نەگۆڕاوە." دەیزانی کە خەڵکی دەستیان بەکارێکەوە گرتووە و بە سەختی کاریانکردووە زۆر بە سادەیی لەبەرئەوەی پێویست بووە وابکەن، دەیزانی کە هەمیشە ڕێژەیەکی جێگیری دەستی کاری دەبێت. ئەویش لە خەمی باری دارایی ئەوانە بوو کە کاریان بۆی دەکرد.

ئەوە زۆر بێزاری دەکرد کە دەیبینی خەڵکی زۆر بە سەختی کاری بۆ دەکەن تەنها بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ماڵەوە و زیاتر بکەونە ژێر قەرزەوە. هەر وەك دەیگوت،" لە سەر کار دەوڵەمەند نابیت، بەڵکو لە ماڵەوە دەوڵەمەند دەبێت. لەبەرئەوەیە کە دەبێت ئەرکی ماڵەوەت ئەنجام بدەیت." هەروەها ئەوەیشی دەزانی کە زۆربەی ئەوانەی کە کاری بۆ دەکەن پەروەردەیەکی بنچینەیی داراییان نییە بۆ ئەنجامدانی ئەرکە داراییەکانی ماڵەوەیان، ئەوەش بوو کە نیگەران و بێتاقەتی کردبوو.

## شێوازی وانە گوتنەوەی باوکە دەوڵەمەندەکەم

شتگەلێکی زۆر لە باوکە دەوڵەمەندەکەم فێربووم چەنکە شێوازێکی زۆر تایبەتی فێرکردنی هەبوو، شێوازێك کە بۆ فێربوونی من زۆر باش بوو.

جارێکی تر ئامارە بەو چیرۆکە دەکەم لە باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژارەوە کە باوکە دەوڵەمەندەکەم بۆ هەر کاژێرێك دە سەنتی پێدەدام دوای ئەوەی بەڵێنی ئەوەی پێدام کە فێری چۆنێتی دەوڵەمەندبوونم بکات. بۆ ماوەی سێ یەکشەممە هەر ڕۆژە و سێ کاژێر کارم بۆ کرد، بڕی ٩٠ سەنتم کۆکردەوە. لە کۆتاییدا زۆر بێزار بووم، ڕۆیشتم بۆ نووسینەگەکەی و پێمگوت کە بەکاری هێناوم. هەموو جەستەم دەلەرزی و بە گریانەوە، لەبەردەم مێزەکەی وەستام. کوڕێکی نۆ ساڵە داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەکەی دەکرد.

" تۆ پەیمانت پێدام کە فێرم بکەیت چۆن دەوڵەمەند ببم. ئێستا من ئەوە سێ هەفتەیە کار بۆ تۆ دەکەم، وە بە هیچ شێوەیەك هەر نەشمبینیوویت. نەهاتی و سەیری کارەکەشم بکەیت، هیچیشت فێر نەکردم. هەموو یەکشەممەیەك سی سەنتم پێدەدراوە، ئەوەش دەوڵەمەندم ناکات. کەی بە نیازی شتێکم فێر بکەیت؟"

باوکی دەوڵەمەند پاڵیدایەوە لە کورسیەکەیدا، لەسەر مێزەکەیەوە لە منداڵێکی نۆ ساڵانی زۆر بێزاری دەڕوانی. دوای خولەکێکی درێژی بێدەنگیەکی کوژەر، زەردەیەکی کرد و گوتی،" من شتێکت فێردەکەم. من گرنگترین وانەت فێردەکەم کە دەتوانی فێری بیت ئەگەر بتەوێت دەوڵەمەند بیت. خەڵکێکی زۆر تەواوی ژیانیان کار دەکەن و ئەو وانەیە فێرنابن کە تۆ فێری دەبیت. ئەگەر فێری بیت." بێدەنگ بوو، لە

کوسیەکەیدا پاڵیدابۆوە و بەردەوام بوو لە سەیرکردنەوەم کە لەڕێ
لەرزۆکانە وەستابووم، ڕێگەمدا قسەکانی جێبگرن.

گوتم،" مەبسەت چییە لەوەی ' ئەگەر فێری ببم'؟ ئەگەر فێری چی ببم؟
دەبێت فێری چی بم کە خەڵکی تر هەرگیز فێری نابن؟" لوتم بە قژلی
کراسەکەم دەسڕی. ئارام ببومەوە، بەڵام هێشتا ئەوە بێزاری دەکردم ک
دەیگوت شتێکم فێردەکات. لەو کاتەوە نەمبینیبوو کە ڕازی ببووم کاری
بۆ بکەم، ئەی کەوابێ چۆن دەڵێت کە فێری شتێکی دەکردم.

دوای تێپەڕینی ساڵانێك زانیم کە ئەو وانەیە چەند گرنگ بوو--- ی
زۆربەی خەڵکی بە بەسەختی کارکردن بۆ پارە و ئاسایشی کار دەوڵەمەند
نابن. هەر کە لە جیاوازی نێوان کارکردنم بۆ پارە و کارکردنی پارە بۆ من
تێگەیشتم، کەمێك زیرەکتر بووم، درکم بەوە کرد کە ناوەندەکانی
خوێندن فێرمان دەکەن کار بۆ پارە بکەین، وە ئەگەر بمویستایە
دەوڵەمەند بم. دەبووایە فێری ئەوە ببوومایە کە چۆن پارە کارم بۆ
بکات. ئەوا جیاکاریەکی بچووك بوو. بەڵام بژاردەکانمی لە خوێندندا
گۆڕی هەروەها ئەو بابەتەش کە دەبوو هەڵیبژێرم و کاتی خۆمی پێ
ببەخشم لە فێربوونیدا.

زیرەکی توانی ئەنجامدانی جیاکاریەکی باشترە، ئەو جیاکاریەی کە
پێویستم بوو بۆ فێربوونی ئەوەی کە چۆن پارە کارم بۆ بکات ئەگەر
بمەوێت دەوڵەمەند بم. کاتێك کە هاوپۆلەکانم بە سەختی دەیانخوێند بۆ
ئەوەی کاریان دەستکەوێت، من بە سەختی دەمخوێند کە پێویستم ب
کار نەبێت.

بیکم بەوە کرد کە باوکی دەوڵەمەند مەبەستی چی بوو لە گوتنی،" زۆربەی خەڵکی هەرگیز فێری ئەو وانەیە نابن." دواتر باوکی دەوڵەمەند بۆی ڕوونکردمەوە کە زۆربەی خەڵکی دەچن بۆ کار، مووچەکانیان کۆ دەکەنەوە، دەچن بۆ کار، مووچەکانیان کۆدەکەنەوە، دەچن بۆ کار.. . بۆ هەمیشە.. . وە هەرگیز ئەو وانەیە فێر نابن کە ئەو فێری کردووم.

گوتی،" کاتێك داوات لێکردم فێری دەوڵەمەندبوونت بکەم، بیرم کردەوە باشترین ڕێگا بۆ گوتنەوی وانەی یەکەم زۆر بە سادەیی بینینی ئەوەیە کە چەندێکت پێدەچێت بۆ فێربوونی ئەوەی کە کارکردن بۆ پارە دەوڵەمەندت ناکات. تەنها سێ هەفتەت پێچوو. زۆربەی خەڵکی دەگەڕێنەوە و داوای پلەبەرزکردنەوە دەکەن. لە کاتێکدا کە ڕەنگە پارەی زیاتریان دەستکەوێت، زۆر بە دەگمەن فێری وانەکە دەبن." ئەوە ئەو شێوازە بوو کە باوکی دەوڵەمەند وانەی پێدەگوتەوە، وە شێوازەکەی سەرەتا کردار بوو، دواتر هەڵەکردن، ئینجا وانەکە. دواتر باوکی دەوڵەمەند دە سەنتەکە و سێ کاژێر کارەکەی نەهێشت، وە دەبوایە بە خۆڕایی کار بکەم. وانەی دووەم دەستپێکرد، بەڵام تەنها ئەگەر خۆم بمەوێت.

**لاکەی تری مێزەکە**

وانەیەکی تر کە زۆر کاریگەر بوو لەسەرم ئەو وانەیە بوو کە زۆرجار پێمدەگوت،" لاکەی تری مێزەکە." دوای وانەی یەکەم لە تەمەنی نۆساڵیدا، باوکی دەوڵەمەند درکی بەوە کرد کە من بە ڕاستی خوازیارم دەربارەی فێربوونی دەوڵەمەند بوون، بۆیە دەستی کرد بە بانگهێشتکردنم بۆ بینینی شتگەلی جیاواز کە ئەنجامی دەدا، وەك ئەوەی

دەیبردم بۆ ئەوەی ببینم چۆن خانوویەکی کرێ دەکرێت. لە دەوروبەری دە ساڵیمدا، بانگهێشتی کردم هەتا لەگەڵیدا دابنیشم کاتێک چاوپێکەوتنی دەکرد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەیوسیت دایانمەزرێنیت. لە تەنیشتی دادەنیشتم لەلاکەی تری مێزەکە، کاتێک پرسیاری لە داواکارەکان دەکرد دەربـارەی سـی ڤیـەکانیان و بۆچـونیان دەربـارەی کـارکردن بۆ کۆمپانیاکـانی. هەمیشـه پرۆسـەیەکی سـەرنجراکێش بـوو. خەڵکانێکم بینی کە بڕوانامەی ئامادەیان نەبوو ئامادە بوون بە کەمتر لە دۆلارێك بۆ هەر کاژێرێك کار بکەن. هەرچەندە تەنها منداڵێك بووم، بەڵام دەمزانی کە سەختە خێزانێك بە ڕۆژی کەمتر لە ٨ دۆلار بەر لە باجەکان بەخێو بکـەیت. کاتێـك سـەیری سـی ڤیـەکانیانم دەکـرد یـان داواکاری کارەکەیان و دەمبینی کە ئەم داواکارە چەند منداڵی هەیە تا بەخێویان بکات،سەر دڵم قـورس دەبـوو. بـۆم دەردەکـەوت خێزانەکـەی ئێمە تاکە خێزان نییە کە لە بارێکی سەختی دارایدایـە. دەمویسـت یارمـەتیان بدەم وەك چـۆن دەمویسـت یارمـەتی خێزانەکـەی خۆمـان بـدەم، بەڵام هێشتا نەمدەزانی چۆن.

## بەهای خوێندنێکی باش

بینینی جیاوازی لە ڕێژەی مووچەکاندا وانەیەکی گرنگ بوو کە لە دانیشتن لە تەنیشت باوکە دەوڵەمەندەکەمەوە فێری بووم. بینینی جیاوزی پێدانی مووچە لە نێوان کارمەندێك بـە بـێ بڕوانامـەی ئامـادەیی و کارمەندێك بە بڕوانامـەی زانکـۆوە هانـدەرێکی بڕواپێکـەر بـوو بـۆ ئـەوەی لە خوێندندا بمێنمـەوە. دوای ئـەوە، هـەر کاتێـك بـیرم لـە وازهێنـان لـە خوێنـدن

بکردایەتەوە، یادەوەری جیاوازی مووچەکانم بیر دەکەوتەوە بۆ ئەوەی بیرم بخاتەوە کە بۆچی خوێندنێکی باش گرنگە.

ئەوەی کە زۆر بەلامەوە سەرنجراکێش بوو، ئەو داواکارە جار جارانە بوو کە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان هەبوو کەچی هێشتا داواکاریان پێشکەشی کارێکی ئاوا مووچە کەم دەکرد. زۆرم لەو بارەیەوە نەدەزانی، بەلام دەمزانی کە باوکی دەوڵەمەند هەر مانگێک پارەیەکی زۆر زیاتر دەست دەخات، کاتێک کە هەموو ئەو سەرچاوەی داهاتانەت پێکەوە کۆدەکردەوە، لەچاو ئەم خەڵکە بڕوانامەدارانە. هەروەها دەمزانی کە باوکی دەوڵەمەند ئامادەیی تەواو نەکردووە. لە کاتێکدا کە جیاوازی مووچە هەبوو لە نێوان ئەو کارمەندانەی بڕوانامەیەکی باشیان هەبوو وە ئەوانەی کە لە ئامادەیدا وازیان لە خوێندن هێنابوو. هەروەها درکم بەوە کردبوو کە باوکە دەوڵەمەندەکەم شتێکی دەزانی کە ئەم دەرچووی زانکۆیانە نەیاندەزانی.

لە دوای تێپەڕینی پێنج جار بەسەر ئەم پرۆسەی دانیشتنە لە لاکەی تری مێزەکەدا، لە کۆتایدا لە باوکی دەوڵەمەندم پرسی بۆچی دەیویست لێرە دابنیشم. وەلامەکەی ئەمە بوو، " پێموابوو کە هەرگیز ناپرسی، پێتوایە بۆچی داوام لێکردی دابنیشی و سەیر بکەی کە چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکدا دەکەم؟"

وەلامدایەوە، " نازانم، پێموابوو تەنها دەتەوێت ماودەمیت بکەم."

باوکی دەوڵەمەند پێکەنی، " هەرگیز بەو شێوەیە کات بەفیڕۆ نادەم، بەڵێنم پێتدا کە فێری دەوڵەمەند بوونت بکەم، منیش ئەوەت پێدەدەم کە داوات کردبوو، کەواتە تا ئێستا چی فێربوویت؟"

دەیبردم بۆ ئەوەی ببینم چۆن خانوویەکی کرێ دەکرێت. لە دەوروبەری دە ساڵیمدا، بانگەێشتی کردم هەتا لەگەڵیدا دابنیشم کاتێك چاوپێکەوتنی دەکرد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەیوسیت دایانمەزرێنیت. لە تەنیشتی دادەنیشتم لەلاکەی تری مێزەکە، کاتێك پرسیاری لە داواکارەکان دەکرد دەربارەی سی ڤیەکانیان و بۆچونیان دەربارەی کارکردن بۆ کۆمپانیاکانی. هەمیشە پرۆسەیەکی سەرنجراکێش بوو. خەڵکانێکم بینی کە بڕوانامەی ئامادەیان نەبوو ئامادە بوون بە کەمتر ل دۆلارێك بۆ هەر کاژێرێك کار بکەن. هەرچەندە تەنها منداڵێك بووم، بەلام دەمزانی کە سەختە خێزانێك بە ڕۆژی کەمتر لە ٨ دۆلار بەر لە باجەکان بەخێو بکەیت. کاتێك سەیری سی ڤیەکانیانم دەکرد یان داواکاری کارەکەیان و دەمبینی کە ئەم داواکارە چەند منداڵی هەیە تا بەخێویان بکات،سەر دڵم قورس دەبوو. بۆم دەردەکەوت خێزانەکەی ئێمە تاکە خێزان نییە کە لە بارێکی سەختی دارایدایە. دەمویست یارمەتیان بدەم وەك چۆن دەمویست یارمەتی خێزانەکەی خۆمان بدەم، بەلام هێشتا نەمدەزانی چۆن.

## بەهای خوێندنێکی باش

بینینی جیاوازی لە ڕێژەی مووچەکاندا وانەیەکی گرنگ بوو کە لە دانیشتن لە تەنیشت باوکە دەوڵەمەندەکەمەوە فێری بووم. بینینی جیاوازی پێدانی مووچە لە نێوان کارمەندێك بە بێ بڕوانامەی ئامادەیی و کارمەندێك بە بڕوانامەی زانکۆوە هاندەرێکی بڕواپێکەر بوو بۆ ئەوەی لە خوێندندا بمێنمەوە. دوای ئەوە، هەر کاتێك بیرم لە وازهێنان لە خوێندن

بکردایەتەوە، یادەوەری جیاوازی مووچەکانم بیر دەکەوتەوە بۆ ئەوەی بیرم بخاتەوە کە بۆچی خوێندنێکی باش گرنگە.

ئەوەی کە زۆر بەلامەوە سەرنجراکێش بوو، ئەو داواکارە جار جارانە بوو کە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان هەبوو کەچی هێشتا داواکاریان پێشکەشی کارێکی ئاوا مووچە کەم دەکرد. زۆرم لەو بارەیەوە نەدەزانی، بەلام دەمزانی کە باوکی دەوڵەمەند هەر مانگێک پارەیەکی زۆر زیاتر دەست دەخات، کاتێک کە هەموو ئەو سەرچاوەی داهاتانەت پێکەوە کۆدەکردەوە، لەچاو ئەم خەڵکە بڕوانامەدارانە. هەروەها دەمزانی کە باوکی دەوڵەمەند ئامادەیی تەواو نەکردووە. لە کاتێکدا کە جیاوازی مووچە هەبوو لە نێوان ئەو کارمەندانەی بڕوانامەیەکی باشیان هەبوو وە ئەوانەی کە لە ئامادەیدا وازیان لە خوێندن هێنابوو. هەروەها درکم بەوە کردبوو کە باوکە دەوڵەمەندەکەم شتێکی دەزانی کە ئەم دەرچووی زانکۆیانە نەیاندەزانی.

لە دوای تێپەڕینی پێنج جار بەسەر ئەم پرۆسەی دانیشتنە لە لاکەی تری مێزەکەدا، لە کۆتاییدا لە باوکی دەوڵەمەندم پرسی بۆچی دەیویست لێرە دابنیشم. وەلامەکەی ئەمە بوو، "پێموابوو کە هەرگیز ناپرسی، پێتوایە بۆچی داوام لێکردی دابنیشی و سەیر بکەی کە چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکدا دەکەم؟"

وەلاممدایەوە، "نازانم، پێموابوو تەنها دەتەوێت هاودەمیت بکەم."

باوکی دەوڵەمەند پێکەنی، "هەرگیز بەو شێوەیە کات بەفیڕۆ نادەم، بەلێنم پێتدا کە فێری دەوڵەمەند بوونت بکەم، منیش ئەوەت پێدەدەم کە داوات کردبوو، کەواتە تا ئێستا چی فێربوویت؟"

دانیشتنم لە تەنیشت باوکی دەوڵەمەند لە ژوورێکدا کە ئێستا چۆڵە و خەڵکی داواکاری لێ نییە، بۆی دانیشتم و بە وردی بیرم لە پرسیارەکەی کردەوە.

وەڵامدایەوە،" نازانم، هەرگیز وەك وانەیەك بیرم لەمە نەکردبۆوە." باوکی دەوڵەمەند پێکەنی و گوتی،" تۆ وانەیەکی زۆر گرنگ فێر دەبیت، ئەگەر بتەوێت دەوڵەمەند بیت. دووبارە، زۆربەی خەڵکی دەرفەتی ئەوەیان نابێت کە فێری ئەو وانەیە بن کە دەمەوێت فێر بیت، چونکە زۆربەی خەڵکی دونیا تەنها لە لاکەی تری مێزەکەوە دەبینن." باوکی دەوڵەمەند ئاماژەی بۆ کورسیە چۆڵەکەی بەردەمان کرد." خەڵکانێکی زۆر کەم لەم لایەی مێزەکەوە دەیبینن. تۆ دونیای ڕاستەقینە دەبینیت- — ئەو دونیایەی کە خەڵکی دەیبینن هەر کە خوێندنیان تەواو کرد. بەڵام تۆ دەرفەتی بینینیت هەیە لەم لایەی مێزەکەوە بەرلەوەی خوێندن تەواو بکەیت." پرسیم،" کەواتە ئەگەر بمەوێت دەوڵەمەند بم، پێویستە لەم لایەی مێزەکە دابنیشم؟" باوکی دەوڵەمەند سەری ڕاوەشاند. لەسەرخۆ و هۆشیارانە دەستی پێکرد،" زۆر زیاتر لەوەی تەنها لەم لایەی مێزەکە دابنیشیت، دەبێت بخوێنیت و فێر بیت کە چی تۆ دەگەیەنێت بەم لایەی مێزەکە. زۆربەی کات، ئەو بابەتانە لە قوتابخانەکاندا ناگوترێنەوە. خوێندن فێرت دەکات لەو لایەی مێزەکە دابنیشیت." کەمێك سەرم سوڕما وەڵامدایەوە،" جا وایە؟ چۆن ئەوە دەکات؟" باوکی دەوڵەمەند پرسی،" دەی، باوکت ناڵێت بڕۆ بۆ قوتابخانە؟" بە هێواشی گوتم،" بۆ ئەوەی بتوانم بە دوای کاردا بگەڕێم، وە ئەوەش ئەوەیە کە ئەم خەڵکانە بۆی دەگەڕێن، ئەی وانیە؟" باوکی دەوڵەمەند

سەری لەقاند و گوتی،" وە لەبەرئەوەشە لەو لایەی مێزەکە دادەنیشن. من ناڵێم لایەك لە لایەکەی تر باشترە. هەموو ئەوەی دەمەوێت ئەوەیە پیشانتی بدەم کە جیاوازی هەیە. زۆر بەی خەڵکی لە بینینی جیاوازییەکە شکست دەهێنن. ئەوە وانەکەمە بۆ تۆ. هەموو ئەوەی دەمەوێت پێتی بدەم بژاردەی دانیشتنە لەو لایەی مێزەکە کە لە کۆتایدا لێی دادەنیشیت. ئەگەر دەتەوێت لە تەمەنی لاویدا دەوڵەمەند بیت، ئەم لایەی مێزەکە هەلێکی باشترت دەداتێ بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە. ئەگەر بە ڕاستیتە و دەتەوێت دەوڵەمەند بیت و ناتەوێت هەموو ژیانت بە سەختی کار بکەیت، فێرت دەکەم چۆن ئەوە بکەیت. ئەگەر دەتەوێت لەو لایەی تری مێزەکە دابنیشیت، کەوابێ شوێن ئامۆژگاری باوکت بکەوە."

ئەو وانانەی کە فێربووم ئەوە وانەیەکی گرنگی ژیان- بەڕێوەبەری بوو. باوکی دەوڵەمەند پێینەگوتم لە کام لایە دابنیشم. بەڵکو بژاردەی پێدام. بڕیاری خۆمدا، ئەوەم هەڵبژارد کە دەمەوێت بیخوێنم لە بری ئەوەی دژی ئەوە بجەنگم کە دواملێکرابوو بیخوێنم. وە ئەوەش ئەو شێوازە بوو کە باوکە دەوڵەمەندەکەم بە درێژایی ساڵەکان فێری کردم. سەرەتا کردار، دواتر هەڵەکردن، ئینجا وانەکە. دوای وانەکە، بژاردەی دەدامێ بۆ ئەوەی کە چی بکەم لەگەڵ ئەو وانەیەی فێری بووم.

## جیاکاریەکی باشتر

وانەی لاکەی تری مێزەکە هەندێ وانەی ژیان- کۆرپەریشی لەگەڵبوو. زیرەکی توانای ئەنجامدانی جیاکاریەکی باشترە، یان چەندجارە کرن بە دابەشکردن. بە دانیشتن لە پشتی مێزەکە. دەستم کرد بە دروسکردنی جیاکاری زیاتر، یان فێربوونی وانەگەلی نوێ، بە سەیرکردن و فێربوون

لەو شتانەی لە بەردەمم ڕوویانـدەدا. کاژێرگـەلێکی زۆر لـەوێ دانیشتم، تەنها سەیرم دەکرد بەلاّم هیچ فێر نەدەبووم. هـەر کە باوکی دەولّەمەند پیشانیدام دوو لای مێزەکە هەیە، دەمتوانی ئەو دونیا جیاوازانە ببینم کە هەریەکەیان لێوەی هاتبوون. دەمتـوانی هەست بـە جیاوازی خـوود-ئاگایی هـەر لایەك بکـەم کـە پێویستیەتی. بـە درێژایی ساڵەکان، بۆم دەرکەوت ئەو خەڵکانەی کە بەرامبەرم دادەنیشتن تـەنها ئـەوەیان دەکرد کە پێیانگوترابوو بیکـەن. کـە ئـەویش چونەدەر و گەڕانـە بـوو بـە دوای کاردا. لە خوێندن فێرکراون و پێیانگوتراوە،" ئەو شارەزاییانە فێرببە کە خاوەن کارەکان بۆی دەگەڕێن."

پێیاننەگوتراوە ئەو شارەزاییانە فێربن بۆ ئەوەی لـە لاکـەی تـری مێزەکە دابنیشـن، بـە هـۆی ئـەو فەرمانـەی سـەرەتاوە، زۆربـەی خـەڵکی ژیانیـان بەڕێدەکەن لە دانیشـتن لـەو لایـەی تـری مێزەکـە. ژیانیـان چـەند جیـاواز دەبوو ئەگەر پێیان بگوترایـە،" شـارەزاییە دارایـەکان فێرببـە بـۆ ئـەوەی ببیتە خاوەنی مێزەکە"؟

## مەشقکردن بە زهنت

هەروەها فێربووم کە خەڵکی بە دوای شتگەلی جیاوازدا دەگـەڕێن، باوکی دەولّەمەند پێیگوتم،" زۆربـەی خـەڵکی خوێنـدن تـەواو دەکـەن و لـە کار دەگەڕێن، هەر بۆیە کار دەدۆزنەوە." بۆی ڕوونکردمـەوە کـە ئـەوەی لە زهنتدا بۆی دەگـەڕێیت هـەر ئـەوە لـە دونیـای ڕاستەقینەدا دەیبینیتەوە. گوتی،" ئەو خەڵکانەی کە بۆ کار دەگەڕێن زۆرجـار کـار دەدۆزنەوە. من لە کارکردن ناگەڕێم، بە دوای کارێکدا ناگـەڕێم. مەشقم بـە مێشکم کردووە کە بۆ دەرفەتەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان بگـەڕێت. زۆر لە مێزە فێربە

ئەوەبووم کە تەنها ئەوە دەدۆزیتەوە کە مەشقت بە زهنت کردوە بۆی بگەڕێت. ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، دەبێت مێشکت فێر بکەیت بۆ ئەو شتانە بگەڕێت کە دەوڵەمەندت دەکەن. کار دەوڵەمەندت ناکات، کەواتە بە دوای کارێکدا مەگەڕێ."

کاتێك بە خەڵکی دەڵێم کە سیستەمی پەروەردەیمان لە خۆرئاوا لە پروسیاوە وەرگیراوە، زۆربەیان بە سانایی بەسەریدا تێدەپەڕن. بەڵام کاتێك دەڵێم کە مەبەستی سەرەکی سیستەمە پروسیەکە بۆ دروسکردنی فەرمانبەر و سەربازی باش بووە، زۆربەیان تێبینی دەکەن و بە نیگای گومانـاوی و نەیارانـە و گاڵتەجاڕانـە وەڵامـی قسـەکانم دەدەنـەوە. ئـەو کەسانەی کـە لـە هـەمووان زیـاتر تـووڕە دەبـن زۆرجـار هـەوڵی تـەواوی خۆیانـداوە لـە هـەمان سیسـتەمدا. کـاتێ ڕووبـەڕووم دەبنـەوە و داوای سەلماندی ڕاسـتی قسـەکانم دەکـەن، زۆربـەی جـار ئـەم پرسـیارەیان لێدەکەم،" یەکێك لە گرنگترین ئەو شتانەی خوێندکار خوێنـدنی بۆ تـەواو دەکات چییە؟" وەڵامەکەش هەمیشـە" کـار"ە. لەکار دەگـەڕێن چـونکە لەسەر ئەوە پرۆگرام کراون کە وابکەن، ئەوانیش وەك سەربازگەلی چاکی بچووك فەرمان بەجێدەهێنن. ئەمە دەڵێم چونکە پروسیا ئێستا نـەماوە، بەڵام بیرۆکە دەیان- سەدە- کۆنەکەی هێشتا هەرماوە.

ئێمە ئێستا لە سەردەمی زانیاریدان، وە کاتی ئـەوە هـاتووە کە خـەڵکی فێر بکەین لە ئەودیوی کارێکی بـاش و سـەلامەت بڕوانێـت، لـە سـەردەمی زانیاریـدا، دەبێـت زۆر لـەوە زیـاتر فێربکـرێین کـە تـەنها فێـری ئـەو شارەزاییانە بین کـە خـاوەن کارەکـان بەدوایـدا دەگـەڕێن. لـە سـەردەمی زانیاریـدا، ئەگـەری ئـەوە هەیـە منداڵـەکان لـە سـی سـاڵیدا لـە ڕووی

تەکنیکیەوە لە کار بکەون. ئەگەر ئەگەری ئەوە هەبێت، ئەی بۆچی فێری شارەزابیە دارایەکانیان نەکەین بۆ ئەوەی بەر لە سی ساڵی بتوانن خانەنشین بن؟

## ناتوانیت ئەوە بگۆڕیت کە ناتوانیت ببینیت

من ناڵێم بوون بە فەرمانبەر یان سەرباز باشە یان خراپ، ڕاستە یان هەڵەیە. خۆم هەردووکیانم کردووە. زۆر بە سادەیی دەڵێم کاتێك باوکە مامۆستاکەم درکی بەوە کرد شتێکی سیستەمەکە هەڵەیە، هەوڵیدا سیستەمە بگۆڕێت. دەیویست شێوازگەلێك بدۆزێتەوە بۆ باشتر ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ دونیای ڕاستەقینە. گرفتەکە ئەوەبوو، خۆشی لە لایەن هەمان سیستەمەوە فێرکرابوو کە دەیویست بیگۆڕێت، وە نەیدەتوانی ئەوە ببینێت کە نەیدەتوانی ببینێت.

باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیتوانی بە چاوێکی جیاواز ببینێ زۆر بەسادەیی چونکە بەرهەمی ئەو سیستەمە نەبوو. لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا وازی لە خوێندن هێنابوو چونکە باوکی مردبوو دەبووایە کاروباری خێزانەکەی بگرێتە ئەستۆ. لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا، فێری ئەو شارەزابیانە بوو کە پێویستن بۆ دانیشتن لە لاکەی تری مێزەکە.


## چوارلای فێربوون

کە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە مێزەکە دوو لای هەیە، زیاتر پەرۆش بووم بۆ پەروەردەکردنی خۆم بە ئەو شتانەی کە دەبووە هۆی دانیشتنم لە لاکەی تری مێزەکەی باوکە دەوڵەمەندەکەم. زۆری نەخایاند کە زانیم دەبێت چەندێك زۆر بخوێنم. درکم بەوە کرد کە نەك تەنها هەر دەبێت

بابەتەکانی قوتابخانە بخوێنم، بەڵکو پێویستە ئەو بابەتەناش بخوێنم کە لە ناوەندەکانی خوێندندا ناگوترێنەوە. زۆر زیاتر ناچار و پەیوەست بووم بە خوێندنەکەوە. پێویست بوو زۆر لەوە زیاتر فێربم کە لە قوتابخانە دەگوترایەوە هەتا مافی دانیشتن لەمبەری مێزەکە بەدەستبهێنم بەرامبەر ئەوانەی تەنها ڕۆیشتن بۆ خوێندن. دەمزانی کە دەبێت زیرەکتر بم لە منداڵە زیرەکانی قوتابخانە بۆ ئەوەی لە لاکەی تری مێزەکە دابنیشم. پێویست بوو زۆر زیاتر لەو شارەزاییانە بزانم کە خاوەن کارەکان بۆی دەگەران.

دواجار شتێکم دۆزیەوە کە ململانێی لەگەڵدا دەکرم هۆکاری دەدامیێ بۆ خوێندن، شتێك کە حەزم لە خوێندنی بوو. لە نێوانی تەمەنی نۆ بۆ پانزە ساڵیدا، خوێندنی ڕاستەقینەمم دەسپێکرد. بوومە خوێندکارێکی هەمیشەیی کە دەمزانی خوێندنەکەم زۆر دوای تەواوکردنی خوێندنیش بەردەوام دەبێت. هەروەها ئەوەشم دۆزیەوە کە باوکە ڕاستەقینەکەم بۆی دەگەڕا، ئەوەی کە لە سیستەمی پەروەردەدا نەبوو--- سیستەمێك کە دروسکرابوو بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی نەگۆڕی کرێکار ڕابگرێت کە بەدوای کارێکی باش و سەلامەتدا دەگەڕان، بەڵام هەرگیز ئەوەی فێرنەدەکردن کە ئەو خەڵکە دەوڵەمەندەی لایەکەی تری مێزەکە بە ڕاستی دەیانزانی.

## چوارلای فێربوون[1]




کاتێک باسی پەروەردە و فێرکردن دەکەم، زۆرجار ئەم هێڵکاریە بەکاردەهێنم کە پێی دەڵێم چوارلای فێربوون. پێکهاتەی حەوت بلیمەتیەکەی گاردنەر و هەندێك ئەزموونی کەسی خۆم وەك مامۆستایەك لە بواری بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنانە. هەرچەندە هێڵکاریەکە لەسەر بنەمایەکی زانستی ورد دانەنراوە، بەڵام هەندێك ئاماژەی بەسوود فەراهەم دەکات بۆ گفتوگۆ.

من بۆ خۆم بە یاریکردنی مۆنۆپۆلی زۆر فێربووم، چونکە یاریەکە لە ڕووی هۆشەکی، هەستەکی و جەستەیەوە بەگەڕی دەخستم، ئەنجامدانی ئەو یاریە بووە هۆی ئەوە لە ڕووی هۆشەکیەوە بیر بکەمەوە، باری

1. *The Learning Tetrahedron.*

هەستەکیم دڵخۆشی بوو، وە دەبووایە شتێکی جەستەیی ئەنجامبدەم. یاریەکە سەرنجی ڕاکێشام چونکە زۆریەی بوون و جەستەمی بەشداری پێدەکرد، بە تایبەتی لە کاتێکدا من خۆم کەسێکی کێبڕکێکارم.

کاتێك لە پۆلدام، داوام لێدەکرێت بە هێمنی دابنیشم و گوێ بۆ کەسێك بگرم کە لەسەر بابەتێك قسە دەکات کە هیچ حەزێکم لێی نییە یان هیچی لێی تێناگەم لە ڕوانگەی پەیوەستی کەسیەوە، هەستەکانم لە تووڕەیەوە دەبێتە بێزاری. لە ڕووی جەستەیەوە دەتلێمەوە، یان هەوڵدەدەم بخەوم تەنها بۆ ڕاکردن لە ئازاری هەستەکی و هۆشەکیم. باشنیم لە بەبێدەنگی دانیشتن و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی زانیاری زهنیانە، بە تایبەت ئەگەر حەزم لێی نەبێت و قسەکەرەکەش بێزارکەر بێت. دەکرێ ئەمە هۆکاری ئەوە بێت کە دایك و باوکان و مامۆستایان زیاتر و زیاتر دەرمان بەکاردەهێنن بۆ هێشتنەوەی منداڵە فرە چالاکەکان بە هێمنی و دانیشتن لە جێگەکانیاندا؟منداڵەکان ڕەنگە فێرخوازی جەستەیی بن و حەزیان لەوە نەبێت کە دوایان لێدەکرێت فێری ببن. کاتێك یاخی دەبن، ئایا سیستەم بە دەرمان بێهۆشیان ناکات؟ فێربوونی ڕۆحی مەرج نییە هەر لە دۆخی فەرمیانەی ئاینیدا بێت، هەرچەندە دەکرێت لەوێشەوە بێت. مەبەستم ڕۆحی ئەو هەستەیە کە هەمانە کاتێك کە دەچین بۆ شتێکی وەك ئۆڵمپیاتی کەمئەندامان و منداڵانێك دەبینین کە لەڕووی جەستەیەوە لە ململانێدان و ڕادەکەن بە هەموو توانای جەستەیی، زهن و ڕۆحیانەوە پاڵ بە کورسیەکانیانەوە دەنێن. ڕۆیشتم بۆ بەرنامەیەکی تایبەت و ڕۆحیەتی ئەو لاوانە کاری لە هەستی تەواوی بینەران کردبوو. منیش هەڵدەستامە سەر پێ و ئامەنگم دەگێڕا کە دەمبینی ئەو لاوانە جەستە

لاوازەکەیان لەمن بە گورتر پاڵدەنا. ڕۆحیەتیان بەر ڕۆحمان و ڕۆحی هەموومانیان جوڵاند. ئەو ڕۆحە گەنجانە بیری هەمووانیان خستەوە کە بەڕاستی کێین و بەڕاستی لە چی دروست بووین. ئەوە ئەو جۆرە فێربوونە رۆحیەیە کە باسی دەکەم. کاتێك لە ڤێتنام بووم، دەمبینی کە کوڕانی لاو لە شەڕکردن بەردەوامن هەرچەندە دەیانزانی کە دەمرن، ئەوە ڕۆحیەتەکەیان بوو کە هانیدەدان، ژیانیان دەبەخشی بۆ ئەوەی تیپەکەیان بتوانێ بژی. هەروەها شایەتحاڵی هەندێك شت بووم لە ڤێتنام کە ناوێرم بیانووسم لە ترسی ئەوەی ڕەنگە لە رادەبەدەر سەیر و باوەڕپێنەکراو بن. سەرەڕای ئەوەش، هەندێك جار بینەری لاوانێك بووم کە هەندێك شتیان دەکرد بە هیچ شێوەیەك ڕوونکردنەوەیان لەگۆشەنیگای هۆشەکی، هەستەکی و جەستەیەوە شیاو نەبوو و ڕێی تێنەدەچوو. ئەوە ئەو هێزە ڕۆحیەیە کە من باسی دەکەم.کاتێك کە دەچیت بۆ ئاهەنگی گواستنەوە، دەبینی دوو کەس هاوسەرگیری دەکەن، لە زهنی مندا دوو بوونی جەستەیین کە بە ڕۆح یەکدەگرن لەبەردەم خودادا.

ئەوە گرێبەستی دوو ڕۆحە پێکەوە دەبەسترێن و پێکەوە هەنگاودەنێنە دونیایەوە. بەداخەوە، بە ڕێژەیەکی ئاوا بەرزی جیابوونەوەوە، وادیارە خەڵکانێکی زۆر لە ڕووی هۆشەکی، هەستەکی و جەستەیەوە پێکەوە دەگونجێن، بەڵام لە ڕووی ڕۆحیەوە ناگونجێن. لەبەرئەوەیە کە ژیان قورس و سەخت دەبن لێك جیادەبنەوە. هەرچۆنێك بێت، بە دەربڕینێکی نموونەیی ( ئایدیالی)، ئەوە ئەو پەروەردە ڕۆحیەیە کە من باسی دەکەم. مەبەستم هیچ سووکایەتیەکی کەسی نییە، وە خوازیاری سەپاندنی

ڕوانینی تایبەتی خۆشم نیم لەسەر ئاین و بابەتە ڕۆحیەکانی هیچ کەسێک، زۆر بە سادەیی مەبەستم لەو هێزەیە کە لە سەروو سنووری توانای مێشکی، هەستەکی و جەستەیمانەوەیە.

## گۆڕینی ئاگایی

لە نێوان تەمەنی نۆ بۆ دوانزە ساڵیدا، لە بیرمە کە بە گۆڕانێکی بنچینەیدا تێپەڕیم لە چوارلای فێربوونی کەسیمدا. دەزانم کە ئاگایی خۆم لە ڕووی مێشکی، هەستەکی، جەستەیی و ڕۆحیەوە گۆڕی. کاتێک باوکە دەوڵەمەندەکەم بینی پەڕەکانی واژۆ کرد،چێکەکەی پێدان و بووە خاوەنی کلیلەکان، شتێک لە ناوەمدا گۆڕا. کاتێک ئەوە ڕوویدا، پەیوەندی نێوان یاری مۆنۆپۆلی و دونیای ڕاستەقینە بوو بە ڕاستی، دوای ساڵانێک هەست بە تاوان کردن بە هۆی ئەوەی کە زیرەک نەبووم، بە لایەنی کەمەوە هێندەی باوکە ڕاستەقینەکەم و ئاندی مێروو زیرەک نەبووم، بەڵام گۆڕابووم. دەربارەی خۆم هەستم بە باشی دەکرد. دەمزانی دەتوانم ژیانم زۆر باش بەڕێبخەم، وە دەمزانی کە دەتوانم بمێنمەوە، دەمزانی کە بە شێوازی خۆم سەرکەوتوو دەبم. دەمزانی کە پێویستم بە کارێکی مووچە بەرز یان تەنانەت پارەش نییە بۆ ئەوەی لە ڕووی داراییەوە سەرکەوتوو بم.

دواجار شتێکم بینی کە دەمویست باشبم تیایدا، وە دەشمزانی کە دەتوانم باش ئەنجامی بدەم. ئەوەم دۆزیبۆوە کە دەمویست بیخوێنم. وەک گوتم، لە ڕووی ڕۆحیەوە شتێک لە ناخمدا گۆڕا، وە هەستم بە متمانە بەخۆبوون، دڵخۆشی و خوود- باشی دەکرد. هەتا ئەوکاتە هەستم بەو باشیە نەکردبوو نە لە قوتابخانە نە لە ماڵەوە لەو ڕۆژەوە کە دایکم بینی

بەسەر پسووڵە کەڵەکەکراوەکانی سەر مێزی چێشتخانەکەماندا دەگریا. هەستێکی گەرم دڵمی تەنیبۆوە، دڵنیابووم لەوەی کە کێبووم و دەبم بە کێ. دەمزانی کە دەبمە پیاوێکی دەوڵەمەند. دەمزانی کە ڕێگایەك دەدۆزمەوە تا یارمەتی دایك و باوکم بدەم. نەمدەزانی چۆن ئەوە دەکەم، بەڵام دەمزانی کە دەیکەم. دەمزانی کە دەکرێ سەرکەوتوو بم لە شتێکدا کە دەمەوێت تیایدا سەرکەوتوو بم، لە بری ئەوەی هەوڵی سەرکەوتن لە شتێکدا بدەم کە کەسێکی تر پێمبڵێ پێویستە سەرکەوتوو بیت تیایدا. شوناسە نوێیەکەی خۆمم دۆزیبۆوە.

## گۆڕانکاری نۆ ساڵی

دۆوگ و هێزەر، ئەو دوو هاورێیەم کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەیەکی والدرۆف بوون لە ئالاسکا، منیان بە کارەکەی ڕۆدۆڵف ستینەر ناساند. ئەوان بوون دەربارەی تیۆرەکانی و نووسینەکانی لەسەر" گۆڕانکاری نۆ ساڵی" قسەیان بۆ کردم. کاتێك گوێم لە قسەکانیان گرت، گەلێك بەشی مەتەڵی فێربوون پێکەوە ئاشکرا بوون. کاتێك دۆوگ دەستیکرد بە باسکردنی ئەوەی کە قوتابخانەکە چی بە منداڵەکانیان دەڵێتەوە و بۆچی ئەو بابەتە دەوترێتەوە، شتەکانم زۆر لا ڕوونتربۆوە. دۆوگ ڕوونی کردەوە کە هۆکاری ئەوەی قوتابخانەکە داوا لە منداڵان دەکات چەکوش، مشار و بزمار بەکاربهێنن بۆ دروسکردنی پەناگەلی بچووك ئەوەیە کە دەیانەوێت کە بزانن دەتوانن لە دونیای ڕاستەقینەدا بمێنەوە. هەر لەبەر هەمان هۆکار بوو کە فێری باخەوانی، چاندنی سەوزەوات، چێشتلێنان و نان دروسکردنیان دەکردن. ئەوە پەروەردەیەکی جەستەیی، هەستەکی، هۆشەکی و ڕۆحی بوو. لە هەمود

یەکانی منداڵی دەگرتەوە لەو ماوە گرنگەی ژیانیدا کە ستینەر وەك گۆڕانکاری نۆ ساڵی ناساندبووی. ئەو کاتەی ژیانێتی کە منداڵ چیتر نایەوێت بەشێك بێت لە شوناسی دایك و باوکی و دەیەوێت شوناسی خۆی بدۆزێتەوە. کاتێکی تۆقێنەر و پڕ تەنیایە. کاتی نادڵنیای و گومانە کاتێك منداڵان هەنگاو بەرەو نەزانراو دەهاوێژن و بۆ ئەوەی بزانن کە بە ڕاستی کێن، نەك ئەوەی دایك و باوکیان داوایان لێ دەکەن ببن. فێربوونی ئەوەی کە خۆیان بێ یارمەتی دەتوانن بمێنەوە لە ڕووی هۆشەکی، هەستەکی، جەستەیی و ڕۆحیەوە زۆر پێیوستە بۆ خوود- ئاگایی منداڵان.

زۆربەی پەروەردەکاران هاوڕای کارەکەی ستینەر نین دەربارەی گۆڕانکاری نۆ ساڵی، منیش لێرەدا بە نیاز نیم بیروڕایان بگۆڕم. هەموو ئەوەی دەتوانم بۆتانی باس بکەم ئەزموونی خۆمە. دەزانم لە تەمەنی نۆ ساڵیمدا دەستم کرد بە گەڕان بە دوای شتێکی تردا. دەمزانی ئەوەی دایکم و باوکم دەیکەن بە کەڵك نایەت، وە نەمدەویست بیانکەم بە پیشەنگی خۆم. هێشتا یادەوەری ئەو ترسەم هەیە کە هەر جارێك لە ماڵی ئێمەدا باسی پارە دەکرا. هێشتا بیرمە دایك و باوکم لەسەر پارە دەمەقاڵێیان دەکرد، باوکم دەیگوت،" من پارەم بەلاوە گرنگ نییە، هێندەی لە توانامدایە کار دەکەم، نازانم کە دەبێت لەوە زیاتر چیتر بکەم." دەمویست ئەو شتە بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بیکەم و وەك دایك و باوکم بەسەر نەیەت، بە لایەنی کەمەوە لە ڕووی داراییەوە. لە دڵی خۆمدا، لە هەموو شتێك زیاتر، دەمویست یارمەتی دایکم بدەم. ئەوە دڵی دەشکاندم کە دەمبینی بەسەر شتگەلی پڕوپووچی وەك کۆمەڵە

پسووڵەدا دەگری. دەمزانی هەر جارێك کە گوێم لە باوکم دەبێت کە دەڵێت،" پێویستە بە سەختی بخوێنیت بۆ ئەوەی کارت دەستکەوێت." شتێك لە ناخمدا ئامۆژگاریەکەی ڕەتدەکردەوە، دەمزانی کە شتێك وونە. هەر لەبەرئەوە بوو بە دوای وەڵامی نوێ و دونیایەکی نوێدا دەگەڕام.

بە فێربوونی وانەکانی باوکە دەوڵەمندەکەم بەردەوام یاریکردنی مۆنۆپۆلی لە ڕووی جەستەیەوە، ڕەنگە زیاتر لە ٥٠ جار لە ساڵێکدا، شێوازی کارکردنی زهنمم گۆڕی، هەستمکرد کە بە ناو ئاوێنەدا دەڕۆم و خەریکە دونیایەك دەبینم دایك و باوکم ناتوانن ببینن، هەرچەندە ڕێك لەبەردەمیانە، بە چاوخشاندەوە بە ڕابردوودا، باوەڕم وایە نەیاندەتوانی ئەو دونیایە ببینن کە باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیبینی چونکە:

_ لە ڕووی هۆشەکیەوە فێرکرابوون کە بە دوای کاردا بگەڕێن.

_ لە ڕووی هەستەکیەوە فێرکرابوون کە بەدوای ئاسایشدا بگەڕێن.

_ لە ڕووی جەستەیەوە فێرکرابوون کە بە سەختی کار بکەن.

بڕوام بەمەیە چونکە هیچ هاوکێشەیەکی بردنەوەی داراییان نەبوو، خوود- ئاگایی داراییان لاوازتر دەبوو لە بری ئەوەی بەهێزتر ببێت، پسووڵەکانیش کەڵەکە دەبوون. باوکم سەختر و سەختر کاری دەکرد، یەك لەسەر یەك مووچەی بەرزدەکرایەوە، بەڵام هەرگیز لە ڕووی داراییەوە تەکانی نەخوارد. کاتێك لە پەنجا ساڵیدا پیشەکەی گەیشتە لوتکە و نەشیتوانی لە کەوتنە پیشەگەرانەکەی هەڵسێتەوە، بڕوام وایە دواجار ڕۆحیەتەکەی مرد.

## خوێندکاران بە نائامادەکراوی خوێندن تەواو دەکەن

خوێندن ئەو شارەزاییانەی مانەوە فێرناکات کە پێویستن بۆ دونیای ڕاستەقینەی ئەمڕۆ. زۆربەی خوێندکاران خوێندن تەواو دەکەن و لە ڕووی

داراییـەوە هـەژارن و وێڵـی دوای ئاسایشـن، ئاسایشـێك كـە نـاتوانرێ لـە دەرەوە بدۆزرێتـەوە. ئاسـایش لـە نـاوەوەدا دەدۆزرێتـەوە. زۆرێـك لـە خوێنـدكاران خوێنـدن تـەواو دەكـەن و لـە ڕووی هۆشـەكی، هەسـتەكی، جەسـتەیی و ڕۆحیـەوە نائامـادەن. سیسـتەمی خوێنـدن ئـەركی خـۆی جێبەجێ كردووە بە تەرخانكردنی ڕێژەیەكی جێگیر لـە كرێكار و سـەرباز بۆ ئـەوەی لـە بازرگـانی گـەورە و بـواری سـەربازیدا كـار بكـەن. هـەردوو باوكەكـەم ئاگـاداری ئەمـە بـوون، بـەڵام هەریەكـەیان لـە گۆشـەنیگایەكی جیـاوازەوە دەیبـینی. یـەكێكیان لـەم لایـەی تـری مێزەكـەوە دەیبـینی، ئەوەی تریان لە لاكەی ترەوە دەیبینی.

كاتێك بە خەڵكی دەڵێم، " پشـت بـە ئاسایشـی كـار مەبەسـتن. پشـت بـە كۆمپانیـا مەبەسـتن تـا لـە ڕووی داراییـەوە گرنگیتـان پێبـدات. چاوەڕێی ئەوە مەكەن حكومەت پێویستیەكانتان بۆ دابـین بكـات كاتێـك خانەنشـین دەبن. " زۆربەی جار ڕادەچەنن و لە نیگەرانیدا دەتلێنەوە. لەبری ئەوەی دڵخۆش و پڕ ووزە بن، ترسی زیاتریان تێدا دەبینم. خەڵكی بـە ئاسایشـی كارەوە نووساون لە بری ئەوەی متمانـەیان بـە توانـا كەسیەكانی خۆیـان بێت. ئـەم پێویسـت بـوون بـە ئاسایشـە ڕوودەدا چـونكە خـەڵكی هـەرگیز شوناسی نوێی خۆیان نادۆزنەوە و متمانەیان بە تواناكانیـان نییـە كە بۆ خۆیان بتـوانن بمێنـەوە. شـوێن هـەنگاوەكانی باوانیـان دەكـەون، ئـەوە دەكەن كە دایك و باوكیـان كردوویانـە، شـوێن ئامۆژگـاری " بخوێنـە هـەتا بتوانی فێری ئەو شارەزاییانە بیت كە خـاوەن كارەكـان بـۆی دەگـەڕێن. " ئینجا كار دەدۆزنەوە، بەڵام تەنها كەمێكیان ئەو پارێزراوی و ئاسایشـە دەدۆزنەوە كە بە ڕاستی بۆی دەگەڕێن. قورسـە دۆزینـەوەی ئاسایشـێكی

ڕاستەقینە کاتێك مانەوە بەندە لەسەر کەسێکی دیکە، کەسێك کە لە لاکەی تری مێزەکە دادەنیشت.لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دوایەدا هەواڵنێرێك زۆر تووڕە بوو دەربارەی ئەوەی لەسەر پەروەردە گوتم. لە خوێندن باش بیوو و کارێکی باش و پارێزراوی هەبوو. بە تووڕەیەوە پێیگوتم،" ئایا تۆ دەڵێیت کە خەڵکی نابێت ببنە فەرمانبەر؟ چی ڕوودەدا ئەگەر هیچ کرێکارێك نەبێت؟ دونیا دەوەستێت."

هاوڕایی بووم، هەناسەیەکم هەڵکێشا و وەڵامدایەوە،" هاوڕام کە دونیا پێویستی بە کرێکارە ، هەروەها بڕوام وایە کە هەر کرێکارێك ئەرکێکی گرنگ ڕادەپەڕێنێت. سەرۆکی کۆمپانیا ناتوانێ کارەکەی بکات ئەگەر کارگوزارەکان کارەکانیان نەکەن. بۆیە هیچ کینەیەکم بەرامبەر کرێکاران نییە، من خۆشم کرێکارم."

هەواڵنێرەکە گوتی،" کەواتە کێشەی چییە کە سیستەمی خوێندن خەڵکی فێربکات ببن بە فەرمانبەر و سەرباز؟ دونیا پێویستی بە کرێکار و فەرمانبەرە." دووبارە هاوڕایی بووم و گوتم،" بەڵێ، دونیا پێویستی بە فەرمانبەری خوێندەوارە. دونیا پێوستی بە کۆیلەی خوێندەوار نییە، پێموایە کاتی ئەوە هاتووە کە خوێندکاران بە شتێك پەروەردە بکرێن کە ئازادیان بکات.

## داوای زیادکردنی مووچە مەکە

ئەگەر پێموابووایە کە زیادکردنی مووچە گرفتەکە چارە دەکات، بە هەموو فەرمانبەرەکانم دەگوت داوای زیادکردنی مووچەکانیان بکەن. بەلام ئەگەر فەرمانبەرێك داوای پارەیەکی زۆری کرد پەیوەست بەو خزمەتەی بە کۆمپانیای دەکات، کابرای لاکەی تری مێزەکە پێویستە بە

دوای فەرمانبەرێکی تردا بگەڕێت، ئەگەر خەرجیەکان زۆر بن، دەکرێ داماتووی کۆمپانیاکە بخاتە ژێر هەڕەشەوە. گەلێك کۆپانیا ئەمڕۆ نەماون چونکە نەیانتوانیوە تێچووی کارمەندەکانیان دابین بکەن. کارە بازرگانیەکان لە ڕووی دارایەوە گەشە دەکەن چونکە بە دوای کەمترین تێچووی کاردا دەگەڕێن. وە تەکنەلۆژیاش جێگەی زۆر کاری گرتۆتەوە وەك بریکاری گەشتوگوزار، مەندوب و ئەو جۆرانە.بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە گوتم،" داوای زیادکردنی مووچە مەکەن" ئەوەیە کە لەم کاتەی ئێستادا، پارەی زیاتر گرفتەکە چارە ناکات. کاتێك خەڵکی مووچەکەی زیاد دەبێت، حکومەتیش بەرزتر دەبێتەوە، ئەوسا بە شێوەیەکی گشتی زیاتر دەکەونە ژێر قەرزەوە. کتێب و گەمە پەروەردەیەکانم نووسراون و دروسکراون بۆ گۆڕینی خوود- ئاگایی خەڵکی، ئەگەر کەسێك بەڕاستی بیەوێت ئاسایشی دارایی بدۆزێتەوە، پێویستە گۆڕانکاری هۆشەکی، هەستەکی، جەستەیی و ڕەنگە ڕۆحی بەسەردا بێت. هەر کە خەڵکی لە ڕووی هۆشەکیەوە دەستیان کرد بە فێربوونی پەروەردەی شیاوی دارایی، وردە وردە لە ڕووی هەستەکی، جەستیەیی و ڕۆحیەوە دەگۆڕێن. هەر کە خوود- ئاگاییان پێشکەوت، ئەوەیان بۆ دەردەکەوێت کە زۆر پێویستیان بە کارەکەیان نییە و دواتر دەستدەکەن بە ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوەیان. وەك باوکی دەوڵەمەند گوتی،" لەسەر کار دەوڵەمەند نابیت، بەڵکو لە ماڵەوە دەوڵەمەند دەبێت."

**ئەرکی ماڵەوەت**

بە دایك و باوکان دەڵێم ئەوەی لە ماڵەوە فێری منداڵەکانیان دەکەن هێندەی ئەوە گرنگە کە لە خوێندن فێری دەبن. شتێك کە بۆ دایك و

باوکانی پێشنیار دەکەم هاندانی منداڵەکانیانە بۆ ئەوەی ڕێگایەک بدۆزنەوە لە سیساڵیدا خانەنشین بن. خانەنشین بوون لە سی ساڵیدا هێندە گرنگ نییە، بەڵام بە لایەنی کەمەوە وایان لێدەکات کەمێک جیاوازتر بیر بکەنەوە.

ئەگەر بۆیان دەربکەوێت تەنها چەند ساڵێك کار دەکەن و خانەنشین دەبن، ڕەنگە پرسیارگەلی وەك،" چۆن دەتوانم لە سی ساڵیدا خانەنشین بم؟" لە خۆیان بکەن. ئەو ساتەی ئەوە دەپرسن، دەست دەکەن بە ڕۆیشتن بە ناو ئاوێنەکەدا. لە بری ئەوەی خوێندن تەواو بکەن و بە دوای ئاسایشی کاردا بگەڕێن، بە دوای دونیای سەربەخۆی دارایدا دەگەڕێن. وە کێ دەزانێ؟ تەنانەت ڕەنگە بیشیدۆزنەوە، ئەگەر ئەرکی ماڵەوەیان ئەنجام بدەن.

### دەرئەنجامەکانی کۆتایی

نرخی خوێندنی کەسێك لە کارتی دەرچوونیدا دەرناکەوێت، زۆربەمان دەزانین کە کەسانێك هەبوون لە خوێندن یەکەم بوون و لە کۆتایی ژیانیاندا قرە بوون.

چەند ڕێگایەك هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی باشی و خراپی خوێندنی کەسێك، وە یەکێك لە باشترین پێوانەکان ئەوەیە کە چەندێك لە ڕووی داراییەوە پێشکەوتوون دوای تەواوکردنی خوێندن. ئەو ئامارە سەرنجڕاکێشی کە بەردەوام پیشانی خەڵکیم دەدا کە بۆچی پێویستە خوێندنەکەی خۆیان فراوان بکەن لە حکومەتی ئەمریکاوە وەرم گرتبوو، کە پێشتر لەم کتێبەدا ئاماژەی پێکراوە. ئامارەکە دەڵێت لە هەر سەد کەسێك، لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا، یەکێکیان دەوڵەمەندە، چواریان ئاسوودەن، پێنجیان

[...]نا خەریکی کارکردنن. ٥٦ کەسیان پێویستیان بە چاودێری حکومەت یان خێزان هەیە، ئەوانی تریش دەمرن.

بە بڕوای من ئەمە کارتێکی دەرچوونی زۆر باش نییە، بە ڕەچاوکردنی ئەو ملیاران دۆلار و کاژێرانەی لە پەروەردەی خەڵکیدا خەرجی دەکەین. ئەوە مانای ئەوەیە لەو ٧٠٠ کەسەی کە لە گەڵ مندا دەچوون، حەوتیان دەوڵەمەندن و ٣٩٢ کەسیان پێویستیان بە هاوکاری حکومەت و خێزانەکانیان هەیە. بە هیچ شێوەیەك باش نییە. وە جیاکاریەکی تریش هەیە لەم ئامارانەدا: لەو حەوت کەسەی کە دەوڵەمەندن ئەگەری هەیە توانیان سامانەکەیان بە میرات بۆ مابێتەوە نەك بە هەوڵی خۆیان پەیدایان کردبێت.

یونێس تودەی ووتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی" پارەی- زۆر- ئاسان- دەستنەکەوتوو" کە دانی شێریدانی شیکەرەوە ئەگەرەکانی بەرامبەر پەیداکردنی ١ ملیۆن دۆلاری بە حەوت ڕێگا هەژمار کردووە:

| | |
|---|---|
| خاوەندارێتی بازرگانی بچووك | ١٠٠٠ بۆ ١ |
| کارکردن بۆ سایتێکی بازرگانی بەناوبانگ | ١٠٠٠٠ بۆ ١ |
| پاشەکەوتکردنی ٨٠٠ دۆلار بۆ هەر مانگێك بۆ ماوەی ٣٠ساڵ | ١٥٠٠٠٠ بەرامبەر ١ |
| بردنەوەی یاریەکی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی | ٤٠٠٠٠٠ بەرامبەر ١ |
| تۆمارکردن بە سلۆتەکانی گازینۆ | ٦٠٠٠٠٠ بەرامبەر ١ |
| بردنەوەی یانسیب | ١٢٠٠٠٠٠ بەرامبەر ١ |
| بە میرات وەرگرتنی ١ ملیۆن | ١٢٠٠٠٠٠ بەرامبەر ١ |

ئەم ئامارانە ئەوە پیشاندەدات کە کەمترین کەس بە هۆی میراتەوە دەبنە ملیۆنەر. بەو گوێرەیە، باشترین ئەگەری بوون بە ملیۆنەری منداڵەکەت ئەوەیە کە بازرگانی خۆی هەبێت و گەشەی پێبدات بۆ سەرکەوتن.

ئەگەر بتوانی فێری منداڵەکانت بکەیت کە لە ڕووی داراییەوە پێشبکەون و لەسەر پێی خۆیان بمێنەوە بە زانینی چۆنێتی ڕێکخستنی داراییەکەیان، نەك گەمارۆدران بە قەرزەکان، وە هەرگیز پێویست نەبوون بە کار، بەو شێوەیە ئامادەیان دەکەیت بۆ ئەو ژیانەی کە لەپێشیانە.

سیستەمی پەروەردە خەڵکی پابەند دەکات لە کۆتایی ژیانیاندا، ئامادەیان ناکات بۆ دونیای ڕاستەقینە. بیرۆکەی ئەوەی کە کۆمپانیا یان حکومەت ئەرکی چاودێری کردنت بگرێتە ئەستۆ لە کۆتایەکانی ژیانتدا بیرۆکەیەکە کاتی بەسەرچووە. منداڵەکانت پێویستیان بە یارمەتی تۆیە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو شارەزاییە داراییانە گەشە پێبدەن کە بۆ داهاتوو پێویستیانە.

## گرنگترین ئەرکی دایک و باوک

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بە سادەیی دەربارەی بیرۆکە بوونی پارە بوو؛ دەکرێ هەمان شت بگوترێت دەربارەی پەروەردە. خوود- ئاگایی منداڵان یان بیرۆکەیان لە هەمبەر خۆیان لە ڕووی ئەکادیمی و داراییەوە زۆر جار زاڵ دەبێت بەسەر ئەوەی کە چۆن خۆیان بەڕێوە دەبەن لەو ماوە ژیانەی ماویانە. لەبەرئەوەیە کە گرنگترین ئەرکی دایك و باوك چاودێریکردن، ڕێنمایکردن و پاراستنی خوود-ئاگایی منداڵەکانیانە.

بەشی دووەم

## پارە دەوڵەمەندت ناکات

باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت، " پارە دەوڵەمەندت ناکات." بەردەوام دەبوو و دەیگوت کە پارە توانای ئەوەی هەیە دەوڵەمەند یان هەژارت بکات. بۆ زۆرێك لە خەڵکی، هەتا پارەی زیاتریان دەسکەوێت، هەژارتر دەبن. دواتر لە ژیانیدا، کە بینی خەڵکانێکی زۆر گرنگی بە یانسیب دەدەن، گوتی،" ئەگەر پارە دەوڵەمەندت دەکات، بۆچی ئەو هەموو براوانەی یانسیب سەرمایەپووچ بوون؟"

باوکە زیرەکەم هەمان شتی دەربارەی نمرە دەگوت. ئەگەر منداڵێك بە نمرەی بەرزەوە خوێندن تەواو بکات، ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە منداڵەکە لە دونیای ڕاستەقینەدا سەرکەتوو دەبێت؟ ئایا سەرکەوتن لە دونیای ئەکادیمیدا گەرەنتی سەرکەتنی منداڵەکەت دەکات لە دونیای ڕاستەقینەدا؟

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە تەرخانکرابوو بۆ ئامادەکردنی هۆشەکییانەی منداڵەکەت بۆ قوتابخانە و ئەو گۆڕانکاریانەی لە سەرەتای تەمەنیدا ڕوودەدەن.

بەشی دوو تەرخانکراوە بۆ ئامادەکردنی منداڵەکەت بۆ سەرکەوتن لە دونیای ڕاستەقینەدا.

## بەندی هەشت

# بانکەوانەکەم هەرگیز داوای کارتی دەرچوونی لێ نەکردووم

لە تەمەنی پانزە ساڵیمدا لە وانەی ئینگلیزی دەرنەچووم. شکستم هێنا چونکە ڕێنووسم زۆر ناقۆڵا بوو و نەمدەتوانی بنووسم--- یان دەکرێت بڵێم مامۆستای ئینگلیزیەکەم ئەوەی بە دڵ نەبوو کە دەمنووسی. ئەوە واتای ئەوە بوو کە دەبێت لە ساڵی دووەمی ئامادەیم دووبارە بکەمەوە.

ئازاری هەستەکی و شەرمەزاری لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێکردم، یەکەم، باوکم سەرۆکی پەروەردە بوو. سەرپەرشتیاری پەروەردەی دوورگەی هاوایی و ٤٠ خوێندنگا بوو.

هۆڵەکانی خوێندن پڕ بوو لە پێکەنین و قاقا لێدان کاتێك هەواڵ بڵاوبۆوە کە کوڕی سەرۆك نسکۆیەکی ئەکادیمیە. دووەم، کەوتنم مانای ئەوە بوو کە دەبێت بچمە پۆلی خوشکە بچووکەکەم. بە دەربڕینێکی تر، ئەو بۆ پێشەوە دەهات و منیش بۆ دواوە دەگەڕامەوە. سێیەم، واتای ئەوە بوو کە نامە وەرزشیەکەم پێناگات بۆ یاریکردن لەگەڵ تیپی تۆپی پێ، ئەو وەرزشەی کە دڵی خۆمم بۆ دەردەهێنا لە کاتی ئەنجامدانیدا. ئەو ڕۆژەی کە کارتەکەم وەرگرتەوە و بینم لە ئینگلیزی کەتووم، چوومە پشت ئەو بینایەی کە تاقیگەی کیمیای تێدابوو بۆ ئەوەی بە تەنها بم، لەسەر سەکۆیەکی کۆنکرێتی سارد دانیشتم، ئەژنۆکانم بە سنگمەوە نووساند، پشتم بە بینا تەختەیەکەوە دا و بە کوڵ گریام. چەند مانگێك بوو چاوەڕێی ئەم کەوتنەم لە ئینگلیزیدا دەکرد، بەڵام بینینی لەسەر کارتەکە

هەموو هەستەکانمی لە پڕ و کۆنترۆڵنەکراوانە تەقاندەوە. لە پشتی بینای تاقیگەکە نزیکەی کاژێرێك بە تەنها دانیشتم.

مایکی باشترین هاورێشم، کوڕی باوکی دەوڵەمەند، ئەویش لە ئینگلیزیدا کەتبوو. شتێکی باش نەبوو کە ئەویش کەوتبوو، بەلآم بە لایەنی کەمەوە باش بوو کە لەم کاتە ناخۆشەدا هاورێیەکم هەیە. دەستێکم بۆ ڕاوەشاند کاتێك بە ناو قوتابخانەدا ڕایدەکرد بۆ ئەوەی فریای ئۆتۆمبێلەکەی ماڵەوە بکەوێت، بەلآم هەموو ئەوەی کردی ڕاوەشاندنی سەری بوو لە کاتێکدا لە ئۆتۆمبێلە چاوەڕوانەکە نزیك دەبۆوە.

ئەو ئێوارەیە دوای ئەوەی منداڵەکانی تر چوونە سەر جێگاکانیان، بە دایك و باوکم گوت کە لە ئینگلیزی و ساڵی دووەمم کەتووم. سیستەمی پەروەردەیی ڕێسایەکی هەبوو کە ئەگەر خوێندکار لە ئینگلیزی یان بابەتە کۆمەلآیەتیەکان بکەوێت دەبێت تەواوی ساڵەکە دووبارە بکاتەوە. باوکم زۆر باش ئاگاداری ڕێساکە بوو، چونکە خۆی کارای کردبوو. لە کاتێکدا پێشبینی ئەو هەواڵەیان دەکرد، دڵنیابوونەوە لە شکستەکەم ڕاستیەکی قورس بوو. باوکم بە بێدەنگی دانیشت و سەری لەقاند، ڕوخساری بێ گوزارشت بوو. لە لایەکی ترەوە، دایکم هەواڵەکەی زۆر بەلاوە ناخۆشتر بوو. دەمتوانی هەست و سۆزەکانی لەسەر ڕوخساری ببینم، هەستێك کە لە خەمگینیەوە دەبوو بە تووڕەیی. ڕووی کردە باوکم و گوتی،" ئێستا چی ڕوودەدات؟ ئایا ساڵێك دەچێتە دواوە؟" هەموو ئەوەی باوکم گوتی ئەمە بوو،" ئەوە ڕێسایە، بەلآم بەرلەوەی هیچ بڕیارێك بدەم، لە مەسەلەکە دەکۆڵمەوە."

بۆ چەند ڕۆژی دواتر، باوکم لە مەسەلەکەی کۆڵیەوە، بۆی دەرکەوت لە ۳۲ خوێندکاری پۆلەکەم، مامۆستاکە ۱۵ خوێندکاری خستووە. نمرەی لەسەر پەتەکەی دابوو بە هەشت خوێندکار. خوێندکارێك نایابی هێنابوو، چواریان سەروو ناوەند و ئەوانی تریش ناوەند. بە بینینی ئەو ڕێژە زۆرەی دەرنەچوون، باوکم دەستی خستە مەسەلەکەوە، نەك وەك باوکم، بەڵکو وەك سەرپەرشتیاری پەروەردە. یەکەم هەنگاوی ئەوە بوو فەرمانی بە بەڕێوەبەری خوێندنگا کرد کە لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی بکات. لێکۆڵینەوەکە بە قسەکردن لەگەڵ زۆرێك لە خوێندکارەکانی پۆلەکە دەستی پێکرد. لێکۆڵینەوەکەش بە گواستنەوەی مامۆستاکە بۆ خوێندنگایەکی تر و کۆرسێکی تایبەتی هاوینەی خوێندن بۆ ئەو خوێندکارانەی خوازیارن نمرەکانیان چاك بکەنەوە کۆتایی هات. سێ هەفتەی هاوینەکەم لە بەرزکردنەوەی نمرەکەم بۆ پەسەند ( سەر پەتەکە) بەسەربرد بۆ ئەوەی بتوانم بچمە پۆلی یانزە لەگەڵ خوێندکارەکانی تر.

لە کۆتاییدا، باوکم بڕیاریدا کە لە لایەن هەردوو لاوە ڕاست و هەڵە ئەنجامدراوە، هەم خوێندکارەکان و هەمیش مامۆستاکە. ئەوەی باوکمی زۆر بێزار کردبوو ئەوە بوو کە زۆربەی ئەوانەی کەوتبوون خوێندکارە پلە یەکەکانی پۆلی دە بوون و بەرەو زانکۆ دەڕۆیشتن. بۆیە لەبری ئەوەی بیخاتە لاوە و وانەی لێبێنێت، هاتە ماڵەوە و پێیگوتم،" ئەم شکستە ئەکادیمیە وەك وانەیەکی گرنگ لە ژیانتدا وەرگرە. دەتوانی زۆر فێربیت یان هیچ فێر نەبیت لەم ڕووداوەوە. دەکرێ تووڕە بیت، لۆمەی مامۆستاکە بکەیت، یان کینە لە دڵ بگری. یان دەتوانی لە هەڵسوکەوتی

خۆت بڕوانیت و زیاتر لەسەر خۆت فێربیت و لەم ئەزموونەوە گەشە بکەیت. پێموانییە مامۆستاکە باشی کردووە ئەو هەموو خوێندکارەی خستووە. بەڵام پێموایە تۆ و هاوڕێکانت پێویستە ببنە خوێندکارەیلێکی زۆر باشتر. هیوادارم ئێوەش و مامۆستاکەش لەم ئەزموونەوە فێربووبن و پێبگەن."

دەبێت ددانی پێدا بنێك كە كینەم لە دڵ گرتبوو. هێشتا مامۆستاکەم خۆشناوێت، وە لە دوای ئەوەوە ڕقم لە ڕۆیشتن بۆ خوێندنگا بوو. هەرگیز حەزم لە خوێندنی ئەو بابەتانە نەبووە كە سەرنجیان ڕانەكێشاوم یان دەمزانی هیچ سوودێكیان نابێ دوای تەواوكردنی خوێندن. هەرچەندە جێبرینە هەستەكیەكان قووڵ بوون، كەمێك زیاتر بە خۆمدا چوومەوە، بیركردنەوەم گۆڕا، شێوازەكانی خوێندم چاكتر بوو، وە لە كاتی خۆیدا ئامادەیم تەواوكرد.

لە هەمووی گرنگتر، ئامۆژگاریەكەی باوكم وەرگرت و لە بارودۆخێكی خراپ باشترینم دروسكرد. كە لێی دەڕوانمەوە، دەبینم كە چۆن ڕووداوی دەرنەچوونم لە پۆلی دە نیعمەتێك بوو كە شێوەی خۆی گۆڕیبوو. ڕووداوەكە بووە هۆی ڕاستكردنەوەی شێوازی بیركرنەوەم و شێوازی خوێندن و سەعی كردنم. بۆم دەردەكەوێت كە ئەگەر ئەو ڕاستكردنەوانەم ئەنجام نەدایە. بە دڵنیایەوە لە زانكۆ وازم دەهێنا.

## دایکم زۆر نیگەران بوو

لەم ماوەیەدا. دایكم زۆر بێتاقەت بوو. بەردەوام دەیگوت،" نمرەكانت زۆر گرنگن. ئەگەر نمرەی باشت نەبێت، ناتوانی بچیتە كۆلێژێكی باش، دواتریش كارێكی باشت دەست ناكەوێت. نمرەی بەرز گەلێك گرنگە لە

ژیانتدا." چەندین جار هەمان شتی دەگوتەوە. بەڵام لەم کاتە بێزارکەر و ناخۆشەدا، بە نیگەرانی و ترسێکی زیاترەوە بەردەوام دووبارەی دەکردەوە.

ئەو ماوەیە بۆ منیش بێزارکەر بوو، نەک تەنها لە وانەیەک کەوتبووم، بەڵکو دەبووایە هاوینیش بخوێنم بۆ ئەوەی نمرەکەم بەرز بکەوە و بتوانم لەگەڵ ئەوانی تردا برۆمە پۆلێکی تر. ڕقم لە خوێندنی هاوینە بوو. بابەتەکە بێزارکەر بوو و ژوورەکەش گەرم و شێدار بوو. قورس بوو سەرنجم لەسەر بابەتی ئینگلیزی چڕ بکەمەوە. زۆربەی جار بیرم دەڕۆیشت کە لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوەم دەڕوانی بۆ ئەو دیووی دار گوێزە هیندیەکان و زەریاکە کە هاوڕێکانم خەریکی خلیسکێنەی سەر شەپۆل بوون. بۆ خراپترکردنی دۆخەکە، زۆربەی هاوڕێیانی خلیسکێنەم قاقایان لێدەدا و پێدەکەنین و پێیان دەگوتین" گەمژەکان" هەر کاتێک بەرەو لایان ڕاماندەکرد.

کاتێك وانە چوار کاژێریەکە تەواو دەبوو، من و مایك بە شارۆچکەکەدا دەڕۆیشتین بۆ ئۆفیسەکەی باوکی و بۆ چەند کاژێرێك ئەو شتانەمان دەکرد کە دەیویست بیکەین. ڕۆژێکیان، کاتێك چاوەڕێی باوکی دەوڵەمەندمان دەکرد، من و مایك باسی کاریگەری ئەو نمرە خراپانەمان دەکرد لەسەر داهاتوومان. کەوتن و ناوهێنانمان بە" گەمژەکان" زۆر بێزارکەر و ناخۆش بوو. مایك گوتی،" هاوڕێکانمان پێمان پێدەکەن چونکە نمرەی باشتریان هەیە و دەشتوانن بچنە کۆلێژی باشتر." وەڵامدایەوە،" منیش ئەوەم بیستووە، پێتوایە شکستمان هێناوە د ژیانی خۆمانمان وێرانکردوە؟"

بەهۆی ئەوەی کە تازە دەبووینە پانزە ساڵ، هیچی وامان لەسەر دونیای ڕاستەقینە نەدەزانی. بۆم دەرکەوت کە پێدانی نازناوی" گەمژە" و" شکستە" کاریگەری خۆی لەسەر دەروونمان دانابوو. لە ڕووی هەستەکیەوە بریندار بووین، لە ڕووی هۆشەکیەوە گومانمان لە توانای ئەکادیمیمان هەبوو، وە داهاتوومان تەواو تاریک دیاربوو. دایکیشم هاوڕامان بوو.

## نهێنی باوکی دەوڵەمەند

باوکی دەوڵەمەند تەواو ئاگاداری شکستی ئەکادیمیمان بوو، دەرنەچوونی کوڕەکەی لە ئینگلیزیدا بێزاری دەکرد، سوپاسگوزار بوو کە باوکم دەستی تێوەردا و پرۆگرامێکی خوێندنی هاوینەی بۆ داناوین بۆ بەرزکردنەوەی نمرەکانمان. هەردوو باوکەکە سەیری لایەنی گەشی شتەکانیان دەکرد، وە هەردووکیان وانەیان هەبوو کە دەتوانین لەم ئەزموونەوە فێری بین، هەرچەندە وانەکانیان جیاواز بوو. هەتا ئەم کاتە، باوکی دەوڵەمەند هیچی وای نەگوتبوو. پێموایە تەنها چاودێری ئێمەی دەکرد تا بزانێ کاردانەوەمان بۆ بارودۆخەکە چۆنە.

ئیستا کە گوێی لەوە بوو کە بیرمان لێدەکردوە و هەستمان پێدەکرد دەربارەی پاشکەوتنە ئەکادیمیەکەمان، کاتی بوو کە تێبینی خۆی بدات. لە سەر کورسیەکی ژوورەکە دانیشت و گوتی،" نمرەی باش گرنگە. چەند باشیت لە خوێندن گرنگە. چەندێك فێر دەبێت و چەندێك زیرەکیت ئەویش گرنگە. بەڵام هەر کە خوێندنت تەواو کرد، نمرەی بەرز هێندە گرنگ نامێنێت."

کاتێك ئەوە بیست پاڵم بە کورسیەکەمەوەدا. لە خێزانەکەماندا. خێزانێك کە زۆربەیان بە هۆی سیستەمی خوێندنەوە دامەزراون هەر لە باوکمەوە بۆ خوشك و براکانی، گوتنی ئەوەی کە نمرە گرنگ نییە کوفرە. بە زیق و شۆکەوە گوتم،" بەلاّم ئەی نمرەکانی ئێمە؟ ئەو نمرانە بۆ تەواوی ژیانمان لەگەڵماندا دەبێت."

باوکی دەوڵەمەند سەری ڕاوەشاند و خۆی نووشتاندەوە، هەتەرانە گوتی،" بڕوانن، مایك و ڕۆبێرت، نهێنیەکی گەورەتان پێدەڵێم." باوکی دەوڵەمەند وەستا بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە بە باشی گوێمان بۆ قسەکانی شلکردووە. دواتر گوتی،" بانکەوانەکەم هەرگیز داوای کارت دەرچوونی نەکردووە.

ئەو قسەیە ڕاپەڕاندم، چەند مانگێکە من و مایك نیگەرانی نمرەکانمانین. لە خوێندگا، نمرە هەموو شتێکە. دایك و باوکم، خزمەکانم و هاوڕێکانیشم پێیانوابوو کە نمرە هەموو شتێکە. ئێستا قسەکانی باوکی دەوڵەمەند لە زنجیرەی بیرکرنەوەکانمی دەرکێشام، ئەو زنجیری بیرکردنەوەیەی کە دەیگوت ژیانم وێران بووە بەهۆی نمرە خراپەکانمەوە، وەلاّممدایەوە،" ئەوە چی دەڵێیت؟" بە تەواوی تێنەدەگەیشتم کە دەیویست بەم قسەیە بە چی بگات. باوکی دەوڵەمەند گوتی،" گوێت لێم بوو." ئەویش لە کورسیەکەیدا پاڵیدایەوە. دەیزانی کە گوێمان لێی بووە. ئێستا کاتمان پێدەدات هەتا قسەکەی لە مێشکماندا بنیشێت.

بەبەهێوری دووبارەمکردەوە،" بانکەوانەکەت هەرگیز داوای کارتی دەرچوونتی نەکردووە؟ واتە دەڵێیت کە نمرە گرنگ نییە؟" باوکی دەوڵەمەند بە تەنزەوە پرسی،" ئایا من وام گوت؟ ئایا گوتم نمرە گرنگ

نییە؟" کێژانە وەڵاممدایەوە،" نا، وات نەگوت." پرسی" ئەی کەواتە گوتم چی؟" وەڵاممدایەوە،" گوتت، ' بانکەوانەکەم هەرگیز داوای کارتی دەرچوونی لێ نەکردووم. '" شتێکی قورس بوو بۆ من گوتنی ئەوە چونکە لە خێزانە پەروەردەکارەکەمدا، نمرەی بەرز، ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و کارتێکی دەرچوونی نایاب مانای هەموو شتێك بوو.

باوکی دەوڵەمەند دووبارە دەستی پێکردوە،" کاتێك دەچم بۆ بینینی بانکەوانەکەم، ناڵێت ' نمرەکانتم پیشان بدە. '" باوکی دەوڵەمەند دووبارە پرسی،" ئایا بانکەوانەکەم دەڵێت، ' ئایا هەموو نمرەکانت نایاب بوون؟' ئایا داوای ئەوە دەکات کارتەکەمی پیشان بدەم؟ ئایا دەڵێ' ئۆە، نمرەی بەرزت هەیە. با ملیۆنێك دۆلارت بە قەرز بدەمێ. ' ئایا شتگەلی لەم شێوەیە دەڵێت؟"

مایك گوتی،" پێموانییە، بە لایەنی کەمەوە هەرگیز داوای کارتەکەتی نەکردووە لەو کاتانەی کە من لەگەڵت بووم لە ئۆفیسەکەت. وە دەزانم لەسەر بنەمای تێکڕایی نمرەکانت قەرزت پێنادات."

باوکی دەوڵەمەند گوتی،" ئەی کەواتە داوای چی دەکات؟"

مایك بە هێواشی وەڵامیدایەوە،" داوای ڕاپۆرتی دارایت دەکات، هەمیشە داوای ڕاپۆرتی دارایی نوێکراوەت لێدەکات. دەیەوێت دۆخی قازانج - و- زیان و پەڕاوی هاوسەنگی دارایت ببینێت."

## کارتی دەرچوونت لە دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکەیت

باوکی دەوڵەمەند بەسەر لەقاندنەوە بەردەوامبوو،" بانکەوانەکان هەمیشە داوای ڕیپۆرت دارایی دەکەن. بانکەوانەکان داوای ڕێپەرت دارایی لە هەموو کەسێك دەکەن. بانکەوانەکان بەلایانەوە گرنگ نییە

دەوڵەمەنـدی یـان هـەژار، خوێنـدەواری یـان نەخوێنـدەوار. بـە بـێ ڕەچاوکردنی ئـەوەی کـە تـۆ کێیـت، دەیانـەوێت ڕاپـۆرت دارایـت ببینن. پێتانوایە بانکەوانەکەن بۆ ئەوە دەکەن؟"

من و مایك بە بێدەنگی سەرمان ڕاوەشاند و چاوەڕێی وەڵامان دەکرد. لە کۆتایدا مایك گوتی،" لە ڕاستیدا هەرگیز بـیرم لـەوە نەکردۆتـەوە، پێمان دەڵێیت؟" باوکی دەوڵەمەند بە دەنگێکی نزمـی بـەهێز گـوتی،" کێشـەکە ئەوەیە، زۆربەی خەڵکی خوێندن تەواو دەکەن و هـیچ بیرۆکەیـەکیان نییە کە ڕاپۆرتی دارایی چییە."

بە گومانەوە پرسیم،" ڕاپۆرتی داراییم کارتی دەرچوونمە کاتێك خوێندن تـەواو دەکـەم؟ مەبەسـت ئەوەیـە کـارتی دەرچـوونە بـۆ کەسـانی پێگەیشـتوو؟" بـاوکی دەوڵەمەنـد سـەری لەقانـد." کـارتی دەرچوونی کەسـانی پێگەیشـتووە. دووبـارە، کێشـەکە ئەوەیـە، زۆربـەی کەسـە پێگەیشـتووەکان بەڕاسـتی نـازانن ڕاپـۆرتی دارایـی چـییە."

پرسیم،" ئـەوە تاکـە کارتـە کـە پێگەیشـتووەکان هەیانـە؟ ئایا کـارتی دیکەش هەیە؟"

" ئـەرێ، کـارت دیکـەش هەیـە. ڕاپـۆرتی دارایـت گـرنگترین کـارتی دەرچوونتە، بەڵام تاکە کارتی دەرچوونت نییە. کارتەکانی تـر بریتین لە کارتی پشکنینی تەندروسـتی سـاڵانە، کـە لـە ڕێگـەی پشـکنینی خوێن و هەندێك ڕێکاری گرنگی ترەوە پێتـدەڵێت کـە جەسـتەت چـەندێك ساغە و چی پێویستە هـەتا چارەسـەری بکـەیت. کـارتێکی دەرچـوونی تـر کـارت تۆماری یاری گۆڵفەکەت یان بۆوڵینگەکەتە. لە ژیاندا، گـەلێك جـۆر کـارتی دەرچـوونی جیـاواز هەیـە. ڕاپـۆرت دارایـی کەسـێك دانەیـەکی گرنگە."

پرسیم،" کەواتــە دەکرێــت کەســێك هــەموو نمرەکــانی ســەر کــارتی خوێندنەکەی نایاب بێت بەڵام سفر بێت لەسـەر ڕاپـۆرتی دارایـی ژیانیـان، دەتەوێت ئەوە بڵێیت؟" باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند،" هەموو جارێك ئەوە ڕوودەدات."

## کارتی دەرچوونی ژیانی ڕاستەقینەت

دەرنەچوون لە ئینگلیزیدا لـە تـەمانی پـانزە سـاڵیمدا بـووە ئـەزموونێکی بەنرخ بۆم چونکە بۆم دەرکەوت کە بیرکرنەوەیەکی خراپم دەربارەی خوێندگا و وانـەکانم پەرەپێداوە. دەرنەچوونەکە بـانگی هۆشـیاریوونەوە بوو بۆم هەتا ڕاسـتکردنەوە بکـە لـە بیرکردنـەوەم و شـێوازی خوێندنمدا. هەروەها لەو تەمەنە کەمەدا درکم بەوە کرد کە لە کاتێکدا نمرە گرنگە لـە خوێندندا، ڕاپۆرت دارایی دەبێتە کارتی دەرچوونم هەر کە خوێنـدم تـەواو کرد. بـاوکی دەوڵەمەنـد پێیگـوتم،" لـە خوێنـدگا، خوێنـدکاران بـۆ هـەر وەرزێك کارت دەرچوونیان پێدەدرێت.

ئەگەر منداڵەکە کێشەی هەبێت، بە لایەنی کەمەوە منداڵەکە کـاتی هەیـە بـۆ ڕاسـتکردنەوەیەکی تــەواوەتی ئەگــەر خــۆی بیــەوێت. لــە دونیــای ڕاستەقینەدا، زۆربـەی پێگەیشـتووان هـەرگیز ڕاپـۆرتێکی دارایـی وەرزانـە وەرناگرن، هەر لەبەرئەوەیە خەڵکانێکی زۆر لە ڕووی داراییەوە لە بـارێکی سەختدان. زۆربەی پێگەیشتووان سـەیری ڕاپـۆرتی داراییـان ناکـەن هـەتا ئەو کاتەی کارەکانیان لە دەسـت دەدەن، یـان تووشـی ڕووداوێك دەبن، یاخود بیر لە خانەنشین بوون دەکەنـەوە، یـان ئـیتر زۆر درەنگە. چونکە زۆربـەی پێگەیشـتووان ڕاپـۆرتێکی دارایـی وەرزانـەیان نییـە، زۆربـەیان شکست دەهێنن لە ڕاستکردنەوەی گرفتە داراییـەکانیان کە پێویسـتە بۆ

ژیانێکی پارێزراو لە ڕووی داراییەوە. ڕەنگە کارێکی مووچە زۆر، خانوویەکی گەورە، ئۆتۆمۆبێلێکی کەشخەیان هەبێت و کاریشیان باش بڕوا، بەڵام هێشتا لە ڕووی دارایەوە دەرنەچن. زۆرێك لەو خوێندکارە زیرەکانەی کە لە خوێندندا نمرەی بەرزیان هەبووە دەکرێ ژیانیان لە شکستە- نمرەی داراییدا بەسەر بەرن. ئەوە باجی نەبوونی ڕاپۆرتی داراییە بە لایەنی کەمەوە وەرزی جارێك. دەمەوێت لە ڕاپۆرتی دارایم بڕوانم بۆ ئەوەی بزانم لە کوێدا کارم باش دەڕوا، لە کوێدا لاوازم و دەبێت چی چاك بکەمەوە."

کارتەکانی دەرچوون پیشانی دەدات لە کوێدا چاکسازی پێویستە دەرنەچوونەکە بووە شتێکی باش بۆ ماوەیەکی درێژ چونکە من و مایکیش کەمێك زیاتر خۆمان بۆ خوێندن تەرخانکرد، هەرچەندە هەرگیز خوێندکاری زیرەك نەبووین. پاڵاوتنێکی کۆنگرێسم وەرگرت لە لایەن سیناتۆری ویلایەتەکەمەوە بۆ ئەکادیمیای دەریایی ئەمریکا لە ئەناپۆلیس، ماریلاند، هەروەها بۆ ئەکادیمیای دەریاوانی بازرگانی ئەمریکا لە کینگس پۆینت، نیۆرك. مایك بڕیاریدا لە هاوایدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە خوێندن لە لای باوکی، بۆیە ڕۆیشتە زانکۆی هاوایی لەوێ لە ساڵی ١٩٦٩ تەوای کرد، لە هەمان ساڵدا منیش لە کینگس پۆینت دەرچووم. بۆ مەودایەکی درێژ، ئەو دەرنەچوونە سەلماندی کە بەهای دیارینەکرێت و ناکرێت، چونکە بووە هۆی ئەوەی من و مایك بیرکردنەوەمان لە هەمبەر خوێندن بگۆڕین.

لە ئاکادیمیا، بەسەر ترسی نووسیندا زاڵبووم و لە ڕاستیدا وردە وردە خەریك بوو چێژم لێ دەبینی، هەرچەندە هێشتا لە ڕووی تەکنیکیەوە

نوسەرێکی باش نیم. سوپاسی د. ئەی. ئەی. نۆرتۆن دەکەم، مامۆستای ئینگلیزم بۆ ماوەی دوو ساڵی ئەکادیمیام، بۆ هاوکاریکردنم لە زاڵبوون بەسەر نەبوونی متمانە بەخۆبوونمدا و ترس و کینەکانی ڕابردووم. ئەگەر دکتۆر نۆرتۆن نەبووایە، دڵنیا نیم کە ئەمڕۆ ببوومایە بە نوسەری پڕفرۆشی نێو ڕۆژنامەکانی نیۆرك تایمز و واڵ ستریت جۆرناڵ. هەندێك جار بیر دەکەمەوە ئەگەر لە تەمەنی پانزە ساڵیمدا نەکەوتمایە و پاڵپشتی خێزانەکەم نەبووایە لەو ماوە سەختەی ژیانمدا، گۆڕانکاریم لە ژیانمدا نەدەکرد و نەدەبوومە نوسەرێکی پڕفرۆش. لەبەرئەوەیە کارتەکانی دەرچوون هێندە گرنگن، بە تایبەتی ئەگەر کارتێکی خراپ بێت.

لە کۆتاییدا، درکم بەوە کرد کە کارتەکانی دەرچوون پێوانوی ئەوە ناکەن کە دەیزانین، بەڵکو پێوانەی ئەو شتانە دەکەن کە دەبێت لە ژیانماندا چاکیان بکەین. هەمان شت دروستە بۆ ڕاپۆرتە .داراییە کەسیەکەت. کارتی دەرچوونتە لەسەر ئەوەی کە چەند باش بەڕێوە دەچیت لە ڕووی داراییەوە. کارتی دەرچوونی ژیانتە.

## منداڵەکەت پێویستی بە کارتێکی دەرچوونی دارایی هەیە

لە تەمەنی نۆ ساڵیدا گورە دەسپێکێکی دارایم وەرگرت. ئەوە ئەو ساڵە بوو کە باوکی دەوڵەمەند منی بە ڕاپۆرتە داراییەکەم ناساند. ئەوانەتان کە باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژارتان خوێندۆتەوە ئەوەتان بیردێتەوە کە وانەی دووەم لە وانەکانی باوکی دەوڵەمەند گرنگی ڕۆشنبیری دارایی بوو، یان توانای خوێندنەوەی ڕاپۆرتە داراییەکان هەر کە خوێندنتان تەواو کرد.

نەمدەزانی کە باوکی دەوڵەمەند من و کوڕەکەی بۆ دونیای ڕاستەقینە ئامادە دەکات، ئەو دونیایەی دەچینە ناوی هەر کە خوێندمان تەواو کرد. ئامادەی دەکردین بە گوتنەوەی بنەمەکانی ڕۆشنبیری دارایی پێمان، بابەتێك کە بەشێوەیەکی گشتی لە قوتابخانەکاندا بە هەرزەکاران نەدەگوترایەوە، یان بە پێگەیشتووەکان، بە هەمان شێوە. تێگەیشتن لە بنەماکانی ڕاپۆرتی دارایی متمانە بەخۆبوونێکی دارایی مەزن و پێگەیشتووی دەربارەی پارە پێدام. لە جیاوازی نێوان سەرمایە و قەرز، داهات و خەرجی تێگەیشتم، وە گرنگی جوڵەی نەختی فێربووم. زۆربەی پێگەیشتووان ئەو جیاوازیە وردە نازانن، ئەو نەزانینەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی بە سەختی کار بکەن و پارەیەکی زۆر بەدەست بهێنن، کەچی هێشتا لە ڕووی داراییەوە بەرەو پێشەوە ناچن.

بەڵام شتێکی زۆر زیاتر لە متمانەبەخۆبوونم بەدەستهێنا بە تێگەیشتن لە چۆنێتی کارکردنی ڕاپۆرتە داراییەکان. باوکی دەوڵەمەند زۆر جار بە" سێینەکە" ناوی دەهێنان کە ئەمانە بون:

_ متمانە بەخۆبوون

_ کۆنترۆڵکردن

_ ڕاستکردنەوە

بە من و کوڕەکەی دەگوت،" ئەگەر بە ڕاستی تێبگەن ڕاپۆرتی دارایی چۆن کاردەکات، متمانە بەخۆبوونێکی زیاترتان دەبێت بەسەر داراییەکانتاندا، کۆنترۆڵێکی زیاترتان دەبێت بەسەر داراییەکانتاندا، وە لە هەمووشی گرنگتر، دەتوانی ڕاستکردنەوە ئەنجام بدەیت ئەگەر شتەکان لە ڕووی داراییەوە بە دڵی تۆ نەڕۆیشتن. ئەو کەسانەی ڕۆشنبیری

دارایییان نییە زۆر بەسادەیی متمانەبەخۆبوونێکی کەمتری دارایییان هەیە، بۆیە کۆنترۆڵ لە دەست دەدەن و زۆر بە دەگمەن ڕاستکردنەوە ئەنجام دەدەن هەتا ئیتر زۆر درەنگ دەبێت لە ژیانیاندا.

لە تەمەنێکی کەمدا دەستم کرد بە فێربوونی سەر و بنی" سیانیەکە" لە ڕووی هۆشەکی، هەستەکی، جەستەیی و ڕۆحییەوە. ئەوسا بە تەواوەتی تێینەدەگەیشتم، ئێستاش بە تەواوەتی تێیناگەم. بەڵام هێشتا ئەو پەروەردە بنچینەیە دارایییە بناغەی فێربوونێکی بەردەوام و هەمیشەیی بوو. ئەم پەروەردە بنچینەیە دارایییە گورە دەسپێکێکی دارایی پێبەخشیم لە ژیانمدا، هەمووشی بە تێگەیشتن لە ڕاپۆرتی دارایی دەستی پێکرد.

## یەکەمین وێنەکانم

باوکی دەوڵەمەند بە وێنەی سادە دەستی پێکرد. هەر کە وێنە سادەکان کێشران، دەیویست لە وشەکان، پێناسەکان و پەیوەندیەکان تێبگەین. فێری پەیوەندی نێوان وشەکان و هێڵکاریەکان بووم. کاتێک لەگەڵ ئەو خەڵکانە قسە دەکەم کە لە ڕووی دارایییەوە مەشقپێکراون، دەڵێن هەرچەندە لە خوێندندا ژمێریاریان خوێندوە، هەرگیز بە ڕاستی لە پەیوەندی وشەکان تێنەگەیشتوون. وەک باوکی دەوڵەمەند دەیگوت، "ئەوە پەیوەندیەکانن کە گرنگترینن."

راپۆرتی داهات

| |
|---|
| داهات |
| خەرجییەکان |

پەراوی هاوسەنگی دارایی

| سەرمایە | قەرز |
|---|---|
| | |

ئەو شوێنەی کێشە داراییەکانی لێوە سەرهەڵدەدا

باوکە هەژارەکەم زۆر جار دەیگوت، " خانووەکەمان سەرمایەیە." لێرەوە زۆربەی کێشە داراییەکانمان سەریهەڵدا. بەدحاڵیبوونێکی سادە بوو، یان یان نەبوونی جیاکاریەکی باشتر بوو لە پێناسەکەیدا، ببوە هۆی دروستبوونی کێشەی دارایی بۆ باوکم و زۆربەی خەڵکی. کاتێک بەردوچکەیەك فڕێ دەدەیتە گۆمە ئاوێکەوە، لەو خاڵەوە کە بەردۆچکەکە بەر ئاوەکە دەکەوێت شەپۆلەکان بڵاودەبنەوە. کاتێك کەسێك دەست بە ژیان دەکات بە بێ تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان سەرمایە و قەرز، دەکرێ شەپۆلەکان ببنە هۆی کێشەی دارایی بۆ تەواوی ژیانی. لەبەرئەوە باوکی دەوڵەمەند دەیگوت، " ئەوە پەیوەندیەکەیە کە گرنگە."

پێناسەی سەرمایە [1] و قەرز [2] دەکات؟

چی پێناسەی سەرمایە دەکات و چی پێناسەی قەرز؟ کاتێك لە فەرهەنگدا سەیری پێناسەکانیان دەکەم، زیاتر سەرم لێ دەشێوێت. ئەوە گرفتی فێربوونی شتەکانە تەنها بە هۆشەکی بە بێ فێربوونی جەستەیی لە پێناسەکەدا. هێڵکاریەکی سادەی ڕاپۆرتی دارایی هەندێك فێرکاری جەستەیی بە پێناسەکە دەدات، تەنانەت ئەگەر چەند هێڵێك بێت لەسەر پارچەیەك کاغەز. بۆ پیشاندانی پێناسەکەم، ئەمە پێناسەی سەرمایەیە لە یەکێك لە فەرهەنگەکەنمدا:

**سەرمایە**

_ موڵك و ماڵی کەسێکی کۆچکردوو

_ تەواوی موڵك و ماڵی کەسێك، ڕێکخراوێك، دامەزراوەیەك

_ بابەتەکانی سەر پەڕاوی هاوسەنگی دارایی کە نرخی موڵك و ماڵی خاوەنەکەی پیشان دەدات.

بۆ ئەو کەسانەیە کە ئاستێکی زیرەکی بەرزیان هەیە لە بلیمەتی زمانەوانی–زارەکیان هەیە، پێناسەیەکی ئاوا ڕەنگە بەس بێت. ڕەنگە ناو

---

[1] لێرەدا مەبەست لە سەرمایە هەموو ئەو موڵک و ماڵانەیە کە کەسێک خاوەندارێتیان دەکات و ئەو سەرمایەنە بەردەوام پارە بۆ خاوەنەکەی دەست دەخەن، بۆ نموونە مارکێتێکی گەورە یان ڕێستۆرانتێک یاخوود شووقەیەکی بەکرێدان، ئەمانە بەردەوام پارە بۆ خاوەنەکەی دابین دەکەن و سەرمایەن؛ لێرە بەدواوە وشەی سەرمایەی بۆ بەکاردەهێنین

[2] لێرەدا مەبەست لە قەرز ئەو موڵک و ماڵنەیە کە کەسێک دەیانکڕێت بەڵام سەرمایە بۆ کەسەکە دەست ناخەن بەڵکو دەبنە بەرپرسیاری ئەو موڵکە، بۆ نموونە پارە لە بانک قەرز دەکەیت و خانوویەک دەکڕیت ئەو خانووە دەبێتە قەرز نەک سەرمایە چونکە دەبێت مانگانە پارەی خانووەکە و سووی سەر پارەکەش بدەیتەوە بە بانک، لە کاتی نەدانی پارەکە ئەگەری هەیە بانک دەست بەسەر خانووەکەتدا بگرێت؛ لێرە بەدواوە ئەوە وشەی قەرزی بۆ بەکار دەهێنین.

وشەکان بخوێنەوە و ئەوە ببینن کە سەرمایە واتای چییە. بەڵام بۆ کوڕێکی نۆ ساڵان، وشەکان بە تەنها هیچ واتایەکی نییە. بۆ کوڕێکی نۆ ساڵان، کە فێردەبوو دەوڵەمەند بێت. پێناسەی فەرهەنگ ناتەواو و سەرلێشێوێنەرە. ئەگەر زیرەکی کردەی ئەنجامدانی جیاکاریگەلێکی باشترە، ئەگەر بمەوێت دەوڵەمەند بم پێویستم بە جیاکاریەکی باشتر هەبوو لەوانەی لە فەرهەنگەکەدا هەبوو، وە جگە لە شێوەی وشەیی بە شێوەگەلی تریش دەمویست.


باوکە دەوڵەمەندەکەم جیاکاری بۆ زیاد کرد بە زیادکردنی بارستە و جووڵە بۆ پێناسەکە، بۆ ئەوەی بتوانم جیاکاریەکی باشتری ژیان- گۆڕ بدۆزمەوە. ئەمەی کرد بە بەکارهێنانی پارچە کاغەزێك و پیشاندانی پەیوەندی نێوان ڕاپۆرتی داهات و پەڕاوی هاوسەنگی دارایی. گوتی،" ئەوەی کە شتێك لە لیستی سەر ڕاپۆرتی هاوسەنگی داراییت بە ڕاستی بە سەرمایە دادەنێت نەك خەرجکە شکاوێك، جوڵەی نەختیە. جوڵەی نەختی دەکرێ گرنگترین زاراوەی دونیای پارە بێت، بەڵام هێشتا کەمترین تێگەیشتن لێی هەیە. دەتوانی پارەی نەخت ببینیت، بەڵام زۆربەی خەڵکی جووڵەکە نابینن. لەبەرئەوە، ئەوە جووڵەی نەختیە کە دیاریدەکات شتێك بەڕاستی سەرمایەیە یان قەرزە یان خەرجکە شکاوێکە."

## پەیوەندیەکە

باوکی دەوڵەمەند بەردەوام و بەردەوام دەیگوتەوە،" ئەو جووڵەی نەختیەی لە نێوان ڕاپۆرتی داهات و پەڕاوی هاوسەنگی داراییدایە بەڕاستی دیاریدەکات کە چی سەرمایەیە و چی قەرزە."

ئەگەر دەتەوێت گورە دەستپێکێکی دارایی بە منداڵەکەت ببەخشیت، ئەم دێرە ئەزبەرکە و بەردەوام بۆ منداڵەکەتی دووبارە بکەرەوە. منداڵەکەت دەبێت لەم گوتەیە تێبگات و زۆر دووبارەی بکاتەوە بۆ ئەوەی بە باشی جێگیر بێت لە مۆشیدا. ئەگەر منداڵەکەت لەو گوتەیە تێنەگات، ئەگەری هەیە بچێتە دەرەوە، داری گۆڵف بکڕێت و لە گەراجەکەدا دایانبنێت، دواتریش لە ڕاپۆرتی داراییدا لیستەیان بکات وەك سەرمایە کاتێك لە بانك داوای قەرز دەکات. لە دونیای باوکمدا، سێتێك داری گۆڵفی دانراو لە گەراجەکەتدا سەرمایە نییە. بەڵام لەسەر زۆر داواکاری پارە دەتوانی ئەو داری گۆڵفانە" جانتای خاشاکە" وەك سەرمایە هەژمار بکەیت. لە ژێر ستوونێکی سەرمایە لیستە دەکرێن بە ناوی" کارتێکەرە کەسیەکان." لەوێدا دەتوانی پێڵاوەکانت، جزدانەکانت، بۆینباخەکانت، کەل و پەلی ناوماڵەکەت، قاپەکانت و ڕەکتە کۆنی تێنس بە سەرمایە لیستە بکەیت لە ستوونی سەرمایەدا. لەبەرئەوەیە زۆربەی خەڵکی دەوڵەمەند نابن. پەیوەندی نێوان ڕاپۆرتی داهات و پەڕاوی هاوسەنگی دارایی نازانن.

ئەمە نەخشەی جووڵەی نەختی سەرمایەیەکە. سەرمایەکە پارەی نەخت دەڕژێنێتە ستوونی داهاتەوە.




ئەمەش جووڵەی نەختیە بۆ قەرز. قەرز پارەی نەختی لە ستوونی خەرجیەکان دەڕژێنێتە دەرەوە.



پێویست ناکات زانای موشەك بیت بۆ ئـەوەی بزانـی جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان ئـەو پارەیـەی دێتـە نـاوەوە و ئـەو پارەیـەی دەردەچێت. بـۆ پتەوکردنی ئەم بیرۆکـە بنچینەیە بـۆ مـن و مایـك، بـاوکی دەوڵەمەنـد زۆر جار دەیگوت،" سەرمایە پارە دەخاتە گیرفانتەوە، قەرز پارە لە گیرفانت دەردەهێنێت." وەك منـداڵێکی نـۆ سـاڵان، لەمـە تێدەگەیشتم. زۆربـەی پێگەیشتووان لـەوە تێناگـەن. هـەر کـە گـەورەتر بـووم و تێگەیشـتم کـە خـەڵکانێکی زۆر بـە ئاسایشـی کـارەوە نووسـاون، بـاوکی دەوڵەمەنـد پێناسەکەی نوێکردەوە. دەیگوت،" ئەگـەر کارەکـەت لـە دەست بدەیت سەرمایەکان نانت پێدەدەن، قەرزەکان دەتخۆن." هـەروەها دەیگـوت،" زۆربەی کارمەندەکانم نـاتوانن واز لـە کـار بـەێنن چـونکە قـەرزیان کڕیـوە وپێیان وایە سەرمایەیە. هەموو مانگێك بە زینـدوویی دەخـورێن بـە پێدانی پـارەی پسـووڵە بـۆ ئـەوەی ئـەو قەرزانـە پـەرە پێبـدەن کـە وادەزانـن سەرمایەن." دووبارە، ئەوە پێناسەیەکی کەمێك ئاڵۆز و فەلسەفیانە بـوو، بەڵام بـە دانیشـتن لـەم دیـوی مێزەکـە کاتێـك خـەڵکی داواکـاری کاریـان پێشـکەش دەکـرد یـان دەگریـان کاتێـك دەردەکـران، تێگەیشـتم بۆچـی زانینی جیاوازی نێوان سەرمایە و قەرز هێنـدە گرنگـە. لـە گرنگـی زانـینی پێناسـەکان تێگەیشـتم بـەر لـە پـانزە سـاڵی. ئـەوە گـورە دەسـتپێکێکی دارایی مەزن بوو بۆ من.

### هەنگاوەکانی دواتر

هەنگاوی یەکەم بە وێنەکێشـانی سـادە دەسـتی پێکـرد لەگـەڵ کـەمێك دووپاتکردنەوەی هاندانەکان بە درێژای ساڵەکان. ئـەمڕۆ خـەڵکی سـوورن لەسەر ئەوەی خانووەکانیان سەرمایەیە. دووبارە، لە ئاستێکی ئـەکادیمی

دارایـدا، دەکرێـت ئـەوە ڕاسـت بێـت. بـەڵام ئەگـەر زیرەکـی توانـای ئەنجامـدانی جیاکاریـەکی باشـتر بێـت، ئەوسـا هـەر کەسـێك بیـەوێت دەوڵەمەنـد بێـت،زانینی جیاکاریـەکی ورد و تـەواوەتی لەسـەر بنامـای ڕاپۆرتە داراییەکان وە بە ڕاستی بینینی ئەوەی کە جووڵەی نـەختی چەند گرنگە. پێموایە یەکێك لـە هۆکارەکـانی ئـەوەی لـە ١٠٠ کـەس تـەنها یەك کەسیان دەوڵەمەندە لە ٦٥ساڵیدا ئەوەیە کـە زۆربـەی خـەڵکی جیاوازی نێوان سەرمایە و قەرز نازانن. خەڵکی بـە سـەختی کـار بـۆ ئاسایشـی کـار دەکەن و قەرز کۆ دەکەنەوە و پێیانوایە کە سەرمایەن.

ئەگـەر منداڵـەکانت ئـەو قەرزانـە بکـڕن کـە پێیانوایـە سـەرمایەن، ئەگەرەکان ئەوە دەبن کە ناتوانن بەر لە سی ساڵی خانەنشین بن. ئەگەر سوورین لەسەر کڕینی قەرزگـەلێك کـە پێیانوایـە سـەرمایەن، ئەگـەرەکان ئەوە دەبن کە تەواوی ژیانیان بە سەختی کار دەکەن، لە ڕووی داراییـەوە پێشناکەون، بـە بـێ ڕەچـاوکردنی ئـەوەی کـام کۆلێـژیان تـەواو کـردووە، نمرەکانیان چەندێك بـەرزە یـان نـا، چـەندێك بـە سـەختی کـار بکـەن یان چـەندێك پارەیـان دەسـت دەکـەوێت. لەبەرئەوەیـە کـە بنچـینەکانی ڕۆشـنبیری دارایـی هێنـدە گرنگـە. تـەنها زانـینی شـتێکی سـادەی وەك جیاوازی نێـوان سـەرمایە و قـەرز وەك بەردۆچـکەیەك وایـە کـە بـەر ڕووی گۆماوێك دەکەوێت. کاریگەری شـەپۆلەکان بـۆ تـەواوی ژیـانی منداڵەکەت درێژ دەبێتەوە. ناڵێم خانوو مەکڕن، ناشڵێم کە بارمتـەی خـانوو دامـەنێن. هـەموو ئـەوەی دەمەوێـت بیڵـێم بەوانـەی کـە دەیانـەوێت دەوڵەمەند بن ئەوەیـە کـە پێویسـتیان بـە زیرەکیـەکی دارایـی زیـاترە، کـە توانـای ئەنجامـدانی جیاکاریـەکی باشـترە لـە چـاو کەسـێکی ئاسـایدا. ئەگەر

...ی جیاکاریەکی زیاتری بۆ خۆت، لە کتێبەکانی تری زنجیرەی ... دەوڵەمەند بڕوانە. هەر کتێبێك باس لە لایەنێکی جیاواز دەکات یان جیاکاریەکی مەزنتر دەداتێ دەربارەی ڕۆشنبیری دارایی، کە پارمەتیت دەدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکی دارایت. ئەگار زیاتر زانیاری وەرگریت، هەلێکی باشترت دەبێت بۆ ئەوەی کاریگەری بخەیتە سەر داهاتووی دارایی منداڵەکەت. دواجار، یەکێك لەو هۆکارانەی کە دەوڵەمەندان دەوڵەمەنتر دەبن، هەژاران هەژارتر دەبن و چینی ناوەڕاستیش لە ناو قەرزدا دەچەقن و زۆر زیاتر لە بەشە باجی خۆیان دەدەن ئەوەیە کە پارە بابەتێکە لە ماڵەوە دەگوترێتەوە، نەك لە ناوەندەکانی خوێندن. پەروەردەی دارایی لە باوك و دایکانەوە بۆ منداڵەکانیان دەگوازرێتەوە.

## بانکەوانەکەم دەیەوێت بزانێک کە چەند زیرەکم

یەکەم هەنگاو لە ئامادەکردنم بۆ دونیای ڕاستەقینە ئاشناکردنم بوو بە کارتی دەرچوونی دونیای ڕاستەقینە، کە ڕاپۆرتی داراییە. ڕاپۆرتێك کە لە ڕاپۆرتی داهات و پەراوی هاوسەنگی دارایی دروست دەکرێت. وەك باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت، "بانکەوانەکەم هەرگیز داوای کارت دەرچوونی لێ نەکردووم. هەمووی ئەوەی دەیەوێت بیبینێت ڕاپۆرت ...ە." بەردەوام دەبوو دەیگوت، "بانکەوانەکەم گرنگی بەوە نەدەدا ... ڕووی ئەکادیمیەوە چەند زیرەکم. دەیوست بزانێت لە ڕووی ... چەند زیرەکم."

... چەند پەلدی داهاتوودا چەند شێوازێکی وردتر و تایبەتمەنتر ... بۆ بەهێزکردنی ئەو ئەگەرەی کە منداڵەکەت لە ڕووی ... ...کتر بێت بەر لەوەی بچێتە دونیای ڕاستەقینەوە.

بەندی نۆ

# منداڵان بە یاریکردن فێردەبن

ڕۆژێکیان من و باوکم سەیری یاریکردنی دوو بێچووە پشیلەمان دەکرد. گازیان لە مل و گوێچکەی یەك دەگرت و چەپۆکیان پێك دەکێشا و دەیان مرخاند، جار جاریش شەقێکیان دەوەشاند. ئەگەر نەمانزانیایە خەریکی یاریکردنن، ڕەنگە وا دەرکەوتایە کە شەڕ دەکەن.

باوکە زیرەکەکەم گوتی، "بێچووە پشیلەکان یەکتر فێری ئەو شارەزایی مانەوانە دەکەن کە لە بۆمێڵەکانیاندا [1]هەڵگیراوە. ئەگەر ڕۆژێك پێویست بکات ئەم پشیلانە فڕێ بدرێنە دونیای کێویەوە وە چیتر خواردنیان پێنەدەین، ئەو شارەزایی مانەوانەی کە ئێستا وەك بێچوو فێری دەبن لە کێودا بە زیندووی دەیانهێڵێتەوە. ئەو شارەزایەنە بە یاریکردن بەدەست دەهێنن و فێردەبن. مرۆڤیش بە هەمان شێواز فێردەبێت."

## شارەزایی مانەوەی- دارایی بۆ دونیای ڕاستەقینە

یەکێك لە قورسترین ئەو شاتانەی تا ئێستا کردوومە داخستنی کارگەکەم و دەستبەرداربوون لە ٣٥ فەرمانبەری دڵسۆز بوو. دەبووایە کارگەکەم دابخەم چونکە چیتر نەمدەتوانی ڕکابەری ئاسیا و مەکسیك بکەم. تێچووی کار و تێچووی ستانداردەکانی حکومەت زۆر بەرز بوون. لە بری ئەوەی بەرەنگاریان ببمەوە، بڕیارمدا بەشداری ڕکابەریەکەم بکەم، کە بووە هۆی گواستنەوەی کارگەکەم بۆ وولاتانی بیانی. بردمەوە،

---

[1] جینات، سیفەتی بۆماوەیی.

بەڵام فەرمانبەرەکانم دۆران. کاتێک خەڵکی دەپرسن بۆچی دەربارەی پارە دەنووسم لە کاتێکدا کە پێوستم پێی نییە، زۆر جار بیر لە ماڵئاوایکردنی ئەو ڕۆژەم لە فەرمانبەرەکانم دەکەمەوە. ئەوە هەموو هۆکارەکەیە کە پێویستمە.

کاتێک کارگەکەم داخست، کەمتر لە سێ دۆلار و پەنجا سەنتم بۆ هەر کارێرێک بە فەرمانبەرەکانم دەدا. دوای بیست ساڵ، هەمان ئەو فەرمانبەرانە ڕەنگە ڕێژەی ٥ دۆلار بۆ هەر کارێرێک مووچەیان بەدەستهێنابێت. تەنانەت ڕەنگە مووچەکەشیان بۆ زیاد کرابێت، بەڵام پێموانییە کە پارە زیاد کردنەکە هیچی وای پێ بکرێت." پارە بە تەنها دەوڵەمەندت ناکات. هەروەک چۆن کارێکی باش و سەلامەت واناکات بە پێی پێویست هەست بە ئاسایش و سەلامەتی بکەیت."

بۆ ئەوەی بمێنەوە و لە ڕووی داراییەوە هەست بە پارێزراوی بکەن، خەڵکی دەبێت شارەزایی مانەوەی دارایی گەشەپێبدەن بەرلەوەی بچنە دونیای ڕاستەقینەوە. ئەگەر بەر لە چوونە ناو دونیای ڕاستەقینەوە ئەو شارەزایانەیان نەبێت، دونیای ڕاستەقینە وانەگەلی تری هەیە دەربارەی پارە کە دەیەوێت فێری منداڵەکەتی بکات. ئەوە سیستەمی خوێندنیش دەگرێتەوە. ئەمڕۆ خەڵکانی گەنج خوێندن تەواو دەکەن و بارێک قەرزی کریدت کارت و قەرزی کرێی خوێندنیان لەسەرە. گرنگە تا زووە منداڵەکەت دەربارەی کارگێڕی پارە فێر بکەیت. باشترین ڕێگا بۆ فێرکردنی ئەو شارەزاییانە یاریکردنە لەگەڵ منداڵەکانت، چونکە وادیارە یاری ئەو شێوازەیە کە خودا یان سروشت مەبەستێتی بۆ فێرکردنی کەسانی لاو، تەنانەت بێچووە پشیلەکانیش.

## بە گاڵتە و گەپ منداڵەکەت فێری دەوڵەمەند بوون بکە

ئەو هەموو زانیاریە دەربارەی پارە لە باوکە دەوڵەمەندەکەمەوە فێربووم چونکە وایدەکرد کە فێربوون بە چێژ و خۆش بێت. هەمیشە یاری دەکرد و هەوڵیندەدا زانیاری بە زۆر بئاخنێتە قورگمەوە. ئەگەر نەمویستایە فێری شتێك ببم، ڕێگەیدەدام بچمە سەر شتێکی تر کە حەزم لە فێربوونی بوو، یان ئەو شتەی دەیویست فێرم بکات سەرنجراکێشتر دەکرد. هەمیشە شتێکی بەرجەستەی لە دونیای ڕاستەقینەوە لابوو، شتێکی بارستەدار وەك بەشێك لە وانەکە هەتا بتوانم ببینم و دەستی لێبدەم و هەستی پێبکەم.

لە هەمووی گرنگتر، هەوڵی لە ناوبردنی ڕۆحیەتمی نەدەدا. لە جیاتی ئەوە، هانی ڕۆحیەتی دەدام بەهێزتر بێت نەك لاوازتر. کاتێك هەڵەیەکم دەکرد، داوای فێربوونی وانەکەی لێدەکردم نەك پێدانی وەڵامی" ڕاست." ئارامگر بوو لە وانەگوتنەوە بە ئەوینەوە. هەوڵی تەواوی دەدا بۆ بەدەرخستنی منداڵە زیرەکەکەی ناخم لە بری ئاگادارکردنەوەم وەك ناتەواو یان تەمبەڵ، یان بمخاتە ڕیزی ئەوانەی بێتوانایی فێربوونیان هەیە چونکە کاتێك کەمێك زیاترم پێدەچوو بۆ تێگەیشتن لە شتێك. بە پێی خشتەی کاتی فێربوونم و ئارەزووی فێربوونم وانەی پێدەگوتمەوە، نەك وەك پێویستیەك بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوەیەك. بە دڵنیاییەوە لە خەمی ڕکابەرایەتیمدا نەبوو لەگەڵ منداڵانی تردا بۆ بەدەستهێنانی نمرەی بەرز، وەك زۆربەی دایك و باوکان خەمیانە.

## کارگەکانی بەرهەمهێنانی- بە کۆمەڵ خوێندن

سیستەمی پەروەردەی ڕێگە بە مامۆستاکان نادات بەم شێوازە وانە بڵێنەوە یان ڕێگە نادات مامۆستاکان کاتی پێویستی تەرخانکراو بە هەریەکە لە منداڵەکان بدەن. سیستەم دەیەوێت مامۆستاکان منداڵەکان بیەن بە ناو جۆرێک لە پلانی بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵدا. سیستەمی خوێندن کارگەیەکە کە لەسەر نەخشەڕێگای بەرهەمهێنانی کارگەکە دەڕوات، نەك نەخشە ڕێگای فێربوونی منداڵەکە. زۆرێك مامۆستا هەوڵی گۆڕینی سیستەمیان داوە، بەلام وەك گوتم، سیستەمی پەروەردە وەك تیمساحێك وایە، زیندەوەرێك کە بۆ مانەوە دروستکراوە نەك گۆڕانکاری. لەبەرئەوەیە ئەرکی ماڵەوە لە نێوان دایك و باوك و منداڵ هێندە گرنگە، زۆر گرنترە لەو ئەرکی قوتابخانانەی منداڵەکەت دەیانهێنێتەوە بۆ ماڵەوە.

گوێم لە پرۆفیسۆرێك دەگرت لە زانکۆیەکی گەورەوە دەیگوت،" لە تەمەنی نۆساڵیدا دەزانین ئەگەر منداڵێك لە سیستەمەکەماندا باش بێت یان نا، دەزانین ئەگەر منداڵەکە ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بێت کە دەمانەوێت و هێندە زیرەکە کە توانای جێبەجێکردنی مەرجە قورسەکانی سیستەمەکەمانی هەیە. جێی داخە، سیستەمێکی جێگرەوەمان نییە بۆ ئەو منداڵانەی کە بۆ سیستەمەکە نەخولقاون."

کە منداڵبووم، ماڵەکەمان پڕ بوو لە کەسانێکی باش کە لە بواری پەروەردەدا کاریان دەکرد. کاتێك ڕۆیشتم بۆ ماڵی باوکە دەوڵەمەندەکەم، ماڵەکەی پڕبوو لە کەسانێك لە دونیای بازرگانیەوە. هەروەها ئەوانیش کەسانی باش بوون. بەلام دەتوانم بڵێم هەمان جۆر نەبوون.

## گورە دەسپێکێک بە خۆت بدە

کاتێـک کـە گـەورە بـووم، خـەڵکانێکی زۆر دەیانپرسـی کـە ئایا شوێن هەنگاوەکانی باوکم دەکـەوم و دەبمـە مامۆسـتا. وەك منـداڵێك، لـە بیرمە دەمگوت،" بە هیچ شێوەك. دەچمە کاری بازرگانیەوە." سـالآنێك دواتـر، بۆم دەرکەوت لە ڕاستیدا عاشقی مامۆسـتایم. لـە ١٩٨٥ دەسـتم کـرد بـە گوتنـەوەی بازرگـانی و وەبـەرهێنان بـە بەڵێنـدەران و ئەوینـداری بـووم. چێژم لە مامۆستایی دەبرد چونکە بـە شـێوازێك وانـەم دەگوتـەوە کـە بـە باشترین شێوە پێی فێردەبووم. بە یاری، کێبڕکێیی بە کۆمەڵ، گفتوگۆی گروپـی، وانـەدان بـاش فێـردەبم. لـە جیـاتی سـزای هەڵـەکردن، هـانی هەڵـەکردنم دەدا. لـە جیـاتی داواکـردن لـە خوێنـدکارەکان بـە تـەنها تاقیکردنـەوە ئـەنجام بـدەن، بەشـداربووان پێویسـت بـوو وەك تیمێـك پێکەوە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن. لە جیاتی بێدەنگی، ژوورەکە پڕ بوو لە دەنگەدەنگی گفتوگۆ و میوزیکی ڕۆك ئاند ڕۆڵ وەك باکگراوەندێك. بە دەربڕینێکی تر،

١- سەرەتا کردار

٢- دواتر هەڵەکردن

٣- وانەکە

٤- دواتریش پێکەنین

میتۆدی وانەگوتنەوەکە ڕێك پێچەوانەی ئەو میتۆدەیە کە لە سیستەمی خوێندندا بەکاردێت. خۆشم بە هەمان شـێوە فێرکـراوم کـە دوو باوکەکەم لە ماڵەوە وانەیان پێدەگوتمەوە. بۆم دەرکەوت کە خـەڵکانێککی زۆر ئەم شـێوازەیان پـێ باشـترە، وە وەك مامۆسـتایەکیش پـارەی زۆرم بەدەسـتهێنا، زۆرجـار هـەزاران دۆلارم دیاریـدەکرد بـۆ ئامـادەبوونی

خوێندکارێك. شێوازی وانەگوتنەوەی هەردوو باوکەکەم لەگەڵ وانەکانی باوکە دەوڵەمەندەکم لەسەر پارە و وەبەرهێنان بەکارهێنا. خۆم لە پیشەیەکدا بینیەوە کە سوێندم خواردبوو کە هەرگیز نایکەم. ڕەنگە لە پیشەی پەروەردەکاریدا بم، بەلاَم پێویستیەکانی ئەو خەڵکانەم تێر کردووە کە بەو شێوازەی من فێربوون. وەك لە بازرگانیدا دەڵێن، "کەلێنێك بدۆزەرە و پڕی بکەرەوە." کەلێنێکی گەرەم دۆزیەوە، کەلێنی ئەو خەڵکانەی دەیانویست خوێندن خۆش و پڕ گاڵتە و گەپ بێت.

لە بنیاتنانی ئەم کۆمپانیای پەروەردەیەدا لە ساڵانی هەشتادا، من و کیم بە دوای ئەو وانەبێژانەدا گەڕاین کە حەزیان دەکرد بە هەمان شێواز وانە بڵێنەوە. یەکەمین پێویستیشمان ئەوە بوو ئەو وانەبێژانە بدۆزینەوە کە لە دونیای ڕاستەقینەدا سەرکەوتوو بوون و هەروەها حەزیشیان لە وانە گوتنەوەیە. دۆزینەوەی ئەو جۆرە کەسانە گەلێك زەحمەتە. لە دونیای ڕاستەقینەدا، خەڵکانێکی زۆر هەن کە حەزیان لە وانەگوتنەوە هەیە، بەلاَم زۆربەیان لە بازرگانی و مەسەلەی پارە و وەبەرهێناندا سەرکەتوو نین. هەروەها کەسانێکیش هەن لە بازرگانی و مەسەلەی پارەدا باشن، بەلاَم مامۆستای باش نین. بەلاَم مەبەستەکە دۆزینەوەی کەسانێك بوو کە هەردوو تایبەتمەندیەکەیان تێدا بێت.

### بلیمەتیەکانی خوێندکار

شانازی ئەوەم پێبڕاوە کە لەگەڵ پیاوێك بخوێنم بە ناوی د. ئار. بەکمینستەر فولەر[1]. زۆرجار وەك شارەزاترین مرۆڤی مێژووی ئەمریکا

[1] Buckminster Fuller

ئاماژەی پێدەکرێت لەبەر ئەو هەموو دەسکەوت و داهێنانەی، زۆرجار پێیدەگوترێت" بلیمەتە خۆش مەشرەبەکەی هەسارەکەمان." وەك تەلارسازێکی مەزن ناسێنراوە لە لایەن پەیمانگای تەلارسازانی ئەمریکاوە، هەرچەندە کە تەلارساز نەبوو. زانکۆی هارڤارد زۆر جار وەك یەکێك لە دیارترین دەرچووەکانی ئاماژەی پێدەکات، بەلام فیولەر هەرگیز هارڤاردی تەواو نەکردووە. دووجار دەرکراوە و هەرگیز تەواوی نەکردووە. لە یەکێك لەو هەفتانەدا کە لەگەڵیدا خوێندم، د. فیولەر گوتی،" خوێندکاران دەبنە بلیمەت ئەگەر مامۆستاکە بزانێت باسی چی دەکات." کاری ئێمە دۆزینەوەی مامۆستا نەبوو. لای ئێمە دۆزینەوەی ئەو کەسانە بوو کە دەیانزانی باسی چی دەکەن و هاندانیان بوو بۆ وانەگوتنەوە.

**بە وانەگوتنەوە زیرەک ببە**

لە سەروو چێژوەرگرتن لە وانە گوتنەوە و بەدەستهێنانی پارەیەکی زۆر، شتێکی زۆر بەسوودترم لە پارە و چێژ دۆزیەوە. بۆم دەرکەوت کە بە وانەگوتنەوە زیاتر فێردەبم. کاتێك وانە دەڵێمەوە، دەبێت قووڵ ناخی خۆم هەڵکۆڵم بۆ دۆزینەوەی ئەو وانانەی پۆلەکە پێویستیە فێری بن. زۆر شت فێربووم بە هۆی بەریەککەوتنی نێوان بەشداربووان و هەروەها هاوبەشیکردن بە بۆچوون و دۆزینەوە کەسیەکانمان.

بەهۆی ئەم دیاردەیەوە، پێشنیار دەکەم دایك و باوکان کات تەرخان بکەن بۆ وانەگوتنەوە بە منداڵەکانی خۆیان، چونکە زۆرجار دایك و باوکەکە زیاتر فێردەبن. ئەگەر دایك و باوکان دەیانەوێت دۆخی دارایی خۆیان چاکبکەنەوە، یەکێك لە ڕێگاکان گەڕانە بە دوای بیرۆکەی نوێی

داراییدا و گەیاندنی بە منداڵەکانیان. بە دوای بیرۆکەی دارایی نوێدا بگەڕێ بەر لەوەی بیرۆکە کۆنەکانت دەربارەی پارە بە منداڵەکەت بڵێیەوە. زۆربەی خەڵك گرفتی داراییان هەیە چونکە زۆربەی جار ئەو بیرۆکە کۆنە داراییانە بەکار دەهێنن کە لە دایك و باوکیانەوە پێیانگەیشتووە. ئەوانیش هەمان ئەو بیرۆکە کۆنانە بە منداڵەکانیان دەڵێنەوە. ئەوە ڕەنگە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی هەژاران بە هەژاری دەمێنەوە و چینی ناوەڕاستیش زۆر بە سەختی کار دەکەن و هەر زوو کە خوێندنیان تەواوکرد دەکەونە ژێر قەرزێکی بێ ئەندازەوە. ئەوان ئەوە ئەنجام دەدەن کە لە دایك و باوکیانەوە فێربوون.

لەبەرئەوە، یەکێك لە باشترین ڕێگاکانی فێربوونی شتێکی نوێ گوتنەوەی ئەو شتەیە کە دەتەوێت فێری بیت بە ئەوانی تر. هەروەك لە خوێندنگای سەندەی دەگوترێتەوە،" ببەخشە، دەشێت تۆش وەربیگریت." هەتا کاتی زیاتر لە وانەگوتنەوە بە منداڵەکانت دەربارەی پارە وەبەربهێنیت، هەمووان هێندەی تر زیرەکتر دەبن.

## سێ هەنگاو بۆ فێربوون

باوکە دەوڵەمەندەکەم سێ هەنگاوی پێگوتم بۆ فێربوون دەربارەی پارە:

هەنگاوی یەکەم: وێنەکێشانی سادە

خوێندنەکەم بە کێشانی هێڵی سادە دەستی پێکرد بە جەخت کردنەوە لەسەر تێگەیشتن لە پێناسەکان

رِاپۆرتی داهات

| |
|---|
| داهات |
| خەرجیەکان |

پەڕاوی هاوسەنگی دارایی

| قەرز | سەرمایە |
|---|---|
| | |

**هەنگاوی دووەم: یاری**

من بە ئەنجام دان باشتر فێردەبم، بۆیە باوکی دەوڵەمەند" یاری" ڕاپۆرتە داراییەکانی دروستکرد و داوای لێکردین ک پڕیبکەینەوە. هەندێکات کە یاری مۆنۆپۆلیمان دەکرد، دەیگوت کە چوار خانووە سەوزەکە و هۆتێلە سوورەکە بەکاربهێنین و بیخەینە ناو ڕاپۆرتە داراییەکانمانەوە.

**هەنگاوی سێهەم: ژیانی ڕاستەقینە**

ژیانی ڕاستەقینەی من و مایك لە دەوروبەری پانزە ساڵیدا دەستی پێکرد کاتێك کە دەبوو ڕاپۆرتە داراییەکانمان پڕ بکەینەوە و بیدەینە دەست باوکی دەوڵەمەند. ئەویش وەك هەر مامۆستایەکی باش دەیکات، نمرەی پێدەدان، پیشانی دەداین چیمان باش کردووە، وە دەبێت چی چاکتر بکەین. لەو کاتەوە بەردەوامم لە خوێندن و ڕاپۆرتە داراییەکانم.

## چۆن دەست دەکەیت بە وانەگوتنەوە بە منداڵەکەت دەربارەی پارە

پێشنیار دەکەم کە زۆربەی دایک و باوکان لە هەنگاوی دووەمەوە دەستپێبکەن. هەرچەندە باوکی دەوڵەمەند لەگەڵ مندا لە هەنگاوی یەکەمەوە، بە کێشانی هێڵەکان دەستی پێکرد. دەبێت ئاگاداربم لە باسکردنی چەمکە نابەرجەستەکانی وەك ڕاپۆرتی داهات و پەڕاوی هاوسەنگی دارایی بۆ زۆربەی منداڵان. کاتێك ئەم وێنەکێشانە بەکار دەهێنم لەگەڵ هەندێك لە پێگەیشتووواندا، چاوەکانیان پرشنگی نامێنێت. لە ڕاستیدا، ڕەنگە باسی هەنگاوی یەکەم نەکردایە هەتا دڵنیانەبوومایەتەوە منداڵەکە ئامادەیە بۆ فێربوونی ئەو جۆرە چەمکانە. بەو شێوازەی لە سەرەوە لیستە کراوە وانەم پێدەگوترایەوە چونکە کونجکۆل بووم، بۆیە باوکی دەوڵەمەند ئەو شێوازەی بۆ هەڵبژاردم.

ڕاهاتووم بۆ سەرەتا یاری مۆنۆپۆلی پێشنیار بکەم. تێبینی ئەوەم کردووە هەندێك منداڵ بە ڕاستی حەزیان لێیەتی، لە کاتێکدا منداڵانی تر یاریەکە دەکەن بەڵام بابەتەکەیان بەلاوە سەرنجڕاکێش نییە. زۆرێك لە هاوڕێ وەبەرەێن و بەڵێندەرەکانیشم پێیان گوتم کە ئەوانیش بۆ چەندین کاژێر یاریان کردووە، سەرسام بوون پێی. بە بێ ئەو سەرسامبوونە، نە مەسەلەی پارە و وەبەرهێنان، نە ڕاپۆرتە داراییەکان بە زۆر فێری خەڵکانی لاو ناکەم.

## یاری کاش فلۆو[1] بۆ منداڵان

لە ساڵی ١٩٩٦ دا، دوای ئەوەی پەرەمان بە کاش فلۆوی ١٠١ دا، کە یاریەکی سەر بۆرد بوو بنەماکانی ڕاپۆرتی دارایی فێری پێگەیشتووان دەکرد. کاردانەوەی بازار پیشانیدا کە یاریەکی هاوشێوە بۆ منداڵانیش پێویستە. بۆیە لە ١٩٩٩ دا، کاش فلۆوی تایبەت بە منداڵانمان ناساند کە منداڵان فێری بنچینەکانی کارگێڕی جووڵەی نەختی و ڕاپۆرتی دارایی دەکات. کارتی دەرچوونی منداڵ هەر کە خوێندنی تەواو کرد.

## گۆشەنیگایەکی گۆڕاو

دەیڤ، مامۆستایەکی داهێنەر لە ئیندیاناپۆلس، ئیندیانا. دەستیکرد بە بەکارهێنانی کاش فلۆو ١٠١ لە پۆلەکانی ئاما دەیەکەیدا بە سەرکەوتنێکی مەزنەوە. لە ڕاستیدا تێبینی کردووە کە یاریەکە گۆشەنیگای بینینی ژیانی زۆربەی خوێندکارەکانی گۆڕیوە. بە تایبەت یەکێك لە خوێندکارەکان خەریك بوو لە خوێندن شکستی دەهێنا بە هۆی نمرەی کەم و کەمی ئامادەبوونەوە. یاریکردن بە کاش فلۆو گۆڕانکاریەکی گەورەی لە ژیانیدا دروست کرد. لە قسەکانی خوێندکارەکە خۆیەوە: لە کەسێکی نێو ئاهەنگەکانی شەوانەوە، کە خەریکی کێشانی ماریجوانا و سەرخۆشی و. . . هتد بووم گۆڕام بۆ خوێندکارێکی زۆر جدی و زیرەکی ئامادەیی، بە ئارەزووی ئەوەوە کە ڕۆژێك سەرکەتوو بم وەك ئەو پیاوەی ئەم یاریەی دروست کردووە کە من یاری پێدەکەم و لێیەوە فێردەبم!... ڕۆژەکانی سەرەتام زۆر لە بیر نییە. بەڵام یاریکردنم بە کاش فلۆو لە بیرە یاریەکی نایاب بوو کە چەمکەکانی پارە پەیداکردنی بۆ کردمە ڕاستیەوە

---

[1] جووڵەی نەختی.

کە تا ئەو کاتە لام نەزانراو بوو، بیرۆکەگەلی سادەیی و بلیمەتانەی دەردەبڕی! یاریەکە لە هەر شتێك زیاتر دەرگای بە ڕوودا کرمەوە. هۆکارێکی پێدام کە بڕۆمەوە خوێندنگا و پەرۆشی بەشداریکردنم هەبێت! لەو کاتەوەی یاریەکە دەکەم، چوومەتە ئەنجومەنی خوێندکارانەوە--- کە لەوێ وانەم بە خوێندکارانی پۆلەکانی خوارتر دەگوتەوە ( ئەو بیرۆکانەم پێدەگوتن کە لە کاش فلۆودا گوزارشتیان لێکرابوو)، بوومە سەرۆکی ئەنجومەنی لاوانی ناوچەی ماریۆن، ڕۆڵی سەرکردایەتیم گێرا لە نێو ئەکادیمیای دارایدا، یەکەم بووم لە پیشبڕکێی ویلایەتدا، وە لەسەر ئاستی نیشتمانیش لە کێبڕکێدا بووم.

دەستم کرد بە فێربوونی ژاپۆنی و ئەندامی یانەی پیشەگەرە بازرگانیەکانی ئەمریکا لە خوێندنگاکەماندا و ئێستاش بە هاوکاری لەگەڵ چەند وەبەرهێنێکی تر، کار لەسەر بنیاتنانی ناوەندی پەروەردەیی بەری خۆرهەلات دەکەین لە ناوچەکەماندا. وەك دەتوانن ببینن، ڕووناکیەکی نوێی پێدام بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای سەرکەوتنم. لە هەمانکاتدا، نمرەکانم، گۆشەنیگام و شێوازی ژیانم بە تەواوەتی گۆڕا. ئێستا بە پەرۆشەوە لە داهاتوو دەڕوانم بۆ فێربوون و فێرکردنی هەموو ئەو کەسانەی دەیانەویت فێری ئەوە بن کە دەیزانم. هەندێك کات زارێك هەڵدەدەیت و هەموو شتێك دەگۆڕێت!

بۆ بەڕێز کیۆساکی سوپاس و ستاییشی خۆمی پێڕادەگەیەنم--- ڕۆژێك ئەنجامی هەموو ئەوانە دەبێتنیتەوە کە کردوتە، وە هیوادارم یەکێك بم لە کەسە یەکەمینەکان کە ئەوە بسەلمێنم میتۆدەکانت کاردەکەن و بە باشیش کاردەکەن. هەرچەندە ئەمە خەریکە بە تەواوەتی دەبێتە کلێشە،

بەڵام ڕێك چیرۆکەکەم پوخت دەکاتەوە:" دوو ڕێگا لە دارستانێکدا جیا دەبنەوە، من ئەو ڕێگایەم گرتەبەر کە کەمترین خەڵك پێیدا ڕۆیشتووە، هەر ئەوەش هەموو جیاوازیەکەی دروست کرد." هەموو ئەوەی توانم لە وەڵامی ئەم خوێندکارەدا بیڵێم ئەمە بوو،" واو! لاوێکی چەند سەرسامکەرە." شانازیەکی زۆری پێبەخشیم زانینی ئەوەی کە یاریەکەمان ڕۆڵی هەبووە لە یارمەتیدانی ئەم لاوەدا بۆ گۆڕینی ئاراستەی ژیانی بەو شێوازە ئەرێنیە.

پاڵپشتیەکەی دەیڤ لێرەدا نەوەستا، کاتێك بیستی کاش فلۆوی منداڵان دروسکراوە، بیرۆکەیەکی تری داهێنەرانەی بۆ هات. پێشتر گروپێکی لاوی شانزە بۆ هەژدە ساڵی هەبوو کە زۆر لێهاتوو بوون لە کاش فلۆو ١٠١دا، بەرنامەیەکی دانا کە خوێندکارانی ئامادەیی دەڕۆیشتن بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان بۆ گوتنەوەی کاش فلۆوی منداڵان بە منداڵانی بچووکتر. ئەنجامەکان نایاب بوون.

بەر لە هەموو شتێك، مامۆستایی قوتابخانە سەرەتاییەکە شادمان بوو کە هەشت خوێندکاری ئامادەیی هاتوون بۆ دوانیوەڕۆیەك یارمەتی بدەن. هەر خوێندکارێکی ئامادەیی یاری کاش فلۆوی لەگەڵ چوار قوتابی سەرەتایدا دەکرد. لە بری ئەوەی مامۆستایەك بۆ سی قوتابی بێت، ڕێژەکە چوار بە یەك بوو. ئەنجامەکانیش زۆر نایاب و دڵخۆشکەر بوون. قوتابیەکان کاتێکی خۆشیان بەسەربرد، بە هەمان شێوە خوێندکارەکانی ئامادەیش. فێربوونەکە زیاتر کەسی و تایبەت بوو. هەم خوێندکارانی ئامادەیی و هەمیش قوتابیەکانی سەرەتایی گەلێك شت فێربوون لە ماوەیەکی کەمدا. مامۆستاکە بە چالاکی و گمەگمی فێربوونی چالاك

خۆشابوو. لە بری گرمە گرمی وانەگوتنەوە و ژاوەژاو، دەنگی پێکەنین و فێربوونێکی جەختلێکراو دەبیسترا. کاتێک یاریەکە تەواو بوو، هەموو منداڵەکان گوتیان." ئەمە، با دووبارە بیکەینەوە."

## خەڵاتێکی زیادە

شتێکی تر ڕوویدا کە من ڕەچاوم نەکردبوو، خەڵاتێکی زیادە. کاتێک خوێندکارەکانی ئامادەیی دەڕۆیشتن، زۆرێك لە قوتابیەکان ڕایان کرد بۆ لای مامۆستا نوێکانیان و یان باوەشیان پێدا دەکردن یان تۆقەیان لەگەڵ دەکردن. منداڵانی قوتابخانە سەرەتاییەکە مۆدێلێکی نوێی پێشەنگیان دەستکەتبوو، لە جیاتی ئەو قوتابیە جێ گومانانەی ئەمڕۆ زیاتر بەرچاون، هەرزەکارەکان زۆر ڕوخسار خاوێن و ڕەفتار باش و زیرەك بوون، هەروەها بیریان لە خوێندنەکەیان و داهاتووشیان دەکردەوە.

کە خوێندکارانی ئامادەییماڵئاوایان لە قوتابیەکانی سەرەتایی کرد، منداڵە بچوکترەکان لە مامۆستا نوێیەکانیان دەڕوانی، ئەگەری هەیە لە دڵی خۆیاندا گوتبێتیان،" دەمەویت ڕێك وەك ئەوان بم."

## سەرنجەکانی خوێندکارانی ئامادەیی

کاتێک لە خویندکارەکانی ئامادەیم پرسی چی فێربوون لەم ڕامێنانەوە، سەرنجەکانیان ئەمانەی خوارەوەی تێدا بوو:

- " زۆر زیاتر فێربووم بە وانەگوتنەوە بە منداڵی بچووك، کاتێك وانە دەڵێمەوە، زیاتر فێردەبم."
- " سەرسام بووم بەوەی کە منداڵانی بچووك چەند بە خێرایی دەتوانن فێر بن."

_" ڕۆیشتمەوە ماڵەوە و جیاوازتر مامەڵەم لەگەڵ خوشك و برا بچووکەکانمدا کرد."


_" بە ڕاستی بۆم دەرکەوت چێژ لە وانەگوتنەوە دەبینم."

ئەم سەرنجانەم لێرە دانا چونکە سەرسام بووم بەوەی کە خوێندکارانی ئامادەیی دەکرێ هێندە پێگەیشتوو بن.

### ئاودانی باوەڕبەخۆبوونی منداڵ

کەواتە کلیلی هەنگاوی یەکەم بوونی گاڵتە و گەپ، یاری و دەستپێکی پرپشکی حەزی فێربوونە دەربارەی پارە، کارگێڕی پارە و ڕاپۆرتە داراییەکانە. لە هێڵکاری ئەو چوارلای فێربوونەی خوارەوە بڕوانە، دەتوانی ئەوە ببینی کە دەکرێت فێربوون چەند کاریگەر بێت.

### چوارلای فێربوون



لەبەرئەوەی یاری کەرەستەیەکی پەروەردەیی بەرجەستەیە، هەر چوار لایەکەی چوارلای فێربوونی تێدا بەشدار دەبێت. یاریەکان هەلی یەکسان بە فێرخوازە جەستەییەکان دەدات بۆ ئەوەی هاوشانی ئەو منداڵانە فێر بێت کە لە فێربوونی هۆشەکی و چەمکیدا باشن. هەستەکان بەشدار دەبن چونکە خۆش و شادیەێنەرە.

یاریەکان پارەی یاری بەکاردەهێنن لە جیاتی پارەی ڕاستی، بۆیە هەڵەکردن کەمتر بە ئازارە لە ڕووی هەستەکیەوە. زۆرێك لە پێگەیشتووان خوێندنیان تەواو کردووە و لە هەڵە کردن تۆقیون، بە تایبەتی هەڵەی دارایی. یاریەکان ڕێگە بە خوێندکاران دەدەن لە هەر تەمەنێکدا بن کە هەڵەی دارایی ئەنجام بدەن و لێیەوە فێربن بەبێ ئازاری لە دەستدانی پارە. ئەگەر بیرۆکەکەی گۆڕانکاری نۆ ساڵی ڕودۆڵف ستینەر بەکاربهێنیت، ئەوسا ئەو منداڵەی دەزانێت لە ڕووی داراییەوە دەمێنێتەوە زیاتر متامانەی بە خۆی دەبێت و کەمتر پشت دەبەستێت بە بیرۆکەی ئاسایشی کار بۆ ئاسایشی دارایی. منداڵەکە لەوانەیە کەمتر زیانی پێبگا لە مەسەلەی کەوتنە ژێر قەرزەوە وەك کەسێکی پێگەیشتوو. لە هەمووی گرنگتر، فێربوونی چۆنێتی کارگێڕی پارە و چۆنێتی کاری ڕاپۆرتی دارایی ڕەنگە متمانەبەخۆبوونی منداڵ دوو قات بکات لە کاتێکدا کە ڕووبەڕووی دونیای ڕاستەقینە دەبێتەوە.

## سەردەمانێکە یاری بەکاردەهێنرێت

زۆربەی ئەو یاریانەی ئەمڕۆ لە فرۆشگاکاندا دەکردرێن یاری سەرگەرمین، بەلام بۆ چەندین سەدە، یاریەکان لە بواری پەروەردەدا بەکارهاتوون. بنەماڵەی شاهانە منداڵەکانیان فێری هونەری بیرکردنەوەی ستراتیجیانە

کردووە بە بەکارهێنانی یاری شەترەنج. یاری بەکارهاتوە بۆ ئامادەکردنی کوڕان لە ئەگەری سەرکردایەتی کردنی جەنگدا. تاوڵەش بەکارهاتووە بۆ فێرکردنی بیرکردنەوەی ستراتیچی.

جارێکیان خوێندمەوە کە بنەماڵە شاهانەکان درکیان بە پێویستی ڕاهێنان بە جەستەشیان کردووە وەك هۆشیان. ویستوویانە نەوەکانیان بیربکەنەوە نەك وەلامەکان ئەزبەر بکەن. ئەمڕۆ هەرچەندە پێویست ناکات منداڵەکانمان ڕابەێنین بۆ جەنگ، بەلام پێویستە منداڵەکانمان فێربکەین ستراتیجیانە بیر بکەنەوە کاتێك دێتە سەر مەسەلەی پارە. یاری شەترانج و یاریەکانی کاش فلۆو لەوەدا لە یەك دەچن کە یاری بێ وەلامن. یاریگەلێکن وا دروسکراون کە وات لێبکا ستراتیجیانە بیر بکەیتەوە و پلان بۆ داهاتوو دابنێیت. یاریگەلێکن کە هەر جارێك یاریت پێکردن دەرەنجامەکەی جیاواز دەبێت. لەگەڵ هەر جووڵە و گۆڕانێکدا، یەکسەر دەبێت ستراتیجیەکە بگۆردرێت. لە پێناو ئەوەی پلانێکی کاری ماوە-درێژمان هەبێت.

## یاری یارمەتی منداڵەکەت دەدات داهاتوو ببینێت

ڕۆژێك کە خەریکی یاری مۆنۆپۆلی بووین، باوکی دەوڵەمەند تێبینیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی گوت کە هەرگیز لە بیری ناکەم. ئامەژەی بە لایەکی تەواوەی بۆردەکەدا و گوتی،" پێتانوایە کڕینی هەموو ئەم مولکانەی ئەم لایەی بۆردەکە و دانانی هۆتێلەیلی سوور لە شوێنیان چەندێکی پێدەچێت؟" من و مایك شانمان هەڵتەکاند، لەوە تێنەدەگەیشتین کە دەیویست بە کوێ بگات." مەبەست لە یاریەکەدا؟" باوکی دەوڵەمەند گوتی،" نا، نا، نەخێر. مەبەستم لە ژیانی ڕاستەقینەیە، ئەوە دوو کاژێر

دەبێت یاری دەکەین. لە کۆتایدا بوومە خاوەنی هەموو ئەم موڵکانەی ئەم لایەی بۆردەکە. پرسیارەکەم ئەوەیە، پێتانوایە ئەمە لە ژیانی ڕاستەقینەدا چەند دەخایەنێت؟"

ئەمجارەش من و مایك شانمان هەڵتەکاند، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا، ئەزموونێکی کەممان هەبوو دەربارەی ماوەی ڕوودانی شتەکان لە دوونیای ڕاستەقینەدا. هەردووکمان سەیری لایەکەی باوکی دەوڵەمەندمان کرد لەسەر بۆردەکە و دەمانتوانی شەش هۆتێلی سوور ببینین کە ئەو لایەیان تەنیبوو. دەمانزانی کە هەر جارێك نزیکی لایەکەی ئەو دەبینەوە لەسەر بۆردەکە، ئەگەرەکان ئەوە دەبن کە بکەوینە یەکێك لە موڵکەکانیەوە و زۆرمان پارە لە سەر دەکەوێت. لە کۆتایدا مایك گوتی،" نازانم."باوکی دەوڵەمەند گوتی،" نزیکەی بیست ساڵ." من و مایك دەممان داچەقاند،" بیست ساڵ!" بۆ دوو هەرزەکار بیست ساڵ پێوانە نەکراو بوو. باوکی دەوڵەمەند گوتی،" ساڵەکان بە خێرایی تێدەپەڕن." دەستی کرد بە وانەی دواتری." زۆربەی خەڵکی ڕێدەدەن ئەو ساڵانە تیپەڕێت و هەرگیز دەست پێناکەن. لەپڕ تەمەنیان دەبێتە سەروو ٤٠، زۆربەی جار دەکەونە ژێر قەرزێکی زۆر، لە کاتێکدا کە منداڵەکانیاشیان خەریکە دەچنە زانکۆ.

کەواتە زۆربەیان هەرگیز دەست پێناکەن. زۆربەی ژیانیان بە کاری سەخت و قورس بەسەر دەبەن بۆ دەسکەوتنی پارە، بە قورسی دەکەونە ژێر [illegible] پارەی پسووڵە دەدەن. دووبارەم کردەوە،" بیست ساڵ." باوک[illegible]ەند سەری لەقاند، چاوەڕێی کرد بیرۆکەکە وەرگرین. لە کۆتا[illegible]" داهاتووتان ئەمڕۆ دەست پێدەکات،" سەیری منی کرد و

گوتی،" ئەگەر ئەوە بکەیت کە باوکت دەیکات، کە بە سەختی کارکردنە بۆ پێدانی پارەی پسووڵەکان، بیست ساڵی تر لە هەمان جێگای ئێستای ئەودا خۆت دەبینیتەوە."سکاڵام کرد،" بەڵام بیست ساڵ، من دەمەوێت بە خێرایی دەوڵەمەند ببم." باوکی دەوڵەمەند گوتی،" زۆربەی خەڵکی ئەوەیان دەوێت، کێشەکە ئەوەیە، زۆربەی خەڵکی زۆر بە سادەیی ڕێک ئەوە دەکەن کە فێردەکرێن، کە ئەویش چوونە بەر خوێندن و بەدەستهێنانی کارێکە، ئەوە دەبێتە داهاتوویان. زۆربەیان بۆ ماوەی بیست ساڵ کاردەکەن و هیچ شتێکیان نییە پیشانی بدەن دوای ئەو هەموو ساڵە لە کاری قورس."مایك گوتی،" یان ئەوەی دەتوانین بۆ ماوەی بیست ساڵ ئەم یاریە بکەین." باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند،" کوڕینە ئەوە بژاردەی خۆتانە. ڕەنگە ئەمە یاریەکی دوو کازێری بێت، بەڵام دەشکرێت داهاتووی بیست ساڵی دواتری ئێوە بێت." لە کاتێکدا لە شەش هۆتێلە سوورەکەی باوکی دەوڵەمەندم دەڕوانی، بە هێواشی گوتم،" ئەمڕۆ داهاتوومانە." باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند،" ئایا ئەمە تەنها یاریەکە، یان داهاتووی ئێوەیە؟

## پێنج ساڵ دواخستن

لە ڕێیەری باوکی دەوڵەمەند بۆ وەبەرهێناندا، بە گەڕانەوەم لە ڤێتنام و تەواوکردنی خزمەتەکەم لە سوپای دەریایی لە ساڵی ١٩٧٤دەستمپێکردووە. پلانم دانابوو کە پلانە بیست ساڵیەکەم لە ١٩٦٩ دا دەستپێبکەم، ئەو ساڵەی کە ئەکادیمیام تەواو کرد، بەڵام جەنگی ڤێتنام پێنج ساڵ دەسپێکردنی پلانەکەمی دواخست بۆ یاریکردن لە دونیای ڕاستەقینەدا. لە ١٩٩٤ دا، ڕێک دوای بیست ساڵ لە دەستپێکی

یاریەکـــە، مـــن و هاوســـەرەکەم یـــەکێك لـــە گـــەرەترین" هـــۆتێلی سـووورەکان"مـان کـڕی و خانەنشـین بـووین. ئەوسـا ٤٧ سـاڵ بـووم، هاوسەرەکەشـم ٣٧ سـاڵان بـوو. یـاری مۆنۆپـۆلی بـووە هـۆی ئـەوەی داهاتووم ببینم. یاریەکـە بیسـت سـاڵی خوێنـدنی لـە دوو کـاژێردا کـورت کردبۆوە.

## ئەو قازانجەی کردم

پێموایە ئەو قازانجەی زیادەی کە کردوومە لە چاو ئەو منداڵانەی تـردا کـە یاری مۆنۆپۆلیان دەکرد ئـەوە بـوو کـە مـن لـە ڕاپـۆرتی داهـات، پـەراوی هاوسـەنگی دارایـی و ڕاپـۆرتی دارایـی تێدەگەیشـتم. جیـاوازی نێـوان سەرمایە، قـەرز، بازرگانیـەکان، زەوی و خانوویـەرە، کـڕین و فرۆشـتن و قەرزدانـەوە بـە قازانجـەوەم دەزانـی. لـە ١٩٩٦ یاریـەکانی کـاش فلـۆم دروسـتکرد بـۆ ئـەوەی ببێتـە پردێـك لـە نێـوان مۆنۆپـۆلی و دونیـای ڕاستەقینە. ئەگـەر منداڵەکـەت حـەزی لـە یـاری مۆنۆپۆلیـە و گرنگـی بـە دامەزرانـدنی بازرگـانی و وەبـەرهێنان دەدات، ئـەوا یاریـەکانی بـاوکی دەوڵەمەنـد هـەنگاوی دواتـــرە لـــە پرۆســـەی پـــەروەردەدا. یاریـــە پەروەردەیەکانم کەمێك قورسترن بۆ فێربوون و ڕەنگە کەمێك کاتی زیـاتی بوێت تا فێری دەبیت و کۆنترۆڵی دەکەیت، بەڵام هەر کە فێریـان بوویـت، ڕەنگە تۆش تەنها لە چەند کاژێرێکدا داهاتووت ببینی.

## ڕاپۆرتە داراییەکان بنچینەن بۆ سامان

وەك باوکـە دەوڵەمەندەکـەم زۆر جـار دەیگـوت،" بانکەوانەکـەم هـەرگیز داوای کارتی دەرچوونی لێ نەکردووم." هەروەها دەشیگوت،" یەکێك لەو

مۆکارانەی خەڵکی لە ڕووی دارایەوە پەرێشانن ئەوەیە کە خوێندن تەواو دەکەن و نازانن ڕاپۆرتی دارایی چییە."

بنچینە بۆ دروسکردن و پێکەوەنانی سامانێکی مەزن ڕاپۆرتی داراییە. تۆ ڕاپۆرتی دارایت هەیە جا ئەگەر بزانیت یان نا. بازرگانیەکەت ڕاپۆرتی دارایی هەیە، پارچە زەویەکی خانووبەرە ڕاپۆرتی دارایی هەیە. بەرلەوەی بەشێك یان کەلوپەلێك لە کۆمپانیایەك بکڕیت، پێشنیار دەکرێت کە سەیری ڕاپۆرتی دارایی کۆمپانیاکە بکەیت. ڕاپۆرتی دارایی بنچینەیە بۆ هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە پارەوە هەیە. بەداخەوە، زۆربەی خەڵکی خوێندن تەواو دەکەن و نازانن ڕاپۆرتی دارایی چییە. لەبەرئەوەیە بۆ زۆربەی خەڵکی مۆنۆپۆلی تەنها یاریەکە. یاریەکانی کاش فلۆوم دروستکرد بۆ ئەو کەسانەی کە خوازیارن بزانن ڕاپۆرتی دارایی چییە، چۆن بەکاردێت، وە چۆن دەتوانن کۆنترۆڵی داهاتووی خۆیان بکەن و لە هەمان کاتدا چێژ وەرگرن. لە لاپەڕەکانی دواتردا نموونەی ڕاپۆرتی دارایی دەبینن لە کاش فلۆوی منداڵاندا هەروەها ئەو ڕاپۆرتە داراییە لە کاش فلۆی ١٠١ و ١٠٢ دا بەکارهاتووە، کە یاریگەلێکن بۆ فێرکردنی پێگەیشتووان. ڕەنگە تێبینیتان کردبێت لە کاتێکدا کە هەردووکیان ڕاپۆرتی دارایین، یەکێکیان گونجاوترە لەگەڵ زهنی منداڵانی بچووکتردا.

## یاری پارە

هەنگاوی دووەم گرنگترین هەنگاوی فێربوونە. گرنگە لە کاتی فێربووندا چێژ وەرگریت و دڵخۆش بیت. زۆر باشترە بە دڵخۆشیەوە دەربارەی پارە فێربیت لەبری ئەوەی لە ترسی لە دەستدانی پارە فێربیت. لە بری ئەوەی پارە پەیوەست بکرێت بە چێژ و خۆشیەوە، زۆرجار گوێم لە دایك

اوکان بووە دنەی ترس و نەرێنێتی دەدەن لە مەسەلەی پارەدا.
ەمڕی ژمارە یەکی نێو ماڵەکانی ئەمڕۆ لەسەر مەسەلەی پارەیە.
فێردەبێت ترس و تووڕەی پەیوەست بکات بە پارەوە. لە زۆرێك لە
ندا، منداڵ فێر دەبێت کە پارە دەگمەنە و بە دەستهێنانی
ە و دەبێت زۆر بە سەختی کاری بۆ بکەیت.

ەو شتانە بوو کە زۆربەی جار فێری دەبووم کاتێك لە ماڵەوە
م لەگەڵ دایك و باوکم. کاتێك لەگەڵ باوکە دەوڵەمەندکەم دەبووم،
ووم کە پارە پەیداکردن تەنها یاریەکە، هەروەها چێژی لە
ردنەکەش دەبینی. ئەوەم هەڵبژارد کە پارە پەیداکردن بکەم بە
لە ژیانمدا و چێژیش لە ئەنجامدانی ئەو یاریە وەرگرم.

ندی داهاتوودا، باسی هەنگاوی سێهەم دەکەم، کە ڕاهێنانگەلی
لەگەڵ- ژیانی -ڕاستەقینە -گونجاوی لەگەڵە کە دەتوانی لەگەڵ
کەتدا بەکاریبهێنیت بۆ ئامادەکردنی بۆ ژیانی ڕاستەقینە.

بەندی دەیەم

# بۆچی کۆکەرەوەکان لە دۆڕاوەکانن

هاوڕێیەکم هەیە کە لەم دوایانەدا داوای ئامۆژگاری داراییانەی لێکردم، کاتێك لێمپرسی کێشەکەی چییە، وەلآمی دامەوە،" پارەیەکی زۆرم هەیە، بەلآم دەترسم وەبەرهێنانی پێوە بکەم." تەواوی ژیانی بە سەختی کاری کردبوو و نزیکەی ٢٥٠ هەزار دۆلاری کۆکردبۆوە.

کاتێك لێمپرسی بۆچی دەترسێت لەوەی وەبەرهێنانی پێوە بکات، وەلآمی دامەوە،" چونکە دەترسم لە دەستی بدەم،" درێژەی پێدا و گوتی،" ئەم پارەیەم زۆر بە زەحمەت چنگ کەوتووە. ساڵانێکی زۆر کارم کردووە هەتا کۆمکردۆتەوە، بەلآم ئێستا کە ئامادەم بۆ خانەنشین بوون، دەزانم کە بەس نییە بۆ ئەوەی لەو ماوەیەی ماومە لە ژیانمدا پشتی پێببەستم. دەزانم دەبێت وەبەرهێنانی تێدا بکەم تا قازانج بکەم تێیدا، بەلآم ئەگەر لەم تەمەنەمدا هەمووی لە دەست بدەم، توانای ئەوەم نابێت کار بکەمەوە و پەیدای بکەمەوە. کاتم بەدەستەوە نەماوە."

## هاوکێشەیەکی بردنەوەی کۆن

ڕۆژێکی تر خەریکی سەیرکردنی تی فی بووم، توێژەرێکی دەرووونی منداڵان ڕووی کردە ڕاوێژکارێکی پارە کە بانگەێشتی بەرنامەکە کرا بوو، دەیگوت،" گرنگە منداڵەکەت فێر بکەیت پارە کۆبکاتەوە." چاوپێکەتنەکە بەردەوام بوو بە قسە بێمانا سوواوەکانی وەك دەستپێکی خووی دارایی لە تەمەنێکی کەمدا و زنجیرەیەك لە کلێشە باوەکانی وەك"

دینارێکی پاشەکەوتکراو دینارێکی بەدەستهێنراوە." و" پارە بۆ ڕۆژی ڕەش کۆکەرەوە."

دایکم ڕاهاتبوو بە منداڵەکانی دەگوت،" نە ببن بە وەرگرێك نە بە قەرزدەرێك." باوکیشم ڕاهاتبوو دەیگوت،" خۆزگە دایکتان دەوەستا لە پارە وەرگرتن لە قەرزدەرەکان و بۆ ئەوەی بتوانین هەندێك پارە پاشەکەوت بکەین."

بیستوومە زۆرێك لە دایك و باوکان بە منداڵەکانیان گوتووە،" بڕۆ بۆ قوتابخانە، نمرەی بەرز بهێنە، کارێکی باش پەیداکە، خانوویەك بکڕە و پارە پاشەکەوت بکە." ئەمە هاوکێشەیەکی بردنەوەی باش بوو بۆ سەردەمی پیشەسازی، بەڵام ئەو ئامۆژگاریە دەکرێت هاوکێشەیەکی دۆڕان بێت بۆ سەردەمی زانیاری. بۆچی؟ زۆر بە سادەیی چونکە لە سەردەمی زانیاریدا، منداڵەت پێویستی بە زانیاریەکی زۆر ئاڵۆزتر و ئەکادیمیتری دارایی هەیە، زۆر ئاڵۆزتر لەوەی تەنها فێر بێت پارە بخاتە بانکەوە و یان پلانەکانی پاشەکەوتکردنی خانەنشینیەوە.

## وانەکەی باوکی دەوڵەمەند لەسەر پاشەکەوت کردن

باوکە دەوڵەمەندەکم دەیگوت،" کۆکەرەوەکان لە دۆڕاوەکانن." لەبەرئەوە نەبوو کە دژی پاشەکەوت کردن بێت، هۆکارەکەی بۆ گوتنی،" کۆکەرەوەکان لە دۆڕاوەکانن." ئەوە بوو کە من و مایك زۆر دوورتر لە پاشەکەوت کردن بڕوانین. لە باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژاردا، وانەی ژمارە یەکی باوکی دەوڵەمەند ئەمە بوو،" دەوڵەمەندەکان کار بۆ پارە ناکەن." لە بری ئەوەی کار بۆ پارە بکەین، دەیویست من و مایك فێربین چۆن پارە کارمان بۆ بکات. وە لە کاتێکدا پاشەکەوت کردنی پارە

شێوازێکە لە کارکردنی پارە بۆمان، لە زهنی ئەودا زۆر بە سادەیی پاشەکەوت کردنی پارە و هەوڵدان بۆ ژیان لەسەری یاری دۆڕاوەکانە."


## بانکەوانەکەمم خۆش دەوێت

بەر لە هەموو شتێك، بانکەوانەکەمم خۆش دەوێت. خەڵکانێکی زۆر پێیانوایە کە من دژی بانك و بانکەوانەکانم. ئەوە زۆر دوورە لە ڕاستیەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە من بانکەوانەکەمم خۆش دەوێت چونکە هاوبەشمە لە پارەدا و یارمەتیم دەدا دەوڵەمەند ببم، وە منیش ئەو کەسانەم خۆش دەویت کە یارمەتی دەوڵەمەندتر بوونم دەدەن. ئەوەی کە من دژیم نەخوێندەواری داراییە چونکە نەخوێندەواری دارایی بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکانێکی زۆر بانکەوانەکانیان وەك هاوبەشێك بەکاربهێنن لە هەژارتر بووندا. کاتێك بانکەوانێك پێت دەڵێت خانووەکەت سەرمایەیە، پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا بانکەوانەکەت درۆ دەکات یان ڕاستی دەڵێت؟ وەڵامەکە ئەمەیە: بانکەوانەکەت ڕاستیت پێدەڵێت. هەر ئەوەندە پێت ناڵێت کە خانووەکەت سەرمایەیە بۆ کێ. خانووەکەت سەرمایەی بانکەکەیە. ئەگەر بتوانی ڕاپۆرت دارایی بخوێنیتەوە، تێگەیشتن لە هۆکاری ئەو ڕاستیە ئاسانە.

کاتێك بە شارۆچکەکەدا دەچیت بۆ بانك و سەیری ڕاپۆرتی دارایی بانك دەکەیت، ئیدی لەوە تێدەگەیت و دەبینیت کە ڕاپۆرتی دارایی چۆن کاردەکات.


ئەمەی خوارەوە وێنەی ڕاستەقینەی ئەو هۆکارەیە کە بۆچی بۆ زۆربەی خەڵکی خانووەکانیان موڵکی بانکە.

ڕاپۆرتی داراییت




ئەمەش ڕاپۆرتی دارایی بانکەکەتە:

بانك




بە پشکنینی ڕاپۆرتی دارایی بانکەکەت، هەر زوو تێبینی ئەوە دەکەیت کە بارمتەکانت لە ژێر ستوونی قەرزەکانتدا لیستە کراون، بە هەمان شێوە لە ژێر ستوونی سەرمایەکانی بانکیشدا لیستە کراون. لەم ساتەدا، بە ڕاستی تێدەگەیت کە ڕاپۆرتی دارایی چۆن کار دەکات.

تەواوی وێنەکە

کاتێک خەڵکی پێمدەڵێن کە ئەوە هیچ ناسەلمێنێت و سوورن لەسەر ئەوەی کە خانووەکەیان سەرمایەیە، دەچمە سەر تاقیکاری لیتمسی[1] جووڵەی نەختی، کە ئەگەری هەیە گرنگترین بابەتی نێو بازرگانی و وەبەرهێنان بێت. بە پێی پێناسەکەی، ئەگەر پارە بێتە گیرفانتەوە، کەواتە سەرمایەت هەیە. ئەگەر پارە لە گیرفانت بڕوا، ئەوسا قەرزت لەسەر دەبێت.

لە خولی تەواوی جووڵەی نەختی بڕوانن، وێنەکە نرخی هەزاران وشەی هەیە.

[1] تاقیکاریەکی کیمیایی بە بەکارهێنانی ڕووەکێکی کەڕوو ئاسایی تایبەت، کە لەژێر کاریگەری ترشەکاندا سوور دەبێت و لە ژێر کاریگەری ئەلکالیەکاندا شین دەبێت. لێرەدا وەک خوازیەک بەکارهاتووە کە لە جووڵەی نەختیشدا دەتوانین تاقیکاریەکی ئاوا بکرێت و بە هۆیەوە بابەتە بسەلمێنرێت.




ئەی دەربارەی پاشەکەوت کردن؟


پرسیارەکە ئەمەیە: ئەمە چی پەیوەندیەکەی بەوە هەیە کە کۆکەرەوەکان لە دۆڕاوەکانن؟ دووبارە وەڵامەکە لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی داراییدا دەدۆزرێتەوە.

ئەمە ڕاپۆرتی دارایی تۆیە:





ئەرێ، پاشەکەوتەکانت سەرمایەن. بەڵام بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕاستەقینەمان دەستکەوێت، دەبێت بە دوای ئەو شوێن پێیەدا بڕۆین کە لەلایەن جووڵەی نەختیەوە بە جێهێڵدراوە بۆ باشترکردنی زیرەکی داراییمان.

ئەمەش ڕاپۆرتی دارایی بانکەکەتە:



دووباره، بە بەکارهێنانی تاقیکاری کە بە کام ئاڕاستەدا جووڵەی نەختی دەجوڵێت، دەتوانی ببینی تاقیکاری ئەوەی سەرمایە پێناسە دەکات و ئەوەی قەرز پێناسە دەکات ڕاست دەردەچێت.




## ڕاستی چی ڕوودەدات

[illegible]ەڵکانێکی زۆر دردۆنگن لە ڕێژەی نەرێنی پاشەکەوت کردن لە [illegible]ریکادا. ڕێژەی نەرێنی پاشەکەوت کردن واتە گەلیکین، قەرزمان زیاتر [illegible]ە لە چاو پارەی نەخت لە بانکەکاندا.

[illegible]ێك دەڵێن پێویستە مانی خەڵکی بدرێت تا پارەی زیاتر پاشەکەوت [illegible] ئەوە زەنگی مەترسیە دەیبیستین کە وەك گەلێك، ئێمە پارەیەکی [illegible] بانکەکانی ئاسیا و ئەورووپا قەرز دەکەین و گەلەکەمان لە لێواری

کارەساتێکی ئابوورییە. لە یەکێك لەو ووتارانەی خوێندمەوە، ئابووریناسێکی بەناوبانگ دەیگوت،" ئەمریکیەکان ڕەوشتی کار و پاشەکەوت کردنی باپیرانیان لە یاد کردووە." ئابووریناسەکە بەردەوام بوو و لۆمەی خەڵکی دەکرد بۆ ئەم کێشەیە، لە بری ئەو سیستەمەی خۆمان دروسمانکرد زۆر دوای نەمانی باپیرانمان.

ئەوەی کەسێك پێوسیتە بیکات ڕوانینە لە یاساکانی باج، هۆکاری کێشەی ئەم قەرزە زۆرە و پاشەکەوتە کەمە ڕوون دەبێتەوە. باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت کۆکەرەوەکان لە دۆراون لەبەرئەوە نەبوو کە دژی پاشەکەوت کردن بوو. هەموو ئەوەی باوکی دەوڵەمەند دەیکرد ئاماژەکردن بوو بە شتە ئاشکراکان. لە زۆرێك لە وڵاتانی خۆرئاوا، خەڵکی قازانجی باجیان پێدەدرێت لەبەرئەوەی لە ژێر قەرزدان. بە دەربڕینێکی تر، خەڵکی زۆر جار هاندەدرێن بۆ ئەوەی زیاتر بکەونە ژێر قەرزەوە. لەبەرئەوەیە خەڵکانێکی زۆر قەرزی کریدت کارتەکەیان دەبەن و لوولی دەکەنە نێو قەرزی پێشینەی خانوو بەرە و قەرزی شمەك.

لەسەرووی هەموو ئەوەوە، قازانجی باجت پێنادرێت بۆ پاشەکەوت کردن. ڕێك پێچەوانەکەی ڕاستە. ئەو خەڵکانەی پاشەکەوت دەکەن باج دەدەن، ئەو خەڵکانەشی لە ژێر قەرزدان قازانجی باجیان پێدەدرێت. هەر ئەوە نییە. ئەو خەڵکانەی کە بە سەخترین شێوە کاردەکەن و کەمترین مووچە وەردەگرین زۆرترین ڕێژەی باج دەدەن، نەك دەوڵەمەندەکان. لە لام ئاشکرایە کە سیستەمەکە بۆ سزادانی ئەوانە دروسکراوە کە کار دەکەن و پاشەکەوت دەکەن، خەڵاتی ئەوانەش دەکات کە قەرز دەکەن و خەرجی دەکەن. هەتا سیستەمی پەروەردەیی زیاتر شکست بهێنێت لە فێرکردنی

منداڵان دەربارەی ڕاپۆرتە داراییەکان، زیاتر گەلێکمان بۆ دروست دەبێت کە ناتوانێت ئامار و ژمارەکان بخوێنێتەوە هەتا بزانێت بە ڕاستی چی ڕوودەدات.

## خەڵات بۆ پاشەکەوت کردن

باوکە دەوڵەمەندەکەم جارێکیان گوتی،" ئەگەر لە سەدا چوارت پێبدرێت بۆ پاشەکەوت کردن، بەڵام هەڵاوسان بە ڕێژەی لە سەدا چوار هەڵکشێت، ئەوسا بەرەو پێش ناچیت. دواتر حکومەت باج دەخاتە سەر قازانجەکەت، بەو جۆرە ئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە پارە لە پاشەکەوتەکەت دەڕوات. لەبەرئەوە کۆکەرەوەکان لە دۆڕاوەکانن."

باوکی دەوڵەمەند زۆر دەگمەن لە دوای ئەو لێدوانە باسی پاشەکەوت کردنی دەکرد. لە بری ئەوە، دەستی کرد بە فێرکردنمان کە چۆن پارە بە سەختی کارمان بۆ بکات بەهۆی خاوەندارێتی سەرمایەوە، یان ئەوەی کە پێیدەگوت" گۆڕینی پارە بۆ سامان.

" دایك و باوکم پارەکەیان گۆڕیبوو بە قەرز، وا بیریان دەکردەوە کە قەرزەکان سەرمایەن. هیچیشیان بۆ نەدەمایەوە پاشەکەوتی بکەن. هەرچەندە زۆر بە سەختی کاریان دەکرد و هیچ پارەیەکیان نەبوو تا پاشەکەوتی بکەن، کەچی بەردەوام بە منداڵەکانیان دەگوت،" کارێك پەیدا بکەن، بە سەختی کار بکەن و پارە پاشەکەوت بکەن." ئەوە ڕەنگە ئامۆژگارییەکی باش بوبێت بۆ سەردەمی پیشەسازی. بەڵام ئامۆژگارییەکی خراپە بۆ سەردەمی زانیاری.

## پارەکەت چەند خێرا دەجوڵێت؟

باوکی دەوڵەمەند دژی پاشەکەوت کردنی پارە نەبوو. بەڵام لە بری ئەوەی ئامۆشیارانە ئامۆژگاریمان بکات بۆ پاشەکەوت کردنی پارە، زۆر جار باوکی دەوڵەمەند باسی خێرایی پارەی دەکرد. لە بری ئەوەی ئامۆژگاریمان بکات کە پارە بە لاوە بنێین و" پاشەکەوتی بکەین بۆ خانەنشین بوون،" زۆر جار دەربارەی" قازانج و وەبەرهێنان" و" ڕێژەی قازانجی ناوەکی" دەدوا، کە شێوازێکی تری گوتنی،" پارەکەم چەندێك خێرا دەگەڕێتەوە بۆم؟" بوو.

ئەمە نموونەیەکی فرە ئاسانکراوە: با بڵێین خانوویەکی کرێی ١٠٠ هەزار دۆلاری دەکڕم و ١٠٠ هەزار دۆلار لە پاشەکەوتەکەم بەکاردەهێنم بۆ کڕینی. دوای ساڵێك، داهاتی کرێکە بە لێدەرکردنی بارمتەی خانوویەرە و باج و خەرجیەکانی تر ١٠ هەزار دۆلار دەبێت. بە دەربڕینێکی تر، ١٠ هەزار دۆلاری پارەی کڕینەکەم بۆ دەگەڕێتەوە و هێشتا خانووەکەش مولکی خۆمە، سەرمایەیەکە، ساڵانە بڕی ١٠ هەزار دۆلاری زیادەم پێدەدات. ئێستا دەتوانم بەو پارەیە مولکێکی تر بکڕم یان بازرگانیەکی تر دابمەزرێنم.

ئەمە ئەوەیە کە هەندێك کەس ناویان لێناوە" خێرایی پارە،" یان وەك باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت،" پارەکەم چەند خێرا دەگەڕێتەوە بۆم؟" یان" قازانجەکەم چەندە لە وەبەرهێنانەکاندا" کەسانی شارەزا لە بواری داراییەوە دەیانەوێت پارەکەیان بۆ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێشکەوتن و لە سەرمایەیەکی تردا وەبەرهێنان بکەن. ئەمە هۆکارێکی تر بۆ ئەوەی کە بۆچی دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەنتر دەبن و ئەوانی تریش هەوڵدەدەن پارە بۆ ڕۆژی ڕەش یان بۆ خانەنشین بوون پاشەکەوت بکەن.

**یاریکردن بە پارەی ڕاستەقینە**

لە سەرەتای ئەم بەشەدا، چیرۆکی هاوڕێیەکی دێرینی خۆم گێڕایەوە کە لە تەمەنی خانەنشین بوون نزیك دەبۆەوە، ٢٥٠ هەزار دۆلاری پاشەکەوت هەبوو، دامابوو کە دواتر چی بکات. دەیزانی کە ساڵانە پێویستی بە ٣٥ هەزار دۆلار دەبێت لەسەری بژی، وە قازانجی ئەو ٢٥٠ هەزار دۆلارە ئەو ئاستە داهاتەی بۆ دابین ناکات، هەمان نموونەی سادەی بردنی ١٠ هەزار دۆلار لە پاشەکەوت و کڕینی خانوویەکی ١٠٠ هەزار دۆلاریم بۆ هێنایەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە وەبەرهێنان دەکرێ چۆن یارمەتی بدات لە چارەسەرکردنی گرفتە داراییەکانی. بێگومان، سەرەتا پێویستە وەبەرهێنانێکی لەو چەشنە بدۆزێتەوە و فێربێت کە چۆن وەبەرهێنان لە موڵکێکدا بکات. کاتێك بۆم ڕوون دەکردەوە" خێرایی پارە" و" قازانجی وەبەرهێنان" واتای چییە، لە ڕووی هۆشەکی و هەستەکیەوە داما. هەرچەندە مانایەکی هەبوو بۆی، بەڵام ترسی لە دەستدانی ئەو پارەیەی زۆر بە زەحمەت کۆیکردبۆوە زهنی داخست لە بەرامبەر ئەگەری هاوکێشەیەکی بردنەوەی نوێدا. هەموو ئەوەی دەیزانی ئەوە بوو کە چۆن بە سەختی کار بکات و پارە پاشەکەوت بکات.

ئەمرۆ هێشتا پارەکەی لە بانکدایە. کاتێك دووبارە بینیمەوە، گوتی،" کارەکەمم خۆشدەوێت، بۆیە پێموابێ بۆ چەند ساڵێکی تریش کار دەکەم. ئەوە بە چالاکی دەمهێڵێتەوە." هەر کە ڕۆیشت، دەمتوانی گوێم لە باوکە دەوڵەمەندەکەم بێت کە دەیگوت،" یەکێك لە سەرەکیترین ئەو هۆکارانەی خەڵکی زۆر بە سەختی کار دەکەن ئەوەیە کە هەرگیز فێر نەبوون چۆن وا لە پارەکانیان بکەن بە سەختی کاریان بۆ بکات، بۆیە

هەموو ژیانیان بە سەختی کار دەکەن. پارەکەشیان پەلەی لێ ناکات و لەسەرخۆیە."

## منداڵەکانت فێر بکە کە پارە بە سەختی کاریان بۆ بکات

ئەمانەی خوارەوە کۆمەڵی بیرۆکەن کە ڕەنگە پێویست بێت بۆ فێرکردنی منداڵەکەت کە چۆن پارە بە سەختی کاریان بۆ بکات. دووبارە، دایک و باوکان ئاگادار دەکەمەوە کە زۆر لە منداڵەکانیان نەکەن بۆ فێربوونی ئەمە ئەگەر نەیانەوێت فێربن. هونەری دایک و باوکایەتی دۆزینەوەی شێوازگەلێکە کە وا لە منداڵەکە دەکات بیەوێت فێر بێت نەک ئەوەی زۆر لە منداڵەکە بکەیت بۆ فێربوون.

١- سیستەمی سێ دەخیلەی شێوە بەرازی

کاتێك کە کوڕێکی بچووك بووم، باوکە دەوڵەمەندەکەم داوای لێکردم سێ دەخیلەی شێوە بەرازی جیاواز بکڕم. بەم شێوەیە ناونرابوون:

### بەخشین

باوکی دەوڵەمەند بروای بە بەخشین بە کلێسا و کاری خێرخوازی هەبوو؛ لە سەدا دەی داهاتی دەبرد و بە کڵێسای دەبەخشی. دەیگوت،" خودا پێویستی بە وەرگرتن نییە، بەڵام مرۆڤەکان پێویستە ببەخشن." دوای ساڵانێك بۆم دەرکەوت کە زۆرێك لە دەوڵەمەنترین مرۆڤەکانی دونیا بەو خووی بەخشینە دەستیان پێکردووە.

باوکی دەوڵەمەند دڵنیا بوو کە زۆربەی سامانە داراییەکەی قەرزاریاری ئەو بەخشینەیە. هەروەها دەیگوت،" خودا هاوبەشی کارمە، ئەگەر پارە

بە هاوبەشەکەت نەدەیت، هاوبەشەکەت واز لە کارکردن دەهێنێت. تۆش دەبێت دە هێندە سەختر کار بکەیت."

### پاشەکەوت

دەخیلەی ژمارە دوو بۆ پاشەکەوت کردن بوو. وەک یاسای پەنجە گەورە، باوکی دەوڵەمەند باوەڕی بە بوونی هێندە پاشەکەوت هەبوو کە بەشی خەرجییەکانی ساڵێك بکات. بۆ وێنە، ئەگەر کۆی گشتی خەرجییەکان بۆ ساڵێك ٣٥ هەزار دۆلار بووایە، پێویابوو گرنگە کە ٣٥ هەزار دۆلار لە پاشەکەوتدا بێت. دوای ئەوەی ئەو بڕەی پاشەکەوت دەکرد، ئەوەی دەمایەوە دەیبەخشی. ئەگەر خەرجییەکانی زیادی بکردایەوە، ئەوەی ڕێژەی پاشەکەوتەکەشی بە گوێرەی خەرجیەکە زیاد دەکرد.

### وەبەرهێنان

بە بۆچوونی خۆم، ئەم دەخیلەیە بوو کە گورە دەستپێکێکی دارایی لە ژیانمدا پێبەخشیم. ئەم دەخیلەیە ئەو پارەیەی بۆ دابین کردم کە بە هۆیەوە فێربووم کە سەرکێشی بکەم.

ئەو هاورێیەم کە ٢٥٠ هەزار دۆلار پاشەکەوتەکەی هەبوو دەبواییە لە تەمەنی نۆ ساڵیەوە ئەم دەخیلەیە یی هەبووایە. وەک پێشتر باسمکرد، کاتێك منداڵ دەبێتە نۆ ساڵان، وردە وردە بە دوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێت. پێموابێ بۆ من، فێربوونی پێویست نەبوونی پارە. پێویست نەبوونی کار و وەبەرهێنان لەو تەمەنەدا یارمەتی سازاندنی شوناسمیدا. فێری متمانە بەخۆبوونی دارایی بووم لە بری پێویستی بە ئاسایشی کار.

بە دەربڕینێکی تر، لەم دەخیلەی سێهەمەوە بوو کە پارەی ڕاستەقینەم دەستکەوت هەتا سەرکێشی پێوە بکەم، هەڵە بکەم، پەند وەرگرم و ئەو ئەزموونە بە دەستبەێنم کە بۆ تەواوی ئەو ژیانەی ماومە بە جێگیری بمهێڵێتەوە.

یەکێك لەو شتانەی لە سەرەتادا وەبەرهێنانم تێدا کرد پارەی کانزایی دەگمەن بوون، کۆکراوەیەکە کە تا ئەمڕۆش ماومە. دوای پارەی کانزایی، لە کڕین و فرۆشتندا وەبەرهێنام کرد، دواتریش لە خانووبەرەدا. بەڵام زۆر زیاتر لە وەبەرهێنان لە سەرمایەکانمدا بکەم، وەبەرهێنانم لە پەروەردەمدا کرد. ئەمڕۆ کە باسی خێرایی پارە و قازانجی وەبەرهێنان دەکەم، لە ئەزموونێکی چل ساڵەوە قسە دەکەم. ئەو هاوڕێیەم کە ۲۵۰ هەزار دۆلاری پاشەکەوت هەبوو و نزیك دەبۆوە لە تەمەنی خانەنشینی، هێشتا دەبوو ئەزموون کۆکاتەوە. وە نەبوونی ئەو ئەزموونە بوەتە هۆی ئەوەی کە هێندە لە لەدەستدانی پارە بە زەحمەت پەیدابووەکەی بترسێت. ئەوە ساڵەکانی ئەزموون بوو کە گورە دەتۆیکی پێدام لەم مەسەلەیەدا.

بە کڕینی سێ دەخیلەی شێوە بەراز بۆ منداڵەکەت، دەتوانی سەرمایەی بنەڕەتیان پێبدەیت بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئەزموونە لە نرخ نەهاتووە لە کاتێکدا هێشتا منداڵن. هەر کە سێ دەخیلەکەیان هەبوو و خوویەکی باشیان پەرەپێدا، دەکرێ ڕێگا بە منداڵەکانت بدەیت بەو پارەیەی لە دەخیلەی"پاشەکەوت" دەریان هێناوە کڕین و فرۆشتن بکەن. پێشنیار دەکەم کە ڕێگەیان پێبدرێت ئەوە بکەن بۆ ئەوەی ئەزموونی هۆشەکی د هەستەکی و جەستەیی پرۆسەکە بەدەستبەێنن. گەلێك دایك و باوك

دەناسم کە ئەم خزمەتگوزاریەیان بۆ منداڵەکەکانیان فەراهەم کردووە. هەرچەندە تۆ هاوکاری منداڵەکەت دەکەیت بۆ ئەوەی سەرمایەیەکی بچووک پێکەوە بنێت، بەڵام لە ئەزموون بێبەشیان دەکات. وە لە دونیای ڕاستەقینەدا، ئەزموون هێندەی خوێندن گرنگە.

**٢- سەرەتا پارە بە خۆت بدە**

کاتێک لە پرۆگرامەکەی ئۆپرا وینفری بووم، یەکێک لە سەرەکیترین پرسیارەکان کە بینەران دەیانکرد ئەمە بوو، " چۆن سەرەتا پارە بە خۆت دەدەیت؟" تاسام کە درکم بەوە کرد، بۆ زۆرێک لە پێگەیشتووان، بیرۆکەی سەرەتا پارە بە خۆدان نوێ و قورس بوو. هۆکاری قورسیەکەی ئەوە بوو کە زۆربەی پێگەیشتووان هێندە بە قورسی لە ژێر قەرزدان کە لە توانایاندا نیە سەرەتا پارە بە خۆیان بدەن. دوای ئەوەی پرۆگرامەکەم بەجێهێشت، درکم بەوە کرد بە دەسپێکردنی ژیانم بە سیستەمی سێ دەخیلە شێوە بەرازیەکان، باوکە دەوڵەمەندەکەم فێری دەکردم کە چۆن سەرەتا پارە بە خۆم بدەم. ئەمڕۆ وەك پێگەیشتوویەك، من و هاوسەرەکەم هێشتا سێ دەخیلەی شێوە بەرازمان هەیە لەسەر مێزی ئەدەی نووستنەکەمان. وە هێشتا دەبەخشین، پاشەکەوت دەکەین و وەبەرهێنان دەکەین.

کاتێک لە ژیانی کەسانی دەوڵەمەند دەکۆڵمەوە، دەبینم کە بیرۆکەی سەرەتا پارەدان بە خۆ لە سەروو هەموو شتێکەوەیە لە زهنیاندا. بنچینەی ژیانیانە. شارەزایی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەری سەرچاوە داراییەکان، بەڕێز جۆن تێمپلتۆن دەڵێت کە هەوڵی تەواوی خۆی دەدات بە لە سەدا بیستی داهاتەکەی بژی، وە ئەو لە سەدا هەشتایەی

دەمێنیتەوە پاشەکەوت بکات، لێی ببەخشێت و وەبەرهێنانی تێدا بکات. زۆربەی خەڵکی لەسەر لە سەتا سەتی داهاتەکەیان دەژین و هیچ ناهێڵنەوە هەتا بە خۆیانی ببەخشن. لەبری ئەوەی سەرەتا پارە بە خۆیان بدەن، پارە بە هەموو ئەوانی تر دەدەن.

**٣- بەرپرسیاربە**

باوکی دەوڵەمەند بیرۆکەی سێ دەخیلە شێوە بەرازەکەی هەنگاوێك بەرەو پێشەوە برد. دەیوست دڵنیا بێتەوە کە من و مایك دەتوانین دەخیلە بەرازیەکانمان پەیوەست بکەین بە ڕاپۆرتە داراییەکانمانەوە. لەگەڵ بەردەوام بوونمان لە پڕکردنی دەخیلەکانمان، هەژمارێکی بانکیشمان هەبوو لەسەر ڕاپۆرتی دارایی سەرەتایمان.

ئەمە شێوازی هەبوونی هەژمارەکە بوو بۆ سێ دەخیلە شێوە بەرازیەکانمان:

**ڕاپۆرتی دارایيت**

**ڕاپۆرتی داهات**

| |
|---|
| داهات |
| خەرجیەکان |

پەڕاوی هاوسەنگی دارایی

| | |
|---|---|
| قەرز | سەرمایە<br>بەخشین<br>پاشەکەوت<br>وەبەرهێنان |

ئەگەر هەندێك پارەمان لە هەژمارەکە یان دەخیلەکە دەربهێنایە، دەبوایە هەژماری بکەین. بۆ وێنە، ئەگەر ٢٥ دۆلارم لە دەخیلەی بەخشین دەربهێنایە و بمبەخشیایە بە کارێکی خێرخوازی یان بە کڵێسام ببەخشیایە، دەبوو لەسەر ڕاپۆرتی دارایی مانگانەم هەژمارم بکردایە.

ڕاپۆرتی داراییەکەم بۆ ئەو مانگە بەم شێوەیە دەبوو:

ڕاپۆرتی دارایت

ڕاپۆرتی داهات




بەهۆی هەبوونی سێ دەخیلەکە و بەرپرسیار بوون و هەژمارکردنی پارە لەسەر ڕاپۆرتی دارایم، هێندەی چەندین ساڵ خوێندن و ئەزموونم پەیدا کرد، کە زۆربەی پێگەیشتووان، منداڵانیش زۆر کەمتر، هەرگیز

دەرنناگرن. باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت،" وشەی ژمێریاری[1] لە لە وشەی بەرپرسیارێتی[2] وەرگیراوە. ئەگەر بە نیازیت دەوڵەمەند بیت، پێویستە بەرپرسیار بیت بۆ پارەکانت."

ناکرێ پێتان بڵێم کە بیرۆکەی بەرپرسیارێتی و هەژمارکردن چەند گرنگ بوون لە ژیانی مندا، وە بۆ هەموو کەسێکیش گرنگە. کاتێك بانکیك بە رەوشتەوە دەست بە رووتەوە دەنێت بۆ پێدانی قەرز، بە زۆر شێواز بانکەکە پێتدەڵێت نیگەرانی نەبوونی بەرپرسیارێتیە بۆ پارەکانت. کاتێك سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەڵێت کە وڵاتێك تەواو" شەفاف" نییە، بە چەند رێگەیەکی تر داوا لەو وڵاتە دەکات راپۆرتگەلی دارایی روونتر پیشان بدەن. شەفاف واتە روون کردنەوە. بەو شێوەیەی هەر لایەنێکی خوازیار بە ئاسانی بتوانێت کە ببینێت پارە چۆن جووڵە دەکات و بۆ کێ جووڵە دەکات. بە دەربڕینێکی تر، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی تەواوی گەلێك بەرپرسیار دەکات هەروەك چۆن باوکە دەوڵەمەندەکەم من و مایکی بەرپرسیار کرد.

کەواتە ئەگر منداڵێکی بچووك، خیزانێك، بازرگانیەك، کلێسایەك، یان نەتەوەیەکی گەورە بیت، توانای بەڕێوەبردنی پارە و بەرپرسیار بوون لێی شارەزاییەکی گرنگی ژیانە کە شایەنی فێربوونە.

### نرخی دیسپلینی دارایی

بە بەکارهێنانی ئەم بیرۆکە سادانەی وەك یاری سەر بۆرد، سێ دەخیلەی شێوە بەراز و راپۆرتگەلی دارایی سادە باوکی دەوڵەمەند من و کورەکەی

[1] accounting

[2] accountability

بۆ دونیای ڕاستەقینەی پارە بەگەڕخست. هەرچەندە وەك چەمك سادەن، بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنیان ئاسان نییە. یەکێك لە گرنگترین ئەو وانانەی لەم پرۆسەیەوە فێری نرخی دیسپلینی دارایی بووم. دەمزانی دەبێت مانگی جارێك ڕاپۆرتی دارایەکەم بە باوکی دەوڵەمەند بدەم. دەمزانی دەبێت مانگی جارێك بەرپرسیار بم بۆ هەموو پارەکەم و هەژماری بکەم. بە بێگومان هەندێك مانگ هەبوو کە دەمویست ڕابکەم و خۆم بشارمەوە. بەڵام کە لێی دەڕوانمەوە، زۆربەی جار خراپترین مانگەکان ئەو مانگانە بوون کە زۆرترین شت فێربووم... دەربارەی خۆم. هەروەها دەزانم کە ئەم دیسپلینە لە خوێندندا یارمەتیدام چونکە ئەوە بەهۆی نەبوونی دیسپلینمەوە بوو، نەك نەبوونی زیرەکی، کە گرفتگەلێکی زۆری ئەکادیمی بۆدروست کردبووم.

بەم شێوەیە باوکە دەوڵەمەندەکەم من و کوڕەکەی فێری مامەڵەکردن لەگەڵ پارەدا کرد لە دونیای ڕاستەقینەدا. لە بەشەکانی دواتردا دەچمە سەر هەندێك ڕاهێنانی پێشکەوتوو کە دەتوانن تاقی بکەنەوە لەگەڵ هەندێك وانە کە لەگەڵیدا فێر دەبن. ئەو وانانەی کە دێن فێربوونیان گرنگە، چونکە ئەمڕۆ بە تەنها پاشەکەوتکردنی پارەکەت بۆ ڕۆژی ڕەش بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی دواکەوتن لە ڕووی داراییەوە. لە سەردەمی پیشەسازیدا، پاشەکەوتکردنی پارە ڕەنگە بیرۆکەیەکی خراپ نەبووبێت. بەڵام لە سەردەمی زانیاریدا، پاشەکەوت کردنی پارە بیرۆکەیەکە کە لەگەڵ خێرایی ئەو گۆڕانکاریانە نایەتەوە کە بە هۆی گۆڕانی زانیارییەوە دروست دەبن. لە سەردەمی زانیاریدا، پێویست دەکات بزانی پارەکەت چەند خێرا دەجوڵێت و چەند بە سەختی کارت بۆ دەکات.

## بەندی یانزە

# جیاوازی نێوان قەرزی باش و قەرزی خراپ

دایك و باوکم زۆربەی ژیانیان بەسەربرد لە هەوڵدانادا بۆ دەرچوون لە ژێر قەرز. لە لایەکی ترەوە، باوکە دەوڵەمەندەکەم، زۆربەی ژیانی لەوەدا بەسەربرد کە زیاتر و زیاتر بچێتە ژێر قەرزەوە. لە بری ئەوەی ئامۆژگاری من و مایك بکات تا لە قەرز و پارەدانی پسووڵە دوورکەوینەوە، زۆر جار دەیگوت، "ئەگەر دەتانەوێت دەوڵەمەند ببن، دەبێت جیاوازی نێوان قەرزی باش و قەرزی خراپ بزانن. مەسەلە قەرزەکە نەبوو کە باوکی دەوڵەمەند بەلایەوە گرنگ بوو. بەڵکو دەیویست کە جیاوازی نێوان دارایی باش و خراپ بزانین. باوکی دەوڵەمەند زیاتر هێنانە دەرەوەی زیرەکی داراییمانی مەبەست بوو.

## جیاوازی نێوان باش و خراپ دەزانیت؟

لە قوتابخانە، زۆربەی جارەکان مامۆستاکان وێڵی دوای وەڵامە ڕاستەکان و وەڵامە هەڵەکانن. لە کڵێسادا، زۆربەی گفتوگۆکان دەربارەی جەنگی نێوان چاکە و خراپەن. کاتێکییش دەهاتە سەر پارە، باوکی دەوڵەمەندیش پێیگوتین کە جیاوازی نێوان باش و خراپ بزانین.

## خەڵکانی هەژار و بانکەکان

کاتێك منداڵ بووم، دەمزانی کە زۆرێك لە خێزانە هەژارەکان متمانەیان بە بانك و بانکەوانەکان نییە، زۆرێك لە خەڵکانی دەوڵەمەند هەست بە

نائاسوودەی دەکەن کاتێک قسە لەگەڵ بانکەوانێکی قات لەبەر بکەن. بۆیە لە بری ئەوەی بچن بۆ بانک، زۆر بە سادەیی زۆربەیان پارەکانیان لە ژێر دۆشەک و شوێنی پارێزراوی تردا دەشارنەوە، هەتا نەچێتە بانکەوە. ئەگەر کەسێک پێویستی بە پارە بێت، خەڵکەکە پێکەوە کۆدەبنەوە، پارەکانیان کۆدەکەنەوە و دەیدەن بەو کەسەی لە گروپەکەدا پێویستی پێیەتی. ئەگەر نەتوانن هەندێک دۆست یان خێزان بدۆزنەوە تا پارەکەی پێبدەن، ئەوسا دوکانی سووخۆرەکان وەک بانک بەکاردەبەن.

لەبری خەواندنی خانوەکانیان وەک بارمتە، مشاری کارەبایی یان تی ڤی دەخەوێنن و داوای ڕێژەیەکی بەرزی قازانج دەکەن. ئەمڕۆ خەڵکانی هەژار دەتوانن لە هەندێک ویلایەتی ئەمریکادا داوای زیاتر لە سەدا چوار سەتی ڕێژەی قازانج بکەن لە بڕە پارەیەکی سنووردارددا.

زۆرجار پێیدەگوترێت" قەرزی ڕۆژانە." زۆرێک لە ویلایەتەکان زۆرترین ڕێژەی قازانجیان دیاریکردووە کە دەتوانرێت داوا بکرێت، بەڵام هێشتا نرخێکی بەرزە بۆ قەرزکردنی پارە. کاتێک بۆم دەرکەوت کە ئەم جۆرە دەستووره داراییانە چەند بە خراپی مامەڵە لەگەڵ هەژاراندا دەکات، زانیم بۆچی خەڵکانێکی زۆری هەژار متمانەیان بە پیاوانی قات لەبەر نییە. هەروەها دەزانم کە ئەو متمانەیە دوولایەنەیە. بەلای ئەوانەوە، هەموو بانکەکان و بانکەوانەکان خراپن و بۆیە بوونیان هەیە تا بیانچەوسێنەوە. بانك و بانکەوانەکانیش زۆربەی جار بە هەمان شێوە لە هەژاران دەڕوانن.

## چینی ناوەڕاست و بانکەکان

لە لایەکی ترەوە، دایك و باوکم، وەك زۆربەی خەڵکانی چینی ناوەڕاست، بانکیان وەك شوێنێکی پارێزراو دەبینی بۆ هەڵگرتنی پارە. زۆر جار بە منداڵەکانیان دەگوت،" ئەو شتە هێندەی پارەی ناو بانك سەلامەتە." کەوابێ بانکیان وەك شوێنێکی باش دەبینی بۆ هەڵگرتنی پارەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەرزکردنی پارەی زۆریان پێ باش نەبوو. هەرلەبەر ئەوە بوو دایك و باوکم هەوڵیاندەدا زوو پارەی پسووڵەکان بدەن. یەکێك لە ئامانجەکانیان ئەوە بوو کە پارەی خانووەکەیان لەسەر لاچێت و ببنە خاوەنێکی سەربەخۆ و تەواوەتی. ئەگەر ڕوانینەکەیان پوخت بکەینەوە، پێیانوابوو کە بانکەکان باشن، پارە پاشەکەوت کردن باشە و پارە وەرگرتنیش خراپە. لەبەرئەوە دایکم بەردەوام دەیگوت،" نە ببە بە قەرزدەر نە بە وەرگر."

## خەڵکانی دەوڵەمەند و بانکەکان

لە لاکەی ترەوە، باوکە دەوڵەمەندەکەم. من و مایکی فێرکرد کە زیرەکتر بین لە ڕووی داراییەوە. وەك پێشتر ئامەژەمپێدا، یەکێك لە پێناسەکانی زیرەکی توانای ئەنجامدانی جیاکاریەکی باشترە، یان توانای چەند جارە کردن بە دابەش کردنە. زۆر بە دیاریکراوی، باوکی دەوڵەمند هەروا کوێرانە بیری نەدەکردەوە کە پاشەکەوتی پارە باشە یان ئەو قەرزە خراپە. لە بری ئەوە،کاتێکی زۆری تەرخانکرد هەتا جیاوازی نێوان پاشەکەوتی باش و پاشەکەوتی خراپ، خەرجکردنی باش و خەرجکردنی خراپ، قەرزی باش و قەرزی خراپ، لە دەستدانی باش و لەدەستدانی

خـراپ، داهـاتی بـاش و داهـاتی خـراپ، بـاجی بـاش و بـاجی خـراپ و وەبەرهێنانی باش و وەبەرهێنانی خراپمان فێـر بکـات. بـاوکی دەوڵەمەند فێری کردین بیر بکەینەوە و ئاستی زیرەکی داراییمان بـەرز بکەینـەوە بـە ئەنجامدانی جیاکاریەکی باشتر. بە دەربڕینێکی تـر، هـەتا زیـاتر جیـاوازی نێوان قەرزی باش و قەرزی خراپ، پاشەکەوتی باش و پاشەکەوتی خـراپ بزانیـت، ئاسـتی زیرەکـی دارایـت بـەرزتر دەبێتـەوە. ئەگـەر شـتێك وەك قەرزی باش یان قەرزی خراپ ببینیت، کەواتە مانای وایە دەکرێـت ئاسـتی زیرەکی دارایت بەرزتر ببێتەوە.

ئەم کتێبە ناچێتە نیو وردەکاری جیاوازیـە دیاریکراوەکـانی نێـوان بـاش و خـراپ. بـەڵام ئەگـەر خوازیـارن زیـاتری لەسـەر بـزانن، ڕێبـەری بـاوکی دەوڵەمەند بۆ وەبرهێنان، هەندێك لە جیاوازیـەکانی نێـوان قـەرزی بـاش و خراپ، خەرجیەکان، لە دەستدان، باج و ئەوانی تر زیاتر ڕوونـدەکاتەوە.

مەبەستی ئەم کتێبە هۆشیارکردنەوەی دایـك و باوکانـە دەربـارەی گـوتنی هەندێك گوزارشتی گشتگیری وەك:

_" لە ژێر باری قەرز وەرە دەرەوە."

_" پارە پاشەکەوت بکە."

_" پارەی پسووڵەکانت بدە."

_" کریدت کارتەکانت دابخە."

_" پارە قەرز مەکە."

لـە کاتێکدا خـەڵکانی هـەزار خـراپ بـیر لـە بانکـەکان دەکەنـەوە و لێیـان دووردەکەونەوە چینی ناوەڕاستیش پێیانوایـە کـە هەنـدێك خزمـەتگوزاری بانك باشـە و هەنـدێك خزمـەتگوزاری تـری خراپـە، باوکـە دەوڵەمەندەکم

نێری کردین کە باش و خراپ لە هەموو شتێکدا ببینین. بە هاندانمان بۆ بینینی باش و خراپ لە زۆربەی مەسەلە داراییەکاندا. توانامانی بەرزکردەوە بۆ ئەنجامدانی جیاکەریگەلێکی باشتر. لەو ساتەوە، ئاستی زیرەکی دارایی خۆمانمان بەرز کردەوە.

## هەشەپێدانی بلیمەتی دارایی منداڵەکەت

یەکێک لە گرنگترین ئەو وانانەی باوکی دەوڵەمەند پێیگوتینەوە ئەو وانەیە بوو کە پێیدەگوت،" وەك بانکەوانێك بیر بکەرەوە." هەروەها پێشیدەگوت،" کیمیاگەری پارە... چۆن قورقشم دەکەیت بە زێڕ،" یان" چۆن لە هیچەوە پارە پەیدا دەکەیت."

لە بری بینینی بانك وەك شوێنێکی خراپ، هەروەك چۆن هەژارەکان وای دەبینن، یان بینینی هەندێك بەشی وەك باش و هەندێکی تر وەك خراپ، هەروەك چۆن چینی ناوەڕاست وا لێی دەڕوانن، باوکی دەوڵەمەند دەیویست من و مایك لە چۆنێتی کاری بانك تێبگەین.

لە ماوەی ئەم گەشەسەندنەماندا، جار جار لەگەڵ خۆی دەیبردین بۆ بانك و لە هۆڵی چاوەڕوانیدا دایدەنیشاندین، لە خەڵکیمان دەڕوانی کە دەهاتن و دەڕۆیشتن. لە کۆتاییدا، دوای ئەوەی چەند جارێك ئەم ڕاهێنانەمان ئەنجامدا، لێی پرسین،" ئێ، کوڕینە چی دەبینن؟"

لەبەرئەوەی لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بووین، شتێکی وامان نەدەبینی، من و مایك شانمان ڕاوەشاند و بێزار بووین، وەك زۆربەی هەرزەکاران کاتێك پرسیارێکیان لێ دەکرێت. مایك گوتی،" خەڵکی دێنە ناوەوە و دەڕۆنە دەر." وەلامەدانەوەیە،" بەڵێ، هەموو ئەوەی دەیبینم ئەوەیە." باوکی دەوڵەمەند گوتی،" چاکە." لە کاتێکدا بەرەوە مێزی کارمەندەکە

ڕێی نیشاندااین، لەوێ داوای کرد سەیری ژنێک بکەین کە سەفتە پارەی ڕێکدەخست. گوتی،" ئەوەتان بینی؟" سەرمان لەقاند.

گوتی،" چاکە،" هەر کە پێشمانکەوت بۆ لای ئەو مێزەی کە یەکێك لە فەرمانبەرە باڵاکانی بانکەکە لێی دانیشتبوو." لێرە چی دەبینن؟" من و مایك سەیرمانکرد پیاوێك بە قات و بۆینباغەوە لەوێ دانیشتووە و ڕاپۆرتی دارایی پردەکاتەوە و قسە بۆ بانکەوانەکە دەکات. وەڵامدایەوە،" لە ڕاستیدا نازانم، بەڵام ئەگەر گریمانەی بکەین، دەمگوت کە بڕێك پارە قەرز دەکات." باوکی دەوڵەمەند گوتی،" چاکە" ئاماژەی بۆ کردین کە کاتی ئەوەیە بڕۆین." لە کۆتایدا ئەوەتان بینی کە دەمویست بیبینن." کە سەر ئۆتۆمبێلەکەی کەوتین، کە بە هۆی خۆری هاواییەوە سوور ببۆوە، مایك پرسی،" چیمان بینی؟" باوکی دەوڵەمەند وەڵامی دایەوە،" پرسیارێکی باشە، چیتان بینی؟" گوتم،" خەڵکم بینی دەهاتنە ناوەوە و پارەیان لە بانك دادەنا، دواتر خەڵکانی ترم بینی هاتنە بانکەوە و پارەیان بە قەرز وەرگرت. ئەوە هەموو ئەوە بوو کە بینیم." باوکی دەوڵەمەند گوتی،" زۆرباشە، ئەی ئەو پارەیە ەی کێ بوو؟ ئایا پارەی بانکەکە بوو؟"

مایك گوتی،" نەخێر، پارەی خەڵك بوو، بانك بە پارەی خەڵکی تر پارە پەیدا دەکات، پارە وەردەگرن و پارە بە قەرز دەدەن، بەڵام پارەی خۆیان نییە." باوکی دەوڵەمەند دووبارە گوتی،" چاکە." دواتر ڕووی کردە من و گوتی،" ئەی دایك و باوکت هەوڵدەدەن چی بکەن هەر جارێك دەڕۆنە بانك؟"


دوای بیرکردنـەوە بـۆ سـاتێك، وەڵامـمدایـەوە،" هـەوڵی تـەواوی خۆیـان دەدەن هەتا پارە پاشەکەوت بکەن. وە ئەگەر پـارە قـەرز بکـەن، ئەوسا هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن کە کە قەرزەکە بدەنـەوە بـەو پارەیـەی کـە وەریانگرتووە. پێیانوایە پاشەکەوت کردن باشە و قەرز خراپە."

باوکی دەوڵەمەند گوتی" ئافەرین، زۆر وردبینیت."

کڵاوی بەیسبۆلەکەم بردە داواوە و تەنها شـانێکم هەڵتەکاند و بـە خـۆم گوت،" شـتێکی مـەزن بـوو" کـە دەگەڕاینـەوە بـۆ نووسـینگەکەی بـاوکی دەوڵەمەند.

لەسەر مێزەکەی دانیشتین، باوکی دەوڵەمەند پـەڕاوە زەردە یاسـاییەکەی دەرهێنا ئەم هێڵکاریەی خوارەوەی کێشا، هێڵکاری ڕاپۆرتی دارایی:

بانك



| قەرز | سەرمایە |
|---|---|
| پاشەکەوت ٣٪ | قەرزەکان ٦٪ |

باوکی دەوڵەمەند لە کاتێکدا کە پەڕاوەکـەی خسـتە بـەردەممان پرسـی،" لەم وێنە داراییە تێدەگەن؟"

مـن و مایـك بـۆ سـاتێك خوێندمانـەوە. مایـك گـوتی،" بـەڵێ. مـن لێـی تێدەگەم" کە منیش سـەرم لەقاند. هـەتا ئـەو کاتـە هێنـدە لـەم سیناریۆ داراییانەمان بینیبوو کە تێگەیشتن لەوەی کە باوکی دەوڵەمەند چۆن بیر دەکاتەوە ئاسان بوو،" بانك پـارە وەردەگرێـت یـان هەڵیـدەگرێت و لـە ٣٪ی دەدات بەوانەی پـارە لـە بانك دادەنێن و لـە ٦٪ دەدا بـە ئەوانـەی قەرزی دەکەن."

باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند و گوتی،" ئەی ئەو پارەیە هی کێیە؟"

خێرا وەڵاممدایەوە" پـارەی پاشـەکەوتکەرەکانە. وە هـەر هێنـدەی هاتـە بانکەوە، بانك دەیەوێت بە قەرز بیدات."

بـاوکی دەوڵەمەنـد سـەری لەقانـد، دوای ماوەیـەکی زۆر بێـدەنگی، هـەتا ئەوە هەرس بکەین کە دەیویست لێـی تێبگـەین، گـوتی،" کوڕینـە کاتێك پێکەوە یاری مۆنۆپۆلی دەکەین، زۆرجار پێتـان دەڵـێم کـە ئێمـە سـەیری هاوکێشەیەکی مەزن دەکەن بۆ سامانداری. ئەوا ڕاستە؟"

سـەرمان لەقانـد. مـن بـەهێوری گـوتم،" چـوار خـانووی سـەو، هـۆتێلێکی سـوور." بـاوکی دەوڵەمەنـد گـوتی،" چـاکە. شـتێکی گـرنگ دەربـارەی خانووبەرە ئەوەیە کە دەتوانی ببینی. بـەڵام ئێسـتا کـە گـەورەتر بـوون، دەمەوێت ئەو شتە ببینن کە چاوەکان ناتوانن ببینن."

سەرم لێشێوابوو، دووبارەم کردەووە" ئەوەی چاوەکان ناتوانن ببینن؟"


بـاوکی دەوڵەمەنـد سـەری لەقانـد." ئێسـتا گـەورەترن. مێشـکتان زیـاتر گەشەی کردووە. دەمەوێت ئیتر فێرتان بکەم کە چۆن بە مێشـکتان ئـەوە ببیـنن کـە خـەڵکانی هـەژار و خـەڵکانی چـینی ناوەڕاسـت بـە دەگمـەن

دەیبینن. زۆربەی جار نایبینن چونکە ئاشنا نین بە ڕاپۆرتە داراییەکان و شێوازی کارکردنیان."

من و مایک بە بێدەنگی دانیشتبووین، چاوەڕێ بووین. دەمانزانی کە خەریکە شتێکی سادە بەڵام کاریگەر و گرنگمان پیشان دەدات. بەڵام تەنها کاتێک کاریگەر دەبێت کە لەسەروو سادەیەکەیەوە بیبینین.

دواتر باوکی دەوڵەمەند پەڕاوە یاسایەکەی هێنایەوە و هێڵکاری دواتری کێشا.

باوکی دەوڵەمەند



| قەرز | سەرمایە |
|---|---|
| قەرزی بانک | پارەی کەسی |
| ٦٪ | ١٢٪ قەرز |

من و مایک دانیشتین و بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری هێڵکارییەکەمان کرد، وەک گوتم، هێڵکارییەکی سادە بوو، بەڵام کاریگەر و گرنگ دەبوو ئەگەر ڕێگەمان بە وانەکە بدایە بێتە مێشکمانەوە بە بێ ڕەچاوکردنی سادەییەکەی. لە کۆتاییدا گوتم، " کەواتە تۆش پارەوە وەردەگریت و بە قەرز دەیدەیت، ڕێک وەک ئەوەی بانکەکان دەیکەن؟"

باوکی دەوڵەمەند گوتی،" ئەوە ڕاستە، ئەوە دەزانی زۆرجار دایک و باوکت دەڵێن، ' نە ببە بە قەرزدەر نە وەرگر؟'" سەرم لەقاند.

باوکی دەوڵەمەند گوتی،" لەبەرئەوەیە لەگەڵ پارەدا لە کێشمەکێشدان، یەکەم ئەوان جەختیان لەسەر پاشەکەوت کردنی پارە کردۆتەوە، ئەگەر پارە قەرز بکەن، بۆ ئەو موڵکە- قەرزانەی قەرز دەکەن کە وا دەزانن سەرمایەن--- شتگەلی وەك خانوو و ئۆتۆمۆبێل --- شتگەلێك کە جووڵەی نەختی لێیان دەردەچێت لە بری ئەوەی بچێتە ناویانەوە. دواتریش بە سەختی کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەو قەرزە بدەنەوە بتوانن بڵێن، 'من خاوەنی سەربەخۆ و تەواوەتی ئەم شتەم. '"

پرسیم،" ئایا ئەوە خراپە کە ئەوان دەیکەن؟"

باوکی دەوڵەمەند گوتی،" نەخێر، مەسەلەکە باشی و خراپی نییە، بەڵکو مەسەلەی پەروەردەیە. "

وەلاَمدایەوە،" پەروەردە؟ پەروەردە چی پەیوەندیەکی بەم شتەوە هەیە؟"

باوکی دەوڵەمەند گوتی،" دەی، مادام دایك و باوکت لە مسەلەی پارەدا باش فێر نەکراون، باشترین شت ئەوەیە پارە پاشەکەوت بکەن و هەوڵی تەواوی خۆیان بدەن بە زووی پارەی پسووڵەکان بدەن. بە پێی ئاستی پەروەردەیی داراییان، یان ئەوەی من پێیدەڵێم" کارامەیی" دارایی ئەو جۆرە ماماڵەکردنە لەگەڵ پارەدا باشترینە بۆیان. "

مایك گوتی،" بەلاَم ئەگەر بیانەوێت ئەوە بکەن کە تۆ دەیکەیت، پێویستە ئاستی پەروەردەیی داراییان بەرز بکەنەوە. "

باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند،" هەر ئەوەشە دەمەوێت لەگەڵ ئێوەدا بیکەم بەرلەوەی خوێندن تەواو بکەن. ئەگەر پێش تەواوکردنی خوێندن ئەو شتانەی کە خەریکە پێتان دەڵێم فێرنەبن، ئەگەرەکان ئەوە دەبن کە هەرگیز فێری نابن. ئەگەر بەبێ ئەم پەروەردەکردنە خوێندن تەواو بکەن، ئەگەرەکان ئەوە دەبن کە دونیا نادادپەروەرانە بەکارتان بهێنێت زۆر بە سادەیی لەبەرئەوەی هیچی وا دەربارەی پارە نازانن."

پرسیم،" مەبەست ئەوەیە دونیای ڕاستەقینە فێرمان دەکات؟"

باوکی دەوڵەمەند تەنها سەری لەقاند. گوتم،" کەواتە پارە قەرز دەکەیت بۆ پەیداکردنی پارە."باوکی دەوڵەمەند گوتی،" ئەوە ڕاستە."

" بەڵام دایك و باوکم کار بۆ پارە دەکەن دواتر هەوڵدەدەن پارە پاشەکەوت بکەن و پارە قەرز نەکەن."

باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند." لەبەرئەوەشە کە سەختە بۆیان دەوڵەمەند بن." بۆم زیادکرد،" چونکە بە سەختی کار بۆ پارە دەکەن،" وێڵی دوای ڕوونکردنەوەی زیاتر بووم.

باوکی دەوڵەمەند بە سەر لەقاندنەوە گوتی،" وە تەنها دەتوانی بە سەختی کار بکەیت هەتا ئەو بڕە پارە زۆرە وەرگریت لە بەرامبەردا. بۆ زۆربەی خەڵکی، سنوورێك هەیە بۆ ئەو بڕە پارەیەی کە کاری قورس دابینی دەکات." مایك بۆی زیادکرد،" کەواتە سنوورێکیش هەیە بۆ ئەو بڕەی کە پاشەکەوتی دەکەیت. وەك گوتت، باجەکان گوژمەیەکی چاك لە مووچەی فەرمانبەران دەبات تەنانەت بەرلەوەی مووچەکانیشیان وەرگرن."

باوکی دەوڵەمەند بە هێمنی لە کورسیەکەیدا پاڵی دایەوە. دەیزانی کە وانەکە فێربووین.

لە هێلکاریەکەی سەر پەڕاوەکەی باوکی دەوڵەمەندم ڕوانی و ئاماژەم کرد بۆ ستوونی سەرمایەکان و قەرزەکان." کەواتە تۆ ڕێك ئەوە دەکەیت کە بانکەکان دەیکەن. پارە لە بانك قەرز دەکەیت، دواتریش ڕێگایەك دەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی بەو پارە قەرزکراوە پارەی زیاتر پەیدا بکەیت."

باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند. لێمی ڕوانی و گوتی،" ئێستا با سەیرێکی ڕاپۆرتی دارایی دایك و باوکت بکەین."

لەگەڵ ئەو قسەیدا، پاڵمدا بە کورسیەکەمەوە. دەمزانی نیازی چی هەیە. وەك ڕۆژی ڕووناك دیار بوو. بە بەکارهێنانی پەڕاوە یاسایەکە، وێنەی ڕاپۆرتی دارایی دایك و باوکمی کێشا.

**باوکی دەوڵەمەند**

[redacted]

| قەرز | سەرمایە |
| --- | --- |
| قەرزی بانك | پارەی کەسی |
| ٪٦ | ٪١٢ |

**باوکی هەژار**

[redacted]

| قەرز | سەرمایە |
| --- | --- |
| بارمتەکان | پاشەکەوت |
| ٪٦ | ٪٣ |

باوکی دەوڵەمەند و من و مایك دانیشیبووین و لە جیاوازیەکانی نێوان دوو راپۆرتە داراییەکانمان دەڕوانی. بە ڕاستی نەمدەزانی ئەم وانەیە چەند کاریگەر بووە لە ژیانمدا، بەڵام لە دوای ئەو ڕۆژەوە شێوازی ڕوانینم گۆڕا. وانەگەلێکی زۆر هەن کە دەکرێ لەم نموونە سادەیەوە فێربین، تا ئەمڕۆش بەردەوامم لە فێربوونیان.

زۆربەی وانە و پەندەکانی شاراوەن. پێشنیار دەکەم دایك و باوکان لەگەڵ دۆستەکانیان دانیشن و گفتوگۆ دەربارەی کاریگەری ئەو جیاوازیە وردانە بکەن کە دەکرێ لەسەر تەواوی ژیانی کەسێکدا ڕەنگبداتەوە.

پێشنیار دەکەم کات تەرخان بکەن بۆ گفتوگۆ ئەمانەی خوارەوە:

ـ چی بەسەر خەڵکی دێت ئەگەر زهنی داراییان ڕێگە بدات سەرمایەیەکی کەمتر لە تێچووی قەرزەکانیان بە دەستبەێنن بە درێژایی ژیانیان؟

ـ چەندێك کات پێویستە بۆ پاشەکەوت کردنی پارە لە بری قەرزکردنی؟ بۆ وێنە، ئەگەر ساڵانە تەنها ٥٠ هەزار دۆلار پەیدا بکەیت و خێزانێك هەبێت خواردن، جل و بەرگ و خوێندنیان پێویست بێت، چەندێکت پێدەچێت هەتا ١٠٠ هەزار دۆلار پاشەکەوت دەکەیت لە بەرامبەردا چەندی پێدەچیت ١٠٠ هەزار دۆلار قەرز بکەیت؟

ـ چەندێك خێراتر دەتوانی پێش بکەویت ئەگەر بتوانی پارە قەرز بکەیت و پارەی پێ پەیدا بکەیت، لە بەرامبەردا چەندی دەوێت کە بە سەختی کار بکەیت و پارە پاشەکەوت بکەیت، دواتریش هەوڵبدەیت بەو پارەی پاشەکەوتە پارەی تر پەیدا بکەیت؟

_ چۆن باوکێك سەرمایەکانی، پاشەکەوتەکەی دەبات و دەیکاتە قەرز (کۆکەرەوەکان لە دۆڕاوەکانن)، لە کاتێکدا باوکەکەی تر قەرز وەردەگرێت و دەیکاتە سەرمایە؟

_ ئەو شارەزاییە داراییانە چین کە پێویست بۆ ئەوەی ببیتە کەسێك کە بتوانی پارە قەرز بکەیت و پارەی زیاتری پێ پەیدا بکەیت؟

_ چۆن ئەو شارەزاییانە فێر دەبیت؟

_ سەرکێشی ماوە-کورت و سەرکیشی ماوە- درێژ چین لە هەردوو جۆرەکەی ڕاپۆرتە داراییەکاندا؟

_ منداڵەکانمان فێری چی دەکەین؟

ئەگەر کات تەرخان بکەن بۆ گفتوگۆی ئەم پرسیارانە، پێموایە تێدەگەن کە بۆچی خەڵکانێکی کەم دەوڵەمەند دەبن، وە بۆچی زۆربەی خەڵکی لە ڕووی داراییەوە هەموو ژیانیان لە کێشمەکێشدان. زۆربەی کێشمەکێشە داراییەکان و بردنەوە داراییەکان بە دەوری مەسەلەی پارە، پاشەکەوت و قەرزدا دەسووڕێنەوە.

## بە شتی بچووک دەست پێبکە

باوکی دەوڵەمەند هەمیشە دەیگوت،" وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ چەکێکی پڕ فیشەك دەکەیت ئاوا مامەڵ لەگەڵ قەرزدا بکە." هۆکاری ئەوەی کە باوکی دەوڵەمەند زۆر جار دەیگوت کە گرنگە جیاوازی نێوان قەرزی باش و قەرزی خراپ بزانین ئەوە بوو کە قەرز لە توانایدایە هەم دەوڵەمەندت بکات هەم هەژار. ڕێك وەك چەکێکی پڕ فیشەك کە هەم دەتوانی پارێزگاریت لێبکات و هەم بشتکوژێت. ئەمڕۆ لە ئەمریکادا، قەرزی

کریدت کارت بڕستی ژیانی لە گەلێك خێزان بڕیوە. تەنانەت کەسانی زۆر خوێندەواریش.

مەبەستی سەرەکی ئەم بەشە پێدانی هەندێك کاتە پێتان تا بیر بکەنەوە دەربارەی ئەوەی کە چی فێری منداڵەکانتان دەکەن دەربارەی قەرز. ئەگەر دەتەوێت منداڵەکانت گەورە بن و دەرفەتی دەوڵەمەندبوونیان هەبێت لە ماوەیەکی کورتدا، کەواتە ئێوە وەك دایك و باوك پێویستە منداڵەکانتان فێری شارەزاییە بنچینەیەکان بکەن لە قەرز و کارگێری قەرزدا. ئەو فێرکردنە بە ڕاپۆرتی دارایی دەست پێدەکات.

ئەگەر شتێکی وا فێری منداڵەکانت نەکەیت دەربارەی قەرز، ئەوسا ئەگەرەکان ئەوە دەبن کە منداڵەکانت تەواوی ژیانیان لە ڕووی داراییەوە دەتلێنەوە، هەوڵی تەواو دەدەن بە سەختی کار بکەن، پارە پاشەکەوت بکەن و لە ژێر قەرز دەرچن.

بەشەکانی داهاتوو دەربارەی ئەوەن کە چۆن دایك و باوکان دەست بکەن بە بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکی منداڵەکەیان. منداڵێك بە ئاستێکی بەرزی زیرەکی داراییەوە باشتر دەتوانێت سوود لەو هێزە نایابە وەرگرێت کە لە قەرزدایە. وەك باوکی دەوڵەمەند دەیگوت،" هەمیشە وەك چەکێکی پڕ فیشەك مامەڵە لەگەڵ قەرزدا بکەن،" و" پێویستە جیاوازی نێوان قەرزی باش و خراپ بزانن."

کاتێك دەست دەکەیت بە فێرکردنی منداڵەکات دەربارەی قەرزی باش و قەرزی خراپ، خەرجی باش و خەرجی خراپ، ئەوا دەست دەکەیت بە هێنانەدەرەوەی بلیمەتی دارایی منداڵەکەت.

بەندی دوانزە

## فێربوون بە پارەی ڕاستەقینە

کاتێك دایکم و باوك ڕایانگەیاند کە پارەیان نییە بمنێرنە زانکۆ، هەموو ئەوەی گوتم ئەمە بوو،" کێشە نییە. پێویستم بە پارەی ئێوە نییە بۆ خوێندن. خۆم شێوازێك دەدۆزمەوە هەتا پارەی خوێندنەکەم بدەم." دەمتوانی بە متمانە بەخۆبوونەوە ئەوە بڵێم چونکە پێشتر دەستم کردبوو بە پەیداکردنی پارەی خۆم. بەڵام ئەوە پارە پەیداکراوەکە نەبوو منی خستە بەر خوێندن. بەڵکو ئەو وانانە بوو کە لە کاتی پەیداکرنی پارەکەدا فێریان بووم منیان نایە بەر خوێندن. بە ئەو وانەیەی باوکی دەوڵەمەند دەستی پێکرد کە ڕۆژانە دە سەنت بۆ هەر کاژێرەکەمی لێ دەبڕیم. لە تەمەنی نۆ ساڵیمدا، فێری ئەوە بووم کە بە پشت بەستن بە خۆم دەتوانم بمێنمەوە.

وازم لە یارمەتیدانی کوڕەکەم هێنا و دەستم کرد بە وانەگوتنەوە پێی لەم دوایانەدا باوکێك هاتە لام و پێی گوتم،" پێموایە کوڕەکەم دەشێ بیل گەیتسی دووەم بێت. بریان تەنها ١٤ ساڵانە، بەڵام لە ئێستاوە مەیلێکی زۆی هەیە بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان. هەروەها دوای خوێندنەوەی کتێبەکانت بۆم دەرکەوت کە من زۆر نازم داوەتێ، دەمویست هاوکاری بکەم، بەڵام لە ڕاستیدا بوومە بەربەستی بەردەمی. بۆیە کاتێك هاتە لام و گوتی داری نوێی گۆلفی دەوێت، کێبڕکێیەکی تازەم پێدا."

پرسیم،' چۆنایی بوویتە بەربەستی بەردەمی؟"

باوکەکە گوتی،" فێرمدەکرد کە کار بۆ پارە بکات، بە شێوەیەکی ئاسایی، ئەگەر بهاتایە و داوای داری گۆڵفی بکردایە، پێمدەگوت پارەکە پەیدا بکە و دار گۆلفەکانی پێبکڕە. دوای خوێندنەوەی کتێبەکانت، درکم بەوە کرد کە من بەرنامەڕێژی دەکەم بۆ ئەوەی ببێتە کارکەرێکی سەخت-کارکەر. بەرنامەڕێژم دەکرد هەتا ببێتە پیاوێکی سەخت کارکەر لە بری پیاوێکی دەوڵەمەند کە بزانێت پارە وا لێ بکات کاری بۆ بکات."

پرسیم،" کەواتە چی شتێکی جیاوازت کرد؟"

" ئێ، پێمگوت بە گەڕەکەکدا بگەڕێت بە دەوای کارێکدا کە دەبێت ئەنجام بدرێت. بە شێوەیەکی ئاسایی، پارەم بە شێوەی خەرجی ڕۆژانە پێدەدا و پێمگوت بڕی پێویستی لێ پاشەکەوت بکات بۆ کڕینی دار گۆلفەکان."

وەڵامدایەوە،" ئەوە سەرنجراکێشە. لە بری ئەوەی فێری بکەیت کە ئەو ئۆتۆماتیکی شایەنی پارەیە، پێتگوتووە کە بە دوای هەڵی کارەکاندا بگەڕێت و پارە بەدەست بهێنێت."

بە سەرلەقاندنەوە باوکە شانازەکە گوتی،" پێموابوو کە تووڕە دەبێت، بەڵام هەر بەڕاستی دڵخۆش بوو بەوەی دەست دەکات بە بازرگانی خۆی، شتێکی تایبەت بە خۆی نەک داواکردنی پارە لە من. هەر بۆیە ڕۆیشت و هاوینەکە دەستی کرد بە پەرژین بڕین هەر زوو ٥٠٠ دۆلاری بەدەست هێنا، کە زۆر لەوە پارەیە زیاتر بوو کە بۆ کڕینی دار گۆلفەکان پێیدەدرا. بەڵام دواتر شتێکی تریشم کرد کە جیاواز بوو."

پرسیم،" چیت کرد؟"

" لەگەڵ خۆم بردم بۆ کۆمپانیایەکی کڕین و فرۆشتن، سەرمایەیەکی بە نرخی ١٠٠ دۆلار کڕی. پێمگوت کە ئەم پارەیە بۆ خوێندنی زانکۆیەتی."

گوتم،" ئەوە چاکە، ئەی دواتر ڕێگەتدا دار گۆڵفەکان بکڕێت؟"

" ئۆو، نەخێر،" باوکە شانازەکە وای گوت، لە شانازیدا دەدرەوشایەوە."

دواتر شتێکم کرد کە باوکە دەوڵەمەندەکەت کردوویەتی."

بەوورياييەوە گوتم،" ئەی ئەو شتە چی بوو؟"

" ٤٠٠ دۆلارەکەی ترم لێ ستاند و پێمگوت لای خۆم هەڵیدەگرم هەتا سەرمایەیەك دەدۆزێتەوە تا بتوانێت دار گۆڵفەکانی پێ بکڕێت."

پرسیم،" چی؟ پێتگوت کە بچێت سەرمایەیەك بکڕێت؟ کەواتە تەنانەت ماوەی پێویستی ئەوت بۆ تێربوونی ئارەزوەکانی زیاتر دواخست؟"

باوکەکە گوتی،" بەڵی، تۆ گوت بە ئاوات گەیشتنێکی دواخراو زیرەکیەکی گرنگی هەستەکیە بۆ گەشەکردن، بۆیە پارەکەیم لێ ستاند و تێربوونی ئارەزووەکانیم دواخست."

پرسیم،" ئەی دواتر چی ڕوویدا؟"

باوکەکە گوتی،" بۆ ماوەی نیو کاژێر توورە بوو، بەڵام دواتر درکی بەوە کرد کە چیم دەکرد. هەر کە درکی بەوە کرد کە من هەوڵدەدەم فێری شتێکی بکەم، دەستی کرد بە بیرکردنەوە. وە هەر کە تێگەیشت خەریکی چی بووم، لە وانەکە تێگەیشت." پرسیم،" ئەی وانەکە چی بوو؟"

باوکەکە گوتی،" هاتەوە بۆ لام و گوتی، ' تۆ هەوڵدەدەیت پارەکەم بپارێزیت، وانییە؟ ناتەوێت لە دەستەیەك دار گۆڵفدا بە فیڕۆی بدەم. دەتەوێت دار گۆڵفەکان بەدەستبهێنم و لە هەمانکاتدا پارەکەش هەڵگرم. دەتەوێت ئەوە فێربم، ئەی وانییە؟ ڕووخساری باوکەکە دەدرەوشایەوە."

وانەکە فێربوو. لەوە تێگەیشت کە ئێستا دەتوانێت پارە بە زەحمەت بەدەستهاتووەکەی هەڵبگرێت و دار گۆڵفەکانیش بەدەستبهێنێت. زۆر شانازی پێوە دەکەم."

"واو" هەموو ئەوە بوو کە توانیم بیڵێم." لە تەمەنی چواردە ساڵیدا، لەوە تێگەیشت کە دەتوانێ پارەکەی هەڵبگرێت و دار گۆڵفەکانیش بە دەستبهێنێت؟"

باوکەکە گوتی،" ئەوە ڕاستە، لەوە تێگەیشت کە دەتوانیت هەردووکیانی هەبێت"

ئەمجارەش، هەموو ئەوەی توانیم بیڵێم،" واو" بوو. دواتر گوتم،" زۆربەی پێگەیشتووان هەرگیز فێری ئەوە نابن. کەواتە چۆن ئەوەی کرد؟"" دەستیکرد بە خوێندنەوەی هەلی کارەکانی ناو ڕۆژنامە، دواتر ڕۆیشت بۆ دوکانی گۆڵف و قسەی لەگەڵ یاریزانە پیشەگەرەکان کرد تا بزانێت چیان پێویستە و چیان دەوێت. ڕۆژێکیان هاتەوەماڵەوە و پێیگوتم کە پێویستی بە پارەکەیەتی. ڕێگایەکی دۆزیبۆوە بۆ پاراستی پارەکەی و بەدەستهێنانی دار گۆڵفەکان."

بە پەرۆشی وەرگرتنی وەڵام گوتم،" کەواتە پێمی بڵێ"

" کەسێکی دۆزیبۆوە کە ئامێری خودکاری شیرینی[1] هەبوو بۆ فرۆشتن. دواتر ڕۆیشت بۆ لای یاریزانە پیشەگەرەکە و داوای کرد ئەگەر بتوانێ دوو ئامێر لە دوکانەکەیدا دابنێت، پیشەگەرەکە ڕازی بوو. ئەویش هاتە ماڵەوە و داوای پارەکەی کرد. گەڕایەوە بۆ لای شیرینی فرۆشەکە و بایی ۳۵۰ دۆلار دوو ئامێر و بڕێك چەرەسات و شیرینی کڕی و ئامێرەکانی لە

---

[1] ئەوجۆرە ئامێرەی کە لە ڕێگەی دەرچەیەکەوە پارەی تێدەکرێت و لە ڕێگەی دەرچەیەکی ترەوە ئەوە شتەی دەتەوێت دێتە دەرەوە، وەک ئامێری ساردی و شیرینی...هتد

دوکانەکەدا دامەزراند. هەفتەی جارێك دەڕۆیشت بۆ دوکانی گۆڵفەکە و پارەی ئامێرەکانی کۆدەکردەوە و پڕ شیرینی و چەرەساتی دەکردنەوە. دوای دوو مانگ، پارەی پێویستی پەیدا کرد بۆ کرینی دار گۆڵفەکان. ئێستا دار گۆڵفەکانی هەیە و داهاتێکی جێگیریشی هەیە لە شەش ئامێرەکەیەوە، سەرمایەکانی."

پرسیم،" شەش ئامێر؟ پێموابوو تەنها دوو ئامێری شیرینی کڕی بوو؟"

باوکەکە گوتی،" وابوو، بەڵام هەر کە بۆی دەرکەوت ئامێرەکانی سەرمایەن، ڕۆیشت و سەرمایەی تری کڕی. بۆیە ئێستا پارەی خوێندنی زانکۆی بە جێگیری زیاد دەکات، ئامێری شیرینیەکانی زیاد دەکەن، وە پارە و کاتی هەیە بۆ ئەوەی چەندێك دڵی دەیخوازێت یاری گۆڵف بکات چونکە پێویست ناکات کار بۆ پارە بکات هەتا بتوانێ پارە بە یاری گۆڵف بدات. پلانی ئەوەی هەیە ببێتە تایگەر وودی[1] دووەم وە پێویستیش ناکات من پارەی بۆ بدەم. لە هەمووی گرنگتر، زۆر لەوە زیاتر فێردەبێت کە ئەگەر تەنها پارەکەم پێبدایە."

" وادیارە لە نێوانی تایگەر وود و بیل گەیتسدا تیا ماویت کە دەبێت بە کامیان."

باوکە شانازەکە پێکەنی،" دەزانی، لە ڕاستیدا هێندە گرنگ نییە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەزانێت دەتوانێت پێبگات و ببێت بە هەرکەسێك کە خۆی دەیەوێت."

---

[1] یاریزانێکی پیشەگەری گۆلفە، یەکێک لە باشترین یاریزانەکانی مێژووی گۆلف.

## سەرکەوتن دەبێتە ئەو کەسەی کە دەتەوێت ببیت

بە دوور و درێژی باسی گرنگی ئەوەمان کرد کە کوڕەکەی دەزانێت دەتوانێت پێبگات و ببێتە هەر کەسێك کە خۆی دەیەوێت ببێت." باوکم دەیگوت،'سەرکەوتن دەبێتە ئەو کەسەی کە دەتەوێت ببیت' وادیارە کوڕەکەت لە ئێستاوە سەرکەتووە."

باوکە گوتی،" دەی، زۆر بەختەوەرە. لەگەڵ کۆمەڵەی ' نێو ' خوێندنگا نییە. وەك دەگوترێت، بە جۆرێك شوێن ترپەی تەپڵێکی جیاواز کەوتووە. چونکە ئێستا خاوەنی بازرگانی و پارەی خۆیەتی، خاوەنی شوناس و هەستی ئاسایشی کەسی خۆشیەتی. هەوڵی ئەوە نادات کە دەشێت چەند بەناوبانگ بێت لە نێو کۆمەڵەی خوێندنگادا. پێموایە پارێزراوی شوناسی خۆی کاتی پێداوە زیاتر بیر لەوە بکاتەوە کە دەیەوێت ببێت لە بری ئەوەی ببێت بەو کەسەی کە هاوڕێکانی پێیانوایە نایابە. باوەڕبەخۆبوونێکی زۆری بە دەستهێناوە لە پرۆسەکەدا."

سەرم لەقاند، بیرم لە ڕۆژانی ئامادەیی کردەووە. بە ئازارەوە بیرم کەوتەوە کە گۆشەگیر بووم، نەك تێکەڵاو. لە بیرمە کە لەناو کۆمەڵەی خوێندکارەکان نەبووم و چۆن هەستم بە تەنهایی دەکرد کە لەلایەن کوڕە نایابەکانەوە قبوڵ ناکرێم. کە بیری لێدەکەمەوە، بۆم دەردەکەوێت کە فێربوون لە باوکی دەوڵەمەندەوە هەستێکی ئاسایشی کەسی و باوەڕ بەخۆبوونی پێدابووم سەرەڕای شوناسی" کەم نایاب بوون" ش. ئەوەم دەزانی کە هەرچەندە کە زیرەکترین و نایابترین کەس نیم لە خوێندنگاکەدا، بە لایەنی کەمەوە دەمزانی کە ڕۆژێك دەوڵەمەند دەبم. ئەوەش ئەو شوناسە بوو کە من زیاتر مەبەستم بوو.

باوکەکە پرسی،" پێمبڵێ،" لە یادەوەریەکانی ئامادەیی دەرهێنام." چی تر دەخەیتە سەر خوێندنی کوڕەکەم؟ تا ئێرە هاتووە، زۆر باش هێناویێتی، بەڵام دەزانم کە هێشتا دەتوانێت زیاتر فێر بێت. پێشنیاری چی دەکەیت؟" وەڵاممدایەوە،" ئۆوە پرسیارێکی مەزنە، کارە کاغەزیەکانی چۆنە؟" باوکەکە پرسی،" کاری کاغەزی؟"

" بەڵێ، تۆمارەکانی، ڕاپۆرتە داراییەکانی، ئایا نوێکراونەتەوە؟"

" نەخێر، تەنها هەفتانە بە شێوەی زارەکی پێمی دەڵێت، وە ئەو پارەیەم پیشان دەدات کە لە ئامێرەکانەوە کۆیکردۆتەوە، هەروەها پسووڵەی ئەو شیرینیانەی کە کڕیونی بۆ پڕکردنەوەی ئامێرەکان. بەڵام هیچ ڕاپۆرتێکی دارایی فەرمی بوونی نییە. ئایا ئەوە بۆ ئەو زۆر قورس نییە؟"

" پێویست ناکات بەو شێوەیە بێت. دەکرێت زۆر سادە بێت. لە ڕاستیدا، باشتر دەبێت ئەگەر لە سەرەتادا سادە بێت."

باوکەکە پرسی،" مەبەست ئەوەیە ڕاپۆرتێکی دارایی ڕاستەقینەی هەبێت، وەك ئەوەی کە لە یاری کاش فلۆدا هەیەتی؟"

گوتم،" بەڵێ، نەك هێندە قورس، ئەوەی گرنگە وێنەیەکی گەورەی ئەوە ببینێت کە ڕاپۆرتی دارایی دەتوانێ چی بکات، دواتریش وردە وردە وردەکاری زیاتر و جیاکاری باشتری بۆ زیاد بکات. کاتێك کە ئەوە دەکات، ئاستی زیرەکی دارایی بەرز دەبێتەوە، وە سەرکەوتنی دارایشی زیاتر دەبێت."

باوکەکە گوتی،" دەتوانین ئەوە بکەین، کۆپیەکی یەکەم ڕاپۆرتی دارایت بۆ دەنێرم."

تۆفـەمان کـرد و هەریەکـەمان بـە ڕێـی خۆیـدا ڕۆیشـت. نزیکـەی دوای هەفتەیەک، لە ئیمەیلەکەمدا کۆپیەکی ڕاپۆرتی دارایی کوڕەکەیم بۆ هـات. بەم شێوەیە بوو.

ڕاپۆرتی دارایی بریان

ڕاپۆرتی داهات

| داهات | |
|---|---|
| داهاتی ٦ ئامێری شیرینی | $٤٦٥ |

| خەرجیەکان | |
|---|---|
| شیرینی و چەرەسات | $٨٦ |
| ئامێرەکانی شیرینی | $١٠٠ |
| پارەی زانکۆ | $١٥٠ |
| پاشەکەوت | $١٢٠ |

پەڕاوی هاوسەنگی دارایی

| قەرزەکان | سەرمایەکان | |
|---|---|---|
| $٠ | پاشەکەوت | $٦٠٠ |
| | پارەی زانکۆ | $٣٧٠٠ |
| | شەش ئامێری شیرینی | $١٠٠٠ |

پێلێزبایی خۆم و تێبینیـەکانم بـۆ نـاردەوە. تێبینیـەکانم ئەمانـە بـوون، "خەرجیە کەسیەکانی لە کوێن؟"

باوکی ئیمەیلی بۆ ناردمەوە ،" خەرجیە کەسیەکانی لە ڕاپۆرتێکی دارایی جیادا هەڵدەگرێت. نایەوێت خەرجییەکانی بازرگانیەکەی تێکەڵی خەرجییە کەسیەکانی بێت."

ئیمەیلم بۆ کردەووە،" مەشقێکی نایابە، گرنگە جیاوازی نێوان دارایی کەسی و دارایی بازرگانی بزانیت. بەڵام ئەی چی دەربارەی باجەکان؟"

باوکی وەڵامی دایەوە،" لەم کاتەدا نامەوێت توشی شۆکی بکەم، ساڵێکی تر ئەوە ڕێك دەخەین. بۆ ئێستا ڕێدەدەم بباتەوە. هێندە نابات تا دەربارەی باجەکان دەزانێت."

هەشت مانگ دواتر

نزیکەی دوای هەشت مانگ، باوکی ئیمەیلێك و کۆپیەکی نوێترین ڕاپۆرتی دارایی بریانی بۆ ناردم." تەنها ویستم ئاگاداری بەرەو پێشچوونی بریان بیت. ئەو سەرمایەی کڕین و فرۆشەی پارەی زانکۆی تێکردبوو زۆر باشی هێنا، سەرەڕای ئەو بازاڕە خراپەش، وە ئێستا نزیکەی ٦٠٠٠ $ لەو سەرمایەیەدایە. نۆ ئامێری شیرینی هەیە و بیر لە کڕینی بازرگانیەك دەکاتەوە، بازرگانیەکی خودکاری بە پارەی کانزایی بەڕێوەچوو، ڕێك وەك ئەوەی سەر کارتەکانی یاری کاش فلۆو. نووسیارێکی نیوە- کارەی گرتووە چونکە کارە کاغەزەکانی ئاڵۆزتر بوون. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باسی باجەکانی بۆ بکەم و بە ژمێریارێکی بناسێنم. تازە بۆتە پانزە ساڵ، وە پێموایە ئامادەیە بۆ دونیای ڕاستەقینە. ڕاپۆرتە داراییەکەی لە دۆخێکی نایابدایە، هەروەها ڕاپۆرتی ئەکادیمیشی بە هەمان شێوە. لەگەڵ زیادبوونی باوەڕبەخۆبوونی، نمرەکانیشی بەرزبوونەتەوە."

لە کۆتایی نامەکەشدا نووسرابوو،" تێبینی/ بریان ئێستا تەنانەت خۆشەویستیشی هەیە، وە ئەویش فێری ئەوە دەکات کە فێری بووە. دەڵێت بریانی خۆشدەوێت چونکە وەك کوڕانی تر نییە، وە پێشبینی دەکات کە داهاتووی دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێموایە لە بریان زیاتر مەیلی لە بازرگانیە. باوەڕ بە خۆبوون و باوەڕ بە توانای خۆبوونی لە کەشکەلانی ئەلەکدایە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە فێربووە ببێت بەو کەسەی کە دەیەوێت ببێت، لە بری ئەوەی هەوڵبدات ببێت بەو کەسەی کە منداڵانی تر پێیانوایە دەبێت ببێت. سوپاس. باوکی بریان."

## بەجێژترین بەشی کارەکەم

زۆربەی ئەو نامانەی پێماندەگات ئەرێنی و دڵخۆشکەرن. سوپاسی هەموو ئەوانەتان دەکەم کە وشە جوانەکانتان دەنێرن. وەك کۆمپانیا هانمان دەدات هەتا بەردەوام بین.

وەڵامێك کە زۆر دووبارە دەبێتەوە و پێمدەگات ئەمەیە،" خۆزگە بیست ساڵ لەمەوبەر کتێبەکانتم بخوێندایەتەوە و یاریم بە گەمەکانت بکردایە." من بەو خەڵکە دەڵێم،" هەرگیز زۆر درەنگ نییە، وە ستایشتان دەکەم بۆ دانپیانان بەوەدا کە دەتانتوانی هەندێك شتی کەم بە جیاوازی بکەن." هەندێك کەس بەرگری لەوە دەکەن کە لە ڕابردوودا کردوویانە، تۆمەتی ئەوەم دەدەنە پاڵ کە سوکایەتیم بە باوەڕەکانیان کردووە، دواتریش لەسەر ئەوە بەردەوام دەبن کە لە ڕابردوودا کردوویانە، لەگەڵ ئەوەی ئەوەی لە ڕابردوودا کردوویانە چیتر کار ناکات. زۆربەی جار ئەم کەسانە هاوکێشەیەکی بردنەوەیان هەبووە کە لە ڕابردوودا کاری بۆیان کردووە

بەڵام ئەمڕۆ کار ناکات. بەردەوامبوون لەسەر هاوکێشەیەکی کۆنی بردنەوە کە چیتر کار ناکات شێوازی ژیانی دۆڕاوەکانە.

بە جێژترین بەشی کارەکەم گوێگرتنە بۆ ئەو دایک و باوکانەی کە کە منداڵەکانیان فێردەبن لە ڕووی دارایەوە پارێزراو، سەربەخۆ و متمانە بەخۆ بن. ئەو منداڵانەی کە بیست ساڵ چاوەڕێ ناکەن هەتا دەست بکەن بە پەروەردەی داراییان بە شێوەیەکی تایبەت ئەم کارەی پڕ بایەخ کردووە. ئەو منداڵانەی کە دەرفەتیان پێدراوە کە ڕێژەیەک لە ئاسایشی دارایی و متمانەبەخۆبوونی دارایی لە سەرەتایی ژیانیاندا بەدەستبهێنن دەرفەتێکی مەزنیان هەیە بۆ دروسکردنی ژیانێک کتومت هاوشێوەی ئەوەی خۆیان دەیانەوێت.

بناغەیەکی پتەوی دارایی وەڵامی پرسیارەکانی منداڵەکەت نادەتەوە لەمەڕ ژیان. بناغە تەنها---بناغەیەکە. بەڵام ئەگەر بناغەکە پتەو بێت، منداڵەکان دەکرێ پێبگەن و ئەو وەڵامانە بدۆزنەوە کە پێویستیانە هەتا ئازادی ژیانکردنیان هەبێت بەو شێوازەی خۆیان دەیانەوێت.

## ملیۆنەرە لاوەکانی داهاتوو

بەردەوام دایک و باوکانی شاناز دێنە لام و چیرۆککەلێکی وەک ئەم سیانەی خوارەوەم بۆ دەگێڕنەوە. هەر چیرۆکێک. داهێنەری و دەسترەنگینی منداڵێکی دیاریکراو دەنەخشێنێت، کە سەرسامی کردووم.

کوڕێکی شانزە ساڵان هاتە لام و گوتی،" دوای خوێندنەوەی کتێبەکەت و یاریکردن بە گەمەی کاش فلۆوەکەت، یەکەم پارچە زەوی خۆمم کڕی، بەشێکیم فرۆشت و ١٠٠ هەزار دۆلارم خستە گیرفانمەوە." بەردەوام بوو لە گوتنی ئەوەی کە چۆن بە یارمەتی باوکی

و داواکارێکی گشتی، هەر بە مۆبایلەکەی ڕێکەوتنێکی کرد لە کاتێکدا لە مۆڵی خوێندندا بوو،" دایکم نیگەرانی ئەوەیە کە ئەم پارەیە بوغرام بکات. بەڵام وانییە. جیاوازی نێوان سەرمایە و قەرز دەزانم، وە پلانیشم داناوە کە ئەو ١٠٠ هەزارە بە کاربهێنم بۆ کڕینی سەرمایەی زیاتر، نەك ئەرزی تر."

کچێکی نۆزدە ساڵان، دوای خوێندنەوەی کتێبەکەم، ڕۆیشتووە لەگەڵ دایکیدا وەك هاوبەشێك موڵکگەکی بە کرێدانی کڕیوە. پێیگوتم،" هەر لە ئێستاوە داهاتی موڵکە بە کرێدراوەکانم زۆر لەوە زیاترە کە وەك ئەرمانبەرێك کە لە کۆگای فرۆشیاریدا دەستم دەکەوت. نیازی ئەوەم نییە بوەستم. لە کاتێکدا زۆربەی هاوڕێکانم دەچنە دەرەوە و دەخۆنەوە، من بە دوای وەبەرهێنانی دیکەدا دەگەڕێم."

دایکێکی تەنها باڵی ٢٦ ساڵان بۆ یەکێك لە کتێب واژۆکردنەکانم هات و گوتی،" لە ژێر چاودێری دارایدا بووم هەتا ئەو کاتەی هاوڕێیەکم کە پزیشك بوو کتێبەکەی تۆی پێدام و گوتی ' ئەمە بخوێنەرەوە' لە دوای خوێندنەوەی، گەڕامەوە بۆ لای هاوڕێکەم و پێمگوت،" با شتێك پێکەوە بکەین." وە کردمان. پێکەوە ئەو نۆرینگەی پزیشکیەمان کڕی کە خۆی کاری لێدەکرد بە کەمتر لە ١٠٠٠ دۆلار. وە پارەکەی تری جووڵەئەختیەکەمان لە نۆرینگە پزیشکیەکەدا سەرف کرد. بە یەك ماماڵە، لە دایکێکی تەنها باڵی ژێر چاودێریەوە بووم بە دایکێکی ئازاد لەڕووی داراییەوە. ئەمڕۆ لە دکتۆرەکان دەڕوانم کە دەچن بۆ سەر کار بۆ نۆرینگە پزیشکیەکەم، لە کاتێکدا لەگەڵ منداڵەکەم لە ماڵەوە

دەمێنمەوە. لە ئێستاشدا من و هاورێکەم بە دوای وەبەرهێنانی تردا دەگەڕێین چونکە ئێستا کاتمان هەیە بۆ گەڕان."

## ئەندێشەی داهێنەرانەی منداڵەکەت هان بدە و بیپارێزە

ڕەنگە تێبینیتان کردبێت کە زۆربەی ئەم لاوانە لەوە نەترساون کە قەرز بەکاربەێنن بۆ دەوڵەمەندبوون. نەیانگوتووە،" بە سەلامەتی یاری بکە و هەڵە مەکە." فێری ئەوە نەبوون لە هەڵەکردن بترسن یان لە شکست بترسن. لە بری ئەوە، هاندراون کە سەرکێشی بکەن و فێربن. کاتێك منداڵێك فێردەکرێت لە هەڵەکردن بترسێت، ئەندێشەی داهێنەرانەی منداڵەکە شەل دەبێت، تەنانەت داشدەڕمێت. هەمان شت ڕوودەدات کە دایك و باوکان دەڵێن،" بە شێوازی من بیکە." کاتێك منداڵان هاندەدرێن بۆ خۆیان بیربکەنەوە، سەرکێشی بکەن و خۆیان بە دوای وەڵامەکانیاندا بگەرێن، بلیمەتیەکەیان دەم دەکیشێت و ئەندێشەی داهێنەرانەیان دنە دەدرێت و دەپارێزرێت.

من هەمیشە سەرسامی ئەوەم کە کەسانی لاو چەند داهێنەرن. چیرۆکەکانی پێشتر نموونەن بۆ ئەو داهێنەریە. ئەندێشەی داهێنەرانەی دارایی منداڵ هان بدەن، نەك پێیان بڵێن کە چی بکەن، ڕێگەیان بدەن ئەندێشەی داهێنەرانەی سروشتی خۆیان بەکاربەێنن. ڕێگە بدەن خۆیان شێوازی چارەسەری گرفتە داراییەکان بدۆزنەوە و ئەو ژیانەی کە دەیانەوێت دروستی بکەن.

## مەزنترین سەرکێشی

یەکێک لەو سەرنجانەی کە بەردەوام پێمدەگات لەو دایك و باوکانەوە کە یاریەکانی کاش فلۆو دەکەن لەگەڵ منداڵەکانیان ئەمەیە،" منداڵەکان ئەمیشە لێم دەبەنەوە. زۆر خێراتر لە پێگەیشتووان فێر دەبن." کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە بۆچی ئەمە ڕوودەدات. هۆکارێکیان ئەوەیە کە منداڵەکان هێشتا ترسیان تێدا جێگیر نەبووە. لاون و دەزانن ئەگەر شکستیش بێنن، دەتوانن هەڵسنەوە سەر پێی خۆیان. وادیارە، بۆ زۆرێکمان، هەتا تەمەنمان زیاتر بێت، زیاتر ترسی شکستهێنانمان تێدا دروست دەبێت.

مادام ئەو شێوازەی پێی فێردەبین ئەنجامدانی هەڵەیە، مەزنترین سەرکێشی چاوەڕوانیکردنە بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵانە. هاوڕێم هەیە کە بیست ساڵ زیاترە هەمان شتی کۆن ئەنجام دەداتەوە، وە زۆرێك لەو هاوڕێیانە لە کێشەی داراییدان. هۆکاری ئەوەی لە کێشەدان بە هۆی ئەوەیە کە شکستیان هێناوە لە ئەنجامدانی هەڵەی پێویست کاتێك کە لاوتر بوون. ئێستا زۆرێکیان کاتیان لە بەردەست نەماوە و پارەشیان لێ بڕاوە. لەو دووانە، کات زۆر گرنگترە.

بۆیە تکایە هانی منداڵەکانت بدە بۆ دەست پێکردن بە یاریکردن بە پارەی ڕاستەقینە و فێربوونی نەریتە داراییەکان کە دەبنە هۆی زیادکردنی چاکێتی داراییان کاتێك کە تەمەنیان زیاتر بوو. مەزنترین سەرکێشی ئەوەیە لە لاویدا سەرکێشی نەکەیت و لە هەڵەکانتەوە فێرنەبیت. هەتا بەتەمەنتر بیت، هەڵەکان گەورەتر دەبن.

بەندی سیانزە

## شێوازگەلی تر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکی دراییی منداڵەکەت

پەیامنێرێکی ناوخۆیی شاری فینیکس، ئەریزۆنا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردم. پیاوێکی باش بوو، بەڵام کەمێك گومانـاوی ڕووپۆشکراو بە گاڵتەجاری بوو. هەمان تەمەن و پاشخانێکی هاوشێوەی منی هەبوو. باوکی دادوەرێکی ڕێزلێگیراو بوو لە بۆستن. هەرچەندە هەمان تەمەن و هەمان پاشخانی ئابووری و ئەکادیمیمان هەبوو، بەڵام جیاوازیەکی مەزن هەبوو لە نێوان وێستگە داراییەکانی ژیانماندا. لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا، بڕێکی کەم پارەی هەبوو تا لەسەری خانەنشین بێت. پێیگوتم،" پلانی نووسینی ڕۆمانە مەزنەکەم داناوە هەر کە خانەنشین بووم. بەڵام ئێستا پێدەچێت کە بۆ هەمیشە پێویست بێت وەك ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد کار بکەم هەتا بتوانم پارەی بارمتەکان بدەم و خواردنی سەر مێزەکە دابین بکەم."

دواتر لێمپرسی،" بۆچی دەست ناکەیت بە وەبەرهێنان؟ بۆچی لێرە لە فینیکس چەند پارچە زەویەکی بە کرێدان ناکڕیت دواتریش کاتی تەواوی خۆت وەرگرە بۆ نووسینی ئەو ڕۆمانە مەزنەی لە ناختدا دێت و دەچێت؟"

وەڵامەکەی ئەمە بوو،" چیتر ناتوانیت ماماڵەیەکی باش بدۆزیتەوە لێرە لە فینیکس، دەتتوانی دە ساڵ لەمەوبەر بیکەیت. بەڵام ئەمڕۆ مامەڵە باشەکان چیتر نەماون. شێوازی بازاڕ زۆر ناجێگیرە. کاتێك کە بازاڕی کڕین و فرۆش هەرەس دەهێنیت، بازاڕی زەوی و زار و خانوویەرەش

ئەگەری هەیە هەرەس بهێنێت. پێموایە وەبەرهێنان لەوەدا زۆر سەرکێشانەیە."

هەر بەو سەرنجەی، دەمزانی هەتا ماوە هەر لە کارکردندا دەمێنێتەوە. دەمتوانی هەست بەوە بکەم کە لەوانەیە بۆ تەواوی ژیانی کار بە هەمان ماوکێشەی بردنەوە بکات. ئەوەم تەنها بە هۆی ئەو وشانەوە زانی کە بەکاریدەهێنان. ئەگەر وشەکانی نەگۆڕیایە، ئەو ژیانی نەدەگۆڕا.

## وشەسازی دەوڵەمەند

بە هەبوونی دوو باوک، دەمتوانی جیاوازی و لێکچوونەکانیان بەراورد بکەم. لە دەوروبەری ۱٤ ساڵیدا بوو کە درکم بەوە کرد، هەرچەندە هەردوو باوکەکەم بە ئینگلیزی قسە دەکەن، بەڵام بە هەمان زمان قسە ناکەن. یەکێکیان بە زمانی مامۆستای قوتابخانە قسەی دەکرد. ئەوی تریان بە زمانی بازرگان و وەبەرەێن قسەی دەکرد. هەردووکیان بە ئینگلیزی دەدوان، بەڵام ئەوەی دەیانگوت گەلێک جیاواز بوو لە یەکتری. لە ڕاستیدا من زۆر ئاگاداری وشەسازی خەڵکم. تەنها بە گوێگرتن بۆ وشەکانیان، دەتوانم زۆر شت بزانم دەربارەیان.

بۆ وێنە، هاوڕێیەکم هەیە کە زۆر حەزی لە وەرزشە. هەمیشە پێکەوە دەربارەی وەرزش گفتوگۆی نایاب دەکەین هەرچەندێک بمانەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر پێویست بکات لێی بپرسم،" ڕێژەی نێوان قەرز بۆ بارمتەی خانووەکەت چەندە؟" چاوەکانی تاریک دەبن، هەرچەندە کە پرسیارێکی سادەشە. ئەگەر هەمان پرسیار بە شێوەیەکی جیاواز بپرسم، ئەوا باشتر لێم تێدەگات. لە بری ئەوەی دەربارەی ڕێژەی نێوان قەرز بۆ بارمتەی لێ بپرسم، دەتوانم بپرسم،" چەندێک قەرزاری لەسەر

خانووەکەت؟ وە پێتوایە خانووەکەت چەند دەکات؟" بە پرسیارلێکردنی بەو وشانە، هەر هەمان پرسیاری پێشووی لێدەکەم و وێڵی دوای هەمان وەڵامیشم. جیاوازیەکە ئەوەیە، کە دەتوانێت لێم تێبگات ئەگەر کۆمەڵە وشەیەك بەکار بهێنم، بەڵام تێنەگات ئەگەر وشەگەلی جیاواز بەکاربهێنم. ئەم بەشە دەربارەی ئەوەیە: هێزی وشەکان.

## وشەگەلی سادە بەکاربهێنە

هەردوو باوکەکەم فێریان کردووم کە هەرگیز ڕێگە بە تێپەڕبوونی هیچ وشەیەك نەدەم هەتا واتاکەی نەزانم. هەردووکیان هانیان دەدام کە لە گەرمەی قسەکردندا قسە بە خەڵك ببڕم و داوایان لێبکەم کە وشەیەك یان وشەگەلێك ڕوون بکەنەوە کە لێی تێناگەم. بۆ وێنە، لە نووسینگەی پارێزەرەکەی باوکی دەوڵەمەند بووم کاتێك پارێزەرەکە هەندێك وشەی بەکارهێنا کە باوکی دەوڵەمەند لێی تێنەگەیشت. باوکی دەوڵەمەند بە هێمنی گوتی،" پەلەمەکە، لەوە تێنەگەیشتم کە ئێستا گوت. تکایە ئەو وشەیەم بۆ ڕوونکەرەوە بە زمانەکەی خۆم." باوکی دەوڵەمەند ئەم کارەی تا ئەوپەڕی برد، بە تایبەت لەگەڵ پارێزەرەکەی کە حەزی لێبوو وشەگەلی بریقەدار بەکاربهێنێت. کاتێك پارێزەرەکەی دەیگوت،" پارتی یەکەم لە[1] . . .،" باوکی دەوڵەمەند دەیوەستاند و دەیپرسی،" باسی کام جۆرە پارتی دەکەیت؟ جۆرە فەرمیەکە بە قات و بۆینباغەوە یان ئاهەنگێکی ئاسایی[2] لەماڵەکەی خۆمدا؟"

---

[1] The party of the first

[2] لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی ( پارتی) چەند واتایەکی هەیە: حیزبێکی سیاسی، ئاهەنگ، لایەن.

باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت،" خەڵکانێکی زۆر پێیانوایە ئەگەر وشەگەلی گەورە و بریقەدار بەکاربەرن کە هیچ کەسێك لێی تێنەگات، ئەوا زیرەکتر دەردەکەون، بەڵام لە ڕاستیدا شکستیان هێناوە لە گفتوگۆکردندا."هەر کاتێك گرفتم هەبووبێت لەگەڵ هەندێ زارەوەی دارایدا، باوکی دەوڵەمەند دەیگوت،" هیچ شتێك ئاڵۆز نییە ئەگەر وشەگەلی سادە بەکاربهێنیت."

خەڵکانێکی زۆر گرفتی داراییان هەیە زۆر بە سادەیی لەبەرئەوەی وشەگەلێك بەکاردەبەن کە لێی تێناگەن. دوو نمونەی کلاسیکی پێناسەکانی سەرمایە و قەرزن. لە بری ئەوەی تەنها پێناسەی نێو فەرهەنگم پێبلێت، کە گەلێك سەر لێ شێوێنەر بوون، باوکی دەوڵەمەند پێناسەیەکی پێدام کە بتوانم بەکاریبهێنم و لێی تێبگەم. زۆر بە سادەیی گوتی،" سەرمایە پارە دەخاتە گیرفانتەوە، قەرزیش پارە لە گیرفانت دەردەهێنێت." بۆ جەخت کرنەوەی زیاتر ئەمەشی گوت،" ئەگەر واز لە کار بهێنیت، سەرمایەکان دەتژێنن، قەرزەکانیش دەتخۆن."


ئەگەر کەمێك نزیکتر لە پێناسەکانی باوکی دەوڵەمەند بکۆڵیتەوە، ڕەنگە تێبینی ئەوە بکەیت کە چالاکیەکی جەستەی بەکارهێناوە بۆ پێناسەکردنەکە لە بری ئەوەی تەنها پێناسەی هۆشەکی یان زارەکی بۆ بکات، وەك ئەوەی لە پێناسەی فەرهەنگەکاندا هەیە:" شتگەلێك لەسەر پەڕاوی هاوسەنگی دارایی نرخی تۆمارکراوی ئەو موڵك و کەلوپەلانە پیشان دەدات کە هەلگری پەڕاوەکەیە."

کاتێك لە پێانسەی نێو فەرهەنگ دەڕوانیت، هیچ مایەی سەرسامی نییە کە زۆربەی خەڵك پێیانوایە کە خانووەکانیان سەرمایەن. پێش هەموو

شتێك، زۆربەی خەڵکی هەرگیز زەحمەتی ئەوەیام نەکێشاوە لە مانای وشەکە بگەڕێن. دووەم، زۆربەی خەڵکی کوێرانە پێناسەیەك قبوڵ دەکەن ئەگەر لە لایەن یەکێکەوە بیبیستن کە پێیانوایە ئەو مافەی هەیە، کەسێکی وەك بانکەوانەکەیان یان ژمێریارەکەیان، پێیان دەڵێت،" خانووەکەتان سەرمایەیەکە." وەك گوتم، کاتێك بانکەوانەکەت دەڵێت خانووەکەت سەرمایەیە درۆ ناکات. بەڵام بانکەوانەکە پێت ناڵێت بۆ کێ سەرمایەیە. هەروەها گوتم زیرەکی توانای ئەنجامدانی جیاکاریگەلێکی باشترە. بۆیە هەبوونی چەند پێناسەیەکی جیاواز شێوازێکی تری ئەنجامدانی جیاکاریگەلێکی باشترە. سێهەم، ئەگەر ئەزموونێکی کەسی یان جەستیەیت لەگەڵ وشەکەدا هەبێت، ئەوا زۆر باشتر لێی تێدەگەیت.

کاتێك کە لەم چوارلای فێربوونەی خوارەوە دەڕوانیت، تێدەگەیت بۆچی ئەو هەموو خەڵکە کوێرانە تەنها پێناسە هۆشەکیەکەیان پەسەند کردووە.

**چوارلای فێربوون**



زۆربەی سیستەمی پەروەردەیی ئێستا  لە دوای پۆلی سێ، یان بە نزیکەی لەو کاتەوە کە منداڵ دەبێتە نۆ ساڵان، فێربوونێکی هۆشەکی پەتیە. میکانۆ و یاریەکان دوور دەخرێنەوە. وە قوتابیان دەست دەکەن بە خوێندنی هۆشەکی. بۆ ئەوەی بە خێرایی پرۆسەی خوێندن تەواو بکەن، داوا لە منداڵان دەکرێت کوێرانە وەك ڕاستیەك ئەوە پەسەند بکەن کە دەیخوێننەوە یان دەیبیستن لە کەسایەتیەکی باڵادەستی وەك مامۆستاوە.

سیستەم جەخت دەکاتە سەر فێربوونێکی هۆشەکی پەتی، لە ڕووی ئەستەکیەوە منداڵ فێردەبێت کە بترسێت لە هەڵەکردن و پرسیار کردن. یان کێشمەکێش لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت. فێربوونی جەستەیی، جگەلە هونەر و پەروەردەیی جەستەیی لە هۆڵی لەشجوانی و گۆڕەپانی وەرزشیدا، هەر بوونی نییە. ئەو منداڵانەی زمانەوانی-زارەکین زۆر باش دەبن، وە ئەو منداڵانەی کە بە جەستەیی فێردەبن یان مەیلێکی هونەریان هەیە دوا دەکەون. زۆر جار منداڵان لەم قۆناغەدا داوایان لێ دەکرێت کە چەمکگەلێکی هۆشەکی وەك ڕاستی پەسەند بکەن بە بێ هیچ بەڵگە و سەلماندنێکی جەستەیی و بەرجەستە. ئەمە ڕەنگە هۆکاری ئەوە بێت کاتێك بانکەوان دەڵێت، " خانووەکەت سەرمایەیە." زۆربەی خەڵکی تەنها سەریان دەلەقێنن و ئەو ڕستەیە وەك ڕاستیەك پەسەند دەکەن بە بێ هیچ بەڵگەیەکی جەستەیی. دواجار، بەو شێوەیە فێردەکرێن دوای تەمەنی نۆ ساڵی.

## هێزی ناوەکان و کردارەکان

باوکە دەوڵەمەندەکەم هەوڵی تەواوی خۆیدا هەتا لە ڕووی جەستەیەوە پەیوەستمان بکات بە هەر وشەیەك یان چەمکێکی نوێوە. هەر لەبەرئەوە بوو کە پێناسەکانی بۆ سەرمایە و قەرز هەمیشە هەندێك ئاماژەی بەرجەستەی وەك" پارە" و" گیرفان"ی تێدابوو لەگەڵ جۆرێك لە چالاکی وەك،" پارە خستەنە نێو گیرفان." هەندێك ناوی وەك" پارە" و" گیرفان" و هەندێك کرداری وەك" خستنە ناو"ی بەکاردەهێنا---- ناو و کردارگەلێك کە من و مایك لێی تێبگەین. کە کاتت تەرخان کرد بۆ فێرکردنی منداڵەکانت دەربارەی پارە، تکایە ئاگاداربە وشەگەلێك بەکاربهێنە کە لێی تێبگەن. وە ئەگەر فێرخوازی جەستەیی بن، تکایە بە تایبەتی ئاگاداری ئەوە بن کە پێناسەگەلێك بەکاربەرن کەمنداڵەکانتان بتوانن ببینن، دەستی لێبدەن و هەستی پێبکەن، بە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە تەمەنیان چەنێکە. یاریەکان مامۆستای مەزنن چونکە لایەنی جەستەیی دابین دەکات بۆ ئەو وشەسازییە داراییە نوێیەی کە منداڵەکەت فێری دەبێت.

## هێزی وشەکان

لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسی چاوپێکەوتنەکەم کرد لەگەڵ پەیامنێرەکەدا. پیاوێکی زۆر زیرەك بوو، نزیکەی هاو تەمەنی یەکتر بووین، وە چێژم لەو کاتە وەرگرت کە لەگەڵیدا بووم. زۆرێك حەزی هاوبەشمان هەبوو لە ژیاندا، بەڵام کە دەهاتە سەر مەسەلەی پارە، هەریەکەمان لە گۆشە نیگایەکی زۆر جیاوازەوە لێمان دەڕوانی.

لەبەر دوو بابەت بیری خۆم دەهێنایەوە کە وریای ئەوە بم کە چی دەڵێم. یەکەم پارە مەسەلەیەکی زۆر هەستەکیانەیە. دووەم ڕێزێکی زۆرم بۆ دەسەڵاتی ڕۆژنامەکە هەبوو. ڕۆژنامەکە هێزی ئەوەی هەبوو کە بەهێزت بکات یان لە ناوت بەرێت، بۆیە زۆر بە تایبەتی ئاگاداری قسەکانم بووم کاتێ هاتە سەر مەسەلەی گۆشەنیگام لەسەر پارە.

نموونەیەک لە چاوپێکەوتنەکە بەم شێوەیە بوو:

پەیامنێر: بۆچی لە زەوی و زاردا وەبەرهێنان دەکەیت لە بری سەرمایەی کڕین و فرۆشتن؟

من: نەێ، لە هەردووکیاندا وەبەرهێنان دەکەم، بەڵام ئەوە ڕاستە کە پارەیەکی زیاترم لە کاری خانووبەرە و زەوی و زاردایە. بەر لە هەر شتێک، هەر جۆرێکی وەبەرهێنان خاڵی بەهێز و خاڵی لاوازی جیاوازی هەیە. یەکێك لەو خاڵە بەهێزانەی کاری زەوی و زار کە حەزم لێیە ئەوەیە کە کاری زەوی و زار دەسەڵاتێکی زۆر مەزنم پێدەدات بەسەر ئەوەی کەی باجەکانم بدەم و چەندێك باج بدەم.

پەیامنێر: واتە دەڵێیت خەڵکی دەبێت خۆیان لە باجدان بدزنەوە؟ ئایا ئەوە کەمێك سەرکێشانە نییە؟

من: من باسی خۆ دزینەوەم لە باج نەکرد. گوتم کە کاری زەوی و زار دەسەڵاتێکی زیاترم پێدەدات بەسەر باجەکانمدا.

تەنها جیاوازی نێوان پێناسەکان و تێگەیشتن لە وشەکانی خۆ دزینەوە لە باج و دەسەڵات بەسەر باجدا زۆر گەورە بوو. نزیکەی بیست خولەکم پێچوو بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان خۆ دزینەوە و دەسەڵات بەسەر باجدا. لە پێناو ڕوونکردنەوەی جیاوازییەکان، دەبوو جیاوازی نێوان

یاسـاکانی بـاج بـۆ فەرمانبـەران و یاسـاکانی بـاج بـۆ وەبەرەێنـەران ڕوونبکەمەوە. هەروەها دەبوو جیاوازی یاساکانی باج بۆ کڕین و فرۆشی سەرمایە و یاساکانی باج بۆ کاری زەوی و زاریش ڕوونبکەمـەوە. کرۆکی گرفتەکـە لـە گفتوگۆکـەدا ئـەو ڕاستیە بـوو کـە ئـەو وەك فەرمانبـەرێك، دەسـەڵاتێکی زۆر کـەمی بەسـەر باجەکانیـدا هـەبوو. لەبەرئـەوەی دەسەڵاتێکی کەمی هەبوو بە سەریاندا، وشەی دووركەتنەوە لای ئەو ببووە خۆ دزینەوە، وە زۆربەشمان ئەوە دەزانین کە خۆدزینەوە لە باج نایاساییە. بۆیە کاتێك دەمگوت،" دەسەڵات بەسەر باجدا،" ئەو بە" خۆدزینەوە لـە بـاج" دەی بیست. هـەموو ئـاڵا سوورەکانی هەڵدەکرد و دەچووە حاڵـەتی بەرگریـەوە. وەك پێشـتر گـوتم،" زۆرجـار ئۆنسـەیەك ئاگایی تۆنێـك لـە پـەروەردە و خوێنـدن دەگۆڕێـت." لـەم مەسـەلەیەدا، تۆنێك خوێندن ناگۆڕێت،بـەڵام بیست خولـەك ڕوونکردنـەوە دەبات هـەتا بارودۆخەکـە هێـور دەبێتـەوە. بـە دڵنیایـەوە نەمدەویسـت دەسـەڵاتی ناوازەی ڕۆژنامەکـە لـە دژم بوەستێتەوە تـەنها لەبـەر هەڵەتێگەیشتن لە پێناسـەی دوو وشـە. دوای ئـەوە، گفتوگۆکەکـە کەوتـەوە سـەر ڕێـڕەوی خۆی.

پـەیامنێر: گـرفتی پەیامەکـەت ئەوەیـە کـە چیتر ناتوانیـت زەوی و زار بکڕیت. نرخەکان لێرە لـە فینیکس زۆر بـەرزن. لەگـەڵ ئەوەشدا، چۆن دەتوانم موڵکێك بدۆزمەوە، بە هەرزانی بیکڕم، چاکی بکـەم و بیفرۆشم؟ ئەو جۆرە کاتەم نییە.

من: دەی، من بازرگانی بە موڵك و زەویەوە ناکەم، من وەبـەرهێنانی تێدا دەکەم.

پەیامنێر: واتە دەڵێیت چاکردنی موڵکێک و فرۆشتنی بۆ قازانج وەبەرهێنان نییە؟

من: نێ، لە مەودای فرواندا، پێموابێ دەکرێ بە کڕین و فرۆشی موڵک بگوترێت وەبەرهێنان. بەڵام لە دونیای وەبەرهێناندا، ئەو کەسانەی کە شتێك دەکڕن و پلانی بەکارهێنان یان خاوەنداریتیان نییە زیاتر پێیان دەگوترێت "بازرگان." بۆ فرۆشتن دەکڕن، وەبەرەێن بە شێوەیەکی گشتی بۆ خاوندارێتی و بەکارهێنان موڵك دەکڕێت و وەك سەرمایەیەك بەکاری دەهێنێت بۆ جووڵەی نەختی و بەدەستهێنانی سەرمایەی زیاتر. ئەوە تەنها جیاکاریەکی باشترە.

پەیامنێر: بەڵام ئەی نابێ موڵکەکەت بفرۆشیت هەتا سەرمایەت دەست بکەوێت؟

من: نەخێر. وەبەرەێنێکی ڕاستەقینە هەوڵی تەواوی خۆی دەدات کە سەرمایە دەست بخات بە بێ فرۆشتن یان بازرگانی کردن بە موڵکەکەیەوە. دەزانی، یەکەمین ئامانجی وەبەرهێن ئەوەیە کە بیکڕێت و بیهێڵێتەوە، بیکڕێت و بیهێڵێتەوە، بیکڕێت و بیهێڵێتەوە. ئامانجی سەرەکی وەبەرهێنێکی ڕاستەقینە، زیادکردنی سەرمایەکانێتی نەك فرۆشتنیان. ڕەنگە بیانفرۆشن، بەڵام ئەوە ئامانجی سەرەکیان نییە. لە زهنی وەبەرەێنی ڕاستەقینەدا، کاتێکی زۆری پێدەچێت هەتا وەبەرهێنانێکی باش دەدۆزێتەوە، بۆیە لایان باشترە بیکڕن و بیهێڵنەوە. بازرگان دەکڕێ و دەفرۆشێ، دەکڕێ و دەفرۆشێ، بە هیواوە سەمووڵ جارێك هەژمارەکەیان زیاد دەکەن. وەبەرەێن بۆ هێشتنەوە دەکڕێت، بازرگان بۆ فرۆشتن.

پەیامنێرەکە بۆ ساتێك ڕاما، سەری ڕادەوەشاند. لە کۆتاییدا گوتی، "بەلای منەوە ئەمانە قسەی حەلەق و مەلەقن." دواتر گەڕایەوە سەر بابەتەکە و پرسیاری دواتری لێکردم.

هەستێکی خراپم هەبوو چونکە چووبومە سنووری گفتوگۆیەکەوە کە دەبوو خۆمی لێ دوور بخەمەوە. هەوڵی تەواوی خۆمدا زمانی سادە بەکاربهێنم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە باش نەبوو. لە هەوڵدانم بۆ ئەنجامدانی جیاکاریگەلێکی باشتر، دەتوانم بڵێم کە شتەکانم زۆر ئاڵۆزتر کرد.

پەیامنێر: واتە دەڵێیت کە تۆ بە دوای ئەو خانووبەرە دارماوانەدا ناگەڕێیت هەتا چاکیان بکەیتەوە و بە قازانج بیانفرۆشیت؟

من: ڕەنگە لە دوی موڵکی ئاوا بگەڕێم، بە تایبەت ئەگەر بتوانم بیانکڕم و بیانهێڵمەوە. بەڵام وەڵامەکەم نەخێرە. پێویست ناکات بە دوای ئەو بینایانەدا بگەڕێم کە دارماون و پێویستیان بە چاکردنەوەیە.

پەیامنێر: ئەی کەواتە بە دوای چیدا دەگەڕێیت؟

من: بەر لە هەر شتێك، بە شێوەیەکی گشتی بە دوای فرۆشیارێکی ناچاردا دەگەڕێم. زۆر جار خەڵکی پێویستە بە پەلە موڵکێك بفرۆشن، ئاوا ئامادەن گفتوگۆ لەسەر نرخێکی باش بکەن. یان بانکەکان دەگەڕێم بۆ ئەو موڵکانەی دەستیان بەسەردا گیراوە.

پەیامنێر: وا دیارە سوود لەو کەسانە وەردەگریت کە لە کێشەدان. ئەوە زۆر دادپەروەرانە دەرناکەوێت.

من: دەی، پێش هەموو شتێك، ئەو کەسە پێویستە بیفرۆشێت، دڵخۆش دەبێت ئەگەر کڕیارێکی بۆ پەیدا بێت. دوای ئەوەش، ئایا تۆ تا ئێستا

نەبووە ویستبێت شتێکت لە کۆڵ بێتەوە کە چیتر پێویست پێی نییە و دڵخۆش نابیت هەندێ پارەی لێوە قازانج بکەیت؟

پەیامنێر: دەی هێشتاش لای من وا دەردەکەوێت کە لەو خەڵکانە دەگەڕێیت بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنیت و خراپ سوودیان لێوەرگریت. ئەگەر وانییە، بۆچی موڵکی دەست بەسەرداگیراو دەکڕیت؟ مەگەر خەڵکی لەبەرئەوە دەست بە سەر موڵکەکانیاندا ناگیرێت چونکە لە بارێکی سەختی ئابووریدان؟

من: دەی، دەتوانم ئەوە ببینم کە تۆ چۆن ئاوا دەیبینی. وە لەو گۆشەنیگایەوە، هەق بە تۆیە. بەڵام لایەکەی تری دراوەکە ئەوەیە کە بانك دەستی بەسەر موڵکەکانی ئەو کەسەدا گرتووە چونکە ئەو کەسە پابەند نەبووە بە ڕێکەوتنەکەیەوە لەگەڵ بانکدا. خۆ من دەستم بەسەریدا نەگرتووە، بانك دەستی بەسەردا گرتووە.

پەیامنێر: باشە، لەوە تێدەگەم کە دەیڵێیت، بەڵام هێشتا پێموایە هەر مەسەلەیەکی تری چەوساندنەوەی هەژار و لاوازەکانە بە دەستی دەوڵەمەندان. کەواتە دوای دۆزینەوەی فرۆشیارێکی ناچار یان موڵکێکی دەست بەسەرگیراوی بانك، بە دوای چیتردا دەگەڕێیت؟

من: ئێ، ئەوەی دواتر دەیکەم بە ژمارەکانمدا دەچمەوە بزانم کە ڕێژەی ناوەکی قازانج چۆن دەبێت و سوودی دەبێت.

پەیامنێر: ڕێژەی ناوەکی قازانج؟ بۆچی ئەوە گرنگە؟

یەکسەر دوای گوتنی "ڕێژەی ناوەکی قازانج،" زانیم دووبارە کەوتمەوە کێشەیە. لەوانەیە باشتر بووایە کە بمگوتایە "قازانجی پارە لەسەر [illegible] بەپێی ئەوەی کە دەمتوانی هەست بەوە بکەم کە نقد

سەرکەوتوو نابم لەگەڵ ئەم پەیامنێرە. بەڵام دەبێت بە خێرایی خۆم دەرباز بکەم. پێویست بوو ئەو پێناسە سادانە بەکاربهێنم کە باوکە دەوڵەمەندەکەم بەکاریدەهێنا هەتا بتوانم بگەڕێمەوە سەر گفتوگۆ.

مـن: وەك پێشـتر گـوتم، ئامـانجم وەك بەرهەمهێنـەرێك بـۆ کـڕین و هێشتنەوەی موڵکەکانە. ڕێژەی ناوەکی قازانج گرنگە چونکە پێوانەی ئەوە دەکات کە چەند خێرا دەتوانم سەرمایە بنەڕەتیەکەم بگەڕێنمەوە، زۆر جار پێی دەڵێم پارەی پێشەکی. دەمەوێت سەرمایە بنەڕەتیەکەم زوو بۆ بگەڕێتەوە چونکە دەمەوێت بڕۆم و موڵكێکی تری پێ بکڕم.

پەیامنێر: ئەی چی دەربارەی قەرز؟ ئایا مەیلی ئەوەت نییە کە قەرزەکان بدەیتەوە؟

لەم خاڵەدا، بە جۆرێك دەمزانی کە گفتوگۆکە لە دەست دەرچووە. وازم لەوە هێنا کە ببمە مامۆستا و بە سادەیی ئەو هاوکێشەی وەبەرهێنانەی نێو سەرم دەربڕم و ڕێگەی بدەم کە خۆی بڕیار بدات چی لە ووتاری ڕۆژنامەکە بکات.

مـن: نـەخێر، ئامـانجی مـن دانـەوەی قـەرزەکانم نییـە، بـەڵکو ئامـانجم زیادکردنی قەرزەکانە.

پەیامنێر: قەرزەکانت زیاد دەکەیت؟ بۆچی دەتەوێت قەرزەکانت زیاد بکەیت؟

وەك گوتم، لەم ساتەدا دەمزانی کە گفتوگۆکە لە دەست دەرچووە، تەنانەت زۆر لەوە خراپتریش بوو کاتێك سەرکێشی باجدانی پەیوەست بە لە دەستدانی سەرمایەی کڕین و فرۆشتنم ڕوون کردەوە. حەزی لەوە نەبوو کە دەربارەی ئەوە دەدوام زۆر بە سادەیی چونکە زۆربەی

هەژماری خانەنشین بوونی لەو سەرمایەیەدا بوو. بۆشایی گفتوگۆکەمان فراوانتر دەبوو لە بری ئەوەی کەم بێتەوە. دەتوانم بڵێم کاتێ دەهاتە سەر مەسەلەی وەبەرهێنان، ئێمە تەنها وشەگەلی جیاوازمان بەکارنەدەهێنا، بەڵکو هەریەکەمان لە جەمسەرێکی جیاوازدا بووین.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەیر بوو کە دواجار بیرۆکەکانی وەبەرهێنانمی وەك خۆی بڵاوکردبۆوە، تەنانەت ئەگەر هاوڕاش نەبووبێت لەگەڵم. تەنانەت کۆپیەکی ووتارەکەشی بۆ ناردم هەتا پەسەندی بکەم بەرلەوەی چاپ بکرێت. نامەیەکم بۆ نارد و سوپاسی بابەتی بوونەکەیم لێکرد لەگەڵ پەسەندکردنی ووتارەکەدا. ووتارەکە زۆر باش نووسرابوو. پێویست نەبوو هیچ گۆڕانکاریەکی تێدا بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا، دواتر پەیوەندی پێوە کردم هەتا پێمبڵێ کە سەر نووسەرەکە ووتارەکە چاپ ناکات لەبەر هۆکارگەلێك کە سەرنووسەرەکە ڕوونی نەکردۆتەوە.

بۆچی پارە پەیداکردن پارەی تێناچێت؟

زۆر جار لێمدەپرسن، " ئایا پارە پەیداکردن پارەی ناوێت؟" وەڵامی ستانداردم ئەمەیە، " نەخێر، پارە تەنها بیرۆکەیەکە، بیرۆکەکانیش بە وشە دەردەبڕدرێن. هەتا زیاتر بە وریایەوە ئەو وشانە هەڵبژێریت کە بەکاریان دهەێنیت، هەلێکی باشترت دەبێت بۆ باشکردنی ڕەوشی داراییت."

لە بیرمە گوێم بۆ دکتۆر بەکمینستەر فیولەر دەگرت لە یەکێك لەو وانانەدا کە لە سەلانی هەشتادا ئامادە بووم. بەکی دەستی بە قسە کرد بە باسکردنی هێزی وشەکان، دەیگوت، " وشەکان بەهێزترین ئامرازێکن هەتا ئێستا لە لایەن مرۆڤەکانەوە دروسکرابێت، " لەبەرئەوەی خوێندکارێك

بووم لە ئامادەیی لە وانەی ئینگلیزی کەوتبووم. گۆشەنیگایەکی خراپم هەبوو لەسەر بابەتی وشەکان هەتا ئەو ساتەی گوێم بۆ ئەو پیاوە مەزنە گرت دەربارەی دەسەلاتیان. قسەکانی ئەو بوو یارمەتیدام درک بەوە بکەم کە جیاوازی نێوان باوکە دەوڵەمەندەکەم و باوکە هەژارەکەم لە جیاوازی نێوان وشەکانیانەوە دەست پێدەکات. وەك پێشتر باسمکرد، باوکە ڕاستەقینەکەم وشەسازی مامۆستایەکی قوتابخانەی هەبوو، باوکە دەوڵەمەندەکەشم وشەسازی کەسێکی ناو دونیای بازرگانی و وەبەرهێنانی هەبوو.

## یەکەم هەنگاو بۆ دەوڵەمەند بوون

کاتێك خەڵکی لێمدەپرسن کە دەتوانن چی بکەن بۆ باشترکردنی ئاستی داراییان لە ژیاندا، پێیان دەڵێم،" یەکەم هەنگاوی دەوڵەمەند بوون زیادکردنی وشەگەلی داراییە بۆ وشەدانەکەت. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، بە دەوڵەمەندکردنی وشەدانت دەست پێبکە." هەروەها پێیان ڕادەگەیەنم کە زمانی ئینگلیزی لە دوو ملیۆن وشە دروسکراوە. کەسێکی ئاسایی تەنها ٥٠٠٠ وشە دەزانێت. دواتریش پێیان دەڵێم،" ئەگەر زۆر جدی لەوەی دەوڵەمەند بیت، پلانێك دابنێ بۆ فێربوونی ١٠٠٠ وشەی دارایی، ئەوسا زۆر دەوڵەمەندتر دەبیت لەو کەسانەی ئەو وشانە بەکارناهێنن." دواتر هۆشداریان پێدەدەم بە زیادکردنی،" بەلام زۆر زیاتر لە تەنها پێناسەی وشەکان بزانن. تێگەیشتنتان چڕ بکەنەوە بۆ ئەوەی مانای هەر وشەیەك لەڕووی هەستەکی، هۆشەکی، جەستەیی و ڕۆحیەوە بزانن. ئەگەر دەسەلاتان بەسەر وشەکانتاندا هەبێت، متمانە بەخۆبوونتان هەڵدەکشێت." بەمە


کۆتـایم پێـدەهێنا. "باشـترین شـت لـەم کـات تەرخانکردنـە ئەوەیـە کـە وشەکان بە خۆڕاین و پارەی تێناچێت."

وشـەکان ڕێگـە بـۆ زەـن خـۆش دەکـەن ئـەوە ببینێـت کـە چاو ناتوانێت ببینێت زیرەکی توانای ئەنجامدانی جیاکاریگەلێکی باشترە. وشـەکان ڕێ بۆ زەنت خۆش دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو جیاکاریـە باشـترانە. بـۆ وێنـە، دونیایە جیاوازی هەیـە لـە نێـوان سـەرمایە و قـەرز، بـەڵام زۆربـەی خـەڵك ئاگاداری جیاوازیەکان نین. زۆر بە سـادەیی، ئاگـاداربوون لـەو جیاوازیانـە دەکرێـت کاریگـەری مـەزنی هـەبێت لەسـەر دەرەنجـامی دارایـی ژیـانی کەسێك. لـە کتێبـەکانی پێشـترمدا، دەربـارەی جیاوازیـەکانی سـێ جـۆرە جیاوەزەکەی داهاتم نووسیوە: ئاسـایی، نادیـار و پۆرتفلیـۆ. هەمدیسـان، هەرسێکیان دەچنە ژێر چەتری داهات، بەڵام جیاوازیـەکی گـەورە هەیـە لـە نێوان ئەم سـێ جـۆرە داهاتـە. کاتێـك بـە منداڵەکـەت دەڵێیـت،" بـڕۆ بـۆ خوێندن، نمرەی بەرز بە دەست بهێنە و کارێـك بـدۆزەرەوە،" ئامۆژگـاری منداڵەکەت دەکەیت بۆ ئەوەی کـار بـۆ داهـاتی ئاسـایی بکـات. یـەکێك لـە کێشە گەورەکانی داهاتی ئاسایی ئەوەیـە کـە لەچـاو دوو جۆرەکـەی تـری داهاتدا زۆرترین باجی لەسەرە، هەروەها کەمترین دەسەڵاتیشت پێـدەدات بەسەر باجەکاندا. باوکە دەوڵەمەندەکەم ئامۆژگاری دەکـردم بـە سـەختی کار بۆ داهاتی نادیار بکەم، کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو داهاتەیە کە لـە [illegible] و خانووبەرەوە دێت. لە چاو دوو جۆرەکـەی تـرەوە کـەمترین [illegible]یە بە زۆرتـرین دەسـەڵات و کۆنتڕۆڵـت پێـدەدات بەسـەر [illegible]تی پۆرتفلیۆ بە شێوەیەکی گشـتی داهـاتی پەیوەسـت بـە [illegible]کان و زۆربەی جار دووەم جۆری داهاتە. جیاوازی نێوان

وشەکان گەورە نییە، بەڵام جیاوازی نێوان دەرەنجامەکەیان بۆ ڕاپۆرتی دارایی کەسێك یەکلاکەرەوەیە.

## داهاتی دەوڵەمەند

کاتێك لە ڕاپۆرتی دارایی کەسێك دەڕوانیت، ئاسانە بزانیت کە کام جۆری داهات بە لای ئەو کەسەوە گرنگە. ئەمەی خوارەوە ڕاپۆرتێکی داراییە لە کاش فلۆوی ١٠١ وە:




قۆرسە بە داهاتی ئاسایی دەوڵەمەند بیت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی چەندێك پارەت دەست دەکەوێت. ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، پێویستە فێر بیت کە چۆن داهاتی ئاسایی بگۆڕیت بە داهاتی نادیار یان داهاتی پۆرتفیلۆ. ئەوەیە کە دەوڵەمەندان فێری منداڵەکانیان دەکەن هەتا ئەنجامی بدەن.

## ژمارەکان و وشەکان پێناسەی جیاکاریەکان دەکەن

کاتێك ژمارەی ورد و دەقیق بۆ وشەکان زیاد دەکرێت، زهن لە ڕادەبەدەر بارگاوی دەبێت. وەك زۆربەی وەبەرەێنەرانی شمەك دەیزانن، جیاوازی ئاشکرا و گەورە هەیە لە نێوان شمەکێك بە ١٠ بۆ تێکڕای نرخ- بۆ- قازانج و شمەکێك بە ١٥بۆ تێکرای نرخ- بۆ- قازانج. هەروەها زۆبەی وەبەرەێنە کارامەکان شمەکێك ناکڕن تەنها لەسەر بنەمای تێکرای نرخ- بۆ- قازانج، بە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی بەرزە یان نزمە. وەبەرەێنی کارامە پێویستی بە وشەی زیاتر و ژمارەی زیاترە.

هەروەها جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان مەسەلەی زانیاری سوود بەخشی کەسێك کە دەڵێت،" مانگی ڕابردوو بازرگانیەکەمان پارەی باشی بە دەست خست." و کەسێك کە دەڵێت،" مانگی ڕابردوو بازرگانیەکەمان ٥٠٠ هەزار دۆلاری قازانج کرد بە لە ٢٦٪ ی قازانجی پاشەکیەوە، کە ئەویش بەدەستەێنرا بە بەرزکردنەوەی نرخی فرۆش بە ڕێژەی لە ١٥٪ لە مانگی ڕابردوودا و لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی خەرجیەکانی کار بە ڕێژەی لە ٦٪." ئەم زانیاریە بەرچاو ڕوونیەکی زیاترم پێدەدات لەسەر ئەوەی کە ئایا لەم کۆمپانیایەدا وەبەرهێنان دەکەم یان نا. ئەم زانیاریە زیادکراوە، لێکدراو لەگەڵ تێکڕای نرخ- بۆ- قازانجی کۆمپانیاکە، مەترسی سەر وەبەرهێنانەکەم کەم دەکاتەوە و [illegible]کانی بە دەستهێنانی پارەم وەك وەبەرەێنێك بۆ زیاد دەکات.

### [illegible]گۆ

[illegible]ێکی دارایی بەهێز و یەکانگیر لەگەڵ پێزانین بۆ ژمارەکان [illegible] دەستپێکێکی دارایی مەزن بە منداڵەکەت ببەخشێت لە

ژیانیدا. یەکێك لەو هۆکارانەی کە خوێندنگام لەلا بێزارکەر بوو ئەوە بوو کە وشەکان بە بێ ژمارەکان فێردەبووم. فێردەبووم چۆن وشەکان بەکاربهێنم لە وانەی ئینگلیزیدا و چۆن ژمارەکان بەکاربهێنم لە وانەی بیرکاریدا. لە دوو بابەتی جیاکراوەدا، هەردووکیان بێزارکەر بوون و ناپەیوەندیدار بوون بە دونیای ڕاستەقینەوە.

کاتێك باوکی دەوڵەمەند دەستی کرد بە فێرکردنم دەربارەی چۆنێتی وەبەرهێنان بە یاریکردنی مۆنۆپۆلی، وشەسازیەکی تەواو تازەم بەدەستهێنا و بۆشم دەرکەوت کە عاشقی بیرکاریم. هەموو ئەوەی دەبوو بیکەم زیادکردنی هێمای دۆلار بوو بۆ ژمارەکان و بەو جۆرە ئارەزووم فریە نێو وشەکان و ژمارەکان. کاتێك منداڵان یاریەکانی کاش فلۆو دەکەن. وشەسازیەکی تەواو تازە فێردەبن و لە هەمان کاتدا فێردەبن چێژ لە بیرکاری وەربگرن.

باوکە زیرەکەکەم بە یەکگرتنی وشەکان و ژمارەکانی دەگوت" هێزی گفتوگۆ." بە هۆی بوونی وەك توێژەرێکی ئەکادیمی، هەمیشە حەزی لەوە بوو چۆن و چی هۆکارە بۆ ئەوەی خەڵکی گفتوگۆ بکەن و پەیوەندی ساز بدەن. بۆی دەرکەوت کاتێك کە خەڵکی هەمان جۆری وشەگەل بەکاردەبەن و شادمانن دەربارەی جیاکاری پێوراوی هەر وشەیەك، گفتوگۆی نێوانیان لق و پۆپ دەردەکات و دەگەشێتەوە. پێی گوتم،" وشەی گفتوگۆ[1] ڕەگی خۆی لە وشەی کۆمەڵگادا[2] دەدۆزێتەوە. کاتێك خەڵکی چێژ لە هەمان جۆری وشەگەل دەبەن،ئەوسا کۆمەڵگا

---

[1] communication

[2] community

دروست دەبێت. ئەو خەڵکانەی کە هەڵگری هەمان جۆری وشەگەل نین، یان مەیلیان لە پێوانەکانیان نییە، خەڵکانێکن کە لەو کۆمەڵگا داخراوە وەدەردەنرێن."

ئەمڕۆ خەڵکانێك دەبینین کە بە زمانی کۆمپیوتەر قسە دەکەن بە وشەگەلی وەك مێگابایت و گێگابایت. ئەو خەڵکانەی کە پێزانین و ئەرینیان هەیە بۆ بایتەکان و جیاوازیەکانی نێوان مێگا و گێگا، هەموویان ئەندامی یەك کۆمەڵگان. ئەوە هێزی وشەکان و ژمارەکانە. دەتوانن بتکەنە ئەندام یان وەدەرتبنێن.

شێوازێك بۆ پێدانی گورە دەستپێکێکی دارایی بە منداڵەکەت دەستکردنە بە فێرکردنیان دەربارەی وشەکانی دونیای پارە و پێزانینیان بۆ پێوانەکردنی جیاوازیەکان. ئەگەر ئەوە بکەیت، دەرفەتێکی باشتریان دەبێت بۆ ئەندام بوون لە کۆمەڵگای خەڵکانی کارامەی دارایی. ئەگەر خاوەنی ئەو ووشانە نەبن و پێزانینیان نەبێت بۆ پێوانەکردنیان، ڕەنگە لە هەمان کۆمەڵگا وەدەربنرێن.

وشەکانی باوکە دەوڵەمەندەکەمم لەبیرە:" جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان سەرمایە و قەرزەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا کە تەنها دوو وشەی سادەن. ئەگەر جیاوازی لە نێوان دوو وشەکەدا نەبینینت، ئەوسا جیاوازیەکە لەسەر ڕاپۆرتی داراییت و چۆنێتی بە سەختی کارکردنت لە ئەواوی ژیانتدا دەبینیتەوە."

ش دەڵێم،" دڵنیابەرەوە کە منداڵەکەت جیاوازی نێوان سەرمایە و دەزانێت، ئەوسا منداڵەکەت گورە دەستپێکێکی دارایی مەزنی دروست لە ژیانیدا."

بەندی چواردەهەم

## خەرجی ڕۆژانە بۆچییە؟

یەکێك لە هاوڕێکانم بینی ١٠٠ دۆلاری بە منداڵەکەیدا، منداڵەکە وەری گرت، خستیە گیرفانیەوە، ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیشت بە بێ ئەوەی هیچ شتێك بڵێت.

دواتر هاوڕێکەم لە کوڕەکەی پرسی،" بە نیاز نیت هیچ بڵێیت؟" تەنانەت بەنیاز نیت بشڵێیت،" سوپاس؟"

کوڕە ١٦ ساڵانەکە ئاوڕی دایەوە و گوتی،" بۆ چی شتێك سوپاست بکەم." باوکەکە گوتی،" بۆ ئەو ١٠٠ دۆلارەی تازە پێمدایت."

کوڕەکە گوتی،" ئەمە خەرجی خۆمە، هەقی خۆمە. لەگەڵ ئەوەشدا، منداڵەکانی تری خوێندنگا زۆر لەمە زیاتر وەردەگرن. بەڵام ئەگەر پێتوایە دەبێت بڵێم" سوپاس،" کەواتە دەیڵێم" سوپاس." کوڕەکە پارەکەی ئاخنیە گیرفانی و ڕۆیشتە دەرەوە. ئەمە نموونەیەکی سەرەکیە بۆ ئەو زهنیەتی" مافدارێتی"یەی کە زۆرێك لاوانی ئەمڕۆ پەرەیان پێداوە. بەداخەوە، دەبینم زۆرجار ڕوودەدات کە دایك و باوکان دەبنە ئامێری ئۆتۆماتیکی بۆ منداڵەکانیان.

### پارە ئامرازێکی فێرکردنە

باوکی دەوڵەمەند گوتی،" پارە ئامرازێکی فێرکردنە. دەتوانم مەشق بە خەڵکی بکەم بۆ کردنی گەلێك شت. هەموو ئەوەی لەسەرمە بیکەم پارەشاندنی چەپێك دۆلارە لە هەوادا یەکسەر خەڵکی بەدەممەوە دێن.

هەروەك چۆن ڕاهێنەری گیانداران شیرینی بەکاردەهێنیت بۆ دەستەمۆکردنی گیاندارەکانی، پارەش بە هەمان شێوە بەکاردێت بۆ مرۆڤەکان."

پرسیم، " ئایا ئەوە شێوازێکی دڵرەقانە و ناشایستە نییە بۆ ڕوانین لە پارە و پەروەردە؟ بە شێوەیەکی زۆرر دڵرەقانە و نامرۆڤانە پیشانتدا."

باوکی دەوڵەمەند گوتی، " خۆشحاڵم کە گوێم لەوە دەبێت، دەمەوێت دڵڕەقانە و نامرۆڤانە دەربکەوێت."

پرسیم، " بۆچی؟"

" چونکە دەمەوێت ئاگاداری ڕووەکەی تری پارە بیت، دەمەوێت ئەو دەسەڵاتەت پیشان بدەم کە دەکرێت پارە هەیبێت. دەمەوێت ئەو دەسەڵاتە بزانیت، وە دەشمەوێت ڕێزی ئەو دەسەڵاتە بگریت. ئەگەر ڕێزی ئەو دەسەڵاتە بگریت، بە دڵنیایەوە سوکایەتی بە دەسەڵاتی پارە ناکەیت کاتێك هەتبێت.

پرسیم، " مەبسەتت چیە لە ' ڕووەکەی تری پارە'؟" ئەوسا ١٧ ساڵان بووم و تازە دەچوومە کۆتاساڵی ئامادەیی. هەتا ئەم ساتە، باوکی دەوڵەمەند فێری دەکردم چۆن پارە بەدەستبهێنم، بیپارێزم و وەبەرهێنانی تێدا بکەم. ئێستا دەست دەکات بە گوتنەوەی شتێکی نوێ دەربارەی پارە پێم.

باوکی دەوڵەمەند دراوێکی کانزایی لە گیرفانی دەرهێنا. بەرزی کردەوە و گوتی، " هەر دراوێك دوو ڕووی هەیە. ئەمەت لە بیر بێت." دراوەکەی [illegible]تەوە گیرفانی و گوتی، " با بڕۆینە ناوجەرگەی شار."

دە خولەك دواتر باوكی دەوڵەمەند ناوچەیەكی پارككردنی دۆزیەوە و مەندێك پارەی خستە پێوەری گەراجەكە. گوتی" خەریكە دەبێتە كاژێر پێنج، پێویستە پەلە بكەین."

پرسیم،" پەلە بكەین بۆ چی شتێك؟"

باوكی دەوڵەمەند گوتی،" دەی وەرە، خۆت دەیبینیت." لە كاتێكدا ك سەیری ئەملا و ئەولای كرد و لە شەقامەكە پەڕیەوە.

هەر كە لە شەقامەكە پەڕینەوە، من و ئەو لەوێ وەستاین و سەیری ئەو هەموو ڕیزە دوكانانەی سەر شۆشتەكەمان دەكرد. لە پڕ، ڕێك لە كاژێر پێنجدا. فرۆشگاكان دەستیان كرد بە داخستن. كڕیارەكان پەلەپەلیان بوو بۆ كڕینی كۆتا شتیان، شاگردەكانیش لە دوكانەكان دەهاتنە دەر، دەیانگوت،" شەو شاد،" و" سبەی دەتبینمەوە" بە خاوەنكارەكانیان.

باوكی دەوڵەمەند پرسی،" بینیت مەبەستم چییە لە باش-مەشقپێكراو؟"

وەڵامم نەدایەوە، ئەو وانەیەم دەبینی كە باوكی دەوڵەمەند دەیویست فێری ببم. وە حەزیشم لەم وانەیە نەبوو.

باوكی دەوڵەمەند پرسی،" ئێستا لە مەبەستم تێدەگەیت كە دەڵێم،' پارە ئامرازێكی فێركردنە؟'" لە كاتێكدا كە بە تەنیشت دوكانە داخراوەكاندا دەڕۆیشتین. شەقامە چۆڵ و بێدەنگەكان هەستێكی بەتاڵ و ساردی دەبەخشیەوە لە كاتێكدا باوكی دەوڵەمەند جار جار دەوەستا و لە شوشەبەندی ئەو دوكانانەوە سەیری ناوەوەی دەكرد كە سەرنجیان ڕادەكێشا.

من بە بێدەنگی مامەوە.

سواری ئۆتۆمۆبێلەکە بووینەوە و باوکی دەوڵەمەند پرسیارەکەی دووبارە کردەوە،" تێگەیشتیت؟"

وەڵامدایەوە،" تێگەیشتم، دەتەوێت بڵێیت کە هەموو ڕۆژێك هەڵسان بۆ کارکردن خراپە؟"

" نەخێر، باسی باشی و خراپی هیچ شتێك ناکەم. تەنها دەمەوێت لەو دەسەڵاتە مەزنە تێبگەیت کە پارە هەیەتی وە بۆچی پارە ئامرازێکی فێرکردنە."

گوتم،" ئەوە ڕوون بکەرەوە کە مەبەستت لە ' ئامرازی فێرکردن' چییە؟"

باوکی دەوڵەمەند بۆ ساتێك بیری کردەوە. دواجار بەمە دەستی پێکرد،" بەر لەوەی پارە بوونی هەبێت، مرۆڤەکان وەك ڕاوچی- کۆکەرەوە دەسوڕانەوە، لەسەر خاك و دەریا دەژیان. لە بنەڕەتەوە، خودا یان سروشت هەموو شتێکی بۆ دابین کردبووین کە پێویستمانە بۆ مانەوە. بەڵام هەر کە شارستانیتر بووین و ئاڵوگۆڕی شمەك و خزمەتگوزاری سەختر و پڕ کێشەتر بوو، پارە بەردەوام گرنگتر و گرنگتر دەبوو. ئەمڕۆ ئەوانەی کۆنترۆڵی پارەیان کردووە دەسەڵاتێکی زیاتریان هەیە لە چاو ئەوانەی ئاڵوگۆڕی شمەك و خزمەتگوزاری دەکەن. بە دەربڕینێکی تر، پارە دەستی بەسەر یاریەکەدا گرتووە."

پرسیم،" مەبەستت چییە لەوەی 'پارە دەستی بەسەر یاریەکەدا گرتووە'؟"

" هەتا چەند سەت ساڵێك لەمەوبەریش مرۆڤەکان پێویستیان بە پارە نەبوو بۆ ئەوەی بمێنەوە. سروشت هەموو شتێکی بۆ فەراهەم کردبوویت. دەتتوانی سەوزەوات بچێنیت ئەگەر خواردنت بویستایە یان لە

دارستانەکاندا بگەڕایتایە و ڕاوت بکردایە ئەگەر پێویستت بە گۆشت بووایە. ئەمڕۆ پارە ژیانت پێدەدات. ئەمڕۆ ئاستەمە مانەوە تەنها بە چاندنی سەوزەوات لە شووقەیەکدا بە یەك ژووری نوستنەوە لە ناو شاردا یان لە حەوشەی پشتەوەی ماڵەکەت لە دەوروبەری شار. ناتوانیت بە تەماتە پارەی پسووڵەی کارەبا بدەیت، حکومەتیش گۆشتی ئەو ئاسکە وەك باج پەسەند ناکات کە ڕاوت کردووە."

" کەواتە لەبەرئەوەی خەڵکی پێویستیان بە پارەیە بۆ کڕینی شمەك و خزمەتگوزاریە هەنووکەیەکانی ژیان. تۆ دەڵێیت کە پارە دەستی بەسەر یاریەکدا گرتووە. ئەمڕۆ پارە و ژیان شانبەشانی یەکتر ڕێدەکەن."

باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند،" لە دونیای ئەمڕۆدا سەختە بە بێ پارە بمێنیتەوە. ئێستا پارە و مانەوەی کەسی هاوتەریبی یەکترن."

بەبەهێوریگوتم،" کەواتە دەڵێیت کە پارە ئامرازێکی فێرکردنە چونکە پارە پەیوەستە بە مانەوەی کەسیەوە، ئەگەر پارەت هەبێت، دەتوانی خەڵکانێك فێری کردنی شتگەلێك بکەیت کە ڕەنگە نەیانەوێت بیکەن--- شتگەلی وەك هەموو ڕۆژێك لە خەو هەڵسان و چوون بۆ سەر کار."

باوکی دەوڵەمەند بە بزەیەکەوە ئەمەی بۆ زیاد کرد،" یان بە سەختی خوێندن بۆ ئەوەی نمرەی بەرز بەدەستبەێنن."

پرسیم،" بەڵام ئایا کارکەرانی خوێندەوار و باش- مەشقپێکراو گرنگ نین بۆ کۆمەڵگاکەمان؟"

باوکی دەوڵەمەند گوتی،" زۆر گرنگن، ناوەندەکانی خوێندن پزیشك، ئەندازیار، پۆلیس، ئاگرکوژێنەوە، سکرتێر، ئارایشتکار، فڕۆکەوان، سەرباز و چەندان کارو پیشەی تر دابین دەکەن کە پێویستن بۆ بە

شارستانی مانەوەی کۆمەڵگا شارستانیەکەمان. من ناڵێم خوێندن گرنگ نییە. لەبەرئەوەیە دەمەوێت کە بچیتە زانکۆ، تەنانەت ئەگەر حەزیشی پێ نەکەیت. بە سادەیی دەمەوێت لەوە تێبگەیت کە چۆن پارە دەتوانێت ئامرازێکی بەهێزی فێربوون بێت." گوتم،" ئێستا لەوە تێگەیشتووم."باوکی دەوڵەمەند گوتی،" ڕۆژێك دەبیتە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند. وە دەمەوێت ئاگاداری ئەو دەسەڵات و لێپرسراوێتیە بیت کە دەتبێت کاتێك پارەی خۆت بە دەست دەهێنیت. لە بری ئەوەی سامانەکەت بەکار بهێنیت بۆ هێشتنەوەی خەڵکی لە کۆیلایەتی پارەدا، داوات لێدەکەم کە سامانەکەت بەکاربهێنیت بۆ فێرکردنی خەڵکی هەتا ببنە سەروەری پارەکانی خۆیان."

گوتم،" هەروەك چۆن تۆ من فێردەکەیت."

باوکی دەوڵەمەند سەری لەقاند،" هەتا کۆمەڵگا شارستانیەکەمان زیاتر پشت بە پارە ببەستێت بۆ ژیانی خۆی، پارە دەسەڵاتێکی زیاتر دەبێت بەسەر ڕۆحەکانماندا. هەروەك چۆن دەتوانیت بە پسکویتی سەگ سەگێك فێر بکەیت گوێڕایەڵت بێت، ئاواش دەتوانی مرۆڤێك فێر بکەیت کە گوێڕایەڵ بێت و تەواوی ژیانی بە سەختی کار بۆ پارە بکات. خەڵکانێکی زۆر کار بۆ پارە دەکەن تەنها بۆ ئەوەی بمێنەوە نەك ئەوەی جەخت دەکەنەوە سەر دابینکردنی ئەو شمەك و خزمەتگوزاریانەی کە کۆمەڵگا شارستانیەکەمان باشتر دەکات. ئەوە ئەو هێز و دەسەڵاتەیە کە پارە [illegible] ئامرازێکی فێربوون. دەسەڵاتەکە هەردوو ڕووی باش و [illegible]یە."

## چی فێری منداڵەکەت دەکەیت بە پارە

من سەرسامم بەو بیرۆکەیەی کە زۆرێك لە لاوان هەیان دەربارەی ئەوەی کە شایەنی پارەن یان مافی خۆیانە هەیانبێت. دەزانم هەموو منداڵان وانین، بەڵام تێبینی خەڵکانێکی زۆری لاوم کردووە ئاوا بیری کردۆتەوە. تێبینیم کردووە کە زۆربەی دایك و باوکان پارە بەکاردەهێنن وەك شێوازێك بۆ پاکبوونەوە لە گوناهەکانیان. لەبەرئەوەی هەندێك لە دایك و باوکان هێندە سەرقاڵن بە کارکردنەوە، هەندێکیان دەیانەوێت پارە وەك جێگرەوەیەك بۆ سۆز و خۆشەویستی و گرنگی پێدان بەکاربهێنن. تێبینیم کردووە ئەو دایك و باوکانەی کە دەتوانن دایەنێکی هەمیشەی دابین بکەن بە شێوەیەکی گشتی دانەیەکیان هەیە. ژمارەیەك لە دایکانی تاقانە باڵ کە خاوەنی بازرگانی خۆیانن منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ سەر کار، بە تایبەتی لە مانگەکانی هاویندا. بەڵام هێشتا منداڵانێکی زۆر دەمێنن کە لە ماڵەوە بە تەنها بەجێدەهێڵرێن. لە قوتابخانە دێنەوە و بۆ چەند کاژێرێك بێ سەرپەرشت دەبن چونکە هەم دایکیان و هەم باوکیان لەسەر کارن، بە سەختی کار دەکەن بۆ ئەوەی خواردن بخەنە سەر سفرە، وەك باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت،" پارە ئامرازێکی فێرکردنە."

## گرنگی ئاڵوگۆڕ

دایك و باوکان دەتوانن وانەیەکی گرنگ فێری منداڵەکانیان بکەن دەربارەی پارە ئەگەر دەربارەی چەمکی ئاڵوگۆر فێریان بکەن. وشەی ئاڵوگۆڕ وشەیەکی گرنگ بوو بۆ باوکی دەوڵەمەند. دەیگوت،" دەتوانی هەر شتێکت بوێت بە دەستی بهێنیت هەتا ئەو کاتەی ئامادە بی ئاڵوگۆڕ

بە شتێك بکەیت کە هەمان نرخی ئەو شتەی هەبێت کە دەتەوێت." بە دەربڕینێکی تر، هەتا زیاتر ببەخشیت، زیاترت دەست دەکەوێت.

گەلێك داواکاریم پێدەگات هەتا ببمە مامۆستای خەڵکی. ماوەیەك لەمەوبەر، پیاوێکی گەنج پەیوەندی کرد و داوای کرد ئەگەر بتوانێت بانگهێشتی نانی نیوەڕۆم بکات، بە ڕێزەوە ڕەتمکردەوە، بەلاّم پیاوە گەنجەکە پێداگری کرد، بۆیە دواجار ڕازی بووم. لە کاتی نان خواردن، پیاوە گەنجەکە پرسی،" حەز دەکەم کە ببیتە مامۆستام." دەستم بە ڕوویەوە نا، بەلاّم تەنانەت زۆر لەوە زیاتریش پێداگری کرد کە کردی بۆ خوانی نیوەڕۆکە.

دواجار لێمپرسی،" ئەگەر ڕازی ببم، دەتەوێت چیت بۆ بکەم وەك مامۆستا؟" وەلاّمیدایەوە،" دەی، دەمەوێت لەگەڵ خۆت بمبەیتە کۆبونەوەکانەوە، بە لایەنی کەمەوە هەفتەی چوار کاژێرم لەگەڵدا بەسەر ببەیت، وە پیشانم بدەیت کە چۆن لە زەوی و زاردا وەبەرهێنان دەکەیت. بە سادەیی دەمەوێت ئەوەم فێر بکەیت کە دەیزانیت."

بۆ ساتێك بیرم لەم پێشنیارە کردەوە و دواتر گوتم،" ئەی تۆ لە بەرامبەردا چی بە من دەدەیت؟"

لەگەڵ ئەو پرسیارەدا پیاوە گەنجەکە ڕاچەنی. کەمێك قیت بۆوە، بە زەردەخەنە سەرنجڕاکێشەکەی زەردەخەنەی کرد و گوتی،" هیچ شتێك، شتێکم نییە. لەبەرئەوەیە کە دمەوێت فێرم بکەیت، هەر وەك چۆن دەوڵەمەندەکەت تۆی فێرکرد. خۆ کرێت پێنەدەدا، وانەبوو؟"

پاڵم بە کورسیەکەمەوە دا و لەو پیاوە گەنجەم ڕوانی،" کەواتە دەتەوێت کاتی خۆم بەفیڕۆ بدەم بۆ ئەوەی ئەوەت فێر بکەم کە دەیزانم بە خۆڕایی. ئەوەیە کە دەتەوێت؟"

گەنجەکە گوتی،" ئێ، بێگومان. چاوەڕێ دەکەیت چی بکەم؟ پارەیەکت پێبدەم کە نیمە؟ ئەگەر پارەم هەبوایە. داوام لە تۆ نەدەکرد. هەموو ئەوەی داوای دەکەم ئەوەیە کە شتێکم فێر بکەیت. فێرم بکە کە چۆن دەوڵەمەند ببم."

زەردەخەنەیەك نیشتە سەر ڕووخسارم، وە یادەوەریە کۆنەکانی دانیشتن لەگەڵ باوکی دەوڵەمەند لە لایەکەی تری مێزەکە ەروژمی بۆ هێنامەوە. ئەمجارە من لە شوێنی باوکی دەوڵەمەند دانیشتبووم. وە هەلی ئەوەم هەبوو کە بە هەمان ئەو شێوازە وانەیەك بڵێمەوە کە باوکی دەوڵەمەند بە منی گوتەوە. هەستامە سەر پێ و گوتم،" سوپاس بۆ ژەمی نیوەڕۆ، وەڵامەکەم نەخێرە. مەیلی ئەوەم نییە ببمە مامۆستات. بەڵام وانەیەکی زۆر گرنگت فێردەکەم. وە ئەگەر وانەکە فێر بیت کە دەبێت فێر بیت،دەبیتە ئەو پیاوە دەوڵەمەندەی کە ئاواتی بۆ دەخوازیت. فێری ئەم وانەیە ببە، ئەوسا ئەو وەڵامە دەدۆزیتەوە کە بەشوێنیندا دەگەڕێیت." گارسۆنەکە هات بە پسووڵەکەی دەستیەوە، ئاماژەم بۆ پیاوە گەنجەکە کرد و گوتم" لەسەر ئەوە."

پیاوە گەنجەکە پرسی،" بەڵام وەڵامەکە چییە؟ پێمبڵێ، تەنها وەڵامەکەم پێبڵێ."

## هەفتەی ١٠ داواکاری

زۆر جار داوام لێدەکرێت کە ببمە مامۆستای کەسێك. یەکێك لەو شتانەی کە لە زۆربەی ئەو داواکاریانەدا تێبینیم کردووە ئەوەیە کە تەنها بەشێکی زۆر لەو داواکاریانە یەکێك لە گرنگترین وشەکانی دونیای بازرگانیان تێدایە. کە ئەویش وشەی ئاڵوگۆڕە. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر داوای شتێك بکەیت، ئامادەی چی ببەخشیت لە بەرامبەریدا؟

ئەگەر باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژارت خوێندبێتەوە. ڕەنگە ئەو چیرۆکەی باوکی دەوڵەمەندت بیربێتەوە کە دە سەنت بۆ هەر کاژێرەکەمی بڕی و بە خۆرایی کاری پێدەکردم. وەك گوتم، بۆ کوڕێکی نۆ ساڵان، ئەوە وانەیەی زۆر کاریگەر بوو، وانەیەك کە کاریگەریەکی هەمیشەیی هەبوو لەسەر ژیانم. باوکی دەوڵەمەند دە سەنت بۆ هەر کاژێرەکەمی بۆ ئەوە نەبڕی هەتا دڵڕەق دەر بکەوێت. ئەو پارەیەی لێبڕیم بۆ ئەوەی یەکێك لە گرنگترین وانەکانی دەوڵەمەند بوونم فێربکات، ئەو وانەیەش وانەی ئاڵوگۆڕ بوو. کە باوکی دەوڵەمەند دەیگوت،" پارە ئامرازێکی فێربوونە." مەبەستی ئەوەش بوو کە بێ پارەیش دەکرێت ئامرازێکی بەهێزی فێربوون بێت.

ساڵانێك دوای وانەی کارکردنم بە خۆرایی، لە باوکی دەوڵەمەندم پرسی [illegible] ئایا بەردەوام دەبوو لە وانە پێگوتنەوەم ئەگەر بە خۆرایی کارم بۆ [illegible]. وەڵامەکەی ئەمە بوو،" نەخێر، بە دڵنیایەوە نەخێر. کاتێك [illegible] لێکردم فێرت بکەم، دەمویست بزانم ئاخۆ ئامادەی شتێك [illegible] لە بەرامبەر وانەکانمدا. ئەگەر ئامادە نەبوویتایە شتێك [illegible] بەرامبەردا، ئەوسا ئەوە دەبووە یەکەم وانە کە بیری لێ

بکەیتەوە---- کاتێك دەستم بە ڕووتەوە دەنا. ئەو کەسانەی کە فێری ئەوەن چاوەڕێی شتێك بن بە بێ هیچ بەرامبەرێك بە شێوەیەکی گشتی هیچ شتێك بە دەست ناهێنن لە ژیانی ڕاستەقینەدا."

لە ڕێبەری باوکی دەوڵەمەند بۆ وەبەرهێناندا، باسی ئەو چیرۆکەم کردووە کە کاتێك داوام لە فرانك کرد ببێتە مامۆستام. کاتیك لە کۆتایدا ڕازی بوو، یەکەم شت کە داوای کرد بۆی بکەم ئەوە بوو کەلەسەر خەرجی خۆم بچم بۆ ئەفریکای باشوور و لە کانێکی ئالتون بکۆڵمەوە بۆی. ئەمەش نموویەکی تری تەواوی ئاڵوگۆڕە. ئەگەر ڕازی نەبوومایە بە ڕۆیشتنم بۆ ئەفریکای باشوور یان داوام بکردایە خەرجیم بۆ بدرێت. دڵنیام لەوەی کە فرانك هەرگیز ڕازی نەدەبوو ببێتە مامۆستام. هەروەها ئەوە ویست و ئارەزووی بەهێزمی دەسەلماند بۆ فێربوون لێیەوە.

## وانەی پشت وانەکە

لە کاتێکدا ئەم وانەی ئاڵوگۆڕە ڕوون و ئاشکرایە بۆ زۆرێك لەوانەتان کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە، بەلاَم وانەیەکی تر هەیە، وانەیەك لە پشت ئەو وانەی ئاڵوگۆڕەی باوکی دەوڵەمەند پێیگوتمەوە کاتێك دە سەنت بۆ هەر کاژێرەکەمی بڕی. ئەوە وانەیەکە کە زۆربەی خەڵکی فێری نابن، وە وانەیەکیشە بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت دەوڵەمەند بێت. زۆر گرنگە لە تەمەنێکی کەمدا دەست بە وانە گوتنەوە بکەیت بە منداڵەکەت. زۆرێك لە خەڵکانی دەوڵەمەند لەم وانەیە تێدەگەن، بەتایبەتی ئەگەر خۆیان سامانەکەیان بە دەست هێنابێت، بەلاَم زۆرێك لە خەڵکانی بە سەختی کارکەر هەرگیز تێناگەن.

باوکی دەوڵەمەند پێیگوتم،" هۆکاری ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی دەوڵەمەند نابن ئەوەیە کە فێرکراون بە دوای کاردا بگەڕێن. گەلێك زەحمەتە دەوڵەمەند بوون ئەگەر بە دوای کاردا بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە." باوکی دەوڵەمەند بەردەوام بوو لە ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە زۆر کەس دێنە لای و دەڵێن،" چەندێك مووچەم پێدەدەیت ئەگەر ئەو کارەت بۆ بکەم؟" بەردەوام بوو،" خەڵکانێك کە بەو شێوەیە بیردەکەنەوە و بەو وشانە دەدوێن ئەگەری هەیە هەرگیز دەوڵەمەند نەبن. ناکرێت چاوەڕێی دەوڵەمەند بوون بیت لە کاتێکدا کە بە دوای خەڵکیدا دەگەڕێیت هەتا مووچەت پێبدەن بەرامبەر ئەو کارەی بۆیان دەکەیت."

چیرۆکێکی تر لە باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژارەوە چیرۆکی کتێبەکانی چیرۆکی وێنەدار[1] بوو. ئەمە ئەو شوێنە بوو کە وانە ڕاستەقینەکەی پشت وانەی ئاڵوگۆڕەکەی باوکی دەوڵەمەند خۆی دەرخست.

دوای کارکردنم بە خۆڕایی، وردە وردە شتەکانم بە جیاوازی دەبینی. دەستم کرد بە گەڕان بە دوای بازرگانیەك یان هەلێکی وەبەرهێناندا لە بڕی ئەوەی تەنها بە دوای کارێکدا بگەڕێم. مێشکم ڕاهێنرابوو بۆ بینینی ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی نایبینن. جارێکیان داوای ئەو چیرۆکە وێنەدارانەم کرد کە لە فرۆشگاکەی باوکی دەوڵەمەند فڕێدەدران، ئەو فرۆشگایەی بە خۆڕایی کارم تێدا دەکرد. یەکێك لە گەورەترین نهێنییەکانی دەوڵەمەند بوونی باوکی دەوڵەمەندم زانی. ئەو نهێنییە کارکردن نەبوو بە سەختی بۆ پارە، چاوەڕێی مووچە بکەیت لە بەرامبەر کارەکەدا، وەك باوکی دەوڵەمەند دواتر پێیگوتم،" هۆکاری ئەوەی کە

زۆربەی خەڵك لە دەوڵەمەند بووندا شكست دەهێنن ئەوەیە كە ڕاهێنراون كە لەسەر بنەمای وەرگرتنی مووچە بەرامبەر ئەو كارەی دەیكەن. ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، پێویستە لەسەر ئەو بنەمایە بیر بكەیتەوە كە دەتوانی خزمەتی چەندێك لە خەڵكی بكەیت." كاتێك چیتر بە دە سەنتەكە كارم نەدەكرد، وازم لە بیركردنەوە هێنا لەسەر بنەمای وەرگرتنی مووچە لە بەرامبەر ئەو كارەدا كە بۆ باوكی دەوڵەمەندی دەكەم و بە دوای ئەو شێوازانەدا دەگەڕام كە بەهۆیەوە دەمتوانی خزمەتی زۆرترین كەس بكەم. هەر كە بەو شێوازە بیرم كردەوە، بیركردنەوەم وەك ەی باوكی دەوڵەمەندی لێهات.

## هەتا خزمەتی خەڵكانێكی زیاتر بكەیت، دەوڵەمەندتر دەبیت

زۆربەی لاوانی ئەمڕۆ دەچنە خوێندن بۆ ئەوەی فێری پیشەیەك ببن و دواتر بە دوای كاردا بگەڕێن. هەموومان دەزانین كە چەند كاژێرێك هەیە لە ڕۆژێكدا. ئەگەر كاری خۆمان بفرۆشین بە گوێرەی كاژێر یان هەر پێوانەیەكی تر كات، ڕێژەیەكی سنووورداری كاتمان هەیە لە ڕۆژێكدا. ئەو ڕێژە كاتە سنووورداره سنوورێك دادەنێت بۆ ئەوەی كە دەتوانین چەندێك پارە پەیدا بكەین. بۆ وێنە، ئەگەر كەسێك بۆ هەر كاژێرێك كات ٥٠$ی پێبدرێت وە هەشت كاژێر كار بكات، بەرزترین ڕێژەی بەدەستهێنراوی ئەو كەسە ٤٠٠$ بۆ هەر ڕۆژێك. ٢٠٠٠$ بۆ هەفتەیەك یان بۆ هەفتەیەكی پێنج ڕۆژی، وە ٨٠٠٠$ مانگانە. تاكە ڕێگا كە ئەم كەسە بتوانێت ئەو ڕێژەیە زیاد بكات ئەوەیە كە كاژێرگەلی زیاتر كار بكات---- ئەوەش یەكێكە لەو هۆكارانەی كە بەپێی ئامارێكی حكومەتی ئەمریكی، تەنها یەك كەس لە ١٠٠ كەسی ئەمریكی دەوڵەمەندە لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا.

زۆربەی خەڵکی لە سەر بنەمای وەرگرتنی مووچە لە بەرامبەر کاردا ڕاهێنراون، لە بری ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە ڕابهێنرێن کە دەتوانن خزمەتی چەندێك لە خەڵکی بکەن. زۆرجار باوکی دەوڵەمەند دەیگوت، " هەتا خزمەتی خەڵکانێکی زیاتر بکەیت، دەوڵەمەندتر دەبیت. "

زۆربەی خەڵکی وا ڕاهێنراون کە خزمەتی یەك خاوەنکار یان ژمارەیەکی دیاریکراو بریکار بکەن. باوکی دەوڵەمەند دەیگوت، " هۆکاری ئەوەی کە من بوومەتە بازرگان ئەوەیە کە خزمەتی زۆرترین خەڵك بکەم هێندەی دەگونجێت. "

جار جار ئەم هێڵکاریەی خوارەوەی چوارلای جووڵەی نەختی دەکێشا بۆ جەخت کردنەوە لە مەبەستەکەی.




ئاماژەی دەکرد بۆ لای چەپی چوارلای چووڵە نەختیەکە و دەیگوت، " لای چەپ پشت بە کاری جەستەیی دەبەستێت بۆ سەرکەوتن. " ئاماژەی بە لای ڕاستی چوارلاکە دەکرد و دەیگوت، " لای چەپ پێویستی بە کاری داراییە بۆ سەرکەوتن. " بەردەوام دەبوو و دەیگوت، " جیاوازیەکی مەزن هەیە لە نێوان کاری جەستەیی و کاری دارایی. " بە دەربڕینێکی تر، جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی بە جەستەیی کار بکەیت و

پارەکەت یان سیستەمەکەت بە دارایی کار بکات. هەروەها باوکی دەوڵەمەند دەیگوت،" هەتا کەمتر کاری جەستەییم هەبێت، دەتوانم خزمەتی کەسانێکی زیاتر بکەم. لە بەرامبەردا، دەتوانم پارەیەکی زیاتر دەست بخەم."

مەبەستی سەرەکی لە نووسینی باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژار بۆ دۆزینەوەی شێوازێك بوو هەتا بتوانم خزمەتی زۆرترین کەس بکەم، بە زانینی ئەوەی ئەگەر ئەوە بکەم، پارەیەکی زیاتر بە دەست دەهێنم. بەر لە نووسینی کتێبەکە، وەك مامۆستا هەمان بابەتم دەگوتەوە بە جەستەیی و هەزاران دۆلارم دەکردە مەرج. هەرچەندە پارەم دەست دەکەوت، تەنها خزمەتی کەسانێکی کەمم دەکرد زۆر ماندوو بێزار دەبووم لە پرۆسەکەدا. رۆژێك بۆم دەرکەوت کە پێویستە خزمەتی کەسانێکی زیاتر بکەم، بۆم دەرکەوت پێویستە بنووسم لە بری ئەوەی قسە بکەم. ئەمرۆ هەمان ئەو وانانەی ناو کتێبەکەم کەمتر لە ٢٠ دۆلاریان تێدەچێت. خزمەتی ملیۆنان خەڵك دەکەم، وە پارەیەکی زیاتم دەست دەکەوێت لە کاتێکدا کەمتر کار دەکەم. کەواتە وانەی برینی دە سەنت بۆ هەر کارێزەکەی ساڵانێك لەمەوبەر بەردەوامە لە ئەنجامە باشەکانی. دەرەنجامەکەی باشە چونکە وانەکەی باوکی دەوڵەمەند لە پشت وانەی دەوڵەمەند بوونەوە خزمەتکردنی زۆرترین کەس بوو. هەروەك دەیگوت،" زۆربەی خەڵکی خوێندن تەواو دەکەن و بە دوای کارێکی مووچە زۆردا دەگەڕێن. لە بری ئەوەی بە دوای ئەو ڕێگایانەدا بگەڕێن کە دەتوانن لە ڕێیەوە خزمەتی زۆرترین کەس بکەن."

وانـەی چـۆنێتی خزمـەتکردنی زۆرتـرین کـەس لـە کتـێبی سـێهەممدا دەدۆزرێتەوە، ڕێبەری باوکی دەوڵەمەند بۆ وەبەرهێنان. ئەو وانەیە لە سێگۆشەی بی- ئایدا گوتراوەتەوە، کە پێکهاتەیەکە بۆ ڕێنوێنی خەڵکی کە چۆن بیرۆکەکانیان بگرن و بیانگۆڕن بۆ بازرگانیەکی چەندان ملیۆن دۆلاری کە خزمەتی زۆرترین خەڵك بکات. خەڵکانێکی زۆر بیرۆکە گەلی مەزنیان هەیە کە دەتوانێت ئەم دونیایەمان بۆ بکاتە شوێنێکی باشتری ژیان. کێشەکە ئەوەیە، زۆربەی خەڵکی خوێندن تەواو دەکەن و ئەو شارەزاییە پێویستانەیان نییە بۆ گۆڕینی ئەو بیرۆکانە بۆ بازرگانی. لە بری ئەوەی بە دوای کاردا بگەڕێت، باوکی دەوڵەمەند مایکی کوڕی و منی فێرکرد کە بازرگانیەك دابمەزرێنین کە خزمەتی زۆرترین کەس بکات. گوتی، " ئەگەر بازرگانیەك دابمەزرێنن کە بە ڕاستی خزمەتی ملیۆنان کەس بکات، لە بەرامبەر هەوڵەکانتاندا، دەبنە ملیۆنەر. ئەگەر خزمەتی ملیاران کەس بکەن، دەبنە ملیاردلێر.

زۆر بە سادەیی مەسەلەکە ئاڵوگۆڕە." ئەوە دەربارەی دامەزراندنی [illegible]زرگانیەکە کە توانای هەیە خزمەتی ملیۆنان، ملیاران کەس بکات لە [illegible] تاکە خاوەنکارێك یان چەند بریکار و موشتەریەك. وەك باوکی [illegible]ند گوتی، " دەتوانی بە مارەکردنی کەسێك لەبەر سامانەکەی، [illegible]رزانکێی، یاخود بە ڕژدی و فێڵبازی دەوڵەمەند بیت. بەڵام [illegible] ڕێگە بۆ دەوڵەمەند بوون بەخشندەییە. هەندێك لەو [illegible]ترین کەسانەی ناسیومن کەسانی زۆر بەخشندە بوون. لە بری [illegible] لەوە بکەنەوە کە چەندێکیان پێدەبڕێت، بیریان لەوە [illegible] دەتوانن خزمەتی چەند کەس بکەن."

**دەبێت چەندێک پارە بە منداڵەکەم بدەم**

زۆرجار هاوشێوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەم لێدەکرێت:

_ دەبێت چەندێك خەرجی بە منداڵەکەم بدەم؟

_ ئایا پێویستە واز بهێنم لە پارە پێدان بە منداڵەکانم لە بەرامبەر هەرشتێك کە دەیکەن؟

_ من بۆ نمرەی بەرز پارە بە منداڵەکەم دەدەم، ئایا ئەوە بە باش دەزانیت؟

_ ئایا پێویستە بە منداڵەکەم بڵێم کە بە دوای کاردا نەگەڕێت؟

وەڵامی ستانداردم بۆ پرسیارگەلی لەو چەشنە ئەمەیە،" چۆن مامەڵ لەگەڵ منداڵەکەتدا دەکەیت دەکەوێتە سەر خۆت. هەر منداڵێك جیاوازە، وە هەر خێزانێکیش جیاوازە."

وانەکانی باوکی دەوڵەمەندتان بیر دەخەمەوە و داوا دەکەم کە لە بیرتان بێت پارە ئامرازێکی بەهێزی فێرکردنە. ئەگەر منداڵەکەت فێری ئەوە بێت چاوەڕێی پارە بکات بێ بەرامبەر. ئەوسا ڕەنگە هەر بەو شێوەیە خۆی لە ژیاندا ببینێتەوە---- ژیانێکی هیچ. ئەگەر منداڵەکەت تەنها لەبەر ئەوە دەخوێنیت چونکە پارەی پێدەرێت، ئەی ئەوکاتە چی ڕوودەدات کە تۆی لێ نیت هەتا لە بەرامبەر سەعیکردنەکەیدا پارەی پێبدەیت؟ مەبەستەکە ئەوەیە هۆشیاربە لە بەکارهێنانی پارەکەت وەك ئامرازێکی فێرکردن. لەگەڵ ئەوەی کە پارە ئامرازێکی بەهێزی فێرکردنە. وا نەگەلی زۆر زۆر گرنگتر هەیە هەتا منداڵەکەت فێری ببێت. ئەوە وانەکانی پشت وانەکانە کە گرنگترینن. وە یەکێك لەو وانانە مەسەلەی خزمەتگوزاری د خزمەتکردنە.

باوکی دەوڵەمەند و هاوسەرەکەشی بە هەمان شێوەی دایك و باوکم بوون لە زۆر ڕووەوە. هاوسەرەکەی لە گروپێکی خانماندا چالاك بوو کە بەردەوام پارەیان بۆ دۆزی شایەن و گرنگ کۆدەکردەوە. باوکی دەوڵەمەند لە کاتێکی دیاریکراودا پارەی بە کڵێساکەی و چەند کارێکی خێرخوازی جیاواز دەبەخشی و لە دەستەی دوو ڕێکخراوی قازانج نەویستدا خزمەتی دەکرد.

ئەو وانەیەی لە هەردوو دایك و باوکەکەوە فێریبووم ئەوە بوو کە ئەگەر سۆشیالست بیت یان کاپیتالیست، خێرخوازی لە ماڵەوە دەست پێدەکات. ئەگەر دەتەوێت منداڵەکانت دەوڵەمەند بن، فێرکردنیان بە خزمەتکردنی زۆرترین کەس وانەیەکی نرخ دیارینەکراوە بۆ ئەوەی فێری بن. وەك باوکە دەوڵەمەندەکەم دەیگوت،" هەتا خزمەتی خەڵکانێکی زیاتر بکەیت، دەوڵەمەندتر دەبیت."

## بەشی سێهەم

## بلیمەتی منداڵەکەت بدۆزەرەوە

باوکە دەوڵەمەندەکەم زۆر بە گەرموگوڕی مـن و کوڕەکـەی هانـدەدا هـەتا دەوڵەمەند ببین بە خزمەتکردنی زۆرتـرین کـەس. دەیگـوت، کاتێك بـیرت چڕ دەکەیتـەوە لەسـەر بـە دەستهێنانی پـارە تـەنها بـۆ خـۆت، ویستت بەلایەوە سەخت دەبێت دەوڵەمەند ببیت. ئەگەر ناڕاست و چاوچنۆك بیت و پارەیەکی لەوە کەمتر لەوە بە خەڵکی بدەیت کە دەبێت پێیـان بـدرێت، هەمدیسان ویستت بـە لایـەوە سـەختە دەوڵەمەنـد ببیـت. دەتوانیـت بـەو ڕێگایانـە سـامان پێکـەوە بنێیـت، بـەڵام ئـەو سـامانە بـاجێکی قورسـی دەبێـت. ئەگـەر لـە بازرگانیەکەتـدا سـەرەتا جـەخت بکەیتـە سـەر خزمەتکردنی زۆرترین کەس و کەمێك ئاسانترکردنی باری ژیانیـان، ئەوسا سامان و بەختەوەریەکی مەزنت دەست دەکەوێت."

باوکـە زیرەکەکـەم ڕاسـتگۆیانە بـڕوای بـەوە هـەبوو کـە هـەموو منـداڵێك بلیمـەتی تێدایـە، تەنانـەت ئەگـەر منداڵەکـە لـە خوێنـدنیش بـاش نـەبێت. بڕوای بەوە نـەبوو کـە بلیمـەت ئـەو کەسـەیە کـە لـە پۆلـدا دادەنیشێت و [illegible] وەڵامـە ڕاسـتەکان دەزانێـت. بـڕوای بـەوە نـەبوو کـە بلیمـەت ئـە کەسـەیە لـە ئـەوانی تـر زیـرەکترە. لـە دڵـەوە بـاوەڕی بـەوە بـوو کـە هەریەکـەمان بەهرەیـەکمان هەیـە، وە بلیمـەت ئـەو کەسـەیە کـە هێنـدە بەبەختە بەهرەکەی خۆی دەدۆزێتـەوە و دواتـریش ڕێگایـەك دەدۆزێتـەوە بۆ بەخشینەوەی بەهرەکەی

بـۆ سەرنجڕاکێشـکردنی ئـەم وانەیـە لەسـەر بلیمـەتی، چـیرۆکێکی بۆ دەگێڕاینـەوە، دەیگـوت،" بەرلـەوەی هــەر یـەکێکتان لـە دایك ببن، بەهرەیـەکتان پێبەخشـراوە تـا بیبەخشـنەوە. گرفتەکـە ئەوەیـە، کەس پێینەگوتویت کە ئەو بەهرەیەت پێدراوە. کەس پێینەگوتوی کە چی لەو بەهرەیە بکەیت هـەر کـە دۆزیتـەوە. دوای ئـەوەی لـە دایکدەبن، ئەرکت دۆزینـەوەی ئـەو بەهرەیـە و بەخشـینەوەیەتی بەسـەر هەمواندا، ئەگەر بەهرەکەت ببەخشیتەوە، ژیانت پڕ دەبێت لە جادوو."

هەروەها باوکە زیرەکەکەم وشەی بلیمەتی بەم جۆرە دەنووسی GENI-IN-US[1]

بـەردەوام دەبـوو لـە چـیرۆکەکەی و دەیگـوت،" بلیمـەت کەسێکە کە جنیەکـەی[2] نـاخی دەدۆزێتــەوە. هــەروەك چـۆن عـەلادین جـینی نـاو قۆریەکەی دۆزیەوە. هەریـەکێکمان دەبـێ جنیەکـەی ناخمان بدۆزینەوە. وشـەی بلیمـەت لـە ئـەوەوە هـاتووە. بلیمـەت کەسێکە کـە کەسایەتیە جادوویەکەی ناخی دەدۆزێتەوە. بلیمـەت ئـەو کەسـەیە کـە ئـەو بەهرەیە دەدۆزێتەوە کە پێی بەخشراوە."

دواتر باوکە زیرەکەکەم ئەم دێرە ئاگادارکەرەوانەی زیاد دەکرد،" کاتێك جینیەکـەی ناخـت دەدۆزیتـەوە، سـێ خۆزگـەت بـۆ بـەدی دەهێنێت، جینیەکەت دەڵێت[1] خۆزگەی ژمارە یەك ئەمەیـە،" ئایا حـەز دەکـەیت کە بەهرەکەت بدەیت بە خـۆت؟" خۆزگـەی ژمـارە دوو ئەمەیـە،" ئایا حەز دەکەیت کە بەهرەکەت تەنها بەوانە بدرێت کە خۆشـت دەوێـن و کەسانی

---

[1] ئەگەر بەو داشانە جیا بکرێنەوە دەبێتە جینیەک- لە- ئێمەدا.
[2] ئەم وشەیە لە زمانی ئنگلیزیدا نزیکە لە بڕگەی سەرەتای وشەی بلیمەت، لێرەدا جۆرێک لە یاریکردن بە وشە هەیە.

نزیکتن؟" یان خۆزگەی ژمارە سێ کە ئەمەیە،" ئایا حەز دەکەیت بەهرەکەت ببەخشیتەوە بەسەر هەمووان‌دا؟""

ڕوونە کە ئەم وانەیە بۆ ئێمە بوو هەتا بژاردەی سێهەم هەڵبژێرین. وانەکانی باوکە زیرەکەکەم هەمیشە بەوە کۆتایی دەهات کە دەیگوت،" دونیا پڕە لە بلیمەت، هەریەکێکمان بلیمەتێکین. کێشەکە ئەوەیە، زۆربەمان بلیمەتیەکەمان لە قۆریەکەماندا زیندانی کردووە. ڕێژەیەکی زۆرمان ئەو هەڵدەبژێرین کە بلیمەتیەکەمان تەنها بۆ خۆمان یان بۆ ئەوانە بەکاربێنین کە خۆشماندەوێن. جینیەکە تەنها کاتێک دێتە دەرەوە کەخۆزگەی ژمارە سێ هەڵبژێرین. جادوو تەنها کاتێک ڕوودەدات کە بلیمەتییەکەت دەبەخشیتەوە." هەردوو باوکەکەم بڕوایان بە جادووی بەخشین هەبوو. یەکێکیان باوەڕی بە دامەزراندنی بازرگانیەك هەبوو لەسەر بنەمای خزمەتکردنی زۆرترین کەس، ئەوی تریان باوەڕی بە دۆزینەوەی ئەو بەهرەیە بوو کە پێمان بەخشراوە، دۆزینەوەی جینیەکەی ناخمان و ڕێگەدان بە دەرچوونی جادووی جینیەکە.

وەك منداڵێکی بچووك وانەی هەردوو باوکەکەم کاری بۆ من کرد. هەردوو جینێکەکە هۆکاریان پێدام بۆ ژیان، هەروەها هۆکار بۆ بەخشین. هەرچەندە گەمژانە دەردەکەوێت، بەڵام وەك منداڵێکی نۆ ساڵان، باوەڕم بە ئەگەری هەبوونی جینی هەبوو لە ناخمدا، هەروەها باوەڕم بە جادووش هەبوو. هێشتاش هەمان باوەڕم هەیە. ئەگەر وانییە چۆن ئەو [illegible]ەی کە لە خوێندن دەرکرا لەبەرئەوەی نەیدەتوانی بنووسێت، کەچی [illegible] کتێبەکانی پەروەردەی جیهانی نووسی؟

[illegible]ی ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ بلیمەتی منداڵەکەت.

## بەندی پانزەهەم

# چۆن بلیمەتی سروشتی منداڵەکەت دەدۆزیتەوە؟

زۆربەمان پرسیارمان لێکراوە، "کەلوەکەت چییە؟" وە ئەگەر تەرازوو بیت، دەڵێیت، "من تەرازووم. ئەی تۆ؟" زۆربەمان دەزانین کە چی کەلوێکین. هەروەك چۆن زۆربەمان دەزانین کە چوار گروپی سەرەکی کەلوەکان هەن: خاکی، ئاوی، هەوایی، ئاگرین. زۆربەشمان دەزانین ک ١٢ کەلو هەیە: فەریك، دووپشك، قرژاڵ، گیسك، سەتڵ، کاوڕ، دووانە، گا، شێر، کەوان، نهەنگ و تەرازوو. مەگەر ئەوەی پسپۆڕی ئەستێرەناسی بین دەنا زۆربەمان تایبەیمەندیە کەسیەکانی ئەو ١٢ کەلوە نازانین. ب شێوەیەکی گشتی ئاگاداری خوو و تایبەتمەندیەکانی کەلوەکەی خۆمان و ڕەنگە کەمێکی تریان بین. بۆ نموونە، من کاوڕم، وە دەبێت بڵێم زۆربەی ئەو شتانەی کە هێڵکاریەکان دەیڵێن دەرباری خوو ڕەوشتی کاوڕ لەگەڵ مندا دەگونجێت. هاوسەرەکەم سەتڵە، ئەویش بە هەمان شێوە هەڵگری ئەو خووە گشتیانەیە. زانینی جیاوازیەکان یارمەتی پەیوەندیەکەمان دەدات چونکە باشتر دەتوانین لە یەکتر تێبگەین.

زۆر کەممان درك بەوە دەکەین کە هەر وەك چۆن خوو و ئاکاری کەسایەتی جیاواز هەیە، بە هەمان شێوەش شێوازی جیاوازی فێربوون هەیە. یەکێك لەو هۆکارانەی سیستەمی پەروەردەیی ئێستامان هێندە ب ئازارە بۆ زۆرێك لە خەڵکی ئەوەیە کە سیستەمی خوێندنمان تەنها بۆ چەند شێوازێکی جیاوازی فێربوون دروستکراوە. ئەوە وەك ئەوە وایە ک سیستەمی خوێندن تەنها بۆ کەلوە ئاگرینەکان چێکرابێت و بە لاشمانەوە،

سەیر بێت بۆچی کەلوە ئاوی، خاکی و هەواییەکان حەزیان لە خوێندن نییە. ئەم بەشە تیشکێکی زیاتر دەخاتە سەر شێوازە جیاوازەکانی فێربوون و هەروەها یارمەتیت دەدات لە دۆزینەوەی شێوازی فێربوونی منداڵەکانت و تەنانەت خۆشت، ئەگەر بتەوێت شێوازە دانسقەکەی فێربوونت بدۆزیتەوە.

ئەم بەشە ڕەنگە ئەوەش ڕوون بکاتەوە کە بۆچی هەندێك کەس لە خوێندن سەرکەوتوون بەڵام لە دونیای ڕاستەقینەدا سەرکەوتوو نابن و بە پێچەوانەشەوە.

## نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ گۆشتفرۆش

زۆربەمان ئەو پەندەمان بیستووە کە دەڵێت،" نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ گۆشتفرۆش." وە منیش هاوڕام لەگەڵیدا.

کاتێك نزیکەی پێنج ساڵان بووم، خێزانەکەمان لەگەڵ ماڵێکی دراوسێماندا ڕۆیشتین بۆ کەنار دەریایەکی ناسراو. لە ناکاو سەرم هەڵبڕی و بینیم ویلی هاوڕێم لە ناو ئاوەکە پەلەقاژەیەتی. کەوتبووە ناو چاڵێکەوە و خەریك بوو دەخنکا چونکە مەلەی نەدەزانی. بە قیژە قیژ و هاوارکردن، [illegible] سەرنجی کوڕێکی ئامادەیم ڕاکێشا و خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە بۆ [illegible]کردنی ویلی.

[illegible] ئەو ڕووداوە نزیك-مەرگە، هەردوو خێزانەکە بڕیاریاندا کە کاتی [illegible] کە هەموو منداڵەکان وانەی فەرمی مەلەکردن بخوێنن. هەرزوو [illegible] لە مەلەوانگەیەکی حکومیدا بینیەوە بۆ فێربوونی مەلەکردن زۆریشم [illegible] نەدەخایاند کە لە حەوزەکە دەهاتمە دەر و لە ژووری [illegible] خۆم دەشاردەوە، تۆقیبووم لەوەی هاوارم بەسەردا بکرێت

چونکە نەمدەتوانی بە باشی مەلە بکەم. لەو ساتە بەدواوە، ڕقم لە بۆنی کلۆری حەوزی مەلەوانییە.

دوای ساڵانێك لە زەریادا فێری مەلەکردن بووم چونکە حەزم لە ڕاوەماسی بە ڕم و گرتنی قرژاڵی دەریا بوو. لە تەمەنی ١٢ ساڵیمدا دەستم کرد بە خلیسکێنەی سەر ئاوی جەستەی و دواتریش خلیسکێنە لەسەر بۆردی خلیسکێنە. بەڵام هێشتا نەمدەتوانی بە شێوازە تەواوەکان مەلە بکەم.

لە لایەکی ترەوە ویلی وەك ماسی فێری مەلەکردن بوو و هەر زوو بووە کێبڕکێکارێکی هاوایی. لە ئامادەیی، ڕۆیشت بۆ بەشداری لە پاڵەوانەکانی ویلایەتدا. هەرچەندە کە نەیبردەوە، بەڵام چیرۆکەکەی پیشانی دەدا کە چۆن ڕووداوێکی نزیکە مەرگی وەرگرت و گۆڕی بۆ خولیایەك. ڕووداوەکەی ئەو بووە هۆی ئەوەی دایك و باوکم بە زۆر ناچارم بکەن وانەی مەلەکردن بخوێنم. منیش فێری ڕق لێبوونەوە بووم لە مەلەوانگەکان و هەرگیز بە باشی فێری مەلەکردن نەبووم.

کاتێك ڕۆیشتم بۆ زانکۆ لە نیۆرك، پێویست بوو تاقیکردنەوەی مەلەوانی بکەین لە مەلەوانگەیەکدا. شکستم هێنا، هەرچەندە بە ڕم ماسیشم ڕاو کردبوو، خلیسکێنەی سەر سکوبام کردبوو و لە سەر شەپۆلێکی دەریایی گەورەی زستانەش خلیسکێنەم کردبوو. لە تاقیکردنەوەی مەلەوانیەکە شکستم هێنا چونکە شێوازەکانی مەلەکردنم نەدەزانی. لە بیرمە کە بۆ ماڵەوەم نووسی و هەوڵمدا بۆ هاوڕێکانمی ڕوون بکەمەوە کە وانەی مەلەوانی دەخوێنم چونکە لە تاقیکردنەوەی مەلەوانیدا شکستم هێناوە. ئەمانە ئەو هاوڕێیانە بوون کە ساڵانێك پێکەوە مەلەمان کردووە لە ناو هەندێك لە ترسناکترین شەپۆلەکانی هاوایی.

مەواڵە خۆشەکە ئەوەیە لە کۆتایدا فێری مەلە سەگە و شێوازی مەلەی سەربەست بووم لە حەوزی ئاوی سازگاردا. هەتا ئەو ساتە، بە تێکەڵەیەکی سنگە مەلە و تەنیشتە مەلە و جووڵەی مقەستی مەلەم دەکرد، کە ئەوەش زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو و بە لای مامۆستایانی مەلەوانیەوە و پێیان هیچ نەبوو.مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە، هەرچەندە کە نەمدەتوانی بە شێوازێکی تەواوەتی مەلە بکەم لە حەوزی ئاوی سازگاردا، بەڵام زۆر ئاسوودە بووم بە مەلەکردن لە زەریادا، تەنانەت لە یەکێك لە ترسناکترین زەریا کراوەکاندا. هێشتا مەلەوانێکی باش نیم، بەڵام کاتێك لە زەریادام وا هەست دەکەم لە ماڵەوەم. خەڵکانێك دەناسم کە بە شێوازە تەواوەکان مەلە دەکەن لە مەلەوانگەکاندا، بەڵام لە دەریای کراوە و شەپۆل دەترسن. وەك پەندەکە دەڵێت،" نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ گۆشتفرۆش."

## شێوازە جیاوازەکانی فێربوون

مەبەستی ئەم بابەتە باسکردنی نەبوونی توانای مەلەوانیم نییە، بەڵکو بۆ پیشاندانی ئەوەیە کە هەریەکەمان بە شێوازێکی جیاواز فێردەبین و بە شێوەی جیاواز شتەکان ئەنجام دەدەین. هەرچەندە ئێستا دەتوانم بە شێوازێکی تەواو مەلە بکەم. بەلام بەلامەوە کرداریترە بە شێوازی خۆم مەلە بکەم. من هەرگیز وەك ویلی هاوڕێم بۆ کێبڕکێ مەلە ناکەم، هەرگیزیش خەلات وەرناگرم بۆ شێوازە نایابەکەم، بەلام کردنی شتەکان بە شێوازی خۆم بۆ گونجاو و لەبارترە--- وە پێموایە زۆریەمان بەو شێوەیەین، دەزانین کە دەبێت چی بکەین، بەلام پێمان باشترە بەو

شێوازە بیکەین کە پێمان خۆشە. منداڵەکانیشت بە هەمان شێوە بیر دەکەنەوە دەربارەی فێربوون.

## چۆن بلیمەتی منداڵەکەت بدۆزیتەوە

بۆ دۆزینەوەی بلیمەتی منداڵەکانت، سەرەتا دەبێت بزانیت کە حەز دەکەن بە چی شێوازێك فێربن و بۆچی شتێك فێر دەبن. بۆ وێنە، من فێری مەلەوانی نەدەبووم چونکە نەمدەویست فێر ببم. فێری مەلە بووم چونکە دەمویست خلیسکێنەی سەر شەپۆل بکەم. ئەگەر لەبەر خلیسکێنە نەبووایە، هیچ مەیلێکم نەبوو بۆ فێربوونی مەلەوانی. زۆر لێکردنم بۆ فێربوون زیاتر وای لێکردم ڕقم لە مەلەکردن بێتەوە. لە بری ئەوەی لەگەڵ منداڵەکانی تردا لە لایە تەنکاوەکە دەست پێبکەم، زۆر خۆشحاڵتر دەبووم خۆم هەڵدایەتە لایە قوڵەکەوە و فێری مانەوە ببوومایە. هەمان شت دروستە بۆ فێربوونی خوێندنەوەی ڕاپۆرتە داراییەکان. لەبەرئەوە فێری هەژمارکردن نەبووم هەتا ببمە ژمێریار. خۆم فێری بنچینەکانی ژمێریاری کرد بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ببم. ئەگەر پێتانوایە شێوازی مەلەکردنم ناشرینە، ئەوا پێویستە هەژمارکردنم ببینن.

باوکە زیرەکەکەم درکی بەوە کردبوو کە من ئەستێرەیەکی ئەکادیمی نیم. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هانیدام شێوازی فێربوونی خۆم بدۆزمەوە. لە بری ئەوەی زۆرم لێبکات هەتا شوێن شێوازە سونەتیەکانی فێربوون بکەوم، هانیدام،" خۆم هەڵبدەمە لایە قوڵەکەوە و بۆ ڕزگارکردنی ژیانم مەلە بکەم." دڵرەق و توند نەبوو، بەڵکو درکی بەوە کردبوو کە شێوازی فێربوونم شێوازی فێربوونمە، وە دەیویست بەو شێوازە فێریم کە باشترین

شێوازە بۆ فێربوونم. هەروەك چۆن شێوازی مەلەکردنم جوان نەبوو، ئەو شێوازەی پێشی فێردەبووم جوان نەبوو.

خەڵکانی تر بە شێوازێکی سوونەتیتر فێردەبن. زۆرێك دەڕۆن بۆ قوتابخانە، چێژ لە ناو پۆل دەبینن و چێژ لە پەیڕەوێکی خوێندنی پێشتر بەرنامە بۆ دانراو وەردەگرن. زۆرێك حەزیان لە زانینی ئەو ڕاستیەیە کە لە کۆتایدا خەلات وەردەگرن. حەزیان لە بیرۆکەی زانینی ئەوەیە کە نمرەی دەرچوون یان بڕوانامەیان پێدەدرێت لە بەرامبەر هەوڵەکانیاندا. وەك گوتم، حەزیان لە ڕاستێتی خەلاتە لە کۆتایی پەیڕەوەکەدا. هەروەك چۆن ویلی هاوڕێم لە مەلەکردندا باش بوو چونکە حەزی لە مەلەکردن بوو، خەڵکانێکی زۆر لە خوێندن باش دەبن، چونکە حەزیان لە خوێندنە.

کلیلی سەرکەوتنی خەڵکی لە ژیاندا دۆزینەوەی باشترین شێوازی فێربوونیانە و دڵنیابوونەوەیە لەوەی کە لە ژینگەیەکدان کە ڕێگایان دەدا بەو شێوازەی خۆیان فێربین. کێشەکە ئەوەیە، دۆزینەوەی ئەوەی کە کتومت بە کامە شێواز فێردەبین و بەهرەی سروشتیمان چییە زۆربەی جار پرۆسەیەکی هات و نەهاتە. هەندێك هەرگیز بەهرەکەیان نادۆزنەوە. هەرکە خوێندن تەواو دەکەن، کار دەدۆزنەوە، دواتریش ناتوانن هەمیشە بەردەوام بن لە پرۆسەی دۆزینەوەی کەسی. چۆنێتی دۆزینەوەی شێوازی فێربوونی کەسێك و بلیمەتی دەگمەنی ئەو کەسە بە ڕوونی دەست نیشان نەکرابوو هەتا ئەم دوایانە.

## ئاقیکاری کۆلبی

نامەم بۆ دۆستێکم دەکرد و بۆم ڕوون دەکردەوە کە ڕقم لەوەیە نووسینگەم هەبێت، بۆم ڕوون کردەوە کە چەند بینایەکی نووسینگەم

هەیە، بەڵام هەرگیز نووسینگەیەکی فەرمیم نەبووە. گوتم،" ڕقم لەوەیە لە ژوورێکدا گیر بخۆم."

دۆستەکەم پێکەنی و گوتی،" ئایا تا ئێستا تاقیکاری کۆڵبیت کردووە؟" وەڵاممدایەوە،" نەخێر، ئەوە چییە؟"

" ئامرازێکە بۆ پێوانی شێوازی فێربوونی سروشتیت. هەستەکانت، یان بلیمەتی سروشتیت دەپێوێت."

گوتم،" هەرگیز ئەو جۆرە تاقیکاریەم نەبیستووە، بەڵام گەلێکم لەو چەشنە تاقیکردنەوانە کردووە. بەلای منەوە بەسوود بوون، بەڵام ئەمەش هەر یەکێك نییە لە هەمان جۆری پێوەر؟ خۆ ئەمیش هەروەك زانینی شتی زیاتر نییە دەربارەی کەلوە گەردوونیەکەم؟"

دۆستەکەم گوتی،" ئێ، بەڵێ، لێکچوون هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام هێشتا هەندێك جیاکاری هەیە کە تاقیکاری کۆڵبی دەتوانێت پێتی بدات کە تاقیکاریەکانی تر ناتوانن."

پرسیم،" وەك و چی؟"دۆستەکەم وەڵامی دامەوە،" ئێ، وەك گوتم، بلیمەتیت و شێوازی فێربوونی سروشتیت دەردەخات. هەروەها پێشت دەڵێت کە چی دەکەیت و چی ناکەیت، لە بری ئەوەی پێت بڵێت کە چی دەتوانی بکەیت و چی ناتوانیت. کۆڵبی هەستە سروشتیەکانت دەپێویت، نەك زیرەکیت یان کەسایەتیت. تاقیکاری کۆڵبی هەندێك شتی ناوازەت پێدەڵێت لەسەر خۆت کە هیچ تاقیکاریەکی تر پێت ناڵێت--- چونکە ئەوە دەپێوێت کە تۆ کێیت، نەك ئەوەی کە خۆت پێتواییە ئەو کەسەیت."

گوتم، "مەستەکان؟ کەواتە ئەوە چۆن دەتوانێت یارمەتیدەرم بێت؟"
دەمویست خۆم لە تاقیکاریەکی تر بدزمەوە.

"تەنها پشکنینەکە بکە و دواتر قسەی لەسەر دەکەین. لە ڕاستیدا، کاسی کۆڵبی، دروسکەری تاقیکاریەکە، لێرە لە فینیکس دەژی. دوای تەواوی پشکنینەکەت ئەنجامدا، بینینێك لە نێوانتاندا ڕێکدەخەم. خۆت تاوە ببینە کە ئایا ئامرازەکەی ئەوە دەکات کە گوتم یان نا."

"چۆن ئەم تاقیکاریە ئەنجام بدەم؟"

وەڵامی دامەوە، "هەر بچۆرە سەر سایتەکەی و تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدە. ڕەنگە تەنها چەند خولەکێکت پێ بچێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان."

"ئەی کەی ئەنجامەکان وەردەگرمەوە؟"


دۆستەکەم وەڵامی دامەوە" هەر یەکسەر، دوای ئەوەی تاقیکردنەوەکەت کرد، دەتوانی هەڵسەنگاندنی بۆ بکەیت. وە منیش بینینێك لە نێوان تۆو کاسیدا ڕێکدەخەم. خەڵکانێکی زۆر نابینێت، بەڵام هاوڕێی خۆمە و پێی دەڵێم کە تۆ هاوڕێی خۆمی."

ڕازی بووم و چەند خولەکێك دواتر، تاقیکاری کۆڵبیم ئەنجامدا. ئەنجامەکان زۆر بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوون، بەڵام چونکە دەمزانی ژەمێکی نیوەڕۆ لەگەڵ دروسکەری تاقیکاریەکەدا دەخۆم، بڕیارمدا چاوەڕێ بکەم و لە خۆیەوە ببیستم کە چی دەڵێت.

سێ ڕۆژ دواتر، من و کاسی بۆ ژەمی نیوەڕۆ یەکمان بینی. سەیری ئەنجامەکەمی کرد و گوتی، " تۆ ووزە وەردەگریت بە سەرکێشی کردنی جاستەیی، وانییە؟"

قاقا پێکەنیم، کاسی دەنگێکی زۆر بەسۆز و خۆشی هەبوو، بەو تێگەیشتن و هاودەمیەوە قسەشی دەکرد. دەتوانم بڵێم کە دەیزانی من کێم لەگەڵ ئەوەی تەنها ئەو ساتە یەکتریمان بینیبوو. پرسیم،" چۆن ئەوە دەزانیت؟"

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی،" خاڵە بەهێزەکانت لە نێو هەستەکانتدایە. ئەمەش شێوازی بەڕێوەچوونتم پێدەڵێت. چونکە کاردانەوە و ووزەی کاراکەرتە کە کردارەکانت ئاڕاستە دەکات."




پرسی،" هێڵەکانی هێڵکاریەکە پیشانم دەدات کە تۆ هەستەکیانە وێڵی دوای سەرکێشیی جەستەیی. ئایا خۆت هەر بە سروشتی وایت؟

سەرم لەقاند. کاسی پرسی" هەتا ئێستا لە لێواری مەرگدا بوویت؟"

" بەڵێ، گەلێك جار، بە تایبەتی کاتێك لە ڤێتنام بووم."

پرسی،" ئایا بەڕاستی لەو بارودۆخە ڕزگارت بووە؟ کاتێك هەستەکانت بە تەواوەتی بەشدار بوون و ووزەکەت بەو مەترسیە ئاڕاستە کراوە کە تێیدا بوویت؟"

وەڵاممدایەوە،" ئێ، عاشقی فڕینم لەکاتی جەنگدا. هەم شادیەێنەرە و هەندێك کاتیش تراژیدیە. بەڵام عاشقی فڕینم لە جەنگدا، وە بیرم دەکرد کاتێك گەڕامەوە بۆ فڕینی کاتی ئاشتی."

گوتی،" ئەوە ڕێی تێدەچێت،" پرسی،" ئایا گەڕانەوە بۆ ڕۆتینی ئاسایی سەربازی قورس بوو بۆت کاتێك گەرایتەوە بۆ نیشتیمان؟ ئایا ئەوە کێشەی بۆ دروست کردی کاتێك گەڕایتەوە بۆ نیشتیمان؟"

گوتم،" بەڵێ، چۆن ئەوە دەزانیت؟"

بە نەرمی گوتی،" ئەوە دەزانم چونکە بەهرەی شوێنکەوتنت بۆ هێشتنەوەی ژمارەیەکی زۆر تۆپە لە هەوادا لە هەمان ساتدا. پێمدەڵێت کە تۆ شوێن ڕێسا و ڕێکارەکان ناکەویت. ئەنجامی شێوازی کاردانەوەت و کاراکەرەکەت ئەوە پیشان دەدات کە تۆ سەرکێشی جەستەیی دەکەیت و لە حاڵەتی لە ناکاودا خۆت دەرباز دەکەیت، لەبەرئەوەیە ئەگەری هەیە لە ڤێتنام زۆر باش بوویبێت. بەڵام کاتی ئاشتی سەربازگە زۆر یاسادار و سنووردار دەبینێت. تۆ پێویستت بە شادیە. ئەگەر شادی پێویستت نەبێت، خۆت دروستی دەکەیت. ئەوە پێی دەگوترێت کێشە بۆ خۆ دروسکردن، زۆر جاریش بە بەرەنگاربوونەوەی بەرپرسەکان کە هەوڵدەدەن کۆنترۆڵت بکەن و شوێن یاساکان بکەویت."

پرسیم،" ئایا تۆ ناو لەپی دەستیش دەخوێنیتەوە؟" دواتر لێمپرسی کە ئایا هاوڕێکەم دەربارەی من شتی پێگوتووە، خەریك بوو گومانم بۆ دروست دەبوو چونکە کاسی زۆری دەربارە دەزانیم، لە کاتێکدا تازە یەکترمان بینیبوو.

گوتی،" نەخێر. هیچ شتێك دەربارەی تۆ نازانم. پێم باشترە نەیزانم کاتێك ئەنجامەکانی کەسێك لێکدەدەمەوە. متمانەم بە دروستی تاقیکاریەکەم هەیە، وە بەلامەوە باشترە متمانە بەوە بکەم لەبری وەسفی کەسێکی تر بۆ ئەو کەسە، یان یادەوەریم دەربارەی ئەوەی کە چیان گوتووە." کاسی بەردەوام بوو لە گوتنی ئەوەی کە ئەو منی بینیوە چونکە هاورێکەی داوای لێکردووە وە لەبەرئەوەش کە چێژێکی زۆر دەبینیێت لە هاوبەشیکردنی کارەکەی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە دڵەوە حەز دەکەن زیاتی لەسەر بزانن. دوای ئەوەی زیاتر یەکترمان ناسی، کاسی بە چڕ و پڕی دەستی کرد بە باسکردنی ئەوەی کە تاقیکردنەوەی کۆڵبیەکەم چی ڕوون دەکاتەوە. دووبارە ئاماژەی بە هێڵکاریەکەمدا و گوتی،" ئەگەر ئێستا لە قوتابخانەدا بوویتایە، وەك نەخۆشی کەمی ئاگایی هەژمار دەکرایت، وە ڕەنگە دەرمانت پێبدرایە بۆ ئەوەی ئارام بیتەوە."

پرسیم،" ئەو جۆرە چارەسەرەت بەلاوە باشە؟"

گوتی،" نەخێر، بۆ زۆبەی منداڵان ناشێت. پێموایە ئەو دەرمان پێدان و هەژمارکردنەی منداڵان بەم نەرێنیە دوو هێندەیە زۆربەی جار نادادپەروەریە بەرامبەر توانای سروشتی و باوەڕ بەخۆبوونیان. ئەو هەستی متمانەیان لێ دادەماڵێت کە کێن. ئەگەر لە کاتی منداڵیتدا دەرمانت پێبدرایە، ڕەنگە هەرگیز ڕێگای خۆت لە ژیاندا نەدۆزیایەوە. ڕەنگە هەرگیز کتێبگەلی پڕ فرۆشت نەنووسیایە. ڕەنگە هەرگیز ئەو سەرکەوتنەت بە دەست نەهێنابایە کە ئێستا پێی گەیشتویت."

کاسی بەردەوام بوو، گوتی" لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە هیچ شتێك نەیتوانیایە ڕاتبگرێت. مەبەستەکە ئەمەیە، لە سیستەمی ئێستای خوێندندا بە خوێندکارێکی کێشەدار دیاری دەکرایت، خوێندکارێکی نەخۆش. مەسەلە ئەوە نییە کە ناتوانیت فێر بیت. تەنها ئەوەیە کە بەو شێوازە فێر نابیت کە سیستەمی خوێندمان وانەی پێدەڵێتەوە. بەختت هەیە کە باوکت لەمە تێگەیشتووە." دەزانم بە باوکە مامۆستاکەت دەڵێیت'باوکی هەژار'، بەڵام لە ڕاستیدا بە زۆر شێواز ژیانتی دەوڵەمەند کردووە. لە زۆر لایەنەوە، بە هۆی باوکە هەژارەکەتەوە سەرکەتوو بوویت. هێندە زیرەك بووە هەتا ڕێگەت پێبدات لە لای باوکە دەوڵەمەندەکەت بخوێنیت و هانی‌داویت بەو شێوازە فێر بیت کە باشترینە بۆت، کە هەر وەك خۆت ددانت پێدانا شێوازێکی زۆر جوان نەبوو."

بە سەرلەقاندنەوە گوتم،" بە دڵنیایەوە جوان نەبوو." دوای ساتێك وەستان، پرسیم،" کەواتە چۆن پێناسەی سەرکەوتن دەکەیت"

کاسی زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی،" من سەرکەوتن وەك ئازادی بوون بە خۆت پێناسە دەکەم. ئەوەش هەمان شت بوو کە باوکت بۆی ئەنجامدایت. ڕێزی لێگرتی و ئازادی بوون بە خۆتی پێبەخشیت."

"خەلکانێکی زۆر بە هەوڵدان بۆ بوون بەوەی دایك و باوکیان یان کۆمەڵگا دەیانەوێت کەمارۆ دراون، وە پێموانییە ئەوە سەرکەوتنی ڕاستەقینە بێت، بە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە چەندێك دەوڵەمەند یان دەسەڵات دەبن. وەك ئادەمیزاد، بە شێوەیەکی سروشتی بەدوای بوون بە خۆدا دەگەڕێن. ئەگەر شەڕ لەگەڵ هیچ کەسێك و هیچ

شتێکدا نەکەین کە ناچارمان دەکات دژی سروشتمان بوەستینەوە، ئەوا ڕێزی خوودیمان لە دەست دەدەین و نکوڵی لە بلیمەتیمان دەکەین."

گوتم،" ئێ، سەرکەوتنم نەدەدۆزیەوە ئەگەر شوێن هەنگاوەکانی باوکم بکەوتمایە. لە ئامادەیی، من گۆشەگیر بووم. لەگەڵ خوێندکار و مامۆستاکان نەدەگونجام."

کاسی بە بزەیەکەوە گوتی،" بەڵام گرەو دەکەم حەزت لە باخچەی ساوایان بووە."

گوتم،" بەڵێ، وابوو. چۆن دەزانیت؟"

ئاماژەی بۆ هێڵکاریەکەم کرد و گوتی،" بۆ خەڵکانێکی وەك تۆ کە هێڵیەکی کاراکەری درێژیان هەیە، باخچەی ساوایان ناوازە دەبێت. چالاکەکان بە شێوەیەکی سروشتی دەست لە شت دەدەن و شت دروست دەکەن. شێوازی کاردانەوەت دەگونجێت لەگەڵ ڕێژەیەکی زۆر شتگەلی نوێ لە باخچەی ساوایاندا. وە شوێنکەوتنەکەت ناچار ناکرێت بۆ مانەوە لە شوێنی داخراودا. وە هێشتا تاقینەکرابوویتەوە دەربارەی دۆزینەوەی ڕاستیەکان. بە تەواوەتی لەگەڵتدا گونجاوبوو، وانەبوو؟

بە سەرلەقاندنەوە گوتم،" بەڵێ، وابوو. هێشتا حەزم لە دروسکردنی شتە، وەك بەرهەمگەلی نوێ. حەزم لە وەبەرهێنانە لە زەوی و زاردا چونکە دەتوانم وەبەرهێنانەکەم ببینم، دەست لێ بدەم و هەست پێ بکەم. هەمیشە بە خەڵکی دەڵێم کە هەرگیز لە یاریکردنی مۆنۆپۆلی نەوەستاوم. حەزم لە یاریکردنە."

کاسی بزەیەکی کرد و ئاماژەی کرد بۆ بەشی شوێنکەوتنی هێڵکاریەکە."
بەڵام دواتر پلەی پۆلی یەک دێت بۆ پۆلی سێ. منداڵ بە بە شێوازی شوێنکەوتنی جیاواز لەوەی تۆ لە خوێندن باش دەبن."

پرسیم،" بۆچی باش دەبن؟ بۆچی پۆلی یەك بۆ سێ باشە بۆ کەسێك بە شێوازێکی شوێنکەوتنی جیاوازەوە؟" خەریکە ئیتر زانستی ئەم خانمە سەرنجراکێش دەبێت بەلامەوە.

" لەبەرئەوەی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، میکانۆکان و یاریەکان نەماون و یاسا و دیسپلین بۆ پەیڕەوەکە زیاد کراوە. خەڵکانێك بە نەخشەیەکی شوێنکەوتنی ماوە درێژەوە باش دەگونجێن لەگەڵ داوای ڕێك و پێکی و دیسپلیندا. هەتا پۆلی سێهەم، تەواوی پاشماوەی چالاکەکان لە پۆلەکەدا نامێنیت." گوتم،" یاسا و ڕێك و پێکی؟ یاسا و ڕێك و پێکی پەیوەندی چییە بە پەروەردەوە؟"

کاسی ئەمجارەش زەردەخەنەی کرد و گوتی،" بە هۆی نەخشەی شوێنکەوتنەوە و دەتوانم بڵێم شوێن کەوتنی یاساکان و ڕێك و پێکی خاڵی بەهێزت نین."

پرسیم،" نەخێر، خاڵی بەهێزم نین. بەلام ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستم لە خوێندندا؟"

کاسی گوتی،" ئۆە، بێگومان. گرەو دەکەم لە پۆلی یەکەم بۆت نەچۆتە سەر وەك ئەوەی لە باخچەی ساوایان ئەنجامت دەدا."

گوتم،" دروستە. لە پۆلی یەکدا، دەستم بە شەڕکردن کرد، لە کاتێکدا لە باخچەی ساوایان بە یاریەکانم زۆر یاریم دەکرد. کاتێك چوومە پۆلی یەك

مامۆستاکان دەستنیان کرد بە ناوهێنانم بە ' منداڵی گێرەشێوێن' بە هۆی شەڕەکانمەوە."

وەڵامی دامەوە،" دەی، هەر ئەوە ڕوودەدات کاتێك یاریەکان و میکانۆکان دوور دەخەنەوە." زۆربەی جار کوڕان بە بێ یاریەکانیان سەر دەکەنە سەر کوڕانی تر."

گوتم،" دەبێت بڵێم ئەوە بۆ قوتابخانەکەی من ڕاست بوو. بەڵام بۆچی کەسانی خاوەن نەخشەیەکی شوێنکەوتنی بەهێز لەو ماوەیەدا باش دەبن؟"

" چونکە لەم قۆناغەی گەشەکردندا، یاسا و ڕێك و پێکی داواکراوە. ئیتر لە ڕیزێکی ڕێکدا دادەنیشیت لەبری ئەوەی لەسەر زەوی یان بە گروپ لە چواردەوری مێزێکدا دابنیشن. لە بری ئەوەی هانبدرێیت جێ پەنجە بنەخشێنیت، مامۆستاکە دەست دەکات بە جەخت کردنەوە لەسەر پێنووس گرتن و دەست و خەتێکی ڕێك و پێك. ئیتر دەیانەوێت لە نێوان هێڵەکاندا بنووسیت لە بری ئەوەی هەموو لاپەڕەکە تێوەردەیت. مامۆستاکان وەك کیژۆلەی بچکۆلەن کە ڕێك و پێك و مەکراویانە خۆیان دەگۆڕن و کوڕە بچووکەکانیش لە ڕیزدا دەوەستن و ڕەوشەکە تێك نادەن. پێموانیە تۆ یەکێك بوویبیت لەو کوڕیژگانەی بۆ سەرنجراکێشانی مامۆستا جلکت پۆشیبێت، وایە؟" بە بزەیەکەوە ئەوەی پرسی.

" نەخێر، وام نەکردووە. شتێکی باش بوو کە ماڵمان لە شەقامەکەی بەرامبەری قوتابخانەدا بوو چونکە زۆر جار بە جەستەی قوڕاویەوە دەنێردرامەوە بۆ ماڵەوە. هەمیشە ڕێگایەکم دەدۆزیەوە بۆ خلیسکان د کەوتنە نێو قوڕەوە."

کاسی پرسی،" لەو کاتانەدا هەستێکی جیاوازت هەبوو دەربارەی قوتابخانە؟"وەڵاممدایەوە،" لە پۆلی یەکەم نا، بەڵام بیرمە لە پۆلی سێهەمەوە وردە وردە تێبینی هەندێك جیاوازیم دەکرد، تێبینی ئەوەم کرد کە هەندێك لە منداڵەکان دەستە گوڵی مامۆستاکان بوون. کچێك و کوڕێك هەبوون لە پۆلی سێهەمدا کە دواجار بوونە پێشەنگ لە ئامادەییدا. ئێستا هاوسەرگیرییان کردووە. هەر لە پۆلی سێهەمەوە هەموو دەیانزانی کە ئەم دوانە ئەستێرەن. جوان، زیرەك، شیکپۆش، ناسراو و خوێندکاری باش بوون."

کاسی پرسی،" وادیارە کە قوتابخانە بە بەریاندا بڕاوە، ئەی دوای چیان بەسەر هات؟ ئایا ئەو سەرکەوتنەیان دەستکەوت کە وێڵی بوون؟"

" لە ڕاستیدا نازانم، پێموابێت دەستیان کەوت. هەرگیز ئەو شارۆچکەیەیان بە جێ نەهێشت کە لێی گەورە بوون. لە ناو کۆمەڵگادا ڕێزیان لێ دەگیرا و ناسراو بوون. بۆیە پێموایە کە سەرکەوتوو بوون."

کاسی گوتی،" دیارە ئەوە بۆ ئەوان نموونەیی بووە. وادیارە بۆ تەواوی ژیانیان و هاوسەرگیریەکەیان ئازادیان هەبووە."

[...]م،" چی ڕوودەدا دوای پۆلی سێهەم، ڕێك لە دەوروبەری تەمەنی [...]ی تۆ ساڵیدا؟"

[...]گوتی،" لە پۆلی چوارەم بۆ سەرەوە، هەرکەسێك هێڵیکی درێژی [...] دۆزەرەوەی هەبێت بۆ هەلومەرجەکە گونجاو دەبێت. پۆلی [...] بۆ دوانزەهەممان بۆ ڕاستی دۆزەرەوەکان دیزاین کراوە. هەندێ [...]ر لە زگماکەوە سفرن لە مەسەلەی ناو، شوێن و کاتدا. ئەم

میتۆدی ڕاستی دۆزینەوەیە خەڵاتی باشی بۆ دانراوە. ناو پۆل زۆر نایابە بۆ ئەم خوێندکارانەوە."

کاسی بەردەوام بوو لە ڕوون کردنەوەی ئەوەی خوێندکاران لە پۆلی چوار بەدواوە بە زنجیرەیەك" ڕاوی هەڵەکردن" دەپێورێن. تاقیکردنەوەی حونجەکردن دەکەیت، خشتەی لێکدان ئەزبەر دەکەیت. وە ژمارەی ئەو کتێبانە هەژمار دەکەیت کە خوێندوتنەوە و دەیسەلمێنیت بە بیرهێنانەوەی ڕاستیەکانی ناویان.

باسی تیۆریەکەی ڕۆدۆڵف ستینەرم بۆ کرد دەربارەی گۆڕانکاری نۆساڵی و ئەوەی کە چۆن زۆرێك لە مامۆستاکان دەزانن ئایا خوێندکارێك لە سیستەمی خوێندندا سەرکەوتوو دەبێت یان نا. گوتم،" لە تەمەنی نۆ ساڵیمدا، دەمزانی نابمە ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە سیستەمەکەدا. میکانۆکانیان بۆ هەمیشە دوورخستەوە،"

کاسی پێکەنی،" ئەریٚ، کەسێکی وەك تۆ بە پێویستی کاراکەرەوە بیری میکانۆکان دەکات. بە بەهرەیەکی ڕاستی دۆزەرەوەوە کە کە شتەکان سادە دەکاتەوە نەك ئەزبەرکردنی ئامار و ڕاستی ئاڵۆز، ئارامیت لێ دەبڕێت. بۆیە کاردانەوەت چالاك دەبێت و هەموو ئەو شێوازە ناوازانە تاقی دەکاتەوە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو شتەی کە بە پوچێتی خوێندنی دادەنێیت."

گوتم،" مامۆستاکانیش ئەوە دەزانن، لەبەرئەوەیە ئەو هەموو خوێندکارە هێندە زوو نازناوگەلی وەك زیرەك، تەمبەڵ یان گێرەشێوێن وەردەگرن."

کاسی غەمگینانە سەری لەقاند،" زۆریەی مامۆستایانی قوتابخانە هەستێکی ڕاستی دۆزەرەوەیەکی بەهێز یان شوێنکەوتنێکی بەهێزیان

هەیە. خەڵکی نازناوی 'زیرەك' لەوانە دەنێن کە هەستەکانیان وەك خۆیانە. بێگومان، زیرەکی هیچ پەیوەندیەکی بەمەوە نییە. بەڵام پەروەردەکارەکان ناوچەیەکی کوێریان هەیە دەربارەی بەهای هەستەکانت. تواناکانیان لە ژینگەی قوتابخانەدا کار دەکات، بۆیە پێیەوە دەلکێن. سیستەمی پەروەردەیی ماڵی سروشتیانە. عاشقی ئەوێن.

کاسی پوختەی کرد،" کەواتە سیستەمی پەروەردەیی بەردەوام دەبێت لە جەخت کردنەوە لەسەر یەك جۆر شێوازی فێربوون و بەردەوام دەبیت لە ئەنجامدانی جیاکاریگەلێکی باشتر دەربارەی ئەوەی بۆچی منداڵان ناتوانن فێربن. لەبەرئەوەیە ئەو هەموو جۆرە جیاوازەی بێتوانایی فێربوونمان هەیە."

گوتم،" ئەوە زۆر زیرەکانە نییە." بە تاڵیەکەوە گوتم،" بێتوانایی فێربوونمان نییە، بەڵکو سیستەمێکی کۆنینەی خوێندمان هەیە بە بێتوانایی فێرکردنەوە! وە ڕقیشم لەوێیە."

کاسی پرسی،" بەڵام حەزت لە فێربوونە، وانییە؟"

گوتم،" حەزم لە فێربوونە. دەچمە سیمینارەکان، کتێب دەخوێنمەوە، بەردەوامیش گوێ بۆ تۆمارکراوەکان دەگرم. زۆر دڵخۆش دەبم کاتێك شتێکی نوێ و خۆش دەدۆزمەوە بۆ فێربوون. چێژ لە فێربوون دەبینم دەربارەی ئەوەی تۆ توێژینەوەت لەسەر کردووە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك، ڕقم لە خوێندنە. چۆن دەکرێ بڵێیت حەزم لە فێربوونە لە کاتێکدا ڕقم لە خوێندنە؟"

دواتـر کاسـی ئامـاژەی کـرد بـۆ ئـەنجامی کۆڵبیەکـەم. پرسـی،" ئەمە دەبینیت؟" لە ڕاپۆرتی پێشەمدا، لیستی ئەو پیشانە هـەبوو کە ئەگەری هەیە لە ژیانمدا هەڵیانبژێرم:

**Robert Kiyosaki**
**Kolbe Career MO+™ Report**

Career MO+
3-3-9-6

**Career paths based on your leading strengths**

The following are examples of jobs that have brought satisfaction to people with an MO similar to yours.

| | |
|---|---|
| ACTOR | ALTERNATIVE EDUCATOR |
| PROPERTY DEVELOPER | TEACHER FOR THE PHYSICALLY CHALLENGED |
| ENVIRONMENTAL ADVOCATE | PRODUCT DEMONSTRATOR |
| EMERGENCY MEDICAL TECHNICIAN | DISC JOCKEY |
| PHYSICAL SCIENTIST | LIFE COACH |
| INVENTOR | OBSTETRICIAN |
| RESTAURANTEUR | COMPUTER ANIMATOR |
| NEW PRODUCT DEVELOPER | SPORTS/EVENT PHOTOGRAPHER |
| STUNT PERSON | RECORDING SPECIALIST |
| AV SPECIAL EFFECTS | RODEO RIDER |
| WILDLIFE EXPLORER | METEOROLOGIST |
| TELEVISION PRODUCER | CAR DEALER |
| SPORTS PROMOTER | BOUNCER |
| DISPLAY ADVERTISING | LEAD SALES |

کاسـی ئامـاژەی بـە پیشـەیەك کـرد کـە نووسـرابوو" پـەروەردەکاری جێگرەوە"

" ئەو کەسانەی بینیـومن ئـەم پیشـەیەیان هـەبوو بـە شـێوەیەکی گشتی فێرخوازانی زۆر چـالاك بـوون. بـەڵام مەسـەلەکە ئەوەیـە لـە چوارچێوەی سیستەمی سونەتی پەروەردەیدا بۆیان نەچۆتە سەر."

وەڵامدایـەوە." ئـەوە ڕاسـتە، زوو زوو ئامـادەی سـیمینارەکان دەبم. دەچمە سیمینارەکان لـە بـری زانکۆ چـونکە پێویسـتم بـە بڕوانامـە نییە دوای تەواوبوونی کۆرسەکە. تەنها زانیاریەکەم دەوێت."

کاسی پرسی،" بیرت لە چەندێك لەم پیشانە کردۆتەوە؟"

پاش ئەوەی کەمێك سەیری لیستەکەم کرد، گـوتم،" حـەزم لـە هەموویانە جگە لە دکتۆری تراوما و خاوەنی ڕێستۆرانت."

کاسی پرسی،" هیچ هۆکارێك هەیە بۆ ئەوە؟"

" چونکە پێشتر ئەزموونێکی زۆرم لەو بوارانەدا هەبووە. خوێن و تراوەمای پێویستم بینیوە لە ڤێتنام، وە باوکی دەوڵەمەندیش ڕێستۆرانتی هەبوو. بەڵام بە ئاسانی دەتوانم ببمە ژینگەپارێز، هەروەها دە ساڵیشە کۆمپانیایەکەی پەروەردەیی- جێگرەوەم هەیە. حەزم لە وانە گوتنەوەیە. هەتا ئەمڕۆش نموونە دروست دەکەم، پەرە بە زەوی و زار و موڵك دەدەم. هەروەها شتگەلم داهێناوە و مۆڵەتی داهێنانم بۆ وەرگرتووە. لە ڕاستیدا، حەزم لە پەرەپێدانی کاڵای نوێیە. بە ڕاستی چێژ دەبینم لە بابەتی بانگەشەکردن و دروستکردنی ڕیکلامی تەلەفیزیۆنی. بۆیە دەتوانم بڵێم لیستەکەت پڕە لەو شتانەی کە من حەزم لێیانە یان پێشتر کردوومن."

بۆ ماوەیەك بە بێدەنگی دانیشتم، بیرم لەو شتانە دەکردەوە کە من و کاسی باسمانکردوون. شاگەشکە ببوم چونکە عاشقی فێربوون بووم، چێژم لە دۆزینەوەی ئەوەش وەردەگرت کە بۆچی لەگەڵ خوێندندا ناگونجێم. دووبارە سەیری ئەنجامەکانی تاقیکاری کۆڵبیەکەم کردەوە، پرسیم،" کەواتە ئەو کەسانەی لە دوای پۆلی نۆوە، بە نزیکەیی لە نۆ ساڵیەوە لە خوێندندا باشن، ئەو کەسانەن کە ڕاستی دۆزەرەوەیەك و نەخشەیەکی شوێنکەوتنی بەهێزیان هەیە؟"

کاسی گوتی،" بەڵێ. هەر لەبەرئەوەشە کە تۆ کێشەت بۆ دروست بووە لە قوتابخانە، چونکە میکانۆکان و یاریەکانیان دوور خستۆتەوە و تۆش چیتر نەتتوانیوە بە یاریکردن فێر ببیت. ڕەنگە بە جەستە لە پۆلدا بوویت، بەڵام زەینت زۆر دوور بووە، بە پەنجەرەکەدا ڕۆیشتوەتە دەرەوە."

گـوتم،" وابـوو. بێـزار بـووم و هـەر هێنـدەم هەوڵـدەدا کـە دەربچم. نەمدەتوانی چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بکەم کە خوێندن تەواو دەکەم بۆ ئەوەی بڕۆمە نێو دونیای ڕاستەقینە."

کاسی گوتی،" ئەوە نەخشەی کاردانەوەکەی ناختـە، لەبەرئەوەی ووزەی تۆ لە نێو کاردانەوەت نەخشەی کاراکەرەکەتدایە، بەهرەیەکی سروشتیت هەیـە بـۆ بنیاتنـانی شـتگەلی بەرجەسـتە بـە خێرایـی، وەك یاریـەکانت، کتێبـــەکانت و بازرگانیەکـــەت. لەبەرئەوەیـــە دروســـکردنی جزدانـــە نایلۆنیـەکانت و زۆرێـك لـە پڕۆژەکـانی تـرت سـەرکەوتنی بـۆ فەراهـەم کردوویت. تۆ بەڵێندەرێکی سروشتیت بە ڕۆحیەتێکی پێشەنگەوە."

پرسیم،" بۆچی دەڵێیت ڕۆحیەتێکی پێشەنگ؟"

" دەی، ئەنجامی تاقیکاریەت ئەوەم پێ دەڵێت. کاراکەرەکـەت بـە مانای ووشـەیی دەسـت– لـەناو– بەهرەیـە. کاردانەوەشـت خـۆی دەخاتـە نێو سەرکێشیەوە. تۆ بەڵێندەرێکی سروشتی نیت لـە گۆشـە نیگـای سونەتی گەشەپێدانی بازرگانی و کاڵاوە. تۆ دەتەوێت یەکەم کەس بیت کە دەگاتە سنوورەکان."

بۆم زیاد کرد،" کەواتە لەبەرئەوەیە قورسە ڕوون کردنـەوەی ئـەوەی چی دەکەم، چونکە زۆربەی جار چەند ساڵێك لە پێش کاتەوەم، کاڵاگەلێك بۆ بازارێك دروست دەکەم کە هێشتا بوونی نییە."

کاسی گـوتی،" بـەڵێ." ئامـاژەی بـۆ هێلکاریەکـە کـرد." گۆشـەنیگای کاردانـەوە بـۆ داهـاتووە. گۆشـەنیگای ڕاسـتی دۆزەرەوە بـۆ ڕابـردووە، گۆشەنیگای کاراکەریش بۆ ئێستایە، وە گۆشـەنیگای شوێنکەوتنیش بۆ پێکەوە بەستنی ڕابردوو، ئێستا و داهـاتووە. تـۆ هەمیشـە بیرت لەسەر

داهاتوو دروسکردنی بازرگانی و کاڵاگەلێکە لە ئێستادا بۆ داهاتووە. تۆ هەمیشە لە پێش کاتەوە دەبیت."

بەراوردکردنی شێوازی ئەنجامدانی کۆڵبی

چەمکەکان پەیوەستن بەوانەوە کە سەرەتایی هەر شێوازێکی ئەنجامدان پێك دەهێنن.

## بەراوردکردنی شێوازی ئەنجامدانی کۆڵبی

*چەمکەکان پەیوەستن بەوانەوە کە سەرەتای هەر شێوازێکی ئەنجامدان پێکدەهێنن*

| چەمکەکان | ڕاستی دۆزەرەوە | شوێنکەوتن | کاردانەوە | کاراکەر |
|---|---|---|---|---|
| دەمکات | ڕابردووو | پێکەوەبەستنی ڕابردوو داهاتوو و ئێستا | داهاتوو | ئێستا |
| بەکارهێنانی کان | پێوانەی ئەو کاتەی شتێک دەیەوێت ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی ئەزموون و شارەزاییەوە.<br><br>پۆلێنکردنی ڕووداوەکان بە گۆشەنیگایەکی مێژووییانە. | ڕێکخستنی ڕووداوەکان و فەراهەمکردنی بەردەوامی، هەنگاونانی خوودی.<br><br>دانانی ڕیتمێک بۆ هەوڵدان و هاریکاری ئەوانی تر. | پێشبینی کردن و مامەڵە کردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا بەر لە کاتی خۆی.<br><br>جەخت کردنە سەر داهاتوو بە پێشبینی کردنی ئەوەی دەشێت ڕوو بدات.<br><br>خۆ ئامادەکردن بۆ گۆڕانکاری. | ئامادە ساز لە ئێرە و لە ئێستادا، چاوەڕێنی تێهەڕینی ساتەکە دەکات.<br><br>دروسکردنی جۆرێتیەکە لە کاڵا کە بە درێژایی کات بمێنێتەوە. |

| پەیوەندی گرتن بەکارهێنانی: | ووشەی نووسراو | وێنە و هێڵکاری | ووشەی گوتراو ( زارەکی ) | کەلوپەل، مۆدێل و نمایش کردن |
|---|---|---|---|---|
| پاشەکەوتکردنی زانیاریی: | بە پێی لە پێشینەیی | بە پێی ئەلفوبێی | بە پێی ڕەنگەکان | بە پێی جۆرێتی |
| پێداویستیەکانی فێربوون: | خوێندنەوەی کتێب لەسەر بابەتەکە بۆ بینینی ئەوەی کە لە رابردوودا چۆن ئەنجامدراوە | فێربوونی هاوکێشەکە بە تیۆری | ئەزموونگەری لەگەڵ بیرۆکەی ڕادیکاڵانە و داهێنەرانە | کارکردن لەگەڵ مۆدێل و نموونەی ئامادەکراو |
| بەدەستهێنانی ئامانج | لە ڕێگەی شارەزاییەوە<br><br>دانانی پلانی ئاڵۆز<br><br>بەراورد کردنی بژاردەکان | پێکەوە گرێدانی سیستەمەکان<br><br>پەرەپێدانی سیناریۆی خراپترین- دۆخ<br><br>دڵنیابوونەوە لە یەکانگیری | هەستی پەلەکردن، کات دانانی ماوە- کورت<br><br>ئامانجی وێنەدار<br><br>گەران بە دوای چارەسەرگەلێک کە ئەگەرەکان ئەهێڵێت | پێویستی بە ئامانجی بەرجەستە و بینراو هەیە کە بەهای مانەوەی هەبێت<br><br>بەکارهێنانی باشترین جۆری مادده و تەکنەلۆژیا |

گوتم، " هەر لەبەرئەوەیە زۆربەی جار لەگەڵ ڕاستی دۆزەرەوەکان دەمەقاڵێمە، ڕاستی دۆزەرەوەکان داوای ئامار و ڕاستیەکان دەکەن، منیش هێشتا هیچم لا نییە هەتا پیشانیان بدەم چونکە داهاتوو هێشتا نەهاتووە."

کاسی سەری لەقاند و زەردەخەنەی کرد، " ئەرێ، من پێموایە کەسێک بەو ڕاپۆرتی پیشەیەی تۆوە بە دڵنیایەوە بەر کەسێک دەکەوێت کە ب

دوای دۆزینـەوەی وردەکاریەکانـەوە بێـت یـان شـووێن چوارچـێوەیەك کەوتبێت. وەك گـوتم، ئەگـەری هەیـە کێشـەت هـەبووبێت لـە قوتابخانـە چونکە زۆربەی مامۆستاکان سوورن لەسەر ئـەو ڕوون کردنەوانـەی ڕاسـتی دۆزەرەوەکان و یاسای شووێنکەوتن، ئەوەش ئەو دوو شتەیە کە تۆ بـە شێوەیەکی سروشتی دژی دەوەستیتەوە."

گوتم،" دەزانی، ئەمە بە لای منەوە زیاتر ڕێی تیدەچێت، مـن بـە ڕاسـتی هەمیشە ڕێزم لە زۆربەی مامۆستاکان گرتووە، بەڵام هەمیشە زانیوومە کە ئێمە لـە نێـو یـەك لاپـەڕەدا نـین، ئێستا دەزانم تەنانـەت لـە نێـو هـەمان کتێبیشدا نەبووین!"

کاسی پێکەنی و گوتی،" نوکتەیـەك هەیـە کـە ئـەم ماوەیـە لـە یـەکێك لـە پۆلەکانمدا گوێم لیّ بوو، پرسـیارەکە ئەمەیـە، 'بـە دامەزراوەیـەك دەڵـێن چی کە پڕە لە ڕاستی دۆزەرەوەکان؟' وەڵامەکە ئەمەیە، 'زانکۆ.'"

پێکەنیم و دواتر ئەمەم بۆ زیاد کرد،" ئەی چـی بـە دامەزراوەیـەك دەڵـێن کە پڕە لە کەسانی کاراکەر و کاردانـەوەدار؟ وەڵامەکـە ئەمەیـە: باخچـەی ساوایان."

کاسی زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی،" یان کۆمپانیایەکی دۆت کۆم"[1] بەرە قاقا پێکەنیم." هـەر لەبەرئەوەشـە ئـەو هـەموو دۆت کۆمـە شکسـت دەهێنن. زۆربـەی ئـەو کۆمپانیایانـە لـە لایـەن کەسـانی کاردانـەوەدارەوە بەڕێوەدەبرێن بـە بـیّ ئـەوەی هـیچ بنچینەیەك، ڕاسـتیەك، قـازانج، یـان ئەزموونێکی دونیـای ڕاستەقینەیان هـەبێت. هـەروەها نەخشـەیەکی زۆر بچووکی شوێنکەوتنیان هەیە. ئەوە دەزانم چونکە منیش ئاوا بووم کاتێك

[1] [illegible] سەرهێڵی ئینتەرنێت.

سەرەتا لە دونیای ڕاستەقینەدا دەستم پێکرد. هەر لەبەرئەوە بازرگانی یەکەمم شکستی هێنا. بازرگانیەکی باشمان هەبوو، بەڵام هەرسێکمان لە جۆری کاردانەوە بووین بە بێ هیچ نەخشەیەکی شوێنکەوتن. کاتێک بازرگانیەکانی پێشترم بنیات دەنا، پڕ لە ووزە بوون، لە پڕ بەرز دەبۆوە و هەر لە پڕیش تێک دەشکا. هیچ ڕاستیەک و ئامارێک و نەخشەیەکی شوێن کەوتنمان نەبوو."

کاسی گوتی،" هەر لەبەر ئەوە بوو منیش بڕیارمدا لە بازرگانیدا کار بکەم. ئێستا تۆ بەتەمەنتر و داناتریت، هەستت چۆنە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بە ڕاستی دۆزینەوە و شووێنکەوتن بەڕێوە دەچن؟"

گوتم،" خۆشمدەوێن، ئێستا دەزانم کە نەدەکرا بە بێ ئەوان بمێنمەوە."

کاسی گوتی،" ئەوەش مەبەستەکەی منە، پێویستە ڕێزی هەموو ئەو بەهرە و بلیمەتیانە بگرین کە هەریەکێکمان هێناومە بۆ ئەم دونیایە. بۆ مانەوەی هەر تیمێك، پێویستی بە هەر چوار گۆشەنیگا جیاوازەکە هەیە. لە بری ئەوەی نازناو لە یەکتری بنێین و یەکتر بچەوسێنینەوە، پێویستە فێر بین کە بەهرەکانمان تێکەڵ بکەین و بلیمەتیەکانمان تەواو و پڕ بکەین. گرەو دەکەم ڕقت لەوە بووە کاتێك مامۆستاکان ڕاستی دۆزەرەوەکانیان بە زیرەك هەژمار کردووە و کاردانەوەدارەکانی وەك تۆشیان بە کەمتر زیرەك هەژمار کردووە؟"

" ڕقم لێی بوو بێت؟ بەڵامەوە سووکایەتی و چەوساندنەوە بوو."

کاسی پرسی،" کەواتە چیت لەو توڕەیەت کرد؟"

گوتم،" هەرچۆنێك بێت شتەکانم بە شێوازی خۆم ئەنجامدا. دەمویست بیسەلمێنم کە زیرەکم. ڕقم لەوە بوو نازناوی گەمژەم بەسەردا ببڕن و

لەوانە بم کە ئەگەری سەرکەوتنیان کەمە. ڕقم لەوە بوو کە مامۆستاکان دەیانگوت، ' ڕۆبێرت توانای شاراوەی زۆرە، بەڵام مەسەلەکە تەنها ئەوەیە کە بەگەڕیان ناخات. تەنها ئەگەر دابنیشێت و کۆشش بکات."

کاسی پرسی،" وە هەتا زیاتر پابەندیان دەکردی و هەناسەیان لێدەبڕی، زیاتر هەڵوەدای سەرکەوتن دەبوویت؟ ئایا تووڕەییت بەکارهێنا بۆ تەواوکردنی ئەوەی لە ژیاندا دەتەوێت؟"

وەڵامدایەوە،" زۆر بە باشی ئەوەم کرد. کتێبێکی پڕ فرۆشم نووسی. وە ئەو خوێندکارانەی نمرەی ( نایاب)یان هێنابوو هێشتا دانەیەکیان نەنووسیوە. وە پارەیەکی زۆر زیاترم لە زۆربەی خوێندکارە نمرە بەرزەکان دەست دەکەوێت." دوای ساڵانێك لە ڕاگرتنی تووڕەیی و بێزاریەکەم لە ناخم دەرمدەکرد.

کاسی بە زەردەخەنەیەکی نیانەوە گوتی،" کەواتە تووڕەییت بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی شێوازی ئەنجامدانی شتەکان بە شێوازی خۆت. ئایا ئازادی بوون بە خۆت دۆزیەوە؟"

لەدەرەوشامەوە، گوتم،" بەڵێ، وامکرد. بە شێوازی خۆم ئەنجاممدا و ئەو ئازادیم دۆزیەوە کە دەمویست و بەو شێوازە ژیام کە دەمویست. وە هیچ [illegible]ێکم نەدەویست. حەزم لەوە نەبوو کەس پێمبڵێ، وە حەزم لەوەش نەبوو لە فەرمانگەیەکدا گیر بخۆم."

کاسی گوتی،" پیرۆزە، سەرکەوتنت بە دەستهێنا. سەرکەوتوویت چونکە ئازادی بوون بە خۆتت هەیە."

[illegible] لە ڕێگەمدا پیرۆزبایەکەی جێبگرێت کە ساڵانی پڕ ناڕەحەتی [illegible] لە بیر هاتەوە. گوتم،" هەرگیز بەو شێوازە بیرم لە سەرکەوتن

نـەکردبۆوە. مەبەسـتم ئەوەیـە، درکـم بـەوە نـەکردبوو کـە تـووڕەیی و بێزاریەکەم چەندێك سەرکەوتنی بۆ هێناوم."

کاسی گوتی،" چاکە، ئایا دەتـوانی لـەوە تێبگـەیت کـە خـەڵکانێکی زۆر هـەن بـە شـێوازێکی جیـاوازتر لـەو شـێوازەی تـۆ پێناسـەی سـەرکەوتن دەکەن؟ دەتوانی لەوە تێبگەیت کە خەڵکانێك دەبێت لێکۆڵینـەوە بکـەن، بـە دوای ئاسایشــی کـاردا بگـەڕێن و لـە ژینگەیـەکی جـێگیر و ئارامـدا بگەشـێنەوە؟ دەتـوانی لـەوە تێبگـەیت، بـۆ هەنـدێك کـەس، بـە تـەنها ئۆتۆمۆبێلێکی سادە و خانوویەکی سادە بەسە؟"

وەڵامدایەوە،" بەڵێ، دەتوانم. دایك و باوکم زۆر دڵخۆشبوون بەو شتانە. بە پێی شێوازی خۆیان سـەرکەتوو بـوون. مـن دەمزانـی کـە شـێوازەکەی ئەوان بۆ من کارناکـات. بۆیـە بـەڵێ، دەتـوانم لـەوە تێبگـەم کـە ژیان بە ڕاستی" نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ گۆشتفرۆشە.""

" ئێستا کە بەتەمەنتر و داناتریت، ئایا پێزانینێکی زیاترت هەیە بۆ جۆرە جیاوازەکانی خەڵکی؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا قەدری ئـەو کەسـانە دەگریت کە دەچنە ژێر کاتیگۆری ڕاستی دۆزەرەوەکان و شوێنکەوتەکانەوە؟"

وەڵامدایەوە،" هەرگیز ئەوەندە قەدرم نـەزانیون، ئەوانـەم خۆشـدەوێت. بە بێ ئەوان نەمدەتوانی ئەوە بکەم کە دەیکەم. بە بێ ئەوان سەرکەوتوو نەدەبووم."

کاسـی زەردەخەنەیـەکی کـرد و گـوتی،" خۆشـحاڵم ئـەوە دەبیسـتم، بۆ ساتێك وەستا، بیرەکانی کۆکردەوە و دواتر بە هۆشیاریەوە پرسی،" ئایا پێتوایە کە ئـەمڕۆ باشـتر لەگـەڵ مامۆسـتاکانی خوێنـدنگات دەگونجێیت، تەنانەت ئەوانەش کە دەریان نەچاندویت یان لەگەڵیان ناکۆك بوویت؟"

بێ بیرکردنەوە گوتم،" دەی، نازانم ئەگەر بتوانم تا ئەو ئاستە بڕۆم."
کاسی پرسی،" لەوە تێدەگەیت کە ئەوە سیستەمی پەروەردەیە، نەک مامۆستاکان کە دەبێت لۆمە بکرێت لەسەر ئەوەی بەسەرتدا هاتووە؟"
سەرم لەقاند." بەڵێ، تێدەگەم، بەڵام هێشتا حەزم لەوە نییە. درک بەوە دەکەم کە تەواوی هەوڵی خۆیان داوە بەوە شتانەی کە زانیویانە و بەردەست بووە."
کاسی گوتی،" کەوابێ ڕێگەمبدە پیشانت بدەم بۆچی هێندە تووڕە بوویت. پێموابێت تووڕە بوویت چونکە سیستەم ویستویەتی بلیمەتییەکەت تێکبشکێنێت و زۆرت لێ بکات تا ببیتە ئەو جۆرە بلیمەتیەی کە نەتویستووە ببیت."
" مەبەستت لەو بلیمەتیەمە کە لە کاردانەوەکەمدایە؟ مەبەستت ئەوەیە چونکە زۆر چالاک بووم؟"
" نێ، لەو بوارەشدا بەڵێ. بەڵام ئەو بلیمەتیەی من باسی دەکەم بلیمەتیە لە ستوونی ڕاستی دۆزینەوەتدا."
بە سەرسوڕمانەوە وەڵاممدایەوە." ڕاستی دۆزەرەوە؟ ستوونی ڕاستی دۆزەرەوە لاوازترین ستوونمە. چۆن دەکرێ لەو ستوونەدا بلیمەتیم هەبێت؟"
کاسی گوتی،" بلیمەتیەکی شاراوەت هەیە لە هەموو بەشێکدا، تەنانەت ڕاستی دۆزەرەوەش." دووبارە ئاماژەی کردەوە بۆ نامیلکەکە.

## فاکتەری کارتێکەری کۆڵبی

### *خاڵە بەمێزە ئەرێنیەکان لە هەر شێوازێکدا*

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | سادەکردنەوە | خـــــــۆ گونجاندن | جێگیر کردن | وێناکاری |
| [illegible] | ڕوونکردنەوە | پاراستن | گۆڕین | گێڕاندنەوە |
| [illegible] | تایبتمەند کردن | بە سیستەم کردن | ڕێگەچارەی خێرا | بنیاتنان |

ئامـاژەی کـرد بـۆ وشـەی سـادەکردنەوە لــە ژێــر سـتوونی ڕاسـتی دۆزەرەوەدا، گوتی،" لە بەشی ڕاستی دۆزەرەوەدا، ئەمە بلیمەتییەکەتە. بلیمەتییەکەت توانای وەرگرتنی ڕاستیەکان و سـادەکردنەوەیانە، پێموایە هۆکـاری ئـەوەی کتێبـەکانت فرۆشـی زۆرە ئەوەیـە کـە بابـەتێکی ئـاڵۆز دەهێنیت، وەك بابەتی پارە و سادە و ئاسانی دەکەیتەوە."

خـەریك بـوو تێدەگەیشـتم، گـوتم،" هـەر لەبـەر ئـەوە بـوو کـە باوکـە دەوڵەمەندەکەم وابوو، حەزی لێ بوو شتەکان سادە بکاتەوە."

دواتر کاسی ئاماژەی بۆ وشەی تایبەتمەند کردن کرد لە ژێر بەشی ڕاستی دۆزەرەوەدا و گوتی،" ئەمەش ئەگەری هەیە بلیمـەتی باوکە زیرەکەکـەت بێـت. لەبەرئـەوەی لـە خوێنـدن و بڕوانامـە بـە دەسـتهێنان لـە ژینگـەی

ئەکادیمیدا باش بووە، بلیمەتی هەبووە بۆ هەڵکۆڵینی ڕاستی و شێوەکان. گرەو دەکەم باوکت پڕ ووزە بووە بە کۆکردنەوەی زانیاری، لێکۆڵینەوە، گەڕان لە دوای تایبەتمەندی و ناساندنی ئامانجەکان. کەواتە بلیمەتیەکەی ئەو بلیمەتیەکی جیاوازترە لەوەی تۆ لە ژێر ستوونی ڕاستی دۆزەرەوەدا، کە ڕوونی دەکاتە بۆچی ئەو لە خوێندندا باش بووە و تۆ وانەبوویت."

کە خەریك بوو لە زیاتر لە کارەکەی کاسی تێدەگەیشتم، بە نەرمی گوتم،" هەمووان بلیمەتیان هەیە لە هەر چوار ستوونەکەدا."

کاسی سەری لەقاند." دوانزە جۆری جیاوازی بلیمەتیم ناساندووە. هەر یەکێکمان چوار بلیمەتی جیاوازی هەیە، بۆ هەر ستوونە و دانەیەك."

پرسیم،" دوانزە جۆری جیاوازی بلیمەتی، وە هەریەکەمان چوار دانەی هەیە. لەبەرئەوەیە کە باشترە بە تیم کار بکەیت، چونکە هەر یەکێکتان بە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لە دایکبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەوەیە کە کارەکەت بە دەستی هێناوە؟"

دووبارە کاسی سەری لەقاند." هەتا زیاتر لەم هێڵکاریانە تێبگەیت، دەتوانی جیاکاریگەلێکی باشتر بکەیت دەربارەی ئەوەی کە کێیت و ئەوانەی چواردەورت کێن. بە تێگەیشتنی باشتر لە یەکتر، دەشێت ڕێزی جیاوازییەکانمان بگرین و بە تەبایی پێکەوە کار بکەین و بژین. کارکردن بە دەگرێت کێشەکان زۆر چاکتر چارە بکات لەوەی کە بەتەنها کار لەبەرئەوەیە حەزم لە کارکردنە بۆ دروسکردنی تیمگەلی کاریگەر چێژ دەبینم لە جیاوازیەکان، جا ئەگەر لە شوێنی کار بێت یان
"

گوتم، " ئەوەش بلیمەتی یان بەهرەکەی تۆیە. تۆ دەتەوێت خەڵکی پێکەوە کار بکەن و ڕێزێکی زیاتر لە بلیمەتی و بەهرەی یەکتر بگرن. ئەی تۆ لە لام بەشەدا بەهێزیت؟"

" من زۆر چالاکم لە کاردانەوە و شوێنکەوتندا. لەبەرئەوەیە بە وێنە و هێڵکاری ڕوونکردنەوە دەدەم. پێویست بوو تەواوی پێکهاتەی خوو ورەوشتی مرۆڤەکان لە سیستەمەکەمدا جێ بکەمەوە بەر لەوەی لە وردی و دروستیەکەی ئەرخەیان بم. دواتر پێویستم بە ڕاستی دۆزەرەوەکانی تیمەکە بوو هەتا ئەوە ئەنجام بدەن کە دەتوانن بە باشترین شێوە ئەنجامی دەدەن. تواناکانیانم زۆر بە بەرزی نرخاند، کە تەواوکاری بەهرەی سادەکردنەوەم بوو. وەك تۆ، منیش لە خوارەوەی هێڵەکەدا بووم. بە پێچەوانەی تۆوە، دەستبەکار بووم لە سیستەمێکی سۆفتوێری خواریزمیداردا[1] کە هێڵەکانی خوارەوەی لە شێوەی وێنە و هێڵکاریدا بەرهەم دەهێنا. گەلێك خۆشحاڵبووم کە دەتوانم بەهرە سروشتیە داهێنەرانەکەم بەکاربهێنم بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر لە دۆزینەوەی پیشەیەکی باشتر و ڕەزامەند بوونێکی کەسی زیاتر. بەڵام نەمدەتوانی هەموو ئەمە بە تەنها بکەم. تیمێك و هەر دوانزە جۆر بلیمەتیەکەی دەویست بۆ ئەوەی بازرگانیەکە سەرکەتوو بیت، بە تایبەتی لەم دونیای کێبڕکێیەدا. بە ڕاستی نازانم کە چۆن سەرکردەی بازرگانیەکەی هێزدار دەسێت سەرکەوتوو بێت. لە باشترین حاڵەتدا، تەنها چوار بلیمەتی هەیە. بۆیە ئەو کارەم کرد هەتا خەڵکی و بازرگانیەکان کاریگەرتر و

---

[1] خەواریزمی: کۆمەلێک کۆد و یاسا و ڕێکاری بیرکاریەنەیە کە بەکاردێت لە دیزاین و بەڕێوەجوونی فەرمانەکانی سیستەمێکی کۆمپیوتەری یان هەر سیستەمێکی کۆدداردا. بە ناوی زانای بیرکاریزان خەواریزمیەوە ناونراوو، کە خۆی داڕێژەری ئەو یاسایانەیە.

سەرکەوتووتر بن، بەلاّم لە هەمانکاتدا بۆ دڵنیابوونەوە لە هەست بە شکۆی کەسایەتی کردنی هەریەك لە ئەندامانی تیمەکە. لە تیمێکدا، هەمووان گرنگن." گوتم،" پیرۆزە، سەرکەوتنت لە ژیانتدا دۆزیەوە. هەر بە ڕاستی ئازادی بوون بە خۆتت دۆزیەوە."

کاسی سەری لەقاند و زەردەخەنەی کرد،" ئێستا با وردتر لە بلیمەتیت بڕوانین لە بەشی کاردانەوەدا."

فاکتەری کارتێکەری کۆڵبی

*خاڵە بەهێزە ئەرێنییەکان لە هەر شێوازێکدا*

| | [illegible] | | | |
|---|---|---|---|---|
| | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | سادەکردنەوە | خۆ گونجاندن | جێگیر کردن | وێناکاری |
| [illegible] | ڕوونکردنەوە | پاراستن | گۆڕین | گێڕاندنەوە |
| [illegible] | تایبتمەند کردن | بە سیستەم کردن | ڕێگەچارەی خێرا | بنیاتنان |

" لە کاردانەوەدا، بلیمەتییەکەت لە وشەی ڕێگەچارەی خێرادا دەدۆزرێتەوە. ئەوەش واتای ئەوەیە کە بە سروشتی خوازیاری سەرکێشی کردن، دەستکردن بە گۆڕانکاری، ماندانی تاقیکاری، وێڵی دوای کێبڕکێ، وێڵی دوای نوێگەری، بەرەنگاربوونەوەی ئەگەرەکان و تێکەپشتنی خێرا و گشتی شتەکانیت."

ڕامەنیم کاتێك کاسی باسی زۆربەی خوو شێوازی بیرکردنەوەکانی کرد.

" بەوە دەڵێیت بلیمەتیم؟ هەمیشە وا بیرمدەکردەوە کە ئەوە هۆکاری شێتیمە."

" هەرگیز ئەم توانایە بە کەم سەیر مەکە. هەر گروپێک یان ڕێکخراوێک بگریت، پێویستی بە بلیمەتییەکەتە. تۆ بە خێرایی دەست بە کارەکان دەکەیت لە کاتێکدا خەڵکانی تر دادەنیشن و بۆ چەندین کاژێر قسەی لەسەر دەکەن، لیژنە پێکدەهێنن و هیچ شتێك ناکەن. کەواتە بوونت وەك کەسێك کە جووڵە بە شتەکان دەدات و سەرکێشی دەکات و بەرەنگاری ئەگەرەکان دەبێتەوە بەشێکی گرنگی بلیمەتییەکەتە."

بە هێواشی گوتم،" خۆزگە دەتتوانی ئەوە بە مامۆستاکانی قوتابخانەم بڵێیت. ئەوان وەك بلیمەتی نەیان دەبینی. شتێکی تریان پێدەگوت."

کاسی پێکەنی و بەردەوام بوو،" لەوانەیە باوکە زیرەکەکەشت کەسێك نەبێت کە بە نیوە چڵی واز بهێنێت. دەبووایە سەرەتا ڕاستیەکان بزانێت، ڕوونە کە وەك تۆ هەڵەشە نەبووە، هەروەها بە ئاواتیش نەبووە. ڕاستیەکانی کۆکردۆتەوە. ئاژاوەی دروست نەکردووە و لە ژینگەیەکی قەیراناویدا دەست و پێی خۆی وون کردووە. لێکدانەوەی بۆ ئەگەرەکان کردووە و شی کردوونەتەوە، دواتریش دژیان نەوەستاوەتەوە و پەسەندی کردوون."

گوتم،" ڕێك دەڵێی خۆیەتی، هەر لەبەرئەوەش بوو کە لە خوێندندا زۆر باش بوو و لە کۆتایدا بووە سەرۆکی سیستەمی پەروەردەی هەموو ویلایەتی هاوایی."

کاسی سەری لەقاند،" کهاتە بلیمەتییەکەت ئەوەیە کە بیرۆکەیەکت بۆ دێت، هەروەك نایك دەڵێت ' تەنها ئەنجامی بدە. ' کاردانەوەت و

کاراکەرەکەت دەتوانن بیرۆکەیەك وەرگرن و بیگۆڕن بە کاڵا، کۆمپانیا، یان پارە زۆر بە خێرایی. تۆ بوونیەتی کیمیاگەرت تێدایە. گرەو دەکەم کە دەتوانی لە هیچەوە پارە پەیدا بکەیت. بێگومان، هێڵێکی درێژی کاردانەوە دەتوانێت لە هاتن و چوونێکدا فەرشە شرەیەك بگۆڕێت بۆ سەروەت و سامان."

سەرم لەقاند." دەتوانم ئەوە بکەم. دەتوانم بیرۆکەیەك وەرگرم و زۆر بە خێرایی بە کرداری دەست پێبکەم. بەلاّم هێشتا زۆر جار بە نیوەچڵی ئەوە دەکەم، بەلاّم ئەوە ئەو شێوازەیە کە پێی فێردەبم. باز دەدەمە لایە قوڵەکەوە و بۆ ماوەیەك ژێر ئاو دەکەوم. بەلاّم دوای ئەوەی ڕزگار دەبم، زۆر زیرەکتر دەبم چونکە بە جەستەیی فێربووم. کتومت بە هەمان شێواز فێردەبم کە هەریەکەمان لە کاتی فێربوونی لێخوڕینی پاسکیلدا پێی فێردەبین. وە لەبەرئەوەی جەستەیی فێردەبم، کاتێك خەڵکی لێم دەپرسن چۆن ئەوەم کرد کە کردوومە، ناتوانم پێیان بڵێم. چونکە بە جەستەم فێری بووم نەك بە زەنم. وەك ئەوە وایە بە کەسێك بڵێی چۆن پاسکیل لێ بخوڕێت بە بێ ئەوەی بهێڵێت لێی بخوڕێت. بۆم دەرکەوتووە ئەوانەی کە پێویستیان بە ڕاستیەکانە و لە سەرکێشی کردن دەترسن زۆر جار هیچی وا ئەنجام نادەن چونکە شکستیان هێناوە لە فێربوونی جەستەیدا. هەموو کاتی خۆیان لە خوێندن و لێکۆڵینەوەیدا [illegible]ر دەبەن لە بری ئەوەی ئەنجامی بدەن."

[illegible]اسی گوتی،" کەسێکی وەك باوکت، پیاوێك کە ڕاستی دۆزەرەوە ئاراستەی دەکات، ڕەنگە گیر بخوات لەوەی کە پێی دەگوترێت 'ئ[illegible]وەی لە ڕادەبەدەر.' ئەگەر تۆ بچیتە شارێکی نامۆ بۆ چەندین

ڕۆژ تێیدا دەسوڕێیتەوە، لە کاتێکدا باوکت نەخشەیەك دەکرێت و سەرەتا ڕێبەری گەشتیاری لەسەر شارەکە دەخوێنیتەوە. دەتوانی لەوە تێبگەیت کە چەندێك جیاوازن؟"

" بەڵێ، دەتوانم. باوکە زیرەکەکەم پێویست بوو بۆ هەمیشە لە ڕاستیەکان بکۆڵێتەوە بەرلەوەی هیچ شتێك بکات. من حەزم لە گەران و لێکۆڵینەوە نەبوو، بۆیە یەکسەر خۆم هەڵدەدایە قولاییەوە، وە کاتێك دەکەوتمە کێشەوە، ئەوسا دەستم دەکرد بەو لێکۆڵینەوە و بەدوادا گەڕانەی دەبووایە بیکەم."

" ئەوەش ئەو شێوازەیە لە پێی فێر دەبیت. بەو شێوەیە زیرەك دەبیت، وە باوکیشت بەشی ئەوە زیرەك بوو هەتا درك بەوە بکات."

گوتم،" من و ئەو تەنها چەند جارێك یاری گۆڵفمان پێکەوە کردووە، باوکم هەموو لێدانەکانی پێوانە دەکرد. هەتا قیامەتی پیدەچوو بۆ لێکدانەوەی ئاراستەی با و دووری لە کونی ناو چیمەنەکەوە. لاری چیمەنەکەی دەپێوا و تەنانەت یاراستەی نووشتانەوەی گیاکەشی دەپێوا. منیش یەکسەر لە تۆپەکەم دەدا دواتر بیرم لەوە دەکردەوە کە چیم هەڵە ئەنجامداوەدوای ئەوەی لە تۆپەکەم دادا:"


کاسی گوتی،" کەواتە تۆ وەرزشە بە کۆمەڵەکانت پێ باشترە؟"

" بەڵێ، چۆن ئەوەت زانی؟ حەزم لە ڕەگبیە، وە کاپتنی تیپی بەلەمەوانی بووم لە ئەکادیمیا. بەڵام حەزم لەو وەرزشانە نییە کە دەبێت هەموو شتێك خۆم بە تەنیا بیکەم."

" دەتوانم وابڵێم، چونکە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت، پێویستت بە تیمێکە لە دەوروبەرت. هەر ئەو ئارەزوو و پێ باشتربوونەیە کە

ڕەنگیداوەتەوە لە ڕێزت بەرامبەر بەهرە هەمەچەشنەکان. هەندێك خ
خەڵکانێك بە هێڵێکی درێژ لە ڕاستی دۆزەرەوە و کاردانەوەدا بەڕاس
بڕوایان وایە کە دەتوانن بە تەنها هەموو شتێك بکەن. چ
لەپێشینەیەکی پەیوەندیدار دادەنێن و دواتر خۆی تێ فڕێ دەدەن
هەوڵدەدەن سەرکەوتووبن تیایدا. لە دەسپێکدا زۆر باشن، بە
ڕوونکردنەوەی زیاتریان پێویستە هەتا درك بەو ئامادەباشیە بکەن
چۆن تۆ دەیکەیت لە مەودایەکی درێژتردا."

وەڵامدایەوە،" ئەوە ڕێی تێدەچێت، زۆرێك لەو هاوڕێیانەم ک
سەرکەوتوون پێیانوایە توانای ئەوەیان هەیە کە تەواو خوود- پارێز ب
کەواتە کاردانەوەیەك و ڕاستی دۆزەرەوەیەکی درێژتریان هەیە. تیمێ
دروست کرد هەتا هاوکاریم بکەن."



کاسی بەردەوام بوو." ئەوەش بەشە مەزنەکەی داناییتە. هەروەها هۆکاری ئەوەیە کە بۆچی وەرزشی بە کۆمەڵت پێ باشترە لە یاری گۆڵف. درك کردن بە پێویستی هەبوونی تیمێك لە دەورت یارمەتی داویت بۆ دامەزراندنی بازرگانیەکی فراوانتر و گەورەتر لە کەسێك کە هەوڵی داوە خوود- پارێز بێت. هەروەها، کەسێك ئەگەر کاردانەوە بۆ ڕاستی دۆزەرەوەکەی زیاد بکات مەیلی سەرکێشیکردنێکی پلان بۆ دانراویان زیاترە، لە کاتێکدا تۆ مەیلی سەرکێشیکردنیکی زیاتری جەستەیت هەیە---- کە زۆربەی کات لە نووسینگەکەتدا ناتەیلێتەوە."

گوتم،" ئەوە ڕێی تێدەچێت، خۆم بە تەنها دەستەوستانم و هیچم پێناکرێت، من حەزم لەوەیە خەڵکانێکی زۆر یارمەتیم بدەن لە ئەنجامدانی شتەکان."

" ڕەنگە هەر ئەوەش هۆکاری ئەو بێت کە لە تاقیکردنەوەکانی خوێندندا باش نەبوویت. پێویستت بە تیمە بۆ ئەوەی هاوکارت بن لە دۆزینەوەی وەڵامەکان، بەڵام مامۆستاکان بەوە دەڵێن گزی کردن."

بە پێکەنینەوە پرسیم،" دڵنیای کە لە پۆلدا لە دوای منەوە دانەنیشتوویت؟" پێویستم بەوە نییە. پۆلەکانم پڕن لە خەڵکانی وەکو تۆ. ڕەنگە لە پۆلدا زۆر باش نەبوبیت، بەڵام لە وەرزشە بە کۆمەڵەکان و هەر شتێك کە پێویستی بە تیمە بێت باش بوویت. دڵنیابوویتەوە کە بە تەنها تاقیکردنەوەکانی ژیانت ئەنجام نەدەیت."

" لەبەرئەوە بوو کە بەردەوام لە قوتابخانە لە تەنیشت منداڵە زیرەکەکان دادەنیشتم و ئێستاش دەمەوێت لەو تیمەدا بن کە کارم لەگەڵدا دەکەن. باوکە دەوڵەمەندەکەم هەمیشە دەیگوت، 'بازرگانی وەرزشێکی بە

کۆمەڵە. ' لەبەرئەوە بوو کە هەمیشە تیمێك لە خەڵکانی زۆر زیرەك لە دەوری بوون تا لە کارە داراییەکانیدا هاوکاری بن. "گوتی،" تۆش هەر وەك ئەوان زیرەکیت. بەڵام زیرەکیەکەی ئەوان لە ڕاستی دۆزینەوەدایە. کاتێك ئەوە بۆ بەهرەکەت زیاد دەبێت، دەتوانی کۆنترۆڵی زۆریەی شتەکان بکەیت. یارمەتی یەکتر دەدەن کە مەتەڵەکە هەڵبێنن. ئەگەر دوانزە بلیمەتی پێکەوا کار بکەن هەمیشە پیشەنگ دەبن. وە بێگومان باریدەی هەبوونی بلیمەتی شیاو لە شوێنی شیاویش دەدات بۆ چارەسەرکردنی گرفتێکی دیاریکراو." " باوکم لە ڕووی داراییەوە پەلەقاژەی بوو چونکە بە تەنها کارەکانی بەڕێوە دەبرد، لە کاتێکدا باوکی دەوڵەمەند بە تیمێك کارەکانی بەڕێوە دەبرد. باوکم ئەوەی دەکرد کە لە خوێندندا فێری ببوو، کە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بوو بە تەنها، وە باوکە دەوڵەمەندەکەشم تاقیکردنەوە داراییەکانی لەگەڵ تیمەکەیدا ئەنجام دەدا. ئەوە دونیایەك جیاوازی دروست دەکات لە دونیای ڕاستەقینەدا." کاسی تەنها سەری لەقاند،" بە تێکەڵەی گونجاوی هەستە جیاوازەکان، دەتوانی سەرکەوتوو بیت، کەسیش بە تەنها هەموویانی نییە." کاتی خوانی نیوەڕۆکە کۆتایی هات و بڕیارماندا جارێکی تر یەکتر ببینینەوە، ئەمجارە لەگەڵ تەواوی کۆمپانیاکە.

لە کاتی ماڵئاواییکردندا، لێم پرسی،" ئایا تاقیکاری کۆلێیت هەیە بۆ منداڵان؟"

بەرشایەوە، گوتی." خۆشحاڵم کە پرسیت، بەڵێ، پێوەرمان هەیە بۆ منداڵان کە لە ئاستی خوێندەوەی پلە پێنجەوە دەست پێدەکات. لە ئێستادا تاقیکاریەکەی لاوانمان هەیە هاوشێوەی ئەو تاقیکاریەی تۆ

ئەنجامتدا، هەروەها بەرهەمێکی تریش کە پێی دەڵێم" بیرکردنەوە-سرەوەکان." یارمەتی منداڵان دەدەن تا فێربن متمانە بە هەستەکانیان بکەن و بلیمەتیەکەیان بەکاربەێنن."

گوتم،" زۆر نایاب دەبێت کە منداڵان بزانن خاڵە بەهێزەکانی فێربوونیان کامانەن و دۆزینەوەی ئەوەی کە بلیمەتیەکەیان لە چی شتێکدایە. وە هەتا زووتر بێت باشترە. چەندین ساڵی بۆ دەگەڕێتەوە لە هەوڵدان بۆ فێربوون لە ڕێی تاقیکردنەوە و هەڵەکردنەوە."

" لەبەرئەوەیە کە من ئەم کارە دەکەم." کاسی وای گوت کاتێك کە سەر ئۆتۆمبێلەکەی کەوت و دەستی ڕاوەشاند بۆ ماڵئاوایی

## دەربارەی کاسی کۆڵبی

لە ساڵی ١٩٨٥دا کاسی کۆڵبی لە لایەن گۆڤاری تایمەوە ەڵبژێردرا وەك یەکێك لە حەوت ئەمریکی کە،" داهێنەری پێشەنگ.. . بە خەیاڵ و بوێری و ووزە و ئامانجێکی پتەوەوە" وەك نوێنەری" مرۆڤی ساڵ." هەروەها وەك یەکێك لە خاوەنانی بازرگانی بچووك لە ئەمریکدا ڕێزی لێگیرا و لە لایەن کۆشکی سپیەوە هەڵبژێردرا وەك یەکێك لەو ٥٠ کەسەی کە ڕۆحی" توانین" یان هەیە. لە تەواوی جیهاندا سیمینار و وانە دەڵێتەوە. کتێبگەلی پڕفرۆشی نووسیوە لە ناویاندا پەیوەندی زهنی و غەریزەی پەتی. کاسی لە لایەن باوکیەوە، ئی، ئێف ۆندرلیك، دروسکاری تاقیکاری کەسایەتی ۆندرلیکەوە زۆر کاری تێکراوە. بە ئەوینەوە باسی دەکات. بەلام ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە بە ئەنجامدانی شتەکان بە جیاوازتر لە باوکی خزمەتێکی زیاتر دەکات. باوکی دۆزەرەوەی تاقیکاری کەسایەتی بوو لە ڕێگەی ئامرەزە زهنیەکانەوە. بەلام کاسی هەرگیز

باوەڕی بە ئەم میتۆدی ئاستی زیرەکیە نەبووە کە زیرەکیەکی ڕاستەقینە و سروشتی دیاری بکات. بە هاندانی باوکی، شارەزایی خۆی لەو پەرەپێدانی تاقیکاریەکاندا کە لە باوکیەوە فێربووە بەکارهێناوە لە گەڕان بە دوای نەوەیەکی نوێی تاقیکاریدا. ماماڵەکردن لەگەڵ دامەزراوەکەی کاسی زۆر بە خێر بوو. وا هەستم دەکرد کە ڕۆحێکی بەسۆز دەبینم لەم کارەیدا بۆ گێڕانەوەی شکۆ و ڕێز بۆ خوێندکارانی دونیای پەروەردە. یەکێك بوو لەو کەسە دەگمەنانەی کە باوەڕم بوو کە هەر مرۆڤێك بەهرە و بلیمەتیگەلێکی هەیە کە زۆرینەی جار لە لایەن سیستەمی پەروەردەوە ناناسرێت و ددانی پێدا نانرێت. لە سەردەمی ئەمڕۆی زانیاریدا، زانیاریەکەی نوێکەرەوە و ڕێ ڕۆشنکەرەوەیە.

تاقیکاری لاوان پێیدەگوترا، " تاقیکاری کۆلبی بۆ لاوان." و ئەم ڕووبەرانەی خوارەوەی شی دەکاتەوە:

- چۆن دەتوانیت بە باشترین شێوە ئەرکی خوێندنگا ئەنجام بدەیت.
- چۆن دەتوانیت بە باشترین شێوە کاردانەوەت هەبێت بۆ شتەکان
- چۆن دەتوانیت باشتر گفتوگۆ بکەیت

بەڵگەیەکی گەورەم بەدەستهێنا دەربارەی ئەوەی کە کێم دوای ئەوەی بە ئەنجامەکانی تاقیکاری کۆلبیەکەمدا چوومەوە. یەکسەر پیشانیدام کە بۆچی بە نەگونجاو و گەمژە ناودەبرام لە لایەن مامۆستاکانی قوتابخانەمەوە. ئەگەر لە تەمەنی لاویمدا تاقیکاری کۆلبیم بکردایە، ڕەنگە بمتوانیایە خۆم لەوە دوور بخەمەوە، یان بە لایەنی کەمەوە باشتر تێگەیشتمایە، زۆربەی ئەو گرفتانەی لە خوێندن ڕووبەڕووم بوونەوە. هیوادارم ئێوەش هەمان بەڵگە بدۆزنەوە.

بەندی شانزەهەم

## سەرکەوتن ئازادی بوون بە خۆیە

کاتێك منداڵ بووم، مامۆستاکانم زۆر جار دەیانگوت،" تۆ پێویستت بە خوێندنێکی باشە بۆ ئەوەی بتوانیت کارێکی باشت دەست بکەوێت."

لە لایەکی ترەوە، باوکە دەوڵەمەندەکەم چوارلای جوولەی نەختی دەکێشا. لە بری ئەوەی پێمبڵێ کارێك پەیدا بکەم، کە ئەوەش سنووورداری دەکردم لە لای ( فەرمانبەر[1] ) دا، بژاردەی پێدام لە چوارلاکەدا.

کاتێك گرفتم هەبوو لە خوێندندا، باوکە زیرەکەکەم بژاردەی دۆزینەوەی شێوازی فێربوونی خۆمی پێدام.

بژاردەی زیاتر = هەلی زیاتر بۆ سەرکەوتن

لە دونیای ئەمڕۆدا، بژاردەیەکی زیاترمان هەیە. هەر کاتێك پیشەسازیەکەی نوێ زیاد دەکەین، وەك پیشەسازی هێڵی ئاسمانی یان پیشەسازی کۆمپیوتەر، بژاردەی پیشە و خولیاکانمان زیاد دەکەین.

یەکێك لە گرفتەکانی بەخێوکردنی منداڵ لە ئەمڕۆدا بە هۆی هەبوونی بژاردەگەلی زۆرەوەیە. سەرەڕایی ئەوەشە، هەتا بژاردەی زیاترمان هەبێت، ئەگەری سەرکەوتنمان گەورەترە.

ئەگەر دایك و باوکان دەست بکەن بە دوورخستنەوەی بژاردەکان لە منداڵەکانیان، دەکرێت ببێتە هۆی پشێوی لە ماڵەکەدا. ئەگەر وەك دایك

---

[1] لایەکی چوارلای جوولەی نەختیە.

یان باوکێك بڵێیت،" ئەمە مەکە،" یان" ئەوە مەکە،" ئەگەری ئەوە هەیە
کە منداڵەکانت ئەوە بکەن کە تۆ ناتەوێت بیکەن، یان ڕەنگە پێشتر
کردبێتیان.

یەکێك لەو شتانەی کە وەك منداڵێك سوودی هەبوو بۆم ئەوە بوو کە دایك
و باوکم بژاردەکانمیان سنووردار نەکردبوو، بەڵکو لە بری ئەوە زۆر بە
سادەیی بژاردەگەلی زیاتریان پێدام. ئەمە واتای ئەوە نییە کە کۆنتڕۆڵ
نەکراوم کاتێك سنوورم تێپەڕاندووە، بەڵام یەکێك لەو شتانەی کە هەردوو
باوکەکەم کردیان ئەوە بوو کە بژاردەی زیاتریان پێدام لە بری ئەوەی
سنوور بۆ ئەوە دابنێن کە دەتوانم بیکەم یاخود ناتوانم بیکەم.

ئاواتی ئەم بەشە پێدانی بژاردەی زیاترە بە دایك و باوکان هەتا بیدەنە
منداڵەکانیان هەتا لە کۆتایدا منداڵەکانیان ڕێگەی خۆیان بەرەو
سەرکەوتن بدۆزنەوە. وەك کاسی کۆڵبی گوتی،" سەرکەوتن ئازادی بوون
بە خۆیە."

دەتەوێت ببیت بە چی کاتێك گەورە بوویت؟




بۆ ئەوانەی کە ڕەنگە کتێبەکەیان نەخوێندبێتەوە:

( E ) بەرامبەر فەرمانبەره[1].

( S) بەرامبەر فەرمانبەری ئازاد یان بازرگانی بچووکە[2].

( B ) بەرامبەر خاوەنی بازرگانیە[3].

( I ) بەرامبەر وەبەرهێنە[4].

بە پێدانی بژاردەی زیاتر، هەستم دەکرد کە دەسەڵاتێکی زیاترم هەیە بەسەر چارەنووسمدا و ئەوەی کە دەمەوێت بیخوێنم. بە درێژایی ڕێگاکە، بۆم دەرکەوت کە یاساکانی باج جیاوازن بۆ هەر لایەك، ئەو ڕاستیەش یارمەتیدام هێڵکاری ڕێگاکەم بۆ داهاتووم بنەخشێنم. هەروەك زۆرەبەمان وەك پێگەیشتوویەك دەیزانین، باجەکان تاکە خەرجی گەورەی هەموو

---

[1] Employee
[2] Small business
[3] Business owner
[4] Investor

ژیانمانە. بە داخەوە ئەوە کەسانی لای ( E ) و ( S )ن کە زۆر زیاتر لە
مەفی خۆی بەشە باج دەدەن.

کاتێك قسە بۆ منداڵەکەت دەکەیت، ڕەنگە بژاردەی چوارلاکەی پێبدەیت
لە بری ئەوەی بە سادەیی بڵێیت،" بخوێنە هەتا بتوانیت کارێك بە
دەست بهێنیت."

بە هۆی هەبوونی بژاردەوە، ئەوەم دەزانی کە باشترین کۆرس کە بۆم
گونجاوە ئەو کۆرسەیە کە بەرەوە لای ( B) و ( I)م دەبات. دەمزانی
کە دەمەوێت ببم بە خاوەنی بازرگانی و وەبەرەێن. ئەمرۆ ئەگەر لە ( E)،
(S) یان ( B)دا بین، هەموومان پێویستە لە ( I)دا وەبەرەێن بین. بە
خۆشحاڵییەوە، چیتر چاوەڕێی ئەوە ناکەیت کە حکومەت یان کۆمپانیای
خاوەنکارەکەت بەرپرسیاری دوای خانەنشین بوونت لە ئەستۆ بگرێت.

بژاردەکان و دەرئەنجامەکانیان


گەورە دەستپێکێکی دارایی مەزن کە باوکە دەوڵەمەندەکەم پێیدام
تێگەیشتن بوو لە بژاردەکان و دەرئەنجامەکانیان لەسەر ڕاپۆرتی دارایی
کاتێك سەیری تەواوی ڕاپۆرتی دارایی دەکەیت، دەتوانی تێبگەیت کە ئەم
بەراوەردەیە چەندێك گرنگە.




بە ئەنجامدانی ئەرکی دارایی ماڵەوەمان، من و مایك زوو درکمان بەوە کرد کە لە گەڵ هەر دۆلارێك کە وەریدەگرین، بژاردەیەکمان هەیە. وە ئەو بژاردەیەش لە ستوونی خەرجیەکاندا دەدۆزرێتەوە. زوو درکمان بەوە کرد هەر جارێك کە دۆلارێك بە دەست دهەێنین یان خەرجی دەکەین. شەپۆلی ناو گۆمە ئاو ڕوودەدات، یان دەرئەنجامێك هەیە بۆی. بە دەرکێشانی دۆلارێك و کڕینی پێشینە قەرزێکی وەك ئۆتۆمۆبێل، دەمانزانی کە دەرئەنجامی ماوە درێژ ئەوە دەبێت کە هەژارتر دەبین نەك دەوڵەمەندتر.

بە بڕیاردانی لەسەر شێوازی خەرجکردن، یان بژاردەکان، کە وەك ئەمەی خوارەوە بوو، دەرئەنجامی ماوە درێژ جیاواز دەبوو.

ڕاپۆرتی داهات




بەراوی هاوسەنگی دارایی

وەك كەسانێكی لاو دەمانتوانی ئەوە ببینین كە بڕیاردان و هەڵبژاردنی شێوازی خەرجكردن بۆ وەبەرهێنان لە سەرمایەكاندا ئەم دەرئەنجامە ماوە درێژەی هەیە. هەردووكمان لە تەمەنی نۆساڵیدا دەمانزانی كە تەنها خۆمان دەسەلاتمان هەیە بەسەر چارەنووسی داراییماندا، نەك هیچ كەسێكی تر. دەمانزانی كە ئەگەر هەڵبژاردنێكی هەمیشەیی دارایی ئەنجام بدەین كە لە ڕاپۆرتی دارایی دووەم دەچوو، دەوڵەمەند دەبین جا ئەگەر كار و خوێندنێكی باشمان هەبێت یان نا. دەمانزانی سەركەوتنی داراییمان بەهۆی سەركەوتنی ئەكادیمیمانەوە نییە.

لە كتێبەكەی تۆماس ستانلیدا، زەنی ملیۆنەر، باسی لێكۆڵینەوەكەی دەكات كە هیچ خاڵێكی هاوبەشی نەدۆزیوەتەوە لە نێوان سەركەوتنی دارایی و سەركەوتنی ئەكادیمی. ئەو دوانە پەیوەستی یەكتر نین. وە تێگەیشتن لەوەش ئاسانە. هەموو ئەوەی پێویستە چاوخشاندنەوەیە بەوەی پێشتر باسمان كردووە، كە ئەو ڕاستییە كە سیستەمی

خوێندنمان بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت دەکاتەوە سەر شارەزاییە ئەکادیمیەکان و شارەزاییە پیشەیەکان. ئەوەی لە ناوەندەکانی خوێندندا وونە و نییە ئەو شارەزاییە داراییانەیە کە باوکە دەوڵەمەندەکەم پێی دەگوتمەوە.


وەك لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژەم پێداوە،" لە سەردەمی زانیاریدا، خوێندن زۆر لە جاران گرنگتر بووە. بۆ ئەوەی بە باشترین شێواز منداڵەکەت بۆ داهاتوو ئامادە بکەیت. شارەزایی دارایی باش لە ڕادەبەدەر گرنگە."

بە گوتنەوەی بنچینەکانی پەروەردەیی دارایی بە منداڵەکەت، کە ئەوەش ڕاپۆرتی داراییە، هێزیان پێدەدەیت هەتا دەسەڵاتیان هەبێت بەسەر چارەنووسی دارایی خۆیاندا، دەبنە خاوەنی ئەو هێزە بە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی چی پیشەیەکیان دەبێت، چەندێك پارە پەیدا دەکەن، یان چەندێك باش دەبن لە خوێندندا. هەر وەك باوکە دەوڵەمەندەکەم زۆر جار دەیگوت،" پارە مەرج نییە دەوڵەمەندت بکات. گەورەترین هەڵەیەك کە زۆربەی خەڵکی ئەنجامی دەدەن ئەوەیە کە پێیانوایە پەیدا کردنی پارەیەکی زیاتر دەوڵەمەندتریان دەکات. لە زۆربەی بارەکاندا، کاتێك خەڵکی پارەیەکی زیاتریان دەست دەکەوێت، زیاتر دەکەونە ژێر باری قەرزەوە. لەبەرئەوەیە کە پارە بە تەنها دەوڵەمەندت ناکات." هەر لەبەرئەوە بوو کە بە من و مایکی دەگوت بۆ خەرجکردنی هەر دۆلارێك، بژاردەیەکمان هەیە، بۆ هەر بژاردەیەکیش، دەرئەنجامێکی ماوە درێژ هەیە.

## هێزی ژمارە چوار


زۆربەمان ئەو گوتەیەمان بیستووە کە دەڵێت،" تەنهایی هەر بۆ خودا باشە." یان" دوو سەر باشترە لە سەرێك." لە کاتێکدا خۆم هاوڕایی ئەم گوتانەم، سیستەمی خوێندنمان ناکۆکە لەگەڵیاندا.

لە ڕێبەری باوکی دەوڵەمەند بۆ وەبەرهێناندا، باسی هێزی چوارلایەکم کردووە.



لە لێکۆڵینەوەمدا دەربارەی ئەندازەزانی تەنە پتەوەکان، بۆم دەرکەوت کە چوارلا بچووکترین شێوەیەی ئەندازەییە و لە هەموو شێوەکانی تر جێگیرترە. کلیلی ئەوە ئەو جادوویە کە لە ژمارە چواردایە.

کاتێك لە ئەستێرەناسی دەکۆڵیەوە دەبینی کە چوار کۆمەڵە کەلو هەن: خاکی، ئاوی، هەوایی و ئاگرین. ئەم چوار پێکهاتە بنچینەیە ئەو دونیایە پێکدەهێنن کە دەیناسین. ئەگەر شێوەیەك بە هەر چوار پێکهاتە بنچینەیەکە بدەیت، لە شێوەی چوارلا دەچێت.




بە تێڕوانین لە دونیای پارە و بازرگانی، دووبارە چوارلای جووڵەی نەختی دەبینینەوە بە ژمارە چواری جادوویەوە:

E _ فەرمانبەر

S _ فەرمانبەری ئازاد، تایبەتمەند، خاوەنی بازرگانی بجووک.

B _ خاوەنی بازرگانی گەورە

I _ وەبەرەێن

حەکیمی یۆنانی دێرین، هیپۆکرەیتس[1] ( ٤٦٠– ٣٧٧ پ. ز)، کە زۆر جار پێیدەگوترێت" باوکی پزیشکی،" بە هەمان شێوە چوار جۆری جیاوازی کەسیاتی بەکارهێناوە بۆ بەرجەستەکردنی جۆرە جیاوازەکانی مرۆڤ.

---

[1] Hippocrates

زارەوەگەلی وەک: تووڕە و تۆسن، گەشبین، ڕەق و بێ سۆز و غەمگینی بەکارهێناوە.

لە سەدەی بیستدا، د. کارل یۆنگیش[1] بە هەمان شێوە چوار جۆری کەسایەتی پۆلێن کردووە، بە بەکارهێنانی زارەوەگەلەکانی: بیرکەرەوە، سۆزدار، غەریزەیی و هەستیار.

لە ساڵانی پەنجاکانیشدا، ئیزابێل مایەرس[2] و دایکی نیشاندەری جۆری مایەرس بریگیان[3] پەرەپێدا. ئەو نیشاندەرە، ١٦ جۆری جیاوازی کەسایەتی دەناسێنێت، کە سەرنجڕاکێشەرانە دواتر بچووکراونەتەوە بۆ چوار کاتیگۆری سەرەکی: D بۆ دەسەڵاتداری[4]، I بۆ کاریگەری[5]، S بۆ یارمەتیدەر[6] و C بۆ گوێڕایەڵی[7].


ئەمڕۆ زۆرێک لەو پێوەرانەی دیاریکردنی جۆری کەسایەتی بەردەستن، وە زۆربەی کۆمپانیاکان ئەو پێوەرانە بەکاردەهێنن هەتا دڵنیاببنەوە کە کەسی شیاویان لە شوێنی شیاو داناوە. ئەو مەبەستەی دەمەوێت بیگەیەنم ئەوەیە کە ژمارە چوار ژمارەیەکی گرنگە.

چەند شتێک هەبوو لە کارەکەی کاسی کۆڵبیدا کە بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوو وجیاکاریەتی زیاتری خستە سەر گەڕانم بۆ دۆزینەوەی شتگەلی زیاتر دەربارەی خۆمان و ئەوەی کە چی وا دەکات ناوازە و بێ هاوتا

---

[1] Carl Jung
[2] Isabel Myers
[3] Myers-Briggs Type Indicator (MBTI)
[4] dominance
[5] influence
[6] support
[7] compliance

بین. یەکێك لەو شتانەی کە کارەکەی کاسی جیای دەکاتـەوە ئەوەیـە کـە بۆچی هەندێك منداڵی دیاریکراو لە خوێنـدن باشـن و هەنـدێکی تـر وانـین. کاتێـك لـە چـوارلاکە دەڕوانیـت، ئاسـانە تێگەیشـتن لـەوەی کـە بۆچـی کەسانێکی زۆری لاو گرفتیان هەیە لە خوێندندا.




ئاسانە زانینی ئەوەی کە سیستەمی ئێستای پەروەردەمان بە شـێوەیەکی سـەرەکی بـۆ ئـەو خوێندکارانـە دروسـتکراوە کـە ڕاسـتی دۆزینـەوەیان بەهێزە. زۆربەی جار سێ کاتیگۆریەکەی تر لە پرۆسـەکەدا پەلەقاژەیانـە. بە دەربڕینێکی تر، دونیا پێکهاتووە لـە چـوار جـۆری جیـاوازی فێربـوون، بەڵام سیستەمی خوێندن تەنها یەك دانەیان دەناسێتەوە.

## هێزی ژمارە دوانزە

زۆربـەمان دەزانـین کـە دوانـزە مـانگ هـەن و دوانـزە کـەلویش هـەن. بـە درێژایی گەشەسـەندنی مرۆڤایـەتی، ژمارەکـانی ٤ و ١٢ بـەردەوام خۆیـان دووبـارە کردۆتـەوە وەك ژمارەگـەلی گـرنگ. کاتێـك ئەنـدەزازانی تەنـە پتەوەکان دەخوێنیت، دەتوانی لەوە تێبگەیت کە بۆچـی ئـەم پەیوەندیـە

بەردەوام ڕوودەدات. جێی داخە کە سیستەمی ئێستای پەروەردەمان تەنها یەك جۆر شێوازی فێربوون و یەك جۆری بلیمەتی دەناسێتەوە. مەبەستی ئەم باسە ئەوەیە کە چەند گرنگە دایك و باوکان ئاگاداری چوار شێوازەکەی فێربوون و ئەگەری هەبوونی دوانزە جۆری جیاوازی بلیمەتی بن لە منداڵەکانیاندا. بە دەربڕینێکی تر، ئێستا بژاردەیەکی زیاترت هەیە لە گەورەکردنی منداڵەکەتدا و شێوازی گەشەپێدانی بلیمەتی منداڵەکەتدا. وەك پێشتر باسمکرد، وشەی زیرەکی واتە ئەنجامدانی جیاکاریگەلێکی باشتر، هەروەها وشەی "پەروەردە" لە ڕەگی وشەیەکەوە وەرگیراوە بە مانای "دەرکێشانە دەرەوە،" نەك "تێ ئاخنین."

کاتێك لە چاوانی منداڵە بچووکەکەت دەڕوانی، هەمیشە لە بیرت بێت کە جینەکی بچکۆلە لە منداڵەکەتدا دەژی. ڕەنگە هەمان جۆر نەبێت کە سیستەمی خوێندن بۆی دەگەڕێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت بلیمەتی منداڵەکەت بوونی هەیە. هەرچەندە کە ڕەنگە سیستەمی خوێندن ئەو جۆرەی نەوێت، بەڵام زۆر گرنگە تۆی دایك و باوك بە شوێنیدا بگەڕێیت. چونکە هەرکاتێك سەیری چاوەکانی منداڵەکەت کرد و بلیمەتیەکەیت بینی، بلیمەتی ئەم منداڵە بیرمان دەخاتەوە کە ئێمەش "جینی- لە- ناخماندایە." ئەوە ئەو جینیەی ناخمانە کە جادووی ژیان بۆ ژیانمان دەهێڵێت.

دەرئەنجام

## گرنگترین کاری لە دونیادا

باوکە زیرەکەکەم ڕاهاتبوو دەیگوت،" دوو جۆر منداڵ هەیە، هەندێکیان بە شوێنکەوتنی ڕێگەکە سەرکەتوو دەبن، هەندێکیشیان ڕقیان لە شوێنکەوتنی ڕێگەکەیە و هەست دەکەن کە پێوستە ڕێگەی خۆیان ڕۆشنکەنەوە. لە ناخی هەر یەکێکماندا ئەم دوو جۆرە منداڵە دەژین."

### دەست لە زۆپاکە مەدە

ئەوە شێوازی باوکم بوو بۆ ئەوەی بزانم کە ئاساییە بە شوێن ڕێگەی خۆمدا بگەڕێم هەتا ئەو ساتەی شەرەفمەند دەمێنمەوە و ڕاستگۆ دەبم لە گەڕانەکەمدا. چەند جار بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕێگە لامداوە. لەگەڵ ئەوەشدا، باوکم هەمیشە ڕێگەکەی بۆ ڕۆشن کردوومەتەوە و بەخێرهاتنەوەی کردووم بۆ ماڵەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی چەندێکە لە ڕێگەکە لامداوە.

زۆربەی جار ئەوەی پەسەند نەدەکرد کە دەمکرد، واشی دەکرد بزانم بەلایەوە پەسەند نییە، بەڵام هەرگیز ڕێگری ئەنجامدانی هیچی لێ نەکردووم. دەیگوت،" تاکە ڕێگە کە منداڵ بە هۆیەوە لە ووشەکانی زۆپای گەرم تێبگات دەستلێدانە لە زۆپا گەرمەکە."
لە بیرمە ئێوارەیەکی بینەری بووم لە کۆبوونەوەیەکی دایک و باوکاندا چیرۆکی زۆپا گەرمەکەی دەگێڕایەوە. نزیکەی ١٥٠ دایک و باوک ئامادە

بوون کە دەیگوت،" تاکە هۆکاری ئەوەی ئێمە وەک کەسانی پێگەیشتوو دەزانین زۆپا گەرمە ئەوەیە کە هەمووومان دەستمان لێیداوە. هەمووومان دەستمان لە زۆپا داوە لەگەڵ ئەوەی کە پێشمان گوتراوە کە دەستی لێنەدەین. وە ئەگەر یەکێك لە ئێوە تا ئێستا دەستی لێنەداوە، ئامۆژگاریتان دەکەم زوو دەستی لێبدەن. نەژیاوی هەتا ئەو کاتەی دەستی لێنەدەیت."

دایك و باوکەکان و مامۆستاکان لەگەڵ ئەو سەرنجەدا پێکەنین. باوکێك دەستی بەرز کردەوە و گوتی،" ئایا دەڵێت نابێت منداڵەکانمان دیسپلن بکەین؟"

"نەخێر، من وام نەگووت. بەڵکو دەڵێم منداڵەکەت لە ئەزموونەکانی ژیانەوە فێردەبێت. تاکە رێگە کە منداڵ بە هۆیەوە لە ووشەکانی زۆپای گەرم تێبگات دەستلێدانە لە زۆپا گەرمەکە. ئەگەر پێیان بڵێین دەست لە زۆپاکە مەدەن، بێ مانا دەردەکەوێت. منداڵەکە هەر دەست لە زۆپاکە دەدات. خودا بەو شێوەیە منداڵی دروستکردووە بۆ فێربوون، منداڵان سەرەتا کارەکە ئەنجامدەدەن، هەڵە دەکەن و دواتر فێردەبن. ئێمە وەک پێگەیشتووان، لە هەوڵماندا بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانمان پێیان دەڵێین کە هەڵە نەکەن دواتریش لە سەر هەڵەکردن سزایان دەدەین. ئەوە خۆی هەڵەیە."

## ڕووناکییەکە بهێڵەرەوە

من تەنها ١٤ ساڵێك دەبووم، بەڵام دەمتوانی درك بەوە بکەم کە زۆربەی دایك و باوکان و مامۆستاکان پەیامەکەی باوکمیان بەدڵ نەبوو. بۆ نزیکیان، خۆ دورخستنەوە لە هەڵە شێوازی ژیان بوو. باوکێکی تر

دەستی بەرز کردەوە و گوتی،" کەواتە دەتەوێت بڵێیت کە هەڵەکردن شتێکی سروشتیە، واتە هەڵەکردن شێوازی فێربوونمانە."

باوکم گوتی،" ڕێك ئەوە دەڵێم." هەمان باوك لە کاتێکدا هەر بە پێوە وەستا بوو گوتی،" بەلاَم سیستەمی خوێندن لەسەر هەڵەکردن سزای منداڵەکانمان دەدات." باوکم گوتی،" هەر لەبەرئەوەیە من ئەمشەو لێرەم، من لێرەم چونکە ئێمەی مامۆستایان لە ڕاستکردنەوە خۆمان دزیوەتەوە، وە زۆریش جەختمان کردۆتە سەر سزادانی قوتابیان لەسەر هەڵەکردن. بەداخەوەم کە ئەمە دەڵێم، بەلاَم هەتا زیاتر سزای منداڵەکانمان بدەین لەسەر هەڵەکردن، لە بری ئەوەی فێریان بکەین لە هەڵەکانیانەوە فێربن و ڕاستیان بکەنەوە، زیاتر لە مەبەستی پەروەردە دوور دەکەوینەوە. لە بری ئەوەی سزای منداڵان بدەین لەسەر هەڵەکردن، دەبێ هانیان بدەین هەڵەی زیاتر بکەن. هەتا هەڵەی زیاتر بکەن و لێوەی فێربن، زیرەکتر دەبن."باوکەکە گوتی،" بەلاَم ئێوەی مامۆستا ئەو قوتابیانەی کە هەڵەی زۆر دەکەن هەم سزایان دەدەن هەم لە وانەکاندا دەیانخەن."" بەڵێ وا دەکەین، ئەوەش کەلێنی سیستەمەکەمانە، وە منیش بەشێکم لەو سیستەمە. لەبەر ئەوەیە ئەمشەو لێرەم." باوکم بەردەوام بوو لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەوە کونجکۆڵی سروشتی منداڵە کە منداڵ هاندەدات بۆ فێربوون. بەلاَم هەر وەك چۆن کونجکۆڵی دەتوانێ پشیلە بکوژێت، ئاواش کونجکۆڵیەکی زۆر دەکرێ کوشندە بێت بۆ منداڵ. ئەو شەوە پەیامی باوکم ئەوە بوو کە ئەرکی دایك و باوك و مامۆستا ڕاستکردنەوەیە بەبێ زیان گەیاندن بە هەستی زانخوازی سروشتی منداڵەکە. دواتر پرسی،" چۆن ڕاستکردنەوە

ئەنجام دەدەیت بە بێ زیان گەیاندن بە هەستی زانخوازی سروشتی منداڵەکە؟"

باوکم وەڵامی دایەوە،" وەڵامەکەم لا نییە. پێموایە ئەوە هەم هونەرە و هەم پرۆسەیەکە بە پێی دۆخەکان دەگۆڕێت، کەواتە لەوانەیە تاکە وەڵامێك نەبێت." بەردەوام بوو،" من لێرەم تەنها بۆ ئەوەی بیرتان بێنمەوە کە ئێمە وەك دایك و باوکان هەموومان بە هۆی دەست لێدان لە زۆپاکە زانیومانە گەرمە. تەنانەت دەستمان لێداوە هەرچەندە پێشمانگوتراوە وا نەکەین. دەستمان لێداوە چونکە کونجکۆڵ بووین و ویستوومانە شتێکی نوێ فێربین. من لێرەم بە نوێنەرایەتی هەستی زانخوازی سروشتی منداڵەکانتان و ئارەزووی فێربوونیان. هەموو منداڵان بە کونجکۆڵی لە دایکدەبن، ئەرکی ئێمەیە پارێزگاری لەو کونجکۆڵیە بکەین، لە هەمان کاتدا هەوڵی تەواوی خۆمان بدەین بۆ پاراستنی منداڵەکە. پاراستنی کونجکۆڵی گرنگە چونکە بەو شێوەیە فێردەبین. ئەگەر ئەو کونجکۆڵیە لە ناویەرین داهاتووی منداڵەکەمان لەناوبردووە."

دایکێك دەستی بەرز کردەوە و گوتی،" من دایکێکی تەنها باڵم. ئێستا منداڵەکەم لە کۆنترۆڵ دەرچووە. هەتا درەنگانێك لە دەرەوە دەمێنێتەوە رگوێم لێ ناگرێت. لەگەڵ گروپێکی خراپ دێت و دەچێت. دەبێت چی بکەم؟ ئایا هانی زانخوازیەکەی بدەم، یان چاوەڕێبم هەتا دەچێتە زیندانەوە؟" دواتر باوکم پرسی،" کوڕەکەت چەند ساڵانە؟"

دایکەکە وەڵامی دایەوە،" تازە بۆتە شانزە ساڵان."

باوکم سەری ڕاوەشاند." وەك گوتم، وەڵامەکەم لا نییە، کاتێك دێینە سەر بابەتی بەخێوکردنی منداڵان، تاکە وەڵامێك نییە کە بۆ هەمووی

بگونجێت." بە نەرمی گوتی،" ڕەنگە پۆلیس ئەو وەڵامەی لا بێت کە کوڕەکەت بە دوایدا دەگەڕێت، لە پێناوی کوڕەکەت، هیوادارم وا نەبێت."
دواتر باوکم چیرۆکی دوو جۆر منداڵەکەی گێڕایەوە، ئەوە منداڵەیان کە شوێن ڕێگەیەکی ڕاست و تەنگ دەکەوێت و ئەوەشیان کە پێویستە ڕێگەی تایبەتی خۆی دروست بکات.

باوکم بەردەوام بوو لە گوتنی ئەوەی کە ئەو شتەی هەموو دایك و باوکان دەتوانن بیکەن هێشتنەوەی ڕووناکیەکیەکە و هیوا خواستنی ئەوەیە منداڵەکە بێتەوە سەر ڕێ. هەروەها بیری دایك و باوکانی خستەوە کە زۆرێك لە خۆشیان لە ڕێ لایانداوە. بیری خستنەوە کە لە ناخی هەریەکێکماندا کەسێك هەیە کە هەندێ جار خوازیاری دۆزینەوەی ڕێگەی خۆیەتی. زیاتر ڕوونی کردەوە و گوتی،" هەموومان بڕوامان وایە کە ڕێگەی ڕاست و ڕێگەی چەوت هەیە. بەڵام هەندێك جار، ڕێگە تایبەتیەکەی خۆمان بۆ ماوەیەك باشترین ڕێگەیە." کۆتایی پێهێنا بە گوتنی،" وە هەندێك جار ڕێگەکەی ئێمە ڕێگەی منداڵەکەمان نییە."
دایکە گەنجەکە بە وەڵامەکە دڵی ئاوی نەخواردەوە و دووبارە هەستایە سەر پێ و گوتی،" بەڵام ئەی ئەگەر لە تاریکیدا بسوڕێتەوە و هەرگیز نەگەڕێتەوە؟ ئەوسا چی بکەم؟" باوکم کەمێك وەستا و بە چاوانێك کە دەیگوت لە خەمەکەی تێدەگات، بەبەهێوریگوتی،" تەنها ڕووناکیەکە بهێڵەرەوە." دواتر پەڕەکانی کۆکردەوە و لە سەکۆکە هاتە خوارەوە. باوکم لەبەردەم دەرچەی ژوورە بێدەنگەکە وەستا، ئاوڕی دایەوە و گوتی،" گرنگترین ئەرکی دایك و باوك و مامۆستا هێشتنەوەی ڕووناکیەکەیە. ئەوە گرنگترین کاری دونیایە."

" ناتوانیت هیچ شتێك فێری هیچ کەسێك بکەیت،
تەنها دەتوانیت یارمەتی بدەیت لە ناخی خۆیدا بیدۆزێتەوە."

گالیلۆ

پاشکۆی یەکەم

## پرسیارێکی یەک - چاخ دێرین

خەرجی وا پێناسەکراوە کە" بڕە پارەیەکە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و دیاریکراو بۆ خەرجی کەسی و خەرجیەکانی ماڵەوە تەرخان دەکرێت." لە کاتێکدا کە ڕەنگە خەرجی ڕۆژانە لە هەندێك دۆخدا شیاو و گونجاو بێت، بەڵام چۆن بیری لێدەکرێتەوە و چۆن لەگەڵ منداڵان بەشداری پێدەکرێت زۆر گرنگە.

## خەرجی ڕۆژانە دەکرێت زهنیەتی مافداری گەشە پێبدات

ئایا منداڵان خەرجی وەك مافی خۆیان دەبینن؟ لە دونیایەکدا کە زهنیەتی مافداری کێشەیەکی بەردەوام لە پەرەسەندندایە لە نێو پێگەیشتووان، گرنگە دایك و باوکەکان منداڵەکانیان ڕانەهێنن لەسەر گەشەپێدانی خووی مافداری و پێیانوابێت کە هەقی خۆیانە هەموو هەفتەیەك بڕێکی دیاریکراو خەرجی وەرگرن.

## خەرجی دەتوانێت خوو و خدەی فەرمانبەرێک دنە بدات

ئایا منداڵەکان خەرجیەکانیان وەردەگرن لە بەرامبەر تەواوکردنی ئەرکێك یان بەرپرسیاریەتیەکدا؟ کاریگەری نەرێنی پارەدان لە بەرامبەر ئەنجامدانی هەندێك کاری دیاریکراودا ئەوەیە کە ڕەنگە ببێتە هۆی دروستکردنی زهنیەتێکی فەرمانبەرانە." ئەگەر ئەمە بکەیت، منیش ۱۰$ پێدەدەم." ئەم کارە ڕەنگە ببێتە هۆیە دنەدانی خووی فێربوونی فەرمانبەرێك هەتا کار بۆ پارە بکات.

## فێربوونی بەخشین

منداڵان پێویستە فێری بەخشین ببن لە پێناو باشیەکی مەزنتری خێزان و گروپە کۆمەڵایەتیەکەیان بە بێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشتی دارایی بن. زۆرینەی جار دایك و باوکان پەنا بۆ" بەرتیلدان" دەبەن لە هەوڵی ئەوەی منداڵەکانیان ئەرکگەلێك ئەنجام بدەن کە دەبووایە تەنانەت بە بێ هیچ پاداشتێکی دارایی جێبەجێ بکرانایە. زۆرێك لە دایك و باوکان بەرتیلدانەکە بەوە پەردەپۆش دەکەن کە پێی دەڵێن" سیستەمی پاداشت." کاتێك خۆتان لە پەنابردن بۆ پێدانی بەرتیل بە منداڵەکەتان بینیەوە، ڕەنگە زهنگێکی ئاگادارکەرەوە بێت کە ئێوە دەسەڵات و کۆنترۆڵی دایك و باوکانەی خۆتان بۆ منداڵەکەتان گواستۆتەوە.

## ستراتیژیەکی دایکانە/ باوکانە

ڕەنگە بیر لە گەشەپێدانی بەرنامەیەکی چوار قۆناغی بکەیتەوە. دڵنیابەرەوە کە بە ڕوونی و دروستی یاساکان لەگەڵ منداڵەکانتدا باس دەکەیت.

قۆناغی یەکەم: **بەرپرسیارێتی کەسی**

بە گوێرەیی تەمەن و پێگەیشتووی منداڵەکانت، بڕیار لەسەر ئەرك و کارگەلێك بدە کە دەبێت منداڵەکانت بۆ تەندروستی و گەشەپێدانی کەسایەتی خۆیان ئەنجامی بدەن. بۆ وێنە، شۆرینی ددانەکانیان هەموو بەیانیەك و هەموو شەوێك پێویستە ڕەچاو بکرێت و وەك بەرپرسیاریەتیەکی کەسی باس بکرێت. ڕەنگە هەندێك دایك و باوك ڕێکخستنی جێخەو و یان بردنی قاپەکان بۆ دەستشۆرەکە دوای ژەمی ئێوارەش وەك بەرپرسیارێتی دابنێن. نابێت هیچ پاداشتێکی دارایی بدرێت لە بەرامبەر ئەرکەکانی بەرپرسیارێتی – کەسی.

قۆناغی دووەم: **بەرپرسیارێتی خێزانی یان کۆمەڵایەتی**

بیر لە هەندێك کاری دیاریکراوی پەیوەست بە بەخشین بە خێزان و ژینگەی کۆمەڵایەتی بکەرەوە کە دەرئەنجامەکەیان پاداشتی دارایی نییە. ئەمانە کۆمەڵە ئەرکێکن کە هاوبەشیان پێدەکرێت لە پێناوی باشیەکی گەورەتری ژینگەی منداڵەکەت، وەك کتێب خوێندنەوە بۆ خوشك و برایەکی بچووکتر یان یارمەتیدانی ژنێکی پیر و هەڵگرتنی سەوزە و میوەکەی بۆی. هیچ پاداشتێکی دارایی نادرێت بەو ئەرکانەی پەیوەستە بە بەرپرسیارێتی خێزانی و کۆمەڵایەتی.

قۆناغی سێیەم: **پارە پێدان لە بەرامبەر ئەرکگەلی دیاریکراو**

ئەم قۆناغە ئارەزوومەندانەیە، دەکەوێتە سەر بیروباوەڕی خوودی دایك و باوکەکە. بیر لە و کار و ئەرکە گشتیانە بکەرەوە کە چاوەڕوان دەکرێت بە

بەدەستهێنانی پارە کۆتایی بێت. داوا لە منداڵەکان بکە کە بەشدار بن لە هەڵبژاردنی ئەو ئەرکەی کە دەبێت ڕاپەڕێنرێت. پێشنیارەکان دەکرێت شۆرین و پاکردنەوەی ئۆتۆمۆبێل بێت هەفتەی جارێك، یان باغداری، ڕێکخستنی گەراج یاخود ژێرزەمین، یان هەندێك ئەرکی تری پەسەندکراو بێت. دەتوانی داوا لە منداڵەکانت بکەیت کە پسوولەت پێبدەن، ئەمەش زیاتر وردبین و وریایان دەکات. هەندێك منداڵ هێندە سەرقاڵی وەرزش و کاری قوتابخانەن کە ڕەنگە دایك و باوکیان بڕیار بدەن کە خەرجیان پێبدەن بۆ پێزانین و هاندانی هەوڵەکانیان. مەسەلە گرنگەکە ئەوەیە بە ڕوونی و ڕاشکاوی ئەوە بە منداڵەکەت بگەیەنیت کە چی لێ چاوەڕێ دەکەیت.

**قۆناغی چوارەم: هاندانی ڕۆحیەتی بازرگانیانەی منداڵەکەت**

هانی منداڵەکەت بدە بیرە لە شێوازەکانی بەدەستهێنانی پارە بکاتەوە بە چارەسەر کردنی کێشەکانی کەسانی دیکە. ئەو چیرۆکانەیان بۆ بگێڕنەوە کە چۆن منداڵانی تر بەهۆیەوە پارەیان بەدەستهێناوە بۆ ئەوەی هۆشی منداڵەکەت بکرێتەوە لە بەرامبەر دەرفەتەکانی خزمەتکردنی ئەوانی تردا. دەتوانن لە بنیاتنانی بازرگانیەکدا هاوکاریان بن بە دروسکردنی کارتی زانیاری. با کۆمپانیاکەیان پسوولە بۆ تۆ و ئەوانی تر بکات بۆ ئەوەی ئەرکەکە بە باشی بە کۆتا بێت.

**ڕۆشنبیری دارایی**

منداڵەکەت فێری چە مکەکانی سەرمایە و قەرز بکە" هەروەها جیاوازی نێوان داهاتی ئاسایی، نادیار، پۆرتفیلیۆ، گرنگی دهاتی نادیار د

پۆرتفیلۆ" هەروەها پێناسەکردنی فلان و فیسار شت بە بەکارهێنانی هێلکاری و وێنەی کتێبەکانی زنجیرەی باوکی دەوڵەمەند. بە پڕ چەککردنیان بەم جۆرە پەروەردە داراییە، منداڵەکەت باشتر ئامادە دەبێت بۆ گەشەپێدانی بەرپرسیاریەتیەکی دارایی ڕاستەقینە.

### بە ئاوات گەیشتنێکی دواخراو

لەگەڵ منداڵەکانت چەند ئامانجێکی دارایی دیاریبکە و یارمەتیان بدە کە بیر لە پلانێکی دارایی بکەنەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە. بەم ڕێگەیە، هاوکێشەی سەرکەوتن لە زەهنی منداڵەکەتدا جێگیر دەکەیت. ئەو باوەڕ بەخۆبوونەی لە کاتی بەدەستهێنانی ئامانجەکاندا بنیاتی دەنێن ناگۆڕدرێت. لە دونیای ئەمڕۆی ڕاستەوخۆ ئاوات بەدیهاتندا، ئەگەر شتەکەیان پێبدەین لە بری ئەوەی ڕێگە بدەین خۆیان بە دەستی بهێنن، ئەو هەستە بەهێزەی سەرکەووتنیان لێ دادەماڵین کە لە ئەنجامی بە دەستهێنانی ئامانجەکەوە دروست بووە.

بۆ وێنە، ئەگەر منداڵەکەت پاسکیلیکی نوێی بوێت، بەو بیرکردنەوەیە دەستپێبکە کە لە باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژاردا باسکراوە. باوکی هەژار دەیگوت، "ناتوانم بە دەستیبهێنم،" لە کاتێکدا کە باوکی دەوڵەمەند لە بری ئەوەی پرسیاری دەکرد، "چۆن بە دەستی بهێنم؟" منداڵەکەت فێر بکە بپرسێت، "چۆن دەتوانم؟" لە بری ئەوەی بڵێت، "ناتوانم." یارمەتی منداڵەکەت بدە کە پەرە بە پلانێك بدات و هانی بدە کە بیر لە ڕێگەگەلێك بکاتەوە بۆ دروسکردنی سەرمایەیەك کە داهاتی ئاسایی پەیدا دەکات. پێکەوە، هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەکە بکەن هەنگاو بە هەنگاو، هەروەها لە هەر شوێنێکدا ئامانجەکە هەڵەی تێدا بوو ڕاستی

بکەنەوە و بیگۆڕن. پێزانینت هەبێت بۆ هەوڵەکان و سەرکەوتنی کۆتایی منداڵەکەت کاتێك کە پاسکیلە نوێیەکەی دەکڕێت.

## قەرز و کریدیت کارتەکان

ئەمڕۆ کریدت کارتەکان بەردەوام ئامادەن لە کۆمەڵگاکەماندا. منداڵان هەموو ڕۆژێك لە لایەن تەلەفیزیۆنەکان، ڕادیۆ، یان هاوڕێیانیەوە بە پەیامگەلی" تەنها پارەکەی بدە،" بۆمب باران دەکرێن. پێویستە دایك و باوکان وێنەکە بۆ منداڵەکانیان تەواو بکەن بە ئاشناکردنیان بە ڕووەکەی تری کریدت کارتەکان. با بتبینن کە پارەی پسووڵەکان دەدەیت. کاریگەری ئاڵۆزی سوودی سەر کەمترین پارەدانی ناچاری ڕوون بکەرەوە بۆیان. پیشانیان بدە کە هەر کارتێك ڕێژەیەکی دیاریکراو و سنوورداری باڵانسی تێدایە.

هەروەها ئەوەش ڕوون بکەرەوە کە لە هەمان کاتدا کریدیت کارتەکان قازانجیشیان هەیە. کریدیت کارت دەکرێت یارمەتیدەرێکی مەزن بێت بۆ تۆمارکردن و ئاگادار بوون لەوەی کە چۆن پارەکەت خەرج کردووە. هانی ژیرانە بەکارهێنانی کریدت کارتەکان بدە بە پێدانی پارەی باڵانسەکە هەموو مانگێك بۆ ئەوەی هیچ سوویەکی نەخرێتە سەر.

زۆرێك لە دایك و باوکان گرفتیان هەیە لەگەڵ قەرزی کریدیت کارتەکانی خۆیاندا و خەمی ئەوەیانە منداڵەکانیان بترسێنن ئەگەر بەشێکی زۆری بارودۆخی داراییان بۆ دەربخەن. یاری کاش فلۆوی تایبەت بە منداڵان دەتوانێت یارمەتی دایك و باوکان بدات ڕۆشنبیری دارایی فێری منداڵەکانیان بکەن، یاریەکە بە شێوەیەکی تایبەت سەر و کاری هەیە لەگەڵ پرۆسەی بڕیاردانی" پارەی کاش بدە یان کارتەکە لێبدە."

منداڵەکانت هەردوو ڕووەکەی دونیای کریدت کارت دەناسن لە کاتێکدا کە چیژ وەردەگرن و پارەی گاڵتینە بەکاردەهێنن. زۆر باشتر ئامادە دەبن بۆ ڕوویەڕووبوونەوە یان خۆ دورخستنەوە لە مەترسیەکانی کریدت کارت کاتێك دەبنە کەسێکی پێگەیشتوو.

## کارە ماوە- کورتەکان

ڕێگە بە منداڵەکەت بدە کارێك وەرگرێت کە هەڵگری کێشمەکێشی دنەدانی خووی فەرمانبەرانە بێت. هانیان بدە بۆ دۆزینەوەی ئەو کارانەی کە لە ڕێگەیەوە دەتوانن ئەو زانیاریە بەنرخانە فێربن کە دەتوانن وەك خاوەنی کار و وەبەرهێن بەکاریان بهێنن. ئەمە ئەو کاتەیە کە زۆر گرنترە بۆیان فێربن لە بری بەدەستهێنان.

پێکەوە ڕانانێك بۆ مووچەی یەکەمیان بکەن بۆ ئەوەی لەوە تێبگەن کە حکومەت بەشێکی داهاتی فەرمانبەر لە ڕێگەی باجەوە دەبات بەرلەوەی بتوانن مووچەکەش وەرگرن.

هەندێك دایك و باوك داوا لە منداڵەکانیان دەکەن لە سەتا پەنجای ئەو بڕەی بە دەستی دەهێنن پاشەکەوت، وەبەریەێنن و ببەخشن. ئەمە چەمکی "سەرەتا پارە بە خۆت بدە،" لە زەهنی منداڵەتەدا جێگیر دەکات لە تەمەنێکی زۆر کەمدا و ڕێگەیان پێدەدات وەبەرهێنانە سەرمایەگوزارەکانیان دابمەزرێنن. نیوەی تری مووچەکەیان دەتوانن بە دڵی خۆیان خەرجی بکەن.

## سەرکەوتنە داراییەکان

ئەو پرسیارە یەك چاخ کۆنەی کە ئایا خەرجی بدەیت بە منداڵەکەت یان نا تەنها دەکرێت لە لایەن تۆوە بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵام لە خۆت

بپرسە یاسای پێدان و پێنەدانی خەرجی چی فێری منداڵەکەت دەکات.

ئایا منداڵەکەت ڕادەهێنیت بۆ هەبوونی:

_ زهنیەتی مافدارێتی،

_ زهنیەتی فەرمانبەرێتی، یان

_ زهنیەتی بازرگان و بەڵێندەرێتی.

بەرپرسیارێتی دارایی یەکانگیر لەگەڵ ڕۆحیەتی بەڵێندەرێتی دەکرێت ببێتە هێزێکی زۆر بەتوانا و بە دەسەلأت. یارمەتی منداڵەکەت بدە پەرە بە هەردووکیان بدات، دواتریش ببینە کە یەك لە دوای یەك سەرکەوتنی دارایی بە دەست دەهێنن.

### ڕێگای بەرەو ئازادی دارایی

باوکە هەژارەکەم جەختی دەکردە سەر ئەوەی چەندێك پارەی پەیدا دەکرد. لەبەرئەوە بوو هەمیشە دەیگوت،" بڕوانامەیەك باش بە دەست بهێنە هەتا کارێکی مووچە باشت دەست بکەوێت."

باوکە دەوڵەمەندەکەم جەختی نەدەکردە سەر ئەوەی کە چەندێك پارەی پەیدا دەکرد، بەڵکو جەختی دەکردە سەر ئەوەی کە چەندێك پارەی هەڵدەگرت. لەبەرئەوە بوو کە دەیگوت،" چەندێك پارە هەڵدەگریت زۆر گرنگترە لەوەی چەندێك پارە پەیدا دەکەیت." هەروەها دەشیگوت،" ئەو کەسانەی کە تەنها جەخت دەکەنە سەر ئەوەی چەندێك پارە پەیدا دەکەن هەمیشە کار بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە جەخت دەخەنە سەر ئەوەی چەندێك پارە هەڵدەگرن."

زۆر گرنگترە منداڵەکەت فێر بکەیت کە هۆشی چر کاتەوە لەسەر هەلگرتنی پارە نەك پەیداکردنی. باوکی دەوڵەمەند دەیگوت هەر

دۆلارێکی ستوونی سەرمایەکەی وەك فەمانبەرێکی وایە: کاری بۆ ئەو دەکرد. هەر کە دۆلارێك ڕۆیشتە ستوونی سەرمایەوە، هەرگیز ستوونەکە بەجێناهێڵێت. ئەگەر سەرمایەیەکی بفرۆشتایە، بەکاری دەهێنایەوە بۆ کڕینی سەرمایەیەکی تر. ئەو سەرمایانەی دەیکڕین دەکرا دواتر بدرێتە دەست نەوەی داهاتوو.

بە پەرەدان بەم فەلسەفەیە و گوتنەوەی بەمنداڵەکانت، دەتوانی یارمەتیان بدەیت بۆ ناسینی ڕێگای بەرەو سەربەخۆیی دارایی.

پاشکۆی دووەم

## گەشتی دارایی

ئەم ڕاهێنانانە ئەزموونی ژیانی ڕاستەقینە بەکاردەهێنن بۆ گوتنەوەی داواکاریە کرداریەکانی وانەکان. فێربوونی کرداری دەکرێ ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ فێرکردنی منداڵەکەت دەربارەی پارە.

هەستی زانخوازی سروشتی منداڵەکەت گەشە پێبدە بە هاندانیان بۆ پرسیارکردن. هێندەی لە تواناتانداییە بە ڕاستگۆی وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە. ئەگەر منداڵەکەت پرسیارێکی کرد کە ناتوانیت وەڵامی بدەیتەوە، کەسێك بدۆزەرەوە کە وەڵامەکەی لابێت، وە لەگەڵ منداڵەکەتدا فێر ببە.

گەشتی دارایی دروسکراوە وەك دیالۆگ و نووسراوە بۆت بۆ ئەوەی چەمکە بنچینەییە داراییەکانی پێبڵێیتەوە. هیچ وەڵامێکی ڕاست و هەڵە بوونی نییە. چەند ڕاهێنان و تاقیکاریەکی سادەن بە مەبەستی یارمەتیدانت لە دروسکرنی دیالۆگێك لەگەڵ منداڵەکەتدا لەسەر بابەتگەلی تایبەتی دارایی و فراوانکردنی ئاگایی مندڵەکەت دەربارەی ئەو دونیا داراییەی تێیدا دەژین. هەروەها دەرفەتێکیشە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ منداڵەکەت.

### گەشتی دارایی: **پارەی پسووڵەکانت بدە**

منداڵەکانت لای خۆت دابنیشێنە کاتێك کە پارەی مانگانەی پسووڵەکانت دەدەیت. ڕێگەیان بدە سەیری پسووڵەکان بکەن و بۆیان ڕوون بکەرەوە

ە مەرەیەکەیان بۆ چی شتێکە. ئەمە تێگەیشتنێکی باشتریان پێدەدات لە سەبارەت ژیان. پێویست ناکات تەواوی بابەتە داراییەکانت بخەیتە بەردەستی منداڵەکانت، بەڵکو بە پێدانی ئاگاییەکی بنچینەی و سەرەتایی دەستپێبکە.

١_ سەرەتا پارە بە خۆت بدە

بە سەرەتا پارەدان بە خۆت دەستپێبکە، تەنانەت ئەگەر چەند دۆلارێکی کەمیش بێت. دوای ئەوەی منداڵەکانت چەندین جار بینیان کە سەرەتا پارە بە خۆت دەدیت، ئەگەری زۆرە منداڵەکەت چاو لە تۆ بکات کاتێك پارەی دێتە دەست.

٢_پارەی خەرجیەکانی ناوماڵ بدە

پسووڵەی پێداویستیەکان ڕوون بکەرەوە و ڕێگە بدە منداڵەکەت لە پسووڵەکان بڕوانێت. ئەوە تێگەیشتنێکی باشتر بە منداڵەکەت دەدات لەسەر چۆنیەتی خەرجکردنی پارەکەت. کاتێك منداڵەکەت دەبینێت بە جیا پارەی کارەبا، ئاو، غاز، ئۆتۆمبێلی خاشاك و خەرجی شتەکانی تری ناوماڵ دەدەیت، زهنی منداڵەکەت دەکرێتەوە بۆ بیرۆکەی ئەوەی کە پێوستت بە چەند بازرگانییە بۆ ئەوەی پاڵپشتی شێوازی ژیانت بکات.

٣_ پارەی بارمتەکانت بدە

پارەی بارمتەکانت بۆ منداڵەکەت ڕوون بکەرەوە بە زمانێکی سادە و ئاسان. بۆی ڕوون بکەرەوە کە چۆن بانك بارمەتیت دەدات خانوو بکڕیت بە پێدانی ئەورینەی پارەی کڕینی لە کاتێکدا بەوە ڕازی دەبێت کە لە

ماوەیەکی دیاریکراودا قەرزەکە بدەیتەوە. بۆ ئەوەی بتوانی ئەمە بکەیت، بەوە ڕازی دەبیت کە کرێ یان قازانجێکی دیاریکراو بە بانکەکە بدەیت، هەتا هەموو پارەکە بە بانك دەدەیتەوە. پارەی بارمتەکانت پیشانی منداڵەکەت بدە هەروەها ئەوەی کە چۆن هەر پارەدانێك بەشێکی بۆ سوود و بەشە سەرەکیەکەی پارەی نرخی خانووەکە دەگرێتەوە.

٤_ پارەی پسووڵەی کریدت کارتەکانت بدە

پسووڵەی کریدت کارتەکەت بۆ منداڵەکەت ڕوون بکەرەوە. ڕەنگە ئەمە ڕاهێنانێکی گەلێك سەخت بێت بۆت ئەگەر بڕێکی زۆر قەرزی کریدت کارتت لەسەر بێت. سەرەڕایی ئەوەش، گرنگە کە منداڵەکەت لە لایەنی ئەرێنی و بە هەمان شێوە ئەرێنی بەکارهێنانی کریدت کارت تێبگات. ئەمانەی خوارەوە کۆمەڵێك پێناسەی سادەن.

کارتەکان لە لایەن بانك یان فرۆشگاکانەوە دەردەکرێن هەتا بتوانیت بە خێرایی شت بکڕیت یان ڕاستەوخۆ کاریان پێ بکەیت. بانك یان فرۆشگا سەرەتا پارەکەت بۆ دەدات، دواتر تۆش بە قازانجەوە پارەکە دەدەیتەوە بە بانك یان فرۆشگاکە.

راپۆرتی دارایی

ڕاپۆرتێکی مانگانەیە کە پیشانی دەدات ئەو مانگە چەندێکت خەرج کردووە. ( بۆ وێنە، بانکەکە یان فرۆشگاکە چەندێکی پارە بۆ داویت. ) هەروەها ئەو ڕێکەوتەش کە دەبێت هەموو قەرزەکە بدەیتەوە هەتا سوودی زیاتری نەچێتە سەر و کرێی دواکەوتنیشی بۆ زیاد نەبێت.

### کەمترین بڕی پارەدانی ناچاری

زۆرێک لە بانك و فرۆشگاکان ڕێگە دەدەن کەمترین بڕە پارەی ناچاری بدەیت لە بڕی تەواوی پارە قەرزکراوەکە. دواتریش سوودی دەخرێتە سەر. لە ڕاستیدا، بانك و فرۆشگاکان هانت نادەن بە یەکجار هەموو پارەی پسووڵەکە بدەیت. بەلایانەوە باشترە قازانجێکی زیاترت لێبکەن لە ماوەیەکی درێژتردا.

### سوودی سەر کریدت کارتەکان

ئەگەر ئەو بڕە قەرزە ناچاریەی سەر کارتەکەت لە ڕێکەوتی دیاریکراودا نەدرێت، ڕێژەیەکی زۆری سوود دەخرێتە سەر ئەو بڕەی کە ماوەتەوە.

### خولی شەڕەنگێزانەی کریدت کارت

_ مانگێك پارەیەکی کەمی کاشت لایە، لەبەرئەوە کەمترین بڕە پارەی ناچاری دەدەیت لەسەر کریدت کارتەکەت. یەکەی ناو کارتە زیاد دەکات لەگەڵ بەردەوام بوونت لە کڕینی شتگەلی نوێ.

_ پێدانی کەمترین بڕە پارە هێندە ئاسان دەبێت کە بۆ مانگی دواتر و دواتریش دووبارەی دەکەیتەوە. بەڵام بەردەوامیش دەبیت لە پارەدان.

_ لەبەرئەوەی کەمترین بڕی دیاریکراو دەدەیت، باڵانسی کریدت کارتەکەت هێشتا باشە، کۆمپانیاکانی تریش کریدیت کارتت بۆ دەنێرن. هەر زوو پێنج جۆری جیاواز کریدت کارت لە جزدانەکەتدا دەبێت.

_ بەردەوام دەبیت لە پێدانی کەمترین بڕە پارەی ناچاری سەر هەر پێنج کارتەکە، لە پێناو ئەوەی باڵانسەکەی هاوسەنگ ڕابگریت. بەڵام ئێستا

لەسەر هەموو کارتەکان باڵانسێکی ناچاریت هەیە کە لەرزە لەرزی پێکەوتووە.

_ ڕۆژێك بۆت دەردەکەوێت کە بڕێکی زۆر پارەت داوە لە کەمترین بڕە پارەی ناچاری. بەڵام کۆی باڵانسە ناچاریەکەت هەموو مانگێك لە زیادبووندایە.

_ تەنها ئەو کاتەی بۆت دەردەکەوێت کە ناتوانی تەنانەت کەمترین پێدانی مانگانەش بەکاربهێنیت درك بەوە دەکەیت کە یەکەی سەر کریدت کارتەکەت لە گیانەڵادایە.

_ ئەوسا بۆت دەردەکەوێت کە زۆرترین بڕە پارەی مەودای سەر کریدت کارتەکەت خەرج کردووە. مادام چەند پێدانێکی کەمت لە کیس چووە، ناتوانیت هیچ کارتێکی نوێ دەست بخەیت چونکە باڵانسەکەت چیتر هێندە باش نەماوە. لە ڕاستیدا، بە حاڵە حاڵ دەتوانی کەمترین بڕە پارەی ناچاری سەر کریدت کارتەکەت بدەیت.

بەداخەوە، ئەمە خولێکی شەڕەنگێزانەیە کە لە ئەمڕۆدا زۆرێك لە خەڵکی خۆیانی تێدا دەبیننەوە. ئەمە ڕەنگە خەمئەنگێز بێت، بەڵام باشترین شت بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە ئەوەیە لە تەمەنێکی کەمەوە دەست پێبکەیت. بەڵام چۆن دەکرێت ئەم بابەتە قورس و ئاڵۆزە بۆ منداڵان ڕوون بکەیتەوە؟ یاری کاش فلۆوی تایبەت بە منداڵان بیری لە هەمان بابەت کردۆتەوە. منداڵەکانت فێردەبن کە دوو بژاردەیان هەیە یان دەبێ پارەی کاش بدەن یان بە کارت، وە هەر بژاردەیەکیش دەرئەنجامێکی هەیە. لە سەرەتادا، بە شێوەیەکی گشتی پارەدان بە شێوەی کارت هەڵدەبژێرن، لەبەرئەوەی لەماڵەوە ڕاهاتوون ئەوە ببیستن. دەرەنجامەکەی ئەوە

دەبێت کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەرجیەکانیان بەرزتر دەبێتەوە. زوو ئەوە دەزانن کە باشترە سەرەتا کەمێك پارەی کاش بەکار بەێنن لە بری بێسنوور زیادبوونی خەرجیەکانیان.

## ٥_ شتەکانت تۆمار بکە

ئایا منداڵەکات یارمەتیت دەدات لە لیستە کردنی پسووڵەکانتدا دوای ئەوەی پارەکەیانت دا. بەردەوام تۆمارکردن خوویەکی فێربوونی باشە.

**گەشتی مەیدانی دارایی: سەردانی فرۆشگای وشکەفرۆش بکە**

کاتێك دەچیت بۆ فرۆشگای وشکەفرۆش، بەردەوام لەمەڕ جۆرێتی و نرخەوە بڕیار دەدەیت. لە بری ئەوەی بە بێدەنگی بۆ خۆت بدوێیت، بە ئاشکرا قسە بۆ منداڵەکانت بکە و بەشداریان بکە لە پرۆسەکەدا. پیشانیان بدە کە چۆن فرۆشگاکان یەکە بەراورد بە نرخ دابین دەکەن، ە ڕێگە بدە پێتبڵێن کە کام قتووی پاقلە باشترین مامەڵە دەبێت. ڕەنگە بە هەمان ئاستیش گرنگ بێت کە هۆکارەکەی ڕوون بکەیتەوە، کە هەرچەندە تەنانەت ئەگەر قتوویەك هەرزانتریش بێت، ڕەنگە کرینی قتویەکی گرانتر هەڵبژێریت. جۆرێتی پاقلەکە ڕەنگە هۆکاری جیاوازی نرخەکە بێت. ڕەنگە بتەوێت هەردوو قتووەکە بکرِیت بۆ ئەوەی بتوانیت لە ماڵەوە جیاوازیەکان پیشانی منداڵەکانت بدەیت. ڕێگە بدە منداڵەکانت پارەکەی بدەن و باقیەکەی وەرگرنەوە بۆ ئەوەی بتوانن فێری چەمکی ئاڵوگۆڕ و نرخ ببن.

**گەشتی مەیدانی دارایی: پلانی ژەمەکان ڕێکبخە**

ئەرکی ئەم ڕاهێنانە ئەوەیە داوا لە منداڵەکانت بکەیت کە پلانی خشتەی خواردنەکانی هەفتە بۆ خێزانەکە دارێژن بە تێچوویەکی گریمانەکراو. ( بە

تایبەتی لەگەڵ منداڵە بچووکترەکانت، ڕەنگە بتەوێت بە یەك ژەم یان ژەمەکانی یەك ڕۆژ دەستپێبکەیت.) منداڵەکانت هانبدە ئەو ژەمە خۆراکانە هەڵبژێرن کە ئەندامانی خێزانەکە حەزیان لێیە. بهێڵە کە منداڵەکانت گەشە بە ژەمەکان بدەن و هەروەها خۆراکەکانیش بکڕن. دەشێت لە ئامادەکردندا هاوکار بیت، چونکە دروسکردنی بەشێك نییە لە وانەکە.

١_ تێچووی ژەمەکان دیاریبکە

بڕی ئەو پارەیە دیاریبکە کە بە شێوەیەکی گشتی هەفتانە خەرجی دەکەیت بۆ خواردنی خێزانەکەت بۆ ئەوەی منداڵەکانت بیرۆکەیەکی باشتریان هەبێت لەسەر تێچووە گریمانەکراوەکەیان. ( بۆ ئەی شتەکە سادەتر بێت، ڕەنگە بتەوێت تەنها ژەمی بەیانی و ئێوارە بگرێتەوە. )

٢_ با منداڵەکانت لەسەر هێڵکاریەك پلانی ژەمەکان ڕێکبخەن

با منداڵەکانت مینیۆی هەر ژەمێك تۆمار بکەن، ڕەنگە بتەوێت دووبارە سەردانی فرۆشگای وشکەکە بکەیتەوە هەتا یارمەتیان بدەیت لە نرخی ماددەیەکی دیاریکراو تێبگەن.

٣_ با منداڵەکانت لیستەی بازاڕکردن ڕێکبخەن

دوای تەواوکردنی مینیۆی هەفتەکە، با منداڵەکانت لیستەی بازاڕکردن ڕێکبخەن هەتا بزانن پێویستە چی بکڕدرێت.

٤_ با منداڵەکانت خۆراك بکڕن

لە فرۆشگای وشکەدا لە منداڵەکانت بڕوانە کە لە شتەکان ورد دەبنەوە بۆ کڕین. ڕەنگە بتەوێت پێشنیاریان بۆ بکەیت کە ژمێرەرێك ( حاسیبە)

لەگەڵ خۆیـان ببـەن بـۆ کۆکردنـەوەی سـەرجەمی ئـەو پارەیـەی خـەرجیانکردووە، هــەتا لــە چوارچـێوەی تێچـووە گریمانەکراوەکـە دەرنەچن.

٥_ با منداڵەکانت لەسەر هێلکاریەکە ئەوە تۆمار بکەن کە خەرجیان کردووە بۆ هەر ژەمێك

ڕەنگە بتـەوێت کـە منداڵـەکانت کاتێـك بـازاڕ دەکـەن ڕێـژەکان لەسـەر هێلکاریەکە بنووسن. بە هەمان شێوە پێویستە لە ماڵەوەش هێلکاریەکە پڕبکەنەوە لـە ڕێگـەی پسـووڵەکانەوە چـونکە ڕەنگـە بـاج هـەبێت کـە پێویست بکات بخرێتە سەر تێچووەکان.

٦_ ژەمەکان ئامادە بکە

لەسـەر بنـەمای تەمــەن و پێگەیشـتووی منداڵـەکانت، ڕەنگـە بتـەوێت هاوکاریان بکەیت لە ئامادەکردنی ژەمەکاندا.

٧_ ئەنجامەکان شیکار بکە

لەوە دڵنیا بەرەوە کە ئەندامانی خێزانەکە ژەمەکانیان بـەدڵ بـووە. ئەمـە بەشێکی گرنگی ڕاهێنانەکەیـە چـونکە هـەر شـتێك لـە ژیانـدا دەیکـەیت هەڵسەنگاندنی هەیە.

دواتر با منداڵـەکانت، بـڕی تێچـووە گریمانەکراوەکـە بـەراورد بکـەن بـە تێچووە ڕاستەقینەکە کە خەرجکراوە بۆ هەر ژەمێك، ڕەچاوی ئـەوە بکە کە ئایا ڕێژەکە لە سەروو یان خوار بـڕی گریمانـەکراوەوە بـۆ هـەر ژەمێك

خەرجکراوە. دواتریش ڕەچاوی ئەو بڕە بکە کە لە سەروو یان خوار بڕی گریمانەکراوەوە خەرجکراوە بۆ تەواوی هەفتەکە.

## ٨_ چاو بە پرۆسەکەدا بخشێنەوە

ئەمە گرنگترین بەشی ڕاهێنانەکەیە، ڕێگە بە منداڵەکانت بدە ئەزموونەکانیان لەگەڵت بەش بکەن. چی فێربوون؟ گوێ لە سەرنجەکانیان و ئەوەی چی لە ئەزموونەکەوە فێربوون بگرە. داوایان لێ بکە سەرنجەکانیان لە پەڕاوێکدا تۆمار بکەن.

## ٩_ پرۆسەکە جێبەجێ بکە

ئێستاش لەگەڵ منداڵەکانت دابنیشە و گفتوگۆی ئەوەیان لەگەڵدا بکە کە چۆن تۆ وەك پێگەیشتوویەك پلانی هەموو خەرجیەکان دادەڕێژیت. ئەگەر پێت باشترە زانیاری تایبەتی دارایی خۆت نەخەیتە ڕوو، نموونەیەك دروست بکە کە بتوانن پێکەوە لێی بکۆڵنەوە. گفتوگۆی پێویستی ئاگاداربوون لەو داهاتەی دێتە ناو ماڵ بکەن هەروەها چۆنێتی دابەشکردنی بەسەر ئەو خەرجیانەدا کە دەبێ پارەکەیان بدرێت. ئەگەر منداڵەکانت ڕاهێنانی" پێدانی پارەی پسووڵەکان" یان تەواو کرد، تێگەیشتنێکی باشتریان دەبێت لەسەر ئەوەی کە دەبێت پلان بۆ کام شتانە دابنرێت.

ئەمانە کۆمەڵێك ژمێرکاری ڕاپۆرتی داهاتن بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن:

داهات

**مووچە ( کارکردنت بۆ پارە)**

**کرێ لە موڵکە بە کرێدراوەکانەوە ( ئەو پارەیەی کارت بۆ دەکات)**

**قازانج یان بەشەپارە ( ئەو پارەیەی کارت بۆ دەکات)**

**داهاتەکانی تر**

**- بە لێدەرکردنی**

**سەرەتا پارە بە خۆت بدە ( بڕە پارەیەکی ) دیاریکراو بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی تێدا بکرێت.**

**- بە لێدەرکردنی**

**خەرجیەکان**

**باجەکان**

**بارمتە یان کرێ**

**خواردەمەنی**

**جل و بەرگ**

**دڵنیایی**

**غاز**

**پێوستی نێو ماڵ**

**سەرگەرمی**

سووی سەر کریدت کارتەکان یان قەرزگەلی تر

= یەکسانە بە

**باڵانس (ئەو برە پارەی کە ماوەتەوە)**

هەژماری ڕێژەی سەتی ئەو داهاتە بکە کە سەرمایەگوزاری تێدا کراوە و وەبەرەێنراوە لەگەڵ ڕێژەی سەتی ئەو داهاتەی کە لە خەرجیەکاندا بەکارهاتووە. ئەو ڕێگایانە چین کە بەکاردێن بۆ زیادکردنی ڕێژەی سەتی داهاتی وەبەرەێنراو و کەمکردنەوەی ڕێژەی سەتی داهاتی بەکارەێنراو لە خەرجیەکاندا؟

بیری منداڵەکانتی بهێنەوە هەر کە داهاتی نادیاریان زیاد کرد بە زیادکردنی سەرمایەکان، ڕێژەیەکی زیاتر لە پارەکانیان کاریان بۆ دەکات.

١٠_ شوێن منداڵەکانت بکەوە

دوای تێپەڕینی هەفتەیەك یان زیاتر، دووبارە لەگەڵ منداڵەکانت گفتوگۆی ڕاهێنانەکە بکە. چیان لە بیر ماوە لەو ئەزموونە؟ ئایا حەز دەکەن ڕاهێنانەکە دووبارە بکەنەوە ئایا لە کاریگەری ماوە درێژی وەبەرهێنان، کڕینی موڵکی سەرمایەگوزار و سەرەتا پارە بە خۆدان تێگەیشتوون؟

گەشتی مەیدانی دارایی: **سەردانی بانك بکەن**

منداڵەکەت ببە بۆ بانك، دابنیشە و سەرنجی وەڵامدەرەوەکان و ئەو خەڵکانە بدە کە لەودیو مێزەکان دانیشتوون. بۆ منداڵەکەتی ڕوون بکەرەوە کە کارەکەیان چییە و دەشێت چی بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی سەردانیان دەکەن. ئەگەر بانکەکە جەنجاڵ نەبوو، پرسیار لە

وەڵامدەرەوەی بانك و كارمەندانی ڕاژەی سەردانكەران بكە كە شێواز و چۆنێتی كارەكەیان ڕوون بكەنەوە. با منداڵەكەت پرسیاری بڕی ئەو قازانجە بكات كە بانكەكە دەیخاتە سەر پارە پاشەكەوتكراوەكەی نێو هەژمارەكان، بەڵێننامەی هەڵگرتن و كەلوپەلەكانی تری بانك. با منداڵەكات ئەوانە یاداشت بكات لە تیانووسێكی بچووكدا.

دواتر با منداڵەكەت بپرسێت كە بانكەكە چەندێك سوود دەخاتە سەر پێشینەی ئۆتۆمۆبێل یان پێشینەی خانووبەرە. ئەگەر بانكەكە كریدت كارتی تایبەت بە خۆی هەبوو، با منداڵەكەت پرسیاری ڕێژەی قازانج بكات لەسەر یەكە ماوەكانی سەر كارتەكە. دواتر بانكەكە بەجێبهێڵن و ئەم خشتەیەی خوارەوە پێكەوە پڕ بكەنەوە:

| ئەو قازانجەی بانك پێتدەدات | ئەو قازانجەی تۆ بە بانكی دەدەیت |
|---|---|
| هەژماری پاشەكەوتكراو. . . . .٪ | پێشینەی ئۆتۆمۆبێل. . . . . ٪ |
| هەژماری پارەی بازاڕ. . . . .. . ٪ | بارمتەكان. . . . . . .. . ٪ |
| پارەی بەڵێننامەی بانك.. . . . . . ٪ | كریدت كارت. . . . . . . ٪ |

**ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە منداڵەكەت بكە:**

**١ـ كام ستوون ڕێژەیەكی بەرزتر پیشان دەدات؟**

**١ـ ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بكە:**

**"بانك ______ ٪ قازاجی هەژماری پاشەكەوتكراوم پێدەدات، بەڵام كاتێك دەمەوێت پارە بۆ ئۆتۆمبێلێ قەرز بكەم و قەرزێكی ئۆتۆمۆبێل ڕادەكێشم، دەبێت ______ ٪ ی بدەم بە بانك، لە ______ ٪ دەدەم بە**

بانـك ( ڕێـژەی قـەرزی ئۆتۆمۆبێـل بـە لێـدەرکردنی ڕێـژەی هـەژماری پاشەکەوتکراو) زۆر زیاترە لەوەی کە وەریدەگرم."

٣_ لەگەڵ منداڵەکەتدا چاو بە بەندی نۆیەمدا بخشێنەوە کە لەسەر" بۆچـی کۆکـەرەوەکان لـە دۆڕاوەکـانن"ە، بـۆی ڕوون بکـەرەوە کـە هەژمارێکی پاشەکەوتکردن شێوازێکی ژیرانە نییـە بـۆ وەبـەرهێنان. ئـەوە ڕوون بکەرەوە کە هەمیشە ژیرانەیە هەندێك پارە لە پاشەکەوتدا بێت. لـە ڕاستیدا، پێشـنیار کـراوە کـە خـەڵکی هێنـدە پـارەی کـاش هـەڵبگرن کـە بەشی خەرجی ساڵێك بکات بۆ بارودۆخی لەناکاو.

٤_ بـە کـورتی، پرسـیار لـە منداڵەکـەت بکـە،" لـە کـام لـەم حاڵەتانـەی خوارەوەدا بیت پارە قازانج دەکەیت یان پارە لە دەست دەدەیت؟"

ئ_ هەزار دۆلارت لە هەژماری پاشەکەوتدا هەیە کە ڕێژەی ٤٪ قـازانجی لێ بە دەست دەهێنێت. ساڵانە چەندێك قازانج دەکەیت؟

١٠٠٠* ٤٪ = ــــــــــــــ

ب_ هەزار دۆلارت قەرزی شمەك هەیە کە تـەنها بـە ڕێـژەی ٩٪ قـازانجی پارەدانت لێ دەست دەکەوێت، ئایا چەندێك سوود دەدەیت؟

١٠٠٠* ٩٪ = ــــــــــــــ

ج_ دوای ساڵێك، پارە بەدەست دەهێنیت یان پارەت لە دەست دەچێت؟

ئ- ب =. . . . . .

د_ دوای دە ساڵ، چەندێك پـارە بـە دەسـت دهـەێنیت یـان لـە دەسـت دەدەیت؟

ج * ١٠ ساڵ =. . . . . .

کلیلی وەڵامەکان

ێ = ٤٠٠$

بانك ٤٠٠$ قازانت پێدەدات لەسەر پاشکەوتەکانت.

ب = ٩٠٠$

٩٠٠$ سوود دەدەیتە بانك لەسەر قەرزەکەت.

ج= پارەی لەدەستچوو = (-٥٠٠$)

٥٠٠$ لە دەست دەدەیت.

د = پارەی لە دەستچوو (- ٥٠٠٠$)

دوای دە ساڵ، ٥٠٠٠$ لەدەست دەدەیت، ٥٠٠٠$ت زیاتر داوە وەك سوود بە بانك بەراورد بەو پارەیەی وەرتگرتووە.

ڕاهێنانی پێشکەتوو لەسەر باجەکان

ئێستاش با کاریگەری باجەکان بۆ دۆخەکە زیاد بکەین. حکومەت باج دەخاتە سەر داهاتی قازانجکراوت، بەڵام چاوپۆشی لەو قازانجە دەکات کە وەك سوود دەیدەیت لە بری قەرزەکانت.

ت- بۆ هەژمارکردنی ئەو باجانەی هەر ساڵێك دەبێت بیدەیت، ئەو قازانجەی بە دەستت هێناوە لە هەژماری پاشەکەوتدا ( ێ)...... دەهێنیت و جارانی ئەو ڕێژەیەی دەکەیت بە ڕێژەی باج بۆ داهاتی ٥٠٪.

غ- بۆ هەژمارکردنی بڕی ئەو پارەیەی بە دەستی دەهێنیت یان لە دەستی دەدەیت لە هەرساڵێکدا دوای هەژماری باجەکان، ئەو بڕە

پارەیەی لە (ج) دا بە دەستت هێناوە یان لە دەستتداوە بهێنە. . . . .

. . . . و لەو باجانەی دەرکە کە لە ( ت) دا قەرزاری. . . . . . . .

ج* ت =. . . . . . . . . .

ح_ دوای دە ساڵ، چەندێك پارەت بە دەست هێناوە یان لە دەستداوە؟

١٠ ساڵ * ح =. . . . . . .

**کلیلی وەڵامەکان**

ت = ٢٠٠$

٢٠٠$ باج دەدەیت لەو قازانجەی لە بانکەوە بە دەستی دهەێنیت، بە خەملاندنی لە ٥٠٪ ی ڕێژەی باج.

خ = ٧٠٠$ لە دەست دەدەیت. (– ٧٠٠$)

دوای پێدانی باجی داهات، ساڵانە ٧٠٠$ لەدەست دەدەیت. ٧٠٠$ زیاتر دەدەیت لە باج و قەرزەکاندا بەراورد بەو قازانجەی لە پاشەکەوتەکەت وەریدەگریت.

ح = ٧٠٠٠$ لە دەست دەدەیت ( –٧٠٠٠$)

دوای دە ساڵ، ٧٠٠٠$ لە دەست دەدەیت. ٧٠٠٠$ زیاتر دەدەیت لە باج و قەرزەکاندا بەراورد بەو قازانجەی لە پارە پاشەکەوتکراوەکەت دەستت دەکەوێت.

## باشترکردنی پلانی وەبەرهێنان

چاوپیاخشاندنێکی خێرا پیشانی دەدات کە ئەو نموونانەی سەرەوە پلانێکی وەبەرهێنانی ژیرانە نابێت. بەداخەوە، خەڵکانێکی زۆر بە بێ ئەوەی درکی پێ بکەن شوێن ئەم پلانە کەوتوون. ئەمانە چەند بیرۆکەیەکن بۆ باشترکردنی ئەم پلانی وەبەرهێنانە.

**ئاسان**

۱۰هەزار دۆلارەکەی ناو هەژماری پاشەکەوتەکەت بەکاربهێنە بۆ دانەوەی قەرزە ۱۰۰ هەزار دۆلاریەکەت. بەم ڕێگەیە چیتر پارەی تر لە دەست نادەیت. هیچ قازانجێکی هەژماری پاشەکەوت بە دەست ناهێنت و هیچ سوویەکیش نادەیت لەسەر قەرزەکەت.

**مامناوەند**

سەرمایەیەک بدۆزەرەوە تا بە ۱۰۰۰۰$ی نێو هەژماری پاشەکەوتەکەت بیکڕیت بە جۆرێك کە بڕی پێویست جووڵەی نەختی بەگەڕ بخات کە بتوانیت پارەی قەرزەکەتی پێبدەیتەوە. پێویستە وەبەرهێنانێك بدۆزیتەوە کە ساڵانە جووڵەیەکی نەختی ۹۰۰$ بەگەڕ بخات. شێوازێکی تر بۆ ڕوانین لەمە ئەوەیە کە قازانجی پارە کاشەکەت (۹۰۰ $) لەسەر (۱۰۰۰۰$) کە لە۹٪ یە (۹۰۰$ دابەشکراو بەسەر ۱۰۰۰۰$ دا). تێگەیشتن لە قازانجی گەڕاوەی پارەی نەخت لەسەر پارەی نەخت چارەنووسازە بۆ هەر وەبەرهێنێك. بەم شێوازە سەرمایەکانت پارەی قەرزەکانت و قەرزی شەکت بۆ دەدەنەوە. ( کاریگەری باجی سەر داهات لەم نموونەیدا دانەنراوە. )

**ئاڵۆز**

موڵکێك بكڕە بەلایەنی کەمەوە بەو لە ٩٪ ی قازانجی پارەی نەخت لەسەر پارەی نەختە. دواتر بیر لەوە بکەرەوە کە چۆن دەتوانیت ئەو ١٠٠٠٠$ەی قەرزی شمەکە بگۆڕیت بۆ قەرزێکی بازرگانی. ئەمە ئەو ٩٠٠$ سووەی کە دراوە لەسەر قەرزەکە پارێزراو دەکات لە باجی داهات.

مەبەست لەم ڕاهێنانانەی بانك پیشاندانی جیاوازی نێوان پاشەکەوت کردن و قەرز کردنە، هەروەها جیاوازی نێوان پاشەکەوت کردن و وەبەرهێنانیش. بە نموونەی سەرەتا دەستپێبکە و تەنها کاتێك دێژە بدە بە نموونەی چەمکە پێشکەتووەکان ئەگەر منداڵەکەت مەیلی لێبوو و تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی لە چەمکەکانی سەرەتا پیشاندا."

**گەشتی مەیدانی دارایی: سەردانی مامەڵەکاری ئۆتۆمۆبێل یان فرۆشگای ئامێرەکانی ناوماڵ**

ئەگەر بیر لە کڕینی ئۆتۆمۆبێلێك یـن ئامێرێکی سەرەکی ناو ماڵ دەکەیتەوە ( یان تەنانەت ئەگەر بیریشی لێنەکەیتەوە)، منداڵەکەت بەرە بۆ لای فرۆشیارێك یان کارمەندێکی قەرز پێدەر هەتا منداڵەکەت گوێی لە و گفتوگۆیە بێت ئایا بە پارەی کاش بێت یان لە ڕێگەی کڕینەوە بۆی دابین بکرێت. با کارمەندی قەرز پێدەر بۆ منداڵەکەتی ڕوون بکاتەوە کە کریدتی باش چییە و چەندێك گرنگە. ئەمە دەشێت سەردانێکی کورت بێت، بەڵام تەنها بەرکەوتن لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەبێتە هۆی فراوانکردنی زهنی منداڵەکەت و ئاگایی دەربارەی پارە و قەرز.

لە دوای ئەوە، لەگەڵ منداڵەکەت دابنیشە و گفتوگۆی ئەوە لەگەڵ منداڵەکەت بکە کە چۆن دانەوەی پارەی قەرزێکی نوێ کار دەکاتە سەر

خەرجییەکانی مانگانەت. لە منداڵەکەت بپرسە دەربارەی گۆشەنیگایان لە سەر ئەوەی ئایا باشترە پارەی کاش بدەیت یان قەرزێکی تازە رابکێشیت؟

بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە، منداڵەکەت وردە وردە لەوە تێدەگات کە راپۆرتی دارایی کەسی و کریدیتی باش، کارتی دەرچوونیانە لە ژیانی راستەقینەیاندا.

گەشتی مەیدانی دارایی: سەردانی دەزگایەکی کڕین و فرۆشی شمەك بکە منداڵەکەت ببە بۆ دەزگایەکی کڕین و فرۆشی شمەك و داوا لە مامەڵەکارەکە بکە کارەکەی بۆ منداڵەکەت ڕوون بکاتەوە. ( ڕەنگە بتەوێت پێشتر پلان بۆ ئەم سەردانە دابنێیت هەتا مامەڵەکارێکی بدۆزیتەوە کە ئامادە بێت قسە بکات. ) ئەگەر منداڵەکەت هەرزەکارە، ڕەنگە بتەوێت لە دەزگاکەدا هەژمارێك بکەیتەوە. با منداڵەکەت لە پرۆسەی کارەکانی سەر کاغەز هاوکارت بێت. بە یارمەتی تۆ و مامەڵەکارەکە، ڕێگە بە منداڵەکەت بدە ئەو وەبەرهێنانانە هەڵبژێرێت بۆ پارەدانی هەژمارەکەی. با مامەڵەکارەکە جۆرە جیاوازەکانی وەبەرهێنان درێژە پەیوەندیدارەکانی قازانج بۆ منداڵەکەت ڕوون بکاتەوە. زۆربەی پێگەیشتووان لە جیاوازی نێوان شمەکەکانی دەزگاکە تێناگەن. منداڵەکەت گورە دەسپێکێکی مەزنی دەبێت بە تێگەیشتن لە بنچینەکانی ئەم ئامرازانەی وەبەرهێنان. مەگەر ئەوەی منداڵەکەت لە هەر چەمکێك کە مامەڵەکارەکە باسی دەکات تێبگات، دەنا ڕەنگە کاتی نەبێت باسی چەمکەکانی وەك ڕێژەی نێوان نرخ و قازانج و لایەنەکانی تری شیکاری

بنچینەیی و تەکنیکی بۆ بکەیت. باسکردنی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەکرێ لە ڕێبەری باوکی دەوڵەمەند بۆ وەبەرهێناندا بدۆزرێتەوە.

هەندێك لە دایك و باوکان هەژمار لە دامەزراوە ئۆنلاینەکان بۆ منداڵەکانیان دروست دەکەن. بژاردەکە لە دەست خۆتدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە قۆناغەکانی سەرەتادا، سوودی زیاترە ئەگەر منداڵەکەت مامەڵەکارێکی هەبێت کە بتوانێت ڕوویەڕوو بیبینێت. منداڵەکەت پەیوەندیەك دروست دەکات و ئاسانتر دەبێت بۆی پرسیار بکات دەربارەی ئەو شتانەی لێیان تێناگات. منداڵەکەت فێر بکە چۆن هێڵکاریە داراییەکان بخوێنێتەوە. ئەگەر بەمە ئاسوودە نیت، با مامالەکارەکە هەردوکتان فێر بکات. هەمیشە لە شتی بچووکەوە دەستپێبکە کە وانە بە منداڵەکەت دەڵێیتەوە دەربارەی دونیای پارە و دەسەلاتی پارە. ڕێگە مەدە منداڵەکات دەسەلاتی هەبێت بەسەر وەبەرهێنانی بڕێکی زۆر پارەدا. بەردەستبوونی بڕە پارەیەکی زۆر ڕەنگە ڕێگە بۆ دەسەلاتی پارە خۆش بکات کۆنترۆڵی منداڵەکەت بکات. باشترە لە بچووکەوە و بە کرداری دەست پێبکەیت. ئاسنترە هەڵەیەکی بچووك سارێژ بێتەوە لە چاو هەڵەیەکی گەورەدا لە مەسەلەی پارەدا.

**گەشتی مەیدانی دارایی: سەردانی ماکدۆناڵد بکەن**

ئەم جارەیان، زۆر قورس نابێت منداڵەکەت ببەیت بۆ ماکدۆناڵد. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتی تەواو تەرخان بکە بۆ ئەم ڕاهێنانانەی خوارەوە.

١_ کە بەرەو ماکدۆناڵد دەئاژویت، ئەم خاڵانەی خوارەوە بوروژێنە:

_" کەسێك خاوەنی زەویەکەی ژێر ماکدۆناڵدە، وە کرێ وەردەگرێت لە بەرامبەر ڕێگەدان بە بوونی ماکاکدۆناڵد لەسەر زەویەکەی. خاوەنی

زەویەکـە هـەر پێویسـت ناکـات لـەوێش بێـت. تـەنها مانگانـە کرێکـەی پێدەدرێت و تەواو."

_" هەر هەمان کەس ڕەنگە خاوەنی بیناکە بێت و لـە بەرامبـەردا کـرێ وەرگرێت."

_" کەسێك خـاوەنی ئـەو کۆمپانیایەیـە کـە کەوانـە ئاڵتونیـەکانی بـۆ ماکدۆناڵـد دروسـت کـردووە، دەتـوانی وێنـای کارگەیـەك بکـەیت پـڕ لـە کەوانـەی ئـاڵتونی؟ ڕەنگـە تـەنها هـەر بـەو شـێوازە بێـت کـە ماکدۆناڵـد دڵنیاببێتەوە هەموو کەوانەکان هەمان قەبارە و هەمان ڕەنگ بن."

٢_ دوای داواکردنی خواردن و تەواو بوون لە نان خواردن، ئەم خاڵانەی خوارەوە بوروژێنە:

" ئـەو نووسـیارانەی پشـتی مێزەکـە دەبینیـت؟ ئەوانـە کارمەنـدی ماکدۆناڵدن. پارەیەکی زۆریان پێدەدرێت بۆ هەر کاژێرێك هەتا بێن و ئـەو کارە بکەن، هەتا کاژێرەکانی کاریان زیاتر بیت پـارەی زیـاتر وەردەگـرن کاتێك مووچە وەردەگرن، تەنها لەسەر بنەمای ئامـادەبوونی جەسـتەیی و کارکردن لێرە پارە وەردەگرن."

دواتر بپرسە:

" چەند جۆری تر کارمەند دەبینیت؟"

دواتر پوختەی بکە:

"کەوانە کارمەندگەلێکی زۆر کـەم پێویسـتە بـۆ ئـەوەی ئـەم ماکدۆناڵـدە بەڕێوە بچێت هەتا بە باشی خزمەتی کڕیارەکانی بکات."

٣_ سەیرێکی ئەملا و ئەولای ڕێستۆرانتەکە بکە و هەندێك لەم پاسانەی خوارەوە بوروژێنە:

" ئـەو کوپانـە دەبـینی کـە بەکاریـدەهێنن یـان ئـەو کاغـەزەی کـە هەمبەرگرەکەی تێدا دەپێچنەوە؟ ئەوە بە تایبەتی بۆ ماکدۆناڵد دروست دەکـرێن لـە لایـەن کۆمپانیاگـەلی تـرەوە. ئـەو کۆمپانیایانـە پێویسـتە دڵنیاببنەوە لەوەی ئەو کوپ و کاغەزانـەی دروسـتی دەکـەن کتومـت وەك ئەوە وابێت کە ماکدۆناڵد داوای کردووە، دەنا ڕەنگە پارەیـان پێنـەدرێت. کارمەندەکانی تر، ڕەنگە لە ئۆفیسی دامەزراوەی ماکدۆناڵد، بـەرپرس بـن لە دواکردن و دڵنیابوونەوە لە گەیشتنی ئـەو کەلوپەلانـە بـۆ هەریەکـە لـە ماکدۆناڵدەکان بەر لەوەی شتیان لێبڕێت."

دواتر بپرسە:

" کام کەلوپەلی تر دەبینیت کە ڕەنگە بە تایبەتی بـۆ ماکدۆناڵـد دروسـت کرابێت لە لایەن کۆمپانیای ترەوە؟"

دواتر پوختەی بکە:

" کەواتـە گـەلێك کۆمپانیـای جیـاواز لـە بـواری جیـاوازدا پێویسـتە هـەتا کەلوپەل بـۆ ماکدۆناڵـد بەرهـەم بـەێنن بـۆ ئـەوەی دڵنیاببنـەوە بـە باشـی بەڕێوە دەچێت."

٤_" ئـەو پیـاوە دەبینیـت کـە ئـامێری سـۆداکە چـاك دەکاتـەوە( یـان گڵۆپەکان چاك دەکاتەوە یان پەنجەرەکان دەشـوات)؟ ڕەنگـە کارمەنـدی ئازاد یان خـاوەنی ئـەم بازرگانیـە بچووکە بێـت. بەڕێوەبـەری ئـەم لقـەی ماکدۆناڵـد بـە کرێـی گرتـووە بـۆ ئەنجامـدانی کـارێکی دیـاریکراو، وەك چاکردنی ئامێر یان شۆرینی پەنجەرەکان. زۆر گران لەسەر بەڕێوەبەرەکـە دەکەوێت کە کارمەندێکی هەمیشـەیی بـەکرێ بگرێـت، بۆیـە تـەنها کاتێك

خەڵك بە كرێ دەگرێت كە ئامێرێك خراپ دەبێت یان پەنجەرەكان پیس دەبن."

دواتر بپرسە:

"چی جۆرە كار و ئەركێكی تر دەبینیت كە ڕەنگە بەڕێوەبەرەكە كۆمپانیایەكی دەرەكی بۆ بە كرێ بگرێت لە بری بە كرێگرتنی كارمەند؟

دواتر پوختەی بكە:

" كەواتە گەلێك خزمەتگوزاری دەرەكی جیاواز پێویستە بۆ دڵنیابوونەوە لە باش بەڕێوەچوونی ئەم ڕێستۆرانتە. دەرفەتێكە بۆ خاوەنانی بازرگانیە بچووكەكان و ئیشكەرە ئازادەكانی خاوەن شارەزاییەكی دیاریكراو كار بۆ ماكدۆناڵد بكەن و یارمەتی بەڕێوەچوونی بدەن."

٥_" ئایا تێبینی ئەوەت كردووە كە هەموو ماكدۆناڵدەكان هاوشێوەن؟ خواردنەكە هەمیشە هەمان خواردنە. كارمەندەكان كەسانی جیاوازن، بەڵام بە شێوەیەكت گشتی هەمان شت دەڵێن. كەچەبەكە هەمیشە هەمان جۆرە. هۆكاری ئەمە ئەوەیە كە ماكدۆناڵد پەرەی بە شتێك داوە كە پێیدەگوترێت" سیستەمی كاركردن." ڕێسا و ڕێكاری تایبەت هەیە بۆ هەر ڕێستۆرانتێك كە دەبێت پابەندیان بێت ئەگەر بیەوێت وەك ماكدۆناڵدێك بەردەوام بێت. ئەو ڕێسا و ڕێكارانە پێناسەی ئەو سیستەمە دەكەن كە دەبێت پەیڕەو بكرێت. سیستەمێكیان هەیە كە هەموو لایەنەكانی كارەكەیان دەگرێتەوە. سیستەمیان هەیە بۆ چۆنێتی پڕكردنەوە یان پاككردنەوەی ئامێری مێلكشەیكەكە یان برژێنەری پەتاتەی فەرەنسی."

دواتر بپرسە:

" دەتوانی چی سیستەمێکی تر دەستنیشان بکەیت؟"

دواتر پوختەی بکە:

" ئەو سیستەمانەی لەم ماکدۆناڵدە و ماکدۆناڵدەکانی تری دونیادا پەیڕەو دەکرێت هۆکارە بۆ ئەوەی بازرگانیەکی هێندە سەرکەوتوو بێت. ئایا ناوازە نییە خاوەنی ئەم سیستەمانە بیت یان هاوکار بیت لە دروسکردنی سیستەمگەل بۆ بازرگانیەکەی خۆت، هەتا بەم شێوەیە سەرکەوتوو بیت؟"

٦_" ئایا تێبینی ئەوەت کردووە کە خاوەنی ماکدۆناڵد لێرە نییە؟ خاوەنەکەی بەڕێوەبەرێکی بەکرێ گرتووە. بەڕێوەبەرەکە بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی ڕۆژ بە ڕۆژی ڕێستۆرانتەکە. بەڕێوەبەرەکە کارمەند دادەمەزرێنێت یان دەریان دەکات، دڵنیادەبێتەوە کە تەواوی پێداویستییەکان دابین کراوە، دڵنیادەبێتەوە لەوەی کە موشتەرییەکان دڵخۆش و ڕازین، وە لەوەش دڵنیادەبێتەوە کە شتەکان بە باشی بەڕێوە دەچێت. بەڕێوەبەرەکە لە کاتێکی دیاریکراودا و تەنها بۆ ڕاپۆرت پێدان دەربارەی بەرەوپێشچوونەکانی ڕێستۆرانتەکە پەیوەندی بە خاوەنەکەوە دەکات، ڕەنگە پەیوەندیەکی تەلەفونی هەفتانە یان کۆبوونەوەیەکی مانگانە بێت. خاوەنەکە پێویستی بەو پەیوەندی و کۆبوونەوانەیە بۆ ئەوەی بزانێت کە ڕێستۆرانتەکانی چەندێك پارەیان قازانج کردووە. ماکدۆناڵد سەرمایەیەکە لە لایەن کەسێکەوە خاوەنداریێتی دەکرێت. لە ڕاستیدا، ڕەنگە ئێستا خاوەنەکەی لە یانەیەکی گۆڵف بێت و خەریکی یاریکردن بێت."

دواتر بپرسە:

" پێتوایە کە خاوەنی ماکدۆناڵد چەندێك کات بەسەر دەبات لەم لقەی ماکدۆناڵدا؟"

دواتر پوختەی بکە:

" کەواتە سەرمایەکە کار بۆ خاوەنەکەی دەکات لە بری ئەوەی خاوەنەکەی کار بۆ پارە بکات! چونکە سەرمایەکە جووڵەی نەختی بۆ خاوەنەکەی بەگەڕ دەخات. خاوەنەکەی ئازاد دەبێت لە بەکارهێنانی کاتی خۆی بۆ بنیاتنانی سەرمایەیی زیاتر، یان یاریکردن لە یانەیەکی گۆڵفدا. "

**گەشتی مەیدانی دارایی: سەردانی شووقەی بەکرێدان بکەن**

بینایەکی شووقە بدۆزەرەوە لە نزیك ئەو شوێنەی لێیّ دەژی، باشترە دانەیەك بێت منداڵەکەت بیناسێتەوە یان زۆر جار لە گەشتەکانتدا بینیبێتی. لە بەردەم بیناکە ئۆتۆمۆبێلەکەت ڕابگرە و ئەم بابەتانەی خوارەوە بوروژێنە:

١_" ئەمە خانووی کرێیە.، ئەو خەڵکەی لێرەدا دەژین پێیان دەگوترێت" کرێچی،" وە شتێك دەدەن پێیدەگوترێت" کرێ." کرێکە ڕێگەیان پێدەدات لە یەکێك لە شووقەکاندا بژین، بەڵام خاوەنی شووقەکان نین. وەك ئەوە وایە پارە بدەن بۆ خواستنی شووقەکان. بە شێوەیەکی گشتی کرێکە ڕێگەیان پێدەدات هەر شوێنێکی گشتی وەك مەلەوانگە، ژووری جل شۆرین و حەوشەی پێشەوە بەکار بهێنن.

دواتر بپرسە:

" بە بەهای تۆ چەند یەکە هەیە لەم بینایەدا؟"

دواتر پوختەی بکە:

" کەواتە هەموو ئەم کرێچیانە پارە دەدەن بە خاوەنی بیناکە بۆ ئەوەی بتوانن لەم شووقانەدا بژین."

٢_ " ئەگەر یەکێك هەبێت و هەر کرێچیەکیش مانگانە ١٠٠٠$ کرێ بدات، ئەوسا خاوەنی بینای شووقەکان پارەیەکی زۆری دەست دەکەوێت لەم یەکانەوە."

دواتر بپرسە:

" پێتوایە خاوەنەکەی هەر مانگێك چەند پارەی دەست دەکەوێت؟" ( بیخەملێنە یان هەژماری بکە) " هەرچەندە، خاوەنەکەی پارە لە بانك وەردەگرێت، کە پێی دەگوترێت پێشینەی خانووبەرە.، بۆ ئەوەی بیناکەی پێ دروست بکات. هەموو مانگێك خاوەنی بیناکە دەبێت برێك لە پێشینەکە بداتەوە بە بانك و سوو بدات لە بەرامبەر بەکارهێنانی پارەکەدا."

دواتر پوختەی بکە:

" کەواتە ئەگەر خاوەنی بیناکەکە بۆ هەر مانگێك کرێیەکی زیاتر لەو رێژەیە کۆبکاتەوە کە دەبێت بیدات بە بانکەکە، ئەوسا جوولەیەکی نەختی ئەرێنی دەبێت."

٣_ " بەلاّم کۆمەڵێك خەرجی تر هەن، وەك کاری ناو حەوشە، خزمەتکردنی مەلەوانگە،یان بۆیەکردنی بیناکە کە خاوەنەکەی دەبێت پارەی بدات بۆ بە باشی هێشتنەوەی شووقەکان بۆ کرێچیەکان."

:دواتر بپرسە

" دەتوانی بیر لە هەندێك خەرجی تر بکەیتەوە کە خاوەنی بیناکە دەبێت پارەکەیان بدات؟"

دواتر پوختەی بکە:

"کەواتە خاوەنی بیناکە دەبێت بۆ هەر مانگێك هێندە پارە کۆبکاتەوە تا دڵنیابێتەوە کە کۆی گشتی داهاتی کرێی شووقەکان زیاترە لە تێچووی ئەو بڕە پارەیەی کە دەبێت بیداتەوە بە بانك و بەکاریبهێنێت لە هێشتنەوەی بیناکە بە ڕێکوپێکی."

٤_ "خاوەنی بیناکە پێویستی بە سیستەمێکە بۆ دەستکەوتنی کرێچی باش، کۆکردنەوەی کرێ و بەڕێوەبردنی موڵکەکە."

دواتر بپرسە:

"پێتوایە خاوەنی بیناکە پێویستی بە چی سیستەمێکی تر بۆ ئەوەی کارەکەی سەرکەوتوو بێت؟" ( بۆ وێنە، سیستەمێکی ئاسایش بۆ پاراستنی بیناکە.)

دواتر پوختەی بکە:

"کەواتە ئەمە هاوشێوەی ماکدۆناڵدە لەوەدا کە پێویستی بە سیستەمە هەتا بە تەواوی سەرکوتووانە بەڕێوەببرێت. ئەم بینای شووقانە لە ڕاستیدا بازرگانیەکی ترە."

٥_ "ڕەنگە هەرگیز خاوەنی بیناکە نەبینیت چونکە لێرە ناژی. ڕەنگە بەڕێوەبەرێکی هەبێت کە هەموو مەسەلەکانی کرێ، چاککردنەوە و کرێچیەکانی لە ئەستۆدا بێت. هەندێك جار ڕەنگە بەڕێوەبەری بیناکە لە بیناکەدا بژی، بەڵام نەك هەموو کاتێك."

دواتر بپرسە:

" کەواتـە ئەگـەر خاوەنەکـەی هـەرگیز لـەم نـاوە نـەبێت و بەڕێوەبـەری بیناکـە هـەموو شـتەکان ڕێکبخـات، ئایـا هاوشـێوەی خـاوەنی ماکدۆناڵـد نییە؟"


دواتر پوختەی بکە:

" جارێکی تر، خاوەنی بینای شووقەکان خاوەنی سەرمایەیەکە. هـەروەها خـاوەنی سیستەمەکەشـە، بەشـێوەیەکی گشـتی لـە لایـەن بەڕێوەبـەری بیناکەوە سەرپەرشتی دەکرێت. بەڕێوەبەرەکـە دڵنیادەبێتـەوە کارەکـان بە تەواوەتی و بێ کێشە بەڕێوە دەچن. بەڕێوەبەرەکـە بـە پێـی کـاتێکی دیاریکراو ڕاپۆرت بە خاوەنی بیناکە دەدات، کەواتە خاوەنەکەی دەزانێـت کـە چـەندێك پـارە دەچێتە گیرفـانی. سـەرمایەکە کـار بـۆ خاوەنەکـەی دەکات، نەك ئەوەی خاوەنەکەی کار بۆ پارە بکات."

بـە پـوختی، منداڵـەت دەشـێت دوای ئـەم سـەردانە بینـای شـووقەکان لـە گۆشەنیگایەکی تەواو جیاوازەوە ببینێت. هەروەها، ئەگەر بینایەکی نزیـك ماڵەکـەی خۆتانـت هەڵبـژاردبێت، هـەر جارێـك منداڵەکـەت بـە لایـدا تێدەپەڕێت. بازرگانی خاوەندارێتی بینای شووقەکانی بیر دەکەوێتەوە.


هەروەها دەتوانیت بۆی ڕوون بکەیتەوە کە کەسانێك هەن کە وەبـەرهێنان لـە خـانووی کرێـی تـاك- خێزانـی و بینـای نووسـینگەی کرێـدا دەکـەن. ئەوانیش بە هـەمان شێواز کارەکانیـان بـەڕێوە دەبـەن. نموونـەی بینـای شووقەکان پێشنیارکراوە لەبـەر سادەییەکەی و ئاشنایەتییەکەی لـە لای منداڵان.

ئەو چەمکە گرنگەی کـە دەبێت فێـری بـبن دەسـەڵات و توانـای پارەیـە. پارە دەبێت کار بۆ تۆ بکات. لە بری ئەوەی تۆ کار بۆ پارە بکەیت.




یاساکانم دابەش کردووە بەسەر چوار لایەندا، خۆت، هاوبەشەکەت، خێزان و هاوڕێکانت لەگەڵ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانتدا و جیهانیش بە گشتی (بە کارەکەشتەوە)، ئەمەش بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئەو چوار لایەنە دەرهەستەیەی خۆمانی تێدا دەبینینەوە. با لە گرنگترینی ئەمانەوە دەستپێبکەین، ئەوانیش یاساکانی خۆمانن، یاسای تایبەتی، یاساکان بۆ خۆمان، ئەم یاسایانە دەبێت لەخۆبگیردرێن تا ڕەچاوی پەروەردەکەمان و تەمەن و حاڵەتەکانمان بکات، هەموومان دەبێت پێوەر و ستانداردی تایبەت بە خۆمانمان هەبێت تا پێیان بژین، ئەمانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام هەموویان لە یەک ئاستدا گرنگیی خۆیانیان هەیە. بەبێ ئەم پێوەر و یاسایانە ئێمە سەرمان لێدەشێوێت و ناتوانین ڕەچاوی ڕەفتارەکانی خۆمان بکەین. بەبوونی ئەم یاسایانە، ئێمە بناغەیەکی پتەومان دەبێت، بناغەیەک بتوانین بۆی بگەڕێینەوە و دووبارە خۆمانی لێوە ئامادە بکەینەوە. ئەم یاسایانە پێوەری بەرەوپێشچوونە تایبەتیەکانمانن.

بەڵام ئەم پێوەرانە هەموو ... بەلـ...ـەوە و خۆشی وەرگرتن و بەهرەوەرگرتن لە ژیانیش گرنگیی خۆیان هەیە.




هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم کتێبە، وە هۆکاری ئەوەی لە ٢٠٠٠ وە پڕفرۆش ماوەتەوە، بۆ تێگەیشتن بوو لەوەی کە چۆن زیادبوونی زیرەکی دارایی دەکرێت بەکاربێت بۆ چارەسەری گەلێك کێشەی باوی ژیان، بە بێ ڕاهێنانی دارایی، زۆربەی جار ئێمە هاوکێشە باو و ستانداردەکان بەکاردێنین بۆ ژیانکردن: بە سەختی کار بکە، پاشەکەوت بکە، قەرز بکە و باجی زۆر بدە. ئەمڕۆ، لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بە زانیاری باشترە.

سایە

# بیربکەرەوەو دەوڵەمەند ببە


## ناپلیۆن هیڵ



ئەم کتێبە ئەبێت بۆ تۆ نرخی
یەک ملیۆن دۆلاری هەبێت

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
سەلگەر عەبدولکەریم

**THINK AND GROW RICH**
**NAPOLEON HILL**




پەرتووکی یاساکانی کار لە بنەڕەت و ناوەڕۆکدا بریتییە لە ڕێبەرییەك بۆ بەڕێوەبەران و ڕێ ڕۆشنکارێکە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت پلەیان بەرز بێتەوە بەڵام نازانن لەکوێوە دەست پێبکەن. هەروەها ئەم پەرتووکە بۆ ڕێکخراو و شوێنی کارەکانیش دەبێت، چونکە چەقبەستن و سەرقاڵبوون بە کاروبار و سیستەمەکانی ناوخۆی شوێنی کارەکەوە زۆر مەترسیدارە و دەبێتە هۆی دابڕان لە جیهانی دەرەوە. ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە هەموان تەرکیزیکەنەوە سەر ئەوەی ببنە لایەنێکی کارا وەك لەوەی ببنە لایەنێکی کاریگەر، بە دەربڕینێکی تر، واتە کاتێك وات لێدێت ئەگەر ئەم یاسایانە پەیڕەو نەکەیت.

# RICH KID
# SMART KID

## ROBERT T. KIYOSAKI

**ئەم كتێبە بۆ كێیە؟**

ئەم كتێبە بۆ ئەو دایك و باوكانە نووسراوە كە درك بەوە دەكەن دونیا گۆڕاوە وگومانی ئەوەیان هەیە كە سیستەمی ئێستای پەروەردەمان بە شێوەیەكی دروست و گونجاو خۆراكی پێویستیە تایبەتیەكانی منداڵەكانیان نادات. ئەم كتێبە بۆ ئەو دایك و باوكانە نووسراوە كە دەیانەوێت ڕۆڵێكی چالاكتر ببینن لە پەروەردەی منداڵەكەیاندا، لە بری ئەوەی بەرپرسیاریەتیەكە بۆ سیستەمی قوتابخانە بەجێبهێڵن.

نووسراوە هەتا هاوكاری دایك و باوكان بكات بۆ ئامادەكردنی منداڵەكانیان بۆ دونیای ڕاستەقینە، دونیای دوای كۆتایهاتنی خوێندن. بە تایبەتی نووسراوە بۆ ئەو دایك و باوكانەی كە:

_ دەیانەوێت گورە دەسپێكێكی دارایی بە منداڵەكانیان ببەخشن لە ژیانیاندا بە بێ ئەوەی هیچ پارەیەكی تێبچێت.

_ كە دەیانەوێت دڵنیا ببنەوە كە بلیمەتی سروشتی منداڵەكەیان و شێوازی فێربوونی پارێزراوە و منداڵەكایان قوتابخانە بە جێدهەێڵێت و دڵخۆشە كە دەبێتەوە فێرخوازێكی هەمیشەیی.

_ ڕەنگە منداڵێكیان هەبێت كە حەزی بە قوتابخانە نەبێت یان منداڵێك كە گرفتی فێربوونی لە قوتابخانە هەبێت.

**منداڵی دەوڵەمەند**
**منداڵی زیرەك**

SAYA

بەختیاری



123456789012

7000 IQD